# ئاوێنەی شەڕی تێکەڵاو

(هیبریدی)

نووسەر: ئامەد شاهۆ



# ئاوێنەی شەڕی تێکەڵاو

(هیبریدی)

نووسەر: ئامەد شاهۆ

**ناوی کتێب** : ئاوێنەی شەڕی تێکەڵاو ( هیبریدی )

**بابەت** : شیکارییەک سەبارەت بە شەڕی تێکەڵاو لەئێراندا

**نووسەر** : ئامەد شاهۆ

**دیزاین و هەڵەچن:** ناوەندی راگەیاندنی پەژاک

**چاپی یەکەم** : حوزەیرانی ٢٠٢٥ - خرداد ١٤٠٤

**چاپخانە** : شەهید جگەر خوێن

**بڵاوکەرەوە** : ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئازادی

**ژمارەی پەڵ** : ٣٩٥ پ

**تیراژ** : ١٠٠٠ دانە

ناونیشانی ماڵپەڕی پەژاك بۆ وەرگرتن و دانلۆد

**WWW.PJAK.NET**

بڵاوکردنەوەی ئازادی

# ناوەڕۆک

**پێشەکی** ........................................ ٨
**پێش وتار** ........................................ ١١
**بەشی یەکەم: تێڕوانینێک لەسەر شەڕی هیبریدی** ........ ١٧
پێناسەکانی شەڕی هیبریدی ........................ ٣٦
ئامانجەکانی شەڕی هیبریدی ........................ ٣٨
جیاوازییەکانی شەڕی هیبریدی لەگەڵ شەڕی کلاسیک ........ ٤٠
تایبەتمەندییەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە ...... ٤٢
رەهەندە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی ........................ ٤٤
ئامرازەکانی شەڕی هیبریدی ........................ ٥٠
قۆناخەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەلان ........................ ٥١

**بەشی دووهەم: رۆڵی تیرۆر و رەشەکوژی لەشەڕی تێکەڵاودا** ............ ٥٧
چەمکەکانی شەڕی تێکەڵاوی رژێم لەدژی گەلان ........................ ٦٣
وشەکانی چەکی (تی ـ T)ی لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ............ ٦٧
کۆنسێپت و پیلانەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەلی کورد....... ٨٥
تایبەتمەندییەکانی رژێمی هیبریدی ئێران ........................ ٨٧

**بەشی سێهەم: رەهەندە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی رژێم**
**لەدژی گەلی کورد** ........................................ ٩٣
١ ـ پڕوپاگەندەی هەواڵگری (اطلاعات) ـ
رۆڵی ئیستخبارات لەشەڕی تێکەڵاودا ........................ ١٠٠
٢ ـ فاکتەری کودەتای سیاسی و هەوڵە دیپلۆماسییەکان
لەشەڕی تێکەڵاودا ........................................ ١٠٧

٣ ـ بەکارهێنانی فاکتەری کۆنترا گەریلا،
جاش و هێزی پارامليتەر لەشەڕی تێکەڵاودا ............................... ١٢١
٤ ـ فاکتۆری بازرگانی و ئابووری لەشەڕی تێکەڵاودا ................... ١٣٢
٥ ـ فاکتەری کۆنترۆڵ و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری
لەشەڕی تێکەڵاودا ................................................................. ١٤٧
٦ ـ فاکتەری چەکی قەدەغەکراو لەشەڕی هیبریدیدا ................... ١٥٦

**بەشی سێهەم: رۆڵی ئیمپراتۆری دیجیتاڵی لەشەڕی تێکەڵاودا ............. ١٧٥**
ئامانجەکانی شەڕی تێکەڵاو لەگۆڕەپانی میدیا و راگەیاندندا ........... ١٩١
رۆڵی شەڕی تێکەڵاو لەبونیادنانی جیهانی مەجازیدا ....................... ٢٠٢
کاریگەرییەکانی شەڕی تێکەڵاو لە گۆڕەپانی دیجیتاڵ میدیادا .......... ٢٠٨
تەقینەوەی میدیا و راگەیاندن لەشەڕی تێکەڵاودا ........................... ٢٠٩
چەند پێناسەیەکی میدیا و راگەیاندن لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا .. ٢١١
ئامانجە بنەڕەتییەکانی پڕوپاگەندەی میدیا و راگەیاندن ................. ٢١٨
رۆڵی میدیا و راگەیاندن لە دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە ................ ٢٢٣
رۆڵی ژیریی دەستکرد لە شەڕی تێکەڵاودا ..................................... ٢٢٥
هێرشی سایبری لەشەڕی تێکەڵاودا .............................................. ٢٣٦

**بەشی پێنجەم: رۆڵی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا ...... ٢٤١**
پڕوپاگەندە چەکی سەرەکی سیاسەتە ........................................... ٢٤٣
رێبازەکانی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا .................. ٢٤٩
پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ................... ٢٥٤
تایبەتمەندییەکانی پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی لەشەڕی تێکەڵاودا ........ ٢٦٥
ئامانجەکانی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا ............... ٢٦٧
جۆرەکانی پڕوپاگەندە لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا ....................... ٢٧٢

**بەشی شەشەم: چەواشەکاری رێبازێکە لەشەڕی هیبریدی ..................... ٢٨١**
چەواشەکاری چەکی دەستی دەوڵەت و هێزە دەسەڵاتخوازەکانە ...... ٢٨٣
زانیاری ناوبەتاڵ لەشەڕی تێکەڵاودا .............................................. ٢٩٤

**بەشی حەوتەم: شەڕی هیبریدی ڕژێم لەدژی پەژاک ........................ ٢٩٩**
تۆمەتەکانی دژ بە پەژاک لەشەڕی تێکەڵاودا ................................ ٣٠١
١ ـ بەسترانەوەی پەژاک و پەکەکە بە یەکەوە کە گوایا
پەژاک لقێکی پەکەکەیە .......................................................... ٣٠٢
٢ ـ قەبووڵکردنی ڕێبەر ئاپۆ وەک ڕێبەری تێکۆشان لەلایەن
پەژاکەوە کراوەتە بیانووی سەرکوت و چەساندنەوە و
ناڕەوا لەقەڵەمدانی تێکۆشانی ...................................................... ٣١٢
٣ ـ ڕەسەنایەتی نەبوونی پەژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان.
واتە پەژاک پارتێکی رۆژهەڵاتی نییە! ........................................ ٣١٥
٤ ـ پەژاک ناسنامەی حیزبی سەربەخۆی نییە! ............................... ٣٢١
٥ ـ مافیا یا خراپەکار (اشرار) لەقەڵەم دانی پەژاک! ......................... ٣٢٤
٦ ـ گێرەشێوێن، توندوتیژ، شەڕانگێز و تیرۆریست
لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک ............................................. ٣٢٧
٧ ـ پێناسەکردنی فەلسەفەی پاراستنی ڕەوای پەژاک
بە شەڕی چەکداری ................................................................. ٣٣٠
٨ ـ پەژاک بە مۆرەی بێگانە (عامل بیگانه) واتە درووستکراوی
دەستی ئیسرائیل یا خودی ڕژێم لەقەڵەم دەدرێت! ............................ ٣٣٢
٩ ـ پەژاک بە موحارب (دژە خودا) و لادەر لەقەڵەم دەدرێت! ......... ٣٣٦
١٠ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە دژە شۆڕش (ضد انقلاب) ٣٤٠
١١ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە جیاخوازی (تجزیه‌طلب) ٣٤٤

**بەشی هەشتەم: ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل**
**لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ................................................. ٣٤٩**
شەڕی تێکەڵاو، سیستەماتیزە کردنی توندوتیژییە .......................... ٣٥١
ستراتێژی تێکۆشانی کورد؛ ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە ........... ٣٦٢
ڕەهەندەکانی ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل ........................... ٣٦٨
پایەکانی بنەڕەتی دوکترینی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل ....................... ٣٧١
تایبەتمەندییەکانی گەریلای سەردەم لە شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا ...... ٣٧٨

دەرئەنجام ........................................................................ ٣٨٣

وشەدان ........................................................................... ٣٨٨

سەرچاوەکان ..................................................................... ٣٩٢

# پێشەکی

شەڕی سەردەم، ئەو شەڕەیە کە لایەکی ئاشتییەو لایەکی دیکەشی شەڕ و ماڵوێرانییە. کاراکتەری ئەم سەردەمەی شەڕ هانی ئەوەی داوم کە بەدواداچوون لەسەر بناخە و گەوهەری ئەساسی ئەو شەڕە بکەم. بەو قەناعەتە گەهێشتووم کە شەڕی جیهانی سێهەم، شەڕێکی هەمەلایەنە و سەرتاسەرییە. واتە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی لەشەڕەوە تێوەگلاندووە. بۆیە پانتایی شەڕەکە ئەوەندە بەرفراوانە کە لەساتدا کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەدان و پێشکەوتنەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە دادەنێت.

روانگەیەک کە دەسەڵاتداران لەزهنی بەشێکی زۆر لەئێمە دروستیان کردووە ئەوەیە کە شەڕ تەنیا بە ئامێر و چەک و چۆڵ و تەقەمەنی بەڕێوە دەچێت. هاوکات سەرکەوتووی شەڕەکان هەمیشە دەوڵەت و دەسەڵاتدارانن. تەنانەت بەشێکی زۆر کەم لە روانگەکان دەچنە سەر شەڕی تایبەت و دەروونی دەسەڵات لەدژی تاک و کۆمەڵگە.

هەڵبەت پێشتر سەبارەت بە شەڕی تایبەت شیکاری پێویستم لە کتێبێک بە ناوی ئاوێنەی مەرگ ئەنجام داوە. لەم قۆناخەدا ئەوەم بە پێویست زانیوە کە شیکارییەکان سەبارەت بە بابەتەکە قووڵتر و بەرینتر بکەم. هاوکات لەسەر رێ و رێبازەکانی ئەم سەردەمەی شەڕ لەدژی گەلان پێناسەی نوێ دەستنیشان بکەین.

شەڕی تێکەڵاو دەستەواژەیەکی نوێی پڕ بە پێستی شەڕی سەردەمە. دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکان بە خەستی لەدژی یەکدی ئەو شەڕە بەکار دەبەن. لەهەمان کاتدا لەدژی گەلان و هێزە ئازادیخوازەکان ئەو شەڕە بە چڕی تاقی دەکەنەوە. بۆیە لە

پەراوی ئەم کتێبەدا هەوڵم داوە لە ٨ بەشدا بەشێکی بچووکی ئەم شەڕە بۆ خوێنەرانی خۆشەویست روونبکەمەوە. هەڵبەت زیاتر هەوڵی ئەوەم داوە شەڕەکە لەچوارچێوەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بخەمە بەر باس. تایبەت رژێمی ئێران بە چ رێ و رێباز و ئامێرێک لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئێران و تایبەت بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد ئەو شەڕە بەڕێوە دەبات، شیکاری پێویستم ئەنجام داوە.

بێگومان پێشکەوتنی زانست، تەکنۆلۆژیا و تەکنیک راستەوخۆ کاریگەری لەسەر نوێ بوونەوەی شەڕ و بەرفراوان بوونی دادەنێت. بۆیە لێکۆڵینەوە و نوێبوونەوەی هەڵسەنگاندن و شیکارییەکانی ئەو شەڕە بە بەردەوامی پێویست دەکات.

لەکاتێکدا دەستم بە نووسینی کتێبەکە کرد دوای ماوەیەکی کورت بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک لەلایەن رێبەر ئاپۆ راگەیەندرا و پڕۆسەیەکی نوێ لەلایەن رێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد دەستپێکرد. لەهەمان کاتدا لەکاتی دیزاین و کۆتایی هێنانی کتێبەکە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەستپێکرد. واتە ئەم بەرهەمە لەسەردەمێکی زۆر هەستیار و مێژووییدا تۆمار کراوە و ئەو گۆڕانکارییانەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بابەتەکە داناوە. بۆیە دەبێت لەهەندێک جێگەدا بابەتەکان وەک خۆی هێڵراونەتەوە و ئاڵوگۆڕی تێدا نەکراوە.

هاوکات پێش بڵاوکردنەوەی کتێبەکە شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل هاتووەتە ئاراوە. بۆیە ئەنجامی ئەم شەڕە بەرەو کوێ دەڕوات هێشتا نادیارە. دۆخی رژێم چی بەسەر دێت؟ لێکەوتەکانی شەڕەکە لەئێران و ناوچەکە چی دەبێت؟ کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی کورد چی دەبن؟ ئەمەو دەیان پرسی دیکە هێشتا وەڵامەکانیان نادیارن. بەڵام ناوەڕۆکی کتێبەکە باسی ئەو شەڕەی رژێم لەدژی گەلانی ئێران دەکات کە بە

درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداری تەنگی بە گەلانی ناوخۆی ئێران و تایبەت گەلی کورد هەڵچنیوە. بۆیە ئیدی کاسەی سەبری گەلانی ئێران و تایبەت گەلی کورد پڕ بووە و ئەو دۆخە هەلومەرجێکی وا دێنێتە ئاراوە کە ترووسکەی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بدرەوشێتەوە و دەرفەتێک بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلانی ئێران دەڕەخسێنێت.

هیوادارم ئەم بەرهەمە بەدڵی خوێنەرانی خۆشەویست بێت و وەڵامی بەشێک لەپرسیارەکانی خوێنەری تێدا درابێتەوە و بە پێی پێویست بەرچاوڕوونییەک لەسەر بابەتەکە کرابێت. ئاوێنەی شەڕی تێکەڵاو (هیبریدی) بەرهەمێک بێت کە ڕاستییەکانی شەڕەکە وەک خۆی تێدا ببینرێت و بۆ خوێنەر روون و شەفاف بێت.

لەکۆتاییدا سوپاسی سەرجەم ئەو هەڤاڵانەشم دەکەم کە پاڵنەر، یارمەتیدەر و هاوکار بوون لەپێداچوونەوە و سەرەڕاست کردنەوەی بابەتەکە و چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە.

## پێش وتار

شەڕی تێکەڵاو یان ئەو شەڕەی کە هێزی خۆی لە شەڕە دیار و نادیارەکانەوە وەردەگرێت و ئاراستەی نەیارەکان و کۆمەڵگەی دەکات. شەڕێکە لەسەر بنەمای تێکشکاندنی بەرامبەر دامەزراوە. ئەم شەڕە لە نێوان دەوڵەتەکان لەگەڵ یەکدی و لە نێوان دەوڵەتەکان و کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ڕوو دەدات و برەوی سەندووە. دیارە بۆ تێگەیشتن لە شەڕی تێکەڵاو، پێویستە لە شەڕە گشتییەکە و زهنیەتە بەڕێوەبەریەکەی تێبگەین، مێژوەکەی چییە و بۆ بەم ئاستە ترسناکە لە هێرش و نابەرپرسیاری گەیشتووە؟

شەڕ بۆخۆی واتای باڵادەستی هێزە داگیرکەر و چەوسێنەرەکانە، بنەماکەی ئەوەیە، هەرچی هەیە بۆخۆمە، واتە وەک پەندە کوردییەکە دەڵێت؛ «ئەوی خۆم بۆخۆم، ئەوی تۆش دەخۆم». ئەمە جوڵە و زهنیەتی سیستەمە قازانجپەرست و باڵادەستەکانە، بۆئەوەی بتوانێت ئەوی تر بۆخۆی ببات پێویستی بە خۆسەپاندنە. ئەویش لە ڕێگەی هێزی زهنی و شەڕەوە دەکرێت. واتە لایەنی مەعنەوی کۆمەڵگە و تاک کە بتوانێت ئەوە قبوڵبکات کە، هێزێکی باڵادەست هەیە کە دەکرێت ڕەوایەتی هەبێت و باڵادەست بێت. ئایین، یاسا و بیروباوەڕەکان کار بۆ ئەو ئامادەکاری هەلومەرجە لە زهندا دەکات. ڕێگەی دووەمی ئەو باڵادەستییە، شەڕ و کوشتار و توندوتیژی و هۆکارەکانی شکاندنی ئیرادە و خۆڕاگرییە.

گەشەکردنی تاڵانی، داگیرکاری و وەستانەوە و بەرخۆدان بەرامبەر داگیرکاری هەردوو لای کێشمەکێشەکەی ناچاری

تێگەیشتن و بەلاوەنانی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی سەر داگیرکاری و بەرخۆدان کرد. هێزی کۆمەڵگەی بەرخۆدێر پێویستی بە ڕێبازە نەشیاوەکەنی شەڕی تێکەڵاو نییە. چونکە بزوتنەوەی ڕاستگۆیی و حەقیقەتی دژی خراپکارییە. بەڵام دەوڵەت و هێزە داگیرکەرەکان پێویستیان بە پەرەپێدانی فرتوفێڵەکانی شێوازە جیاوازەکانی داگیرکاری هەیە. هەربۆیە لەو پێناوەدا، دەیان کۆڕو کۆمەڵ و دەزگای پەرەپێدان و لێکۆڵینەوە و بەدواداچونی ڕێگە و ڕێبازەکانی دامەزراند و گەیاندنیە ئاستی زانکۆ و ئەکادیمیا پەروەردەییەکانی سیخوڕی، هەواڵگری و تەنانەت تیرۆریش.

ئەوەی ئەو شەڕە دوولایەنەی پێویست کرد، بەرخۆدان و هێزی وەستانەوە و تەسلیم نەبوونی کۆمەڵگەیە بەرامبەر هێزی داگیرکەر و تالانکەر. کۆمەڵگەکان بە ئاسانی تەسلیمی خراپکاری و تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ژیانی کۆمەڵایەتی نابن. هەر بۆیە سیستەمەکانی چەوسانەوە و داگیرکاری بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەخۆیان بدەن و دەوڵەت بە شیرین بەخەڵک بدەنە ناسین. ڕێگەو ڕێبازە جۆراوجۆرەکانی شەڕیان گرتەدەست. ئەوەی کە ناوی دەنێین شەڕ، لەبەر ئەوەیە کە سیستەمە چەوسێنەرەکان هەمیشە لەناو شەڕ و خۆ ڕەواکردندان، لەبەر ئەوەی هێزی ناڕەوان و کۆمەڵگە لەبەرامبەریاندایە. ئەوەی پەیوەندە بە کۆمەڵگەی کوردییەوە، ئەوەیە کە گەلی کورد یەکێک لە هەرە گەلە زیندوو و بەرخۆدێرەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە.

ئەم گەلە ڕووبەڕوی هێرشی لەناوبردن و قڕکردن بوەتەوە. بەڵام بەرخۆدانی مەزنیشی کردووە. بۆیە دوژمنانی پێویستییان

به گرتنه‌به‌ری ڕێگه‌و ڕێبازی جۆراو جۆر هه‌بووه تا بتوانن ئه‌م گه‌له ڕام و ته‌سلیم بکه‌ن. به‌ڵام چه‌نده دوژمن هه‌وڵی دابێت ئه‌م گه‌له به‌شێوه‌ی جۆراوجۆر به‌رخۆدان و تێکۆشان و به‌رگری به‌رده‌وام کردووه. سروشتی ناوچه‌که‌یشی له‌ڕوی جوگرافی و مێژوویی و ژینگه‌ییه‌وه هاوکارێکی باشی ئه‌و تێکۆشان و به‌رگرییه‌ی بووه. لێره‌وه‌یه که دوژمنانی هه‌وڵی قورسیان داوه تا بتوانن جۆری شه‌ڕه‌کان له‌دژی گه‌لی کورد به‌کاربێنن. هه‌ر بۆیه له چوارچێوه‌ی شه‌ڕی گشتیدا په‌ره‌یان به شه‌ڕه تایبه‌ته‌کان داوه، له‌وانه شه‌ڕی به‌کرێگیراوی، سیخوڕی، تیرۆر و شه‌ڕی تێکه‌ڵاو. له سه‌رده‌می به‌ناو پێشکه‌وتنی زانست و ته‌کنه‌لۆجیایه‌دا، له ڕێگه‌ی تۆڕه مه‌جازییه‌کان و ناوه‌نده‌کانی زانکۆ و مزگه‌وت و شوێنه گشتیه‌کانه‌وه په‌ره به‌و شه‌ڕه تایبه‌ته ده‌دات و به‌شێوازی جۆراوجۆری ڕه‌گه‌زی، سێکسواڵیتی، مادده‌ی هۆشبه‌ر، تێکدانی بنه‌ماکانی خێزانی کۆمه‌ڵایه‌تی، بانکه‌کان و پێدانی قه‌رز، ده‌یه‌وێت ڕۆڵی خۆی له‌و داگیرکاریه‌دا هه‌م بهێڵێته‌وه هه‌م به‌ره‌ی تێکۆشان و به‌رخۆدانی گه‌لی کورد تێکبشکێنێت.

برای به‌ڕێزم (ئامه‌د شاهۆ) له ڕێگه‌ی په‌رتوکێکی پێشوه‌وه به‌ناوی ئاوێنه‌ی مه‌رگ، شه‌ڕی تایبه‌ت و کاریگه‌رییه‌کانی ئه‌و شه‌ڕه و چۆنیه‌تی وه‌ستانه‌وه‌ی گه‌ل و کۆمه‌ڵگه و تێکۆشانی ئازادی گه‌لی کوردی نیشانداوه و باس کردووه. ئێسته‌ش به‌م به‌رهه‌مه نوێیه‌ی خه‌رمانی کتێبخانه‌ی کوردی و تێکۆشانی ئازادی کوردستانی ڕازاندوه‌ته‌وه له‌ژێر ناوی (ئاوێنه‌ی شه‌ڕی تێکه‌ڵاو – هیبریدی) که‌به‌ده‌ستخۆشییه‌وه بۆی توانیویه‌تی ئه‌و شه‌ڕه‌مان

پێ بناسێنێت و ئەڵتەرناتیڤی تێکشکان و بێ ڕۆڵکردنیشی لە چوارچێوەی چارەسەری پرسی کورد و نەتەوە و کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا پێشکەش بکات.

ئەوەی نیشانداوین کۆمەڵگەی دیموکراتیک، پێویستی نەک بەشەڕی تێکەڵاو، بەڵکو پێوستی بەشەڕ نییە. ئەگەر شەڕێکیش هەبێت بۆ تێکشکاندنی شەڕ و بنایتنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک، ئاشتەوایی و ئارامە کە ژینگەی ژیانی سروشتی کۆمەڵایەتی پێکەوە لە ئیکۆسیستەمی ژیاندا بەڕێوە دەچن. هەر بۆیە شێوازەکانی شەڕی تایبەت و تێکەڵاو تایبەتمەندی سیستەمە چەوسێنەر و داگیرکەرەکانە و لەو پێناوەدا گەلی کوردیش تێکۆشانی خۆی لەدژی هەموو جۆرە شەڕەکان دەکات و بە جەسارەت و قارەمانتییەوە لەدژیان دەوەستێتەوە.

لە ئێستەشدا گەلی کورد بە بەرزکردنەوەی ئاستی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی گەل تواناکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی دارشتووە و بوەتە هێزی کاریگەر لە بێ ڕۆڵکردنی شەڕدا و بە (بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک)ی بەڕێز ئۆجەلان نیشانیدا کە کۆمەڵگەی کوردی شەڕخواز نییە و دەیەوێت پرسەکەی لەڕێگەی گفتوگۆ و چارەسەری دیموکراتیکانەوە چارەسەر بکات و نیشانیدا کە گەلی کورد گەلێکی شەڕخواز نییە، بەڵکو شەڕی وەک پاراستنی جەوهەری و ڕەوا بەکارهێناوە و لەو پێناوەشدا ئەگەر هەلومەرجی یاسایی و سیاسی هاوکار و ئامادە بێت ئەوا چەک بێدەنگ دەکات و لەڕێگەی کۆمەڵگە پێکەوەییەکانەوە چارەسەری ناکۆکییەکان دەکات و ئیدارەی

فرەڕەنگییەکانی کۆمەڵگە لەڕێگەی پەیوەندی و ناکۆکییەوە بەڕێوەدەبات و ڕێگە لە پێکدادان دەگرێت.

تەواوی پەرتوکەکە بەنرخە و جێگەی لە ڕوبەڕوبونەوەی دوژمن، دەسەڵات و هێزە داگیرکەر و خۆسەپێنەکاندا هەیە. بۆیە نامەوێت بچمە ناو باسی تەواوی پەرتوکەکەوە، تا خوێنەرخۆی بەدواداچوون بکات و خۆی ئامادە بکات بۆ تێگەیشتن و ڕوبەڕووبونەوەی شەڕی تایبەت و بەتایبەت شەڕی تێکەڵاو.

**هەڵمەت زاگرۆس**

بەشی یەکەم

# تێڕوانینێک لەسەر شەڕی هیبریدی

دوا بەدوای شەڕی جیهانی دووهەم و سەرەتاکانی شەڕی جیهانی سێهەم لەبەر گەشەکردن و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا گۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕێ و ڕێباز و ڕەهەندەکانی شەڕ بە خێرایی هاتووەتە ئاراوە کە بە شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا و زیرەکی دەستکرد بەناو دەکرێت. ئەم سەردەمەی کە مرۆڤایەتی تێیدا ژیان دەکات سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیایە. سەردەمی دیجیتاڵ میدیا و ژیریی دەستکردە[1]. بۆیە شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا گەلێک گۆڕانکاری بنەڕەتی لەژیان و ئامێرەکانی پەیوەندی گرتنی ژیانی مرۆڤ و فۆرم و شێوەی ژیانی درووست کردووە. لەم سەردەمەدا زانستی فیزیا، کیمیا، بیرکاری، ئەلەکترۆتەکنیک، زانستی بۆشایی ئاسمان، پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن، ئابووری، سیاسی، تەندرووستی و کەرەستەکانی شەڕ بە خێرایی گەشەیان کردووە.

هاوشانی ئەو گەشەکردنە تەکنۆلۆژیای شەڕ ڕۆژانە مۆدێرن و پێشکەوتووتر دەبێت. ئەوەش کاریگەری لەسەر کەم کردنەوەی ڕۆڵی چەک و چۆڵ و ئامێرەکانی شەڕی کلاسیک داناوە. ئیدی شەڕ ڕەهەندی یەک لایەنەی تێپەڕ کردووە و شەڕێکی فرەڕەهەند لەدژی گەل و کۆمەڵگە و هێز و لایەن و دەوڵەتەکان لە دژی یەکدی بەڕێوە دەچێت. بەو پێیە پێویستە هەر هێز و لایەنێک بە پێی تایبەتمەندی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لە ستراتیژی

---

١. ژیری دەستکرد: هاوتای زاراوەی زیرەکی دەستکرد لە زمانی ئینگلیزیدا بریتییە لە «Artificial Intelligence» کە بە «آرتیفیشال اینتلیجنس» دەنووسرێت. هەروەها کورتکراوە یان ناونیشانی «AI» بە شێوەیەکی بەرفراوان لە زمانی ئینگلیزی بەکار دەبرێت.

و تاکتیکی شەڕ و تێکۆشانی سەردەمیانەی خۆی درووست بکات. لەبەر ئەوەی ئیتر ڕێباز و ئامێرەکانی شەڕی کلاسیک دەرفەتی سەرکەوتن بۆ ئەو لایەنانەی کە لەشەڕدا ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییان لەناو خۆیاندا درووست نەکردووە، نادات. لەبەر ئەوەی لەم سەردەمەدا فۆرم و شێوەی شەڕ زیاتر بە چەک و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن و کەرەستەی تایبەت و زیرەک بەڕێوە دەچێت کە لەدوورەوە نەیاری خۆی لەناو دەبات. ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورەی لەشەڕدا هێناوەتە گۆڕێ کە بە بێ ڕەچاوکردن و شارەزایی لە تەکنۆلۆژیای زیرەک و کەرەستەی پێشکەوتوو سەرکەوتن لەشەڕدا مسۆگەر ناکرێت.

ئەو گۆڕانکاریانەش بە گەلێک ناو و دەستەواژەی جیاجیا وەک شەڕی جیهانی سێهەم، شەڕی تایبەت، شەڕی هیبریدی، شەڕی (فرەڕەهەند – تێکەڵاو)، شەڕی تەرکیبی، شەڕی سایبری، شەڕی میدیا، شەڕی ئابووری، شەڕی سیاسی، شەڕی دیپلۆماسی، شەڕی هەمەلایەنە و شەڕی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و ... هتد خەملێندراوە. لەبەرامبەر ئەو شەڕەش بە پێشەنگایەتی ڕێبەر ئاپۆ[٢] و تەڤگەری ئازادیخوازی کورد؛ شەڕی پاراستنی ڕەوا، پاراستنی گەوهەری، جەنگی ئازادی، شەڕی مۆدێرنیتەی دیموکراتی و شەڕی شۆڕشگێڕی گەل و هەنگاوی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک بەڕێوە دەچێت. لەم سەردەمەدا هەر هێز و لایەنێک بەپێی ستراتیژی و پارادیگما

---

٢. عەبدوڵڵا ئۆجەلان ناسراو بە ڕێبەر ئاپۆ لەدایکبووی ٤ی نیسانی ١٩٤٩ لەگوندی ئامارای سەر بە شاری خەلفەتی پارێزگای ڕحای باکووری کوردستانە. لەساڵی ١٩٧٨ بە فەرمی پەکەکەی دامەزراندووە. لە ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ لەکینیا لەلایەن سی ئای ئەی و موسادەوە ڕفێندراوە و رادەستی دەزگای سیخوڕی میتی تورک کراوە. تا کاتی نووسینی ئەم کتێبە ماوەی ٢٦ ساڵە لەزیندانی تاکەکەسی ئیمراڵی بەند کراوە. لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥دا، لە بانگەوازییەکی مێژووییدا، بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی ڕاگەیاند کە بە مانیفستۆی سەدە بە ناو کراوە.

و بەرژەوەندیەکانی واتا و پێناسەیەک لەسەر ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە بار دەکات. لەکاتێکدا گونجاوترین و شیاوترین پێناسە و چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیک بۆ ئەم شەڕەی لەئارادایە لەلایەن ڕێبەر ئاپۆوە دانراوە. لەو پێناوەدا ڕێبەر ئاپۆ بۆ پووچەڵ کردنەوەی شەڕی هیبریدی؛ پاراستنی هەبوون، ناسنامە، ئازادی، ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، شەڕی ئاشتی و بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی دەستنیشان کردووە.

بەتایبەت (دوا بە) دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵگیرساندنی شەڕی جیهانی سێهەم ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەهەوڵدان کە سیستەمی جیهانی بەپێی بەرژوەندییەکانیان سەر لەنوێ ڕێکبخەنەوە و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە شەڕی هیبریدی یان شەڕی تایبەتیان بەرپا کردووە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕێ و ڕێباز و ئامێرەکانی شەڕ دیاردەیەکی نەگۆڕ نییە. بەڵکوو وەکوو هەر شتێکی دیکەی سەر زەوی لەناو ئاڵوگۆڕدایە.

شەڕی هیبریدی «Hybrid War»وەک دەستەواژەش بە واتای مەلەز - دوو ڕەگ - چەند ڕەگە، فرەڕەهەند، هەمەلایەنە، شەڕی تەرکیبی و تێکەڵاوە. واتە بە ستراتیژییەکی شەڕ دەگوترێت کە تێکەڵەیەکە لەشەڕی سیاسی، شەڕی دیپلۆماسی، شەڕی ئابووری، شەڕی کۆمەڵایەتی، شەڕی دەروونی، شەڕی کلاسیک، شەڕی مەجازی، شەڕی میدیایی و ڕاگەیاندن، هەواڵی ساختە، شەڕی نارێک و پێک، دەستێوەردان لەهەڵبژاردنەکانی دەرەوە، گۆڕینی دیمۆگرافیا، هێرش و داگیرکاری کولتووری، ململانێ و ناکۆکی نانەوەی ئاینی و مەزهەبی.

یا بە واتەیەکی دیکە جەنگی تێکەڵاو ئەو جەنگەیە کە لەجەنگی سەربازی، ئابووری، سیاسی، دیپلۆماتیک، جەنگی

دەروونی، جەنگی ئەلەکترۆنی، جەنگی دادگاکان لەئاستی نێودەوڵەتی، شەڕی یاسایی، سیخوڕی و دەستێوەردانی کاروباری نێوخۆیی وڵاتان، فشاری کۆچبەری، جەنگی فکری (ئایینی، ئۆلی، نەتەوەیی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی) پێکدێت. لە شەڕی هیبریدی و تایبەتدا پێوەرە ئەخلاقی، مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بن پێ دەکرێن. داڕێژەری ئەو شەڕە هەوڵ دەدات کە بە تێکەڵکردنی شێوازی جۆراوجۆری شەڕ، زۆرترین زیان بە هێز و لایەنی بەرامبەری خۆی بگەیەنێت.

لەهەمان کاتدا دەتوانین شەڕی هیبریدی بە شێوەو تەرزێکی تێکەڵاوی شەڕ بەناو بکەین. چون شەڕێکە کە لە یەک کاتدا گەلێک رێباز، ئامێر و تەکنۆلۆژیا بە هاوتەریبی تێیدا بەکار دەبرێت. چەندین فاکتەری هێز لەپشت هەڵگیرساندنیەوەن؛ لەوانە هێرشی ئەلیکترۆنی، پڕوپاگەندە و چەواشەکاری، بەکارهێنانی هێزی سەربازی و شەڕی میدیا و راگەیاندن و شەڕی رەگەزی و ژینگەیی ... هتد. بۆیە شەڕێکە کە تەنیا بە رێگەی سەربازییەوە بەڕێوە ناچێت. ئەگەری هەیە کە بەشێک لەسەربازی پسپۆڕ و شارەزا تێیدا جێبگرێت. بەڵام هاوشانی ئەو رەهەندەی شەڕ سیاسەتمەدار، دیپلۆماتکار، پڕوپاگەندەکار و پیشەی جیاواز و گۆڕەپانەکانی دیکەی ژیان تێیدا بەشدار دەکرێن. بۆیە شەڕێکە کە بە هێزی دیپلۆماسی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، میدیایی، هەواڵگری، زانست و تەکنۆلۆژیا و رەگەز و ... هتد بەڕێوە دەچێت. تەنانەت شەڕێکە کە هێز و کۆمەڵگەی مەدەنیش بە ئاگاداری یا بێ ئاگاداری تێیدا بەشدارە.

لەشەڕی تێکەڵاودا هێزی کلاسیک، پسپۆڕ و مێتۆدەکانی گەریلایی، هێزی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی، میدیا و هەموویان بەکار دەهێنرێن. تایبەت میدیا و راگەیاندن

چەمکەکان (ئەلگۆریتمەکان)[٣] دروست دەکات و دەبێتە هێزێک کە شەڕی دەروونی لەسەر کۆمەڵگە بەڕێوە ببات. هەموو ئەمانە بە شێوەیەکی هەماهەنگ جێبەجێ دەکرێن. هێزە هەژمونخوازەکان لەم سەردەمەی شەڕدا بەو شێوەیە شەڕ بەڕێوە دەبەن. دیار نییە کە شەڕەکە کەی دەستی پێکردووە و کەی کۆتایی هاتووە. لە لایەک لایەنەکان لەگەڵ یەک شەڕ دەکەن، لە لایەکی دیکەشەوە خەریکی گفتوگۆن. لە لایەک شەڕ هەیە، لە لایەکی تر ئاشتی. نموونەی بەرچاوی ئەوە شەڕی ئیسرائیل و ئێرانە کە لە لایەک لەگەڵ ئەمریکا لەناو دانوستاندایە و لەلایەکی تریشەوە، گیرۆدەی شەڕێکی مەترسیدارە. لە بنەڕەتدا شەڕ بەبێ ئەوەی رابگەیەنرێت بەڕێوە دەچێت. کامۆفلاج و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لەشەڕی سەردەمدا زیاتر بەکار دەهێنرێت. هەروەها شەڕی دەروونی زیاتر و زیاتر بەڕێوە دەبرێت.

بە واتای گشتی ئەو شەڕەی کە لەسەردەمی ئەمڕۆدا رێبازی گرنگ و بنەڕەتی لەلایەن هێزە باڵادەستەکانەوە بەڕێوە دەچێت، شەڕی هیبریدییە. واتە شەڕێکە کە تێیدا ڕێ و رێبازی جیاواز بەکار دەبرێت. میدیا و راگەیاندن بە دەستەواژە، هەست و پێزانین زیهنیەتی تاک و کۆمەڵگە ئاراستە دەکات. سیناریۆسازی بۆ مێشک و زەینەکان وێنا دەکەن. خەیاڵ بۆ مرۆڤ دەتاشن. لەم گۆڕەپانەدا شەڕی دەرونی لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن. واتە هەموو گۆڕەپانەکانی شەڕ لەناو یەکدا بە شێوەیەکی تێکەڵاو بەڕێوە دەبرێت.

٣. ئەلگۆریتم لە گرنگترین چەمکەکانی زانستی کۆمپیوتەرە. بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و رێسا، پرۆسەیەکی هەنگاو بە هەنگاوە کە دەرئەنجامی چارەسەر کردنی کێشەیەک دەبێت. ژمارەی هەنگاوەکانی ئەلگۆریتم دەبێ لە ژمار بێت واتە بێکۆتا نەبێت. ناوی ئەلگۆریتم لەناوی ئەلخوارەزمی زانای موسلمانەوە وەرگیراوە.

لەم شەڕەدا خۆحەشاردان و شاردنەوە لەڕادەبەدەر بەکار دەبرێت. بە چڕی سوود لەتەکنۆلۆژیای مۆدێرن وەردەگیردرێت. شەڕی دەروونی و تایبەت بە فراوانی بەکار دەبرێت. زیاترین هێرشی کۆمەڵایەتی لەدژی گەلان و ژنان بەڕێوە دەبرێت. لە ژێر پەردەی باڵاپۆشی بیانووی سەرکوت و چەوسانەوەی ژنان دەرەخسێنرێت. لەدژی ژنان سیاسەتی هەڵاواردن پەیڕەو دەکات. بۆ پاشگەزبوونەوە و دابڕانیان لە تێکۆشانی ئازادی و دیموکراسی سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێنرێت. بە تانەو تەشەر و سووکایەتی پێکردن و بێ ڕێزی بەرامبەر ئیرادەی ژنان لەرۆڵی پێشەنگایەتی و تێکۆشان دووریان دەخاتەوە. بەو هێرشانە دەیانەوێت کۆمەڵگە لەچاند و ڕەسەنایەتییەکەی داببڕێنن و بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کۆمەڵگە ئاراستە و دەستەمۆ بکەن.

گەوهەرەی شەڕی سەردەم، شەڕی هیبریدییە. شەڕێکە کە هەموو جۆرە ئامراز و تەکنیک وەک ئامێری شەڕ تێیدا بەکار دەبرێت. هاوکات هەموو پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگە، ژینگە و نرخ و بەها مرۆییەکان ئامانج دەگرێت. بۆ وێنە؛ چەواشەکاری سەبارەت بە نرخ و بەها و جەژنی پیرۆز و نەتەوەییەکانی گەلی کورد وەک؛ جەژنی نەورۆز کە لە لایەن ئیسلامی سیاسی، بە دژایەتی کردنی ئایین و باوەڕی وەک ئاگرپەرستی وێنای دەکەن.

تایبەت رژێم و ئیسلامی سیاسی لەدژی فەلسەفە، بۆنە و جەژنە نەتەوەییەکانی گەلەکەمان وەک؛ فەلسەفەی زەردەشتی و جەژنی نەورۆز چەواشەکاری پێشدەخات. ئەم فەلسەفە و جەژنە بە فەلسەفە و جەژنی ئاگرپەرستی پێناسە دەکات. واتە بەو پێناسەیە لە گەوهەری فەلسەفەی زەردەشت و نەورۆزدا چەواشەکاری ئەنجام دەدات. چون فەلسەفەی زەردەشت بە

واتای بیرکردنەوەی چاک، گوتاری چاک و کرداری چاکە. هاوکات فەلسەفەی نەورۆزیش بۆ گەلی کورد بە واتای بەرخۆدان، تێکۆشان، ئازادی و پێکەوە ژیانە. بە هەڵکردنی ئاگری نەورۆز جەژنی ژیانەوە پیرۆز دەکەن. مەشغەڵی تێکۆشان و بەرخۆدان گڕدار دەکەن. هێمای سەرکەوتن و تێکۆشان لە هەر جێگەیەکی ژیان بەرز دەکەنەوە. بەڵام بەو پێناسە چەواشەکارییەی رژێم گەلان تووشی دوودڵی و ناکۆکی دەکات و رێگری لە پیرۆزبایی گەرم و گوڕ و بە خرۆشی گەل و ژیانەوەی فەلسەفەی زەردەشتی دەگرێت. لە کاتێکدا ژیانی کۆمیناڵ و سرووشتی گەلی کورد و پێشوازی و بەشداری بە خرۆشی لە جەژنی نەورۆز چەواشەکارییەکانی رژێمی لەم گۆڕەپانەدا بێ واتا و پووچەڵ کردووەتەوە.

رژێمی ئێرانیش بۆ ئەوەی بەرگری لەهەژمون و پاوانخوازییەکانی خۆی لەناوچەکە بکات و لەو ئاڵوگۆڕیانە سوود وەربگرێت، بە ساڵانە لەناو ئامادەکاری چڕ و پڕ و قورسی ناو بەتاڵدایە. بۆ مانەوەی زیهنیەتی دەوڵەت - نەتەوەی خۆی لەدژی گەلانی ئێران و گەلانی ناوچەکە شەڕی هیبریدی راگەیاندووە.

سەرەڕای ئەو شەڕە گەلانی ئێران بە پێشەنگایەتی گەلی کورد و تایبەت ژنان و جەوانان بە بەرپاکردنی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی»[4] گەورەترین زەبری کوشندەیان لەپیلانی

٤. درووشمی «ژن ژیان ئازادی» بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن یەکێتی ژنانی وڵاتپارێزی کوردستان سەریهەڵداوە. درووشمی «ژن ژیان ئازادی» دەرئەنجامی نیو سەدە لە خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانە. لە ساڵی ٢٠١٤دا بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنانی رۆژئاوا، لەشەڕی دژ بە داعش لە باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا، درووشمی «ژن ژیان ئازادی»یان کرد بە سیمبۆلی شۆڕشی ژنان و ناوی رۆژئاوا لەگەڵ ئەم درووشمە پێکەوە بەسترایەوە. رێبەر ئاپۆ ئازادی کۆمەڵگە بە ئازادی ژن دەبەستێتەوە و ژن وەک «یەکەم گەلی بە کۆیلەکراو لە مێژوودا» ناودەبات و لە ساڵی ١٩٩٨دا «ئایدۆلۆژیای

ستراتیژی شەڕی تێکەڵاوی ڕژێم داوە. بۆیە ڕژێم لەئان و ساتی دەستپێکردنی ئەو شۆڕشە دەستی لەهێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر دەستکەوت و نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان نەپاراستووە. بە پێچەوانەوە هێرش و پەلامارەکانی بۆ سەر ئازادیخوازەکان زیاتر، قورستر و دڕندانەتر کردووە. بۆیە ڕژێم بە هەموو هێزیەوە هەوڵی داوە ئەو پەلامار و هەڕەشە دڕندانەیەی لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە ڕەوا لەقەڵەم بدات و بەرخۆدان و تێکۆشانی ڕەوا و دیموکراتیکی گەلانیش بە ناڕەوا وێنا بکات. ئەو ڕێباز و میتۆدە چەواشەکارانەی ڕژێم بنەمای سەرەکی و بنەڕەتی ڕاگەیاندنی شەڕی هیبریدیە.

هاوکات تەڤگەری ئاپۆیی ئەم شەڕە وەک پێکدادانی نێوان سیستەمی قۆرخکاری سەرمایەی نێودەوڵەتی و سیستەمی قەوارەپارێزی دەوڵەت - نەتەوە پێناسە دەکات. بۆیە شەڕی جیهانی سێهەم هێرشێکی سەرمایەداری قۆرخکارییە بۆ گۆڕینی قەوارەی دەوڵەت - نەتەوەکان. لەپێناو پووچەڵکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم شەڕە لە ناو هەوڵێکی چڕوپڕدایە و بە فەلسەفەی بەرخۆدان ژیانە لەناو ئاگری شەڕی جیهانی سێهەم و شەڕی هیبریدیدا هیوای بونیادنانەوەی ژیانی ئازاد و دیموکراتیک بە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل و بانگەوازی ئاشتی و بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دەبووژێنێتەوە.

هەڵبەت شەڕی جیهانی سێیەم ئەو شەڕەیە کە بە شێوەیەکی نوێ و سەردەمیانە لەلایەن داڕێژەر و بەڕێوەبەرانی

رزگاری ژنـان»ی خسـتەڕوو و دەڵێـت: «تـا ژن ئـازاد نەکرێـت، کۆمەڵگـە ئـازاد نابێـت». لەسـاڵی ١٤٠١ی هەتـاوی، دوای شـەهیدبوونی ژینـا ئەمینـی کچـە کـوردی خەڵکـی سـەقز لەلایـەن ڕژێمـی ئێرانـەوە، ژنانـی کـورد بـە ئامادەبـوون لەمەراسـیمی بەخـاک سـپاردنی تەرمـی ژینـا لەشـاری سـەقز درووشـمی «ژن ژیـان ئازادی»یـان بـەرز کـردەوە و درووشـمەکە بـە خێرایـی گەیشـتە شـاری سـنە، تـاران و زۆربـەی شـارو شـارۆچکەکانی تـری ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و ئێـران و تەنانـەت لـە جیهانـدا بڵاوبوویـەوە.

شەڕەکەوە بەڕێوە دەچێت کە زۆر جیاوازتر لەدوو شەڕی دیکەی جیهانییە. چون لەم شەڕەدا زیاتر شکاندنی ئیرادەی گەل و کۆمەڵگە، کۆیلەکردنی تاکەکان (دروستکردنی کۆیلەی مۆدێرن)، داگیرکردنی جوگرافیا و گۆڕینی دیمۆگرافیا و تالانکردن بە بنەما دەگرێت. هەڵبەت جێگای سەرنجە کە رژێمی ئێران لەگەرماوگەرمی شەڕی جیهانی سێهەم لەپەراوێزی ئەو شەڕەدا، شەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئێران بە شێوەیەکی مەترسیدار بەڕێوە دەبات. لەئێستادا لەلایەن زۆر لەکارناسان، ستراتیژسیەنەکان و دوکتۆرینی شەڕەوە، شەڕی ئەم سەردەمە بە شەڕی هیبریدی بەناو دەکەن. واتا بە جێگەی شەڕێکی نوێ زیاتر بە ستراتیژییەکی نوێی شەڕ لەقەڵەم دەدەن.

بە روانگەی سون تزۆ[5]: «خراپترین هێرش، هێرش بردنە سەر ستراتیژی دوژمنە». بۆیە رژێم لەم شەڕەدا ستراتیژی پێکەوە ژیانی گەلان و بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتی و چەسپاندنی دیموکراسی و بەرقەراری ئاشتی و ئارامی لەناوخۆی ئێران و دەرەوەی بە شەڕی هیبریدی کردوەتە ئامانج. هەڵبەت هەر یەک لەو دەوڵەت و هێزانەی کە ئەمڕۆ شەڕی هیبریدی لەدژی یەکدی و گەلان بەڕێوە دەبەن بە پشتبەستن بە روانگەی سون تزۆ کە دەڵێت:«تایبەتمەندی شەڕێکی سەرکەوتوو لەدژی دوژمن، خێرایی چالاکی، هۆشیاری و زانیاری تەواوە»، بە گوێرەی فۆرم و شێوەی شەڕی سەردەمیانە هەر یەک لەو دەوڵەتانە و لەناویاندا رژێمی ئێران بەو پێیە خۆیان بە رێکخستن کردووە.

---

٥. ژەنەراڵ و شارەزای سەربازی و فەیلەسووفی چینی، پێش ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەرە. لەبەر نابغەی سەربازییەوە ناوبانگی دەرکردووە. کۆمەڵە وتارێکی لەسەر ستراتیژی شەڕ نووسیوە. خاوەن کتێبی بە ناوبانگی هونەری جەنگە.

واتا لەهەر بەشێک لەکوردستان لەلایەن هەر یەک لە دەوڵەت – نەتەوە هەرێمیەکانەوە بە تایبەت لەلایەن ئێران و تورکیاوە بە رێ و رێبازی بە دوور لە پێوانەکانی شەڕ لەدژی گەلی کورد ئەم شەڕە بەڕێوە دەبەن. تایبەت رژێمی ئێران کۆمەڵگەی رووبەڕووی بۆردومانی ئایدیۆلۆژی و هزری کردوەتەوە و ئەم شەڕە بە شێوەیەکی زۆر هەستیار، نەرم و ورد لەدژی گەلان و کۆمەڵگە پەیڕەو دەکات. هەڵبەت رژێم لەسەر ئەم فەلسەفەیە کە هونەری سەرکەوتن لەشەڕدا ئەوەیە کە بە بێ شەڕ و خوێنڕشتن سەرکەوتن مسۆگەر بکات، لەدژی گەل و کۆمەڵگە شەڕی سەرتاسەری راگەیاندووە. بۆیە بە جێگای زەبر و زەنگ لەدژی گەلان ڕێبازی شەڕی نەرم، رەوانی و هیبریدی سەروەر کردووە.

عەلی خامنەیی رابەری رژێمی ئێران لە وتەکانیدا بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە لەشەڕی تێکەڵاودا هێرشی سەربازی بوونی نییە، بەڵام هێرشەکان بۆ سەر باوەڕی ئایینی، مەزهەبی و سیاسییە. لەکاتێکدا بە پێچەوانەی ئەو وتانەی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و بارەگا سەربازییەکانی رژێم بەشێکی سەرەکی لەو شەڕەیە بۆیە رژێم لەم دەیەی رابردوودا لەژێر ناوی هەنگاوی دووهەمی شۆڕش هەوڵی داوە کە بەرپەرچی ئەو شەڕە بداتەوە. بەڵام راستییەکان ئەوەی ئاشکرا کرد کە رژێم ئیدی بەرگەی ئەو شەڕە ناگرێت و توانای خۆڕاگری و بەردەوامی هێز و هەژمونی لەسەر گەل و ناوچەکە نامێنێت. راستی شەڕەکە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە لە ساتێکدا بە دەیان فەرماندەی باڵا و بەرپرسی یەکەمی سوپا بە ئاسانی کوژراون.

خامنەیی سەپاندنی گەمارۆ ئابوورییەکانی وڵاتانی رۆژئاوا بۆ سەر رژێمەکەی بە شەڕێکی هەمەلایەنە لەقەڵەم دەدات.

تیرۆریست ناساندنی سوپای پاسداران لەلایەن ئەمریکاوە، ئامانج گرتنی سوپای پاسداران لەلایەن ئیسرائیلەوە، سەپاندنی سزاکان بە سەر بانکی ناوەندی ئێران، بانکە دەوڵەتییەکان، کۆمپانیاکانی کەشتی سازی، کۆمپانیاکانی نەوت، وەزارەتی نەوت، کومپانیاکانی بیمەیی و گەشتی فڕۆکەوانی ماهان و بە ئامانج گرتنی: ژێرخان و سەرخانی رژێم لە شەڕی ئیسرائیل و ئێران و ... هتد کۆی ئەمانە لەئامانجی هێرشە ئابوورییەکانی دەرەوەن بۆ سەر رژێم. جیدی ترین کاریگەری گەمارۆ ئابووریەکان لەسەر ئێران، دابەزینی گەشەی ئابووری، گرانی، دابەزینی نرخی پارەی میلی ئێران و زەحمەتی ئاڵوگۆڕی ئەرزییە. ئەوەش دەرئەنجام و لێکەوتەکانی شەڕی تێکەڵاوە کە لەئێران روودەدەن. بەڵام رژێم هەمیشە بانگەشەی هەڕەشە و مەترسییەکانی شەڕی هیبریدی بۆ سەر پێگەی دەسەڵاتداری خۆی دەکات. واتە دیوی بنەڕەتی کاردانەوەکانی رژێم جیا لەهێزە دەرەکییەکان بەرەو وزەی ناڕازی و ئازادیخوازی ناوخۆی گەلانی ئێرانە.

دەکرێ بگوترێ کە مەبەستی خامنەیی و بەرپرسانی رژێم لە ورژاندنی هەڕەشەکانی شەڕی هیبریدی بۆ سەر رژێم نە تەنیا هێزە دەرەکیەکانە. بەڵکوو کاتێک پێناسەی مەترسییەکانی شەڕی هیبریدی بۆ سەر رژێم دەکرێت، لەبنەڕەتدا باسی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل رێبەر ئاپۆ دەکەن کە مەترسییەکی جیدی بۆ سەر پێگەی دەسەڵاتداری رژێم درووست کردووە. چون شەپۆلی خرۆشاو و بەشداری کارای گەلی کورد لەشۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» و تایبەت لە نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی کاریگەری ئەو ستراتیژییەی بۆ رای گشتی خستەڕوو. واتە رژێم بەشداری گەل لەگۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتیک و شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بە گەورەترین

مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی لەقەڵەم دەدات. بۆیە ڕژێم بە سەفەربەرکردنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات بە هەر جۆرێک بێت دەیەوێت ڕێ لەو ستراتیژییەی تێکۆشانی گەلی کورد بگرێت.

ڕژێمی ئێران خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێرانی لەساڵانی ١٣٩٨ و ١٤٠١ بە نموونەی بەرچاوی شەڕی هیبریدی پێناسە کردووە. واتە ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەوە تاوانبار کردووە کە بە ڕێگەی میدیا و دەرفەتەکانی دیکەی شەڕەوە چەواشەکاری و قسە و قسەلۆکیان دەرخواردی گەل داوە و بە هەڵخراندن گەلیان لەدژی ڕژێم سوور کردووە. هاوکات دژبەرانی ڕژێمیان پڕچەک کردووە! بۆ دروستکردنی پشێوی، ئاڵۆزی و تێکدانی ئاسایش و ئارامی شارەکان ڕۆڵیان هەبووە. ئەوەش لەکاتێکدا کە ڕژێم بۆ خۆی گەورەترین چەواشەکاری و ساختەکاری لەڕاستی بابەتەکەدا دەکات. لەکاتێکدا شۆڕشێک بە فەلسەفەی «ژن ژیان ئازادی» بەرپا بووە، ڕژێم چاوپۆشی لەو ڕاستییە دەکات و ناهێڵێت کە گەل ڕاستییەکەیان بۆ ئاشکرا بێت. چون ڕژێم ڕاستی نارەزایەتی گەل تەم و مژاوی و ناڕوون دەکات و تۆپی شەڕەکە دەخاتە گۆڕەپانی دەرەوە.

بۆ یەکەم جار کەسێکی بە ناوی فرانک هۆفمان[٦] لەساڵی ٢٠٠٧ەوە ئەم دەستەواژەیەی خستووەتە لیتەراتۆری شەڕەوە. لەو پێناوەدا هۆفمان دەڵێت:«شەڕی کلاسیکی نێوان دەوڵەتەکان جێگای خۆی بە شەڕی هیبریدی داوە». واتا بە پێی ئەو پێناسەیە ڕژێمی ئێران بەردەوام سەبارەت بە پێشکەوتنی چەک و تەکنۆلۆژیا هاشوهوش دەکات و بە مانۆڕی سەربازی

٦. توێژەر و ئەفسەرێکی هێزی دەریایی ئەمریکایە کە بۆ یەکەمجار لەساڵی ٢٠٠٧ دەستەواژەی شەڕی تێکەڵاوی بەکارهێناوە.

هێزنوێنی و بانگەشەی نوێبوونەوەی شێوەی شەڕی سەردەم کە شەڕی هیبریدییە، دەکات. بۆیە رژێم لەم سەردەمەی شەڕدا لەسەرکوت و داپڵۆساندن و قڕکردنی گەلان بەردەوامە. ئامانجی رژێم هیچ گۆڕانکاری تێدا درووست نەبووە، بەڵکوو شێوە و رێبازەکانی شەڕە کە گۆڕانکاری تێدا ئەنجام داوە. بە روانگەی هۆفمان لەشەڕی تێکەڵاودا جیا لە تەکنیکی سەربازی لەئامرازەکانی دەرەوەی سەربازی وەک گوشاری ئابووری، گەمارۆ و ئابڵوقە، هێرشی سایبری و تایبەت هێرشی میدیایی و راگەیاندن و شەڕی دەروونی و ... هتد کەڵک وەردەگیردرێت.

لەم دەیەی رابردوودا کە لە قۆناخێکی مەترسیداری شەڕی جیهانی سێهەم گوزەرمان کرد، زۆر باس و خواس لەسەر گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لەشێوازی شەڕکردن لەدوای شەڕی سارد لەلایەن تیۆریسیەن و لێکۆڵەران و بەڕێوەبەرانی شەڕ وروژێنراون. تەنانەت بەشێک لەشارەزایان و داهێنەرانی شەڕ پێیان وایە رنسانس یان شۆڕشێک لەشێوازە تەقلیدییەکانی شەڕدا روویداوە. بۆیە هەر هێز و لایەنێک بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕە لەسەردەمی خۆنوێبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لەڕێباز، تاکتیک و دوکتۆرینی شەڕدایە.

فرانک هۆفمان بە شارەزایی و تێگەیشتنێکی کۆنکرێتی لەسەر بابەتەکە ئەم باس و خواسانە بە راشکاوی دەخاتەڕوو. واتە بە روانگەی ئەو جیهان بە شەڕی تێکەڵاو دەچێتە ناو سەردەمێکی تایبەتەوە. تایبەت هۆفمان ئەو بیرۆکەیە بە جەنگی تێکەڵاو ناو دەبات. ناوبراو ئاماژەش بەوە دەکات کە دوژمنانی ئەمڕۆ و سبەی لە شەڕدا کۆمەڵێک چەک، کەرەستە و رێبازی هەمەلایەنەی جیاواز لەبەرامبەر یەکدی بەکار دەهێنن. رەنگە زۆرجار هێزە نیمچە دەوڵەتییەکان، پرۆکسییەکان و کۆنترا گەریلا لەم سەردەمەی شەڕدا، شەڕی تەقلیدی بەکاربهێنن.

واتە ئەگەر بە بەشداری و بەرپاکردنی شەڕی ئاسایی ئامانجەکانیان دەستەبەر بکرێت، بەشداری لەو ڕێبازەی شەڕدا دەکەن. بە هەمان شێوە دەوڵەت و هێزە هەژمونگەراکان رەنگە جگە لەشێوازە ئاساییەکانی شەڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەشداری شەڕی ناتەقلیدی بکەن و بە پێی قەبارەی ئامانج و ویست و داخوازییەکانیان گۆڕانکاری لەشەڕ و ڕێبازەکانیاندا ئەنجام بدەن.

ڕووداوەکەی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ کۆتایی بە سەردەمی شەڕی ئاسایی، کلاسیک هێنا و بەکارهێنانی رەهای ئەم شێوازەی لەشەڕدا هێنایە ئاراوە. هەر هێزێکی ناچار کرد تا لەپێناو مانەوە و پاراستنی هەبوون و بەردەوامی و شکۆی خۆیان پێداچوونەوە لەسەر بۆچوون و رەفتارەکانیان بکەن و ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی لە هەیکەل، ستراتیژی و تاکتیکی شەڕدا ئەنجام بدەن. سەردەمی نوێی شەڕی تێکەڵاو وایکردووە تا سیاسەتمەداران و پلاندانەرانی سەربازی باس لە ستراتیژییەکی تایبەتی جەنگ لەناوچەکە و جیهان بکەن. ئەمەش بۆ خۆی نیگەرانی جیدی شارەزایانی سەربازیی و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و رای گشتی کۆمەڵگەی بەدوای خۆی هێناوە. چون ئەم شێوازەی شەڕ دەرفەتی ئەوەی خۆش کردووە کە تەڤگەر و هێزی توندڕەو و رەشەکوژی هاوشێوەی داعش[7]،

---

٧. دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە عێـراق و شـام کـە بـە (داعـش) نـاسراوە، گرووپێکـی تیرۆریسـتی و چەکـداری تونـدڕەوی ئیسـلامییە. رەگ و ریشـەی داعـش بـۆ گروپـی یەکبـوون و جیهـاد دەگەڕێتـەوە، کـە لەسـاڵی ١٩٩٩ بـە سـەرکردایەتی ئەبـوو موسـعەب زەرقـاوی دامـەزراوە و لـە سـاڵی ٢٠٠٤ پەیوەنـدی بـە تـۆڕی ئەلقاعیـدە کـردووە، دواتـر لـە عێـراق بـە ئەلقاعیـدە نـاسراوە. ئەبـوو ئەیـوب ئەلمـەسری و ئەبـوو عومـەر بەغـدادی دوو سـەرکردەی سـەرەکی دەوڵەتـی ئیسـلامی عێـراق بـوون کـە لـە ئۆپەراسـیۆنێکی سـەربازی ئەمریـکا لـە ١٨ی نیسـانی ٢٠١٠ کـوژراون. هەروەهـا لـە شـوێنی ئـەوان ئەبوبەکـر بەغـدادی جێگیـر کـراوە کـە ئەویـش دواتـر بـە هەمـان چارەنـوس گەهێشـتووە.

قاعیدە، تاڵیبان و بەرەی نوسرە لەعێراق، سووریا و ناوچەکە سەرهەڵبداتەوە. هەروەها سەردەمێکی نوێی شەڕی سامناک کە کوشندەترین و کاولترین شەڕی مێژووی مرۆڤایەتییە بەرپا بێت.

هاوکات هەموو دەرفەتی شەڕ لەلایەن هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمیەکانیەوە کەڵەکە بکرێت و بە پرچەک کردن و پشتیوانی لەهێزە پرۆکسیەکانیان مەترسی قڕکردنی گەلانی ناوچەکە خۆش بکەن. بۆیە بە شەپۆلی ئەو شەڕە دەیانەوێت هەموو هێز و لایەنی ئازادیخوازی ناوچەکە لەچەک دابماڵن و کۆمەڵگەیەکی بێ پاراستن و بێ ئیرادە لەبەرامبەر شەڕی تێکەڵاو درووست بکەن. سەرچاوە و پەرەسەندنی شەڕی تێکەڵاو لە شەڕە سەربازی و مەدەنییەکان بە ئامانجی نیشتمانی و نێودەوڵەتییەوە روودەدەن. بە زۆری مەودای شەڕەکە پێشبینی دەکرێت و دەتوانرێت هەموو ئامرازە بەردەستەکان و شێوازە تێکەڵاوەکان تێیدا بەکار بهێنرێت.

لەم دوو دەیەی دواییدا بە گەشەکردنی جەنگی هیبریدی، دەستە و تاقمی تیرۆریستی لەناوچەکە و کوردستان روویان لەزیادبوون کرد. شەڕی هەمەلایەنە لەدژی کۆمەڵگە تێپەڕی قۆناخێکی مەترسیدار بووە. ئەم هێزە تیرۆریستییانە گەلێک کۆمکوژی و تاوانی جەنگییان لەدژی مرۆڤایەتی ئەنجام دا.

---

لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوە بە خێرایی بەشێکی زۆر لەخاکی عێراق و سوریا و باشووری کوردستان و باکوور و رۆژهەڵاتی سوریایان داگیرکردووە و دواتر شاری رەقەیان وەک پایتەختی خۆیان هەڵبژاردووە. لە مانگی تەمموزی ساڵی ٢٠١٤ەوە ئەم گرووپە بانگەشەی خەلافەتی جیهانی یان کردووە و خۆیان بە دەوڵەتی ئیسلامی ناوبردووە و ئەبوبەکر بەغدادیشیان وەک خەلیفە ناساندووە، کە دواتر کوژراوە. دەوڵەتی تورکیا پاڵپشتی ماددی و چەک و چۆڵی داعشی کردووە. لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ هێزەکانی یەپەگە، یەپەژە و سوریای دیموکرات داعشیان لە رەقە دەرکردووە و کۆتاییان بە خەلافەتی داعش هێناوە.

بەتایبەت ناوەندی ئەو شەڕە لەکوردستان بەڕێوە چووە و بووە هۆکار کە گەلێک کۆمەڵکوژی و قوربانی کارەساتباری لێبکەوێتەوە.

ئەم هێز و تاقمە تیرۆریستانە لەبەر کاراکتەر و تایبەتمەندی و دەرفەتی شەڕی تێکەڵاو لەشەڕکردنیان لەگەڵ بەهێزترین و کارامەترین سوپای دەوڵەتێک بوێر و چاونەترس بوون. چون بە تەکنیک و تەکنۆلۆژیای سەردەم پڕچەک کرابوون. بۆیە لەچاونوقاندنێکدا شار و ناوچەکانیان لەژێر چنگی سوپای دەوڵەتێک دەردەخست و گەلانیان رووبەڕووی کۆمەڵکوژی دەکردەوە. داعش نموونەیەکی ئەوەیە کە لەپێش رای گشتی جیهان زۆر بە ئاسانی پەلاماری سەر سوپای عێراقی داوە و لە دوو شەودا شاری موسڵیان داگیر کرد. بێ ئەوەی سوپای عێراق بەرپەرچی هێرشەکانی داعش بداتەوە، شارەکەیان بە دوو دەستی رادەستی داعش کرد. سەرەڕای ئەوەی کە چەک و چۆڵ و جبەخانەی مەزن و تەکنۆلۆژیای سەردەمیانەی شەڕیان بە رێکەوتنێکی نهێنی لە عومانی پایتەختی ئوردون وەرگرتووە. هاوکات هێرشی دوایی دەستەی تەحریری شام[8] بە سەرپەرشتی محەمەد جۆلانی[9] بۆ سەر رژێمی بەعسی سووریا

٨. ناسراوە بە هەتەشە. گرووپێکی سەلەفی ئیسلامییە. پێشتر ناوی گرووپەکە (بەرەی نوسرە) بووە کە سەر بە رێکخراوەی قاعیدە بووە و لەساڵی ٢٠١١ دامەزراوە. بەڵام لەساڵی ٢٠١٧ جیابوونەوەی لەرێکخراوەی قاعیدە راگەیاندووە و ناوی بۆ دەستەی تەحریری شام گۆڕیوە. پەیڕەوی ئایدۆلۆژیایەکی سەلەفی و جیهادی دەکات و هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەدات. بەشداری لەشەڕی ناوخۆیی سوریادا کردووە. محەمەد جۆلانی (ئەحمەد شەرع) سەرکردایەتی ئەم گرووپە دەکات. بە سەرکردایەتی جۆلانی لەرێکەوتی ٢٠٢٤\١٢\٩ کۆتاییان بە دەسەڵاتی ٥٠ساڵەی بنەماڵەی ئەسەد هێناوە. حکومەت و دەزگای هەواڵگری تورکیا هاوکاری ماددی و سەربازی ئەم دەستەیە دەکات.

٩. فەرماندەی سەربازی لە شەڕی ناوخۆی سووریا بووە و لەساڵی ٢٠١٢ تا ٢٠١٧ سەرکردەی بەرەی نوسرە، باسکی ئەلقاعیدە لەسووریا بووە. لەساڵی ٢٠١٧ەوە بووەتە سەرۆکی تەحریری شام. بە سەرپەرشتی جۆلانی تەحریر شام لە نۆ رۆژدا رژێمی ئەسەد

توانیان لەماوەی ٩ رۆژدا حکومەتی بەشار ئەسەد[10] بڕووخێنن و بۆ خۆیان بێنە سەر دەسەڵات. خێرایی ئەو ئاڵوگۆڕانە و ئەنجامگیربوونی هێرش و پەلاماری هێزە تاریکپەرستەکان بۆ کاراکتەری شەڕی تێکەڵاو دەگەڕێتەوە کە ئەو هێزانە بەپێی بەرژەوەندی و سەروەری بە سەر ناوچەکەدا پڕچەک و بە ئامانجی مەبەستدار ئاراستەیان دەکەن.

پێویستە لە سەدەی بیست و یەکەمدا رۆڵی زانست و تەکنۆلۆژیا لە دارِشتنەوەی تایبەتمەندییەکانی نوێی شەڕ بە وردی و گرنگییەوە ببینین. هاوکات کاریگەری بەرهەمە لاوەکییە ئاڵۆزەکانی تەکنۆلۆژیاش لەبەرچاو بگیردرێت. لەدروستکردنی فڕۆکە و ژێردەریایی ئەتۆمییەوە تا پێشکەوتنەکانی پیشەسازی فڕۆکەوانی و دیزاینکردنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و ئۆتۆمبێلی تاکتیکی زۆرسووک تا دەگات بە گەشەکردنی چالاکییەکانی بۆشایی ئاسمان و فەزای ئەلیکترۆنی، هەموو ئەمانە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ستراتێژی و تایبەتمەندییەکانی شەڕ لەگەشەدانی شەڕی تێکەڵاودا هەبووە. بەڵام جارێکی دیکە کۆی پێشکەوتن و نوێ بوونەوەی ئەو

---

دەڕووخێنێت و لە ٨ی کانوونی یەکەم دیمەشق (شام) کۆنترۆڵ دەکەن. دواتر لەرێکەوتی ٢٩ی کانوونی دووهەمی ٢٠٢٥، جۆلانی بەناوی ئەحمەد شەرعەوە دەبێتە سەرۆک کۆماری راگوزەری حکومەتی سووریا.

١٠. بەشار ئەسەد (لەدایکبووی ١١ی ئەیلولی ١٩٦٥)ە کە لە ١٧ی تەممووزی ٢٠٠٠ ەوە تا ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤ وەک نۆزدەهەمین سەرۆک کۆماری سوریا لەسەر دەسەڵات بووە. هاوکات فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی سوریا و ئەمینداری گشتی پارتی بەعسی سوریا بووە. باوکی حافز ئەسەد لە ساڵی ١٩٧١ تا کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠٠٠ حوکمڕانی سوریای کردووە.

لە ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٤، ئەسەد لە سوریا هەڵهاتووە و دەستەی تەحریری شام دیمەشقیان کۆنترۆڵ کردووە و کۆتایی بە رژێمی ئەسەد هێناوە. دوای رووخانی رژێمی سوریا ئەسەد لە ٨ی کانوونی دووەم گەیشتووەتە مۆسکۆ و مافی پەنابەری سیاسی پێدراوە.

تەکنیکانە سرووشتی بنەڕەتی شەڕیان نەگۆڕیوە. تایبەت پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا لەسیستەمی زانیاری و هەواڵگریدا، ناڕوونییەکانی شەڕی کەمکردووەتەوە. بەڵام پێکهاتەی ئەم ئامێرانە لاوازی نوێی لەسیستەمی بەرگری هێزە سەربازییەکان دروستکردووە.

بەڕێوەبەرانی شەڕی هیبریدی بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بە پێی بەرژەوەندەییەکانیان بخەنە جووڵەوە تا ببنە پشتیوانی شەڕی هیبریدی هەر جۆرە رێ و رێبازی تایبەت تاقی دەکەنەوە. بۆیە لەبەرامبەری ئەو شەڕە لەچوارچێوەی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل پێویست دەکات بە شێوەیەکی بەهێزتر میدیا و راگەیاندن لەلایەن گەلەوە بەکار ببردرێت. بەشداری گەل لەناو ریزەکانی تێکۆشانی شۆڕش چڕتر و فروانتر ببێت. گەل بەشێوەیەکی بەکاریگەرتر هەم لەئاستی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی بەشداری لە گۆڕەپان و خەباتی دیپلۆماسی دیموکراتیک و ئازادیخوازانەدا بکات. تایبەت لە گەشەدانی سیاسەتی دیموکراتیک و شۆڕشگێڕی لەبەرامبەر شەڕی هیبریدی خاوەن رۆڵ بێت.

## پێناسەکانی شەڕی هیبریدی

لەهەنگاوی یەکەمدا؛ بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتن لەناوەڕۆک و گەوهەری بنەڕەتی راوەستە لەسەر شەڕی هیبریدی دەکەین. ئەو پێناسانەی پڕ بە پێستی ئەم شەڕەیە ریزیان دەکەین. دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە هەر هێز و لایەنێک بە پێی ستراتیژی و تاکتیکی شەڕی خۆی پێناسەی بۆ ئەم شەڕە کردووە. بۆیە لێرەدا بە پێی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل پێناسەی شەڕەکە دەکەین. بەو پێیە شەڕی هیبریدی:

١ - شەڕێکی هەمە لایەنەیە کە دەوڵەت و دەسەڵات

لەدژی گەل و کۆمەڵگە و لەدژی یەکدی پەیڕەوی دەکەن. واتا هەموو گۆڕەپانی ژیان، ئامراز و کەرەستەی رازانەوەی ژیان، وەردەگەڕێتە ئامرازی گورکردن و بەرپاکردنی گۆڕەپانی شەڕ.

٢ - شەڕێکی بێ قوڕاڵ (بێ یاسا و رێسا)، بێ پرەنسیب و بێ دیسپلینە. هەموو یاساو رێسا جەنگییەکان تێیدا پێشێل دەکرێت. هیچ پرەنسیبێکی شەڕ تێیدا رەچاو ناکرێت.

٣ - شەڕێکە کە لەلایەن هێزە سەردەست و سەرکوتکار و داپڵۆسێنەرەکانەوە بۆ لەباربردنی سێ گۆشەی بوون، ناسنامە و ئازادی گەلان و کۆمەڵگەیان کردووەتە ئامانج و بەکاری دەهێنن.

٤ - شەڕێکە چەندین فاکتەری هێز لەپشت هەڵگیرساندنیەوەن، لەوانە هێرشی سایبری، پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن، شەڕی راگەیاندن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی و هەواڵگری و ... هتد.

٥ - شەڕێکە کە ئیرادە، مۆڕاڵ، رۆح و هەستی کۆمەڵگە و لایەنی بەرامبەر بە ئامانج دەگرێت.

٦ - شەڕی هزر، مێشک و پارادیگمایە، نەک شەڕی سنوور و بڕیارگەکان.

٧ - شەڕی شارستانی، سیاسی، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و رۆحییە.

٨ - شەڕێکە راستی دەکاتە درۆ و درۆش دەکاتە راستی. بە واتەی چەواشەکردنی راستییەکان دێت.

٩- شەڕێکە کە دوو یا چەند شت دێنێتە لای یەک و شتێکی نوێ و ئاڵۆز دروست دەکات. بە شەڕی سەردەمیش بەناو دەکرێت.

١٠- شەڕێکە بە چالاکی ئاڵۆز، شەڕی بچووک یا چریکیش پێناسە دەکرێت.

١١- شەڕی دەستەویەخەی دوو بلۆک، دوو دونیابینی، دوو روانگە و دوو ئایدیا و ئایدیۆلۆژیایە.

١٢- شەڕێکە لەلایەن ئەجێندا و بازنە فێڵبازەکانی سەردەمەوە بەڕێوە دەبرێت، ئەوەندە ڕێبازی نائەخلاقی تێیدا بەکار دەهێنرێت، هەتا بێت ئاسایی دەبێتەوە و مرۆڤەکان ئاشنای راستەقینەی ئەم ڕێبازە دەبن.

١٣- شەڕێکە ستراتیژی راهاتن، بێکاردانەوە و فێربوون لەناو گەل و کۆمەڵگە و لایەنی دژبەر پەرە پێ دەدات.

١٤ - شەڕی دیجیتاڵ میدیا و زیرەکی دەستکردە.

جیا لەم پێناسانە بە دەیان پێناسەی دیکەی شەڕی هیبریدی هەیە کە ریزی بکەین، لەم بەشەی نووسینەکەدا ئەو چەند پێناسەیە بەس دەبینین و لەدرێژایی و بەردەوامی بەشەکانی دیکەدا هەوڵ دەدەین لە چوارچێوەی ئەو پێناسانە زیاتر روونکردنەوە و شیکاری لە سەر بابەتەکە بکەین.

## ئامانجەکانی شەڕی هیبریدی

لێرەدا ئاماژە بەچەند ئامانجێکی بنەڕەتی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە دەکەین کە بریتییە لە:

١ - رای گشتی گەل دەکاتە ئامانج، چون پیلانی سەرەکی شەڕەکە بەئامانج گرتنی ئایدیۆلۆژی و بیر و باوەڕییەکانی گەلانە.

٢ - زیاترین زەبر و گورز لەگەل و کۆمەڵگە دەوەشێنێت. شەڕی گەورە لە بەرامبەر ژنان و گەنجان بەڕێوە دەبات و هەمیشە پۆزسیۆنی هێرش و پەلامار لەسەریان کارایە.

٣ - لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ناکۆکی و ئاژاوە دەنێتەوە.

٤ - یەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی کۆمەڵگە تێکدەدات.

٥ - هەرێم و ناوچەی مەبەست وێران، ناسەقامگیر، نائارام

و نائەمن دەكات.

٦ – كاولكاری، تیرۆر و زەبر و زەنگ لەناو كۆمەڵگە بەربڵاو دەكات.

٧ – لایەنی بەرامبەری شەڕ لاواز و تێكدەشكێنێت، تا بە چۆكیدا بهێنێت.

٨ – لەڕێوەبەری هێزی بەرامبەردا گێژاو و بۆشایی دەسەڵات درووست دەكات.

٩ – كۆمەڵگە ناچار بە تەسلیمیەتی ڕەها دەكات.

١٠ – دەیەوێت گەل تووشی چۆكدانانی هەتاهەتایی ببێت.

١١ – بەو شەڕە تێكۆشانی ڕەوای گەل تیرۆریزە و ناڕەوا لەقەڵەم دەدات.

١٢ – بە شەڕی هیبریدی رژێم پێشەنگەكانی گەل و كۆمەڵگە بە تۆمەتی ناڕەوا تەسفیە – پاكتاو و بێكاریگەر دەكات.

١٣ – رژێم ئامانجیەتی بوون، ناسنامە و ئازادییەكانی گەل و كۆمەڵگە لەناو مەنگەنەی قڕكردن و لەناوبردندا پاكتاو بكات. واتا لەناو بەرداشی جینۆسایدی كولتووریی پاكتاو و بیانتوێنێتەوە.

لەو پێناوەدا ڕێبەر ئاپۆ؛ «ڕۆژی ١٥ی شوباتی ١٩٢٥ی زاینی، بە مێژووی دەستپێكردنی قڕكردنی گەلی كورد و ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ی بە ڕۆژی قڕكردنی گەلی كورد پێناسە كردووە». واتا دەوڵەتی توركیا و رژێمی ئێران لەدژی گەلی كورد بە هاوبەشی لەم قۆناخەدا پرۆسەیەكی قڕكردن بەڕێوە دەبەن، ئەو پرۆسەیەش ئەمڕۆ دەیانەوێت بە ڕێگای شەڕی هیبریدی بە ئەنجامی بگەیەنن.

بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دوا بەرگی بەرگرینامەی شارستانێتی دیموكراتی بە «بەرگریكردن لەكوردانی ناو بەرداشی جینۆسایدی كولتووری» پێناسە كرد و ستراتیژییەكی نوێی

تێکۆشان و شەڕی لەژێر ناوی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بۆ گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز دەستنیشان کرد تا بتوانن بەرگری لەبوون، ناسنامەو ئازادی خۆیان بکەن و ستراتیژی داگیرکاری سەردەم تێکبدەن. واتا بە وەڵام و پلانێکی ستراتیژی، وەڵامی هەڕەشەیەکی ستراتیژی دەدرێتەوە. ئەوەش بە دەرکردنی مانیفستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک پێشوازی دەکات.

## جیاوازییەکانی شەڕی هیبریدی لەگەڵ شەڕی کلاسیک

بێگومان شەڕی هیبریدی لەگەڵ شەڕی کلاسیک مەودایان زۆرە و ئەم شەڕە شەڕێکە کە هەمەلایەنەیە و درزی کردووەتە ناو کۆی جومگەکانی کۆمەڵگە.

جیاوازی بنەڕەتی شەڕی هیبریدی لەگەڵ شەڕی کلاسیک لەم سێ خاڵەدا ریز دەکەین:

١ – لەشەڕی هیبریدیدا ئاست، پانتایی، ریژە و توندی زیانەکان لەڕادەبەدەرن. واتە هەموو کۆمەڵگە، بوونەوەران و ژینگە زیانمەندی ئەم شەڕەن. لەکاتێکدا شەڕی کلاسیک قەبارەی زیانەکانی زۆر کەمتر لەم شەڕەیە و هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی گەل و کۆمەڵگەی پەلکێشی شەڕ نەکردووە.

٢ – تێچووی شەڕی هیبریدی بە نیسبەت شەڕی کلاسیک کەمترە. لەم شەڕەدا رۆڵی تەکنیک و زانیاری باڵادەستە. بەڵام تێچوونی شەڕی کلاسیک بۆ هەر دوو لای شەڕەکە، چ لە بواری هێزی مرۆیی و ماددییەوە پڕ خەرج و پڕ زیانە.

٣ – لەشەڕی هیبریدیدا بڕیار بە خێراییەکی زۆرەوە وەردەگیردرێت. ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی روودەدەن. لەبەر رۆڵی تەکنیک و ئامێرەکانی گەیاندن، زانیاری و ئاگادارییەکان بە خێرایی لە ناو کۆمەڵگەدا دەستاودەست دەکەن. لەکاتێکدا

له شەڕی کلاسیک بڕیارەکان خێرا نیین و ئاڵوگۆڕەکانیش بە خێرایی بەڕێوە ناچێت. ئەوەش کاریگەری لەسەر درێژبوونی کات و زەمەنی شەڕەکە هەیە.

٤ – لەشەڕی هیبریدیدا هێرشەکان بۆ سەر گەل و کۆمەڵگە و لایەنی بەرامبەر زۆر هەستیار، شاراوە، نەرم و بەرین بەڕێوە دەبرێت. کوشتنی هەنگاو بە هەنگاوی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکاتە ئامانج. تەنانەت لەئاستێکدایە کە کۆمەڵگە درک بە بەشێکی زۆر لە ڕێبازەکانی شەڕ لەدژی خۆی ناکات. تەنانەت خوێندنەوەی شەڕیان لەسەر ناکات. لەکاتێکدا لەشەڕی کلاسیکدا هێرشەکان قەبە، کراوە و ئامانجدارە. شەڕ لەرەهەندێکدا قەتیس کراوە.

٥ – لەشەڕی هیبریدیدا شەڕ و ئاشتی ئاوێتەی یەک کراون. دەستێک درێژی ئاشتی کراوە و دەستی دیکەش لە ناو شەڕدایە. بەڵام لەشەڕی کلاسیکدا هەر قۆناخێک لە رەهەندێکدا بەرجەستە کراوە.

٦ – لە شەڕی کلاسیکدا هاوپەیمانی و ڕێکەوتنی لایەنەکان لە شەڕدا تا کۆتایی شەڕەکە دیاریکراو و نەگۆڕە. بەڵام لە شەڕی هیبریدیدا لایەنەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانیان بۆ ماوەیی یان کاتی بەشداری شەڕەکە دەکەن.

لەشێوەگرتنی تایبەتمەندییەکانی شەڕی سەردەم پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و بۆ گشتگیربوون و بەربڵاو بوونی ئاسانکاری زۆری کردووە. لەو پێناوەدا رژێمی ئێران بە کەڵک وەرگرتن لەتەکنیک و تەکنۆلۆژیا و زانیاری، شەڕەکە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە دەکات. بۆیە رژێم بەو سیاسەتەی بودجەی زەبەلاح بۆ هێزە چەکدارەکان، ئەمنییەکان، میدیا، بۆنە و کار و چالاکییە مەزهەبییەکان تەرخان کردووە و لەو پێناوەدا کۆمەڵگە گیرۆدەی هەژاری و برسێتی کردووە.

٧ – له شەڕی هیبریدیدا هاوپەیمانی و هاوسەنگییەکان له کات و ساتدا دەگۆڕدرێن.

## تایبەتمەندییەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە

رژێم لەشەڕی دژ بە گەل و کۆمەڵگە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن دەیەوێت بە تایبەتمەندییەکانی شەڕی هیبریدی لەدژیان سەرکەوتن مسۆگەر بکات، بەو پێیە:

١ – رژێم بەو زەبر و زەنگانەی گورز لەبەرژەوەندی گەلان و کۆمەڵگە دەدات. بەو شێوەیە دەیەوێت دەستکەوتە ئایدیۆلۆژی، مێژوویی و سیاسییەکانی مسۆگەر و مایینده بکات.

٢ – رژێمی ئێران کە ئایدیۆلۆژیاییەکی تایبەت بەخۆی لەژێر ناوی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە هەیە و تێیدا ئازادی بیروڕا، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی هەبوون و شووناسەکان بوونی نییە. بە پێچەوانەوە سانسۆڕ، نکۆڵیکاری و پاکتاوکاری لەلووتکەدایە، بووەتە هۆکاری دروستبوونی جۆرێک لەڕەوایەتی پەیڕەوکردنی شەڕی هیبریدی و شەڕی تایبەت لەدژی گەلان و کۆمەڵگە.

٣ – رژێمی تیۆکراتیکی ئێران وەک سیستەمی سیاسی هەمیشە هەست بە هەڕەشە و خەیاڵی هێرش کردن لەپێناو مانەوەی تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی دەکات، بۆیە لەپێناو پاراستن و گەشەپێدانی پاوانخوازییەکانی خۆی ئەو شەڕە لەدژی گەلان بەربڵاو و پەرە بە شەڕی هیبریدی دەدات.

٤ – رژێم بە نادیاری یا شاراوەیی و چەند رەهەند بوونی شەڕەکە، هەمیشە خۆی لەبەرامبەر هێز و ئیرادەی گەل و کۆمەڵگە بەهێز، گەورە و سەرکەوتوو وێنا دەکات.

٥ – رژێم لەدژی گەلان لە پۆزسیۆنی ستراتێژی پاراستندا

نییە؛ بەڵکوو لە ستراتیژی هێرشدایە و لەهەموو جومگەکانەوە پەلاماری نرخ، بەها و دەسکەوتەکانی گەلان دەدات.
٦ – لەشەڕی هیبریدیدا ڕژێم و ناوەندە شەڕانگێزییەکانی، دەیانەوێت بە ڕێگای ڕەش کردن، تاوانبارکردن، گۆشەگیری و دوورخستنەوەی ڕەهای دژبەرانی خۆی بە ستراتیژی سەرکەوتنی بێ شەڕ لەم گۆڕەپانەدا سەرکەوتنی ڕەها مسۆگەر بکات.
٧ – بە پێی تایبەتمەندی دەسەڵاتداری ڕژێم پێکهاتە، توانا و کاریگەرییەکانی شەڕی تێکەڵاو لە ژینگەکەیدا ناوازە و دانسقەیە. بۆیە وەک ڕژێمێکی هیبریدی هەمیشە دژە گەل و کۆمەڵگە دەجووڵێتەوە.
٨ – ڕژێمی تێکەڵاوی ئێران هەمیشە لەپێناو مانەوە و درێژەپێدانی دەسەڵاتداری خۆی هەوڵی هەڕەشە و گوڕەشە دەدات. بۆیە هەمیشە بەرامبەر دوژمنی گریمانەیی لەناو شەڕدایە.
٩ – ڕژێمی هیبریدی ئێران هەمیشە خاوەن پسیکۆلۆژییەکە کە جۆرێک لەباڵادەستی هێز لەگەڵ لایەنە شەڕکەرەکاندا پیشان دەدات.
١٠ – ڕژێمی تێکەڵاوی ئێران بە هەر دوو پێکهاتەی ئاسایی و ناتەقلیدی لەدژی گەلان شەڕ پەیڕەو دەکات.
١١ – ڕژێمی هیبریدی ئێران لەژێر بیانووی پاراستنی بەرگری، هەمیشە لەدژی گەلان لەناو شەڕ و پێکداداندایە.

لە سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا شەڕ تەنیا بە ڕێبازە کلاسیکەکانی شەڕ و چەک قازانج ناکرێت. بەڵکوو لەپێناو سەرکەوتنی شەڕ گەلێک فاکتۆری دیکە پێویست دەکات. ئەو فاکتۆرانەش پێکهاتەی ڕەهەندەکانی ئەو شەڕە پێکدێنن. لێرەدا

روونتر ئاماژە بە رەهەندەکانی شەڕی هیبریدی بکەین کە بەشێوەیەکی پیلان داڕێژراو و سیستەماتیک لەدژی گەل و کۆمەڵگە پەیڕەو دەکرێت.

**رەهەندە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی**

رەهەندە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی یا تێکەڵەیەک لە ستراتیژی شەڕی فرەڕەهەند پێکهاتووە لە:

**١ – رەهەندی شەڕی سیاسی:**

لەم شەڕەدا بۆ ئەوەی هێزی بەرامبەر ناچار بە قەبووڵ کردنی ویست و داخوازی لایەنی شەڕکەر بکرێت، کەڵک لە ئامراز و رێکارە دیپلۆماسی و سیاسییەکان وەردەگیردرێت. رەهەندێکە کە گەوهەری شەڕ تێیدا بە دەمامکی ئاشتی و دانوستان بەڕێوە دەچێت. لەبنەڕەتدا گۆڕەپانێکە کە بڕیاری بەرپاکردنی شەڕ تێیدا رادەگەیەنرێت. واتە ناوەندی داڕشتن، راگەیاندن و مێشکی بەڕێوەبردنی شەڕە.

**٢ – رەهەندی شەڕی دیپلۆماسی:**

زانستی پەیوەندی نێوان سیاسەتمەداران، بەرپرسانی جیهان و هاوکات پەیوەندی نێوان گەلان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ یەکدییە. شەڕێکی بە زانستە کە بە پەیوەندی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەڕێوە دەچێت. میکانیزمی دانووستان، دیالۆگ و گوشار و گەمارۆ تێیدا سەروەرە. لە ئەدەبیاتی دەسەڵاتدا بە شەڕی ئیمتیاز وەرگرتن و سەپاندنی هێزی سیاسی بەرامبەر هێزی دژبەری بەکار دەبرێت. شەڕەکە بە مەبەستی گۆشەگیرکردن، پەراوێزخستن، لاوازکردن و سەپاندنی هەژمۆنی بە سەر هێزی بەرامبەر بەڕێوە دەچێت. کۆتایی هاتنی ئەم رەهەندەی شەڕ داخستنی دەرگای دیپلۆماسییە.

واتە گۆڕەپانێکە کە هاوتەریبی گۆڕەپانی شەڕ بەڕێوە دەبرێت. شەڕی دیپلۆماسی ئێران بۆ کات کوشتن و فرت و فێڵ و قازانج کردنی کات لەپێناو درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتداری بەڕێوە دەبرێت.

**٣ – ڕەهەندی شەڕی ئابووری:**

لەم شەڕەدا ئابووری هێزی بەرامبەر لاواز دەکرێت. قەیران و گێژاو و داڕمانی ئابووری پەرەی پێدەدرێت. شەڕی باج تێیدا پەیڕەو دەکرێت. ئەو شەڕەش بە کردەوەی شاراوە، هێرشی سایبری، هێرشی هەواڵگری و شەڕی سەرمایە، پێش بەرپابوونی شەڕ و لەکاتی بەڕێوەچوونی شەڕی سەربازی ئەنجام دەدرێت. ئامانجی شەڕەکەش گورز وەشاندن لە ئابووری هێزی دژبەرە. ئەوەش بە مەبەستی لاوازکردنی هێز و توانای لایەنی دژبەر لەسەردەمی شەڕدایە. لەم ڕەهەندەی شەڕدا کۆمەڵگە گیرۆدەی هەژاری، هەڵاوسان، بێکاری و داڕمانی ئابووری دەکرێت. گەمارۆ ئابوورییەکان لەسەر دام و دەزگا دەوڵەتی و کۆمپانیاکانی سەر بە دەسەڵات چڕتر و فراوانتر دەکرێنەوە. بە ئیفلج کردنی ئابووری و داڕمانی لایەنی بەرامبەر تەنگەتاو دەکرێت و شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەری گورتر و فراوانتر دەکات.

**٤ – میتۆدی شەڕی کولتووری و فەرهەنگی:**

ئەو میتۆدەی شەڕە کە دژایەتی فەرهەنگی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و هێز و لایەنە دەسەڵاتدارەکان تێیدا بەرجەستەیە. هاوکات شەڕ لەپێناو زاڵبوون بە سەر نرخ و بەها، باوەڕی و کردەوەکانی هێز و کۆمەڵگەی بەرامبەر بەڕێوە دەچێت. لەم میتۆدەی شەڕدا بە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندن، چاند و کوولتورێک بە سەر چاند و کولتوورێکی دیکەدا دەسەپێنرێت. تایبەت بانگەشەی فەرهەنگی ڕۆژئاوایی و بڵاوکردنەوەی

چاندەکەی لەناو کۆمەڵگەدا دەکرێت. بەم مێتۆدەوە سەروەری کولتووری دەرەوە بە سەر کولتووری رەسەنی ناوچەکە درووست دەبێت. کولتوور و چاندە هەرێمییەکان رووبەڕووی تواندنەوە و خۆتواندنەوە دەکرێن.

**٥ – مێتۆدی شەڕی رەوانی (دەروونی):**

شەڕێکی پیلان بۆ داڕێژراوی بانگەشە و ئاژیتاسیۆن (هاندان)ە کە بە رێگەی ئامێرەکانی وەک رادیۆ، تەلەڤیزیۆن، میدیا و راگەیاندن لەدژی گەلان بەڕێوە دەچێت. لەم شەڕەدا قسەوقسەلۆک بە مەبەستی چەواشەکردنی بیروباوەڕییەکان، تێکشکاندنی رۆحیە و مۆڕال و بێ باوەڕکردنی هێز و لایەنی بەرامبەر بەکار دەبرێت. بەو شەڕە پسیکۆلۆژی بەرامبەر تێکدەدرێت و ئیرادەی لاواز و تێکدەشکێنرێت. شەڕێکە کە بەبێ خوێنڕشتن و توندوتیژی لەدژی گەلان و کۆمەڵگە و هێزی دژبەر بەڕێوە دەبرێت.

**٦ – مێتۆدی هێزی تایبەت یا خۆماڵی:**

مێتۆدی دزەکردن بۆ ناو هێزی بەرامبەر و گەل و کۆمەڵگەیە. بە مۆرە و ئەندامە رێکخراوەکانی لەناو هێزی بەرامبەردا، گورز لەو هێز و لایەنە دەوەشێنێت. شانەی شاراوەی هێز و لایەنێکە کە بۆ چالاکییە ستراتیژی و ئامانجدارەکان بەکار دەبرێن. لەم مێتۆدەدا مۆرە و هێزی شاراوە لەلایەنی بەرامبەر بەڕێکخستن دەکرێت. بەم مێتۆدەی شەڕەوە کوشتنی بیرمەندانی چەکی ناوەکی یان مۆرە تایبەتەکانی رژێم دەکرێتە ئامانج. لەلایەکی تریشەوە رژێم بەم رێبازەی شەڕ پێشەنگانی کۆمەڵگە، ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی گەلان تیرۆر دەکات.

**٧ – رەهەندی شەڕی ناڕێک و پێک یا چریکی:**

یەکێک لە رەهەندەکانی شەڕی هیبریدییە کە بە گرووپێکی بچکۆلەی چەکدار و باوەڕمەند بەڕێوە دەبرێت. ئەو گرووپە

بە کەڵک وەرگرتن لە تاکتیکەکانی وەک؛ هەڵکوتانەسەر، بۆسەنانەوە، پەلاماری شەوانە، کاری تێکدەرانە، داگیرکاری، گێرەشێوێنی و دووبەرەکی نانەوە، رفاندن و بە بارمتەگرتن سەروەری خۆی لەسەر لایەنی بەرامبەر درووست دەکات. واتە هەر هێز و لایەنێک بۆ ئەوەی سەروەری خۆی بە سەر هێز و لایەنە دەرەکییەکان زیاتر بکەن و پانتایی داگیرکاری و شەڕ و ئاژاوەکانیان بەرینتر بکەن، ئەم رەهەندەی شەڕ کارا دەکەن.

**٨ – مێتۆدی هێزی رێک و پێک و سیستەماتیک:**

بە جۆرێک لە شەڕ دەگوترێت کە هێزەکانی دوو لایەن دیارکراون. بەزۆری کەڵک لە رێ و رێباز و چەک و چۆڵ و ئامرازەکانی کلاسیکی شەڕ وەردەگیردرێت. گرنگی و بایەخ بە گەورەکردنی ئەرتەش دەدرێت. بەس لەبواری شێواز و تەکنۆلۆژیای سەردەم گۆڕانکارییەکی جیدی لەپێکهاتەی خۆیدا ئەنجام نەداوە. شەڕ بە سێ گۆشەی کلاسیکی حکومەت، هێزی سەربازی و گەل سنووردار کراوە. لەبنەڕەتدا بەم رەهەندە گەل چاوترسێن دەکرێت و بە ترس و تۆقاندن سەروەری خۆی بەسەر لایەنی بەرامبەر درووست دەکات.

**٩ – مێتۆدی پشتیوانی لە نائارامییە خۆماڵییەکان:**

شەڕێکە بە رێبازی پشتیوانی و پاڵپشتی کردن لە سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا بەڕێوە دەچێت. یاخود بە رێگەی پاڵپشتی و هاوکاری هێزێکی دیکە گوشار بۆ سەر لایەنی دژبەر درووست دەکرێت. لەم مێتۆدەدا پاڵپشتی مانگرتنی سەراسەری، چالاکییە مەدەنی و ژینگەییەکان دەکرێت. هەر چالاکی و ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵگە بە رێگەی میدیاوە بە رۆژەڤ دەکرێت. گەل و کۆمەڵگە هان دەدرێت کە لەدژی هێز و لایەنی بەرامبەر چالاکی بنوێنێت. ئەم مێتۆدەش

لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە درووستکردنی فتنەیی، نائارامی و نائەمنی پێناسەی لەسەر دەکرێت. بۆیە لەژێر ئەم بیانووەدا هەمیشە هەڕەشە و گوشار لە سەر کۆمەڵگە دەکات.

**١٠ – ڕەهەندی دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی وڵاتە دەرەکییەکان:**

ڕەهەندێکی شەڕە کە هەر هێز و لایەنێک دەیەوێت سەروەری خۆی لەسەر سیاسەت و دەسەڵاتداری وڵات، هێز و لایەنی دژبەری درووست بکات. لەهەڵبژاردنەکاندا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پاڵپشتی و پشتگیری هێزی دیارکراو دەکرێت. ئەم میتۆدە چ لەکاتی دەستنیشان کردنی مۆرە و ئەندامە ئامادەکراوەکانیان بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن و چ لەکاتی بانگەشەو کێبڕکێی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت. لەم میتۆدەی شەڕدا تایبەت دەستێوەردان لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی لایەنی بەرامبەر بە پێی بەرژەوەندی لایەنی دیارکەر بەڕێوە دەچێت.

**١١ – ڕەهەندی گۆڕینی دیمۆگرافی:**

ڕەهەندێکە کە بە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە کولتوور، شووناس و ڕەنگ و دەنگە هەرێمیەکان پاکتاو دەکرێت. ئەم ڕەهەندەش بە کۆچی زۆرەملێ، گواستنەوەو ڕاوەدوونان و زیهنیەتی داگیرکەری بەڕێوە دەچێت. دواتر بە هاوردەکردنی گەلی دیکە بۆ ئەو ناوچەیە سیاسەتی تواندنەوە و داگیرکەری دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. سیاسەتی قەدەغەکاری زمان، شووناس و کولتوور بەسەریان دەسەپێنرێت. بەو شەڕە گەل و نەتەوەیەک ڕووبەڕووی قڕکردنی سیاسی و کولتووری دەکرێتەوە.

**١٢ – ڕەهەندی شەڕی سایبری:**

بە جۆرێک لەشەڕ دەگوترێت کە لایەنەکانی شەڕ کۆمپیوتەر

و تۆڕەکانی کومپیوتەری وەک ئامرازێکی شەڕ بەکار دەبەن و شەڕەکە لەگۆڕەپانی مەجازیدا بەڕێوە دەچێت. هاوکات گۆڕەپانی شەڕی نەرمە. لەم شەڕەدا لایەنەکان زانیاری و نهێنییەکان دەدزن و ئاشکرای دەکەن، سیستەمی ژیانی و کار و خەباتی لایەنی بەرامبەر رادەگرن و خراپەکاری ئەنجام دەدەن. بۆیە جۆرەیەک لە مانۆڕی هێرشکارانەیە کە سیستەمی هەواڵگری و ئاسایشی کۆمپیوتەری، ژێرخانەکان، تۆڕەکانی کۆمپیوتەری و دەزگا کۆمپیوتەرییەکان دەکرێتە ئامانج.

**١٣ – مێتۆدی شەڕی میدیا و راگەیاندن:**

رەهەندێکی شەڕە کە تێیدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن ئەنجام دەدرێت. لەبنەڕەتدا لە ئەدەبیاتی دەسەلاتدا رەهەندی هەواڵدەری ساختە و چەواشەکاری و درۆ و دەلەسەیە. چون رەهەندێکە کە مەجالی بیرکردنەوە و داهێنان بۆ مرۆڤ ناهێڵێت. لەم گۆڕەپانەدا شەڕی دەروونی لەدژی لایەنی بەرامبەر بەڕێوە دەچێت. بۆ زاڵبوون بە سەر لایەنی بەرامبەر کەڵک لەگەورەترین و پێشکەوتووترین تەکنۆلۆژیای مۆدێرن وەردەگیردرێت.

**١٤ – میتیۆدی رەگەزی و ژن و گەنج:**

رەهەندێکی مەترسیداری شەڕە کە لەدژی ژنان و گەنجان بەڕێوە دەبرێت. لەم رەهەندەدا دەستێوەردانی ئەخلاق و بەهاکانی ئیستاتیک و جوانکاری و رەوشتی ژن و گەنجان دەکرێت. ژنان و گەنجان گیرۆدەی مادەی هۆشبەر، لەشفرۆشی، سیخوڕی، بێکاری و کۆچبەری دەکەن. ژنان بە بیانووی کاری ناو ماڵەوە قۆڵبەست دەکرێت و جوانانیش بە بیانووی بێ ئەزموونی پەراوێز و گۆشەگیر دەکرێن. هەر جۆرە ناڕەزایەتی ژنان و گەنجان بە توندوتیژی و چەوساندنەوە وڵام دەدرێتەوە.

**١٥ – میتۆدی هەڕەشەکان بە هێرشی پەهبادی – ریز پەرەندەیی**

میتۆدێکی شەڕە کە بۆ لەناو بردنی ئامانجی دیارکراو کەڵک لەجۆرە جیاوازەکانی درۆن وەردەگیردرێت. لەم میتۆدەی شەڕدا ئامانج بە خێراییەکی زۆرەوە لەناو دەبرێت. بە ئاسانی ئامانجی دیارکراو چاودێری دەکرێت و ریگە لە جموجۆڵەکان دەگرێت. تایبەت پێشکەوتنی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و درۆن و بەکارهێنانی لەگۆڕەپانی شەڕدا ئاڵوگۆڕێکی جیدی لە رێ و ریبازەکانی شەڕدا درووست کردووە. لە شەڕی ئێران و ئیسرائیلدا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و درۆن رۆڵێکی سەرەکی و دیارکەر دەگێڕێت.

لێرەدا پێناسەیەکی کورت لەسەر ئەو رەهەندانەی شەڕی هیبریدی کراوە، لەبەشەکانی دیکەدا و لەشوێنی پێویست بەرفراوانی ئەو رەهەندانەی زیاتر شی دەکرێتەوە.

**ئامرازەکانی شەڕی هیبریدی**

ئەم ئامرازانە لە دوو بەش پێکدێت کە بریتین لە:

**١ – ئامرازی سەربازی ٢ – کەرەستەی دەرەوەی سەربازی یا ئامرازی مەدەنی**

١ – ئامرازی سەربازی: ئامرازە کلاسیکییەکانی شەڕ لەخۆدەگرن. جگە لەشێواز و ئامرازە نوێیەکانی شەڕ وەک ئامراز و میدیای ئەلیکترۆنی، سەرهەڵدان و بەکارهێنانی تەقەمەنی ورد، کورتکردنەوەی ماوەی شەڕ، هێرشکردنە سەر شوێنە دوورەکان، کەمکردنەوەی هێزی ئۆپەراسیۆن و بەکارهێنانی هێزی تایبەت و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ بواری سیخوڕی بەکار دەبرێت.

٢ – ئامرازی دەرەوەی سەربازی یا ئامرازە مەدەنییەکان پێکهاتووە لە؛ گەمارۆ ئابوورییەکان و سەربازی و پێناسەکردنی هێزی سەربازی بەرامبەر وەک گرووپێکی تیرۆریستی، پشتیوانی لەخۆپیشاندان و نارەزایەتییە ناوخۆییەکان، پارچەکردنی وڵات و جۆرەکانی چالاکی راگەیاندنە.

لەکاتێکدا وەزارەتی بەرگری ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٦ لەپێداچوونەوەی بۆ بەڵگەنامەکانی بەرگری چوار ساڵەیدا مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی شەڕی تایبەت و پسیکۆلۆژی بۆ سەر ٤ جۆرە پۆلێنبەندی پێناسە کردووە کە بریتین لە؛ شەڕی نائاسایی، نەریتی (باو)، کارەساتبار (بە وێرانکارییەکی گەورە) و ناسک (تاوانبار – تیرۆریست) دابەشکردووە. ئەوەش دەرفەت بۆ لێکۆڵین و پێناسەکردنی شەڕی تێکەڵاومان زیاتر بۆ دەرەخسێنێت.

## قۆناخەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەلان

چوار قۆناخی شەڕی هیبریدی رژێمی ئێران لەدژی گەل و کۆمەڵگە و لایەنە دژبەرەکانی خۆی بەڕێوەی دەبات بریتین لە:

**١ – قۆناخی لاوازی رۆحی – مەعنەوی و باوەڕی کۆمەڵگە**

بەم رێکارەوە رژێم لەپێناو بەرژەوەندییەکانی دەیەوێت کۆمەڵگە تەربیە و دەستەمۆ بکات و سەروەری خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. لەسەر بنەمای پووچ و بانگەشەی بێ ناوەڕۆک رۆحیە و مەعنەویاتی کۆمەڵگە دەڕووخێنێت. بەو شێوەیە دەرگا بۆ دزەکردن، سەروەری لەسەر کۆمەڵگە و فەتحکردنی دەرەخسێنێت. ئەم رێبازەش لەپێناو بە چۆکداهێنانی گەل و کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات.

**رژێم ئەم ڕێبازەش لەرێگەی ٥ ڕەهەندەوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات کە بریتین لە:**

ئا: نفوز- دزە کردنی ناو جومگەکانی کۆمەڵگە بە ڕێگای ژیانی کۆمەڵایەتییەوە دەکرێت. هەڵبەت رژێم سەرەتا دزە دەکاتە ناو هۆش و زەینی تاکەکان و مێشک و هەستیان فەتح و داگیر دەکات. واتە سەرەتا رژێم لە بواری هزر و زەینەوە دزە دەکاتە ناو مێشکی تاک و کۆمەڵگە. دواتر بە پێی بەرژەوەندییەکانی هەوڵی بە لاڕێدا بردن و وەگەڕخستنی دەدات. رژێم چەندێک لە دزەکردنی ناو جومگەکانی کۆمەڵگەدا سەرکەوتوو بێت، ئەوەندە هەژمونی لەسەر کۆمەڵگە درووست دەبێت. بەم ڕێبازەوە رژێم خۆی دەکاتە سوڵتانی زەینی و هزری گەل و کۆمەڵگە. بۆیە رژێم چۆنی بوێت لە زەین و هزری گەل و کۆمەڵگە تەراتێن دەکات. واتە رژێم دەیەوێت هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە پێی یاسا و ڕێسا و دیزاینی دەسەلات ژیان بە سەر بەرن و لەژێر رکێفی دەسەلات دەرنەکەون. ئەو هەنگاوانەی رژێم دەرفەت بۆ هێلانە درووست کردنی سیخوڕ و بە کرێگیراوەکانی لەناو کۆمەڵگەدا خۆش دەکات. چون سیخوڕ و دەستە و تاقمەکانی رژێم هەمیشە لەهەوڵی لەناوبردنی شیرازەی کۆمەڵگەدان.

ب: پڕوپاگەندە بە ئامانجی فەتح کردنی زیهنیەتی گەل. رژێم بەم ڕێبازە تاک لە هەبوونی خۆی نامۆ دەکات. مێشکی دەشۆرێتەوە و ناسنامەی دەگۆڕێت. ئەوەش ئەوەندە دووپات دەکاتەوە کە تاکی فەتح کراو باوەڕ بەو درۆیەی کە رژێم دەرخواردی داوە بکات.

پ: بە ڕێگای ناوەندە پیرۆزەکانی دەسەلات و تۆڕەکانی دەسەلات و یاسا و ڕێساوە پەیوەندی راستەوخۆ درووست دەکات.

ت: لەبواری ئابوورییەوە دەستکورت دەکرێت و دواتر پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی بە کۆنترۆڵ و چاودێری دابین دەکرێت. واتا سیاسەتی بێئیقتداری لەسەر پەیڕەو دەکرێت.

ج: توانەوە و بێ ئیرادەکردنی تاک و کۆمەڵگە کارێکی هەمیشەییەتی کە بە زۆری لەرێگەی پەروەردە، ئایین و میدیاوە بەڕێوە دەچێت.

**٢ – ناسەقامگیری (بی ثبات کردن)**

ناسەقامگیری لەپێناو تێکدانی ئارامی و سەقامگیری سەرهەڵدەدات. چ کاتێک رەوتی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەسەر رێڕەوی راستەقینەی خۆی لابدات ئەوا کۆمەڵگە تووشی ناسەقامگیری دەبێتەوە. گەل و کۆمەڵگە دوو دەستەواژەی تەواوکەری یەکدین لەپێناو بەرقەراری و چەسپاندنی سەقامگیری، ئارامی و ئاشتی. بە پێچەوانەوە دەوڵەت و دەسەڵات دوو دەستەواژەی تێکدانی سەقامگیری، پایەداری، ئارامی و ئاشتی ناو کۆمەڵگەن. واتە وزەی ناسەقامگیری، ئاڵۆزی، شەڕ و نائارامین. هێزێکە بۆ تێکشکاندنی خۆڕاگری و دان بە خۆدانانی کۆمەڵگەیە. هێزێکە توخمی دڕدۆنگی و گومان لەسەر کۆمەڵگە دەگرسێنێت.

ئامانجی ئەوەش ناسەقامگیر کردنی سەرجەم پەیوەندییەکان، دەزگاکان و رێکخراوە قەبووڵ کراوەکانی ناو کۆمەڵگەیە. رژێم بە رێگەی مۆرە و دەستە و تاقمەکانی چ لەناوخۆی ئێران و دەرەوە لەهەوڵی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکەیە. بە کردەوەی تیرۆریستی و ملیتاریزەکردنی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر، برسێتی، بێکاری، گرانی، گەندەڵی، بڵاوەپێکردنی سیخوڕ و رێکخستن کردنی جاش و بە کرێگیراو

و هەڵگرساندنی شەڕ و ئاڵۆزی کۆمەڵگە ناسەقامگیر دەکات.
بە سیاسەتی هەڵەی ئابووری و گەندەڵ کردنی ئەو گۆڕەپانە و قۆرخ کردنی لەژێر چنگی چین و گرووپێکی مافیایی و گەندەڵ، ئابووری کۆمەڵگەیان داڕماندووە و سەرەڕای ئەوەش هێز و لایەنە دژبەرەکانی رژێمی پێ تاوانبار دەکەن، هۆکاری گەشە نەسەندنی ئابووری لەکوردستان دەخەنە ئەستۆی هێز و لایەنە کوردییەکان. لەکاتێکدا رژێم بۆ خۆی گەورەترین هێز و ماتەوزەی ناسەقامگیری، ئاڵۆزی و گێژاو لەئێران و ناوچەکەیە.

**٣ – قەیران (بحران)**

ئەو کاتە روودەدات کە کۆمەڵگە ناتوانێت بە باشی بجووڵێتەوە و پێکهاتەی سرووشتی کۆمەڵگە دادەڕمێت. نرخی ماددی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان هەڵکشانێکی چاوەڕوان نەکراو بە خۆیەوە دەبینێ. نرخی هەموو شتێکی ناو بازاڕ بەرز دەبێتەوە. گەل دەرفەتی دابین کردنی پێداویستییەکانی لێ زەوت دەکرێت. رژێم توانای دابین کردنی حەقدەستی کارمەند و مووچەخۆرانی نامێنێ. رۆژ لەدوای رۆژ نرخی پێداویستییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە روو لەهەڵکشان دەکات. پارەی نەتەوەیی بێ نرخ و بێ بایەخ دەبێ. ئاستی هەڵاوسان بەرز دەبێتەوە. دەرفەتی کار لەناو دەبرێن. تەنگ و چەڵەمە و تەنگەزارییەکانی گەل زیاد دەبن. رژێم هەموو دەرفەتەکانی ژیان قۆرخ دەکات.

ئەوەش ئەو دۆخەیە کە بەرپرسانی رژێم کۆمەڵگەیان گیرۆدەی قەیران و گێژاو کردووە. بۆیە بە گشتی گەلانی ئێران لەئێستادا بە دوای رزگارکەرێکەوەن لەو دۆخە رزگاریان بکات. ئەوەش دەرهاویشتەی سیاسەتی قەیراناوی رژێم لەبواری سەرجەم رەهەندە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، دیپلۆماسی، سەربازی، پەروەردەیی، تەندروستی و ... هتدە کە رێگا بۆ

کۆمەڵێک بژاردەی مەترسیدار وەک بەرپابوونی شەڕی ناوخۆیی لە ئێران و دەستێوەردانی دەرەکی خۆش دەکات.

### ٤ – ئاسایی کردنەوە (عادی سازی)

وشەیەکی تانەوتەشەرە کە رۆژانە رژێم پڕوپاگەندەی لەسەر دەکات. بە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتانەی کە باسمان کرد داخۆ چ قوژبن و پێگەیەکی ناو دەسەڵات و کۆمەڵگە لەدۆخی ئاسایی دایە کە رژێم بە دوورگەی ئارام پێناسەی لەسەر دەکات. واتە رژێم هەمیشە هەوڵ دەدا کە ناسەقامگیری و تەنگەژەکانی ناوخۆی ئێران بە دۆخێکی ئاسایی لەقەڵەم بدات. تەنانەت هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر ئێران وێرانییەکی ئێجگار زۆری بەدوای خۆی هێنا و سەرەڕای ئەوەش رژێم باسی ئارامی و هێوربوونەوە دەکات و ئەو تەنگ و چەڵەمانەی گیرۆدەی کۆمەڵگە کراون، بە هێز و دەستێوەردانی دەرەکی دەبەستێتەوە.

لەکاتێکدا گەلان بە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» شۆڕشێکیان لەدژی رژێم بەرپا کردووە و ئاڵای ئەو شۆڕشە رۆژانە لەناو جومگەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات دەدرەوشێتەوە و رژێم بە زۆرەملێ دەسەڵاتداری خۆی بەسەر گەل و کۆمەڵگە دەسەپێنێت. لەکاتێکدا رژێم وڵاتی میلیتاریزە کردووە. هەر گۆشەیەکی شار و گوندی بە چەک و چۆڵی سەربازی تەناندووە. بە بۆردومانی هزری و ئایدیۆلۆژی لەهەوڵی فەتحکردنی هەموو پێکهاتەیەکی ناو کۆمەڵگەیە و رۆژانە بە سزای لەسێدارەدان کۆمەڵگە چاوترسێن دەکات. گەل لەناو هەژاری، گرانی و نەبوونی و بێ دەرەتانیدا چەقێندراون، ئەو کات چ بابەت و شتێک گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی؟ یان لە روانگەی دەسەڵاتدارانی رژێم دۆخی ئاسایی و نائاسایی وڵات چ کاتێکە و چۆنە کە گەل پێویستە لەئامێزی بگرێت؟

رژێم بە شەڕی هیبریدی دەیەوێت ئەو دۆخە ئاڵۆزەی تێیدایە بە دۆخێکی ئاسایی لەقەڵەم بدات و ئەوانەی کە ئاڵاهەڵگری شۆڕشن بە تێکدەر و لادەر تۆمەتباریان دەکات کە وڵات ناسەقامگیر دەکەن و بۆ رەوایەتی پێدان بەو شەڕە چەپەڵەی تێکۆشەر، ئازادیخواز و شۆڕشگێڕەکان لەسێدارە دەدات. وا دەنوێنێت کە کۆمەڵگە پێویستی بە تێکۆشان و کردەوەی رادیکاڵ لەدژی دەسەڵات نییە. تایبەت دەسەڵاتدارانی ئێستای رژێم زیاتر لەهەر قۆناخێک پێویستی یان بە سەقامگیری هەیە. بۆیە بە بانگەشە و درۆ و فریودان دەیانەوێت سوود لە وزەی گەل وەربگرن. تا دوابەدوای شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» جارێکی دیکە لە هەموو بوارێکەوە وڵات داگیر بکەنەوە و سووئیستفادە لەسەرکەوتنی گەل بکەن. واتا رژێم بە ئاسایی نیشاندانی دۆخی ناوخۆ دەیەوێت بڵێت کە ئیدی پێویستی بە شۆڕش و دەربڕینی ناڕەزایەتی نییەو رژێم گەڕاوەتەوە پێگەی سەرەکی خۆی و ناڕەزایەتییەکانیان سەرکوت کردووە. لەکاتێکدا ناوخۆی ئێران لێوانلێوە لە تیرۆر و کوشتنی کەسانی ناڕازی و سەرجەم پێکهاتە و رەنگەکانی وڵات پەراوێز خراون. بۆیە تاکە بژاردە و رێگای چارەسەری رژێم کە بە قۆناخی ئاسایی بوونەوە (عادی سازی) لەقەڵەمی دەدات، بە کاربردنی هێزی سەربازی لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. بێگومان رژێم بەم شەڕەی بەرپای کردووە ناتوانێت لە شەپۆلی تووڕەیی گەل و ستراتێژی سەردەمیانەی گەل کە شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە رزگاری بێت و بە بانگەشەی کۆنترۆڵ کردنەوەی دۆخی کۆمەڵگە و ئاسایی بوونەوەی دۆخەکە راستییەکان پەردەپۆش بکات و خۆی لەژێر دیواری فێڵ و تەڵەکە، درۆ و چەواشەکاری حەشار بدات.

# بەشی دووەم

## رۆڵی تیرۆر و رەشەکوژی لەشەڕی تێکەڵاودا

رژێمی ئێران هەر چەند هەوڵ دەدات کە لە شەڕی تەرکیبی ـ فرەڕەهەند یا تێکەڵاودا لەسەر سەکۆی دەسەڵات خۆی بەهێز و زەبەلاح وێنا بکات. بەڵام لەبەرامبەر ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل و کاردانەوە، شەپۆل و گورزی بەهێزی ئەو شەڕە لەلایەن جووڵانەوەو سەرهەڵدانی کۆمەڵگەوە نەیتوانیوە لەناوخۆی ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی لە بەرامبەر شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» و هاوکات هێرش و دەستێوەردانە دەرەکییەکان لە ناوچەکە بۆ سەر هێزە پرۆکسییەکانی خۆڕاگری بکات. لە هەمان کاتدا هاوسەنگی هێز بپارێزێت و بە پێی ئەوە مۆرە و ئامرازەکانی شەڕ بخاتە جووڵەوە. تایبەت لە بە کاربردنی هێزی تەکنیک و شەڕی هەواڵگریدا ئەوەندە لاوازی نواندووە کە توانای بەرگری و بەربەرەکانێ و هێرش کردنی بۆ سەر هێزە هەژمونگەرا هەرێمی و جیهانییەکان نەمێنێ.

واتە رژێم گەیشتووەتە ئەو دۆخەی کە ملکەچ و تەسلیمی سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئەورووپا ببێت و لەپێناو مانەوەی دەسەڵاتداری گەلێک باجی سیاسی و دیپلۆماسییان پێ بدات. لەو لاشەوە بە هەرا و هورا، خۆی بە دژبەری سەرەکی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ناوزەد دەکات. لەکاتێکدا بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداری رژێم کۆی سیاسەتەکانی خزمەتی ئەو سیستەمەی کردووە و تەنانەت بووەتە خۆراکی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لە ناوچەکە. هەر چەند رژێم ئەمریکای بە شەیتانی گەورە وەسف دەکرد و رایدەگەیاند کە

هەرگیز ئامادە نییە لەگەڵ ئەو شەیتانە دانووستان و گفتوگۆ بکات. بەڵام لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا دۆخەکە پێچەوانە بووەتەوە و زمانی بانگەشە و شەڕی میدیایی رژێم لەبەرامبەر ئەمریکا و ئەورووپا زۆر جار نەرم و نیان بووە. گەلێک جار گڵۆپی سەوزی بۆ کرانەوەی دەرگای دیپلۆماسی و سیاسی بەرەو رووی ئەو وڵاتانە هەڵکردووە. بۆیە راستەوخۆ و هەم ناڕاستەوخۆ دانووستانی لەگەڵ ئەو هێزانە بەڕێوە بردووە، تا بەو میکانیزمە پارێزەری لەمانەوەی دەسەڵاتداری خۆی بکات.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە سیاسەتی ئەمریکا لەسەر رژێمی ئێران ئەوەیە کە سەرجەم رێگاکانی بەدەست خستنی چەکی ناوەکی بۆ رژێم لەناو بەرێت و لە فراوانخوازی و هەژمونی لەناوچەکە بێ بەری بکات. هەروەها ئەمریکا دەیەوێت دەرگای ئابووری ئێران بەڕووی ئابووری بازاڕی ئازاد (ئابووری لیبڕاڵ)ی جیهان بکاتەوە.

لەو پێناوەدا کۆشکی سپی لە شەڕی تێکەڵاودا بە رێگەی پێنج رێبازەوە بۆ تەسلیم وەرگرتنی ئێران شەڕ بەڕێوە دەبات، ئەو رێبازانەش بریتین لە:

١ ـ رێگری کردن لە بەدەستخستنی ئێران بۆ چەکی ناوەکی و مووشەکی بالیستیکی قارەپەیما (کیشوەربڕ).

٢ ـ سوپای پاسدارانی ئێران لاواز و گۆشەگیر دەکات. هاوکات هەموو هێزە پڕۆکسییەکانی سەر بە رژێم لەدەرەوەی سنوورەکانی لاواز و بێ کاریگەر دەکات.

٣ ـ رێگری لەدابین کردنی ئابووری و پێدانی چەک و کەرەستەی شەڕ بۆ گرووپە پڕۆکسییەکانی درووست دەکات.

٤ ـ پەیڕەو کردنی گەمارۆی زیاتر و گوشاری ئابوری بۆ قووڵ کردنەوەی قەیران و نانەوەی ئاڵۆزی درووست دەکات.

٥ ـ بە رێگای هێرشی سەربازی ئیسرائیل بنکە و بارەگا

ئەتۆمی و سەربازییەکانی وێران دەکات. بەرپرس و فەرماندە باڵا و زانا ئەتۆمییەکانی دەکوژێت تا رژێم بە چۆکدا بهێنێت.

تایبەت گوشارە ئابووری، گەمارۆکان و پاڵپشتی و پشتیوانی لە نارەزایەتییە ناوخۆییەکان بەشێک لە ستراتیژی شەڕی هیبریدی ئەمریکا لەدژی رژێمە. ئەو زەخت و گوشارانەش لەپێناو تەسلیم گرتنی رژێم و کۆنترۆڵ کردنی ئێرانە، نە لەپێناو چارەسەرکردنی پرسی ئازادی گەلان، ژنان، مافی مرۆڤ، هەڵوەشانەوەی سیاسەتی لەسێدارەیە.

لەو پێناوەدا رژێم لەگەرماوگەرمی شەڕەکەدا بۆ خۆی بووەتە ئەو ناوەندەی کە نووکی شەڕەکەی ئاراستە کراوە و لە ساتدا رووبەڕووی بۆمباردومانێکی چڕ و بەرین بووەتەوە و ئەو ئەگەرەی هەیە کە بوومەلەرزەیەکی بەهێز لە ناوخۆی ئێران رووبدات کە پایەکانی دەسەڵاتداری رژێم سەراوژێر بکات و دەرگا بۆ کرانەوەی سەردەمێکی نوێی ئازادی و دیموکراسی لەئێران لەبواری یاسایی و سیاسی واتا ریفۆرم لە دەستووری بنەڕەتی برەخسێنێت. کاراکتەر و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا وای کردووە کە لەبنەڕەتدا هیچ بژاردە یا شانس و دەرفەتی سەرکەوتن و خۆڕاگری لە شەڕی تێکەڵاودا بۆ رژێم نەمێنێ. بۆیە بۆ ئەو شکست و گورزە جەرگبڕانەی وەبەریکەوتووە، دەیەوێت بە هێرشەکانی بۆ سەر گەل و کۆمەڵگە پەردەپۆشی بکات و لەو دۆخەی گیرۆدەی بووە، خۆی لێ قوتار بکات. تا دەرفەتی هەناسەکێشان و بووژانەوە بۆ درێژەپێدانی تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی لەناو بژاردەی خەیاڵی و دوور لە ڕاستی بدۆزێتەوە.

ئەو دۆخەی رژێم تێیدا چەقیوە سەلمێنەری ئەوەیە کە رژێم بۆ خۆی گیرۆدەی پانتایی ئەو شەڕەماڵوێرانکەرە بووەتەوە و دەرئەنجامەکانی رژێمی خستووەتە ناو پەلەقاژە و شڵەژانەوە.

چون زیهنیەتی دەسەڵاتدارانی رژێم زۆر کۆنەپارێزانە، تاریکپەرستانە و دواکەوتوانەیە کە لەگەڵ پێشکەوتن و وەرچەرخانەکانی شەڕی سەردەم و گەشەدانی دیموکراسی یەکناخوێنێتەوە و لەناو پارادۆکس و دووفاقییەکی قووڵدایە. لەو پێناوەدا پیلان و داوێک کە بۆ گەلانی ناوخۆی ئێران لەم قۆناخەی شەڕدا دایانڕشتووە، لەژێر هەیمەنە و شکۆی بەرخۆدان و تێکۆشانی دیموکراتیکی گەلان، خودی بەرپرسانی رژێمی گیرۆدەی ئەو پیلانە نەگریسە کردووە. ئەوەش کەلێن و درزی ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتی قووڵتر کردووە کە پانتایی شەڕ و ململانێکانی دەسەڵات زیاتر دەکات. بۆیە تا دەڕوات شەپۆلی ئەو شەڕە رێگە بۆ تەسفیەگەری باڵەکانی ناوخۆی ئێران خۆشتر دەکات. واتە ئەگەرەکان لەپێناو هەڵکشانی رێژەی کوشتنەکان (سزادان) یان تەسفیەکردنی بەرپرسان و مۆرە کلیدییەکانی ناو دەوڵەت و دەسەڵات زیاتر لەئارادایە.

زیهنیەتی بەستەڵەک کراوی رژێم وای کردووە کە رژێم لەگۆڕانکاری و ئاڵنگارییەکانی ناوچەکە هاتووەتە ئاراوە، لەناو خەیاڵ پڵاوی مەزندا بژی و لە سەردەم و فەلسەفەی ئازادی و دیموکراسی نامۆ و دوورەپەرێز بمێنێت و بە هاشوهووش و زەبر و زەنگ خۆی زەبەلاح وێنا بکات کە گوایا توانیویەتی بەرەنگاری شەڕی فرەڕەهەند ببێتەوە! لەکاتێکدا رژێم تەشەنە بە بیرۆکەیەک دەدات کە هەمیشە لەخەیاڵ و زەینیدا براوەی شەڕە و شکستەکانی خۆشی بە براوەی شەڕ لەگەڵ دوژمنی گریمانەیی وێنا دەکات و دەیەوێت زیهنیەتی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە بەپێی ئەو بانگەشە ساختە و چەواشەکارانەیەی فۆرم پێ بدات. واتا بە فەلسەفەی دەسەڵات لە شکان نەهاتووە (شکستناپذیرە) لە پۆزسیۆنی هێرش و خۆپاراستن دایە. ئەوەش بۆ خۆی رەهەندێکی سەرەکی ئەو شەڕەیە کە رژێم لە

ئەمڕۆدا دەیەوێت بە کارامەیی و شارەزایی لە تاکتیکی فریودان و چەواشەکاری و زانیاری ساختە، دەسەڵاتی خۆسەپێنی بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت و رای گشتی بە پێی بەرژەوەندی تاکڕەویەکانی خۆی ئاراستە بکات. کاراکتەری سەرەکی و زیهنیەتی بە هەڵەبردن و فریودەرانەی ئەو رژێم بۆ ئەوە زۆر کراوەیە کە زۆر بە ئاسانی لەدژی گەل و کۆمەڵگە شەڕی هیبریدی بەڕێوە ببات و لەو شەڕەشدا هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و مرۆیی نەناسێت.

## چەمکەکانی شەڕی تێکەڵاوی رژێم لەدژی گەلان

**شەش چەمکی شەڕی تێکەڵاوی رژێم لەدژی گەلان بریتین لە:**

**١ ـ چەمکی بەرجەستەکردنەوە:**

رژێم ئەم دەستەواژە بۆ سامهێنی و هەڵتۆقاندنی کۆمەڵگە بە کار دەبات. بە بەرجەستەکردنی ناو و نیتکە و بوختانەکان لەدژی گەل و کۆمەڵگە کەشێکی تۆقێنەر و ترسناک دەخولقێنێت. بەم چەمکە شەڕی دەروونی لەدژی گەلان و ژنان بەڕێوە دەبات. گەل و کۆمەڵگە لە تێکۆشانی ئازادیخوازانەیان پاشگەز دەکاتەوە. گەل مەحکوومی داپڵۆساندن، چەوسانەوە و شکست دەکات. گەل و کۆمەڵگە بە سیاسەتی هەڵە و چەواشەکارانە رادێنێت. بەو شێوەیە رژێم کردەوە ناڕەواکانی خۆی لەدژی گەل و کۆمەڵگە رەوایەت پێدەدات و دەرگا بۆ تەسلیم وەرگرتن و کۆیلەکردنی گەل خۆش دەکات.

**٢ ـ بە پێچەوانەوە و بەرەواژی کردنی راستییەکان:**

هەرچی کردەوە، سیاسەت و هەوڵدانێکی کۆمەڵگە لەقازانجی

دەسەڵاتدا نەبێت، رژێم هەمیشە سەرەوژێر و ئاوەژووی دەکات. بۆیە رژێمی ئێران رژێمی پێچەوانە و بەرەواژۆکردنی راستییەکانە. واتە کاراکتەر و تایبەتمەندی دەسەڵات ژێرەوژوور و وەرگەڕاوکردنی نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگەیە. پێچەوانەکردنی حەقیقەت و راستییەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای درۆ و چەواشەکارییە. بۆیە چ کاتێک رژێم شەڕی پسیکۆلۆژی لەدژی گەلان بەڕێوە ببات، دەیەوێت بە پێچەوانەکردنەوەی بابەتەکە رۆحیە، باوەڕی و ئیرادەی کۆمەڵگە تێکبشکێنێت. رژێم بەم چەمکە نکۆڵی لە شووناسی نەتەوەیی و مافی هەبوون و حەقیقەتی کۆمەڵایەتی گەلی کورد دەکات.

**٣ ـ دووپات کردنەوەی بەردەوام:**

رێبازێکی شەڕی تایبەت و تێکەڵاوی رژێم لەدژی کۆمەڵگەیە. رژێم بە دووپاتکردنەوەی هەمیشەیی زیهنیەتی تاک و کۆمەڵگەی پێ شکڵ دەدات. کاردانەوە و هەڵوێستی تاک و کۆمەڵگە نەرم و نیان دەکات. دۆخی ئاسایی بوون و بێ کاردانەوە لەمرۆڤدا پێشدەخات. رژێم بەم مێتۆدە سیناریۆ و درۆکانی دەرخواردی کۆمەڵگە دەدات. بە دووبارەکردنەوەی هەمیشەیی کۆمەڵگە قەناعەت پێدەکات. زەین و مێشکەکان شکڵ پێدەدات و دەرفەتی بیرکردنەوە بۆ مرۆڤ ناهێڵێت. بەو شێوەیە درۆ دەکاتە راستی و راستیش دەکاتە درۆ. بە تکراری هەمیشەیی درۆیەک، هێمای راستی پێدەدات و هەر کەس لەو بڕوایەدایە کە بنەمایەکی راستی بابەتەکە هەیە. بەم چەمکە رژێم سەرکەوتنی بانگەشە ساختەکارییەکانی مسۆگەر دەکات.

**٤ ـ چوارچێوەسازی:**

رێبازێکی شەڕ لەدژی کۆمەڵگەیە. ئەوەش لەپێناو کۆنترۆڵ و بە چۆکداهێنانی تاک و کۆمەڵگە دیار دەکرێت. رژێم بە دانانی چوارچێوەیەک ئازادییەکانی ژنان و کۆمەڵگە سنووردار دەکات.

لەپێناو بەرژەوەندیەکانی بە یاسا و ڕێسا چوارچێوەیەک بۆ ژیانی گەلان دادەنێت. لەو چوارچێوەی دەستنیشانی کردووە مافی ژیان بە گەلان و ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات. ئەوەش فۆڕمێک لەکەسایەتیدا درووست دەکات کە تێپەڕاندنی ئەو چوارچێوەیە بە واتای بەزاندن و پێشێل کردنی یاسا و ڕێسایە. ڕژێم لەهەمان کاتدا بۆ شەڕ لەدژی گەلی کورد و پەژاک[1] چوارچێوەیەکی دەستنیشان کردووە کە هەموو ناوەندەکانی شەڕی تێکەڵاو گوێ بە فەرمانی بن و نابێت لەو چوارچێوە دیارکراوەدا لابدەن. واتە ڕژێم پێناسەیەک کە لەسەر دۆزی ڕەوای کورد و بزاڤی ئازادیخوازەکەی دەستنیشانی کردووە، پێویستە هەر کەس لەو چوارچێوە دیارکراوەدا مامەڵە لەگەڵ نەتەوەی کورد و دۆزە ڕەواکەیدا بکات.

**٥ ـ نەیارسازی ناوخۆیی و گریمانەیی:**

ڕێبازێکی شەڕی دەسەڵات لەدژی کۆمەڵگەیە. ڕێبازی ڕەوایەت بەخشین بە جەنایەتەکانی دەسەڵات لەدژی کۆمەڵگەیە. ڕژێم بە بیانووی دۆزینەوەی دوژمنی ناوخۆیی شەڕی لەدژی گەلان ڕاگەیاندووە. بە چاوی دوژمنانەوە سەیری گەلان دەکات. لەبەر ئەو چەمکە بەردەوام دژایەتی و دوژمنایەتی گەلی کورد و ژنان دەکات. چ گەل و پێکهاتەیەک هۆگری ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەری بێت بە نەیاری ناوخۆیی لەقەڵەمی دەدات. چون دەستەواژەکانی ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین لە خانەی نەیارسازی ناوخۆیی و گریمانەیی ڕژێمدا جێدەگرێت. چ گەل و کۆمەڵگەیەک داوای پەرەپێدان و

١. پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پەژاک لە ٤ی نیسانی ٢٠٠٤، لە ساڵڕۆژی لە دایکبوونی ڕێبەر ئاپۆ دامەزراوە. حیزبێکی سیاسی و ئایدۆلۆژییە کە لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کار و چالاکی دەکات. تا ئێستا ٧ کۆنگرەی بەستووە و ئەمیر کەریمی و پەیمان ڤیان هاوسەرۆکی پەژاکن.

دەستەبەرکردنی ئەو مافە ڕەوایانە بکات، ئەوا بەم بەرچەسپە ڕووبەڕووی شالاوی زوڵم و زۆری دەسەڵات دەبێتەوە. لەو پێناوەدا ڕژێم بۆ گەلانی ئازادیخوازی ئێران بووەتە دوورگەی دوژمن پەروەری. واتە ڕژێم لەبەر ترس و سامی لەدەستدانی دەسەڵات سێبەری خۆیشی بە نەیاری ناوخۆیی و گریمانەیی لەقەڵەم دەدات.

**٦ ـ ئەندازیارە لەنیگارکێشیدا:**

شێوەیەکی شەڕی نەرمی ڕژێم لەدژی کۆمەڵگەیە. لەم ڕێبازەدا ڕژێم زەین و هەستی تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی ویست و داخوازییەکانی خۆی شکڵ پێدەدات. مرۆڤەکان لەناو خەیاڵ پڵاویدا سەرگەردان دەکات. بە دروستکردنی تابلۆی جیهانی مەجازی، تاک و کۆمەڵگە لە جیهانی واقیعی دادەبڕێت. ڕژێم بەم بانگەشە، درۆ و چەواشەکاریانەی دەرحەقی گەلان و ژنان دەیکات، وێنە و تابلۆیەکی سەیر دەکێشێت. بەو وێنە و تابلۆ ساختەیە گەل و کۆمەڵگە فریو دەدات. واتە ڕژێم ئەندازیاری نیگارکێشی درۆ، چەواشە و فرت و فێڵە. مەلاکانی ڕژێم گەورەترین ئەندازیارن لە نیگارکێشی کۆمەڵگەیەکی ناواقیعی و مەجازیدا. بەم چەمکە تاک و کۆمەڵگەیەکی گەمژە و بێ ئیرادە بونیاد دەنێن و دۆخی فەتح کردنی گەل و کۆمەڵگە خۆش دەکەن.

ڕژێم بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی لەشەڕی تێکەڵاودا کۆمەڵێک دەستەواژەی سەیر و سەرنج ڕاکێش لەدژی گەلان بەڕێوە دەبات. ئەو دەستەواژانەش بە زۆری بە ئەلف و بێی عەرەبییە. واتە ڕژێم بەو دەستەواژانە شکڵ بە زیهنیەتی تاکەکان دەبەخشێت، لەو لاشەوە کاردانەوە لەکەسایەتەکاندا لاواز دەکات و دەکوژێت و ڕاهاتن لەبەرامبەر کۆمەڵکوژییەکان درووست دەکات. جێگای سەرنج و سەرسووڕمانە کە ئەو

هەموو دەستەواژانە لەپێناو قڕکردنی ژنان و گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز هێنراونەتە لای یەک و چەکێکی ترسناکیان داهێناوە کە بە پیتی (ت ـ T)ی دەستپێ دەکات، بۆیە دەتوانین لە شەڕی تێکەڵاودا ئەم پەیڤانە بە چەکی (ت ـ T)ی بە ناو بکەین کە چەک و تەقەمەنی هەموو جۆرەکانی شەڕی زیهنی، فکری و کۆمکوژییەکانی سەر گەلی کورد دابین دەکات. واتە بەشی هەرە گەورەی شەڕ لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە ڕێگەی ئەم (ت ـ T)یانەوە بەڕێوە دەچێت. چون لە پشت هەر وشەیەکەوە خەرمانێک لە رق، کین و تۆڵە لەدژی کورد حەشار دراوە. هەر (ت ـ T)ییەک کراوە بە دارەمەیتێک بۆ تاک و کۆمەڵگە. لەهەمانکاتدا بە هەر (ت ـ T)ییەک گۆڕستانێکیان هەڵکۆڵاوە. بۆیە هەر وشەیەک لەناوخۆیدا ڕێباز و میتۆدێکی لە شەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد لە ئامێز گرتووە. لێرەدا پوختەیەک لەناوەڕۆکی ئەو وشانە شیدەکەینەوە.

**وشەکانی چەکی (تی ـ T)ی لە سەردەمی شەڕی تێکەڵاودا**

ئەم وشانە لە ٢٥ جۆر پێکدێت کە بریتین لە:

**١ ـ تبعیض: بە واتای هەڵاواردن و جیاوازی دانانە.**

ڕژێمی ئێران، ڕژێمی هەڵاواردن و جیاوازی نانەوەیە. ڕژێم بەم ڕوانگەیە گەلی کوردی لەناوخۆی ئێران پەراوێز خستووە و زیهنیەتی فاشیزمی لەدژی پەرە پێداوە و لەهەموو مافە سەرەتاییەکانی ژیانی بێ بەش کردووە. لەبەر ئەم زیهنیەتە گەلی کورد لەناو سیستەم و کۆمەڵگەدا پەراوێز خراوە. بەم سیاسەتە ئەگەر گەلی کورد جارێک ڕووبەڕووی سیاسەتی هەڵاواردن بووبێتەوە، ئەوا ژنان دووجار ڕووبەڕووی ئەو سیاسەتە بوونەتەوە. لەکاتێکدا گەلی کورد و ژنان لەدژی هەڵاواردن و ڕواندنەوەی جیاکاری لەناو تێکۆشانێکی بێ وچاندان. شۆڕشی

«ژن ژیان ئازادی» بۆ خۆی هەڵوەشاندنەوە، بێ واتاکردن و بێ کاریگەرکردنی ئەو چەکە کوشندەیەی لەدژی گەلی کورد و ژنانە.

**٢ ـ تفکیک: بە واتای جیاکاری، پەرتەوازەکردن، لێک هەڵوەشاندنەوە و هەڵاواردن دێت.**

گەلی کورد بەردەوام رووبەڕووی جیاکاری نەتەوەیی، مەزهەبی، ئاینی، سیاسی، ئابووری، جوگرافیایی و تەنانەت زمان و کولتوور بووەتەوە. ئەو ناوچانەی کە کولتووری پێکەوە ژیانی گەلان تێیدا سەروەرە، ئەو چەکە لەدژی گەلی کورد کاراتر کراوە و رژێم هیچ ئاوڕێک لە ناوچە کوردنشینەکان ناداتەوە. چون لەروانگەی دەسەڵاتەوە کورد بەڕن (پەراوێزخراون). لەبەر ئەم زیهنیەتە گەلی کورد رووبەڕووی سیاسەتی هەڵاواردن بووەتەوە. لەکاتێکدا گەلی کورد ناوەندی ژیار، کولتوور، بەرخۆدان و پێکەوە ژیانە. ئەو پاشخان و کولتوورە دەوڵەمەندییەی لەکوردستاندا بوونی هەیە، ئەو روانگە و چەمکە بێ واتا و پووچەڵ دەکاتەوە.

**٣ ـ تمثیل: بە واتای ئاسمیلاسیۆنە.**

رژێمی ئێران رژێمی ئاسمیلاسیۆنە. بەو چەکە شیرازەی کۆمەڵگەی کورد دەتوێنێتەوە. واتە بە چەکی بێدەنگ و خامۆش، کوردان کۆمەڵکوژ دەکات. چون ئاسمیلاسیۆن چەکی بێدەنگی شەڕی هیبریدییە. چەکێکە کە بە پەمۆ سەری مرۆڤەکان لە جەستە جیا دەکاتەوە. دوورخستنەوەیە لە شووناس، هەبوون، کولتوور و زمان بەربڵاو دەکات. لەچ جێگەیەکدا ئاسمیلاسیۆن لەپەرەسەندندا بێت، لەو جێگەدا کۆمەڵگە لەناو مەرگێکی بێدەنگ نوقم دەکات. بەو چەکە تاکی بێ هیوا، بێ باوەڕ، بێ ئامانج و بێ مەرام پەروەردە دەکات. واتە رژێم، تاک و کۆمەڵگە لە حەقیقەتی خۆی نامۆ و دادەبڕێنێت و تاک و کۆمەڵگەیەکی بێ

ئیرادە، گوێڕایەڵ و دەستەمۆ بەرهەم دێنێت. ئەوەش دەرفەت بۆ دزەکردن و فەتح کردنی کەسایەت خۆش دەکات.

**٤ ـ تأدیب: بە واتای ئەدەب کردن، تەمبێ کردن (سزادان)، راهێنان و پەروەردەکردنە.**

رژێم ئەو کۆمەڵکوژییانەی لەدژی گەلی کورد بەڕێوەی دەبات، لەژێر ئەم ناوەدا پەردەپۆشی دەکات. داگیرکردنی مێشک و گۆڕینی کەسایەت لەژێر ئەم زیهنیەتەدا رەوایەت پێ دەدات. واتە رژێم هەموو کردەوە دڕندانەکانی لەدژی گەلی کورد بە دەستەواژەی ئەدەب کردن و پەروەردەکردن دەخەملێنێت. تەنانەت لەسێدارەدانەکان، کوشتنی کۆلبەران، برسێتی، هەژاری و کۆی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە لەژێر ئەم زیهنیەتەدا پەردەپۆش دەکات. لە روانگەی رژێم گەلی کورد گەلێکی نەفرەت لێکراوە و دژایەتییەکی مێژوویی لەدژی هەیە. لەبەر ئەوەی گەلی کورد هەمیشە هەوڵی داوە بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات، بەڵام گوێڕایەڵ نەبوون و تایبەتمەندی خەبات و تێکۆشەری گەل بووەتە هۆکار کە رژێم بە بێ ئەدەب و بێ پەروەردە مامەڵەی لەگەڵ بکات. بۆیە لەرێگەی هەموو ناوەندەکانی تواندنەوە و خۆتواندنەوە و بەدوای تەمێ کردن و ئەدەب کردنی گەلی کوردەوەیە.

**٥ ـ تحقیر: بە واتای سووک کردن، بە سووکی تەماشا کردن و بە سووک و چرووک دانانە.**

چەکی سووک و چرووک کردن، رۆژانە لەلایەن مۆرەکانی رژێمەوە لەدژی گەلی کورد بەڕێوە دەبرێت. ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم بەم چەکە رازێندراوەتەوە. واتە لەناوەندی خوێندگەوە بگرە تا ناوەندەکانی میدیا، راگەیاندن و دەزگا ئەمنییەکان و تەنانەت سەر شەقام بێ رێزی و سووکایەتی بە زمان، کولتوور و مێژووی گەلی کورد کراوە. چالاکانی

سیاسی، مەدەنی، ژینگەیی، کرێکاران، ژن، جوان و مامۆستایان و ... هتد هەمیشە لەلایەن تۆڕەکانی دەسەڵاتەوە سووک و چرووک کراون. تەنانەت بۆ سووک و چرووک کردنی ئەو کوردانەی کە تاوانبار کراون بە پۆشینی جل و بەرگی ژنانە بە ناو شاردا گەڕێندراون. بەو شێوەیە سووکایەتی بە تاک و کولتووری کوردەواری کراوە. ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم چەکە بێ ئیرادەکردن و پەراوێزخستن و رواندنەوەی کولتووری گەلی کوردە.

**٦ ـ تأبين ـ تثريب: بە واتای سەرزەنشت کردن و لۆمەکردنە.**

رژێم بەم زیهنیەتە بنج و بناوانی ئازادی و دیموکراسی گەلی کورد وشک و برین دەکات. بە گەلێکی بێ شووناس، بێ فکر، بێ مێژوو، بێ فەلسەفە و بێ باوەڕ لەقەڵەمی دەدات. واتە حەقیقەتی گەلی کورد پەردەپۆش دەکات و بەلاڕێدا دەیبات. گەلی کورد بە گەلێکی یاخی و سەرهەڵدێر بەناو دەکات. گەلێک کە ناکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات و یاسا و ریسای رژێمەوە، لۆمەی دەکات. رژێم کاراکتەر و تایبەتمەندی ئازادیخوازانەی گەلی کورد هەرس ناکات. بۆیە هەمیشە بەدوای لۆمەکردن و تاوانبارکردنیەوەیە. بەم زیهنیەتە تاوانە مرۆییەکانی لەدژی گەلی کورد رەوایەت پێ دەدات. لەئەنجامدا دووبەرەکی، دژایەتی و فاشیزم لەدژی پەرە پێ دەدات.

**٧ ـ تحريم: بەواتای یاساخ کردن، حەرام کردن، ناڕەوا کردن، بایکۆت، بێبەش و بێ بەری کردنە.**

ئەم زیهنەتە ئازادی، دادپەروەری و یەکسانی لەگەلی کورد یاساخ کردووە. خەبات و تێکۆشان و شۆڕشگێڕی لێ ناڕەوا کراوە. کاری سیاسی و رێکخستنی و بە کۆمەڵایەتی بوونی لێ یاساخ کراوە. ژیانی ئازاد و دیموکراتیکی لێ حەرام و تاڵ

کراوە. لە هەموو دەرفەت و ئیمکاناتی گشتی وڵات بێ بەش و بێ بەری کراوە. لە خوێندنگا و ناوەندە فەرمییەکانی دەسەڵات زمانی زگماکی لێ یاساخ و قەدەغە کراوە. بەرزڕاگرتن و یادکردنەوەی بۆنە و مەراسیمە مێژووییەکانی لێ یاساخ کراوە. لە بەشداری کردن و بەڕێوەبردنی وڵات و جێ گرتن لە پێگە هەستیار و چارەنووسسازەکاندا بایکۆت و بێبەش کراوە. بە گشتی لێگەڕینی بەدوای ناسنامەی کوردبوون، ئازادی و دیموکراسی لێ حەرام کراوە.

**٨ ـ تعرض: بەواتای دەستدرێژی کردن، هەتک کردن، لاقەکردن، پەلاماردان و هەڵکوتانە سەرە.**

ئەم چەمکە هەوێنی گرساندنی زیهنیەتی رژێمە. خاوەن تایبەتمەندی و کاراکتەری پەلاماردان و دەستدرێژی کردنە. رژێمی سووک و چرووک کردن و ناوزڕاندنی گەلی کوردە. هەمیشە بە دوای تاڵان، پەلاماردان و دەستدرێژی کردنە سەر ناموس و حورمەت و ئابڕووی گەلی کوردە. ئەم چەکەی زیاتر لەدژی ژنان وەگەڕخستووە. گوند و شارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان نەماوە کە رژێم بەم کولتوورە داگیرکەرییە، هەوڵی ناوزڕاندنی کولتووری دایکە خوداوەندی لەکوردستان نەدابێت. بەردەوام بە رێگەی مۆرە و دەستە و تاقمەکانی هەڵیانکوتاوەتە سەر ماڵ و حاڵی هاوڵاتیانی کورد. پەلامار و دەستدرێژی کردن بۆ سەر هاوڵاتیانی وەک؛ فەریناز خوسرەوانی لە مهاباد، شلێر رەسووڵی لە مەریوان و ژینا ئەمینی لە تاران نموونەیەکی بەرچاوی ئەو زیهنیەتەی رژێمن کە لەدژی ژنانی کورد رەنگیداوەتەوە. ئەم چەمکە چەمکێکی پیاوسالاری و پیرسالاری سیکسوالیتەیە کە دەستدرێژی کردنە سەر ناموسی کۆمەڵگە لە رێی ژنانەوە بە بنەما دەگرێ.

**٩ ـ تعدی: به واتای دەستدرێژی، ناهەقی، بێدادی، زوڵم کردن و غەدرە.**

گەوهەرەی رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە و ژنان بێدادی، ناهەقی، زوڵم و غەدرە. ئەم چەمکانە بەردی بنەڕەتی شکڵ گرتنی رژێمی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە. هەر لەسەرەتای قۆرخ کردنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە رژێم ناهەقی لەگەلی کورد و گەلانی ناوخۆی ئێران کرد و گەلانی رووبەڕووی گەورەترین غەدر و زوڵم کردووەتەوە. لە ناو یاسای بنەڕەتی رژێمدا گەورەترین ناهەقی بە گەلی کورد و ژنان کراوە. ماف و حقوقیان پێشێل و زەوت کراوە. کۆمەڵگەیان لەناو دەریای بێدادیدا غەرق کردووە. بە گرتن، کوشتن و لەسێدارەدان غەدر لەگەلی کورد کردووە. بە لەباربردنی دەرفەتی کار و ژیان لەکوردستان گەلی کورد تووشی دەربەدەری، ئاوارەیی و هەژاری کراونەتەوە. بە چەپاو و تاڵان بردنی سەرخان و ژێرخانی ئابووری کوردستان، زوڵم لەحەقی گەلی کورد دەکەن. بە سڕینەوەی شووناس، تواندنەوەی کولتوورەکەی و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان ناهەقی لە لانکەی ژیاری مرۆڤایەتی دەکەن. فەلسەفەی کوردبوون، بووەتە هۆکار کە بە پەلەپیتکەی دەستدرێژی، ناهەقی، بێدادی، زوڵم و غەدری دەسەڵات رووبەڕووی بۆردومان ببێتەوە. بە پێشخستنی کولتووری جاشایەتی، بەسیج و سیخوڕی غەدر لەکولتووری قارەمانی، شۆڕشگێڕی، وڵاتپارێزی و کۆمەڵایەتی بوونی گەلی کورد دەکەن.

**١٠ ـ تعزیر: بە واتای سزادان، ئەشکەنجە، ئەدەب کردن و لۆمەکردنە.**

ئەو چەکەیە کە رژێم بەردەوام بۆ داپڵۆساندن و دامرکاندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەکاری دەبات. هەر

هەوڵدان و کۆششی گەل و کۆمەڵگە لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی بە سزادان وەڵام دەداتەوە. بە باتۆم و لێدان پێشوازی لە ویست و داخوازییە رەواکانی گەل لەسەر شەقام دەداتەوە. هەر چالاکییەکی سیاسی و مەدەنی گەل بە سەپاندنی سزا دادەمرکێنێت. دادگا و ناوەندە ئەمنییەکانی رژێم، سەکۆی بێدادی و کانگەی سزا و تاوانن. تەنانەت لە ناوچە سنوورییەکان لەبەرامبەر کۆڵبەران کە بۆ پەیداکردنی پارچەنانێک دژوارترین رێگەی ژیان تاقی دەکەنەوە، رووبەڕووی سزای کوشتن، بریندارکردن، گرتن و زەوت کردنی شت و مەکەکانیان دەبنەوە.

**١١ ـ تنقیل: بە واتای سزادانە.**

چەکی سەرکوت و چەوسانەوەی گەلانە. رژێم خۆی لە پۆزسیۆنی سزادانی گەل و کۆمەڵگەدا دەبینێت. واتە یاسا و رێسایەکی بە پێی بەرژەوەندی دەسەڵاتداری خۆی داتاشیوە. چ تاک، کۆمەڵگە و هێزێک سەرپێچی لەو یاسایە بکەن، ئەوا رووبەڕووی سزای قورس دەبنەوە. بۆیە گەلی کورد ئەو گەلەیە کە هەمیشە سزا لەدژی دەردەکرێت. بەو سزایانە هەوڵ دەدرێت تەمێ و گوێڕایەڵ بکرێت. تەنانەت پێگەی چالاکی سیاسی، مەدەنی، ژینگە، کرێکاری، ژن و جوانی پێ رەوا نابینرێت و بە چالاک بوونی لەو گۆڕەپانانەدا سزای قورسی بەسەردا دەسەپێنرێت.

**١٢ ـ تحریف: بە واتای بەلاڕێدا بردن و چەواشەکردنە.**

ئەم چەمکە فەلسەفەی هەبوون و بەردەوامی رژێمە. لە بەلاڕێدابردن و چەواشەکاری وەستا و شارەزایە. وشە و دەستەواژەیەک بوونی نەماوە کە رژێم تێیدا چەواشەکاری ئەنجام نەدابێت. ئەرکی سەرەکی رژێم بەلاڕێدابردنی مرۆڤ و چەواشەکردنی گەوهەرەی مرۆڤە. بۆیە لە بنەڕەتدا رژێم راستییەکان بەلاڕێدا دەبات. واتا ژیاری دیموکراتیک و

کۆمەڵگەی دیموکراتیک بەلاڕێدا دەبات. چەواشەکاری لە بەرهەمی میتۆلۆژی، فەلسەفە، ئایین و زانستی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا درووست دەکات. تاک و کۆمەڵگە لە ڕەوڕەوەی ژیان و تێکۆشانی بەلاڕێدا دەکێشێت و پەلکێشی ناوەندەکانی دەسەڵاتی دەکات. بە ڕێگەی پەروەردە، میدیا و ڕاگەیاندن و ناوەندەکانی گەیاندن تاکەکان بەلاڕێدا دەبات. بە چەواشەکاری زیهنی تاکەکان ئاڵۆز دەکا و دەشێوێنێت. بە بەڵێن و بانگەشەی بێ بنەما و پڕوپووچ تاکی کورد بە لاڕێدا دەکێشێت و بە چەواشەکاری لەناو دونیای درۆ و دەلەسەدا گێژومێژی دەکات.

**١٣ ـ تبعید: بە واتای تاراوگە و دوورخستنەوەیە.**

لە فەلسەفەی ڕژێمدا تەنیا خۆماڵییەکان لەئامێز دەگیردرێت. کێ لە دەرەوەی ئەو بازنەی ڕژێمدا جێ بگرێت، ئەوا ڕووبەڕووی سیاسەتی دوورخستنەوە دەبێتەوە. ئەم چەکە بۆ لاوازکردن و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگە بەکار دەبردرێت. تەنانەت تاک و کۆمەڵگەیەک کە ملکەچ و گوێڕایەڵی ڕژێم نەبووبێت، ئەوا بەر ڕەهێڵی دوورخستنەوە دەبێتەوە. هەڵبەت سیاسەتی دوورخستنەوەش فرەڕەهەندە. بووەتە بابەتێکی ئاڵۆز و نوستالژی. بەو سیاسەتە تاک لەکۆمەڵگە و ڕیشەی بنەڕەتی دادەبڕدرێت، تا بۆ تواندنەوە و فەتح کردنی ئامادە بکرێت. چەندێک ئەم چەکە لەدژی کۆمەڵگە کارا بکرێت، ئەوەندە پێگەی دەسەڵات بەهێز و پێگەی تاک و کۆمەڵگەش لاواز دەکرێت. ئەگەر ئاوڕێک لە هەر بنەماڵەیەکی کورد بدەینەوە، شاهیدی ئەوە دەبین کە لانی کەم ئەندامێکی ئەو بنەماڵە و یا کەسوکارێکیان لەناو شاڵاوی تاراوگەدا هەڵبەز و دابەز دەکات. لە بنەڕەتدا وزەی ڕژێم دوورخستنەوەی مرۆڤ لە هەبوون و کۆمەڵگەکەیەتی. وزەی دوورخستنەوەی کرداری چاک، گوتاری چاک و هزری چاکی ناو کۆمەڵگەیە.

**١٤ـ ترور: بە واتای کوشتن و ڕەشەکوژییە.**

ڕژێمی ئێران ڕژێمی تیرۆر و ڕەشەکوژییە. بە بەردەوامی سەرقاڵی کوشتن، لەناوبردنی نەیار و دژبەرانی خۆیەتی. لە ڕوانگەی ڕژێمەوە گەل و کۆمەڵگە گەورەترین نەیاری ڕژێمە. بۆیە سەرەتا تیرۆر و ڕەشەکوژییەکانی ڕژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. ڕژێم هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی بە ڕەشەکوژی ئاڵاندووە. مەترسیدارترینیان ئەو چەکەیە کە کۆمەڵگەی پێ بێدەنگ و سەرکوت کردووە. بۆ تۆقاندن و خۆبەدەستەوەدان کارا دەکرێت. بەم چەکە ترس، خۆف و وەحشەت بڵاوە پێ دەکات. ڕۆژانە گەلان ڕووبەڕووی تیرۆری کەسایەتی، سووکایەتی و شکاندنەوە دەکاتەوە. ئەو شێوەی شەڕە کە بە مرۆڤ کوژی و ترساندن و تۆقاندن ڕژێم ئامانجە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی دەستەبەر دەکات. بۆیە ڕژێم بۆ خۆی هەم لایەنگری تیرۆر، هەم ئەنجامدەر و گەورەترین تیرۆریستی نێودەوڵەتییە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە ڕۆژانە ڕژێم لەژێر ناوی ئەو دەستەواژەیەدا هاوڵاتیانی ئازادیخواز و بێ تاوان ڕەشەکوژ دەکات. لەبنەڕەتدا ڕژێم بۆ خۆی لەسەر بنج و بناوانی تیرۆر و ڕەشەکوژی ریشەی داکوتاوە.

**١٥ ـ تدفین: بە واتای بەخاکسپاردن، ناشتن و نێژتنە.**

چەکی لەگۆڕنانی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. قەڵافەتی ڕژێمی مەرگە. دارەمەیتی هیوا، باوەڕی و ئومێدە. ڕژێم جوانییەکانی کۆمەڵگە بەخاک دەسپێرێت. لەکورد ناشتن و ژن ناشتندا بژاردەیە. ڕێگە نادات خەیاڵی ئازادی خونچە بکات. لەدژی داهێنان، بەرهەم هێنان، زیندووبوون و چالاکبوونە. هۆگری کاولکاری، تەفروتونا و کوشتن و لەگۆڕنانە. بۆیە ڕژێم بە شەڕی هەمەلایەنە حەقیقەتی گەلی کورد لەگۆڕ دەنێت. واتە دژی سەرهەڵدان و بووژانەوەیە. بۆیە مێژووی ڕژێم، مێژووی

ناشتنی ئازادی، دیموکراسی و دادەپەروەرییە. مەکینەی بەخاکسپاردن و بتۆنڕێژ کردنی شووناس و هەبوونی کوردە.

**١٦ ـ تحریق: بە واتای سووتاندن و ئاگرتێبەردانە.**

چەکی کۆمکوژی دەستی ڕژێمە. ڕژێم خەون و خەیاڵەکانی کۆمەڵگە دەسووتێنێت. بەڵگەی هەبوون و کەرامەتی ئاور تێبەر دەدات. کەلەپووری گەلان لەناو ئاگری زوڵم دەسووتێنێت. دارودارستانی زاگروس بە نەفرەتی تۆڵە ئاور تێبەردەدات. ژینگەپارێز و ژینگەدۆستان لە ناو ئاگری دەسەڵات دەسووتێنێت. کێ کۆسپ و تەگەرە و بەربەست لەبەردەم پڕۆژەکانی ڕژێم دابنێت، هاوشێوەی کاک شەریف باجوەرەکان بە زیندوویی دەسووتێنرێت. واتە ڕێبازی چاخی کۆن بۆ کۆنترۆڵ و تۆقاندنی کۆمەڵگە بەکار دەبات. بەرهەمە خۆماڵییەکانی گەل لەناو ئاگری قازانج – سەرمایەی ڕژێمدا دەکرێتە خۆڵەمێش. لەواتا گشتییەکەیدا کاکڵی هەبوون، زیندەوەران و ڕووەکەکان لەناو ئاگری دەسەڵات هەڵدەقرچێنێت.

**١٧ ـ تخریب: بە واتای کاول کردن و خاپوور کردنە.**

ڕژێمی ئێران ڕژێمی کاولکاری و خاپوورکردنە. لەدژی نوێبوونەوە، ئاوەدان کردنەوە، کۆمەڵگە، ژینگە و مرۆڤە. بۆ مانەوەی خۆی لەسەر کورسی دەسەڵات هەر شتێک کاول و خاپوور دەکات. لەبەر ئەوەی خاوەن زیهنیەتی دواکەوتوو و بەستەڵەک کراوە، بۆیە بە کاولکاری هەبوونی خۆی دەپارێزێت و بەردەوام دەکات. ژینگەی مرۆڤ کاول و شیرازەی کۆمەڵگە خاپوور و دەشێوێنێت. زانست، فەلسەفە، باوەڕی و مەزهەبەکانی کۆمەڵگە بە غەڵتەکی دەسەڵات خاپوور دەکات. موزائیکی گەلانی ئێران و جوگرافیای پڕپیت و بەرەکەت و فرەڕەنگی ئێرانی کاول و خاپوور کردووە. دەزگا ئەمنییەکان و

ڕێکخراوە چەکدارەکانی ڕژێم وەک سوپای پاسداران و بەسیج بوونەتە ناوەند و مەکینەی کاول کردنی نرخ و بەها مرۆییەکان. دەرئەنجام کاولکاری و خاپوورکردن نازناوی ڕژێمە. ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕژێمەیە کە ڕۆژانە لەکردەوە و گوتارەکانیدا دەبریقێتەوە.

**١٨ – تدمیر: بە واتای لەناوبردن، تیابردن، کوشتن، تێک و پێکدان، کاول کردن، وێران و خاپوور کردنە.**

ڕژێمێک لەدژی ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیانی ئازادی گەلان و دەستەبەرکردنی مافی خۆبەڕێوەبەری گەلان بێت، ڕژێمی تیابردن، کوشتن و تێک و پێکدانە. ڕژێمێک کە هاوڵاتیانی خۆی گیرۆدەی برسێتی، هەژاری، گەندەڵی، خۆکوژی، هەڵهاتنی مێشکەکان، خەمۆکی، گرتن و لەسێدارەدان بکاتەوە، ئەوە ڕژێمی تیابردن، کوشتن و مەرگە. ڕژێمی ئێران تایبەت بۆ ژنان، گەنجان و گەلی کورد ڕژێمی قڕکردن و تیابردنە. ئەم ڕژێمە بە سەدان تاوان و کردەوەی تیابردن و کوشتنی لەدژی هاوڵاتیانی ئێران ئەنجام داوە. ئەم دەستەواژانە خشتی گرساندنی دیواری دەسەڵاتن. دارەمەیتی کوشتنی هەنگاو بە هەنگاوی ئازارچێشتووەکان، ئازادیخوازان، مافخوازان و گەلانی خاوەن ناسنامە و باوەڕییە. ڕژێم بەم چەمکانە هەژمونی و سەروەری بە سەر تاک و کۆمەڵگەدا درووست کردووە. بە واتای گشتی یاسا و ڕێسا، ناوەندەکانی دەسەڵات و تەنانەت عەقڵیەتی ڕژێم بەم چەمکانە لەدژی گەل و کۆمەڵگە پڕچەک کراوە.

**١٩ ـ تقتیل: بە واتای کوشتنە.**

ڕژێمی ئێران، ڕژێمی کوشتن و کۆمەڵکوژییە. ڕژێم بە هەر مێتۆدێک هەوڵ دەدات کە هاوڵاتیانی کورد ڕووبەڕووی کوشتن بکاتەوە. هەموو مێتۆدەکانی شەڕی هیبریدی کردووەتە

میتۆد و ڕێبازی کوشتنی هاوڵاتیانی کورد. تەنانەت ئەو ڕژێمە ڕەحمێک بە کرێکار، کاسبکار و کۆڵبەریش ناکات. تەقەکردن و کوشتنی کۆڵبەران لە ناوچە سنوورییەکان گەوهەرەی ئەم ڕژێمە دەخاتەڕوو. کوشتنی خوێندکاران، دڵسۆزی و دۆست و یاری ڕژێم بۆ زانست و لێکۆڵەرانی زانست دەخاتەڕوو. کوشتنی زنجیرەیی ژنان لەژێر پەردەی ناموس زیهنیەتی پیاوسالاری و دژە ژنی ڕژێم ئاشکرا دەکات. بە گشتی ڕژێمی ئێران ڕژێمی کوشتنی هەنگاو بە هەنگاوی هاوڵاتیانی کوردە کە لەپڕۆسەیەکی درێژخایەن پەیڕەوی دەکات.

**٢٠ ـ تصفیە: بەواتای پاکتاوکارییە.**

ڕژێمی ئێران ڕژێمێکی پاکتاوکارە. چون جیا لە پاکتاوکاری مرۆڤ و کۆمەڵگە، پاکتاوکاری ژینگەش مەرامیەتی. هەموو گەلانی ناوخۆی ئێران کە بە ناخۆماڵی (غیرخودی) لەقەڵەمیان دەدات، دەکەونە بەر شالاوی پاکتاوکاری ڕژێم. بۆ شکۆ و سەروەری دەسەلات و دەوڵەت گەلان ڕووبەڕووی پاکتاوکاری دەکاتەوە. لەبەر ئەوەی خاوەن عەقلیەتی تەک تیپ (یەک ڕەنگ) کردنی کۆمەڵگەیە هەموو ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکانی ناوخۆی ئێران پاکتاو دەکات. لەو پێناوەدا شەڕێکی هەمەلایەنەی لەدژی گەل و کۆمەڵگە وەگەڕخستووە. ئەو چەکە کۆمکوژییەش لەژێر پاساو و بەرچەسپی ناڕەوا لەدژی گەلان بەڕێوە دەبات. واتا ڕژێم بووەتە جانەوەرێک کە زیندەوەران، مرۆڤ و ڕووەکەکان لەسەر جوگرافیا و وڵاتی ئێران پاکتاو دەکات. ڕژێم بەو چەکە کۆمەڵگە لاواز و تەسلیم وەردەگرێت. بۆیە ئەم چەکە بووەتە بەردە گڵکۆی دەستی ڕژێم کە ڕۆژانە مرۆڤ، زیندەوەران و ڕووەکەکان لەگۆڕ دەنێت. هەر بۆیە ڕژێمێکی دژی ژینگە و ئیکۆلۆژییە.

**٢١ ـ تمدن: به واتای مەدەنیەت و شارستانیەتی کردنە.**

رژێم هەمیشە خۆی بە خاوەن شارستانیەت لەقەڵەم دەدات. خاوەن کولتووری شارنشینی و پێشکەوتنخوازییە. بۆیە بەو پاساوە کولتوور و رەسانەیەتی گەلی کورد پاکتاو دەکات. گەلی کورد بە گەلێکی شاخاوی و دواکەوتوو و بەڕ کە هەڵگری کولتووری کەونار و کلاسیک وێنا دەکات. بە گەلێکی سەر سنوور پێناسەی دەکات کە لە کولتووری شارنشینی بەدوورە. شەهرستان بوون لە روانگەی رژێم، شوێنێکی دواکەوتوو و پاشڤەڕۆیە. بۆیە هەمیشە هاوڵاتیانی کورد هاندەدات کە ئاوێتەی کولتووری شارنشینی ببن. ئەم روانگەش هۆکاری تواندنەوە و دابڕانی گەلی کورد لەسەر زێدی باب و باپیرانی خۆی و کولتوورەکەیەتی. بەو روانگەی رژێم گەلی کورد باجی ژیار و کولتووری زاگرۆسی دەدات. لەکاتێکدا گەلی کورد، دەیان شۆڕش و داهێنانی کولتووری لەسەر ئەم خاکە بەپیت و بەرەکەتە بەرهەمهێناوە. بۆیە ئەو کولتوور و شیرازە کۆمەڵایەتییە توانیویەتی بەرگری لە هەبوون و شووناسەکەی بکات. بە گشتی رژێمی ئێران رژێمێکی دژە ژیار و کولتوورە. ئافەتی لەباربردنی ژیار و شووناسی گەلانە. بۆیە هەرگیز خاوەن شارستانیەت و مەدەنیەت نەبووە و ناشبێت. بەڵکوو بە تاڵان، دزی و چەپاوەڵ کردنی ژیار، کولتوور و داهێنانەکانی گەل و کۆمەڵگە خۆی گەورە و زەبەلاح وێنا کردووە.

**٢٢ ـ تهجیر: بە واتای کۆچپێکردنی زۆرەملێ و راگواستنەوە.**

چەکی چۆڵ کردنی گۆڕەپانی ژیانە. واتە زیهنیەتی رژێم لەچ جێگەیەک سەروەر بێت، لەو جێگەدا کۆچبەری و ئاوارەیی سەرهەڵدەدات. چون زیهنیەتی رژێم بە کولتووری داگیرکەری خەملێندراوە. چ کاتێک گەل لەدژی ئەو زیهنیەت بەرخۆدانی

کردبێت، ڕووبەڕووی قڕکردن و کۆچبەری بووەتەوە. گوند و شارێکی کوردستان نابینرێت کە ئەو چەکە لەدژی تاقی نەکرابێتەوە. یان هاوڵاتیانی کورد ناچاری کۆچبەری بۆ شارە گەورەکانی ئێران کراون یان ئەوەتا ڕوویان لەوڵاتانی دەرەوە کردووە. بەو سیاسەتە هەوڵدراوە کە کورد لە هەبوونی خۆی داببڕێت و بە مەکینەی توانەوە و خۆتواندنەوە پاکتاو بکرێت. لەبنەڕەتدا ڕژێم، ڕژێمی کۆچ پێکردن و ئاوارەیی ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی گەلی کوردە. بۆیە بەو چەکە هەوڵی داوە کە کۆمەڵگە پەرتەوازە و لاواز بکات تا هەژمونی و دەسەڵاتداری خۆی بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. لەکاتێکدا چەکی کۆچبەری بە پێچەوانەوە کۆمەڵگەی کوردی زیاتر ڕێکخراوتر کردووە. پیرۆزبایی ئاهەنگەکانی نەورۆزی ٢٠٢٥ و بۆنە و چالاکییەکانی کوردان لە وڵاتانی دەرەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییە. واتە کۆمەڵگەیەک بونیادنراوە کە پێشەنگایەتی بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک و بەرقەراری ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلان لە ناوچەکە دەکات.

**٢٣ ـ تفریس: بەواتای بەفارس کردنە.**

ڕژێمی ئێران نەتەوەی فارسی بە سەر هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئێران سەردەست کردووە. لەکاتێکدا لەناو ئەو نەتەوەش چینێکی دەسەڵات ئەو لۆژیکە لەسەر کۆمەڵگە پەیڕەو دەکات و گەلی فارسیش ڕووبەڕووی هەمان سیاسەت بووەتەوە. لەو پێناوەدا بە تەک تیپ (یەک ڕەنگ) کردنی کۆمەڵگە، هەموو نەتەوەکان بە فارس دەکات. واتە هەموو نەتەوە و کولتوورەکان دەکاتە قوربانی نەتەوەیەکی سەردەست. بەتایبەت ئەو چەکە بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد و فەرامۆش کردنی لە یادگەی مرۆڤایەتی بەکار دەبات. بەڵام ڕژێم ئەم چەکە لەدژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران زۆر بە نەرم و نیانی بەکار دەبات. بە

ڕێگەی شۆردنەوەی مێشک، هزر، تواندنەوە و خۆتواندنەوەی کولتوورییەوە، لە ڕەچەڵەک و نەتەوەی خۆی دایدەبڕێت و بە روخسار، زەین و هزرێکی نەتەوەیەکی دیکەوە دەرەتانی ژیانی پێ دەبەخشرێت. ئەم نەتەوەیە دەبێتە ناوەندی دەسەڵات و قۆرخکردنی سەرمایەی نەتەوەیی گەلانی دیکەی ئێران. بەم چەکە مەرگی هەنگاو بە هەنگاوی بەسەر فەرز دەکرێت. موزائیکی گەلانی ئێران و ژیاری دیموکراتیک و دەوڵەمەندی کولتوورییەکەی دەبێتە موڵکی تایبەتی نەتەوەیەکی سەردەست. بۆیە ئەم چینە دەسەڵاتدارە کە لە ناوەندی دەسەڵاتدان لەژێر ناوی فارس بوون مێژووی گەلانی ئێرانیان قۆرخ و بە تاڵان بردووە. لەواتای گشتیدا رژێمی ئێران رژێمی چینی باڵادەستی فارسە کە بنج و بناوانی نەتەوەکانی دیکە ریشەکێش، سەرکوت و دەیانچەوسێنێتەوە.

**٢٤ ـ تعریب: بەواتای بەعەرەب کردن و نیشتەجێ کردنی عەرەب لەزێدی نەتەوەکانی دیکەیە.**

ئەوەش چەکێکی دیکەی دەستی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانە کە لەدژی گەلی کورد بەکار براوە. ئەم چەکە هاوشانی چەکەکانی دیکەی رژێمی ئێران لەلایەن رژێمی بەعسی سووریا و عێراقەوە بەکار براوە. واتە هەوڵ دراوە کە شووناسی نەتەوەیی کورد بسڕنەوە و گەلی کورد بە عەرەب بکەن. لە بوارێکەوە هاوڵاتیانی عەرەبیان لە ناوچە کوردنشینەکان بەجێ کردووە. یان بەشێکی کوردیان بۆ شارە عەرەب نشینەکان گواستووەتەوە. بەو شێوەیە سڕینەوەی کولتووری نەتەوەیی کوردیان بەئامانج گرتووە. واتە سڕینەوەی شووناس و کولتووری نەتەوەیی کوردیان بە ڕێگەی دڵخوازانە یان زۆرەملێ پەیڕەو کردووە. لەپێناو سەرخستنی ئەو سیاسەتە گەلی کوردیان ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی زەبەلاح کردووەتەوە.

تا گەلی کورد ناچاری خۆبەدەستەوەدان بکەن و بوێری دەربڕینی شووناسی نەتەوەیی خۆیان نەکەن. ئەم سیاسەتە هاوتەریبی سیاسەتی بەفارس کردنی گەلی کوردە، کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ پاکتاوکاری و قڕکردنی گەلی کورد رۆڵیان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان بەخشیوە.

**٢٥ ـ تتریک: بەواتای تورک کردنە.**

ئەم سیاسەتەش لەلایەن دەوڵەتی تورکیاوە لەدژی گەلی کورد بەڕێوە براوە. هەر جۆرە سیاسەتی قڕکردن و جینۆساید لەپێناو لەناوبردنی گەلی کورد لەسەری تاقی کراوەتەوە. تەنانەت وشەی کورد و کوردستان، جل و بەرگ و کولتووری رەسەنی کوردی لێ قەدەغە کراوە. مافی قسەکردن بە زمانی زگماکی لێ وەرگیراوە. چ شتێک لەسەر ناوی کورد و کوردایەتی بووبێت لێی قەدەغە کراوە. کۆنسێپتی بەتورک بوون لەسەری پەیڕەو کراوە. ئەوەش لەژێر ناوی یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە، یەک زمان و یەک ئاڵا لەسەری فەرز کراوە. ئەم چەکە نکۆڵی لە هەموو شتێکی گەلی کورد کردووە و تەنیا ئەوەی بۆ گەلی کورد هێشتووەتەوە کە بڵێت من تورکم.

لە زیندانەکانی تورکیا ئەوەندە ئەشکەنجەی مرۆڤەکانیان کردووە کە کورد بوونیان لەیاد ببەنەوە تا نکۆڵی لە هەبوونی خۆی بکات و ئارەزوومەندانە وتەی تورک بوون لە زمانی دەربکەوێت. رووبەڕووی کوشتنی بکەری نادیار بووەتەوە، بە سەدان کۆمەڵکوژی لەسەری پەیڕەو کراوە. مافی سیاسەت کردن، پەروەردە بە زمانی کوردی و رێکخستن بوونی لێ زەوت کراوە. هەمان سیاسەت ئەمڕۆ لەو ناوچانەی کوردستان کە تورکمەن و تورکی ئازەربایجانی تێیدا نیشتەجێیە بە هانی دەوڵەتی تورکیا و دەزگا ئەمنییەکانی هێزە داگیرکەرەکانی

دیکەی کوردستان پێداگری لەسەر ئەو سیاسەتە فاشیستیانە دەکرێت. خۆپیشاندانی جەماوەری توندڕەوە تورکە ئازەرییەکان لە شاری ورمێ دوابەدوای پیرۆزکردنی ئاهەنگی نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی و نامەی ٨٠٠ کارناس، هونەرمەند و چالاکانی مەدەنی لەپێناو نارەزایەتی دەربڕین لە پیرۆزکردنەکانی ئاهەنگی نەورۆز و زمانی کوردی، سووکایەتی کردن، هەڕەشە و گوڕەشە لەدژی گەلی کورد لەپێناو تۆخ کردنەوەی سیاسەتی فاشیزم و نەتەوەپەرستی تورک و نەتەوەکانی دیکە لەدژی گەلی کوردە کە بەڕێوە دەچێت. واتە نکۆڵی لە هەبوونی گەلی کورد و شووناسەکەی دەکرێت و دەیانەوێت کولتووری پێکەوە ژیانی گەلان تەفرووتونا بکەن.

واتە هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان هەر یەکەیان بە شێوەیەک دەیانەوێت گەلی کورد لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیان رابگرن و لەهەمان کاتدا بە شێوەیەک سیاسەتی تواندنەوە، سەرکوت و چەوساندنەوە و قڕکردن پەیڕەو بکەن. دەوڵەتی تورکیا زیهنیەتی خۆی لەسەر نکۆڵی کردن و پاکتاوکاری گەلی کورد بونیاد ناوە. هەموو هەوڵەکانی لەو پێناوەدایە کە وشە و دەستکەوتێکی بە ناوی کورد و کوردستانەوە دەستەبەر نەبێت. هاوتەریبی ئەو سیاسەتە دەوڵەتی ئێراقیش هەندێک مافی رۆشنبیری بە گەلی کورد داوە، بەڵام ئەوەش بەو واتایە نایەت کە وازیان لەسیاسەتی نکۆڵی کارانە و قڕکردن هێنابێت. دەوڵەتی ئێراقیش دەیەوێت کوردێک هەبێت کە لە کۆنترۆڵ خۆیدا رایبگرێت و گوێڕایەڵ و بێ ئیرادە بێت. واتە بە مافێکی بچووک و سەرەتایی رازی بێت و لەو چوارچێوەیەدا واز لە مافە بنەڕەتی و ستراتیژییەکانی گەلی کورد بهێنێت. بۆیە پرسی کورد لەباشووری کوردستانیش تا بە ئەمڕۆ لەبواری زیهنیەتی چارەسەر نەکراوە و زیهنیەتێکی فاشیزمانە و نکۆڵی کار لە

ئارادایە کە چ کاتێک دەوڵەتی ناوەندی بە هێز بووبێت، زەخت و گوشارەکانی بۆ سەر گەلی کورد زیاد کردووە. ئەوەش نیشانی دەدات کە چارەسەری پرسی کورد لەباشووری کوردستان لەچوارچێوەی راگرتنی هاوسەنگی بەرژەوەندی هێزە هەژمۆنگەرا جیهانی و هەرێمییەکان پەرەی پێ دراوە. واتە چ کاتێک بیانەوێت ئەو دەستکەوتە لە گەلی کورد زەوت دەکەن.

رژێمی ئێرانیش لە سیاسەتی نکۆڵی کارانە و قڕکردنی گەلی کورد پشکی شێری بەرکەوتووە. رژێم بە سیاسەتێکی نەرم و نیا گەلی کورد لەناو ئاشی تواندنەوە دەهاڕێت. کۆیلایەتییەکی زۆر نەرم لەدژی گەلی کورد پەرە پێداوە. پارێزگایەکی بە ناوی کوردستان درووست کردووە. بەڵام بە بێ پێدانی مافی بنەڕەتی بۆ گەلی کورد و شووناسی نەتەوەیی کوردە. کوردێک لە لایەن رژێمەوە پەسەند کراوە کە بە کرێگیراو، بەسیج و جاش بێت. واتا بە هیچ جۆرێک قەرەی سیاسەت نەکەوێت. پرسی کورد لە زیهنیەتی رژێمدا سیاسی و ئەمنییە.

کۆی ئەم خاڵانەی ریز کران، دەکەونە خانەی چەکی تێکەڵاوەوە. چون ئەم چەمکانە خزمەت بە شەڕی هیبریدی دەکەن. پانتایی و رێکارەکانی شەڕ لەدژی گەلی کورد فراوانتر دەکەنەوە. واتە هەر یەک لەو خاڵانە وەک چەکێکی مودێرن خزمەت بە دەسەڵات و زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت. بۆیە گرنگە هەر یەک لەو دەستەواژانە بە هەستیارییەوە خوێندنەوەیان لەسەر بکەین و لە مەرام و ئامانجە بنەڕەتییەکانی پشت پەردەیان زیاتر ئاگادار بین.

ئەم چەکە فکری و زیهنییانەی کە رژێم لەدژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بەکاری دەبات، درێژەپێدەری یاسای شەرق ئیسلاحاتی دەوڵەتی تورکیایە کە بە( ٧ـ تی T) ناسراوە.

ئەم یاساش مەبەست ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەلی کورد لە باکووری کوردستانە. بۆیە تەنانەت ڕژێم فراوانتر و بەرینتر لەو یاسایە چەکەکانی لەدژی گەلی کورد زیاتر کردووە. ئەو یاسایانەش بریتین لە:

**١ ـ تأديب: لێرەدا بەواتای ئەدەب کردن و دەستەمۆکردن دێت.**

**٢ ـ تنقیل: بە واتای سزادانە.**

**٣ ـ تقتیل: بە واتای کوشتنە.**

**٤ ـ تهجیر: بە واتای کۆچ پێکردنە.**

**٥ ـ تمثیل: بە واتای ئاسمیلاسیۆنە.**

**٦ ـ تمدن: بە واتای مەدەنیەت و شارستانیەتی کردنە.**

**٧ ـ تصفیە: بەواتای پاکتاوکارییە.**

## کۆنسێپت و پیلانەکانی شەڕی هیبریدی ڕژێم لەدژی گەلی کورد

لەکاتێکدا چەکی کۆمکوژی و شەڕی تێکەڵاوی ڕژێمی ئێران لانی کەم لەو ٢٥خاڵەی سەرەوە ریز کران. بێگومان ڕژێم ڕۆژانە بەدوای دۆزینەوە و داهێنانی چەکوچۆلی نوێی سەربازی، هزری و زیهنییە تا بتوانێت زیاتر دژایەتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانی پێ بکات و لەکۆمەڵکوژییەکانی بەردەوام بێت و نوێ بوونەوە لەرێباز و ڕەهەندەکانی شەڕدا بکات.

بۆ ئەوەی ڕژێم لە شەڕی تێکەڵاودا لەدژی گەلی کورد سەرکەوتوو بێت بەشێکی زۆر لەکۆنسێپت و پیلانە مێژووییەکانی لەدژی گەلی کورد کارا کردووەتەوە، بە هەند وەرگرتن لەو کۆنسێپتانە و بە پێی تایبەتمەندییەکانی شەڕی تێکەڵاو سەردەمێکی نوێی شەڕی لەدژی گەلی کورد

راگەیاندووە، بەو پێیە:
١ ـ بۆ تواندنەوەی گەلی کورد، خوێندنگەیان بە زمانی فارسی دامەزراندووە. هاوڵاتیانی کورد تەشویق و ناچاری چوون بۆ خوێندنگاکانی دەسەڵات دەکەن. وا دەکەن کە تاکی کورد بیر لەخوێندنگەی بە زمانی کوردی نەکاتەوە. لەکاتێکدا خوێندنگەی رژێم ناوەندی ئەزبەرەکردنی دەوڵەت – نەتەوەی رژێمە. مافی خوێندن بە زمانی زگماکی بە نەتەوەکانی ئێران و لەناودا بە گەلی کورد نادرێت. ئەوەش بە بڤە لەقەڵەم دراوە.
٢ ـ دەرفەتی کارکردن، بەرهەمهێنان و ژیان لەکوردستان لەناو ببردرێت. دۆخی ئێستای کوردستان بەڵگەی حاشاهەڵنەگری ئەو سیاسەتەیە.
٣ ـ هەموو زەوی و زار و گیاجاڕەکانی کوردستانیان کردووەتە موڵکی دەوڵەت. ئەو زیهنیەتە گەندەڵ و تاڵانکارە، کولتوورێکی بەناوی زەمین خواری داهێناوە کە ئامانجی چەپاو و تاڵان کردنی ماڵ و موڵکی کۆمەڵگەیە. مافیاکانی سەر بە سوپای پاسداران و بەیتی خامنەیی سەرخان و ژێرخانی کوردستانیان بە تاڵان بردووە و بەپێچەوانەشەوە گەلی کوردیان لە ماڵی خۆیدا کردووەتە میوان.
٤ ـ نابێت کارگە یان کارخانە لەکوردستان درووست بکرێن. چ دەرفەتێکی کار بە گەل بدرێت، پێویستە لەژێر کۆنترۆڵ و سەروەری ناوەندەکانی دەسەڵاتدا بەڕێوە بچێت. واتە هەر ناوەندێکی ئابووری پێویستە لە خزمەتی دەسەڵات و دەوڵەتدا بێت.
٥ ـ لەناو نەتەوەی فارس، تورکی ئازەربایجانی، عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێران دژایەتی کورد بکرێت و کورد وەک هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر تێکدانی یەکپارچەیی خاکی ئێران پیشان بدرێت. بە ڕێگای فارس و ئازەرییەکانەوە زەخت و

زۆری و گوشار لەسەر گەلی کورد زیاد بکرێت و ئەو گەلانە بە دژ گەلی کورددا هان بدرێن. واتە نەتەوەپەرستی و توندڕەوی و فاشیزم لەدژی گەلی کورد گوڕ بکەن.

٦ ـ لەو شارانەی ڕێژەی کورد زۆرە یا هوشیاری نەتەوەییان بەهێزە، فارس و تورکی ئازەربایجانی بۆ ئەو ناوچانە بگوازرێنەوە. تا ڕێژەی دانیشتوانی کورد کەم بکرێتەوە و پێگەی خۆبەڕێوەبەری و پاراستنییان لاواز بکرێت. هاوکات ئەو شارانە ناسنامەی کوردبوونیان لەسەر بسڕدرێتەوە.

٧ ـ کولتووری پێکەوە ژیانی گەلی کورد لەگەڵ گەلانی دیکە و ناوخودی کورددا لەناو ببردرێت. پێکهاتەکانی گەلی کورد، عەشیرەتەکان، کولتوور، زمان و باوەڕییەکانی کوردستان بە گژیەکدا دەدرێن. تەنانەت ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی هەڵدەگرسێندرێت. هاوشێوەی ئەو مەترسییەی کە لە نەورۆزی ٢٧٢٥ی کوردی لە ورمێ لەنێوان گەلی کورد و تورکی ئازەربایجانی درووست بوو، دەیانەوێت لە هەموو ناوەندەکانی ئێران برەوی پێبدەن.

٨ ـ لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان و لوڕستان و ئەو ناوچانەی کە پاڵاوگەی نەوتی (پەترۆڵی) و سەرمایەی نەتەوەیی تێدایە، بە هەرێمی ئەمنی و سەربازی لەقەڵەم دراون. هاوکات ئەو ناوچانە بوونەتە هێڵی سووری رژێم. بۆیە ڕێ و شوێنی توندی ئەولەکارییان (ئاوارتە) بۆ وەرگیراوە و لە دەوروبەریشیان هێزە خۆماڵی یان فارس و تورکە ئازەربایجانییەکانیان نیشتەجێ کردووە.

### تایبەتمەندییەکانی رژێمی هیبریدی ئێران

لێرەدا چاوخشاندنێک بە سەر هەندێک تایبەتمەندی بنەڕەتی رژێمی هیبریدی ئێراندا دەکەین کە بنەمای سەرەکی شەڕێک

پێکدێنن کە قڕکردن و کۆمەڵگەکوژی کۆمەڵگەی لەسەر بەڕێوە دەبرێت و خەشابی چەکی هیبریدی رژێمی لەدژی کۆمەڵگەی پێ پڕ دەکرێت. لە شەڕی جیهانی سێهەمدا رژێم داوێک کە بۆ تەسلیم وەرگرتنی تاک و کۆمەڵگەی داناوە، هەمان داو بە دەست و لاق و جەستە و زەینی رژێم خۆیدا ئاڵاوە. بەو پێیە خودی رژێم لەناو زەلکاوێکدا چەقیوە کە لەهەر دوو لای شەڕەوە چ لەبەرامبەر هێزە هەژمونگەرا هەرێمی و جیهانییەکان و هاوکات گەلانی ناوخۆی ئێران رووبەڕووی شکست و داڕمان ببێتەوە.

بەشێک لەو تایبەتمەندییانەی رژێمی سەرکوتکار و داپڵۆسێنەر کە بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتداری رژێم باو بوون و تا ئێستاش ئەو تایبەتمەندییانە لە جومگەکانی دەسەڵاتدا پایەدارن و لەپێناو بەهێزبوون و بە گوڕبوونی شەڕی تێکەڵاو لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەکاری دەبات کە لێکەوتە و کاریگەرییەکانی لە شەڕی کلاسیک و رەهەندی سەربازی بۆ سەر کۆمەڵگە زیاترە بریتین لە:

١ ـ رژێمی ئێران، رژێمێکی پیرسالار و پیاوسالارە. واتە دژە ژن و دژە جەوانە. لەو چەمکانەدا خاوەن ئەزموونە، چون سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تەمەنی کۆنی دەوڵەتداری و دەسەڵاتداری لە ئێران کە لەسەر بنەمای ژنکوژی و گەنج کوژی گەشەی کردووە. مەجلسی شارەزایانی رژێم حەقیقەتی ئەو زیهنیەتەیە کە لەسەر کارە.

٢ ـ دەسەڵاتداری لە ئێران بکوژ، ستەمکار، چەوسێنەر و خۆسەپێنە. سوپای پاسداران و ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی رژێم ئاوێنەی کردەوە دڕندانەکانی رژێم پیشان دەدات کە لەلایەن ئەم ناوەندانەوە بەڕێوە دەبرێن.

٣ ـ ناوەڕۆکی دەوڵەت؛ دز، گەندەڵ، تاڵانکار، فریودەر،

کوژەر و کۆمەڵکوژییە. بەرپرسان و دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و تایبەت بڕیارگەی خاتەموئەلەنبیا ، ئاستانی قودسی ڕەزەوی و ستادی ئیجرایی فەرمانی ئیمام، گەورەترین مافیا و چەتەی ناو دەسەڵاتن کە ئەو کردەوانە نازناویانە.

٤ ـ دامەزراندن و ئیدارەکردنی دەوڵەت بە شێوەی پیلان بازی و پیلانگێڕییە. هەرەمی دەسەڵات و بەیتی ڕێبەری ئێران و ناوەندە باڵاکانی مەکۆی شکڵ گرتنی ئەو پێناسەیەن.

٥ ـ چەمکی بێ باوەڕی و بێ هیوایی کە تەنانەت باوەڕی بە برا و خوشکی خۆیشی نەیەنێت بڵاو دەکاتەوە. واتە کانگەی بنبڕکردنی هیوا و باوەڕی گەلانە. بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو چەمکانە کەڵک لە دەزگای بنەماڵە، خوێندنگە، مزگەوت و ناوەندەکانی تواندنەوەی رژێم وەردەگیردرێت.

٦ ـ لە پارچە کردنی بنەماڵە، رێکخراوە مەدەنییەکان، کۆمەڵگە، رێکخستن و پارتە دژبەرەکانی خۆی و ئایین و باوەڕییەکان زۆر شارەزا و فێڵبازە. بە گژیەکدا دەیاندا و دەیانکاتە دوژمنی یەکدی و دواتر خۆیشی لەلایان بە نێوبژیوان و چارەناس و چارەدۆز وێنا دەکات.

٧ ـ مەکینەی پشێویی نانەوە و ناکۆکییە. لەپێناو چاولەدەست بوون و بەستنەوەیان بە رژێمەوە، لەنێوان گەلان پشێوی و ناکۆکی باوەڕی، مەزهەبی، نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دەنێتەوە.

٨ ـ رژێمی ئێران دوورگەی کۆیلەکردنی مرۆڤە. هەڵبەت کۆیلەدارکردنی گەل زۆر نەرم و نیانە. واتا بە پەمۆ سەری مرۆڤەکان دەبڕێت، بێ ئەوەی هەست بەو مردنە بێ ئێشە بکەن. بۆیە رژێمی ئێران بووەتە دوورگەی کۆیلەکردنی تاک و کۆمەڵگە. دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە تاک و کۆمەڵگە لە ئیرادە و هێز بێ بەری دەکات.

٩ ـ دیموگرافیای کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بە بیانووی ئاسایشی نەتەوەیی، یەکپارچەیی خاک و پاراستنەوە کۆچ کردنی زۆرەملێ، گواستنەوە و دوورخستنەوە و رەخساندنی هەلی کار پەرە بەو سیاسەتە دەدات. لەو پێناوەدا باوەڕی، مەزهەب و نەتەوەکان پارچە و لاواز دەکات تا لەسەر ئیرادەیان سەروەر بێت و لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا رایانبگرێت.

١٠ ـ رژێمی ئێران دوورگەی سام، ترس و تۆقاندن و هۆڤێتییە. ئەوەش بە سیاسەتی لەسێدارەدان، هەڕەشەو گوڕەشە، کوشتن، گرتن و کۆمەڵکوژی ناو کۆمەڵگەدا درووست دەکات.

١١ ـ لە سیخوڕ درووست کردن و جاش و بە کرێگیراویدا لێهاتووە و بە جێگەی کۆمەڵگەی خاوەن ئیرادە و باوەڕمەند، تاک و کۆمەڵگەی سیخوڕ و جاش بونیاد دەنێت. واتە چەندێک سیستەمی جاشایەتی پەرەبسێنێت، هەژمونی دەسەڵات سەر کۆمەڵگە زیاتر دەبێت. ناوەندەکانی وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سوپای پاسداران، حیفازەت ئیتلاعاتی سوپا و رێکخراوەی بەسیج لە بڵاوکردنەوەی ئەو دیاردە قێزەونە پشکی شێریان وەبەرکەوتووە.

١٢ ـ ژن کوژ و جوان کوژە. ئەوەش لەژێر ناوی ناموس، سەرکێشی و یاخیگەری رەوایەتی پێدەدات. واتە کوژەری ژیان و ئازادی و داهێنانە. بۆیە خاوەن عەقڵیەتی تاریکپەرست و شوڤێنیزمە. لەبەر ئەوەی رژێم هەمیشە بەرپەرچی نوێبوونەوە و داهێنانی جوانان دەبێتەوە و بە کوشتنیان بیرجوانی و ژیانەوە لەکۆمەڵگەدا تەفروتونا دەکات.

١٣ ـ کەسایەتییەک بونیاد دەنێت کە بە هاشووهووش و گاڵتە و گەپ رازێندراوە و ئەو کەسایەتە لە یاسا و رێسای ژیان هەڵدێت و ناکەوێتە ناو دسپلین و جددیەتەوە. ئەو چەمکەش

تاکێکی نابەرپرسیار و خەمسارد پێدەگەیەنێت.
١٤ ـ تەک تیپ کردنی کۆمەڵگە بەبنەما دەگرێ و ئەو تیپەش لەسەر بنەما و فەلسەفەی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە شکڵی پێدەدات و لە ئەدەبیاتی رژێم بە تیپی خۆماڵی (خودی) ناودارن.
١٥ ـ تاکێکی پووچگەرا و نهیلیستی دەئافرێنێت. واتە رادەستی قەزا و قەدەر دەبن و لە دیارکردنی چارەنووسی خۆیاندا هیچ رۆڵ و بەرپرسیاریەتی یان بە ئەستۆ نییە. چون لە روانگەی رژێم تاک و کۆمەڵگە هیچە و هێز و دەسەڵات لەلای رژێمە و هەر تاکێک وەک بەندەی دەسەڵاتە و پێویستە تا مردن لە خزمەتی دەسەڵاتدا بێت. ئەو روانگە دەرگا بۆ فەلسەفەی پووچگەرایی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە خۆش دەکات.
١٦ ـ تاکێکی بێ بەرپرسیار، بێ هەڵوێست و سڕکراو پێدەگەیەنێت. ئەوەش وادەکات تاک چاو لەدەستی دەوڵەت و دەسەڵات بێت و بڕوای بە هێز و ئیرادەی خۆی و کۆمەڵگەکەی نەمێنێ.
١٧ ـ تاک و کۆمەڵگەی بێکار و بێ بەرهەم و مشەخۆر بار دێنێت. بەو روانگەیە تاک و کۆمەڵگە بە جومگەکانی دەسەڵاتەوە دەبەستێتەوە. بەو واتەیەی دەوڵەت بەرهەمهێنەرە و کۆمەڵگە بەرهەمدار و خاوەن کار دەکات. چەندێک کۆمەڵگە بێکار و بێ بەرهەم بێت، بە هەمان ئەندازە دەرفەتی کۆنترۆڵ و ئاراستەکردن و رێوەبردنی فەراهەم دەبێت.
١٨ ـ لە لایەنی سیستەمی ئابووری، سیستەمێکی کۆمپرادۆر (توجاری) و دەڵالی گرێدراو بە بنەماڵەکانی وەک؛ لاریجانییەکان، خامنەییەکان، رەفسانجانیەکان، خۆییەکان، جەننەتییەکان و ... هتدە.

ئەم چەند مێتۆد و تایبەتمەندییە سەرەکییەی باسمان کرد وای کردووە کە رژێم لەپەیڕەو کردنی شەڕی فرەڕەهەند لەدژی

گەل و کۆمەڵگە بە هەستیاری و سەرنجەوە بجووڵێتەوە. چون بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی توخمی داگیرکەری و تایبەتمەندییە نەگریسەکانی رژێم، جادەی قڕکردنی کۆمەڵگەیان قیرەتاو کردووە و بەو ڕێبازە خێرایی و دەرفەتی ئەوەیان زیاتر خۆش کردووە تا کۆمەڵگە بەرەو مەرگی هەنگاو بە هەنگاو پەلکێش بکەن. ئەوەش رژێمی ئێرانی کردووەتە رژێمی مەرگ، کە رۆژانە بە تاکتیک و ڕێبازەکانی شەڕی هیبریدی گیان و رۆحی مرۆڤەکان دەکێشێت. واتە ئیرادەی خۆڕاگری و بەرپەرچدانەوە و هەست و سۆزی بووژانەوە و ژیانەوە لەکۆمەڵگە زەوت دەکات. ئەم تایبەتمەندییانە بۆ خۆی فەلسەفەی هەبوونی شکڵ گرتن و بەردەوامی رژێمی مەرگە. بۆیە پێناسەی رژێمی ئێران بە رژێمی شەڕی هیبریدی یا شەڕی تایبەت زۆر واتادار و لەجێگەدا دەبێت. چون ئامانجی شەڕی هیبریدی لەدژی مرۆڤ مەرگی هەنگاو بە هەنگاوە. ئەو کات رژێمی ئێران لە هەموو جومگەکانی ناو کۆمەڵگە پەرە بەو روانگەیە دەدات. ئەو ١٨ خاڵەی ئاماژەمان پێدا هەوێنی گرساندنی رژێمی هیبریدی و مەرگی ئێرانە.

## بەشی سێیەم

# رەهەندە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەلی کورد

لەم بەشەدا ئاماژە بەو ڕێ و ڕێبازانە دەکەم کە ڕژێمی مەرگی ئێران بە چ شێوەیەک دەسەڵاتداری و دەوڵەتداری خۆی لەناو هزر و هەستی مرۆڤەکان بە جێ دەکات. تیرۆر و ڕەشەکوژییەکانی لەسەر چ تایبەتمەندی بەڕێوە دەبات؟ بە چ ڕێ و ڕێبازێکەوە جۆرەکانی چەکی (تی ـ T)ی لەدژی کۆمەڵگە تاقی دەکاتەوە؟ کۆنسێپت و پیلانەکانی لەچ گۆڕەپانێکدا جێبەجێ دەکات؟ بە چ هونەر و سیاسەتێک ڕژێم بەرگری لەتایبەتمەندییەکانی هیبریدی خۆی دەکات؟ لە چوارچێوەی ٧ ڕەهەندی بنەڕەتی لەژێرەوە شیکاری پوخت لەسەر بابەتەکە دەکەین.

**٧ ڕەهەندی بنەڕەتی شەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد**

ڕژێمی مەرگی ئێران ٧ ڕەهەندی بنەڕەتی شەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئازادیخواز لە ئێران و ناوچەکە بەڕێوە دەبات کە بریتین لە:

١ ـ پڕوپاگەندەی هەواڵگری (اطلاعات)

٢ ـ فاکتەری کودەتای سیاسی و هەوڵە دیپلۆماسییەکان

٣ ـ بە کارهێنانی کۆنترا گەریلا، جاش و هێزی پاراملیتەر

٤ ـ فاکتەری بازرگانی و ئابووری

٥ ـ فاکتەری کۆنترۆڵ و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری

٦ ـ بەکاربردنی چەکی قەدەغەکراو

٧ ـ سەفەربەرکردنی میدیا و ڕاگەیاندن

هەر یەک لەم ڕەهەندانەی ئاماژەی پێدراوە لەبەردەوامی بابەتەکەدا شیکردنەوەی لەسەر دەکرێت و ڕۆڵ و پێگەی

لەشەڕی تێکەڵاودا بە وردی دەخرێتە بەر باس.

هەڵبەت هەر یەک لەو رەهەندانەش ئاماژەمان پێدا، بەم ٥ مێتۆدەی خوارەوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە پراکتیزە دەکرێت؛

ئا ـ بونیادنانی زیهنیەت
ب ـ کۆنترۆڵی فکر و تەڤگەر کردن
پ ـ شەڕی دەروونی ـ ئیقناع کردن
ت ـ بەکاربردنی زەبر و زەنگ
ج ـ ئیستخبارات ـ هەواڵگری

هەر یەک لەو مێتۆدانەش بەم رێبازانەی خوارەوە تاک و کۆمەڵگە بونیاد دەنێن. واتە هەر یەکەیان بۆ خۆی رێ و رێبازی تایبەتی هەیە کە بەم شێوەی خوارەوەن.

**ئا ـ بونیادنانی زیهنیەت**

کاریگەری لە سەر چاند و باوەڕی مرۆڤەکان دادەنێت. بۆیە هەموو ناوەندەکانی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر رکێفی خۆی و لەیەکەم هەنگاودا رژێم زەین و هزری تاکەکان دەکاتە ئامانج و داگیرکەری زیهن ئەنجام دەدات. واتە رژێم بە پڕوپاگەندەی ساختە هزری تاکەکان دەشۆرێتەوە و دەرفەت بۆ فەتحکردنی کەسایەت و جەستەی تاکەکان خۆش دەکات. واتا بەو مێتۆدە گەوهەر و رواڵەتی تاکەکە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێت. هاوشێوەی رۆبۆتێک لەکۆنترۆڵی خۆیدا بەڕێوەی دەبات. چ زانیاری و داتایەکی سەبارەت بە شووناس، هەبوون، مێژوو، جوگرافیا، سیاسەت و ژیان لە زەینی مرۆڤەکاندا هەبێت، دەیسرێتەوە و بە زانیاری و بەڵگەی ساختە و داتاشراو پڕی دەکاتەوە. بۆیە زیهنی ئەو تاکە چ شتێک تێیدا جێگیر دەکرێت، کردەوەکەشی ئاوێنەی ئەو زیهنییەتە دەبێت کە شکڵی پێدراوە.

**ئەوەش بە ڕێگەی؛**

١ ـ بونیادنان و بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژی

٢ ـ درووست کردنی تیۆری

٣ ـ ئاواکردنی ئەفسانە

٤ ـ چەواشەکردنی مێژوو

٥ ـ قڕکردنی جەستەیی، چاندی، کۆمەڵایەتی و زمان شکڵی پێدەدرێت و زیهنیەتێک لە ناو کۆمەڵگە بونیاد دەنێت کە تا دوایی پابەندی سیستەمی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە بێت.

## ب ـ کۆنترۆڵی فکر و تەڤگەر کردن

ناوەندەکانی شەڕی تایبەت بۆ ئەوەی فکری تاک و کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن و لە قازانجی خۆیاندا ئاراستەی بکەن، بیر لەهەر شتێک دەکەنەوە و هەر ڕێ و ڕێبازێکی دژە مرۆیی پەیڕەو دەکەن. سەرەتا رژێم، تاک گیرۆدەی ئەو ئایدۆلۆژییەی کە مەبەستیەتی دەکات و بە تیۆری، ئەفسانە و باوەڕی ساختە فکری کۆنترۆڵ دەکات و لەپێناو ئامانجەکانی خۆی چالاکی دەکات. واتە داگیرکردنی هزر و بێ ئیرادەکردنی مرۆڤ بە پەلەپیتکەی؛

١ ـ هەڵخڕان و هاندان

٢ ـ دیماگۆژی و هەڕەشە

٣ ـ پیلانگێڕی و سۆزی درۆ

٤ ـ تێکەڵ و پێکەڵی و شاردنەوەی ڕاستییەکان

٥ ـ بە بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر و کولتووری فاحشەگەری زەین و هزری کۆمەڵگە کۆنترۆل و لەقازانجی خۆی بە کاری دەبات.

## پ ـ شەڕی دەروونی ـ ئیقناع کردن

لەم مێتۆدەشدا دەسەڵات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە لاواز و پەرتەوازە

بکات، شەڕێکی قووڵی دەروونی لەدژی تاک و لایەنە دژبەرەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. واتا بەو شەڕە پسیکۆلۆژی گەل و کۆمەڵگە تێکدەدات و ترس و تۆقاندن لە زەینی مرۆڤەکان دەچێنێت. تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێتە دۆخێک کە هەمیشە لەناو گومان، دوودڵی و دووڕاییدا بژی. بڕوای بە هێزی گەوهەری خۆی نەمێنێت. بەو شەڕە قەناعەت لەلای تاک درووست دەکات کە توانای خۆڕاگری و تێکۆشانی لەبەرامبەر ئەو شەڕە دەروونییە نییە و قەزا و قەدەرێک کە بۆی دەستنیشان کراوە، خۆی رادەستی بکات و هیچ جووڵەیەک لەپێناو گۆڕانکاری ئەنجام نەدات. بۆیە رژێم هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی لەدژی گەل بە شەڕی دەروونی ئاڵاندووە، ئەو شەڕەش لەپێناو؛

١ ـ بێ مۆڕاڵ کردنی هێز و لایەنەکانی بەرامبەر

٢ ـ مۆڕاڵیزەکردنی لایەنگرانی خۆ لەسەر بنەمای پووچ

٣ ـ پێشخستنی هەستی فەرمانبەری و دەسەڵاتخوازی ناو تاکەکانی کۆمەڵگە

٤ ـ فریودانی جەماوەر

٥ ـ تاک و کۆمەڵگە وا لێبکات کە خزمەتی ئامانج و پیلانێکی دیکەی دوژمن بکات.

٦ ـ تواندنەوە و خۆتواندنەوە لە چاند و فەرهەنگی رەسەنی کۆمەڵگەدا برەو پێ دەدات.

**ت ـ بەکاربردنی زەبر و زەنگ**

رژێم لەشەڕی هیبریدیدا هاوشانی شەڕەکانی دیکە بە مێتۆدی زەبر و زەنگ سیاسەتی بە چۆکداهێنانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر دەسەڵات بەڕێوە دەبات. واتە رژێمی ئێران رژێمی زەبر و زەنگە. کە لێوانلێوە لە توندوتیژی و شەڕانگێزی. بەتایبەت ئەو تاک و کۆمەڵگەیەی کە ئامادە نەبێت زەینی فەتح و داگیر

بکرێت و هەستی ئازادیخوازی و تێکۆشانی درەوشاوە بێت، زیاتر رووبەڕووی زەبر و زەنگ دەبێتەوە. بۆ پێشخستنی ئەو سیاسەتەش ناوەندە سەرکوتکارییەکانی وەک؛

١ ـ ئەرتەش و یەکینەی تایبەت

٢ ـ کودەتای سیاسی و سەربازی

٣ ـ کۆنترا گەریلا

٤ ـ زیندان و ڕێبازی تەسلیم وەرگرتن

٥ ـ بەکرێگیراوی چەکداری لە سوپای پاسدارانەوە تا هێزە سەلەفی و سێبەرەکانی رژێم لە ناوچەکە دادەمەزرێنێت و پاڵپشتیان دەکات و بەتایبەت لەناو بنەماڵەدا کە کۆڵەکەی راگرتنی دەوڵەتە ئەو سیاسەتەی زیاتر لەدژی ژنان وەگەڕخستووە.

## ج ـ ئیستخبارات ـ هەواڵگری

لەم سەردەمەی شەڕدا لەبەر پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا رۆڵ و گرنگی ئیستخبارات زۆر بەرچاوە. ئەگەر هێزێکی شەڕ لەسەر ناوەند و ئامرازەکانی هەواڵگری سەروەر نەبێت، ناتوانێت لە هەموو بوارێکەوە سەروەری و سەرکەوتن لەشەڕدا مسۆگەر بکات. واتە ئەگەر هێزێک لە هەواڵگریدا بەهێز نەبێت لە شەڕی سەربازیشدا لاوازە.

چون شەڕی ئەم سەردەمە بە زۆری لەسەر رەهەندی هەواڵگری – زانیاری بەڕێوە دەچێت. شەڕی هەواڵگریش بە رێ و ڕێبازەکانی ئاشکراکردن، زانیاری کۆکردنەوە، چاودێری و تاقیب کردن پێکدێت. واتە بۆ ئەوەی تاک و کۆمەڵگە بتوانێت بەرەنگاری ئەو شەرە ببێتەوە و پێویستە لەچوارچێوەی کار و باری ژیانی و تێکۆشانی ئازادیخوازانەی لە هەموو کاروبارەکانیدا کەسێکی بە دیسپلین بێت. لە هەر ڕێبازێکی خەباتی نیشتمانی و ئازادیخوازیدا ڕێبازی شاراوەبوون بە بنەما بگرێت. لەبەر

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا پێویستە تەرز و ڕێبازی حەرەکەت کردن و جمووجۆڵە ژیانییەکانی نەکەوێتە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵەوە.

واتە وەزارەتی ئیتلاعات، ئیتلاعاتی سوپای پاسداران و حیفازەتی ئیتلاعات و ڕێکخراوەی بەسیج ئەو ناوەندە سەرەکیانەن کە بە ئامێرەکانی شەڕی هیبریدی کۆمەڵگەیان ڕووبەڕووی بۆردوومانی هەواڵگری کردووەتەوە. لۆژیکێکیان لەناو کۆمەڵگە پەرە پێداوە کە دەوڵەت هەر تاکێکی خستووەتە ژێر چاودێری خۆی و کێ بەرەنگاری دەسەڵات و دەوڵەت ببێتەوە لەلایەن ئەو ناوەندانەوە قۆڵبەست دەکرێت.

ڕژێم ئەم ڕێبازە بۆ؛

١ ـ زیندووهێشتنەوە و بڵاوکردنەوەی خیانەت

٢ ـ بەستنەوەی ئابووری و بیودەسەڵات

٣ ـ پەرەپێدانی بێ باوەڕی ناو کۆمەڵگە

٤ ـ بەکارهێنانی زانیاری و بەڵگەکان لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە کار دەبات.

## ١ ـ پڕۆپاگاندەی هەواڵگری (اطلاعات) یا ڕۆڵی ئیستخبارات لەشەڕی تێکەڵاودا

ڕێبازی پڕۆپاگاندەی ئیستخبارات ـ هەواڵگری چییە و ڕژێم چۆن لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوەی دەبات؟

لە شەڕی تێکەڵاودا ڕۆڵی ئیستخبارات زۆر بەرجەستە کراوەو خەباتی هەرە گرینگ، خەباتی ئیستخباراتییە. چونکە دەرفەتەکانی ئیستخباراتی بۆ هێزە هەژمونگەراکان زۆر بوونە و تەکنۆلۆژیای ڕاگەیاندن و پەیوەندی گرتن بە تەوژمێکی زۆرەوە گەشەی کردووە. ئەوەش لەئاستێکدایە کە دەرفەتی سیخوڕی کردنی تاک و کۆمەڵگە زیاتر بووە و ئاسانتر دەتوانن خۆیان بگەیەننە ئەو کەسانەی کە کردوویانەتە ئامانج.

ئیستخبارات ناوەندی شەڕە. لەشەڕدا هەمیشە ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی دەگێڕێت. شەڕی هەواڵگری ڕێبازی مۆدێرن و سەرتاپاگیری شەڕی هیبریدییە. ئامێر و ناوەندی کۆنترۆڵ و چاودێری تاک و کۆمەڵگەیە. بەم ڕێبازە ڕژێم چاو و گوێی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگە دادەمەزرێنێت تا ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ لە ناو کۆمەڵگەدا پێش بخات.

هەواڵگری دەزگایەکی شاراوەیە کە تایبەتە بە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی لە جێبەجێکردنی سیاسەتی لایەنێکی دژبەر. واتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەوڵەتان و دامەزراوە بیانییەکان، پارت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم جومگەکانی کۆمەڵگە و دەسەڵات لەپێناو بەرگری کردن لەدزەکردنی هەواڵگری دەرەکی کە بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی لایەنێک دەکاتە ئامانج. یان بە واتای قەڵاچۆکردنی هەواڵگری و یان ئاژانسی قەڵاچۆکردنی سیخوڕ، یان هاوبەشی کردنی ئاژانسی قەڵاچۆکردنی هەواڵگری لەکردەی نهێنیدا کە بە شێوەی نهێنی و زۆر شاراوە ئەنجام دەدرێت.

شەڕی زانیاری بەرینترین و بەرفراوانترین شەڕی هیبریدی دەوڵەت، هێز و لایەنەکان لەدژی یەکدی و کۆمەڵگەیە. گەورەترین چەکی شەڕی سەردەمە. مەترسیدارترین و نەرمترین ڕێبازی کوشتنی مرۆڤە. واتە بە ڕوانگەی ڕژێم زانیاری هێزە. هێزیش دەسەڵاتە. بەو پێیە زانیاری لەلای دەسەڵات کەڵەکە کراوە و ڕژێم خۆی بە خودای زانیارییەکانی سەر مرۆڤ و کۆمەڵگە وێنا دەکات. ڕژێم هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ و دەستی بە سەر هەموو بەرهەم و داهێنانەکانی کۆمەڵگەدا گرتووە. زانیارییەکانی گەل و کۆمەڵگەی تاپۆ و قۆرغ کردووە. لەم سەردەمەدا چ لایەنێک خاوەن هێز بێت، سەروەری شەڕ دەکات.

پێشکەوتن و گەشەکردنی زانست و تەکنۆلۆژیا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە شەڕی هەواڵگری هێناوەتە ئاراوە. ئاسانکاری فراوانی بۆ ئەم ڕەهەندەی شەڕ ڕەخساندووە. بەتایبەت لەم سەردەمەی شەڕدا دەرفەتی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری زیاتر لەهەر قۆناخێکی شەڕ گەشەی کردووە. هەر تەکنیکێک لەم سەردەمەدا پێشدەکەوێت لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی هێزە باڵادەست و قازانج ویستەکان پێشدەخرێت. پێشخستنی ئەو تەکنیکانە سەرەتا بە ئامانجی سەروەری خۆیان بۆ سەر کۆمەڵگە، بازاڕ و جوگرافیایە. لەبەرامبەر کۆمەڵگە بۆ ئەوەی سەروەری و دەسەڵاتداری خۆیان بپارێزن و گەل لەژێر کۆنترۆڵی جومگەکانی دەسەڵاتدا رابگرن، پەنایان بردووەتە بەر ڕەهەندی شەڕی هەواڵگری.

سەرەڕای ئەوەی ئامرازە مۆدێرنەکان خراونەتە خزمەتی کۆمەڵگەوە، بە ڕێگەی ئەم ئامێرانەوە هەوڵ دەدەن کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن. واتا شەڕی هەواڵگری لەدژی گەل و کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە دەبەن. بۆ وێنە لەم سەردەمەدا شۆڕشی ئەنتەرنێت بەرپا کراوە. ئەوەش وایکردووە کە هەر تاکێکی کۆمەڵگە سوود لەم ئامێرە تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووە وەربگرێت. بۆیە لەم سەردەمەدا تەلەفۆن و ئەنتەرنێت بووەتە پارچەیەکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ. ئیدی ئامێرێکە کە لە دەستی هەر کەسێکدایە. بۆیە دەزگا هەواڵگرییەکان ئەم دەرفەتە وەک باشترین ڕێبازی شەڕ لەدژی کۆمەڵگە بەکار دەبەن. واتە بە ڕێگەی گوێدارکردنی پەیوەندییەکان و کۆنترۆڵ کردنەوە چاودێری مرۆڤ دەکەن. بۆیە داگیرکەرانی کوردستان ئەم ئامێرەیان وەک دەرفەتێکی زێڕین بۆ سەرکوت، چەوسانەوە، کۆنترۆڵ و تەسلیم وەرگرتنی گەل و کۆمەڵگە بەکار هێناوە. واتە هەوڵیان داوە بە ڕێگەی ئەم تەکنۆلۆژیایەوە خۆیان بگەیەننە هەر کەسێک و بە هەڕەشەو

گورەشە، بە بەڵێنی بێ بنەما کۆمەڵگەیەکی سیخوڕ درووست بکەن. داوا لە تاکەکان دەکەن کە هاوکاری هەواڵگرییان بکەن. بۆیە بە پێی پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا دەیانەوێت سوپای سیخوڕی مەجازی دابمەزرێنن. لەهەمانکاتدا وەک دەرفەتێک بۆ دارمانی شیرازەی کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی بێ ئەخلاقی سوودیان لێ وەرگرتووە. سەرەڕای ئەو هەوڵدانەش نەیانتوانیوە ناسنامەی سیخوڕی بەو تەکنۆلۆژیایە ببەخشن. لێگەڕینیان بۆ تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووتر درووست بووە. بە داهێنانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و درۆن، سیستەمی سیخوڕی و چاودێری تێپەڕی قۆناخێکی پێشکەوتووتر بووە. چون فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و درۆن ئەرکی سەرەکی هەواڵگرییە. واتە زانیاری کۆدەکاتەوە و کۆردیناتی ئامانج دیار دەکات و بە پێی ئەوە ئامانجی دیارکراو بۆردوومان دەکات.

لەو پێناوەدا شەڕی ئیستخبارات ـ هەواڵگری بەو رێکخراو و کارە دەگوترێ کە بە هەر جۆرە کار و خەباتی کۆکردنەوەی هەواڵ، پاراستن و بە کاربردنیەوە سەرقاڵە. لەو پێناوەدا ئیسرائیل زانیارییەکی هەواڵگری وردی لەسەر جومگەکانی دەسەڵات کۆکردوەتەوە و زۆر بە ئاسانی توانی بەرپرسە سەرەکیەکانی سوپای پاسداران و دەزگا ئەمنی و زانا ئەتۆمیەکان بکوژێت، واتە لە شەڕی ئیسرائیل و ئێراندا هەواڵگری رۆڵێکی سەرەکی و بنەڕەتی گێڕاوە.

رژێم بە رێگەی سێ سەرچاوەی هەواڵدەری ئیستخبارات (زانیاری) شەڕی هەواڵگری لەسەر گەل و کۆمەڵگە و دژبەرانی بەڕێوە دەبات کە بریتین لە:

١ ـ سەرچاوەی کراوە ـ باز

٢ ـ سەرچاوەی نیوە کراوە ـ نیم باز

### ٣ ـ سەرچاوەی بەستراو ـ بەستە

بەو پێیە رژێمی ئێران رژێمی ئیستخباراتییە. چون هەر کار و چالاکییەکی لەدژی گەلان لەو چوارچێوەدا بەڕێوە دەبات. تایبەت مێتۆد و هونەری ئەم ڕێبازە شەڕە لەوەدایە کە ئەو شتانەی لەلایەن بەرامبەرەوە داخراوە، بکرێتەوە. بۆیە ئەوەش فێڵ و تەڵەکەبازی دەوێت. لەسەر ئەم بنەمایە بەم شەڕە، شەڕی فێڵبازیش دەگوترێت. ئەوەش وەک هونەرێک لەلایەن رژێمەوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەکار دەبرێت. ئەم شەڕەش بە ڕێبازەکانی سیخوڕی، دزە پێکردن، دێز ئەنفۆرماسیۆن (بڵاو کردنەوەی زانیاری هەڵە)، فریودان، ئاراستە کردن، تێکشکاندنی ئیرادەی شۆڕشگێڕەکان، تەسلیم گرتنی گرووپێک یان درووست کردنی بێ باوەڕی لەبەرامبەری، بەڵێن و سۆز پێدانی بێ بنەما، تاکتیکی پۆلیسی باش و پۆلیسی خراو، شەڕی دەروونی و تێکەڵاو سەرجەمیان کار و خەباتی ئیستخباراتی شەڕن کە رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوەی دەبات. واتە ئەو ڕێبازانە لەهەر گۆڕەپانێک بە گوێرەی شەرت و مەرجی مەکان و زەمان لە قازانجی رژێم دەخەملێنرێت و کۆمەڵگەی پێ ژەهراوی دەکەن.

ئێستا رژێمی ئێران بەو لۆژیکە لەناو شەڕێکی نابەرامبەر و لاسەنگە لەدژی کۆمەڵگە. رژێم بە شەڕی هەواڵگری ـ زانیاری کۆمەڵگە کۆنترۆڵ و ئاراستە دەکات. هاوکات کۆمەڵگە لە زانیاری دادەماڵێت و بە زانیاری فووتێکراوی خۆی پڕچەکی دەکات و کۆمەڵگەی پێ دادەمرکێنێت. رژێم لەم شەڕەدا بە ڕێگەی تۆڕ و دامەزراوەکانیەوە زانیارییەکانی گەل و کۆمەڵگە زەوت و حەپەلووش دەکات. خۆی بە خاوەن زانیاری و سەروەری بە سەر هەر زانیارییەک کە عایدی کۆمەڵگەدا بێت، وێنا دەکات. لەبنەڕەتدا رژێم چەواشەکاری و پاوان کردن لە زانیاریدا ئەنجام

دەدات. زانیارییەکان بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لە شاشە بریقەدارەکانیەوە بە نمایش دەدات. بۆیە رژێم لە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەیەوێت بە چەکی چەواشەکاری و لەخشتەچوون، گەل پەلکێشی ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتی بکات و ناوەڕۆکی بابەت و رووداوەکان بە گوێرەی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستە و بەربڵاو بکات.

رژێم بۆ ئەوەی لە شەڕی هەواڵگریدا هەژمونی خۆی بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت بەم چەند رێبازەی خوارەوە شەڕی هەواڵگری پتەو، قایم و ئاسایی لەدژی گەل و کۆمەڵگە ئەنجام دەدات کە بریتین لە:

١ ـ بەکارهێنانی سەرچاوەی زانیاری بەردەست بۆ چاودێری، کۆنترۆڵ و پووچەڵ کردنەوەی ئەو چالاکییانەی کە بەرژەوەندییەکانی رژێم دەخاتە ژێر مەترسییەوە. ئەوەش بە رێگەی سیخوڕ و تەکنیکەوە مسۆگەر دەکات.

٢ ـ دڵنیابوونەوە لە باش رێکخستن کردن و لایەنداری سیخوڕ و مۆرەکانی لە دام و دەزگا هەواڵگرییەکان. هەرچەند کە رژێم ئەمڕۆ لەکوردستان متمانەشی بە تۆڕە سیخوڕییەکانی خۆیشی نەماوە و بەردەوام بە گومان و دوودڵی مامەڵەیان لەگەڵ دەکات. بۆیە لەناو کۆمەڵگە و ناو دەزگەی دەوڵەتیشدا سووک و چرووک کراون.

٣ ـ هاوکاری و پێکەوە کارکردن لەگەڵ دام و دەزگا هەواڵگری و قڕکەرەکانی دەوڵەتانی دیکەی ناوچەکە تایبەت تورکیا، عێراق و وڵاتانی دیکەی جیهان. ئەوەش بە مەبەستی گۆڕینەوەی زانیاری و دەستکەوتی کاری گرنگ و بەشداری لەکۆنسێپتی هاوبەشی هەواڵگری کە لە چوارچێوەی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی هەواڵگری بەڕێوە دەچێت. ئەو ئۆپەراسیۆنەش لەژێر ناوی بە

دیهێنانی ئاسایشی نەتەوەیی و پاراستنی یەکپارچەیی خاک و سڕینەوەی هەڕەشەی تیرۆر و بەرقەراری ئاسایشی سنوور ئەنجام دەدرێت. ئەم پیلانە هاوبەشەش بە مەبەستی پووچەڵ کردنەوەی جووڵە و شەپۆلی نارەزایەتی و تێکۆشانی رەوای گەل و پاکتاوکردنی لایەنی دژبەری خۆی بەڕێوە دەبات. نموونەی ئەو هاوکاری و پێکەوە کارکردنە لەنێوان دەوڵەتانی تورکیا، ئێران و عێراق لەدژی گەلی کورد و تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد زۆرن و تا بە ئەمڕۆش ئەو هاوکاریانە بەردەوامن. سەرەڕای ئەو ناکۆکییە قووڵەی کە لەنێوان لایەنەکان لەئارادایە، هاوکاری و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی ئەو هێزە داگیرکەرانەی کوردستان لەدژی گەلی کورد رانەگیراوە. تا ئێستا لەسەر زانیاری پێدانی رژێمی ئێران بە تورکیا بە دەیان جار بنکە و بارەگاکانی پەژاک لە پێنجوێن و ئاسۆس کراونەتە ئامانجی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگی و بێ فڕۆکەوانەکانی دەوڵەتی تورکیا کە لە ئەنجامدا بە دەیان گەریلا و هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون. ئەگەر هاوکاری و پێکەوە کارکردنی تورکیا، ئێران، عێراق، پەدەکە و چەند لایەنی دیکە نەبێت، دەوڵەتی تورکیا چۆن دەتوانێت ناوچەیەکی وەک ئاسۆس و پێنجوێن کە نزیکەی ٢٠٠ کیلۆمەتر لە سنوورەکانی خۆی دوورە، بۆردوومان بکات و بەو شێوەیە سنوورەکانی باشووری کوردستان ببەزێنێت.

٤ ـ رۆشنبیری ئاسایشی نێوان هێز و تاقمە چەکدارەکان و سەرجەم ناوەند و دەزگا دەوڵەتییەکان، بەو مەبەستەی هەر ناوەندێک وەرچەرخێنێتە ناوەندی هەواڵگری رژێم. چون ئەو ناوەندە هەواڵگرییانە دەبنە چاو و گوێی دەسەڵاتدارانی رژێم. بۆیە رژێم چەندێک چاو و گوێی لەناو کۆمەڵگە زیاد بکات، ئەوەندە سەروەری لەسەر کۆمەڵگە درووست دەبێ و مەترسی و هەڕەشەکانی سەر خۆشی کەم دەکاتەوە.

٥ ـ لە هەموو جومگەکانی دەسەڵات راهێنانی هەواڵگری ئەنجام دەدات. واتە رژێم دەیەوێت هەر تاک و ناوەندێکی کۆمەڵگە ببێتە ناوەندێکی هەواڵگری بۆ رژێم کە بەرگری لەبەرژەوەندییەکانی رژێم بکات. ئەوەش لەلایەن تۆڕەکانی هەواڵگرییەوە لەچوارچێوەی سەرپەرشتی کردن، دانانی پلان و جێبەجێکردنی زانیارییە هەواڵگرییەکان لەناو کۆمەڵگە برەوی پێ دەدرێت.

٦ ـ رژێم لەژێر ناوی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش بۆ قەڵاچۆکردنی تاوان بە تایبەت قەڵاچۆکردنی ماددەی هۆشبەر شەڕی هەواڵگری لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. هەڵبەت ئەو شەڕەش بۆ رەوایەت دان بە شەڕی هەواڵگری و ئاسایی کردنەوەی ئەو رێبازە شەڕە لەناو کۆمەڵگە بەکار دەبات. چون بڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر لە چوارچێوەی شەڕی هەواڵگری رژێم لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبرێ و ئەوەش بۆ خۆی پیلانێکی بەرنامە بۆدارێژراوی رژێمە کە لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبرێت.

## ٢ ـ فاکتەری کودەتای سیاسی و هەوڵە دیپلۆماسییەکان لەشەڕی تێکەڵاودا

رژێم بە کودەتای سیاسی هەوڵ دەدات کە دوو گۆڕەپانی سیاسەت و ئەخلاق لەکۆمەڵگە زەوت بکات. زەوت کردنی ئەوەش بە واتای ئەوە دێت کە کۆمەڵگە ناتوانێ هەبوونی خۆی درێژە پێ بدات. چون رۆڵی سەرەکی ئەخلاق، هێزی بەردەوام کردنی کۆمەڵگەیەکە. رژێمی ئێران بە هێز و زەبری دەزگا سەرکوتکار و داپڵۆسێنەرەکانی زۆربەی سیاسەتمەدارانی کورد، میدیاکاران، ژینگەپارێزان، چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکە کۆمەڵایەتییەکان، چالاکانی ژن، مامۆستایان و پێشەنگانی گەلیان بە تۆمەتی ناڕەوا و دوور لە راستییەوە زیندانی کردووە و

دەکات. ڕژێم بەو سیاسەتەی لەدژی گەلی کورد دەرفەتی کار و خەباتی سیاسی لەبار بردووە. کۆمەڵگەی تووشی بێ سیاسەتی کردووە. سیاسەت بووەتە ئەو گۆڕەپانەی کە کۆمەڵگە خۆی لەقەرەی نادات. چون سیاسەت تەنیا عایدی دەسەڵات کراوە و لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری تۆڕەکانی دەسەڵات بەڕێوە دەچێت. تەنانەت لە قامووسی دەسەڵاتدا جێگەیەک بۆ سیاسەت کردنی گەل و کۆمەڵگە تەرخان نەکراوە. واتە ڕژێم هونەری سیاسەت کردنی لەکۆمەڵگە زەوت کردووە. کۆمەڵگەیەکیش لە مافی خۆبەڕێوەبەری و خۆپاراستن و سیاسەت کردن بێبەری بکرێت، وەرگەڕاوەتە کۆمەڵگەیەکی بێ هونەر و بێ سیاسەت. لەو حاڵەشدا کۆمەڵگە بەرەو لێواری هەڵوەشانەوە و داڕمان دەڕوات.

ریشەی ئەو پەرەپێدان و تێگەیشتنەش دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی و کاراکتەری سیستەمی خوسرەوانی ئێران. واتا سیاسەت بە دەربارەوە سنووردار کراوە. دەرباریش کۆڵەکەی سەرەکی دەسپۆتیزمی ئێرانییە. چون سەرجەم ئەو گرووپ و لایەنانەی کە لەناو ئەو سیستەمەدا جێ دەگرن دەسەڵات و سیاسەتیان تاپۆی خۆیان کردووە و تا بە ئەمڕۆ ئەو ڕێچکەیە لەناو تۆڕەکانی دەسەڵاتدا بەردەوامە. بۆیە لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیشدا سیاسەت تایبەت کراوە بە کەسانی خۆمانی (خودی). ئەوەی بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم نەجووڵێتەوە و گوێڕایەڵی دەستە و تاقمەکانی دەسەڵات نەبێت بە ناخۆمانی (غیرخودی) لەقەڵەم دەدرێت. واتە گەلی کورد گەلێکی ناخۆمانی لە جوگرافیای ئێرانە کە بە تەواوی لەگۆڕەپانی سیاسەت پەراوێز خراوە و بەو پێیە لە ریزبەندی نەیارانی ڕژێمدا دانراوە.

دوابەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەت دوای دەوڵەتی کاتی، سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیر و هەموو وەزیرەکان لە

خۆمانییەکانی (خودی) ولایەتی فەقیە پێکهاتبوون. ئەو ڕێچکە و میراتەیەش تا بە ئەمڕۆ لەناو تۆڕەکانی دەسەڵاتدا وەک خۆی ماوەتەوە و تەنانەت چڕتر و تۆختریش کراوە. واتە ئەو ڕوانگەیە لەناو هەموو جومگەکانی دەسەڵات سەروەرە. ڕژێم چ بەرپرسێک بۆ کارێک ئەرکدار دەکات پێویستە لەسەر ڕوانگە و فیلتەری خۆمانی بوون تێپەڕ ببێت. بابەتی لەبێژنگدان(گزینش) بۆ بەشداری کردن لە پڕۆسەکانی هەڵبژاردن لەهەمان سەرچاوە ئاو دەخواتەوە.

ڕژێم بە پێی ئەو ڕوانگەیە دەرفەت بە گەشەدانی سیاسەتی دیموکراتیک لەناوخۆی ئێران نادات. سیاسەت بووەتە ئەو بەرگەی کە تەنیا بە قەلافەتی ڕژێم دەخوات!. بووەتە موڵکی دەسەڵات کە گەل و کۆمەڵگەی لێ بێ بەری کراون. واتە دەرفەتی ئازادی لە تاک و کۆمەڵگە بە یەکجارەکی زەوت کراوە. ڕێبەر ئاپۆ لەو پێناوەدا دەڵێت: «**بۆ ئەوەی سیاسەت بکرێت، پێویستە مرۆڤ ئازاد بێت**». ئەو پەیامە ئەوەمان پێدەڵێت کە گەلی کورد پێویستی بە ئازادبوون هەیە. واتە دەرفەتی یاسایی و حقوقی لەناو وڵاتدا بۆ بڕەخسێت و دان بە ماف و هەبوونی بدرێت تا بتوانێت بەشداری هەمەلایەنەی لەبەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگەدا بکات. بەڵام بە پێچەوانەوە جیا لەوەی کە ئازادی بۆ گەلی کورد بڤە کراوە، گۆڕەپانی سیاسەتیشی لێ قەدەغە کراوە. هاوکات تووشی سیاسەت زەدەیی بووە. لە بەشداری کردن و نزیک بوونەوە لەو گۆڕەپانە خۆف و ترسی لەلا درووست بووە. واتە ڕژێم وای کردووە کە گەل سام و ترسیان لە ئازادی و دیموکراسی هەبێت. لەکاتێکدا کۆمەڵگەیەکی سیاسی کۆمەڵگەیەکی بە ئەخلاق، هۆشیار و ڕێکخستن کراوە. کۆمەڵگەیەکی بەرهەمدار و دیموکراتیکە. ئەو کۆمەڵگەش پێگەی دەسەڵات و دەوڵەت لاواز دەکات، بۆیە ڕژێم کۆسپ و تەگەرەی

لەبەردەمدا دادەنێت و لێ زارەترەک بووە.

ڕێبەر ئاپۆ جارێکی دیکە ئەم بۆچوونەی لە ٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی ـ (٢٣ی ئوکتۆبەری ٢٠٢٤) لەکاتی دیداری لەگەڵ عومەر ئۆجەلان برازای خۆی هێنایە زمان و ڕایگەیاند: **«ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێت، هێزی تیۆری و پراکتیکی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە رابکێشم بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی»**. هەڵبەت ئەگەر مەرجی گۆشەگیری لەسەر ڕێبەر ئاپۆ نەهێڵرێت و دەرفەتی پەیوەندیکردنی بۆ بڕەخسێت، دەتوانێت ڕۆڵی مێژوویی بگێڕێت. ئەمە لەبنەڕەتدا تێکشکاندنی زیهنیەتی بەستەڵەک کراوی نەیارانی گەلەکەمانە کە تا بە ئەمڕۆ گەلی کوردیان لەگۆڕەپانی سیاسەت دوورخستووەتەوە. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ بە جوانی ئەو بابەتەی ورژاندووە کە گەلی کورد ئەگەر دەرفەتی یاسایی و سیاسی لەناو کۆمەڵگەدا بۆ بڕەخسێت، بە جێگەی گەشەدانی زەمینەی پێکدادان و توندوتیژی، دەتوانێت زەمینەی سیاسەتی دیموکراتی برەو پێ بدات. چون ڕێبەر ئاپۆ پێداگرە لەسەر ئەوەی کە زەمینەی توندوتیژی بۆ زەمینەی یاسایی و سیاسەت بگۆڕێت.

هەڵبەت ئەم بۆچوونەش ڕاستەڕاست ئێرانیش دەگرێتە ناوخۆ و پێویستە ڕژێم لە هەر ئەگەرێکی کە لەپێشیدایە دەرفەت و زەمینەی سیاسەتی دیموکراتیک بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ئاوەڵا بکات، تا بە جێگەی زمانی چەک و توندوتیژی زمانی سیاسەتی دیموکراتیک قسە بکات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لە پەیامی ٨ی ئاداری ٢٠٢٥ واتە ١٨ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی ڕایگەیاند: **«رۆحی ئەم سەردەمە، سیاسەتی دیموکراتیکە، زمانی ئەم سەردەمە، زمانی ئاشتییە»**. بەو پێیە سەدەی ٢١ کە بە سەدەی ئازادی ژن ناو لێنراوە، هاوکات سەدەی پێکەوە ژیان، سیاسەتی دیموکراتیک، سوسیالیزمی دیموکراتیک و نەتەوەی

دیموکراتیکیشە. بۆ دەستەبەربوونی ئەم دۆخە پێویستی بە زەمان و خیتابەتێکی ئاشتییانە هەیە کە پێداویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدی دێنێت و دەرفەت بۆ سیاسەتی دیموکراتیک دەڕەخسێنێت.

ڕژێم هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت جوان و ژن و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی وەک کورد، عەرەب، بەلووچ، مازەنی و تورکی ئازەربایجانی و ... هتد لە سیاسەت بێ بەش کردووە. لە قامووسی دەسەڵاتی ئێران سیاسەت یەکسان کراوە لەگەڵ تیرۆر و شەڕ لەدژی خودا. لەژێر ئەو پێناسەیەدا کەسی تۆمەتبارکراو بە سزای بەغی[1] مەحکووم دەکرێت. ئەم لۆژیکە وای کردووە کە سیاسەت تەنیا کاری دەسەڵات ببینرێت و نابێ گەل دەستێوەردانی کاری دەسەڵات کە سیاسەت کردنە بکات. ئەمەش وای کردووە کە ڕژێم کۆمەڵگە ڕووبەڕووی قڕکردنی سیاسی و کولتووری بکاتەوە. بۆ وێنە گەلی کورد بۆی نییە کە خاوەن هێزێکی سیاسی بێت و بۆ چارەنووسی خۆی تێکۆشانی ڕەوا بەڕێوە ببات. یان لەرێگەی ڕێکخستن یان پارتێکەوە کۆمەڵگە بە ڕێکخستن بکات. ئەو دەرفەتەش کە ئەمڕۆ ڕژێم بانگەشەی لەسەر دەکات، ئەو ژمارە زۆرەی پارت و لایەنی سیاسی کە لەناوخۆی ئێراندان، لە ئاستێکی زۆر بچووکدا مافی سیاسەت کردنیان پێدراوە کە نەبنە هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ڕژێم. یان لەلایەکی دیکەوە گرێدراوی ڕژێم کراون و لە پەراوێزەوە گەلانی ناڕازی لە قازانجی دەسەڵات هێوەر و ئاراستەی بەرژەوەندییەکانی ڕژێم دەکەن. لە ڕوانگەی

---

١. بە پێی پێناسەی ڕژێم بە واتای ڕاپەڕینی چەکداری لە بەرامبەر «حکومەتی ئیسلامی» دێت. لە ڕژێمی ئێراندا لە ڕیزی تۆمەتە سیاسی - ئەمنییەکانە کە بە پێی ماددەکانی ٢٨٨ و ٢٨٧ی یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامی، سزاکەی دەشێت لە زیندانی کردنەوە هەتا لە سێدارەدان بگرێتەوە.

ڕژێم ئەوەی بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە کە لەئێران کێشەیەک بە ناوی کێشەی گەلان، ژنان، دیموکراسی و ماف و ئازادییەکان بوونی نییە.

لەهەمان کاتدا ڕژێم لە چوارچێوەی قڕکردنی سیاسی ناوی کۆڵانەکان، شەقامەکان، مەیدانەکان، گوندەکان، شارۆچکەکان، پارێزگاکان و تەنانەت ناوی شاخ، دەشت و مرۆڤەکانیش بە گوێرەی فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە دادەنێت و لە شووناسی نەتەوەیی و نیشتمانی دایاندەماڵێت و تەنانەت ئیرادەی گەل لەدانان و دیارکردنی ئەو بابەتە ژیانییانەی کۆمەڵگە پێشێل دەکرێت. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە ڕژێم دان بە شووناسی ئازادی گەلاندا نانێت. لەگۆڕەپانی سیاسەت وەدەری ناون. گەلی بێ ئیختیار کردووە و لەناو گەردەلوولی چارەنووسدا سەرگەردان و تاساندوونی.

بە پێی کودەتای سیاسی ڕژێم لەدژی گەلان لە هەموو بوارەکانی تەندروستی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، میدیا و پڕوپاگەندە، تواندنەوە، شەڕێکی تایبەت لەدژی ناسنامە و فەرهەنگ و باوەڕییە جیاوازەکان بەڕێوە دەبردرێت. بۆیە لە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا مافی بەشداری سیاسی و خۆبەڕێوەبردنی دیموکراتیک بە گەلانی تر نادرێت. چون بەڕێوەبردن کاری دەوڵەت و دەسەڵاتە و کۆمەڵگەش هەبوونێکی بەڕێوەبراوە. بۆیە لەسەر ئەو لۆژیکە گەلی کورد خراونەتە ناوەندی هێرش و پەلامارەکانەوە. بەو پێیە لە بواری نەتەوەیی، فەرهەنگی و ئاینییەوە ڕووبەڕووی سیاسەتی هەڵاواردن، دوورخستنەوە، لۆمەکردن، ڕەشەکوژی و قڕکردن بووەتەوە.

دەسەڵاتی سیاسی ڕژێم لە لیتەراتۆر و زیهنیەتی خۆیدا ناکۆکیەکی یەکجار زۆری لەگەڵ کولتووری دەوڵەمەند و فرەڕەنگی گەلان و ئەتنیسیتەکانی ئێران هەیە. ئەمەش بووەتە

هۆی قووڵ کردنەوەی ناکۆکی و قەیرانی گەورە لەکۆمەڵگەی ئێراندا. سەرەڕای قۆرخکاری سیاسەت و بێ بەشکردنی گەل لە سیاسەت دەوڵەتی ناوەندی، بەردەوام ڕێبازی سەرکوتکاری و چەوساندنەوەی لەبەرامبەر داخوازی ڕەوای گەلان کە پەرەپێدانی سیاسەتی دیموکراتیکە پەیڕەو کردووە. گەلانی ئێرانی بە وزەیەکی مەترسیدار و جیاوازخواز لەقەڵەم داوە. بەو پێیە سیاسەتی ئاسایشی و سەرکوتکاری لەدژی گەلی کورد داسەپاندووە. بۆیە ڕژێم لەبەرامبەر گەلان و ناسنامەکانی تر لە ئێراندا بە ڕێگەی دەوڵەت – نەتەوە، بۆچوون و ڕوانگەی ئاسایشی و بانگەشەی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەسەریان فەرز دەکات. بەو شێوەیە کودەتای سیاسی لەدژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران ئەنجام دەدات.

لەجێگەیەکدا سیاسەت کۆتایی پێدێت، کە بونیادەکانی دەسەڵات و دەوڵەت سەرهەڵدەدەن. واتا دەسەڵات و دەوڵەتی ئێران ئێستا لەجێگەیەکدا سەروەر دەبن کە گوتەی سیاسی کۆتایی پێ هێنراوە. بۆیە لەڕوانگەی ڕژێم سیاسەت لەکوردستان لەگۆڕ نراوە. لەگۆڕنانی سیاسەتیش بۆ گەل بە واتەی ون بوونی ئازادییە. ئەو ئازادییەی کە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە سەرهەڵدەدات، لەلایەن ڕژێمەوە دامرکێندراوە. لەو پێناوەدا گەلی کورد و گەلانی ئێران هونەری ڕاستەقینەی ئازادبوون لەگەشەدانی سیاسەتی دیموکراتیکدا پێناسە دەکەن. ڕێبەر ئاپۆ سیاسەتی دیموکراتیک بە قوتابخانەی ڕاستەقینەی ژیاندن و فێربوونی ئازادی پێناسە کردووە. واتە تا سیاسەتی دیموکراتییانە لە ئێران گەشە نەکات هیچ گەل و کۆمەڵگەیەک سیاسی نابێت و ئازادی دەستەبەر ناکات.

لەبەردەوامی کودەتای سیاسی ڕژێم لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئێران دام و دەزگاکانی ڕژێم لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە

ڕێگری لە چالاکانی سیاسی، جەماوەری و مەدەنی دەگرێت و بەربەستی توندی بۆ داناوە. سیاسەتی ئەشکەنجە، گرتن، دەستبەسەر کردن و لەسێدارەدان تا دەڕوات لە هەڵکشاندایە. ڕژێم مەجالی ئەوە نادات کە لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا گەل نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت. بە دانانی قائیم مەقام (فەرمانداری) و پارێزگاری خۆمانی (خودی) لەلایەن دەسەڵاتەوە کۆمەڵگە لە سیاسەت پەراوێز دەخات. تەنانەت ئەوەش لە دەستووری بنچینەیی بە جێ کراوە و کورد لە بەشداری و وەرگرتن لە پۆستە کلیدییەکانی وەک سەرۆک کۆمار و وەزیری دەرەوە و ... هتد بێ بەش کراوە. چون لۆژیکی شوانە و شوان مێگەلەکەی دەپارێزێت لەروانگەی دەسەڵاتی سەروەرەوە.

هەڵبەت ئەو ناوەندە تایبەتەی لە ئێران دیاردەی سیاسەت کوژی و هونەرکوژی بەڕێوە دەبات، سوپای پاسدارانە. چون روانگەی رژێم بۆ گەلی کورد روانگەیەکی دوژمن کارانەیە. گەلی کورد بە دوژمنی سەرەکی رژێمی ولایەتی فەقیە پێناسە دەکات. ناوەندی جێبەجێکاری ئەو روانگەش بە ئەستۆی سوپای پاسداران سپێردراوە. ئەو سوپایەش بە پێی ئەم ئایەتە قورئانیە ئەرکەکانی لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بە جێ دەهێنێت. ئەو ئایەتەش بەم شێوەیە؛ «واعدو الهم ما استطعتم من قوه» بە واتای هەر هێزێکتان لە تواناداییە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوانە (دوژمنانە) وەگەڕی بخەن. مەبەست ئەوانە لێرەدا گەلی کورد، بەلووچ و عەرەب و ... هتدە. بۆیە ئەو سوپایە لە ئەمڕۆدا لە چوارچێوەی شەڕی هیبریدی چ هێز و دەرفەتێکی لەبەردەستدایە لەدژی گەلی کورد و گەلانی دیکە بەکاری بردووە. بە پێی ئەرکێکی بۆی دیار کراوە کە پاراستنی گشتی ئاسایش و ئارامی ئێرانیان بە ئەستۆیە و لەدژی تیرۆر شەڕ دەکەن. ئەو دوو ئەرکەیان بە پێی راستی کۆمەڵایەتی گەلی

کورد بۆ دیار کراوە و کوردستانیان کردووەتە ناوەندی شەڕ و ململانێکانیان. ئەوەش وای کردووە کە میلیتاریزم[2] باڵ بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا بکێشێت. واتە دژوارترین هێزی ڕێکخراوەیی ڕژێم و دەسەڵات باڵ بە سەر کۆمەڵگەدا بکێشێت. ئەوەش تاکە دەزگایەکە کە هەرە زۆر کۆمەڵگەی ئێرانی خستووەتە ناو قەفەس و ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە. چ کاتێک بەرژەوەندییەکانی لەمەترسیدا بووبن کودەتای ناڕەسمی لەدژی گەل پەیڕەو کردووە. وێنەی دیاری ئەوەش هاتنە سەر دەسەڵاتی زۆرەملێی مەحموود ئەحمەدی نەژاد[3] لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٩٢ی هەتاوی کە بە شەشەمین سەرۆک کۆماری ئێران دادەنرێت. سەرەڕای هەڵنەبژاردنی لەلایەن گەلەوە بە کودەتایەکی ناڕەسمی ویلایەتی فەقیە و بە هێزی سوپای پاسداران کرایە سەرۆک کۆمار. ئەم سوپایەش ئیدی بە یەکێک لەگەورەترین دام و دەزگاکانی دژبەری ئازادی و دیموکراسی و سیاسەتی دیموکراتیک ناو دەردەکات.

ڕژێم بە هێرش بردنە سەر گەریلا و پێشمەرگە و شەهید کردنی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد قەیوم بە سەر شووناسی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەل دادەنێت. لەکوردستان شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانی کوردستان تیرۆریزە و شەهید دەخات و بەکرێگیراو و جاشەکان ڕەوا و دەرفەتی سیاسەتی چەپەڵیان بۆ خۆش دەکات. بەو سیاسەتە ڕژێم هەر جۆرە دەرفەتی خەباتی سیاسی بەرەو ڕووی گەلی کورد دادەخات. لەبەرامبەریشدا هەموو ناوەندە سیاسییەکانی خستووەتە خزمەتی شەڕ و ئاژاوەگێڕی و لەو لاشەوە پرس و ڕا لەسەر هۆکاری چەک هەڵگرتنی گەلی

٢. حکوومەتێک لەسەر بنەمای باڵادەستی هێز و دەسەڵاتی نیزامی دامەزرابێت.

٣. لەدەیەی شەستدا فەرماندراری ماکۆ و خۆی بووە. لە ساڵی ١٣٧٢بۆ ماوەی ٤ ساڵ وەک یەکەمین پارێزگاری ئەردەبێل دەستنیشان کراوە. لە ساڵی ١٣٨٤ تا ١٣٩٢ شەشەمین سەرۆک کۆماری ئێران بووە. بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ١٣٩٦ - ١٤٠٠ بووەتە پاڵێوراو، بەڵام شیاو بوونی لەلایەن شۆرای نیگەهبانەوە ڕەد کراوەتەوە.

کورد درووست دەکات و لەبناخەی کێشە و گرفتەکان خۆی دەدزێتەوە.

بۆ پاکتاوکردنی گەلی کورد رژێم هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان سەفەربەر کردووە. شێوازی هاوڕوانگەییان بۆ پارچەکردن و پاکتاوکردنی گەلی کورد و کوردستان بابەتەکەی زیاتر قووڵ کردووەتەوە. دوابەدوای کوشتنی گوماناوی ئیبراهیم رەئیسی[٤] لە ساڵی ١٤٠٣ی هەتاویدا مەسعود پزیشکیانیان[٥] کردە نۆهەمین سەرۆک کۆماری ئێران. بۆ پەلکێش کردنی گەل بۆ سەر سنووقەکانی دەنگدان ناسنامەی ساختەی کوردبوون و قسەکردن بە کوردییان بۆ پزشکیان بەرز کردەوە. رژێم ویستی بە کۆمەڵێک درووشم و قسەی بریقەدار ئاشتەوایی لەناو گەل و کۆمەڵگەدا درووست بکاتەوە. بۆیە پزیشکیان بە دروشمی وفاقی میللی (یەکگرتنەوەی نیشتمانی) هاتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە. هەرچەند پزیشکیان بە هەندێک هەنگاو دەیەوێت ئاڵوگۆڕ و کرانەوە لەکردار و گوتاری دەسەڵاتدا ئەنجام بدات. بەڵام کۆی ئاڵوگۆڕیەکان جارێکی دیکە

٤. یەکێک لە ئەندامانی دەستەی مەرگ لە دەیەی شەستەکاندا بووە. لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ساڵی ١٣٩٦ پاڵێوراوی سەرەکی نەریتخوازەکان بووە کە لەبەرامبەر حەسەن رۆحانی شکستی خواردووە. لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ١٤٠٠دا وەک سەرۆک کۆمار دەستنیشان کراوە. لەسەردەمی سەرۆک کۆماری ئەودا نارەزایەتییە جەماوەرییەکان رووی لە هەڵکشان کرد. تایبەت هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی ساڵی ١٤٠١کە بووە هۆکاری گرژی و ئاڵۆزی لەپەیوەندی دەرەوەی ئێران، سەپاندنی گەمارۆی نوێ و راگرتنی رێکەوتننامەی بەرجام. لە ٣٠ی بانەمەڕی ٢٧٢٤ی کوردی، رەئیسی لەکاتی گەڕانەوەی لە ئازەربایجان بە رووداوێکی گوماناوی لەبەر کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەر کوژراوە.

٥. لەدایکبووی شاری مهاباد و بە رەچەڵەک تورکی ئازەربایجانییە. لە دەوڵەتی هەشتەمدا وەزیری تەندروستی بووە. لە ٨ی پووشپەڕی ساڵی ٢٧٢٤ی کوردی بووەتە بەربژێری هەڵبژاردنی خولی چواردەهەمی سەرۆک کۆماری، کە بە کەمترین رێژەی بەشداری هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری تۆمار کراوە و هەڵبژاردن کەوتووەتە تۆری دووهەم کە لە ١٥ی پووشپەڕ بۆ نۆهەمین سەرۆک کۆمار دەستنیشان کراوە.

بە پێی بەرژوەندی و سیاسەتی دەوڵەت و رژێمەوە بەڕێوە براوە. واتا لەژێر ناوی گەل، گەرای دەوڵەت و دەسەڵات لەناو جومگەکانی کۆمەڵگە بەجێ دەکرێت. ئەو دیپلۆماسییەی پزیشکیان بۆ ئاشتەوایی گەلان و نەتەوەکانی ئێران برەوی پێدا، دیپلۆماسیەتێک بوو کە لەپێناو سەروەری و هەژمونی دەسەڵاتدا پێشخراوە. سەرەڕای ئەو هەوڵدان و هەنگاوانەش شاهیدی ئەوەین کە دان بە ئیرادەی ئازادی گەل و نوێنەرانی راستەقینەی گەلدا نەنراوە. چون هەنگاوەکانی هیچ گەرەنتی یاسایی‌یان نییە.

لەکاتێکدا گەلی کورد ئەمڕۆ لە چوارچێوەی جیاوازییە مەزهەبی، ئەتنیکی و نەتەوەییەکان بۆ چارەسەری پرسی کورد لە چوارچێوەی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» تێدەکۆشێت. واتا گەلی کورد بەدوای رێگەچارەیەکەوە دەگەڕێ کە تێکدانی سنوورەکانی بە ئامانج نەگرتووە. هاوکات دەرگاشی بۆ شەڕی چەکداری ئاوەڵا نەکردووە و پێداگریشی لە چارەسەری یەک لایەنەش نەکردووە. بەڵکوو هەوڵی داوە ئەو پرسە لەگەڵ دەسەڵات لەژێر پارادیگمای کۆمەڵگەی دیمکراتیک، ژینگەپارێزی و ئازادی ژن چارەسەر بکات تا زەمینی دیموکراتیزاسیۆن لەناوخۆی ئێران گەشە پێ بدات. بێگومان دیپلۆماسییەک کە یەک لایەنە و هەژمونخوازانە لەدژی گەلان بەڕێوە بچێت، سەرکەوتوو نابێت. هەوڵدانەکانی دەوڵەت و پەرلەمانی ئێران بە تەنیایی ناتوانێت چارەسەری بۆ ئەو پرسە کەڵەکە کراوانەی لەکوردستان لەئارادایە، بدۆزێتەوە.

لەم قۆناخەدا کە رژێم شەڕێکی لاسەنگ و نادادپەروەر لەدژی گەلی کورد بەڕێوە دەبات، هەوڵە دیپلۆماسییەکانیشی لەپێناو مەزن کردنی ئەو شەڕە و دەستەبەرکردنی هەژمونی خۆی خستووەتەگەڕ. واتە جمەیەکی دیپلۆماسی کە دابڕاو لەکۆمەڵگەیە. لەکاتێکدا کۆمەڵگەی مەدەنی، پارت و لایەنە

سیاسی و دژبەرەکانی رژێم چ لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان و ئێران وەک پارچەیەک لەو شەڕە دیپلۆماسییە رۆڵێکی گرنگ و کارایان لە هەرەس هێنانی هەوڵە فراوانخوازییەکانی رژێم دەبێت. چون گەلان دەتوانن راشکاوانە لەسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» دیپلۆماسی گەلان و شۆڕشگێڕی ئەنجام بدەن کە تەنگ بە رژێم هەڵدەچنێت. تایبەت کار و خەباتە گشتییەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر چارەسەری یەک لایەنەی دەوڵەت رۆڵی دیارکەریان دەبێت. هاوکات دام و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاکان رۆڵی چارەنووس سازیان لە ئەستۆدایە کە لە قازانجی گەلدا دیپلۆماسی گەلان پەرە پێ بدەن. لەلایەکی دیکەشەوە رۆڵی خوێندگاکان، زانکۆ و پەیمانگا و ناوەندە فکری و تیۆرییەکانیش لەم دۆخەدا پڕبایەخ و مێژووییە کە هاواری ئازادی و چارەسەری دیموکراتیکی تێیدا بدرەوشێتەوە.

رژێمی ئێران لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا هەوڵی داوە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت و ئەو هێزانەی کە لە گەڵیدا ناکۆک بوون، وەک تورکیا، عەرەبستان سعودی، ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی ئاسایی و هێور بکاتەوە تا لەسەر پاکتاوکردنی گەلی کورد دیپلۆماسی چەپەڵ و چەواشەکارانە بەڕێوە ببات. لەگەڵ وڵاتانی ئەورووپا دیپلوماسیەتێکی لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕکردنی گیراوان بەڕێوە برد کە بە بەردانی هەندێک تاوانبار گەلی لەبەرامبەر وڵاتانی ئەورووپایی تووڕە کرد کە لەپێناو بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ رژێمی تیرۆر و بارمتەگیر رێکدەکەون.

بەتایبەت رژێمی ئێران بۆ ئەوەی رێگری لە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد بکات، لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی تورکیا کە ئەندامێکی ناتۆیە لەناو دیپلۆماسییەکی قووڵ و بەرژەوەندخوازانەدایە. رژێم دەیەوێت بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی گەلی کورد و پەژاک کەڵک لە ئەزموون و هێزی دەوڵەتی تورکیا

و تەنانەت ناتۆش وەربگرێت. بۆیە لەم چەند ساڵەی دواییدا هەموو هێرش و پەلامارەکانی رژێم لەدەرەوەی سنوورەکانی خۆی بە رێگەی دەوڵەتی تورکیا لەدژی پەژاک ئەنجام داوە. بە پێی ئەو رێکەوتن و جووڵە دیپلۆماسییە بە دەیان گەریلا لە ئەنجامی هێرش و بۆردوومانی دەوڵەتی فاشیستی تورک شەهید بوون.

لەکاتێکدا دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا لە ناوچەکە لەناو ململانێ و کێبڕکێی هەژمونی دەسەڵاتدان. لەهەمان کاتدا دەوڵەتی تورکیا بۆ لاواز کردنی پێگەی ئێران لە ناوچەکە لەلاوازکردنی حەماسەوە بگرە تا حیزبوڵڵای لوبنان و تەنانەت رووخانی رژێمی بەعسی ئەسەد لەکایەیەکی پراگماتیستانەدا تورکیا پشکی شێری بەرکەوتبوو. چون بە لاوازبوونی پێگەی ئێران لەناوچەکە، تورکیا پێگەی دەسەڵاتداری خۆی بە هێز دەکات. ئەوەی کە دەبینرێت تورکیا رۆژانە پەیامی ئەوە دەدات کە هەژمونی لەسەر سووریا درووست بووە و دەسەڵاتی نوێی سووریا لەبەرژەوەندی تورکیا دیزاین دەکرێت. بەو پێیە ئەوەی روونە کە تورکیا لەلاواز کردنی ئێران رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و تا دەڕوات هەڕەشە و گوڕەشەکانی تورکیا لەسەر ئێران زیاتر دەبێت.

بەڵام جارێکی دیکە ئێران و تورکیا لەسەر پرسی کورد هاوڕان و ئێران لەگەڵ تورکیا مامەڵە و بازرگانی بە پرسی کورد دەکات. لەهەمان کاتدا رژێم لەسەر هەمان چەمک سیاسەت لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی و تورک لە عێراق و باشووری کوردستانیش بەڕێوە دەبات. بۆیە رژێم بە لاواز کردنی پێگەی کورد، بەهێزبوونی پێگەی دەسەڵاتداری خۆی گەرەنتی دەکات. لەکاتێکدا ئەو دیپلۆماسییەتە جیا لە خاڵی کردن و لاواز بوونی پێگەی دەسەڵات لەناوخۆی ئێران و بەرپابوونی رق و کین

لەدژی دەسەڵات ئەنجامێکی دیکەی بە دواوە نابێت.

مەبەستی دیپلۆماسی رژێم ئەوەیە کە لە شەڕی هیبریدیدا بە هەوڵە دیپلۆماسییەکانی پارێزگاری زیاتر لەبەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکە بکات. تا بەو کارتانەی لەبەردەستیدایە، لە شەڕی دیپلۆماسی سەرکەوتوو بێت. ئەوەی جێی سەرنجە کە رژێم لەگۆڕەپانی دیپلۆماسیدا دانووستانی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل بە نامومکین لەقەڵەم دەدا و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەمریکا شەیتانی گەورەیە و هەرگیز لەگەڵ شەیتان ناکەوێتە ناو دانووستان و رێکەوتنەوە. بەڵام ئەمڕۆ بۆ ئەوەی رژێم درێژە بە مانەوەی دەسەڵاتداری خۆی بدات، ئامادەیە کە دانووستان و رێکەوتن لەسەر کۆمەڵێک بابەت لەگەڵ ئەمریکاشدا بکات و بۆ خۆی ببێتە بەچکە شەیتان. لەکاتێکدا ئەو هەوڵە دیپلۆماسییانەی رژێم لەزەرەری گەلانی ئێران تەواو دەبێت. چون دەبێ باجی هەڵەکانی رژێم لەو گۆڕەپانەشدا گەلانی ئێران بیدەن. بەڵام ئەم هەوڵانەی رژێم زۆری نەخایاند کە رووبەڕوی هەرەسهێنان بوویەوە و لە کۆتایی فرت و فێڵ و خۆدزینەوەکان دەرگای دیپلۆماسی داخرا و ئاگری شەڕ هەڵگرسا و سیاسەتەکانی رژێمیش بووە بەنزین کە گوڕی ئاگرەکەی گەشاوەتر کرد.

ئەوەی روونە لەرۆژهەڵاتی ناوین سیاسەتێک کە بە لۆژیک، روانگە و کولتووری مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەڕێوە دەچێت، چەمکی بازرگانی و قازانج – سەرمایە تێیدا سەروەرە. بۆیە لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا ئەو هێزانەی کە ئەمڕۆ دۆست و هاوپەیمانی یەکدین، دەکرێت سبەی پشتی خۆیان لەیەکدی هەڵگەڕێنن و یەکدیش فریو بدەن. چون لە سیاسەت و دیپلۆماسی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا دۆست و یار و خزمەت لەئارادا بوونی نییە، بەڵکوو بەرژەوەندی و قازانج سەروەرە.

بۆیە گەلی کورد بە پێی راستی شەڕی سەردەم دەتوانێت

لەگەڵ هەر هێز و لایەنێک پەرە بە پەیوەندی تاکتیکی بدات. لەهەمان کاتدا بە گوێرەی ڕێنماییەکانی نەتەوەی دیموکراتیکی ڕێبەر ئاپۆ، دیپلۆماسی شۆڕشگێڕی و هاوپەیمانی ستراتێژی و پێکەوە ژیان لەگەڵ گەلانی دراوسێ و گەلانی ژێردەستی جیهان پێشبخات و لەپێناو یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕ – دیموکرات و سۆسیالیستی جیهانی دیپلۆماسی شۆڕشگێڕی برەو پێبدات. بۆیە گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بۆ بێکاریگەر کردن و پووچەڵ کردنەوەی شەڕی تێکەڵاو پێویستە خەبات و یەکگرتنی ستراتێژی لەگەڵ تەڤگەری شۆڕشگێڕ – سۆسیالیست و دیموکراتیکی جیهان پەرە پێبدەن.

تەنانەت لەپێناو سەرکەوتنی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، گەلانی ناوچەکە پێویستیان بە پاڵپشتی کردنی یەکتر و خۆڕێکخستن کردن هەیە. لەهەمان کاتدا گەشەدانی یەکگرتنی سیاسی و مەعنەوی نێوان گەلانی ناوچەکە و جیهان پێویستییەکی هەنووکەیی ڕۆحی قۆناخەکەیە. دیپلۆماسییەتێک لەنێوان گەلان پێویست دەکات کە کار لەسەر بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک لە ناوچەکە بکات کە تێیدا ڕۆحی پێکەوە ژیانی گەلان بە بنەما بگرێت.

### ٣ ـ بەکارهێنانی فاکتەری کۆنترا گەریلا، جاش و هێزی پارامیلیتەر لە شەڕی تێکەڵاودا

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا نەیارانی کورد بەپێی پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕەکانی شەڕ، پێویستە نوێکاری لە هێزە سەرکوتکار و داپڵۆسێنەرەکانیان ئەنجام بدەن. هێزەکانیان سەرلەنوێ ڕێکبخەنەوە. پێناسەی نوێیان لەسەر بار بکەن. بە ئامێر و کەرەستەی نوێی شەڕ پڕچەکیان بکەن. تا ئەو هێزانەی کە بە ساڵان خەرجیان لەسەر کردوون لە بەرژەوەندییەکانیان لانەدەن. واتە لە شەڕی هیبریدیدا وەک ئامێر و ڕێبازێکی تایبەتی شەڕەکە

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان سوودیان لێ وەربگرن.

بە پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ئیدی سوپای تورکیا و سوپای داگیرکەری ئێران وەک رابردوو توانای شەڕ کردنیان لەگەل گەریلا نییە. تەنانەت کۆنترا گەریلا، جاش و هێزی تایبەتی بە پارە بێ کاریگەر کراون. چەندێکیش بیانەوێت بە هێزی پاراملیتەر لەدژی گەریلا و گەلی کورد شەڕ بکەن، ناتوانن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن و شکستەکانیان لەم ریگەیەوە پەردەپۆش بکەن.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا تورکیا و ئێران شەڕ لەدژی گەلی کورد و دژبەرانیان بە هێزە پاراملیتەرەکان و هێزە ئاسمانییەکان بەڕێوە دەبەن. واتە ئەوەی کە پشتی خۆیانیان پي دەسپێرن زانست و تەکنۆلۆژیایە. لەکاتێکدا ئەو هێز و رێبازەی شەڕ هەمیشە بێ ئەنجام بووە. نەیارانی کورد لەم سەردەمەی شەڕدا لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای رۆژی ئەمڕۆ، دەرفەتی ئیستخباراتی و تەکنیکی سەردەمیانەی شەڕ کەڵکی وەرگرتووە. بەتایبەت لەبەر تاکتیک و ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێری گەل و گەریلا، سیاسەتی داگیرکاران لە کوردستان شکستی هێناوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەو هێزانە تێکچوون، دەیانەوێت لەشەڕی تێکەڵاودا بە هێزی ئیستخبارات و تەکنیک لەبەرامبەر گەریلا سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

لەم سەردەمەی شەڕدا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیا لەدژی گەریلا هێز و توانای شەڕی نەماوە، بۆ شاردنەوەی ئەو لاوازییە پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی سەربازی بە پارە، جەردەوان و رێکخستنی گرووپ و تاقمە چەتەکان. تەنانەت ئەو هێزانەی کە لەم ١٠ ساڵەی دواییدا لە هەرێمی پاراستنی میدیا، شەنگال و رۆژئاوای کوردستان لەدژی کورد هێرشیان ئەنجام دا،

هێزی کۆنترا گەریلا و سەربازی بە پارە بوون. لەو نێوانەدا لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوە چ بەرەی نوسرە[٦]، سوپای ئازاد[٧] و داعش هەموویان ڕێکخستنی گرێدراوی سوپای تورکیا بوون کە بە پشتیوانی و هاوکاری تورکیا لەدژی گەلی کورد و گەلانی هەرێمەکە شەڕیان بەڕێوە برد. ئەم هێزە چەتانە لەبنەڕەتدا هەموو چەکوچۆڵ، مەشق پێکردن و هاوکاری لۆجستیکی ڕاستەوخۆ لە دەوڵەتی تورکیا وەردەگرت و لەدژی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ناوچەکە هەر جۆرە دڕندەیی، تاڵان و ئەشکەنجە، دەستدرێژی و ڕێبازی چەپەڵیان بەکار دەهێنا.

لەو لاشەوە دەوڵەتی تورکیا بۆ ڕێگری لەسەرهەڵدانەوەی هێزی شۆڕشگێڕ و کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگە، کۆنترا گەریلای لەناو کۆمەڵگە ڕێکخستن کردووە و لەدژی گەلی کورد و گەریلاکان بەکاریان هێناون. ئەو هێزە پێشقڕاوڵی لە هێرشەکانی سوپای تورک بۆ سەر گەریلاکان کرد و لەلایەکی دیکەشەوە

٦. بزووتنەوەیەکی سەلەفی جیهادییە کە لە ٢٣ی کانوونی دووەمی ٢٠١٢ لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگی لەلایەن ئەبوو محەمەد جۆلانی ڕاگەیەندراوە کە تێیدا جۆلانی لە لایەکەوە داوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد کردووە و لە لایەکیش داوای چەسپاندنی شەریعەتی کردووە. خۆیان وەک لقێک لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ناساندووە. لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٢ لەلایەن ئەمریکاوە خراوەتە نێو لیستی تیرۆرەوە. لە ئازاری ٢٠١٣دا بەرەی نوسرە بووەتە بەشێکی سەرەکی لە ئۆپۆزسیۆنی سووریا.

٧. لە ٢٩ی تەمموزی ٢٠١١ لەلایەن ئەفسەرانی هێزە چەکدارەکانی سوریاوە دامەزراوە و ئامانجیان ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد بووە. دوای ئەوەی بە شێوەیەکی فەرمی ڕێکخراوەکە دامەزراوە، تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ بەرە بەرە پێکهاتەکەی هەڵوەشاوەتەوە و لەو کاتەوە گرووپە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزسیۆن ناسنامەی سوپای ئازادی سوریایان بەکارهێناوە. دوابەدوای دەستێوەردانی سەربازی تورکیا لە سوریا لەساڵی ٢٠١٦، گرووپێکی نافەرمی لەعەرەب و تورکمان بە پاڵپشتی تورکیا لە ژێر ناوی سوپای ئازادی سوریا دامەزراون. ئەم گرووپە لە نزیکەوە هاوکاری هێزەکانی تورکیا لە سووریا دەکات و بە تایبەت بە فیتی تورکیا دژایەتی دەستکەوتەکانی گەلی کورد لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا دەکەن.

لەدژی گەلی وڵاتپارێز، چالاکانی مەدەنی و سیاسی ناو کۆمەڵگە کردەوەی تیرۆریستی و پاکتاوکارانەیان ئەنجام داوە. لەهەمان کاتدا ڕێکخستن کردنی جاش و بە کرێگیراوی لەکوردستان ڕێبازێک بووە کە دوژمن هەمیشە شەڕی ناوخۆیی لەناو کوردستانی پێ هەڵگرساندووە و لە تەسفیەکردن و لاوازکردنی سەرهەڵدان و ڕاپەڕینەکانی کوردستان ڕۆڵیان گێڕاوە و وەک چاو و گوێی دوژمن لەناو کۆمەڵگەدا ئەرکدار کراون.

دەوڵەتی تورکیا لە ساڵی ۱۹۹۳ی زاینی ئەو هێزە مەترسیدارەی خستە گیانی کۆمەڵگە. سەرەتا لایەنگرانی ئاشتی و ڕێگە چارەی دیموکراتیکی پرسی کوردیان لەناو جومگەکانی دەوڵەت و دەسەڵات پاکتاو کرد. دواتر کەوتنە گیان کۆمەڵگە. لە باکووری کوردستان گەورەترین هێرشی پاکتاوکاری و ڕەشەکوژییان لەدژی گەلی کورد و پەکەکە[8] بەڕێوە برد. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی باکووری کوردستان و لێدوانەکانی بەرپرسانی پەکەکە نزیکەی چوار هەزار گوند وێران و سووتێندران. هەزاران گوندیش چۆڵکران. بە ملیۆنان کورد بە شێوەیەکی زۆرەملێیانە و بە بێ هیچ پاساوێکی یاسایی ناچاری کۆچ بەرەو وڵاتانی دەرەوە و گەورەشارەکانی تورکیا کران. ماڵ، موڵک، سامان و کێڵگەکانیان تاڵان کران و پێشکەشی جاشەکان کران. بە هەزاران لادێ نشین بە دەستی کۆنترا گەریلا، جاش

۸. پارتی کرێکارانی کوردستان ناسراو بە پەکەکە لە ۲۷ی مژداری ۱۹۷۸ لەگوندی فیسی سەر بە پارێزگای ئورفا دامەزراوە. دامەزرێنەرەکەی ڕێبەر ئاپۆیە. پەکەکە لەساڵی ۱۹۸٤ دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە. لە ۱٥ی شوباتی ۱۹۹۹ لەئەنجامی گەلەکۆمەیەکی نێونەتەوەیی لەوڵاتی کینیا دەڕفێندرێت و لەلایەن موساد و سی ئای ئەی ڕادەستی تورکیا دەکرێت. لەکۆتاییەکانی ساڵی ۲۰۱۲ نێوان تورکیا و ڕێبەر ئاپۆ دانوستانی ئاشتی دەستپێکردووە کە بە دانوستانەکانی ئیمراڵی ناودارە و ئەنجامگیر نابێت. ڕێبەر ئاپۆ لە ۲۷ی شوباتی ۲۰۲٥ بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی بڵاو کردەوە و داوای کۆتایی هێنانی خەباتی چەکداری و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە دەکات. پەکەکە لە نێوان ٥ بۆ ۷ی گوڵانی ۲۰۲٥ بە بەستنی ۱۲هەمین کۆنگرەی مێژوویی خۆی بڕیاری هەڵوەشاندنەوە و کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداری دەدات.

و ژیتەم کوژران. دەستدرێژی کراوەتە سەر ژنان. منداڵان لە ڕێگەی ڕێبازەکانی ئاسیملاسیۆن و دەستدرێژی بەردەوامەوە بێ ناسنامە کران. بە دەیان هەزار تاوانی بکەری نادیار ئەنجام دران. ڕەفتار و کردەوەکانی دەوڵەت لەدژی گیراوان لە زیندان ئاستی هۆڤێتی و دڕندەیی بەزاند. ڕەشەکوژییەکانی کۆنترا گەریلا یاسا و ڕێسا مرۆییەکانی پێشێل کرد. بە سەدان هەزار کەس دەستگیر کران و زیاتر لە چل هەزار کەسیش گیانی لەدەستدا. بەمجۆرە گەورەترین شاڵاوەکانی لەناوبردنی گەلیان لە مێژوو ئەنجام دا کە لە یادگەی کورد هەرگیز لەیاد ناچێت.

لەم شەڕە نابەرابەر و دڕندانەی تورکیادا زیاتر مرۆڤە بەنرخ، دڵسۆز، ئازا و بوێر و فیداکارەکانیان کردە قوربانی. بەچڕی لەسەر شەهید کردنی گەریلاکانی کوردستان ڕاوەستەیان کرد و ژمارەیەکی زۆری گەریلا دەرئەنجامی ئەو شەڕە بوونە قوربانی. بەقوربانی کردنی گەریلاکانی هێزی پاراستنی گەل وەک کاردانەوە دەوڵەتی تورکیا زیاتر کولتووری جاشایەتی بە سەر گەلدا سەپاند و کۆنترا گەریلای بە سەر کۆمەڵگەدا سەروەر کرد. هەوڵیان دا کاریگەری و خۆشەویستی گەریلا لەسەر گەل و کۆمەڵگە بسڕنەوە. واتە گەل و کۆمەڵگەیان ڕادەستی کۆنترا گەریلا کرد. بە تەواوەتی گەل خرانە ژێر چەپۆک و کۆنترۆڵی ئەو هێزە تاریکپەرست و سامناکە کە ئەو هەموو مەرگەساتەیان لەکوردستان ئافراند.

هەڵبەت ئەوە ئاشکرایە کە دەوڵەتی تورکیا ئەم هێزە سامناکانەی لە شەڕی تێکەڵاودا لەدژی گەریلا، وڵاتپارێزان و هێزی فیدایی کۆمەڵگە زیاتر بەکار بردووە. واتە تاکتیکی ئەم شەڕەی بەرۆژ و نوێ کردووەتەوە. هاوتەریبی ئەم هێزانە کەڵک لەتەکنیک و هەواڵگری وەردەگرێت. بەتایبەت بە کۆنترا گەریلا، جاش و بەکرێگیراوەکانی دەیەوێت قەڵای خۆڕاگری کوردان تێکبشکێنێت

و فەتحی بکات. بەڵام دوای ٣٠ی ساڵ لە خەباتی چەکداری قورس و دژوار و ئەو هەموو قوربانی و مەرگەساتانە ڕێبەر ئاپۆ دەیەوێت بۆ پووچەڵ کردنەوەی شەڕی تێکەڵاوی دەوڵەتی تورکیا لەدژی گەلی کورد تێکۆشانی گەلی کورد و پەکەکە لە زەمینی توندوتیژییەوە بۆ زەمینی سیاسی و حقوقی بگۆڕێت. بۆ نیازپاکی بابەتەکەش لە ٩ی ڕەشەممەی ٢٧٢٤ی کوردی بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی بۆ رای گشتی بڵاو کردەوە. لە بانگەوازییەکەدا ڕێبەر ئاپۆ داوای بەستنی کۆنگرەی پەکەکە، خۆهەڵوەشاندنەوە و چەکدانانی لەگرووپەکانی سەر بە پەکەکە کرد. واتا ڕێبەر ئاپۆ بەو بانگەوازییە سەردەمێکی نوێی تێکۆشان لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بۆ دەستەبەرکردنی مافی ڕەوای گەلی کورد دەست پێکرد. بۆیە پەکەکە لە چوارچێوەی ئەو بانگەوازییەی ڕێبەر ئاپۆدا بڕیاری ئاگربەستی دا. بڕیارکەش لەبەرواری ١١ی ڕەشەممەی ٢٧٢٤ واتە ١ی ئاداری ٢٠٢٥ کەوتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

رژێمی ئێرانیش، رژێمی سیخوڕسازی و جاش بەگیرییە کە لە جاش سازیدا لێهاتوو و کارامەیە. ئەو رژێمە بۆ ئەوەی تۆڕەکانی دەسەڵاتی ناو کۆمەڵگە قایم و پتەو بکات و لە هێرشەکان پارێزراو بن، سیستەمی کۆنترا گەریلا و جاشبگیری لەکوردستان پەرە پێدا. جاشەکانی وەک قەڵغانی پاراستنی سیستەم بەکارهێناوە و ئەو جاشانەی گیرۆدەی کۆمەڵگە و پێشەنگەکانی گەل کردووە. بۆیە جاش و بەکرێگیراو هێزی سەرەکی رژێم بوون کە بەڕەنگاری پێشمەرگە و گەریلا بوونەتەوە. تا بە جێگەی کۆمەڵگەی خاوەن باوەڕی و ئیرادە کۆمەڵگەی سیخوڕ و جاش بونیاد بنێت.

رژێمی ئێران بۆ خۆی لە شەڕی تێکەڵاودا لە دۆخی بەکرێگیراوەیی مودێرندایە کە بە رووپۆشی ئیسلامی سیاسی دەجووڵێتەوە. لەژێر ئەم پەردەدا کۆمەڵگەی کۆیلە بەرهەم

دێنێت. هەرچی زۆرینەی خەڵکەکەیە تەنانەت لە جەوهەری ئەو رووپۆشە ئیسلامییە بێبەش کراون و رژێم ئەوەشیان پێ رەوا نابینێت. لەم شەڕەدا رژێم سوپای بێکاران بەرهەم دێنێت تا بە شێوەی کۆیلەی بەکرێگیراو جەستە و هزر و رۆحیان بە رژێم بفرۆشن. ئەوانەی کۆیلەی بەکرێی رژێمیشن، بێگومان لەکەمبوونەوەی رێژەی کرێکەشیان لەدەستی رژێم رزگاریان نابێت. هەڵبەت ئەو دۆخەش وای کردووە کە خودی رژێم ببێتە بەکرێگیراوی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و وەک سووتەمەنی دۆخی نوێی گێژاو، قەیران و شەڕی تێکەڵاو بەکار ببردرێت.

لەناوخۆی ئێران شاهیدی ئەوەین کە لەلایەن رژێمەوە کۆمەڵێک دەزگای سەربازی بەکرێگیراو و بە پارە دامەزراون کە کۆیلە و مرۆڤی بێ ئیرادە و چاوچنۆک بۆ هەر لایەک هەنارده دەکات. رژێم بەم دەزگایە کۆمەڵگەیەکی کۆیلە و گوێڕایەڵ بار دێنێت و هاوکات بۆ دەرەوەی سنوورەکانی خۆیشی کۆیلە و هێزی بە پارەی بۆ ناو سوپای حیزبوڵڵای لوبنان[٩]، کۆنترا گەریلا (حیزبوڵڵای کورد)[١٠]، حەشدی

٩. رێکخراوێکی سیاسی و سەربازی و ئیسلامی شیعەیە لە لوبنان. ئەمریکا لە ١٧ی ژانویەی ٢٠١٩دا حیزبوڵڵای لوبنانی خستووەتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە. لە ٢٧ی ئەیلوولی ٢٠٢٤ هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشێکی ئاسمانییان کردوەتە سەر بارەگای حزبوڵای لوبنان کە ئەمینداری گشتی حزبوڵڵای لوبنان سەید حەسەن نەسروڵلا لە هێرشەکەدا کوژراوە. دوای هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل پێگەی حزبوڵڵا لاواز بووە و لەبەر هێرشەکانی ئیسرائیل بە رێگەی هێرشە پەیجەرەکان و درۆن و مووشەکەوە بە سەدان سەرکردە و ئەندامی ئەو رێکخراوەیە کوژراون. کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ حیزبوڵڵا دابین دەکات. لەکاتێکدا گەلانی ئێران لە ساڵانی رابردوودا رووبەڕووی بارودۆخی خراپی ئابووری و بەرزبوونەوەی هەڵاوسان و تەحەددیاتی بژێوی بوونەتەوە.

١٠. ئەم تاقمە بە سەرکردایەتی حسێن ڤاڵی ئۆغڵو لەساڵی ١٩٧٩ لە شاری باتمانی باکووری کوردستان بە ئامانجی رووبەڕووبوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان - پەکەکە دامەزراوە. دامەزراندنەکەی هاوکاتە لەگەڵ دامەزراندنی پەکەکە لە کۆتاییەکانی ساڵی

١٩٧٩. ئـەم تاقمـە تاقمێکـی توندوتیـژ و خـاوەن بیروبـاوەڕی ئیسـلامی تونـدڕەوە. ئێسـتا بـە نـاوی هوداپـارەوە کار دەکات. هەرچەنـد ئـەم تاقمـە بـە حزبولـڵای کـورد نـاسراوە، سـوپای پاسـدارانی ئێـران پشـتیوانی لێـدەکات. ئـەم تاقمـە لـە باکـووری کوردسـتان تاوانبـارە بـە کوشـتنی هـەزاران هاووڵاتـی و بـێ سەروشـوێن کردنیـان.

١١. بەشـێکن لـەو هێـزە چەکدارانـەی عێـراق کە لە سـاڵی ٢٠١٤ بـە ئامانجـی بەرەنگاربوونەوەی داعـش بـە فەتـوای جیهـاد لەلایـەن عەلـی سیسـتانییەوە دامـەزراوە. ئـەم هێـزە لـە نزیکـەی ٦٧ کوتلـەی چەکـداری جیـاواز پێکهاتـووە کـە زۆربەیـان گرووپـی چەکـداری شـیعەن، بـەڵام هەندێـک گرووپـی سـوننە و مەسـیحی و ئێزیدیشـیان تێیدایـە. ئـەم هێـزە بـە درێژەپێـدەری رێکخـراوەی بەسـیجی ئێـران وەسـف دەکرێـت. هێزێکـی بـە وەکالەتـی رژێمـی ئێرانـە. ئەبـو مەهـدی موهەندیـس جێگـری فەرمانـدەی هێزەکانـی حەشـدی شـەعبی لـە ٣ی ژانەویـەی ٢٠٢٠ لـە هێرشـێکی فڕۆکـەی بێفڕۆکەوانـی ئەمریـکادا لەگـەڵ قاسـم سـولەیمانی کـوژراوە. بەشـێک لـە میلیشـیا پێکهێنەرەکانـی لـە لایـەن هەندێـک دەوڵەتـەوە بـە گروپـی تیرۆریسـتی لەقەڵـەم دراوە و هەندێکـی تریشـیان بـە توندوتیـژی تائیفـی تۆمەتبـار کـراون. لەمـاوەی ناڕەزایەتییەکانـی عێـراق لەسـاڵی ٢٠١٩ – ٢٠٢٠، ئـەو رێکخراوەیـە بـە کوشـتن و بریندارکردنـی ژمارەیەکـی زۆر لەخۆپیشـاندەران و چالاکوانـان تۆمەتبـار کـراوە.

١٢. لەلایـەن شـێخ ئەحمـەد یاسـینەوە دامـەزراوە. بنەچەکـەی بـۆ ئیخـوان موسـلمین دەگەڕێتـەوە. دامەزرێنەرانـی لـە رووی ئایدۆلۆژییـەوە پەیوەسـتن بـە ئیخـوان موسـلیمینەوە. بیرۆکـەی ئیسـلامییە. خۆیـان وەک بزووتنەوەیەکـی رزگاریخـوازی نەتەوەیـی بـە ئایدۆلۆژیایەکی ئیسـلامی میانـڕەو و ناوەندگەرایـەوە پێناسـە دەکـەن. گەورەتریـن کوتلـەی فەلەسـتینی بـووە کـە نوێنەرایەتـی لـە ئەنجومەنـی یاسـادانانی فەلەسـتین کـردووە. بزووتنەوەکـە بەرخۆدانـی خـۆی تەنهـا بـۆ داگیـرکاری ئیسرائیـل سـنووردار کـردووە و لەگـەڵ هیـچ لایەنێکـی جیهانـدا هیـچ شـەڕێک نـاکات. رێکخراوەکـە پێـی وایـە رزگارکردنـی فەلەسـتین تەنهـا لـە رێگـەی جیهـادەوە لەپێنـاو خـودادا بـە دەسـت دێـت. دوای هێرشـەکەی ٧ی ئۆکتۆبـەری حەمـاس بـۆ سـەر ئیسرائیـل، هێرشـێکی فـراوان کراوەتـە سـەر رێکخراوەکـە و سـەرجەم بەرپرسـە باڵاکانـی رێکخراوەکـە لەلایـەن ئیسرائیلـەوە کـوژراون و رێکخراوەکـە بـەرەو لەناوچـوون بـراوە و تەنانـەت رژێمـی ئێـران لەکاتـی هێرشـەکاندا خاوەندارێتـی لـەو هێـزە بـە وەکالەتـەی خـۆی نەکـردووە.

١٣. رژێمـی ئێـران ئـەم دەسـتەواژەیە بـۆ کۆمەڵێـک هێـزی سـەربازی بـەکار دەهێنێـت کـە لەلایـەن رژێمـەوە رێکخـراون و رەوانـەی سـوریا کـراون. ئـەم دەسـتەواژەیە لەسـاڵی ٢٠١٣ەوە دەکەوێتـە ئەدەبیاتـی ئێرانـەوە. زۆربـەی ئەندامانـی ئـەم گرووپـە هێـزی فەرمـی سـوپای پاسـداران و بەسـیج و سـوپای پاسـدارانی رژێمـن. ئـەم گرووپـە بـە بەرگریکارانـی بەشـار ئەسـەدا نـاسراون. کـە لـە سـەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکانـی گەلـی سـوریا رۆڵـی سـەرەکییان

دەکرد. ئەم پەیوەندییەی رژێم لەگەڵ سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و هێزە کۆنەپارێز و دواکەوتووەکانی ناوچەکە لەسەر بنەمای پەرەپێدانی بەکرێگیراوێتی و سیخوڕی بووە. بۆیە رژێم دەیەوێت گەلانی ئێران گیرۆدەی ئەم چارەنووسە رەشە بکات و بەو رێچکەیەدا بیانبات.

رژێم لەگەرماوگەرمی شەڕی هیبریدیدا دەیەوێت بەجۆرێک لە جۆرەکان، لۆژیکی جاشایەتی و تەسلیمکاریی لە هەموو رەهەندەکانی کۆمەڵگە تایبەت لە رەهەندی رۆشنبیری، سیاسی، ئابووری، سەربازی، دیپلۆماسی، پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی لە ناخ و دەروونی گەل و کۆمەڵگە برەو پێبدات. واتە لەژێر ناوی سازش و تەنازولێک کە بە کرێی بێ نرخ یان حەقدەست ناو دەبرێت، کۆمەڵگەی بەکرێگیراو بەرهەم بێنێت. تا بۆ تۆڕەکانی ئامادەی بکات و خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەسەڵاتی پێ بکات. لەهەمان کاتیش لەدژی کۆمەڵگەی خۆیشی بکەوێتە ناو شەڕەوە. بەڵام ئەو کەس و لایەنانەی کە لەناو بنەماڵە، تاقم، پارت، رێکخستن و گوند و شارێک جاشایەتی و بەکرێگیراوی بۆ دوژمنی خۆیان دەکەن، بەردەوام لەناو خێڵ، تیرە، نەتەوە، پارت و کۆمەڵگەی رەسەنی خۆیاندا بەردەوام رۆڵی نەرێنییان دەبێت و رووبەڕووی نەفرین و لەعنەتی کۆمەڵگە و مێژوو دەبنەوە.

رژێم بە داتاشینی کوردی بەکرێگیراو، جاش و خۆفرۆش دەرەتانێکی هەناسەکێشانی بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی لەکوردستان دۆزییەوە. رژێم بە شان و باڵی ئەم کوردانەدا هات. بەو رێگەیە هەوڵی دا کە ئەو ناحەزی و نەفرینەی کۆمەڵگە

---

گێڕاوە. گرووپەکە بەشێکن لەو هێزە سەربازییەی ئێران کە لەشەڕی بە وەکالەت لەنێوان ئێران و سعودیە دەجەنگن و زۆربەیان شیعەن و بە فەیلەقی نێودەوڵەتی شیعە ناسراون. بە گوتەی بەرپرسانی رژێم ئەم گرووپە مەزارگەی عەسائیبی ئەهلی بەیت لەهێرشەکانی گرووپەکانی داعشیان پاراستووە. رژێمی ئێران لەسەرەتای شەڕی ناوخۆی سووریاوە نزیکەی ٥٠ ملیار دۆلاریان بۆ پاراستنی حکومەتی بەشار ئەسەد خەرج کردووە.

لەدژیان درووست ببوو، لەسەریان لابەرێت و خۆشەویستی کۆمەڵگەیان بۆ بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەوەش هەرگیز نەهاتە دی و ئەو هێزانە لەناو کۆمەڵگە بە جاش، بەکرێگیراو و خۆفرۆش ناو و ناتۆرەیان دەرکرد. رژێم هاوتەریبی رێکخستنی ئەو هێزە خائین و خۆفرۆشانە کوردی وڵاتپارێز و نیشتمانپەروەرەکانیان خستە لیستی تیرۆرەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو خەمخۆر و پێشەنگانەی کۆمەڵگەیان تیرۆر کرد، بەشی زۆریشان رووبەڕووی دوورخستنەوە کردەوە. ئەو کەس و لایەنانەش کە خۆیان رادەستی رژێم نەکرد و نەبوونە جاش و بەکرێگیراو، هەوڵی بێ کاریگەرکردن و تواندنەوەیان درا. لەو لاشەوە رژێم ژمارەی کۆنترا گەریلاکانی زیاد کرد. دەرفەتی مەزنی خستە خزمەتیان. هەموو دەستپێشخەرییەکان بۆ سەرکوت و داپڵۆساندنی کۆمەڵگەیان پێدرا. سیستەمی جاشایەتی سەرلەنوێ رێکخرایەوە. ژمارەی جاشەکانی لە رۆژهەڵات بەرز کردەوە. بۆ ئەوەی خەڵک هانی ئەو ناوەندانە بدات، هەر جۆرە ئیمتیاز و دەرفەتێکی بەو کەس و لایەنانە دەدات کە چەکی جاشایەتی لە شان دەنێن. ئەگەر کەسێکیش سیاسەتی بەکرێگیراوی و جاشایەتی پەسەند نەکردبێت، لەلایەن رژێمەوە بە دوژمن دادەنرا. واتە دەخرایە خانەی کوردپەروەران و وڵاتپارێزانەوە تا چەکی گوشار و سەرکوت هەمیشە لەسەریان بێت.

لەبەر ئەوەی رژێمی ئێران لەدژی گەریلا ئیدی هێز و توانای شەڕی نییە. بۆ خۆ رزگارکردن لە شکست و داڕمانەکانی کۆنترا گەریلا، هێزی بە پارە، جاش و بەکرێگیراوەکانی خستووەتە ناو شەڕەوە. ئەوەی کە ئێستا لە ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان و لەناو شەقام هێرش لەدژی کورد ئەنجام دەدات، کۆنترا گەریلا، جاش و بەکرێگیراوەکانی رژێمن کە پێشقڕاوڵی بۆ سوپای پاسداران و دەستە و تاقمەکەی دەکەن. لەکاتێکدا ئەم

دەزگا و ناوەندانەی رژێم هێزێکی ناڕەوا و رەشەکوژن. چون خاوەن تایبەتمەندی و لۆژیکی داگیرکەری، بێدادی، رزێنەری، خاپوورکردن، سەرزەنشت کردن و پاکتاوکارین. بەڵام ئەو رێکخراو و هێزانەی کۆمەڵگە کە بەناوی پێشمەرگە، گەریلا، شەڕوان، وڵاتپارێزی، کوردپەروەری و نیشتمان پارێزی دەناسرێن دژەژەهری ئەو هێزە بەدناوانەی رژێمن. چون ئەم رێکخراو و ناوەندە دیموکراتیکانەی گەل و کۆمەڵگە توانا ئەخلاقی و سیاسییەکانی کۆمەڵگە ئازاد دەکات. لەسەر بنەمای بە سیستەمکردنی بەرگریی جەوهەری، بەرامبەر بە میلیتاریزمی رژێمی ئێران، کۆمەڵگە لەبێدادی، رزێنەری، کاولکاری، پاکتاوکاری و لۆمەکردن دەپارێزێت.

لەناوخۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان گەریلا بەردەوام لە پێگەی خۆپاراستنی رەوادا بووە. چ کاتێک هێرشی کرابێتە سەر لەسەر بنەمای شەڕی خۆپاراستن بەرپەرچی هێرشەکانی داوەتەوە. بەڵام رژێم بە رێکارەکانی شەڕی تێکەڵاو لەدژی کۆمەڵگە کودەتای ئەنجام داوە. شەڕی ناوخۆیی هەڵگرساندووە و قووڵی کردووە. ئەو نەریت و فەلسەفەیەی کە لێرەدا بە بەرگری جەوهەری بە ناوی دەکەین. لەسەرەتای دامەزراندنی پەژاکەوە بە شێوەی بەرخۆدان، راپەڕین، چالاک کردنەوەی کۆمەڵگە، وشیار کردن و رێکخستن کردنی کۆمەڵگە و بە دەزگابونی گەلەوە شەڕی گەورەی بەرگریی لەدژی رژێم نواندووە. واتە لەم سەردەمەی شەڕدا شەڕی بەرگری پەژاک و شەڕەکانی قۆرغکاری میلیتاریستی رژێم دوو شتی زۆر جیاواز لەیەک دەرکەوتوون. چونکە لە رووی ماهییەت و جەوهەریشەوە زۆر لەیەکتر جیاوازن. بۆیە لەم سەردەمەی شەڕدا ئەو ئامرازانەی کە پەژاک بۆ پووچەڵ کردنەوەی کاریگەری ئامرازەکانی شەڕی رژێم بەکاری هێناوە زۆر جیاوازن لەیەک.

## ٤ ـ فاكتۆری بازرگانی و ئابووری لە شەڕی تێکەڵاودا

لە شەڕی هیبریدیدا فاکتەری بازرگانی و ئابووری پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەهەمان کاتدا کەرەستەیەکی گرنگی شەڕە کە دەوڵەتەکان لەدژی یەکدی و هاوکات لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە رێ و رێبازی نادیموکراتیک بەڕێوەی دەبەن. لەم شەڕە ئابوورییەدا رژێمی ئێران چ لەناوخۆ و دەرەوەدا گیرۆدەی گێژاو و قەیرانێکی قووڵی ئابووری و بازرگانی بووەتەوە. رژێم هەموو دەرفەتی ماددی و مەعنەوی گەل و کۆمەڵگەیان خستووەتە خزمەتی شەڕ و تەکنۆلۆژیای قەدەغەکراوی سەردەم کە تایبەت خزمەتی شەڕی تێکەڵاو دەکات. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کاراکتەر و تایبەتمەندی رژێم کە بە رژێمی شەڕی تێکەڵاو یا شەڕی تایبەت نازناوی دەرکردووە و ئەو کاراکتەرەش گەوهەر و راستینەی رژێم بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکات. ئەو نازناوەی رژێمیش هەموو دەرەتانێکی ژیانی گەل و کۆمەڵگەی لە شەڕ و پشێوی ئاڵاندووە. ئیدی پەیوەندی و دانووستانەکانی دەسەڵات لەگەڵ کۆمەڵگە لەژێر هەڕەشە و گوڕەشەی ئەو روانگە و لۆژیکە بەڕێوە دەچێت. ئەو کات زمان، ئُسلوب و رەفتارێک کە لەلایەن دەسەڵاتەوە لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبرێت، زمانی شەڕ، پشێوی، کۆمکوژی و قڕکردنە.

بەو پێیە بە رێ و رێبازەکانی شەڕی سەردەمەوە داڕێژەرانی ئەو شەڕە هەوڵیان داوە کە ئابووری لە چنگی گەل و کۆمەڵگە دەربخەن و بیخەنە خزمەتی شەڕ و میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگە. واتە رژێم دەیەوێت لە هەنگاوی یەکەمدا گۆڕەپانی ئابووری کە عایدی گەل و کۆمەڵگەیە فەتح و داگیر بکات. ئەوەش دەکەوێتە خانەی قڕکردن و جینۆسایدی کۆمەڵگەوە. چون گەل و کۆمەڵگە لە دابین کردنی پێداویستییە ژیانییەکانی بێ هێز و بێ بەش دەکرێت. ئەوەش لادانێکی مەزنی مێژووییە کە لە جوگرافیای پڕ

پیت و بەرەکەتی ئێران روویداوە. بۆیە باڵابوون و گەشەکردنی ئابووری کۆمەڵگەی هاریکاری گەورەی پێشکەش بە باڵابوونی سەربازی و سیاسی رژێم کردووە. واتە رژێم بە بەهێزبوون و سەروەربوونی هێزی سەربازی خۆی، گەشەکردن و پەرەپێدانی ئابووری کۆمەڵگە زەوت و ئاراستەی تۆڕەکانی دەسەڵات کردووە. بەو پێیە پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەی لاواز و بەپێچەوانەوە پێگەی سەربازی و توندوتیژی رژێمی پتەو و بەهێز کردووە.

لە یەکەمین هەنگاودا رژێم داهێنەر و هێزی سەرەکی ئابووری کە ژنە لە گۆڕەپانی ئابووری دوور خستووەتەوە و پەراوێزی خستووە و بەشی هەرە زۆری ژنانی گیرۆدەی شێرپەنجەی بێکاری کردووە. لەراستیدا ژن و کۆمەڵگەی لە رووباری ژیان دابڕاندووە. داهێنان و ئافرێنەرییەکانی دزیوە. کۆمەڵگەی کۆمیناڵ و دیموکراتیکی ناوبەتاڵ کردووە. دواتر گەورەترین شەڕی لەم گۆڕەپانەدا لەدژی ژنان و کۆمەڵگە وەگەڕخستووە. بەو پێیە ئابووری لە سرووشتی کۆمەڵایەتی بوونی خۆی کە لەژێر قەڵەمڕەوی ژنان، گەلان و کۆمەڵگەکان بووە، زەوت و قۆرخ کردووە. لۆژیکێک سەروەر کراوە کە ماڵ لە ساحێب ماڵەکەی حەرامە.

ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی ئێران بدەینەوە دەبینین کە هیچ قۆناخێکی مێژوویی ئێران ئەوەندەی رژێمی ئێستاکە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگەکانی قازانج و سەرمایەی بە ئامانج نەگرتووە. لەکاتێکدا لە مێژووی کۆن و ناویندا بە زۆری دابین کردنی پێداویستییە ژیانییەکانی کۆمەڵگە بە بنەما گیراوە. واتە وەک مێژووی هاوچەرخی ئێران گەل و کۆمەڵگە لەگۆڕەپانی ئابووری پەراوێز نەخراون. تایبەت کار و چالاکییەک کە لەپێناو قازانج ـ سەرمایە بووبێت، مسۆگەر لەگەڵ پێداویستییە

سەرەکییەکانی کۆمەڵگە یەکی نەگرتووەتەوە. بەڵام دەسەڵاتی خۆسەپێنەری رژێم هەوڵی داوە بە زەبری چەک و فێڵ و تەڵەکەوە ئابووری گەل قۆرخ و تاڵان بکات.

رئاڵیتەی کۆمەڵگە و فەلسەفەی ئابووری گەل ئەوەمان پێ دەڵێت کە هیچ تاکەکەس یان ئەلیتێکی ناو دەسەڵات و گرووپێک یان پێکهاتەیەکی ناو دەوڵەتێک پەیوەندی بە ئابووری دیموکراتیکەوە نییە. ئەوەی کە هەیە جیا لە پڕوپاگەندە و قسەی سەر زار شتێکی دیکە نییە. بۆیە لە ئێراندا زیاتر لە هەر شتێک لەگۆڕەپانی ئابووری پێویستی هەنووکەیی بە گەشەدانی دیموکراسی و دادپەروەری هەیە. تا دیموکراسی بەرقەرار نەبێت، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سۆسیالیزمیش بوونی نابێت. ئەمە ئەو کەلێنە گەورەیە کە رژێم لە راستی ژیانی گەلان دروستی کردووە و گەڕانەوە بۆ بنج و بناوانی ئەو حەقیقەتە چارەسەری دیموکراتییانە بە دوای خۆی دێنێت.

ئامانجی دەسەڵات و دەوڵەت لەم گۆڕەپانەی شەڕ، تەنیا دەستەبەرکردنی پاوان و قازانجی زیاترە. بۆیە کۆی ئەو ئابوورییانەی کە لەژێر کۆنترۆڵ یان قەڵەمڕەوی تاک و دەوڵەتدان لەپێناو قازانجی زیاتر، کۆمەڵگەیان لە ئابووری و بناخەی بنەڕەتی دابڕاندووە. لەبەر ئەو زیهنیەت و چەکەی لەئارادایە رۆژانە رژێم لە بواری ئابووری و بازرگانییەوە، لەناو قەیران، ئیفلاس و هەرەس هێناندایە. چون ئابووری کاری ژن، کۆمەڵگە و جڤاتەکانە، بەڵام ئەو کارە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە تاڵان براوە. کارێکە لەگەڵ راستی دەوڵەت و دەسەڵاتدا یەکناگرێتەوە. لەبەر ئەوەی بەرهەمی مرۆڤ و کۆمەڵگەیە، جوانناسییەکانی زیهنی مرۆڤ بەرجەستە دەکات. لە شەڕی ئابووری و بازرگانی رژێم جوانییەکانی زیهن و کردەوە بەرهەمدارەکانی گەل و کۆمەڵگە لەناو دەبرێن.

رژێم لە شەڕی تێکەڵاودا بە ئیرادە و شووناسی ئازادیخوازی گەلی کورد و گەوهەری ژنانەوە بازرگانی کردووە و وەک کاڵایەک هەمیشە سەودا و مامەڵەی لەگەڵ کردوون و بازاڕی شەڕی پێ گەرم کردووە. رژێم بەو روانگەیەوە رۆڵێکی سەرەکی لە تێکچوون و هەڵوەشانەوە و داڕمانی کۆمەڵگە و جڤاتەکانی ناوخۆی ئێران هەبووە. بەو روانگەیە هێزی کۆمەڵایەتی بوون، چالاکی و هەرەوەزی ناو کۆمەڵگەی لاواز کردووە. بۆیە سەودا و مامەڵە و بازرگانی کردن تایبەتمەندییەکی سەرەکی رژێمە کەڕووبارە پڕپیت و بەرەکەتەکانی ژیان و ئازادی لە ئێرانی پێ وشک و برین کردووە. واتە رژێم بەو لۆژیکە ئازادی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە زەوت دەکات و گیانی بێ ئیرادەیی و کۆیلەتییان پێدەبەخشێت. وڵاتپارێزی، شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری تەفروتونا دەکات و وڵاتفرۆشی، بەکرێگیراوی و جاشایەتی بە جێگەی دادەنێت. کۆمەڵگەی گەل هەڵدەوەشێنێت و کۆمەڵگەی دەسەڵاتی لەسەر بونیاد دەنێت. لە لووتکە و داوێنی کوردستان ئاگری شەڕ دادەگیرسێنێت. ژینگەی کوردستان وێران و خاپوور دەکات. بۆیە ئەو شەڕەی رژێم کە لەسەر بنەمای قازانج ـ سەرمایە و دەستەبەرکردنی ئابووری بەڕێوەی دەبات، سەرەتای دەستپێکردنێکی مەترسیدارە بۆ ریشەکێش کردنی بناخە و بنەڕەتی سرووشت و کۆمەڵگە.

رێبەر ئاپۆ سەبارەت بەم کێشە ئابوورییەی کە گیرۆدەی کۆمەڵگە بووەتەوە دەڵێت: «**تەنانەت زیندەوەرێکی بچووکی وەک مێروولەش کێشەی ئابووری نییە، چۆن بوونەوەرێکی خاوەن ئەزموون و ئەقڵێکی پێگەیشتووی وەک مرۆڤ کێشەی ئابووری هەبێت. بگرە دووچاری دۆخێکی شەرمەندەی وەک بێکاری دەبێت؟**» ئەوەی لێرەدا بەرجەستە دەبێتەوە ئەوەیە کە رژێم چۆن بە شەڕی هیبریدی توانیویەتی کێشەی ئابووری ناو

مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی ئێران قووڵ بکاتەوە. کێشەی ئابووری کردووەتە شاکێشەی کۆمەڵگە. ئەو مرۆڤەی کە خاوەن هێز، دەرفەت و بیرکردنەوەیە توانای دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی نەماوە. چون دەبێت مرۆڤێک کە لەسەرترین ئافرێنەرەکانەوەیە رەق و رەبەن کرابێت. داخۆ رژێم بە چ رێ و رێبازێک توانیویەتی ئەرتەشی بێکاران لەناو کۆمەڵگەدا درووست بکات؟ ئایا بێکاری لەگەڵ راستی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەگونجێت؟ بێگومان ئەوە لادانێکی مێژووییە کە رژێم گەل و کۆمەڵگەی گیرۆدە کردووە. چون لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ یەکناخوێنێتەوە. لەراستیدا دەبێتە ئەو کرمەی کە کۆمەڵگە دەکرتێنێت.

سەرچاوەی بنەڕەتی ئەو دیاردە سامناکە دەگەڕێتەوە بۆ پەراوێزخستن و دابڕانی کۆمەڵگە لە ئابووری. ئابووری کۆمیناڵ بەردەوام دەرفەتی کار و ژیان بۆ گەلان دەخولقێنێت. کانگەی کار و وەبەرهێنانە. مەکینەی وەگەڕخستنی وزەی تاک و کۆمەڵگەیە. ئەگەر ئابوورییەک لەسەر بنەمای دیموکراسی لەناوخۆی ئێران گەشەی پێ بدرێت، باوەڕ دەکەم کە مرۆڤێکی بێکار لەناو کۆمەڵگەدا ناهێڵێت. بەس لەبەر ئەوەی بێکاری سەرچاوەی خوراک پێدانە بۆ دەسەڵات، زوو بە زوو ریشەکێش ناکرێت. چون بێکاری بووەتە ئەو پەیژەیەی کە دەسەڵات بۆ فەتح کردنی کۆمەڵگە پێیدا هەڵدەکشێت. بۆیە رژێم هەرگیز بە دەستی خۆی ئەم ئامرازەی کە نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگەی پێ تاڵان دەکات، لەناو نابات.

جێگەی سەرسووڕمانە کە رژێم چون کۆمەڵگەی تووشی دۆخێکی شەرمەندەی وەک بێکاری کردووە. تەنانەت شەرم لەو کردەوەی خۆشی ناکات. لەکاتێکدا خۆی بە ناوەندی هێز و چارەسەری لەقەڵەم دەدات، بەس ناتوانێت چارەسەری بۆ ئەو دیاردە مەترسیدارە بدۆزێتەوە. رێژەی بێکاری لە ئێران

و تەنانەت لەکوردستان دادوبێداد دەکات. گڵۆپ و هیوای چارەسەری خامۆش و دامرکێندراون. رای گشتی کۆمەڵگە لە بێ هیوایی کوژاوەدا ژیان بە سەر دەبات.

لە دەوڵەتی سێزدەهەمی ئیبراهیم رەئیسی رێژەی بێکاری لەلایەن ناوەندەکانی ئاماری رژێمەوە ٨.١ دەرسەد راگەیەندراوە. لەکاتێکدا ئەو رێژەیە دوور لە راستییە. چون ناوگینی رێژەی بێکاری لە ساڵی (١٤٠٠ تا ١٤٠٢) لەلایەن ناوەندی ئاماری رژێمەوە؛ ٨.٨ دەرسەد راگەیەندراوە کە ئەوەش بە کەمترین رێژەی بێکاری لەدوای شەڕی ئێران و عێراق و چەند دەیەی دوایی لەقەڵەم دەدرێت. هاوکات سەردەمی دەوڵەتی محەممەد خاتەمی[١٤] رێژەی بێکاری ١٢.٨ دەرسەد راگەیەندراوە. ئەو ئامارانە سەلمێنەری ئەوەیە کە رژێم رێژەی بێکاری بۆ رای گشتی ئاشکرا ناکات و لە راگەیاندنی ئامارەکاندا چەواشەکاری و خاپاندن ئەنجام دەدات. چون بەپێچەوانەوەی ئەو ئامارانە تا دەڕوات رێژەی سوپای بێکاران زەبەلاح و فراوانتر دەبێت. لانی کەم ناوچە کوردنشین و سنوورنشینەکانی ئێران ئەو راستیەمان بۆ دەخەنەڕوو. ئامانجی بنەڕەتی ئەم رێبازەی شەڕ لەدژی گەل و کۆمەڵگە ئەوەیە کە لە بابەتی ئابووریدا کێشە بۆ کۆمەڵگە بنێتەوە و کۆمەڵگەیەکی بێکار و بێ بەرهەم بونیاد بنێت و دەرفەتی کار و پیشە لەناو ببات.

بە پێی ئامانجی شەڕی تێکەڵاو دیارە کە بێکاری چەکێکە بۆ داماڵینی وزەی داهێنانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدایە. پەرتەوازەکردنی کولتووری هەرەوەزی و پێکەوە ژیانە. تێکدان و شێواندنی شیرازەی دیموکراتیکی کۆمەڵگەیە.

١٤. لە ساڵی ١٣٧٦ تا ١٣٨٤ وەک پێنجەمین سەرۆک کۆماری ئێران دەستنیشان کرابوو. خاوەن بیرۆکەی گفتوگۆی شارستانیەتە کە ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد. هاوکات بە ناو رێبەری بەرەی ریفۆرمخوازی دەناسرێت.

شەپۆلی بەرپاکردنی قەیران، ئاڵۆزی و گێژاوی ناو کۆمەڵگەیە. سەرگەردانی و بێ ئامانج هێشتنەوەی گەل لە پلان و بەرنامە ستراتیژییەکانی ژیانیەتی. درووست کردنی سوپایەکی بێ کرێ و بێ ئیرادەیە. لە خشتەدەرخستنی کۆمەڵگە لە ڕەوتی هەبوون و حەقیقەتیەتی. لاوازکردن و بێ هێشتنەوەی سیستەمی بەرگری کۆمەڵگەیە. بۆمبی چێندراوی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. ڕواڵەت و گەوهەری فووتێکراو و هاشووش کراوی دەسەڵاتە.

بەربڵاوبوونی دیاردەی بێکاری لە ئێران ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ڕژێم جیا لەوەی کە دژە ئابوورییە، دژە ژن، دژە ژینگە و کۆمەڵگەشە. ڕژێم بۆ ئەوەی قازانجکردنی لەزێدە بەها بەرز ڕابگرێت و داهات و سەرمایەی گەل قۆرخ و کەڵەکە بکات، بەردەوام سوپایەکی مەزن و هەرزانی بێکاران لەناو گەل و کۆمەڵگەکان بەرهەم دێنێت و ئەو سوپایە بەردەداتە گیان کۆمەڵگە. تا کۆمەڵگە لەبەرامبەر ڕژێم بە چۆکدا بێت. تا چەندێک پانتایی شەڕی تێکەڵاو لەناو کۆمەڵگەیەکدا زیاتر و بەرین بێت سوپای بێکاران مەزنتر دەکرێت. ئەو سوپایە لە هەر گۆشەیەکدا گەرا دادەنێت و ژمارەی زیاد دەکات. زیادبوونی ژمارەی ئەو سوپایە، پێگە و هێزی دەسەڵاتخوازی ڕژێم فراوانتر دەکات. تایبەت دەرفەت و زەمینی فەتح کردن و سەروەری زیاتر لە سەر کۆمەڵگەی بۆ خۆش دەبێت. بەو واتەیە دیاردەی بێکاری پارچەیەکە لە شەڕی هیبریدی کە لەلایەن ڕژێمەوە بە ئەنقەست و بە پیلان و بەرنامە داهێنراوە.

لە شەڕی ئابووریدا ڕژێم قازانج و سەرمایە، بە ئابووری ناوزەد دەکات. چون ئابووری بۆ دەسەڵات بە واتای هێز، توانا، شکۆ و سەروەرییە. بۆیە هەمیشە لە هەوڵی دزین، قۆرخ و کەڵەکە کردنی داهات و سەرمایەی گەلە. واتە هێز، توانا، شکۆ،

سەروەری و دەسەڵاتی ڕژێم بە دزی، تاڵان، چەپاو و زەوت کردن دەستەبەر کراوە. ئەو کات گەل و کۆمەڵگە بە چ هیوا، باوەڕی، گەرەنتی و متمانەیەک دەتوانن ئەو ئابوورییەی کە ڕەنجی سەرشانیانە رادەستی ڕژێمی بکەن؟! واتە دەکرێت پشیلە ببێتە بەرگریکار و پارێزەری راستەقینەی گۆشت؟ کە گۆشت بۆ پاراستنی بە پشیلە بسپێردرێت؟!. بێگومان وڵامەکەی نەخێرە و کارێکی نالۆژیکیشە. بەو پێیە رادەست کردنی ئابووری کۆمەڵگە بە دەوڵەت و دەسەڵات، دابڕاو لەو لۆژیکە نییە. لەبنەڕەتدا رادەست کردنی چارەنووس و داهاتووی گەل و کۆمەڵگە بە دەسەڵاتە کە بەرەو تاریکی و داڕمان خلۆر دەکرێتەوە. بۆیە تا دەڕوات وەبەرهێنان، خوڵقکاری و داهێنانەکانی کۆمەڵگە روو لە دابەزین دەکەن.

ڕژێم بە جانەوەری دڕندنەی بڕیارگەی خاتەمولئەنبیا[15] کە گەورەترین مافیای پەیمانکاری بە ناو پڕۆژە ئابوورییەکانی ڕژێم لەناوخۆ و دەرەوەی ئێرانە، سەرجەم دەرفەتە ئابووری و خۆشبژێوییەکانی گەل و کۆمەڵگەی قۆرخ و زەوت کردووە. واتە گۆڕەپانی ئابووری میلیتاریزە کردووە. هەیمەنە و دەسەڵاتداری هێزە چەکدارەکان بە سەر ئەم گۆڕەپانەوە درووست بووە. ڕژێم بۆ دەرخستنی ئابووری لەناوەڕۆکی خۆی لەژێر دەمامکی کەڵەکە کردنی سەرمایە و قازانجی زیاتر لەدژی کۆمەڵگە ئەو شەڕە بەڕێوە دەبات. پرۆژە ستراتیژییەکانی دزین و تاڵان کردنی ئاو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، کۆنترۆڵ کردنی نەوت و گازی وڵات، پرۆژەی بەنداوسازی، درووستکردنی

١٥. لە ژێر چەتری سوپای پاسدارانی ئێرانە. لەساڵی ١٩٨٩ دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران و ئێراق بە فەرمانی عەلی خامنەیی و بڕیاری مۆحسین ڕەزایی فەرماندەی ئەو کاتی سوپای پاسداران دامەزراوە. بە گەورەترین مافیای پەیمانکاری پرۆژەکانی ڕژێم لەناوخۆ و دەرەوەی ئێران لە قەڵەم دەدرێت. لە ئێستادا قۆرخ کردن و زەوت کردنی سەرجەم دەرفەتە ئابووری و بژێویەکانی ناو کۆمەڵگەی بە ئەستۆیە.

ڕێگە و بان، سیخوڕی و تیرۆر و دەیان پرۆژەی زەبەلاحی دیکەی لە قازانجی ئەو ڕێکخراوەیەدا قۆرخ کردووە. واتە سوپای پاسداران و ئەو بڕیارگەیە ڕەهەندی دزی، تالان و گەندەڵی و ڕفاندنی سەرمایەی گەل لەژێر ناوی پرۆژەی خزمەتگوزاری ئابووری گەل ڕێکدەخات. ئەو ڕەهەندەش دەکاتە بەربڵاوترین فۆڕم و میتۆدی ژیانی کۆمەڵگە، تا ئاسایی بوونەوە لەبەرامبەر کردەوە میلتاریزییەکانی ڕژێم ناو کۆمەڵگە درووست بکاتەوە.

سوپای پاسداران و بڕیارگە تالانکەرەکەشی ئەو ڕێکخراوەیەن کە چاوی خۆیان بڕیوەتە دەرفەتی ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە. تواناکانی بنەماڵە و بەرهەمی ڕەنجی دەستی ژن و کرێکاران بە بیانووی ناڕەوا تالان دەکەن. بۆیە ئەم ڕێکخراوەیە گەورەترین ڕێکخراوەی قۆرخکاری، توندوتیژی، کاولکاری و دانسقەترین ڕێکخراوەی تالانکردنی ئابووری گەل و کۆمەڵگەیە. سەرەڕای ئەو تالانکارییە گەورەیەش ئەو ڕێکخراوەیە چاوی بڕیوەتە کولتووری ماددی و مەعنەوی گەل و کۆمەڵگە. هەر بوار و دەرفەتێکی ژیانی گەل و کۆمەڵگە حەپەلووش دەکات. واتە کۆی داهێنان و بەرهەمەکانی کۆمەڵگە بۆ بەکارهێنان و درووستکردنی چەک و چۆڵ، ڕەشەکوژی و توندوتیژی بەکار دەبات.

ئەو هێزە توندوتیژ و سامناکەی کە لەژێر ناوی سوپای پاسداران و دام و دەزگاکانی سەر بەو ڕێکخراوەیە دامەزراوە، لەم شەڕەدا تەنیا بیر لە تالانکردنی دەرفەتەکانی ژیانی کۆمەڵگە و حەپەلووش کردنی ئابووری کۆمەڵگە دەکاتەوە کە ئەوەش بە بنەڕەتی ترین مافی سەرەکی خۆی لەقەڵەم دەدات. واتە لەم دۆخە سەرسامەدا تالان، بەزۆرسەندن و داگیرکردن بە مافی سرووشتی خۆی دەزانێت. هەڵبەت ئەو مافەش ڕژێم بە ڕێگەی

چەکوچۆڵ و کەرەستەی سەربازییەوە دەستەبەری دەکات. بۆیە سوپای پاسداران هەموو جومگەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگەیان قۆرخ کردووە. تەنانەت گۆڕەپانێکی وەک میدیا و راگەیاندن و پەروەردەیان خستووەتە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بودجە و دەرفەتی وڵاتیش لە قازانجی ئەو رێکخراوەیە بەکار دەبەن. واتە ئەو رێکخراوەیە لە دۆخێکدایە کە لەدژی گەلانی ئێران و کۆمەڵگە و ژینگە هەرچییەک بکات، هەقی خۆی دەبینێ و کردەوەکانیشی بە رەوا و مافدار پێناسە دەکات. لەکاتێکدا سوپای پاسداران بەو لۆژیکە رێکخراوەیەکی تاڵانکەر، رەشەکوژ و توندوتیژە کە هیوای ژیان و ئازادی لەناو کۆمەڵگە ریشەکێش دەکات. بەتایبەت بووەتە گەورەترین بەڵا بۆ بن بڕکردنی ئابووری کۆمیناڵی کۆمەڵگە.

ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە لە سەردەمی شەڕی تێکەڵاودا، کۆمەڵگە لەناو چوارچێوەی قەفەسی تاڵان و دزی بەند و قۆڵبەست دەکات. بە قۆڵبەست کردن و بێ ئیرادەکردن و بێ کاردانەوە هێشتنەوەی، هەڵمەتی داگیرکردنی کەسایەتی و زەینی مرۆڤ دەستپێدەکات. ئەو ئۆپەراسیۆنە داگیرکەرییە بە ئامانجی کۆیلەکردنی تاک و کۆمەڵگە و بەخۆبەستنەوە بەڕێوە دەبات. واتا تاک و کۆمەڵگە دەگەیەنێتە ئاستی نەداری و هەژاری تا چاولەدەستی دەسەڵات بێت. دواتر رژێم لەرێی قەرزپێدانەوە بۆ تاک و کۆمەڵگە بە تەواوی بەخۆیەوە دەیبەستێتەوە. بە رێگەی قۆرخکاری ئابووری و بازاڕەوە دەسەڵاتی پتەو و بەهێزتر دەکات. لەکاتێکدا بە رێگەی رووتاندنەوە و تاڵانکردنەوە، ئابووری کۆمەڵگە حەپەلووش و تەفروتونا دەکات. ئەوەش قۆناخەکانی شەڕی هیبریدییە کە پلە بە پلە ئەو رێکخراوەیە لەدژی گەل و کۆمەڵگە ئەنجامی دەدات. لە پلەی یەکەمدا تاک سەرگەردان و بێ هیوا دەکات. لە سیستەم و بازنەی چارەسەری وەدەری دەنێت.

دواتر بە چۆکیدا دەهێنێت. بێ هێز، بێ ئیرادە و بێ ئامانجی دەکات. تا چاولەدەستی خۆی بکات. لەم ڕێبازەی شەڕدا کەڵک لەناوەندە بانکییەکان وەردەگرێت. بەو سیاسەتەی بەسەر کۆمەڵگەدا سەپاندوویەتی کۆمەڵگە ناچاری سەرنەوی کردن دەکات. لەو بانکانەدا قەرز بە گەل دەدەن. واتە گەل و کۆمەڵگە بە خۆیانەوە دەبەستنەوە. گەل برسی و چاولەدەستی خۆی دەکات و وەک کردەوەی چاکە پارەی بە قەرز دەداتە گەل و کۆمەڵگە. لەکاتێکدا ئەو ڕێبازەی ڕژێم زیاتر دۆخی گەل نالەبارتر و شڵەژان تر دەکەن. لەکۆتادا هێرشی داگیرکەری لەسەری ئەنجام دەدات. ئەم کردەوەی سوپای پاسداران بەپێی یاسا و ڕێسای شەڕ خوێناویترین و چەپەڵترین جەنگی ڕژێم لەدژی کۆمەڵگەیە کە بەرپای کردووە. چون ڕژێم یاری بە هەموو پیرۆزییەکانی گەل، نرخ و بەهاکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات تا هەیمەنەو سەروەری خۆی بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت.

ڕژێم لەسەر بنەمای تێرکردنی کۆمەڵگە، سیاسەتی بیۆئیقتدار – زیست قدرتی لەسەر کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات، تا تاک و کۆمەڵگە بە خۆیەوە ببەستێتەوە. لەکاتێکدا لەو سیاسەتەشدا خۆ لێ گێل کردن و کەمتەرخەمی گەورە دەکات و پێداویستییە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگە دابین ناکات. ئەوەی مایەی نیگەرانی و پەشۆکییە ڕژێم گۆڕەپانی ئابووری کۆمەڵگەی قۆرخ و زەوت کردووە. لەڕێگەی قۆرخکاری پڕۆژە ئابوورییەکانی کۆنتراکتەکانی، بەرهەمهێنان، بازرگانی، بانک و باج و سەرانە سەندنەوە ئەو پیلانانەی جێ بە جێ دەکات. لەو لاشەوە دەرفەت و دەرەتانەکانی ژیانی کۆمەڵگەشی لەباربردووە. واتە لەبەرامبەر پاراستنی هەبوون و ژیانی گەل و کۆمەڵگە هیچ بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی و مرۆیی لە ئەستۆ ناگرێت. بۆیە تەنیا کار و پیشەیەک بۆ ڕژێم مابێتەوە تێکدان و داڕمانی نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگەیە.

واتە رژێم نەیاری سوێندخواردووی گەل و کۆمەڵگەیە کە بۆ دارمانی کۆمەڵگە سەفەربەری شەڕی ڕاگەیاندووە.

بیۆ بە واتای ژیانە. دەبوایە لەو پێناوەدا رژێم دەسەڵاتداری خۆی لەسەر دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ، وەک خواردن و خواردەمەنی بەڕێوە ببردایە. بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەی ئەو دیمەنە لەبەر چاومانە. چون لە زۆربەی گوند، شارۆچکە، شار و پارێزگاکانی ئێران ڕووبەڕووی کەم ئاوی و سفرەی بەتاڵی خەڵک دەبینەوە. گەل دەرفەتی کڕینی بچووکترین پێداویستییە ژیانییەکانی نەماوە. تەنانەت دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان بۆ کۆمەڵگە رەوا نابینرێت. ئەوەش دەرئەنجامی ئەو شەڕەیە کە رژێم لەدژی کۆمەڵگە رایگەیاندووە و کۆتایی بە بەرهەمێنان و داهێنانی کۆمەڵگە هێناوە. بۆیە دەتوانین رژێمی ئێران لەبەر ئەو سیاسەتەی بە سیستەم و کانگەی بێکارکردن و خاڵی کردنەوەی وزە و توانای مرۆڤ بە ناو بکەین. واتە سیستەمێکە کە ئیدی مەیل و توانای بەرهەمهێنان و داهێنانی لەگۆڕەپانی ئابووریدا نەماوە، بەڵکوو ئەو گۆڕەپانە نەزۆک دەکات و تەنیا و تەنیا سیستەمی بەرهەمهێنانی بێکارییە. سیستەمێکیش کە بێکاری بەرهەم بێنێت، ستەمکارترین، دڕندانەترین، بێ بەرهەم ترین رژێمی شەڕ لەدژی کۆمەڵگەیە. سیستەمێکە کە تەنیا پێشێلکاری مافی مرۆڤ، لەسێدارەدانی مرۆڤ، برسێتی، هەژار کردن، کوشتن و رووت و قووت کردنی گەل و کۆمەڵگەدا لێهاتوو و شارەزایە.

رژێم لێرەدا کۆمەڵگە گیرۆدەی قەیران و گێژاوی ئابووری دەکات. کۆمەڵگە دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە بۆ بچووکترین مافی ژیانی کە وەرگرتن یان زیادکردنی مووچە و حەقدەستی کارەکەیەتی، پێویستە بەردەوام لەناو جووڵە و چالاکیدا بێت. برسێتی و نەداری تا سنووری مردن بە سەر کۆمەڵگەدا

دەسەپێنێت. دۆخێکی بۆ دەڕەخسێنێت کە ڕۆژانە حەوت جار بەرەو پیری مردن بڕوات. لەو پێناوەدا پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی کۆمەڵگە ئەوەندە بزر و گران دەکات کە کۆمەڵگە تاقەت و توانای کڕینی ئەو پێداویستییانەی نەمێنێت. لەو لاشەوە کۆمەڵگە گیرۆدەی ئەرتەشی بێکاران و هەژاران دەکات. هەژاریش تاک و کۆمەڵگە بەرەو لێواری مەرگ پەلکێش دەکات. ڕێژەی خۆکوژییەکانی ناو کۆمەڵگە بەرز کردووەتەوە. جیا لەوەش رژێم کۆمەڵگە گیرۆدەی ماددەی هۆشبەر دەکات. بەو سیاسەتە کۆمەڵگەیەکی بێ کاردانەوە و گوێڕایەڵ بونیاد دەنێت. کۆمەڵگەیەک کە بە دوور لەسیاسەت و تێکۆشان بێت. بەو سیاسەتە شیرازەی کۆمەڵگە تێکدەدات و سەروەری خۆی بە سەر گەل و کۆمەڵگە درووست دەکات.

رژێم بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە لەناو کۆمەڵگەدا مەبەستییەتی کەڵک لەم سوپایە وەردەگرێت. سوپایەکی بونیاد ناوە کە تەنیا هۆگری بەکاربردنی کەلووپەلە ئابوورییەکانی کۆمەڵگەیە. رژێم بەو سوپایە پشێوی و گێژاو لەناو هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە قووڵتر دەکاتەوە. بەردەوام باوەڕییەکان و نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران بە گژیەکدا دەدات. بەو پشێوی و ئاڵۆزیانەی درووستی دەکات، حاکمیەت و سەروەری خۆی بە سەر تاک و کۆمەڵگەدا قایمتر دەکات.

رژێم بە سیاسەتی بێوەسەڵات و برسی هێشتنەوەی گەل هەوڵ دەدات گەلی کورد تەربیە بکات یا تەسلیم وەربگرێت. بە جێگەی دۆزینەوەی ڕێگە چارەی قەیرانەکانی نێو کۆمەڵگە، بڵاوکردنەوەی دیاردەکانی دزی، گەندەڵی، کوشتن، دەستدرێژی، ماددەی هۆشبەر، فاحشەگەری، بێکاری، هەژاری و گرانی ناو کۆمەڵگەی خستووەتە پیلانی یەکەمی دەوڵەتەوە. بڕیارگەی سوپای پاسداران و خاتەمولئەنبیا بەردەوام لەکوردستان

دەرفەتی کشت و کاڵ و بە خێوکردنی مەڕ و ماڵات، بەرهەمە خۆماڵییەکان و وەبەرهێنان لەسەر ئەم خاکە پڕپیت و بەرەکەتەدا بن بڕ و وشک و برین دەکات. چون بە روانگەی فەرماندە باڵاکانی ئەم بڕیارگەیە رادەی قازانج – بەرهەمی زێدە لەکشت و کاڵ و حەیوانداری و بەرهەمە خۆماڵییەکان و … هتد یان نییە یان زۆر کەمە. بۆیە بە جێگەی هاندانی گەل و کۆمەڵگە و یان پێدان و زیادکردنی دەرفەتی پێشخستنی ئەو کارە، گەل ناچاری کۆچبەری و وازهێنان لە کارە ئابووری و بنەڕەتییەکانی ژیان دەکات.

لەو لاشەوە لەژێر ناوی پەیداکردنی پارە و پێدانی مووچە و دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان گەل پەلکێشی ناو تۆڕەکانی دەسەڵات دەکەن. چون رژێم بەو لۆژیکە دەجووڵێتەوە کە بە پارە – سەرمایە، پارەیەکی یەکجار زۆر قازانج دەکرێت. واتە پارە پارە دێنێت. بەو فەلسەفەیە پارە دەکەنە فەرماندەی کۆمەڵگە. هەر شتێک لەدەوروبەری پارەدا مانادار دەبێت. پارەش لەدەوروبەری دەوڵەت و دەسەڵات کەڵەکە کراوە. واتە ژیان لەناو بازنەی دەوڵەت و دەسەڵات دەستەبەر دەبێت!. ئەوە رژێمە کە ژیان بۆ کۆمەڵگە گەرەنتی دەکات!. بۆ ئەوەیە کە ئەو رژێمە خۆی بە نوێنەری خودا لەسەر زەوی وێنا دەکات. بەو دیماگۆژییە کۆمەڵگەیەکی کۆیلە لەدەوروبەری خۆی رێکدەخات. لەبەر ئەوەی رژێم پارەی کردووەتە رۆحی دەسەڵات، فەلسەفە و هەبوون و نرخەکانی دیکەی ناو کۆمەڵگەی بێ بایەخ و بێ نرخ کردووە.

ئەو روانگە فریودەریانەی رژێم بووەتە هۆکار کە ئیدی سەرمایەدارەکانی ناو کۆمەڵگە بیر لەگەشەدانی فەرهەنگی کشت و کاڵ و بەرهەمە خۆماڵی و ئابوورییەکانی گەل نەکەنەوە. ئەگەر سەرمایەدارێکیش بە پێچەوانەی بەرژەوەندی و رێنماییە

ئابوورییەکانی دەسەڵات بجوولێتەوە، ئەوا لەناو گێژەڵووکەی ئابووریدا دەگەوزێت. لەکاتێکدا پارە و سەرمایە، ئابووری و ژیان وشک و نەزۆک دەکات. بێکاری، هەژاری، گرانی و بێ بایەخی دەئافرێنێت. بۆیە تا سیستەمی زاڵی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە و سیاسەتەکانی رژێم لەپێناو بەدەستهێنانی قازانج – سەرمایە هەڵنەوەشێنرێنەوە و لەبەین نەبرێن کە لەسەر فەلسەفەی زێدە – بەها و بەرهەمی زیادە دامەزراوە، تاک و کۆمەڵگە لە بێکاری، هەژاری، برسێتی و گرانی رزگاری نابێت. چون رژێم بێکاری بەئەنقەست و بەپیلان لەناو کۆمەڵگەدا رێکدەخات، تا رێژەی قازانج کردن لەبەرهەمە زەوت کراوەکانی بەرز بکاتەوە. لەو لاشەوە هەژمونی و دەسەلاتداری بە سەر هەموو دەرفەتەکانی ژیانی گەل و کۆمەڵگەدا درووست بکات. بۆیە بێکاری هەمیشە وەک سوپایەکی گوشار، هەڕەشە و چەوساندنەوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەکار بردووە و دەبات. واتە رژێم بەم سیاسەتە گەلان و کۆمەڵگەی کردووەتە قوربانی بەرژەوەندییە ماددی و ئابوورییەکانی.

رژێم لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بە بەهێز بوونی سەرمایە و ئابووری تالانکراوی دەستی دەنازێت. لە هیچ تاوانێک لەدژی گەل و کۆمەڵگە دەست ناپارێزێت. وەک گەنەیەک بە جەستەی کۆمەڵگەوە چەسپاوە و خوێنی گەل هەڵدەمژێت. سەرەڕای ئەو دۆخە فووتێکراوەی پاڵپشتی گرووپە سێبەرەکانی خۆی لە ناوچەکە دەکات و پڕچەکیان دەکات. لەو لاشەوە کۆمەڵگەکەی رووت و قووت و هەژار و داماو کردووە. رژێم ئەوە وەک بەهێز بوونی سەرمایە و ئابووری دەستی دەوڵەت لەبەرامبەر دەرەوە و تەنانەت کۆمەڵگە پێناسە دەکات. کە وابێت گەل و کۆمەڵگە لەدژی ئەو زیهنیەتە تالانکارە سەر نەوی ناکەن و ئاستی تێکۆشانیان بڵندتر دەکەنەوە.

لە دۆخێکدا کە کۆمەڵگە بە تایبەت گەنجان و ژنان لەناوخۆی وڵات لەناو نەداری، هەژاری و نەبوونی پێداویستییە ژیانییەکانی ڕۆژانە و سوپای بێکاریدا دەناڵێنن، ڕژێم بە پاڵپشتی و پڕچەک کردنی ئەو هێزانە هێزنوێنی دەکات. لەکاتێکدا ڕژێم لە شەڕی تێکەڵاودا، لەگۆڕەپانی ئابووری سیاسەتی قڕکردنی کۆمەڵگە پەیڕەو دەکات. لەلایەکی دیکەشەوە لەگەڵ دەوڵەتانی دەرەوە و نەیارانی کورد لەسەر بنەمای پاکتاوکردنی کوردان گرێبەستی ئابووری واژۆ دەکات و لەگەڵ گەل و کۆمەڵگەکەشی لەناو شەڕێکی هەمەلایەنەدایە. بە واتایەکی دیکە ڕژێم نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگەکانی ئێران دەفرۆشێت، تا بتوانێت لەدژی کوردان هاوکار و هاوپەیمانی زیاتر کۆبکاتەوە.

## ٥ ـ فاکتەری کۆنترۆڵ و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری لە شەڕی تێکەڵاودا

لە ڕوانگەی ڕژێم کۆنترۆڵ؛ سیستەمی پاڵاوتن و سەروەرییە. هەر هێز و دەسەڵاتێک بە بێ ئالیەتی کۆنترۆڵ ڕەفتار ناکات. کۆنترۆڵ بۆ چاودێری و درووست کردنی هەیمەنە بۆ سەر هێز و لایەنێکی دژبەری خۆی وەگەڕی دەخات. هەڵە نابین کە ڕژێمی ئێران بە ڕژێمی کۆنترۆڵ و چاودێری و نەزۆک کردنی ئابووری بە ناو بکەین. ڕوانگەی دەسەڵات وایە کە نابێت هیچ دەرفەتێکی ژیان لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێم دەرکەوێت. بەڵکوو چ بەرهەم، دەستکەوت و نرخێک لەکۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، پێویستە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی ڕژێم. ئەگەر دەرکەوتنێکیش ڕوویدات ئەوا ڕووبەڕووی لەناوبردن و ڕووخاندنی ژێرخانی ئابووری دەبێتەوە. ئەوەش سەرچاوەی لە زیهنیەتی ناوەندگەرایی دەسەڵات وەردەگرێت. هەر شتێک بە ناوەندەوە گرێ دراوە. لێرەدا پێکەوە ژیانی گەلان، هەمەڕەنگی کولتووری، ئیرادە و

باوەڕییەکانی ناو کۆمەڵگە کرچ و کاڵ دەکرێت. ئەگەر کەس، هێز و لایەنێکیش نەکەوێتە ناو بازنەی کۆنترۆڵی رژێم بە تاوان و بەرچەسپی نارەوا تۆمەتبار دەکرێت.

رژێم هەمیشە هەوڵی داوە کە ئابووری لەکۆنترۆڵی خۆی رابگرێت. بە کۆنترۆڵی گۆڕەپانی ئابووری، سەروەری بە سەر گشتی کۆمەڵگە درووست دەکات. چون ئابووری کۆمیناڵ پێکەوە ژیان، ئیرادە و باوەڕی گەشە پێ دەدات، ئەوەش بە خۆشی رژێم ناچێت و بە لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری گەل و کۆمەڵگە کۆسپ و تەگەرەی لەبەرامبەردا درووست دەکات. هەڵبەت میکانیزمەی کۆنترۆڵ بە شێوەیەکی نەرم و نیان بەڕێوە براوە. بە زۆری ئەو ئالیەتە بە یاسایی کراوە. واتە رژێم بە یاسا و رێسا کۆمەڵگە لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتداری خۆی رادەگرێت. ئەگەر لەم رێبازەشدا سەروەری پێویست درووست نەبێت، بە زەبری چەک و توندوتیژی کۆمەڵگە کۆنترۆڵ دەکرێت. کۆمەڵگەیەکی کۆنترۆڵ کراویش، کۆمەڵگەیەکی میلتاریزە کراو، کۆیلەکراو، بێ بەرهەم و بێ پاراستنە.

لەناو دەوڵەتە داگیرکەرەکانی سەر کوردستان دەوڵەتی تورکیا زیاتر ئەم رێبازەی کۆنترۆڵ و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووری لەدژی شۆڕشی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا بەکار بردووە. بە هێرشە درۆنی، فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و فڕۆکە جەنگییەکان، تۆپباران و بەکارهێنانی هێزی بە پارە و چەتە و سیخوڕ، لەناوبردنی هەموو سەرخان و ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان کردووەتە ئامانجی هێرشەکانیان. لەو هێرشانەدا رەحم بە هیچ جۆرە دەرفەتێکی کۆمەڵگە نەکراوە. ئامانج لەو هێرشانەش ئەوەیە کە لەناو کۆمەڵگەدا قەیران و نارەزایی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێش بخات تا کۆمەڵگە ناچاری کۆچبەری بکەن و لەدژی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری بوەستنەوە.

هاوکات ڕێگری لە برەوپێدانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا دەکەن. تا ئەم سیستەمە لە بواری ئابووری سەربەخۆ و دیموکراتیک نەبێت و گەل ناچاری چاولەدەست کردنی دەرەوە و هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمییەکان بکەن. کۆچبەری واتە هەڵکەندن لە زێدی خۆیە، ئەوەش واتای تێکدانی ژینگەی سرووشتی و بیۆلۆژییە کە سەرچاوەی دابڕانی جەستەیی و پەرەپێدان بە نەخۆشییە تەندرووستییەکانە.

بەو هێرشانە ناسەقامگیری و نائارامی دێتە ئاراوە. ئەوەش ئامانجێکی سەرەکی شەڕی تێکەڵاو لەدژی کۆمەڵگەیە کە دەوڵەتی تورکیا لەدژی گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوەی بردووە. ئەو ڕێبازەی شەڕ کۆمەڵگە تووشی گرفت و تەنگ و چەڵەمەی جیدی دەکەن تا گەل لە شۆڕش و نرخ و بەهاکانی دوور بخەنەوە. لەو لاشەوە ئاو لەسەر ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان دەگرێتەوە و گەمارۆی ئابووری و زەختی گرتنەوەی ئاو لەسەر هەر دوو بەشی کوردستان پەیڕەو دەکات. بەو سیاسەتە رووخانی ژێرخانی ئابووری ڕۆژئاوای کوردستان بە ئامانج گیراوە و تێکدانی ژینگەی سرووشتی و سەرچاوەی بەبیابانبوونی ناوچە ئاوییەکانە.

سەرەڕای ئەو هێرش و بۆردوومانانە پەدەکەش پەلکێشی ناو شەڕەکە کراوە و دەرگای سێمێڵکا[16] بە سەر ڕۆژئاوا دادەخات و بە هاندانی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد (ئەنەکەسە)[17] ئاڵۆزی

١٦. دەروازەیەکی سنوورییە کە لە نێوان حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان لە عێراق و ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا لە کاتی شەڕی ناوخۆی سوریادا لە ساڵی ٢٠١٣ کراوەتەوە. یەکێکە لە دەروازە سنوورییە گرنگەکانی نێوان باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا و هەرێمی باشووری کوردستان و هاوکات خاڵێکی ترانزێتی گەورەی نێودەوڵەتییە. دەروازەکە زۆر جاران لە لایەن حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان بە دەستپێشخەری پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق - پەدەکە داخراوە.

١٧. ئەم ئەنجوومەنە لە ٢٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ بە سپۆنسەری مەسعود بارزانی،

و دووبەرەکی دەنێنەوە. تا بە تەواوی تورکیا ئامانجەکانی لە ڕۆژئاوا بپێکێت. تەنانەت دەزگای خێرخوازی بارزانی و ئەنەکەسە لە عەفرین دەرفەتی کرانەوەی نووسینگە و کار و چالاکییان پێدراوە. واتە ئەو هێزانە لەگەڵ چەتەکانی ئەردۆغان لەدژی گەلی کورد بەشداری کۆنسێپتی قڕکردن و پاکتاوکاری بوونەتەوە. بەڵام بەم تابلۆیە لە شەڕی تێکەڵاودا پیشان دەدرێت کە کێشەیەک لە عەفرین بوونی نییە و گەلی کورد بە ئازادانە دەژی!. هەڵبەت ئەوە پیشانی داوە کە پەدەکە بە ئاشکرا و ڕاستەوخۆ هاوکاری و پاڵپشتی دەوڵەتی تورکیای کردووە و تەنانەت لە زۆر شوێندا ڕاستەوخۆ بەشداری لە شەڕی دژ بە ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد کردووە. سەرەڕای ئەوەش پەدەکە هەوڵ دەدات کە بە زەخت و هەڕەشە هێزەکانی باشوور پەلکێشی ناو هێڵی خیانەت بکات. کۆی ئەو سیاسەتانە لەپێناو کۆنترۆڵ کردن و لەباربردنی ژێرخانی ئابووری سیستەمی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیکی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بەڕێوە دەچێت. تا سیستەمی خۆبەڕێوەبەری چاولەدەستی دەوڵەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان و بەتایبەت پەدەکە ببێت. بەو شێوەیە بتوانن پیلان و بەرنامەکانیان لەسەر گەلی ڕۆژئاوای کوردستان بەڕێوە ببەن.

هاوتەریبی ئەو سیاسەتە ڕژێمی ئێرانیش لەدژی گەلی کورد لەناو هەوڵدانێکی چڕوپڕدایە. چون کاراکتەری ڕژێمی

---

دوای درووستبونی پێشتری ئەنجوومەنی نیشتمانی سووریا، لە شاری هەولێر دامەزراوە. سەرەتا لە ١١ پارتی کوردی سوریا پێکهاتووە. ئەنجوومەنەکە لەلایەن دەوڵەتی تورکیا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ دژایەتی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا بەکار براوە. ئەنجوومەنەکە زۆرجار تێوەگلاوە لە گەندەڵی، سپیکردنەوەی پارە، سیخوڕیکردن، پڕوپاگەندەکردن بۆ تورکیا و تیرۆرکردنی وڵاتپارێز و تێکۆشەرانی کورد و سیاسەتمەداران. بە بەردەوامی کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا کردووە و بەرپرسەکانیان لە ئەنقەرە و هەولێر نیشتەجێ بوون.

تایبەتی ئێران ئەوەیە کە هەموو نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان و سەرخان و ژێرخانی ئابووری بە دەوڵەتی کردووە. واتە هەموو دەرفەتێکی ژیانی گەل و کۆمەڵگەی کردووەتە عایدی دەوڵەت و دەسەڵات. تەنانەت گۆڕەپانی ئابووری کە گۆڕەپانی کۆمەڵگەیە بووەتە موڵکی تایبەت و موڵکی دەوڵەت و دەسەڵات. ئیدی گەل و کۆمەڵگە لەم گۆڕەپانە کە کانگەی دابین کردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانییەتی بێ بەری کراوە. بە بێ کۆنترۆڵ و ئەرێ کردنی دەسەڵات هیچ دەرفەتێکی ئابووری بە گەل و کۆمەڵگە نادرێت. پێویستە کۆمەڵگە بەپێی ویست و داخوازییە ئابوورییەکانی دەوڵەت و دەسەڵات بەشداری لەم گۆڕەپانەدا بکات.

هیچ دەسەڵاتێک لە مێژووی دەسەڵاتداری ئێراندا، ئەوەندەی دەسەڵاتی رژێمی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە بە شێوەی فەرمی و ئاشکرا موڵکایەتی تایبەت و دەوڵەتی لەناو کۆمەڵگە پێش نەخستووە. لەو پێناوەدا دەتوانین نازناوی دژایەتی ئامراز و تەکنۆلۆژیای ئابووری بە رژێم ببەخشین. رژێم بەو نازناوەی هەڕەشەی لەسەر هەبوون و بەردەوامی کۆمەڵگەکانی ئێران درووست کردووە. پانتایی کۆسپ و تەگەرە و کێشە و گرفتەکان بۆ گەل و کۆمەڵگە زیاتر کردووە.

لەبەر ئەوەی رژێم نەیاری سەرەکی نرخ و بەها مرۆییەکانی کۆمەڵگەیە، دوژمنی سەرەکی رەوشت و کولتووری کۆمەڵگەیە. دوژمنی هیوا، مۆراڵ و جۆش و خرۆشی کۆمەڵگەیە. ناکرێت بە دۆست و یار و یاوەری ئابووری لەقەڵەمی بدەین. بەڵکوو دوژمنی سەرەکی و سەرسەختی ئابوورییشە. چون ئابووری بۆ هەر کۆمەڵگەیەک کلیلی کرانەوەی دەرگا داخراوەکان و گرێکوێرەکانی ناو کۆمەڵگەیە. رۆحێکە کە لەجەستەی کۆمەڵگە جیا ناکرێتەوە. بەڵام رژێم ئەمڕۆ ئەو رۆحەی کە ئابوورییە لە

کۆمەڵگە و بە تایبەت ژنان دابڕاندووە. لەکاتێکدا مرۆڤ بە ڕێگەی پرەنسیبە ئەخلاقی و ویژدانییەکانیەوە توانای دەستەبەرکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانی هەیە. بەڵام ڕژێم گەل و کۆمەڵگەی لەو گۆڕەپانە بێ بەری کردووە. بۆیە کۆمەڵگەیەکی دابڕاو لە ئابووری دەبێتە کۆمەڵگەیەکی وەهمی و مەجازی کە لە ڕەوشت، داهێنان و نرخ و بەها مرۆییەکان بێ بەری کراوە.

ڕژێمی ئێران ئەم ڕێبازەیان بە شێوەی نەرم لەدژی سەرخان و ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگە بەڕێوە بردووە. هەموو سەرخان و ژێرخانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان خستووەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتداری خۆیانەوە. لەلایەکی دیکەوە دەرفەتی ئەوە نادەن کە سەرمایەگوزاری گەورەی ئابووری لەکوردستان دروست ببێت. ئامانجیش ئەوەیە تا لەناو کۆمەڵگەدا قەیران و ناڕەزایی کۆمەڵایەتی پێش بخەن، تا کۆمەڵگە ناچاری کۆچبەری بەرەو شارە گەورەکانی ئێران و تەنانەت دەرەوەی ئێران بکەن. ڕژێم بە گواستنەوەی ئاوی ناوچە کوردنشینەکان بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران و دروست کردنی بەنداو و ئیستفادە نەکردنی شێوازی درووست لە ئاو، زەخت لەسەر گەلی کورد پەیڕەو دەکات. بە بڵاو کردنەوەی دیاردەکانی بێ ئەخلاقی، بێکاری، سیاسەت زەدەیی، هەڵاوسانی ئابووری، لەشفرۆشی مەترسییەکانی بۆ سەر ژینگە و ژیانی تەواوی بوونەوەران دروست کردووە. هەڵبەت جاش و بەکرێگیراوەکانی کوردستان بۆ لەناو بردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان بە ئاشکرا هاوکاری دەسەڵات دەکەن و پاساو بۆ ژینگەکوژی و کاولکاری ژێرخانی ئابووری ڕژێم دێننەوە. لەکاتێکدا ڕژێم ئەو شەڕەی بە ئامانجی ژینگەکوژی و قڕکردنی ژینگەی کوردستان بەڕێوە دەبات. بەو شێوەیە لەکوردستان کارەسات و مەرگەساتی یەک لەدوای یەک پێش دەخەن.

ژێرخانی سەرەکی ئابووری کە گوندە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژینگەدا هەیە و شۆڕشی کشت و کاڵ تێیدا بەرپا بووە و بەردەوامە، ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی ئابووری و تواندنەوەی کولتووری کردووەتەوە. چون پێداویستییە زەرورەتەکانی ژیانی کۆمەڵگەی تێدا دەستەبەر دەبێت. ڕژێم بە شەڕی نەرم دەیەوێت گوندەکان لەکشتوکاڵ و ژینگە داببڕێنێت و فەرهەنگی شار و دەسەڵات کە تاڵان و پاکتاوکارییە تێیدا سەروەر بکات و بە چەکی پارە، پیشەسازی، پیشەی ئازاد و بازرگانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری کۆمەڵگە کۆنترۆڵ و دابڕمێنێت. هەڵبەت ئەوەش لەژێر ناوی کۆکردنەوەی سەرمایە و بە دەستهێنانی سوود و قازانجی زیاتر پەرە پێدەدات. لەکاتێکدا ڕێبەر ئاپۆ سەبارەت بە سەرمایەداری دەڵێت: «سەرمایەداری کە هەموو شتێکی لە «ئابووری»دا خنکاندووە، هیچ پەیوەندییەکی بە ئابوورییەوە نییە، تەنانەت دوژمنی سەرسەختی ئابوورییە. بە پێداگرییەوە دووپاتی دەکەمەوە؛ سەرمایەداری ئابووری نییە، بەڵکوو دوژمنی سەرسەختی ڕۆحی ئابوورییە». ئەم پێناسەیە لەڕاستیدا پڕ بە پێستی زیهنیەت و کردەوەی ڕژێمی ئێرانە. چون ڕژێم بە سیاسەتی تەسک و قازانج ویستانەی ئابووری کۆمەڵگەی خنکاندووە. سیاسەتە ئابوورییەکانی ڕژێم هیچ بەرژوەندی و سوودێکی بۆ گەل و کۆمەڵگە بەدواوە نەبووە. بەپێچەوانەوە بەردەوام زیان و زەرەری بۆ کۆمەڵگە هەبووە. بۆیە دەکرێت ڕژێمی ئێرانیش بەو دوژمنە سەرسەختەی ئابووری پێناسە بکەین کە ڕەنگدانەوەی لەکردار و گوتارەکانی لەبەرامبەر داهێنەری ئابووری کە ژنە زیاتر دەبینین.

ڕژێم ئەم ڕێبازە چەپەڵەی شەڕ و داڕمانی ژێرخانی ئابووری بە ئامانجی خۆبەدەستەوەدانی گەل بەسەر کۆمەڵگەدا

دەسەپێنێت. بە تاکتیکەکانی شەڕ سەرەتا ئابلۆقەی ئابووری بەسەریدا دەسەپێنێت و لەناو قات و قڕیدا دەیگەوزێنێت و برسی دەکات. چ کاتێک ئەم ڕێبازەی لەسەر گوند یا شارێک گەیشتە ئەنجام لەبەرامبەر خۆبەدەستەوەدان و پەلکێش کردنی بۆ ناو تۆڕەکانی دەسەڵات سکی تێر دەکات. ئامانج لەوەش تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە و کۆنترۆڵ کردنیەتی.

ڕژێم بۆ ئەوەی سەرمایە - قازانجی زیاتر لەناو کۆمەڵگە دەستەبەر بکات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر گەشەدانی بازرگانی و پیشەسازییە. هەڵبەت لەژێر پێناسە و دەستەواژەی بریقەداری وەک کۆمەڵگەی خوشگوزەران و ئارام ئەو شەڕە ئابوورییەی لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. چون ڕژێم زیاترین قازانج و سەرمایەی لە ناوچە سنوورییەکان و تایبەت کوردستان دەستەبەر کردووە. واتە زۆرترین قازانج و سوود لەسەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگەی بە دەستهێناوە. لەبەر ئەوەی ڕژێم کۆی مادده خاوەکان بۆ ناوەندی دەسەڵات دەگوازێتەوە، زۆرترین قازانج لەو داگیرکەرییەی وەردەگرێت. چون ڕژێم بەو سەرچاوە زەبەلاحە ئابووریانەی کە لەکوردستان دا بوونیان هەیە، هەموو گۆڕەپانەکانیان بە دەوڵەتی کردووە. تەنانەت گەلی ناوچەکانیشیان لەو پرۆژانە دوورخستووەتەوە و بوارەکانی قازانجی زیاتریان بۆ دەسەڵات رەخساندووە. تا بەو شێوەیە دەسەڵات یاسا و ڕێساکانی دزی و تاڵان کە پیشەی هەمیشەییەتی بە ڕێکوپێکی بەڕێوە ببات.

کردەوەکانی ڕژێم ڕاشکاوانە نیشانی داوە کە پاوانە بازرگانییەکەی هیچ پەیوەندییەکی بە ئابووری کۆمەڵگەوە نییە. بەڵکوو ڕژێمی تیرۆری ئێران کە ئابووری گەل و کۆمەڵگەی تیرۆریزە کردووە، بە زۆرەملێ و یاسا و ڕێساوە دەیەوێت ئەو لۆژیکە هەڵەیە بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنێت. واتە دەستڕەنگینی

و هێز و تواناکانی گەلان، کرێکاران، ژنان و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە کە بە رەنج و زەحمەتییەکی گەورە بەدەستیان هێناوە و ئافراندوویانە، تالان، چەپاو، قۆرخ و زەوتی بکات. لەکاتێکدا ئەوە روونە ئەگەر دەوڵەت و دەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا بوونی نەبێت و بەرهەم و داهێنانەکانی کۆمەڵگە زەوت نەکات، قۆرخکاری بازرگانی لەناو کۆمەڵگەدا بە هیچ شێوازێک بەڕێوە ناچێت.

رژێم کۆنترۆڵ و لەباربردنی ژێرخانی ئابووری کۆمەڵگە بە رێگەی کەڵەکەکردنی بەرهەم و دەستڕەنگینیەکانی کۆمەڵگە لەناوەندەکانی ژێر دەسەڵاتداری خۆی بەڕێوە دەبات. واتە رژێم بازرگانی بە رەنج، نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەوە دەکات. بەتایبەت خۆراک و خواردەمەنی و بەروبووم و بەرهەمەکانی رستن و چنین و کانزاکانی کوردستان بە بیانووی سەرمایەی نەتەوەیی قۆرخ و تالان دەکات. چون لۆژیکی رژێم گەشەدانی بازرگانی و قازانجی زیاتری پارە و سەرمایەیە. بۆ ئەوەش ساکارە کە مرۆڤ، بەڵکوو ژینگە و کۆمەڵگەشی لەگەڵدا تەفروتونا بکات.

رژێم لەکاتی قات و قڕی و ئەو شەڕانەی کە گیرۆدەی کۆمەڵگە بوون، ئابووری گەل و کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ و تەفروتونا کردووە و زیاترین سەرمایەی بەدەستهێناوە. چون دەسەڵات هەمیشە لەو گۆڕەپانانەی کە عایدی کۆمەڵگەیە درەوشاوەتەوە. چ کاتێک رژێم شاهیدی ئەوە بووبێت کە کشتوکاڵ، بەروبوومە خۆماڵییەکان، کانزاکانی سەر زەوی و بن زەوی و رەنج و ماندووبوونی گەل سەرچاوەی قازانج بووبن، بە زۆرەملێ نرخ و بەهاکانی قۆرخ کردووە و لە رێگەی باج و سەرانەوە، سەرمایەی لە قازانجی دەسەڵات بە تالان بردووە.

لەبەر ئەوەی رژێمی ئێران زیاتر پشت و پەنای بە بازرگانی کردن و لەناوبردنی ئابووری کۆمەڵگە بەستوەتەوە، لەبەر قەیران

و گێژاوە یەک لەدوا یەکەکانی بازرگانی و سیاسەتە ئابوورییەکەی، دەرگەی لە پێش شەڕێکیماڵوێرانکەر کردووەتەوە. ئەو شەڕەش لێکەوتەکەی برسێتی، نەداری، هەژاری، گرانی و قات و قڕییە کە ئێستا دەستەویەخەی کۆمەڵگەی گرتووەتەوە. ئەوەش سەقامگیری و ئاشتی کۆمەڵگەی تێکداوە و قەیران لەدوای قەیران بە دوای خۆی دێنێت.

**٦ ـ فاکتەری چەکی قەدەغەکراو لە شەڕی هیبریدیدا**

بەکاربردنی چەکی کۆکوژی رۆژەڤێکی گەرم و گوڕی شەڕی تێکەڵاوە. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی سەر کوردستان هەر یەکەیان بە فۆرم و ڕێبازی جیاوازەوە ئەم چەکە قڕکەرەیان لەدژی گەلی کورد تاقی کردووەتەوە. دەوڵەتێک کە ئیدی بە فاشیزم و دیکتاتۆری خەملێندرابێت، ئەستەمە لەو چەکە کۆمەڵکوژیانە دوورەپەرێزی بکات. بەڵکوو لە چ قۆناغێکدا لە ئاستی بەرخۆدان و تێکۆشانی رەوای گەلی کورد تەنگەتاو و بێ چارە مابن، ئەوا بەو چەکە قەدەغەکراوە هەوڵی سەرکوت و چەوساندنەوەی دراوە.

گەلی کورد هەرچەند لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا ویستوویە بە ڕێگەی ئاشتی و دیموکراسییەوە مافە ڕەواکانی دەستەبەر بکات. بەڵام هەمیشە وەڵامی ئەو ویست و داخوازە رەوایەی بە کۆکوژی و قڕکردن دراوەتەوە. یەکەم تاوانی بەکارهێنانی گازی کیمیایی لەدژی گەلی کورد لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ی زاینی بووە کە بەریتانییەکان لە باشووری کوردستان لەدژی شێخ مەحموود بەرزنجی[١٨] بە فڕۆکە، بۆمبی گازییان بەکارهێناوە و

١٨. لە (١٨٧٨ – ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٦) ژیاوە. بە شێخ مەحموودی نەمر ناسراوە. شێخی بنەماڵەیەکی سۆفیی قادری لە خێڵی بەرزنجی خەڵکی شاری سلێمانی بووە. ناوبراو سەرکردەیەکی نەتەوەیی کورد بووە کە بانگەشەی بۆ بیرۆکەی سەربەخۆیی کورد

ژمارەیەکی زۆر کوردیان بەو بۆمبە گازییە کۆمەڵکوژ کردووە. جیا لەوەش لە باکووری کوردستان لە ساڵی ١٩٣٧ تا ١٩٣٨، بۆ کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی دێرسیم گازی ژەهراوی بەکار هێنراوە.

گەورەترین کۆمەڵکوژی سەدەی ٢٠ لەکوردستان، کۆمکوژی هەڵەبجەی شەهیدە کە لە ١٦ی ئاداری ١٩٨٨، رژێمی بەعسی سەدام گازی کیمیایی جۆراوجۆری بەسەر شاری هەڵەبجە و دەوروبەری لە باشووری کوردستان باراند. ئەوەش بە لانیکەمەوە بووە هۆی گیان لەدەستدانی ٥ هەزار هاوڵاتی کورد. ئەو گازە کیمیاییە جیا لەو کۆمکوژییە مەرگەساتبارە سرووشتی ناوچەیەکی خاپوور و وێرانکرد. تەنانەت لەبەر زیانەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە تا ئێستاش مەترسیی تووشبوون بە شێرپەنجە بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ سەر هاوڵاتیانی ئەو ناوچەیە هەیە.

هەڵبەت چەکی کۆکوژی لەدژی گەلی کورد بە ئامانجی قڕکردن و تیابردنی بەکار براوە. چ کاتێک داگیرکەرانی کوردستان لەناو گەلەکۆمەیەکی نێونەتەوەیی لەدژی گەلی کورددا بووبن، ئەو چەکە لەدژی گەلی کورد بە خەستی تاقی کراوەتەوە. ئەو چەکەیان بە چڕی لە پرۆسەکانی تەسلیمیەتی رەها، تەسفیە کردن، تیرۆریزە کردن، چۆکدانانی هەتاهەتایی و قڕکردن و تیابردن بەکار بردووە. چ کاتێک یەک لەو ئامانجانە لەسەر مێزی دانووستان و بازرگانی هێزە قازانج ویستەکان بووبێت، چەکی کۆکوژی لەدژی وەگەڕ خراوە.

گازی کیمیایی بۆ کۆمەڵکوژی گەلی کورد لە دێرسیمەوە تاکوو هەڵەبجە و سەردەشت چەکی سەرەکیی دەست هێزە داگیرکەرەکان بووە. لەم دەیەی دواییشدا ئەو چەکە قەدەغەکراوە لە عەفرین، سەرێکانی، گارە، وەرخەلێ، زاپ و ئاڤاشین و ... هتد

---

و سـەربەخۆیی لەبەرامبـەر ئینگلیـزەکان کـردووە. لـەدژی ئینگلیـزەکان راپەڕینـی کـردووە و لەلایـەن بەریتانیـاوە دەسـتگیر کـراوە.

لەدژی گەریلا بەکار براوە. لەبەر ئەوەی ئەو چەکانە لەدەستی دەوڵەتەکاندایە، بوونەتە دەزگایەکی سامناکی سەر کۆمەڵگە. هەڵبەت ئەو دەوڵەتانە ئەو چەکە کۆکوژیانە لەدژی گەلان بەڕێوە دەبەن. بەو پێیە دەوڵەت و دەسەڵات دەزگە و ناوەندێکی کۆکوژی مرۆڤ و کۆمەڵگەن. بەردی بناخەکەیان لەدژی مرۆڤ و کۆمەڵگە داناوە.

پێش ئەوەی کە گەلی کورد بەو چەکە قەدەغەکراوانە کۆمەڵکوژ بکرێن، لە پرۆسەی قڕکردن و جینۆسایدی کورداندا، هەوڵ دراوە کە تاکەکان لەکولتووری ڕەسەنایەتییان داببڕێندرێن. سەرەتا لە بواری زەینییەوە، ڕووبەڕووی شۆردنەوە و داگیرکردنی زیهن و مێشک بوونەتەوە. دواتر کولتووری کۆمەڵگە و جڤاتەکانیان بێ واتا و بێناوەڕۆک کردووە و تاکیان لەگەوهەری خۆی دەرخستووە و بە شووناس و زەین و هەستێکی دیکە خەملاندووە. ئەگەر هەمان تاک لە بواری زەینییەوە ناوبەتاڵ و بێ ناوەڕۆک کرابێت، لەو حاڵەتەدا تاک و کۆمەڵگە ڕووبەڕووی جینۆساید و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە.

لە مێژووی سەد ساڵەی خۆڕاگری و تێکۆشانی گەلی کورددا بە سەدان پیلانگێڕی و کۆمکوژی لەدژی ڕێکخراون. هەڵبەت ڕێکخەرانی ئەو پیلانگێڕی و بەکاربەرانی چەکە کۆکوژییەکان کردەوەکانیان بە هونەری دەسەڵات بە ناو دەکەن، چون بە شێوەیەکی شارەزایانە ئەو کردەوە دژە مرۆییانەیان لەدژی گەلی کورد ئەنجام داوە و رای گشتی جیهان لێی بێ دەنگ و لاڵە. چون دەسەڵات بەپێی پێناسەی ڕێبەر ئاپۆ بریتییە لە: «پیاوی بە هێز و فێڵباز + پلەداری پیاوسالار + دەوڵەتە یا بە فۆڕمێکی دیکە بریتییە لە؛ بازار + شار + دەوڵەت (چین)». بەو ناوەڕۆکەی دەسەڵات کە هەیەتی ئەستەمە کە کۆتایی بە پیلانگێڕی و کۆکوژییەکانیان لەسەر گەلی کورد بهێنن. هەڵبەت ناوەڕۆکی گرساندنی دەوڵەت

پێکهاتووە لە: ئامرازەکانی ئایدۆلۆژی، هونەری بەڕێوەبەری، زێدە بەرهەم و ئامرازی توندوتیژی.

بۆیە دەوڵەت لەسەر زیهنیەت و عەقڵیەتێک بونیاد نراوە کە بە؛

١ ـ هەزارویەک تەڵەکەبازی
٢ ـ درۆ و دەلەسە
٣ ـ هۆڤێتی و تاڵان
٤ ـ شەڕ و ئاژاوەگێڕی
٥ ـ گومڕایی و سەرگەردانی
٦ ـ کاولکاری ژینگە و کۆمەڵگە رازێندراوەتەوە، کە ئەوەش تەنیا بەرهەمهێنان و بەکاربردنی چەکی کیمیایی لێ سەوز دەبێت.

تا کۆتایی بەو عەقڵیەت و زیهنیەتە شۆڤێنانە نەهێنرێت، کردەوەی دژە مرۆڤیش بۆ سەر گەل و کۆمەڵگەکەمان کۆتایی پێ نایەت.

هەر کردەوەیەکی دژە مرۆیی لەدژی گەلی کورد پیلانگێڕییەکی بەدفەڕی هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمییەکانە. چون رێبەر ئاپۆ پیلانگێڕی بە گرنگترین ئامراز و رۆحی هونەری دەسەڵات پێناسە کردووە. بێگومان نەیارانی سوێندخواردووی گەلی کورد پیلانگێڕییان لەسەر بنەمای ئەو هونەرە لەدژی گەلی کورد تا بە ئەمڕۆ بەڕێوە بردووە.

دابەش کردنی کوردان بۆ چوار بەشی کوردستان و تاوانبار کردنی و پەیڕەوکردنی کردەوەی کۆمکوژی بە رەنگ و مێتۆدی جیاواز ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەدژی گەلی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان جینۆساید بە شێوەی جیاجیا بەڕێوە براوە. دوا کردەوەی کۆمکوژی دەرحەقی گەلی کورد لەدژی کۆمەڵگەی ئێزیدی لە شەنگاڵە کە ٧٤ فەرمانی لەسەر پەیڕەو کراوە.

بەڵام هێشتا هێزە نێودەوڵەتییەکان ئامادە نیین کە ئەو تاوانە جەنگییە بە جینۆساید لەدژی گەلی کورد لەقەڵەم بدەن. هەڵبەت لە هەر بەشێکی کوردستان لە ئاستی میتۆد و ڕێبازی جیاجیا رووبەڕووی سیاسەتی قڕکردن و کۆمەڵکوژی گەلی کورد دەبینەوە. بەڵام ئەو سیاسەتە لەبەر کاراکتەری سیستەماتیکی خۆی و پاڵپشتی هێزە نێودەوڵەتییەکان تا بە ئەمڕۆ لەدژی کوردان بەردەوامە. واتە گەلی کورد لە پرۆسەی کۆمەڵکوژیدا؛ رووبەڕووی داگیرکاری، چەوسانەوە، تواندنەوە و پاکتاوکاری کولتووری و نەتەوەیی بووەتەوە.

رژێمی ئێران یەک لەو دەوڵەتانەیە کە لەلایەن گەل و هێزە نێودەوڵەتییەکان بە دروست کردنی چەکی قەدەغەکراو و بە کارهێنانی تۆمەتبار دەکرێت. ئەوەش وای کردووە کە رژێمی ئێران بە رژێمێکی کۆمکوژ، مرۆڤ کوژ و تۆقێنەر بناسێنرێت. چون پۆتانسییەلی رژێم ئەوەی تێدایە کە لە هەر ئان و ساتێکدا کۆمەڵگە غەڵتانی خوێن بکات و کۆمکوژی مەرگەساتبار ئەنجام بدات. ئەو گومانانە لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە تایبەت لەگەڵ دەوڵەتانی رۆژئاوا بووەتە هۆکاری قووڵبوونەوەی گرژی، ئاڵۆزی، ناکۆکی و ململانێی سیاسی و دیپلۆماسی نێوانیان. بۆیە رژێمی ئێرانیش لە پرۆسەی کۆمەڵکوژکردنی کوردان پشکی شێری بەرکەوتووە و زۆر جار ئەو پرۆسەیەی بە مێتۆد و شێوەیەکی نەرم و نیان لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەرێوە بردووە.

ئەو پێناسانەی کە پێشتر لەسەر گەوهەری رژێم کردبوومان لێرەدا روونتر دەردەکەوێت. دەوڵەت و دەسەڵات دوو دەستەواژەی دژبەری گەل و کۆمەڵگەیە. دەوڵەت و دەسەڵات لە چ قوژبنێکی کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت، ئازادی و دیموکراسی لەو جێگەدا تەفروتونا کراوە. گەل و کۆمەڵگە لەناو ئاشی دەسەڵاتدا هاڕدراون. لەبەر ئەوەی دەوڵەت خاوەن ئەو جۆرە چەکوچۆڵانەی

شەڕن کە هەڕەشەی جیدی بۆ سەر هەبوونی گەل و کۆمەڵگە دروووست دەکات. بۆیە بەو کەرەستە و کەلووپەلانەی شەڕەوە کە لە دەستی دەوڵەتدا کەڵەکە کراوە، ئەستەمە کە دەرەتان و ئاسۆیەکی روون بۆ گەل و کۆمەڵگە ئاوەڵا ببێت.

رژێمی ئێران بەردەوام بە درووستکردنی کەلووپەلی نیزامی و ئامێرەکانی شەڕی بایۆلۆژی، کیمیایی و ناوەکی تۆمەتبار دەکرێت. ئەو چەکانەش چەکی دژە مرۆڤ، ژینگە و بوونەوەرانە. ئەگەر رژێم بۆ تیابردنی مرۆڤ، ژینگە و زیندەوەران بەکاری نەبات، داخۆ رژێم چ کەلێنێکی پێ پڕ دەکاتەوە؟ هەر چەند رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران عەلی خامنەیی درووست کردنی کەرەستەی چەکی کۆمکوژی حەرام راگەیاندووە. بەڵام راشکاوانە دەبینرێت کە ئەو چەکانە لە دەستی رژێمدان و لەدژی گەل و کۆمەڵگە تاقی دەکرێنەوە. بەو پێیە رژێم بۆ خۆی لە شەریعەی ئیسلامی لایداوە و لە پێشێل کارییەکانی مافی مرۆڤ ئیدی هیچ سنوورێک ناناسێت. بۆیە رژێم چ لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و هەرێمی لەقەڵەم دەدرێت. لەو پێناوەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەهەوڵدایە کە لە سەر کەرەستەی چەکی ناوەکی لەگەڵ رژێم رێککەوتن واژۆ بکات.

بە گشتی ئەو چەکە قەدەغەکراوانەی کە لەدژی گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی لە شەڕی ناباودا (نامتعارف) تاقی کراونەتەوە بریتین لە:

١ ـ کەرەستەی شەڕی بایۆلۆژی یا میکرۆبی
٢ ـ ئامرازی شەڕی کیمیایی
٣ ـ کەرەستەی شەڕی ناوەکی

**کەرەستەی بایۆلۆژی یا میکرۆبی بریتییە لە؛**

بەکتریاکان، ڤایرۆسەکان، قارچەکان، حەشەرات و ئەنگەلەکان. ماددەیەکی کیمیایی وەک ئاوی ژەهردار لەم بەکتریا و ڤایرۆسانە بە ئامانجی کوشتن یان لاوازکردنی مرۆڤەکان، بوونەوەران و رووەکەکان درووست دەبێت. دەنگۆی ئەوە هەیە کە نزیکەی ١٢ هەزار فاکتەری بایۆلۆژی ماتەوزەی ئەوەی تێدا هەیە کە وەک ئامرازی شەڕی بایۆلۆژی بەکار ببردرێت. لەم شەڕەدا دەستکاری ژێنێتیکی مرۆڤ، جانەوەر و زیندەوەرەکان دەکرێت. بە رێگەی دەستکاری کردنی ژێنێتیکی ئامانجە دیارکراوەکان، کاریگەری لەسەر گەل و کۆمەڵگە، بوونەوەران و رووەکەکان دادەنێن. بڵاوکردنەوەی پەتا، ڤایرۆس، نەخۆشییە جیاجیاکان لەناو مرۆڤ و ئافەتی حەیوانی و گیایی پارچەیەک لەو شەڕە بایۆلۆژییە کە لە شەڕی تێکەڵاودا بەڕێوە دەبرێت.

ئامرازی شەڕی کیمیایی؛

بە کەرەستەیەکی شەڕ دەگوترێت کە توانای کوشتن، بێ هێزکردن و لە توانا خستنی ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی هەیە و زیان و زەرەری زۆر بە بەرهەمەکانی دەستی مرۆڤ یا جوانییەکانی ژینگە دەگەیەنێت. بۆیە چەکی کۆکوژی یا کوشتاری بە کۆمەڵ و قڕکردن و لەناو بردنی پێدەگوترێت. واتە ئامێر یا کەرەستەیەکن کە مرۆڤەکان یان زیندەوەرەکان دەکاتە ئامانج. لەبەر بەرکەوتنی راستەوخۆی ئەم کەرەستانە لەگەڵ هەر بەشێک لە جەستەی گیانەوەر رووبەڕووی مەرگ یا نەخۆشی دەکاتەوە. ئەم ئامرازەی شەڕ چ جێگەیەک بپێکێت، خاپوور و وێرانی دەکات و هەموو زیندەوەرێکی تێدا کۆمەڵکوژ دەکات.

**کەرەستەی شەڕی ناوەکی:**

جۆرەیەک لە چەکی تەقینەوەیە کە بۆ وێرانکاری و کۆمکوژی بەکار دەبرێت. کاریگەرییەکانیشی لەسەر ئامانجی دیارکراو بە

ڕێگەی تاواننەوە و داتڵیشان و درزکردن دەبێت. هەڕەشە و گوڕەشەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئێران لەپێناو بە دەست نەخستنی رژێم بە چەکی ناوەکییە. چون رژێم دەستی بە درووست کردنی ئەو چەکە بگات، هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر مرۆڤایەتی درووست دەکات. بۆیە پارچەیەک لە شەڕی تێکەڵاو لەدژی رژێم لەپێناو ڕێگری و بەربەست نانەوە بۆ گەیشتنی بەو چەکە کۆمکوژیەیە.

لەبەر ئەوەی لە شەڕی تێکەڵاودا کەرەستەی شەڕی کیمیایی، میکرۆبی و ناوەکی بە تێکهەڵکێش کردنیان لەناو یەکدی و بە تێکەڵکردنیان لەگەڵ رێبازەکانی دیکەی شەڕ بەکار براون، کەرەستەیەکی مەترسیداری شەڕی تێکەڵاوە. ئەوەش دەکەوێتە کەرەستەی شەڕی ناباو (نامتعارف) کە لەدژی گەلی کورد و تێکۆشەرانی بە چڕی بەڕێوە دەبرێت. چون ئەم کەرەستانەی شەڕ هاوشێوەی کەرەستەکانی دیکەی شەڕ باو نیین. بەڵکوو ئەم جۆرە چەکە مەترسی قڕکردن و کۆمەڵکوژییەکانی بۆ سەر گەلی کورد زۆر زۆر زیاترە.

دەوڵەتی تورکیا لەم ١٠ ساڵەی دواییدا جۆرێک چەکی کیمیایی بێ هۆشکەری لە تونێلەکانی بەرخۆدان لەدژی گەریلا بەکار هێناوە. ئەو چەکەش ناوی تەرموباریک (TBX ـ TERMOBARIK) و تاکتیکی ئەتۆمییە. ئەم چەکانە کاریگەرییەکی ئێجگار زۆر و سامناکی هەیە و هاوکات بۆنێکی زۆر خراپیشیان هەیە. پاش بەکارهێنانی ئەو چەکە گەرمییەکی زۆر بڵاو دەکاتەوە و زەوی ناوچەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و چیاکان رۆدەچن. رەنگی ئەو دووکەڵەی لەو چەکانە دێتە دەرەوە سوور و رەش و سپی خەست و زەرد و سەوز و رەنگی خاکییە. بۆنی شەکری سووتاویان لێدێت و رەنگی ئاو سپی دەکات. هەروەها بۆنی سێویشی لێدێت. بە گوێرەی بەڵگەکان سوپای تورک هەم

وەک گاز ئەم چەکە دەنێرێتە ناو تونێلەکانی شەڕ و هەم لەگەڵ تەقەمەنیدا لەدژی گەریلا بەکاریان دێنێت. سوپای تورک بۆمبای دەستی گازی لەدژی گەریلاکان بۆ نەهێشتنی هەناسە بەکار دەهێنێت.

هەندێک لەو کەرەستە و چەکە قەدەغەکراوەکانی شەڕ کە دەوڵەتی تورک هەمیشە لەدژی گەلی کورد، گەریلاکانی ئازادی کوردستان و شەڕوانانی رۆژئاوا بەکاری هێناوە بریتین لە: گازی خەردەل، سارین، تێرمۆباریک (بۆمبی گەرمی)، بۆمبی تاکتیکی ئەتۆمی و ژەهراوی، بۆمبای دەستی گازی، فسفۆر، سیانوژن کلۆرید، سیکلۆسارین، ناپاڵم و ... هتد. ئەمانەش بەڵگەی جینۆسایدی گەلی کوردن کە کۆمەڵگەی نێودەڵەتی لەبەرامبەر ئەو جینۆساید و قڕکردنانە کەڕ و لاڵ و بێدەنگن.

**جۆرەکانی چەکی کیمیایی کە لەدژی گەلی کورد و پێشەنگەکانی تاقی کراونەتەوە بریتین لە:**

چەکی کیمیایی خنکێنەر: بەشێوەیەکی گشتی هێرش دەکاتە سەر سییەکان و کۆئەندامی هەناسە.

گازی کلۆر: رەنگی زەرد و مەیلەو سەوزە، بۆنێکی تیژی هەیە، کاتێک بەرجەستە دەکەوێت، دەبێتە هۆی رووشاندن و بریندارکردنی چاوەکان و پێست، گازی کلۆر لەگەڵ بۆمب و تەقینەوەدا دەهاوێژرێن.

فۆسجین: گازێکی خنکێنەرە، نیشانەکانی بەرکەوتن بە گازی خنکێنەر بریتییە لە تەنگەنەفەسی، ئازاری قەفەزەی سنگ، دواتر سییەکان بە تەواوی کاری خۆیان ناکەن و مرۆڤەکە هەست بە خنکان دەکات.

چەکی کیمیایی سووتێنەر یان بلۆق جۆرەکانی بریتییە لە کبریتی خەردەل، نایترۆجینی خەردەل، کاریگەری لەسەر چاو،

پێست و کۆئەندام هەناسە دادەنێت. هەروەها دەبێتە هۆی لاوازکردنی مۆخی ئیسک و ژەهراوی کردنی گەدە و کۆئەندامی دەمار، کاریگەریی درەنگ دەردەکەوێت، بۆیە هەندێکجار دەبێتە هۆی کوێری و زیانگەیاندن بە سییەکان و پاشان مردن.

چەکی کیمیایی (هۆکاری) خوێن: لەرێگای پێست و چاو و هەناسەوە دەچنە ناو لەشی مرۆڤ و گیانلەبەرەکانەوە، دەبێتە هۆی خنکاندنی خانەکانی لەش و لەکاتێکدا مرۆڤەکە توانای هەناسەدانیشی هەیە، بەڵام خانەکانی لەش یەک لەدوای یەک دەخنکێن، چونکە ئۆکسجینیان لەسییەکانەوە پێ ناگات.

چەکی کیمیایی خوێن:

لەشێوەی شل و گازدا هەن، بریتین لە:(سیانیدی هایدرۆجین، کلۆر سیانۆجین و زەرنیخ)، سیانیدی هایدرۆجین یەکێکە لەگازەکانی خوێن، شلەیەکی بێ رەنگە، دەکرێت لەشێوەی گاز یان خوێی سیانیدا بەکار بهێنرێت، لەبەر ئەوەی زۆر بە خێرایی دەبێت بە هەڵم، لەشوێنی کراوەدا زۆر کاریگەرە، واتە لەدەشت و دەر و شاخەکاندا، هەروەها لەشوێنی داخراودا زۆر کوشندەیە.

چەکی کیمیایی دەمار:

جۆرەکانی بریتین لە:«تابوون، سارین، سومان، سایکلۆسارین و ڤی ئیکس»، نیشانەکانی بەرکەوتن بە گازی دەمار، رژانی لیک، ئاو هاتنەخوارەوە بە لوتدا، هەست کردن بە فشار لەسەر سنگ، بچووکبوونەوەی بیلبیلەی چاو، سەر ئێشە و ماندووبوونن، جێبەخۆنەگرتن، خاوبوونەوەی دڵ، گێژبوون، کۆکە و هەناسەتەنگی، رشانەوە، لاوازبوونی ماسوولکەکان، گرژبوون و رەقبوونی ماسولکە و دواجار مردن.

گازی فرمێسک رێژ ـ سووتاندنەوەی چاو:

لەشەقامی کوردی بە بەردەوامی لەکاتی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە کۆمەلایەتییەکان بۆ بڵاوە پێکردن، کۆنترۆڵ

کردنەوە و هێورکردنەوەی شەقام بەکار براوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەشوێنی کراوەدا بەکار دێت، زیانەکانی سنووردارن.

ڕێکخراوی ڕێگریکردن و قەدەغەکردنی چەکە کیمیاییەکان (ئۆپی سی دەبلیو – OPCW) ڕێگا دەدات بەوەی پۆلیس گازی سووتاندنەوەی چاو لەدژی خۆپیشاندەران بەکاربهێنێت. بەڵام ئەو گازە لەشوێنی داخراودا بەچڕی بەکار بهێنرێت دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی مرۆڤ. بۆیە بە تەواوی بەکارهێنانی لەشوێنە داخراوەکاندا قەدەغە کردووە و نابێت ئەو گازە لەهیچ دۆخێکی سەربازیشدا بەکاربهێنرێت، بەڵام سەرباری ئەوانەش ئەو گازە زۆر جار لەچیاکانی کوردستان و لەدژی ئەشکەوت و تونێلی هێزەکانی گەریلا بەکار هێنراوە.

کەرەستەی کیمیایی دووکەڵکەر:

کەرەستەیەکی شەڕە کە هێزە ئەمنییەکان و پۆلیسی بە ناو دژە شۆڕش بەردەوام بۆ بڵاوە پێ کردنی گەل لەناڕەزایەتی و خۆپیشاندانە جەماوەرییەکان بە کاریان بردووە.

هەرچەند بەکارهێنانی ئەو گازانە لە جەنگدا قەدەغەیە، ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی لە ١٣ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣دا واژۆ کراوە و لە ساڵی ١٩٩٧دا تورکیا ئیمزای کردووە. بەوەش تورکیا یەکێکە لەو ١٩٣ وڵاتە، کە ئەم ڕێککەوتننامەیەی ئیمزا کردووە.

لەمادەەی (٥)ی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە: «هەر دەوڵەتێک کە ئەم ڕێککەوتننامەیە واژۆ دەکات، بەڵێن و پەیمانی ئەوە دەدات، کە ئەو گازانە وەک ئامرازی جەنگ بەکارنەهێنێت.

لەماددەی (٧)یشدا هاتووە ئەم گازە لەسەر مرۆڤەکان دەبێتە هۆی شەلەلی جەستەیی و کەمئەندامبوون و تێکدانی لایەنی سۆز و هەستیاریی مرۆڤ.

ئەوەش بەپێچەوانەی پرۆتۆکۆڵی جنێفە کە لە ١٧ی تەموزی ١٩٢٥ی زایینیدا هاتووە و دەڵێت: «بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە چەکی کیمیایی گازی خنکێنەر و ژەهراوی و چەکی بایۆلۆژی لەکاتی جەنگدا بەکار بێت، هەروەها لە نیسانی ١٩٧٢ جارێکی تر پشتڕاست کرایەوە کە چەکی بایۆلۆژی بە هەموو شێوەیەک بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی قەدەغەیە».

پاشان لەساڵی ١٩٩٢دا کۆنفرانسی داماڵینی چەک لەژێر چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە تەواوی باسی لە نەهێشتنی چەکی کیمیایی کرد، لە ٣٠ ئەیلوول ١٩٩٢دا کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پشتڕاستی کردووە و واژۆ کرا، پاشان ڕێکەوتننامەی پاریس لە ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٩٣، کە لەلایەن ١٣٠ وڵاتەوە واژۆ کرا، بە تەواوەتی چەسپا و کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی (OPCW) لە ساڵی ١٩٩٧وە، ئەم ڕێکەوتننامەیە لەسەر ئاستی جیهان چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

سوپای تورک، سەرباری ئەوەی واژۆی پەیماننامەی جنێفی ساڵی ١٩٢٥ی کردووە دژی چەکی کیمیایی، بەڵام ساڵانێکە لە شەڕی دژ بە گەلی کورد و گەریلاکانی ئازادی کوردستاندا، گازی کیمیایی و چەکی قەدەغەکراو بەکار دەهێنێت، بە تایبەتی لە دوو ساڵی رابردوودا، کە بە گوێرەی ئامارێکی هەپەگە، تەنها لە ماوەی شەش مانگدا دەوڵەتی تورک دوو هەزار و ٤٧٦ جار بۆمب و چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی بەکارهێناوە.

لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٩، لە نزیک ناوچەی چەلێی جۆلەمێرگ و لە شەڕی نێوان سوپای تورک و گەریلاکانی هێزی پاراستنی گەل (هەپەگە)دا ٨ گەریلا کۆمەڵکوژ کراون.

لە رۆژانی ٢٢ ـ ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١دا لە گەلیی قازان لە ناوچەی چەلێی جۆلەمێرگ لەبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

سوپای تورک ٣٦ گەریلای هەپەگە شەهید بوون.

هێزەکانی پاراستنی گەل ـ هەپەگە ئاماری شەڕ و هێرشەکانی ٨ مانگی جەنگی ٢٠٢٣ی لەگەڵ سوپای تورک بڵاو کردووەتەوە کە دەوڵەتی تورک ٣ هەزار و ١٥٢ جار بۆمبی قەدەغەکراوی لەدژی گەریلا بەکارهێناوە.

هاوکات هەپەگە ئاماری جەنگی ساڵی ٢٠٢٤ی بەم شێوەیە ڕاگەیاندووە؛ «فڕۆکە جەنگییەکان ٣٢٥٥ جار، هەلیکۆپتەری جەنگیش ٩٧٣ جار، درۆنی هێرشبەر ١٣٦ جار هەرێمەکانی پاراستنی میدیایان بەو چەکە قەدەغەکراو و هیبریدییە بۆردوومان کردووە. بۆمبی تاکتیکی ناوەکی ٢ جار، چەکی کیمیایی ٣٤٥ جار و تەقەمەنی قەدەغەکراو ٦٤٦ جاریش لەدژی گەریلا بەکار براوە. ئەو ئامارە ئاستی دڕندەیی دەوڵەتانی داگیرکەر لەسەر کوردستان نیشان دەدات و بێدەنگی هێز و دەوڵەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش هەڕەشە و گوڕەشەکانی ئەوەندەی دیکە زیاد کردووە کە بۆچی لە ئاستی بەکاربردنی ئەو چەکە قەدەغەکراو و کردەوەی دوور لە پێوەرە مرۆییەکان بێدەنگن. لەهەمان ساڵدا بە دەیان هاوڵاتی مەدەنیش کە ژن و منداڵیشیان لەناودایە کراونەتە ئامانجی هێرش و پەلامارە دڕندانەکانی تورکیا و شەهید بوون. بێ ڕەوشت تر ئەوەیە کە زۆر جار تورکیا حاشا لەکوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی کردووە و تەنانەت پەکەکەی بە کوشتنی هاوڵاتیانی مەدەنی تاوانبار کردووە و ئەو تاوانە جەنگیانەشی بە ڕەوا لەقەڵەم داوە. بۆیە ئەو شەڕەی تورکیا لەکوردستان بەڕێوەی دەبات، ئیدی هیچ سنوورێکی مرۆیی ناناسێت.

دەوڵەتی تورکیا بە بەکارهێنانی تەکنیک و چەکی قەدەغەکراوی سەردەم و بە ڕێگەی تۆڕەکانی هەواڵگری؛ گەریلا، شەڕوانی ئازادی و بە تایبەت تێکۆشەر و ئازادیخوازانی ژن، چالاکانی سیاسی، مەدەنی و ئەندامانی تەڤگەری ئازادیخوازی کورد لە هەر

چواربەشی کوردستان دەکاتە ئامانج. هاوکات ئاکەپە و مەهەپە لەدژی گەریلاکانی ئازادیخوازی کوردستان بە سەدان هێرشیان بە چەکی قەدەغەکراو و بۆمبی تاکتیکی ناوەکی و ژەهراوی ئەنجام داوە. لە رۆژئاوای کوردستان لە هێرشی داگیرکەری بۆ سەر عەفرین و سەرێکانی لەدژی گەل و شەڕوانانی باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا چەکی قەدەغەکراو بەکار هاتووە. لەو پێناوەدا لەلایەن گەریلا و شەڕوانانی ئازادی کوردستان دەیان بەڵگە و دۆکۆمێنت بڵاو کراونەتەوە. بۆ هێرشی سەر دەستکەوتەکانی باکوور و رۆژهەڵاتی سووریا هەر رێ و رێبازێکی نایاسایی و قەدەغەکراو تاقی کراوەتەوە. بە داگیرکردنی عەفرین، سەرێکانی و گرێ سپی دیمۆگرافیای ناوچەکەیان گۆڕیوە. سەرخان و ژێرخانی ئابووری رۆژئاوایان تەفروتونا کردووە. لەدژی بەرخۆدانی گەل لەسەر بەنداوی تشرین بە فڕۆکەی جەنگی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان گەل رووبەڕووی بۆردوومان بووەتەوە و بە دەیان هاوڵاتی مەدەنی شەهید بوون. دەوڵەتی تورکیا بە هەموو هێزیەوە پاڵپشتی چەتەکانی داعشی بۆ قڕکردنی گەلی کورد کردووە و بە سەدان کۆمەڵکوژییان لەدژی گەلانی هەرێمەکە ئەنجام داوە. لەپێناو داگیرکردنی کوردستان سڵیان لە هیچ تیرۆرێک نەکردووە و لەکۆمکوژی گەلیش دەستیان نەبواردووە.

لەهەمان کاتدا لە شەڕی زاپ و ئاڤاشین کە زیاتر لە ٤ ساڵە بێ ناوبەر بەڕێوە براوە، هەر جۆرە چەکی قەدەغەکراوی لە جۆری؛ تەقەمەنی، کیمیایی، فسفۆری و ناوەکی یان لەدژی گەریلاکانی ئازادی کوردستان بەڕێوە بردووە. دەوڵەتی تورکیا بە ئامانجی داگیرکردنی کوردستان و لەباربردنی قەوارەی باشووری کوردستان لەژێر بیانووی شەڕ لەدژی پەکەکە پاساو بۆ هێرشەکانی دێنێتەوە. لەو پێناوەدا رەوایەتی بۆ بەکارهێنانی

هەر جۆرە چەکی قەدەغەکراو و دژە مرۆیی دەدات. تا ئێستا لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە چەکێکی قەدەغە کراوە و بەکارهێنانیشی تاوانی جەنگییە، کاردانەوەیان نەبووە و بێدەنگن. تەنانەت بە دەیان تاوانی جەنگی لەو شەڕانەدا ئەنجام دراوە.

رژێمی ئێرانیش هاوشێوەی تورکیا بە بەکارهێنانی تەکنیک و کەرەستەی چەکی قەدەغەکراوی سەردەم و ڕێبازەکانی ئیستخبارات؛ گەریلاکانی پەژاک، چالاکانی سیاسی، مەدەنی، ژینگە و ژن دەکاتە ئامانجی هێرشەکانی. خەباتی مەدەنی، ژینگەیی و ژن لەکوردستان دەخاتە خانەی تیرۆر و بە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان، یان سزای قورس ئەو دەزگا مەدەنییانەی گەل پارچە و هەڵدەوەشێنێت و ترس و دڵەڕاوکێ لەناو جەماوەردا درووست دەکات. رژێم لە ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ ـ ٢٠١٨، کاک شەریف باجوەر، ئۆمێد حوسێن زادە (کۆنەپۆشی)، رەحمەت حەکیمی نیا و محەممەد پەژوە بە شێوەیەکی گوماناوی شەهید کرد. بۆیە کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئازادی رۆژهەڵاتی کوردستان – کۆدار بۆ بەرز ڕاگرتن و خاوەندارێتی لە رێ و ڕێبازی تێکۆشانیان ئەو رۆژەی بە رۆژی شەهیدانی ژینگە بەناو کردووە. هاوکات لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٢٠ی زاینی، سێ ئەندامی ژینگەپارێزی شاری پاوە بە ناوەکانی؛ (موختار خەندانی، بیلال ئەمینی و یاسین کەریمی) لەکاتی کوژانەوەی ئاگری دارستانەکانی مەڕەخێڵی پاوە بە شێوەیەکی گوماناوی لەناو قرچەی ئاگردا سووتێنران و رژێم ئەو کردەوانەشی بە رووداوێکی سرووشتی لەقەڵەم دا و رێگەی نەدا کە لێکۆڵینەوە لەسەر راستی رووداوەکە بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێت. چون خەباتی ئەو ژینگەپارێزانە ئەوەندە مەترسی

لەسەر بەرژەوەندییەکانی رژێم لەکوردستان درووست کردبوو کە بۆ رژێم ببوونە لەمپەرێکی گەورە لەبەرامبەر قڕکردنی ژینگەیی لەکوردستان. بۆیە بە تەسفیەکردنی ئەو چالاکە ژینگەییانە رژێم دەیەوێت لەکوردستان مەرامە چەپەڵەکانی بەدی بێنێت. ئەم کردەوانە بە گشتی نیشان دەدەن کە رژێم بۆ ئەوەی سەروەری و هەژمونی خۆی لەسەر کۆمەڵگە بپارێزێت و کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکات، هەر جۆرە رێبازی دڕندانە کە بە دوور لە پێوەرە مرۆییەکان بێت، بەکاری دەبات. لەهەمان کاتدا رژێم بە رێبازی دەستدرێژی کردنە سەر ژنانی ناڕازی ناو کۆمەڵگە وەک؛ فەریناز خوسرەوانی و شلێر رەسووڵی بە رێگەی مۆرە و دەستە و تاقمەکانی خۆیەوە لە هەوڵی بڵاوکردنەوەی دیاردەی دەستدرێژی ناو کۆمەڵگە بە مەبەستی بێ ئیرادەکردنی گەل و تایبەت ژنان بەڕێوە بردووە.

رژێم لەدژی گەریلاکانی ئازادی کوردستان دەیان کردەوەی دوور لە پێوەرە مرۆییەکانی بەکار بردووە. لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٧ کە سەرەتاکانی دامەزراندنی پەژاکە. رژێم بۆ ئەوەی بەربەست و لەمپەر لەبەردەم پێشوازی گەرم و گوڕی گەل بۆ پەژاک درووست بکات، بە کۆمەڵێک کردەوە و تاوانی جەنگی لەدژی گەل و گەریلا شەڕێکی چەپەڵی بەڕێوە برد. واتە باندێکی مافیایی چەکدار بە سەرپەرشتی هیوا تاب[19] رێکدەخەن و زیاتر

١٩. کوڕی عەبدوڵڵا بەگ، ساڵی ١٩٦٩ لەگوندی ولەژێری سەر بە مەریوان لەدایکبووە. پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی ئەمنی تورکیادا هەبووە. لە کاتی دامەزراندنی پەژاک لە ساڵی ٢٠٠٤، هیوا تاب یەکێک لەفەرماندە گرنگەکانی سوپای پاسداران و بەرپرسی ئیتلاعاتی مەریوان بووە و لەو ماوەیەدا بەرپرسی رووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی پەژاک لەو ناوچەیەدا بە ئەستۆ بووە. بە تێوەگلان لە کوشتنی زیاتر لە ٣٠٠ گەنجی بێتاوان لە کوردستان تۆمەتبارە. ناوبراو هاوشانی باندەکەی، گەنجانی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی یان رفاندووە و دوای کوشتنیان، جل و بەرگی پەژاکیان بە بەر قوربانییەکەدا پۆشیوە و پاشان رادەستی سوپای پاسدارانیان کردووە کە بۆ هەر کوشتنێک لە نێوان ٣٠ بۆ ٤٠ ملیۆن تمەنیان وەرگرتووە. بۆ ئەوەی گەندەڵییەکانی سوپای پاسداران لە کوردستان ئاشکرا نەبێت هیوا تاب لەساڵی ٢٠٠٩ دەستگیر کراوە و بە پێی لێدوانی بەرپرسانی

له ٣٥٠ گەنجی بێ تاوان لەژێر ناوی ئەندام بوونی پەژاک گوللە باران دەکەن. لەکاتێکدا هیچ یەک لەو گەنجانە پەیوەندیان بە پەژاکەوە نەبووە. بەس ئەو باندە بۆ ئەوەی ترس و خۆف لەنێو گەلدا درووست بکات تا گەل لە پەژاک نزیک نەبنەوە. ئەو باندە کە لەژێر فەرماندەیی راستەوخۆی خامنەییدا بوون بۆ هەر تەرمێک لەو کاتەدا ٣٠ بۆ ٤٠ ملیۆن تمەن پارەیان وەرگرتووە. ئەوەش چەپەڵترین شەڕ و ڕێبازی شەڕە کە لەلایەن ناوەندەکانی شەڕەوە لەدژی گەلی کورد و نرخ و بەها مرۆییەکان بەڕێوە براوە. چالاکانی مەدەنی بە بەرچەسپی تیرۆر و سیخوڕی هێزێکی بێگانە، سزای لەسێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنێت.

لەلایەکی دیکەشەوە لە ساڵی ٢٠١٦ی زاینی لە ناوچەی سەڵاسی باوەجانی ١٢ گەریلای پەژاک بە شێوازێکی دڕندانە و دوور لە پێوەرەکانی مافی مرۆڤ بە کەرەستەی چەکی ژەهراوی دەرمانخوارد کران. دواتر رژێم بۆ فریودان و چەواشەکردنی راستییەکان، سیناریۆ و دیمەنێکی بۆ رەوایەت پێدانی ئەو کردەوەیە بڵاو کردەوە. واتە بە هەلیکۆپتەر و بەشداری سەدان جاش و بەکرێگیراو و ئەندامی سوپای پاسداران پەلاماری سەر تەرمی بێ گیانی ئەو ١٢ گەریلایەیان دا. رژێم وای نیشان داوە کە ئەو گەریلایانە گەمارۆ دراون و هەڵیکوتاوەتە سەریان. لەکاتێکدا پێشتر بە چەکی قەدەغەکراو ژەهراوی کراون تا نەتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن. بەو دیمەن سازیانە رژێم هێزنوێنی لەکوردستان ئەنجام دا. ویستی بێ باوەڕی و بێ هیوایی ناو گەلدا لەسەر گەریلا برەو پێ بدات. لەکاتێکدا رژێم لەبەرامبەر ئەو ١٢ گەریلایە دوو جار تاوانی جەنگی ئەنجام داوە. یەکەم ئەوە بووە کە بە پیلانگێڕی و تاوانی جەنگی دەرمانخوارد کراون و دواتر تەرمی بێ گیانیان بە سەحنەسازی دەدرێتە بەر دەسرێژی گوللە، تۆپ،

رژێم دوای دادگایی کردنی بە بێدەنگی لە لایەن رژێمەوە لە سێدارە دراوە.

هاوەن و هەر جۆرە چەکی قەدەغەی دیکەی شەڕ.

لەبەردەوامی هەمان کردەوەی دژە مرۆیی لە زۆربەی ناوچەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە رێگەی سیخوڕ و دەستە و تاقمەکانی هەژمارێکی دیکەی گەریلایان دەرمانخوارد کردووە. نموونەی دیکەش لە رێکەوتی ١٤ی گوڵانی١٣٨٩ - ٢٠١٠ هێزە ئەمنییەکانی رژێمی ئێران کردەوەیەکی پیلانگێڕییان لەدژی گەریلاکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە ناوچەی داڵاهۆی کرماشان ئەنجام دا کە بە دەستی بەکرێگیراوانی رژێمی ئێران ٥ گەریلا بە ناوەکانی قارەمان سۆهرابی (شاهین داڵاهۆ)، حیکمەت گوولەر (حەکیم تاتوان)، موحسینە تەکین (کاردەلەن)، رەزا فەقیە سلێمانی (خۆشمێر سیروان) و لەیلا خەلیل موسلیم (زۆزان گەڕناس) دەرمانخوارد کران، دوای ئەوەی کە ژەهراوی کران بە شێوەیەکی دڕندانە لەلایەن بەکرێگیراوانی رژێمی ئێرانەوە کۆمەڵکوژ کراون. واتە بە پیلانگێڕی گەریلایان خستووەتە ناو بۆسە و بە شێوەی دڕندانە شەهیدیان خستوون. گەریلای بێ چەکیان رەمی کردووە. گەریلای بریندارکراویان شەهید خستووە. بۆ دانپێدانی بەو تاوانانەی کە رژێم ئامادەی کردووە، کەڵکی لەگەڵێک شێواز و رێبازی دڕندانە وەرگرتووە.

رەهەندی سەفەربەرکردنی میدیا و راگەیاندن بەشێکی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە و لە بەشی چوارەمدا بە تێر و تەسەلی شیکردنەوەی لە سەر دەکرێت.

# بەشی چوارەم

## رۆڵی ئیمپراتۆری دیجیتاڵی لەشەڕی تێکەڵاودا

راگەیاندن تایبەتمەندی گرنگ و سەرەکی مرۆڤە. هەر بوونەوەرێک بۆ ئەوەی درێژە بە هەبوون و مانەوەی خۆی لەژیاندا بدات، پێویستی بە گەیاندن هەیە. تایبەت بۆ ئەوەی مرۆڤ هەبوون، ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی خۆی مسۆگەر بکات، زیاتر لەهەر بوونەوەرێک پێویستی بە راگەیاندن هەیە. چون راگەیاندن بنەمای سەرەکی کۆمەڵایەتی بوونە. کۆمەڵایەتی بوونیش بە واتای مرۆڤ بوون، ئیرادە، هێز و ئازادی دێت. سەرچاوەی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لەسەدەی ئەمڕۆدا دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ، بیرکردنەوە، هۆشیاربوونەوە، خولیا و لێگەڕین بە دوای حەقیقەت، هەستی ئازادیخوازی و دیموکراسیخوازی، گەشەدانی راگەیاندن و داهێنان و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا و دەوڵەمەندی رێبازەکانی ژیان و فۆرمی خۆپاراستنیەتی.

هەڵبەت لەکۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤدا، زیاتر راگەیەندن پێگەو جێگەی تایبەت بە خۆی هەیە. چون پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکان، گەل و نەتەوە جیاجیاکان زیاتر بە رێگەی راگەیاندن پەرەی پێ دەدرێت. چون راگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە هەست و نەستی مرۆڤەکان لەیەکتر نزیک دەکات، یان رق و کین و نەفرەت لەزەینی مرۆڤەکان لەدژی یەکدی دەچێنێت. هاوکات ئاسانکاری بۆ واتابارکردن لەپێداویستییەکانی ژیان خۆش دەکات و رێکارەکانی پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ یەکدی و بونیادنانی کۆمەڵگە فراوانتر دەکات. وەک ئامرازی هاوبەشی نێوان تاک و کۆمەڵگە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان چڕتر دەکاتەوە.

لەبنەڕەتدا ڕاگەیاندن بریتییە لەبڵاو کردنەوەی هەواڵ و زانیاری ڕاست و درووست بە ئامانجی هۆشیارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگە و ئاگادارکردنەوەیان لەڕووداوەکانی دەوروبەریانە. ڕاگەیاندن سەکۆی ڕادەربڕینی هزر و ڕامانی ئازادە. پردی ئاشتی، پێکەوە ژیان و کۆمینالیزمە. ئاوێنەی زەینی مرۆڤە کە بەدیهێنانی خەیاڵ و هیواکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەی تێدا بە نمایش دەدرێت. ئاڵوگۆڕی کولتووری، هونەر، داب و نەریت، فکر، زانیاری و فۆرمی ژیانی تێدا ئەنجام دەدرێت. کاری پەروەردە کردنی تاک و کۆمەڵگە و شکڵ گرتنی زیهنی مرۆڤەکانی پێ ساز دەکرێت.

هیچ کۆمەڵگەیەک لەم سەردەمەدا بە بێ ڕاگەیاندن بوونی مسۆگەر نابێت. چون ڕاگەیاندن زمان و ڕۆحی جەستەی مرۆڤە کە لەهەر جێگە و کۆمەڵگەیەکدا بە فۆڕمێک خۆی دەنوێنێت. واتە بە پێی ویست و داخوازیەکانی کۆمەڵگە گەشەو نما دەکات. لەبانگەشە و پڕوپاگەندەدا هاوئاهەنگی، هاوبەشی و یەکڕیزی بوونی گەل و کۆمەڵگە دروست دەکات. بۆیە ڕاگەیاندن هێز و ئامرازی کرانەوەی دەرگای بەختەوەری و ژیانی ئازاد بەرەو ڕووی مرۆڤ و کۆمەڵگە ئاوەڵا دەکات.

مێژووی ڕاگەیاندن لەسەرەتای دەستپێکردنیەوە واتا لەژیان و خۆزا بار دەکات. چ کاتێک مرۆڤ واتای بە خۆزا (سرووشتی) دابێ و لەگەڵ خۆزا کەوتبێتە ناو پارڤەکردن و بنەمای بونیادنانی کۆمەڵگەی مرۆڤی تێدا داڕێژرابێت، دەتوانین بە مێژووی دەستپێکردنی ڕاگەیاندن بە ناوی بکەین. چون ڕاگەیاندن مێژووی درک کردن بە هەبوون و هێزی بە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤە. ڕوونتر بڵێن مێژووی ڕاگەیاندن، بە ئاوابوونی کڵان و قەبیلەکان دەستپێدەکات. ئەوەش بە مانای کۆمەڵایەتی بوونە. بۆیە لەچ جێگەیەک مرۆڤ و کۆمەڵگە بوونی هەبێت، ڕۆنکایی

ڕاگەیاندن دەدرەوشێتەوە. چون ڕاگەیاندن ئەو ئامرازەیە کە پەیوەندییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵگە و کلانەکانی پتەو و قایم کردووە.

هەڵبەت مێژووی ڕاگەیاندن لە سەردەمی پێشکەوتنی هەست و نەستی مرۆڤ و گەشەدانی واتا و مانا لەبارکردنی ژیان و سرووشت دەستپێدەکات. دەنگ، ڕەنگ، ئیشارەت، ڕۆشنایی، سەرما، گەرما، ئێش، شایی، هەیەجان، بێزاری، ئارامی، بەختەوەری، چەرمەسەری و حەسوودی هەموویان لەسەر بنەمای پەیوەندی، دیالۆگ و دانوستانی نێوان تاک و کۆمەڵگە پێش کەوتوون کە ئەوانە هەموویان هێماکانی بونیادنان و گەشەدانی گۆڕەپانی ڕاگەیاندنن. تەنانەت بێدەنگ بوون، قسە نەکردن و پەیوەندی نەکردنیش بە واتای مێتۆدێک لەکاری ڕاگەیاندنە. چونکە مرۆڤ بەو شێوەیەش دەیانەوێت پەیام بە یەکدی و دەوروبەری خۆ بگەیەنن. بۆیە ڕاگەیاندن و مێتۆدەکانی لەسەرەتای کۆمەڵگەبوونی مرۆڤەوە زیاترین ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە. بۆیە لەم سەردەمەی مێژووشدا ڕاگەیاندن ڕۆڵی گۆڕەپانی یەکەمی شەڕی بە ئەستۆ گرتووەو تا ئێستاش ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەدەست نەداوە. بەڵکوو تا دەڕوات ڕۆڵ و پێگەی پڕبایەخ، بەنرخ و گشتگیرتر دەبێت. واتە بووەتە بەشێک لەژیانی دانەبڕاوی مرۆڤ. تەنانەت لەئاستێکدایە کە مرۆڤەکانی شەیدای خۆ و خووگرتن بە خۆیەوە کردووە کە دابڕان و دوورکەوتنەوە لێی ئەستەمە. خووگرتنی منداڵان و گەنجان تەنانەت بە ساڵاچووان بە میدیا و ڕاگەیاندن و ئۆرگانەکانی وەک تۆڕە مەجازییەکان و یارییە کۆمپیوتەرییەکان لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ئەم ڕاستییە حاشا هەڵنەگرەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە. بۆیە میدیا و ڕاگەیاندنی ساختە و چەواشەکار تاک و کۆمەڵگەی گیرۆدەی بەرداشی قڕکردنی هزری، کولتووری و کۆمەڵایەتی کردوەتەوە کە ئیرادە و هۆشی ئازاد لەمرۆڤەکان

زەوت دەکات.

لەپەڕاوی مێژوودا داهێنان، پەیوەندی، پێکەوە ژیان، بەریەک کەوتن، هەست پێکردن، بیرکردنەوەی مرۆڤ و پارڤەکردن لەگەڵ خۆزایش جۆرەیەک لەڕاگەیاندنە. چون پێلی دەنگ، رەنگ و ئیشارەت لەنێوان دوو لایەن ئاڵوگۆڕ دەکرێت. بۆیە پەیوەندی نێوان دوو لایەن کە بە مەبەست و ئامانجدار بێت، دەکەوێتە خانەی راگەیاندنەوە. لەو پێناوەدا بە پێی پێلێک کە لەلایەنی بەرامبەرەوە ئاراستەی کراوە، پەیامێکی پێ دەگات. بەو پێیە کانگەی بیرکردنەوەی دەجووڵێنێت و دەبێتە هۆکاری لێکەوتنەوەی کاردانەوە.

لەکۆندا راگەیاندن بە دەنگ، ئیشارەت کردن و وێنەکێشان لەنێوان مرۆڤە سەرەتاییەکان بەڕێوە براوە. راگەیاندن پێناسەی بۆ سنوور و دەوروبەری ژیانی خۆی خولقاندووە و لە نیشانەکانی ئیشارەت لەزیهنی مرۆڤدا واتا و مانای بارکردووە. بە پێی پێشکەوتنی قۆناخە مێژووییەکان، راگەیاندن بە مێتۆدی نیگارکێشی (وێنە) لەسەر دیواری ئەشکەوت و گاشەبەردەکان بۆ تاک و کلانەکان بە نمایش دراوە کە تا بە ئەمرۆ کاریگەری گەیاندنەکانیان لەسەر مرۆڤایەتی بەردەوامە. لەو وێنانەدا زانیاری لەسەر نێچیروانی، داهێنانەکانی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیای ئەو سەردەمە و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە و مانا و واتا بارکراوەکانی ژیان نیشان دراوە. واتە بناخەی بەرهەمێک داڕێژراوە کە تا بە ئەمرۆش کاریگەرییەکانی لەسەر زەین و هەستی مرۆڤەکان دیارە. بەڵگە مێژوویی و شوێنەوارە مێژووییەکان دەرخەری ئەو راستییەن کە راگەیاندن رۆڵی رووناککەرەوەی زەین و پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵگە و ئاشتەوایی لەگەڵ سرووشتی بە ئەستۆ بووە.

میدیا و راگەیاندن لەئێستاشدا هەمان وێنە، دیمەن و پەیام

به پانتایی و کاریگەری فراوانتر و پەیامی دەوڵەمەندتر و گشتگیرتر لەسەر ئامرازی پێشکەوتووتر و ئۆرگانی فراوانتر بڵاو دەکاتەوە. لەسەردەمی کۆندا مرۆڤەکان بە دووکەڵی ئاگر یان بە دەرخستنی دەنگ یان ئیشارەت یەکیان لەمەترسییەکان ئاگادار کردوەتەوە و پەیامیان بۆ بەرقەراری ئاشتی و پێکەوە ژیان و مەترسییەکان و ئاگادارکردنەوە بە یەکدی گەیاندووە. لەو کاتەدا ئەوەش ڕێبازێکی زۆر پێشکەوتوو بووە کە گەیاندن گێڕاویەتی.

راگەیاندن داهێنان و بەرهەمێکی دیکەی ژنانە. داهێنانی دەستی ژنە. چون داهێنەری زمان ژنەو شۆڕشی زمان بە دەستی ژن بەرپا بووە. ئەو کات داهێنەر و بونیادنەری راگەیاندن و دۆزینەوەی مێتۆدەکانی راگەیاندن لەسەردەمی کۆمەڵگەی سرووشتیدا ژن بووە. بەو پێیە ژن داهێنەری راگەیاندن و پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنە. ئەوەش لەکاتی رۆڵی دایکایەتی و بەخێوکردنی منداڵەکەی و بونیادنانی کۆمەڵگەدا زیاتر بەرجەستە بووە. بۆیە رێبەر ئاپۆ لەپەیامی ٨ی ئاداری ٢٠٢٥دا رایگەیاند: **«پیرۆزی هی ژنانە. ژن خۆی گەردوونە. پیاو هەسارەیەکی سەرگەردانە لەخولگەی ئەم گەردوونەدا. ژن یەکەمجار زمانی ئافراند تا بانگی منداڵەکەی بکات. ژن کەلتووری داهێنا. ژن کۆمەڵگەی داهێنا»**.

ئەم پێناسەیە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ژن لەبەر ئەوەی شۆڕشی زمانی داهێناوە، شۆڕشێکی مێژوویی لەپێشکەوتنی کۆمەڵگە و مرۆڤدا گێڕاوە کە بە گەورەترین شۆڕشی مرۆڤ لەمێژوودا دەبینرێت. هاوتەریبی ئەو شۆڕشە ژن شۆڕشی کولتووری بەرپا کردووە. شۆڕشی کشت و کاڵ و گوندی داهێناوە. داهێنەری زانست و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی سەردەمی چاخی سەرەتایی مرۆڤ بووە. هەموو داهێنانەکان لەدەوروبەری

ژن بونیادنراون و گەشەیان کردووە. بۆ ئەوەی ژن پەیوەندی لەگەڵ منداڵەکەی و کۆمەڵگە دروست بکات، کەڵکی لە ئامرازی راگەیاندن و گەیاندن وەرگرتووە. دەوڵەمەندی لەمێتۆد و ڕێبازەکانی راگەیاندن ئەنجام داوە. بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین کە زمان رۆحی راگەیاندنە. ئەگەر زمان داهێنەری ژن بێت، زۆر بە ئاسانی داهێنەری راگەیاندنیشە. چون راگەیاندن بیرکردنەوە و کردەوەی ئازادی مرۆڤە کە بە دەستپێشخەری ژن گەشەی کردووە. ژن لەڕێی راگەیاندنی زمانەوە کرانەوەی لەزیهنی منداڵ و کۆمەڵگەدا دروست کردووە. منداڵ و کۆمەڵگەی فێری ژیان و خۆپاراستن کردووە. هێزی کۆمەڵایەتی بوونی لەناخی مرۆڤدا پێشخستووە. مرۆڤی خولیای گەیشتن بە حەقیقەت و ئازادی کردووە.

بە پێشکەوتن و داهێنانەکانی مرۆڤ و ئەو شۆڕشانەی کە بە دەستی مرۆڤ بەرپا بوون، تایبەت دوا بە دوای دۆزینەوەی ئەلف و بێی نووسین گۆڕانکارییەکی نوێتر لەگەشەدانی راگەیاندن لەناو کۆمەڵگە دروست دەبێت. واتە مرۆڤ بۆ ئەوەی سەروەری خۆی زیاتر بە سەر گەل و کۆمەڵگە دروست بکات، لێگەڕینی بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی نوێی راگەیاندن هەبووە. تایبەت ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە لەسەر رووپەلەکان نووسراوە بە نامەبەر و خەبەربەر بڵاو کراوەتەوە و گەیەنراوەتە شوێنی مەبەست. دواتر ئەو رۆڵە دەسپێردرێتە کۆتری نامەبەر یا قاسید. بەڵام لەبەر پێشکەوتنەکانی شەڕ زۆر جار دابڕان لەڕاگەیاندن دروست بووەو لەهەڵبەز و دابەزی شەڕدا کاریگەری داناوە. بۆیە پێویستی بە گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لەئامرازەکانی راگەیاندندا بینراوە. بەو پێیە بە داهێنانی تەلەگراف تا ئاستێک کێشەی خێرایی بوونی راگەیاندن چارەسەر کرا. بەڵام بە پێشکەوتنی خێراتری تەکنولۆژیای وەک (تەلەفۆن و تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت)

کێشەی خێرایی بوونی ڕاگەیاندن بە بنەڕەتی چارەسەر کراو و لەساتدا چۆنیەتی و پێشکەوتنی ڕاگەیاندن هاتووەتە ئاراوەو تا دەڕوات خێراتری زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت. ئەوەش دانوستان و پەیوەندییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانی خێراتر کردووە و لەهەر بوارێکەوە کاریگەری لەسەر ژیانی مرۆڤ داناوە.

ڕاگەیاندن ئامرازێکی دانەبڕاو لەمرۆڤە و بە پێشکەوتن و گەشەدانی مرۆڤ پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیوە. تایبەت بۆ خۆی ناوەندی پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕکردنی زیهن و ژیانی مرۆڤە. واتە ئەو ئامرازەیە کە بە چرکە لەگەڵ داهێنان و کردەوەکانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەبووە. ئامووڕێکە کە لەهەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی مرۆڤ و تایبەت لە بەشەکانی نووسراو، بینراو و دەنگ وەرچەرخانی مەزنی بەخۆیەوە دیوە. هەڵبەت ڕاگەیاندنێک کە لەدەستی کۆمەڵگەدا بووبێت، ڕاگەیاندنی گەل و کۆمەڵگەیە. ئەو ڕاگەیاندنە بەردەوام خزمەتی مرۆڤی کردووە. بووەتە پەیژەی هەڵکشاندنی مرۆڤ بەرەو لووتکەی ئازادی. مەیدانی بە نمایشدانی هێز، توانا، ئیرادە و بەرهەمە دەستڕەنگینیەکانی مرۆڤ. بەڵام بە چەکەرە دەرکردنی زیهنیەتی دەوڵەت و دەسەڵات و قازانج ـ سەرمایە، لەسەردەمی کۆمەڵگەی هیرارشیک و پیاوسالارییەوە ڕاگەیاندن بە دیوێکی دیکەی خۆیدا خلۆر دەبێتەوە کە لەڕۆڵ و پێگەی سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە. چون ڕاگەیاندنی دەسەڵات لەسەر زیهنیەتێک گەشە دەکات کە بووەتە قاندرمەی هەڵکشاندنی زیهنیەتی دەوڵەت و دەسەڵاتە یەک لەدوا یەکەکان لەڕووباری مێژووی مرۆڤایەتیدا.

پرسیارێک لێرەدا بەرجەستە دەبێت ئەوەیە کە داخۆ میدیا و ڕاگەیاندن بەرهەمی کۆمەڵگەیە یان سیستەمی سەرمایەدارییە؟ ئەوەی روونە سەرمایەداری داهێنەری میدیا و ڕاگەیاندن نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە و لەناودا ژنان داهێنەری ڕاستەقینەی

ڕاگەیاندنن. چون سەرمایەداری سیستەمێکە کە بە هەموو هێز و دەرفەتیەوە هەوڵی داوە کە میدیا و ڕاگەیاندن لەقازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە کار ببات. واتە کاتێک بابەتی قازانج و سەرمایە دێنە لای یەکدی میدیا و ڕاگەیاندن تەنیا لەخزمەتی قازانجی دەسەڵاتدا دەچەرخێت. لەو لاشەوە ڕێگە لەبەردەم خراپترین دۆخی دارمانی ئەخلاقی خۆش دەکات. بەو چەمکە سیستەم کۆتایی بە ژیانی شکۆدار و ماناداری مرۆڤ دەهێنێت. بۆیە نابێت تاک لەم گۆڕەپانەی شەڕدا ژیانی میدیایی و کۆپیکراو بە تاکە بژاردەی سیستەم لەقەڵەم بدات. یان بەربڵاوبوونی بە سەرکەوتنی سەرمایەداری پێناسە بکات. چون ژیانی میدیایی و کۆپیکراو بۆ تاک و کۆمەڵگە بە واتەی لەدەستدانی مانای ژیانی ئازاد و بەختەوەر دێت.

لەشەڕی تێکەڵاودا گەشەسەندنی ژیانی کۆپیکراو و شووشەبەندی میدیایی لەلایەن سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری، مەرگەساتێکە کە گیرۆدەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی کردووە. چون سیستەم بە گشتی کۆمەڵگە هانی خۆنواندن دەدات. واتە هەر تاکێک بە ڕێبازێک دەیەوێت لەگۆڕەپانی میدیا و ڕاگەیاندن خۆنوێنی بکات. ئەوەش وەک چالاکی و ڕەفتارێکی مەزنی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت. بۆیە کۆمەڵگەیەک کە غەڵتانی خۆنواندن بکرێت، کۆمەڵگەیەکە کە بە کارهێنانی ئاسان دەبێت و بۆ جێ بە جێ کردنی هەر داواکارییەک سەر نەوی دەکات. بەو شێوەیە دەرفەت دەڕەخسێت تا بنج و بناوانی دەسەڵات تێیدا قووڵتر ببێت. واتە دەسەڵات وەک کرمێک مێژووی ئەو کۆمەڵگەیە دەکرتێنێت کە تێیدا تەشەنەی کردووە، بەو شێوەیە کۆمەڵگە بە بێ مێژوو و ڕیشە دەهێڵێت.

لەم شەڕەدا ڕژێم لەسەر بەند و دیل کردنی زیهنی مرۆڤەکان ڕاوەستە دەکات. چون مرۆڤێک کە زیهنی بەند بکرێ، جیا

لەخۆ خۆنواندن (خۆنمایش کردن) دەریچەیەکی دیکەی ژیانی بۆ نامێنێت. ئەوەش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاستی ئاژەڵ بوون کە رەمەکی برسێتی و ئیشتیاهێنەرانەی زووبەزوو تێر نابێت. چون ژیان و زیهن مانا و واتای خۆی لەدەست داوە. لەدونیای مەعنەویات بێ بەری و بێ پار کراوە. تەنیا گۆڕەپانی بەدەستهێنانی پارە و خەرجکردنی بۆ دەمێنێتەوە. هەڵبەت ئەو زیهنییەتە وای کردووە کە هەژارترین مرۆڤیش لەدۆخێکدا دەژین، تەنیا بە دوای بەدەستهێنانی برە پارە و ژیانێکی مەجازییەوە بن و لەو شێرپەنجە کۆمەڵایەتییە تێوەگلابن. بۆیە ئەمە خەڵک و کۆمەڵگە بەرەو مێگەل بوون دەبات. کۆمەڵگەی مێگەلیش خۆی پێ ناپارێزرێت.

میدیا و راگەیاندن لەسەردمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا بووەتە جانەوەرێکی ترسناک کە رۆڵەکانی خۆی دادەقورتێنێت. مرۆڤەکان لەناو زیهنییەتی داگیرکاری و کۆیلایەتیدا دەهاڕێت. زەینی مرۆڤەکان بە هەوری تاریکی دادەپۆشێت. زانست، کولتوور، ئەدەبیات، هونەر، فەلسەفە و هونەری ژیانی چەواشە و بێ ناوەڕۆک دەکات. بووەتە ناوەندی هەڵگەڕانەوە و پێچەوانە کردنەوەی راستییەکان. ئیدی رۆڵی دژە شۆڕش، دژە کۆمەڵگە، دژە مرۆڤ، دژە ژینگە و ئازادی رادەربڕینی لێ بار دەکرێت. ناوەندێکە کە هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤی تێدا چەپاو، حەپەلووش و رووپۆش دەکرێت. ئەو مەکۆیەیە کە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە شەڕی هەمە لایەنەی لەدژی گەل و کۆمەڵگە تێدا بەرپا کردووە.

لەشەڕی هیبریدی دژی گەلی کورد میدیا و راگەیاندن بووەتە کاریگەرترین ئامرازی شەڕ و کۆمەڵگەکوژی. هیچ ئامرازێکی شەڕ بە ئەندازەی ئامرازی میدیا و راگەیاندن لەشەڕی بەرامبەر کۆمەڵگەدا رۆڵی وێرانکەر و تالانکەریان نەگێڕاوە. هەڵبەت ئاستی

ئەو وێرانکاری و تاڵانکاریانە تەنیا لەسیستەمێکی تیرۆریستی، بکوژ و تاوانکار هەڵدەوەشێت. بەو پێیە ئەو کردەوانە بەرهەمی دەستڕەنگینیەکانی رژێمن. کە وابێت رژێم بۆ خۆی گەورەترین رژێمی تیرۆریستییە کە میدیای رەشەکوژی داهێناوە.

سەردەمی شەڕی هیبریدی سەردەمی میدیا، راگەیاندن و پەیوەندییەکانە. ئاست و گەورەیی تاوان و زیانەکانی میدیا و راگەیاندن لەناو خۆی ئێران لەڕادەبەدەرە. رژێم لەپێناو شاردنەوە و پەردەپۆش کردنی تیرۆرەکانی، قورسایی و گرنگی بەم گۆڕەپانەی شەڕ داوە. کۆی رەشەکوژییەکان لەم شەڕەدا بە رێگەی میدیاوە ئەنجام دەدات. بۆیە ئەم کردەوەیە بە تیرۆری میدیایی پێناسە دەکرێت. تیرۆرێکە کە کەسایەت، هەست، رۆحیە و مەعنەویاتی تاک و کۆمەڵگەی پێ کۆمەڵکوژ دەکرێت. بەو تیرۆرانە رژێم مەرگی مەجازی و رەش دەرخواردی کۆمەڵگە دەدات کە عەقڵ نایبڕێت. بۆ وێنە کۆمەڵگەی کۆپیکراو، مەجازی و ساختە بە کۆمەڵگەی واقیعی و راستی پیشانی کۆمەڵگە دەدەن. واتە لەشەڕی تێکەڵاودا ئەو رۆڵەی بە میدیا و راگەیاندن سپێردراوە ئەوەیە کە کۆمەڵگەی وەهمی و مەجازی بە کۆمەڵگەیەکی راستەقینە پیشان بدات. واتە درۆ وەک راستی و راستیش وەک درۆ پیشان کۆمەڵگە بدات.

میدیا و راگەیاندنی ساختە وا دەکات کە تاکی کورد کۆمەڵگەی خۆی بێ سەروبەر، خەیاڵی و بە بێ بەرهەم ببینێت و ژیان و کولتوورەکەشی پاشڤەڕۆ و کلاسیک لەقەڵەم بدات. تا لێگەڕینی لەپێناو بونیادنان و ئاوەدان بوونەوە لەدەست بدات و بۆ هەمیشە رووبەڕووی پەراوێزکردن و گۆشەگیری ببێتەوە. بۆیە کۆمەڵگەی کوردی تا ئاستێک رووبەڕووی پەرتەوازەبوون و نامۆبوون بووەتەوە کە لەهیچ قۆناغێکی مێژوودا نەبینراوە. واتە هێرش و دەستدرێژییەک دەکاتە سەر دەستکەوتەکانی گەلی

کورد کە قورستر لەجینۆساید و تەنانەت کۆمەڵگەکوژییە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەش ئەوەیە کە راگەیاندنکار و ناوەندەکانی راگەیاندن بەردەوام لە ئامانجی هێرش، تیرۆر و پەلاماردانە. بۆیە ئەم گۆڕەپانە لەبەر ئەوەی لەژێر کۆنترۆڵ و قۆرخکاری رژێمدایە، بووەتە چەکێک کە کۆمەڵگەکوژی و ژن کوژی پێ ئەنجام دەدرێت. واتە رۆڵ و پێگەی لەلایەن رژێمەوە بۆ هەر کەس دیار کراوە. بۆیە بووەتە مەترسیدارترین و کاریگەرترین چەکی ترسناکی دەستی رژێم.

ئەم چەکە بە تایبەت لەئیفلیج و سڕکردن و لەباربردنی هێزی خۆڕاگری و نەبەزی کۆمەڵگە بە کاریگەرە. چونکە چەکی میدیای رژێم بە کاریگەرترین چەکی بونیادنانی کۆمەڵگەی وەهمییە. چەکێکە کە کۆمەڵگەی راستەقینەی مرۆڤ کۆمەڵکوژ دەکات. واتە چەکێکە کە جیا لەمرۆڤ کوژی، کۆمەڵگەکوژیش ئەنجام دەدات. چونکە ئەم چەکە تاک و کۆمەڵگە لەناوەڕۆکی خۆی بەتاڵ دەکات. وا لەمرۆڤ دەکات کە سرووشتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی بچووک ببینێت و رژێمی ولایەتی موتڵەقەی فەقیە مەزن و زەبەلاح لەقەڵەم بدات. ئەو روانگەش بە فریوی میدیا و راگەیاندن، چەواشەکردن و شێواندنی پێشدەخات. بۆیە کۆمەڵگەیەکە کە گەل لێی پەراوێز و دوور دەخات. دۆڕان و تێکچوونی کۆمەڵگەی واقیعی مسۆگەر دەکات. واتە بووەتە چەکێک بە خۆش و بێشی بەردەوام لەدژی گەل و کۆمەڵگە چالاک و کارایە.

راگەیاندنی دەسەڵات دزە دەکاتە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە و بە کاریگەرییە نەرێنییەکانی وێرانکاری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. کاتێک راگەیاندن گەیشتە ئەو قۆناخەی کە لەدژی کۆمەڵگە کەوتە ناو شەڕی هەمە لایەنەوە، دەبێتە کەرەستەی شەڕی تێکەڵاو. کەرەستەیەک کە دابڕاو لە بونیادنان، ئاوەدان

کردنەوە و پێشکەوتنە. واتا کەرەستەیەکە کە شەڕی فرەڕەهەندی لەدژی کۆمەڵگە پێ دەکرێت. تایبەت بەم ئامووره لەدژی گەل و کۆمەڵگە شەڕی هزر، مێشک و پارادیگمای پێ دەکرێت. چون هزر و مێشکی کۆمەڵگە دەکاتە ئامانج. بەوەش روانگە، باوەڕی و پارادیگمای مرۆڤ دەگۆڕێت.

رژێم بە ئامرازی میدیا و راگەیاندن کۆمەڵگە لەئەخلاق و سیاسەت بێ بەری دەکات. لەهەنگاوی یەکەمدا گەل بە بێ کۆمەڵگە دەهێڵێت. چون تا گەل خاوەن کۆمەڵگە بن، ئەخلاق و سیاسەت لەدەست نادەن. بۆیە دەسەڵات و دەوڵەت بۆ لەناو بردنی ئەو گەوهەرەی کۆمەڵگە، بە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندی و دەزگاکانی میدیایی دزەیان کردوەتە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە. بەو شێوەیە دەیانەوێت دەرەتانی هەناسەکێشان و بژێوی ژیانی گەل لەبار بەرن. دواتر کۆمەڵگە لەهەبوونی خۆی نامۆ دەکەن. بەو شێوەیە ئاسۆی کۆمەڵگە و هێز و توانای گۆڕانکاری و وەرچەرخانی لەناو دەبەن.

شەڕی تێکەڵاوی رژێم لەدژی کۆمەڵگە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت، چون هەرگیز کۆمەڵگەیەک بە بێ ئەخلاق و سیاسەت ناکرێت. لەکۆمەڵگەکانی ئێراندا رژێم ئەخلاق و سیاسەتی بۆ نزمترین ئاست بچووک کردووەتەوە، تەنانەت لەهەندێک جێگەش تا ئاستی لەناوچوون گەیشتووە. داخۆ ئەگەر رژێم لەشەڕی میدیا و راگەیاندندا ئەخلاق و سیاسەتی کۆمەڵگە لاواز و سنووردار بکات، ئەو کۆمەڵگەیە بە تەواوی بە گوێرەی ویست و بەرژەوەندییەکانی رژێم گۆڕاوە؟! لەکاتێکدا ئەوە زۆر ئەستەمە کە سەر بگرێت. هەرچەند رژێم بیەوێت لەرواڵەتدا دیمەنێکی هەمەڕەنگ پیشان بدات کە گوایا کۆمەڵگە بە پێی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات لەناو گۆڕانکارییەکی بێ کۆتادایە، خەیاڵێکی خاوە. چون ئەم بانگەشانەی رژێم تەنیا دیمەنێکی

میدیایی و جیهانی مەجازییە کە ئامانجی پڕوپاگەندە کردنی هێز و توانای دەسەڵاتە.

راگەیاندن و میدیای ساختە بە زۆری دیاردە و رووداوە رۆژانەیی و کورتخایەنەکانی ناو کۆمەڵگە دەکەنە رۆژەڤ. بۆیە زیهنی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی درێژخایەنی خۆیان لەدەست دەدەن و تەنیا بە دوای رووداو و دیاردە رۆژانەییەکاندا دەڕۆن. هەرچەند ئێستا بەشێکی زۆر لەتۆڕەکانی میدیا و راگەیاندن تەنیا کار لەسەر رووداوی رۆژ و بابەت و شرۆڤەی زۆر کورت دەکەن کە خۆی لەپاراگرافێک یان کەمتر دەبینێتەوە. ئەو رێبازەش ناهێڵێت کە پاشخانێکی هزری و ئایدۆلۆژی و فەلسەفی لەناو تاکەکانی کۆمەڵگەدا درووست بێت. بۆیە رێکخەرانی شەڕی تێکەڵاو لەبەشی راگەیاندندا هەمیشە چۆنیان ویستووە میدیا و دەزگاکانی راگەیاندن بەکار دەهێنن، تەنانەت بۆ ئەوەی ئامانجەکانیان بپێکن، هەموو شتێک بە پێی پیلان و پرۆژەکانیان ئامادە دەکەن و بە گوێرەی پێویستی و تایبەتمەندییەکانی شەڕەکە پیلانە یەک لەدوا یەکەکانیان بەڕێوە دەبەن.

میدیا و راگەیاندن گۆڕەپانێکە کە زیاترین شەڕی شارستانی، سیاسی، مەزهەبی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و رۆحی تێدا ئەنجام دەدرێت. چون هەر ناوەندێک هەوڵ دەدات ئەو ئامووڕەی شەڕ بە گوێرەی هزر و رامانی خۆی بەکار ببات. بۆیە لێرەدا شەڕی کولتووری بەرپا دەکرێت و رۆحیەی مرۆڤەکانی تێدا دەشکێنرێت. شیرازەی کۆمەڵگە و کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ دەشێوێنێت. سەروەری مەزهەبێک بۆ سەر مەزهەبێکی دیکە دروست دەکات. زاڵ بوونی شارستانی بە سەر شارستانییەتێکی دیکە بە نمایش دەدرێت. بۆیە راگەیاندن بووەتە ئەو ناوەندەی کە راستی دەکاتە درۆ و درۆش دەکاتە راستی. واتە بە چەکی درۆ کۆمەڵگە بۆردومان دەکات.

لەو ڕێبازەی شەڕدا ئەوەندە دووبارەبوونەوە ڕوودەدات، تا باوەڕی و قەناعەت لەسەر بابەتی دیارکراو لەلای مرۆڤەکان دروست دەبێت. بەتایبەت لەم گۆڕەپانەدا ستراتیژی ڕاهاتن، بێکاردانەوە و فێربوون لەتاک و کۆمەڵگەدا پێشدەخات. بە هەواڵی ساختە، ڕاپۆرتی چەواشەکار، دیمەنی خەیاڵی، وتەی بریقەدار کاردانەوە لەمرۆڤدا دەکوژێت. تاکەکان بە ستراتیژی درۆ و تەڵەکە فێر دەکرێن. واتە خووگرتن و حەز کردن بە درۆ دروست دەبێت. بە جیهانی وەهمی و پڕوپاگەندەی خەیاڵی تاک و کۆمەڵگە ڕادێنن. بە پێی تایبەتمەندییەکانی هەموو چین و پێکهاتەکانی ناو کۆمەڵگە بەرهەم دەپاشێنن، تا ئامانجەکانیان بە باشی بپێکن.

هەڵبەت لێرەدا باس لەو ڕاگەیاندنە دەکەین کە ئیدی لەدەستی دەوڵەت و دەسەڵات، یان حیزب، تاقم، گرووپ و کۆمپانیا شەخسی و دەوڵەتییەکانە کە شەو و ڕۆژ لەپێناو سەرکوت و چەوساندنەوەی تاک و کۆمەڵگە پڕوپاگەندە دەکات. چون ڕاگەیاندن وەک ناوەندێک بۆ کۆیلە سازی و فەتح کردنی تاک و کۆمەڵگە کەڵکی لێ وەردەگرن. ئیدی کراوەتە کۆمپانیایەکی زەبەلاح کە زیاترین قازانج و سەرمایە بۆ خاوەن کارەکانی کەڵەکە دەکات. کێ سەرمایە و پارەی زیاتری پێبدات، ڕیکلام و پڕوپاگەندەی بۆ دەکات. ئیدی هزر، ویژدان و ئەخلاق تێیدا هەڕاج دەکرێت. وتەی مرۆڤ بێ نرخ و بێ بەها دەکرێت. ئەوەش تەنیا بە ڕۆڵی ئیمپراتۆری میدیا بە جێ دەکرێت. بەو مەبەستەش ئیمپراتۆرییەکی دیجیتاڵییان داهێناوە. بۆ ئەو ئیمپراتوریەش مرۆڤی دیجیتاڵ دروست دەکەن. مرۆڤێک کە توانای بیرکردنەوەو داهێنانی لێ وشک و برین کرابێت. ئەو ئیمپراتورییە جاشی دیجیتاڵ دەئافرێنێت. ئەو جاشەش بە هەموو هێزیەوە خزمەتی خاوەن کارەکەی دەکات. چون ڕوانگەی کۆیلە و خاوەن کۆیلە

لەم گۆڕەپانەدا سەروەر کراوە. لەپرەنسیب و پێوانە دیموکراتیک و کۆمەڵایەتییەکان دابڕێندراوە. تەنانەت کۆمەڵێک تۆڕی مەجازی – دیجیتاڵ یان داهێناوە و ناوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان لێ ناوە. هەرچەند کە ئەو تۆڕانە هیچ بناخەیەکی کۆمەڵایەتییان نییە. بەڵکوو بە زۆری لەپێناو لەباربردنی شیرازەی کۆمەڵگە پەرەیان پێ دراوە. بەڵام بە دووپات کردنەوە و بەکاربردنی لەلایەن زۆر لەدەزگا میدیاکان و تۆڕە مەجازییەکان ئەو پێناسەیە لەزیهنی تاکەکاندا جێ دەگرێت. لەکاتێکدا ئەم گۆڕەپانەی شەڕ تاک گەرایی لەناو کۆمەڵگەدا پێشدەخات. مرۆڤ لەکۆمەڵگە دادەبڕێت. ناسنامەی مرۆڤەکان ون دەکات. جیهانی راستی تەمومژاوی دەکات. ژیانی خەیاڵی و بریقەدار لەزەینی مرۆڤەکان بەرجەستە دەکات.

پێناسەی پڕ بە پێستی ئەو تۆڕە مەجازییانە، میدیای دیجیتاڵ یان میدیای مەجازییە. واتە پێویستە تۆڕە دیجیتاڵییەکان ئەرکی رێکخستن کردن و بونیادنانی کۆمەڵگەی مرۆڤ لە ئەستۆ بگرێت. پێویستە راستەوخۆ لەگەڵ کۆمەڵگەدا لەناو پەیوەندی دا بێت. بەڵام کردار و تایبەتمەندی ئەم گۆڕەپانە ئەوەیە کە هەر شتێکی مەجازی و ناواقیعییە. واتە کۆمەڵگەیەکی دیجیتاڵی یان مەجازی و وەهمی بونیاد دەنێت.

## ئامانجەکانی شەڕی تێکەڵاو لەگۆڕەپانی میدیا و راگەیاندندا

**شەڕی هیبریدی لە گۆڕەپانی میدیا و راگەیاندندا بە چەند ئامانجێک لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت کە بریتین لە:**

١ـ راگەیاندن و میدیا رای گشتی گەل دەکاتە ئامانج: هەموو پیرۆزییەکان، نرخ و بەها، داب و نەریت و دەستکەوتە ماددی

و مەعنەوییەکانی بە تایبەت ئایدیۆلۆژی و بیر و باوەڕییەکانی گەلان بە ئامانج دەگرێت. بە پێی پانتایی و دەوڵەمەندی کۆمەڵگە شەڕێکی فرە ڕەهەند لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. لەپێناو بۆردومان کردنی ئایدۆلۆژی و بیروباوەڕییەکانی گەلان هیچ سنوورێکی ئەخلاقی و مرۆیی ناناسێت. تۆقێنەرترین شەڕی نەرم تێیدا بەڕێوە دەبرێت.

لەم گۆڕەپانەدا نکۆڵی لەهەبوون، ئیرادە، باوەڕی، مێژوو و دەستکەوتەکانی گەلی کورد دەکرێت. خەسڵەتێک بە بەر جەستە و رۆحیەتی کورددا دەکات کە شایانی نییە. ئازایەتی و قارەمانییەکانی گەلی کورد رووپۆشی بە سەردا دادەنرێت و پێناسەی هەڵە و دوور لەڕاستی لەجێگەی بڵاو دەبێتەوە. هەوڵ دەدرێت هەموو دەستکەوت و بەهاکانی کۆمەڵگە چەپاو و زەوت بکات. دەسەڵات لەم گۆڕەپانەدا قارەمانی و دلێرییەکانی گەل دەکاتە موڵکی خۆی و کۆمەڵگە پەراوێز دەخات. هەمیشە کۆمەڵگە بە بێ رۆحیە، بێ مۆڕاڵ و بێ باوەڕی رادەگرێت. هیوا و ئاواتەکانی گەلی تێیدا خامۆش دەکرێت. گەوهەرەی حەقیقی تاک دەکوژێت و تاکێکی کۆیلە، گوێڕایەڵ و گەمژە دەئافرێنێت.

بە پێی ئەو ئامانج و رۆڵەی کە بە میدیا و راگەیاندن سپێردراوە بەرپاکردنی شەڕی هەمەلایەنە لەدژی تاک و کۆمەڵگە لەپێناو فەتح کردن و تەسلیم وەرگرتنی بەڕێوە دەبات. بۆیە لەسووکایەتی، بێ رێزی و رەش کردنی تاک و کۆمەڵگەدا سنوور ناناسێت. لەم شەڕەدا بەزەیی بە منداڵان، ژنان، پێکهاتەکان، ئایین و باوەڕییەکان نامێنێت. بە چەپەڵترین رێباز کار لەسەر شۆردنەوەی زیهن و مێشکیان دەکات. لەپرۆسەیەکی درێژخایەندا تاک و کۆمەڵگەی ئامانج کراو فەتح دەکات.

٢ ـ راگەیاندنی دەوڵەتی بە شەڕی فرە ڕەهەندی خۆی زیاترین زەبر و گورز لەگەل و کۆمەڵگە دەوەشێنێت. ئەو زەبر

و گورزەش بە ڕێگەی بوردومانی فکری و ئایدۆلۆژی ئەنجام دەدات. سەرەتا مێشک و زەینەکان مەنگ، گێژ و وێژ و کوێر دەکات. تاک لەچەکی خۆپاراستن دادەماڵێت. هێزی بەرگری کردن و بیرکردنەوەی لێ زەوت دەکرێت. ئامانج و باوەڕی چەواشەکارانەی بۆ دادەتاشرێت. هەست و ویژدان نەزۆک دەکات. تاک و کۆمەڵگەی بێ بەرهەم، بێ باوەڕ و بێ ئیرادە بار دێنێت. کۆمەڵگەیەک کە بێ بەرهەم و بێ ئیرادە کرا، فەتح کردن و بە کارهێنانی ئاسان دەبێت.

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت–نەتەوەکان زیاترین خەرج و دەستمایەیان بۆ ئەم گۆڕەپانە داناوە. واتە بە ئەندازەی ڕێژەی مرۆڤەکان تەنانەت زیاتریش بگرە دەرفەتی خەباتی ڕاگەیاندنییان ئاوەڵا کردووە. واتە جێگەیەک نەماوە کە ئەم سیستەمە دزەی نەکردبێتە ناوی. ئەوەش تەنیا بە ئامانجی زەبر و گورز وەشاندن لە گەل و کۆمەڵگەیە. چون ئەگەر کۆی ئەو ڕاگەیاندنانە لەخزمەتی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا بوایە، بێگومان خاوەن پێشکەوتووترین مرۆڤ و کۆمەڵگە دەبووینەوە. ئاشتی و ئارامی باڵی بە سەر جیهاندا بکێشایە. لەکاتێکدا بە پێچەوانەی ئەو ویست و داخوازی و حەقیقەتە، ڕاگەیاندنی دەسەڵات تاک و کۆمەڵگەیەک گەمژە و داڕماو بەرهەم دێنن.

٣ ـ ئامانجی ڕاگەیاندن دروست کردنی یەکێتی زیهن، فکر، هەست، ڕۆحیە و باوەڕییە. یەکێتی گەلان و ئایین و باوەڕییەکان پێش دەخات. ئامرازی بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و ئازادە. ئامووڕێکە کە لەشۆڕشی زیهنی و ویژدانی ڕۆڵی کارای لە ئەستۆیە. کەرەستەی پەیوەندی و گەشەکردنی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگەکان بووە. بەڵام لە ئەمڕۆدا میدیا و ڕاگەیاندنی ساختە لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە ناکۆکی، دووبەرەکی و ئاژاوە دەنێتەوە. تا پێی بکرێت دەمارگیری نەتەوەپەرستی،

ڕەگەزپەرستی، ئایین پەرستی و زانست پەرستی لەناو کۆمەڵگەدا قووڵتر دەکات.

ئەگەر چاوخشاندنێک بە کۆمەڵگەی کوردیدا بکەین، بە ڕاشکاوانە ئەو ڕۆڵە نەرێنییەی ڕاگەیاندن دەبینین. بەشێک لەمیدیا و ڕاگەیاندنی ساختە کە لەکوردستان ساز کراون تەنیا کاریان ناکۆکی، گومڕاکردن و ئاژاوە نانەوەیە. چەواشەکردنی ڕاستییەکانە. خاپاندن و فریودانی گەل و کۆمەڵگەیە. بڵاوکردنەوەی درۆ، نێڕەنگ و تەڵەکەبازییە. دروست کردنی دووڕایی و شک و گومانە. بەتایبەت بەشێک لەو میدیایانەی کە سەر بە دەسەڵاتی هەرێمی باشووری کوردستانن، بە زۆری میدیایەکن کە بە پشتیوانی و هاوکاری میتی تورک، ئیتلاعاتی ئێران و دەزگا هەواڵگرییە جیهانی و هەرێمییەکان کاری پەخش و بڵاو کردنەوە دەکەن. ئەم میدیایانە هاوشانی دەسەڵات و نەیارانی کورد ئەرکیان چەواشەکردنی ڕاستییەکان، سەرکوت و چەوساندنەوەی شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانی کوردستانە.

واتە بەشێک لەو میدیایانە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد ناڕوون و تەمومژاوی دەکەن. هەوڵ دەدەن پەردە بە سەر ڕاستییەکاندا بێنن و قارەمانی و نەبەزی ڕۆڵە بوێر و ئازاکانی گەلەکەمان بێ واتا و بێ نرخ بکەن. کۆسپ و تەگەرەی مەزن لەبەردەم دەرکەوتنی ڕاستییەکان بۆ گەل و کۆمەڵگە دادەنێن. بەردەوام سیاسەتی پەخش و بڵاو کردنەوەیان بە گوێرەی سیاسەتی پەخشی دەوڵەتە داگیرکەرەکانە. واتە لەهەر بەشێکی کوردستان پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق – پەدەکە بە میدیای حیزبی یان بە ناو سێبەر و گوایا سەربەخۆ ناکۆکی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکان قووڵ دەکەنەوە. ژەهر دەرخواردی گەل و کۆمەڵگە دەدەن. تاک و کۆمەڵگەیەکی فووتێکراو، ساختەکار، دووڕوو، فریودەر، بەکرێگیراو، نەتەوەپەرست و

گەمژە دەئافرێنن. بە پاڵەوان و کارتۆنی دیجیتاڵی و فووتێکراو، جاشی دیجیتاڵی دروست دەکەن. لەکاتێکدا لەبەرامبەر قارەمانە راستەقینەکانی گۆڕەپانی ناو شەڕی راستەقینە کە رۆژانە لەناو دەستەویەخەی دوژمندا شەڕ دەکەن، نابینن و لەئاست ئەو خۆڕاگرییە مێژووییەدا کەڕ، کوێر و لاڵ دەبن.

ئەم میدیا حیزبی و ناحیزبییانە کوردستانیان کردوەتە دوو بەرە یان چەند بەرە. بە دووبەرەکی و ئاژاوە نانەوە ئاشتی و ئارامی کوردستان تێکدەدەن. چ هەنگاوێک لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرانی کوردستانەوە لەچ بەشێکی کوردستان هەڵبگیردرێت، دژایەتی دەکەن و ژەهری نەتەوەپەرستی و بە کرێگیراوی تێدا بڵاو دەکەنەوە. ئەم راگەیاندن و میدیایانە دوژمنی سوێندخواردووی کوردی ئازاد و تێکۆشەرن. چون نان و بژێوی ژیانی خۆیان لەسەر بانگەشەی درۆ و خاپاندن پەیدا دەکەن. چەندێک درۆ و دەلەسە بۆ خەڵک بکەن، ئەوەندە دەرفەتی ژیانی وەهمییان بۆ دەڕەخسێنن.

٤ ـ لەشەڕی تێکەڵاودا بە ئامووری راگەیاندن و میدیا؛ یەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی نێوان گەل و کۆمەڵگە تێکدەدرێت. لەکاتێکدا فرەڕەنگی پایە و بنەمای سەرەکی دیموکراسییە. دەوڵەمەندی کۆمەڵگەیە. گەوهەرەی راستەقینە و کردەوەی زەینی مرۆڤە. یەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی هەوێنی بە کۆمەڵایەتی بوونە. کۆمەڵگەش لەسەر ئەو رەگ و ریشەیە گەشەی کردووە و بنجی لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی داکوتاوە. بەڵام ئەمڕۆ راگەیاندن وەک جانەوەرێکی دڕندە کەوتووەتە گیانی گەل و کۆمەڵگە کە مرۆڤ و کۆمەڵگەی تێدا لەت و پەت کردووە. بووەتە ئەو دینامیتەی چەمکی یەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی گەلانی پارچە و بەربڵاو کردووە. چونکە سەرەکیترین رۆڵی میدیا و راگەیاندن درووست کردنی زیهنییەت لە مێشکی مرۆڤدایە. بۆیە دەیتوانی

لەئەمڕۆدا ڕۆڵی کارا و پێشەنگ لەگەشەدانی یەکێتی، یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی کۆمەڵگەدا لە ئەستۆ بگرتایە. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندنێک لەسەر کارە بە پێی ویست و داخوازی و پارچەکردنی گەل و کۆمەڵگە پەخش و وەشان دەکات. بۆ ئەوەی یەکڕیزی ناو ماڵی کوردی تێکبدات، هەمیشە وەک دوژمن بیر دەکاتەوە، قسە دەکات و کردەوە دەنوێنێت. واتە ئامانج لەوەش لاوازکردنی تاک و کۆمەڵگەیە.

لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن گۆڕەپانی شەڕە، کار لەسەر لاوازکردنی تاک و کۆمەڵگە دەکات. تێکدانی ئەو هەوێنە دەرگا بۆ داگیرکەری، خیانەت و بە کرێگیراوی دەکاتەوە. کۆمەڵگەیەک کە چەندێک لەیەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی بە دوور بێت، ئەوەندە لاواز دەبێت. بەو پێیە بەشی زۆر لە ڕاگەیاندن و میدیاکانی کوردستان لەو مەرگەساتانەی کوردستان بەرپرسیارن. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو میدیایانە بە داخوازی یان زۆرەملێ بوونەتە کەرەستەی شەڕی هیبریدی لەدژی کۆمەڵگە لەو ڕۆڵ و بەرپرسیارییە خۆ دەدزنەوە. مەرگەساتەکەش لێرەدایە خۆیان بە بەشێک لەو ماڵوێرانی و کاولکارییانەی لەکوردستان هاتووەتە ئاراوە نابینن. بەڵکوو هەمیشە بە درۆی تازە، دیمەنی بریقەدار و فریودەرانە بەردەوامی بە تاوان و کردەوە قێزەونانەکانیان دەدەن.

دوژمنانی کورد چەندێک ڕۆڵیان لەوێرانکاری و چەوساندنەوە و قڕکردنی گەلی کورددا هەبووبێت، بێگومان ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانەش کە بوونەتە مەقاشی دەستی دەوڵەت و دەسەڵات کەمتر لەو تاوانانە نییە. ڕۆڵی هەرە زۆریان لەتێکدان و سەرنەگرتنی ئەم ویست و خەونانەی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. بەتایبەت ڕاستەوخۆ لەپێکنەهێنانی یەکێتی، یەکڕیزی و یەکدەنگی ماڵی کوردی بەرپرسیارن. لەبەرزبوونەوەی گرفتە

کۆمەڵایەتییەکان پشکی شێریان وەبەرکەوتووە. ڕێژەی خۆکوژی و کوشتنەکانیان زیاد کردووە.

٥ ـ ڕاگەیاندن لەشەڕی هیبریدیدا دۆخێکی وا دێنێتە ئاراوە کە هەرێم و ناوچەی مەبەست ناسەقامگیر، نائارام و نائەمن وێنا دەکات. ئەوەش شەڕی پسیکۆلۆژییە کە کاریگەری لەسەر ڕۆحیەی مرۆڤەکان دادەنێت. دەوڵەت و دەسەڵات لەم شەڕەدا هەموو دەرفەتی میدیا و ڕاگەیاندنیان سەفەربەر کردووە، تا شکستەکانیان کە لەگۆڕەپانێکی دیکەی شەڕدا گیرۆدەی بوون، پەردەپۆش بکەن. بەو شێوەیە لەگۆڕەپانی میدیا و ڕاگەیاندن سەرکەوتن مسۆگەر بکەن.

بۆ نموونە تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ و سەرجەم ئەو هێز و لایەنانەی کە هەڵگری ئایدۆلۆژی و فکری ڕێبەر ئاپۆن، ئامانجیان دەستەبەرکردنی سەقامگیری، ئارامی و ئاسایش لەکوردستان و ناوچەکەیە. واتە تێکۆشانی هەر گەریلا، شەڕوان، هێز و لایەنێکی سەر بەو فکرە لەپێناو چەسپاندنی ئەو ئامانجانەیە. بەڵام میدیا و ڕاگەیاندنی دەسەڵات و دەوڵەت و تەنانەت بەشێکی زۆر لەمیدیا کوردییەکان بە پێچەوانەی ئەو پسیکۆلۆژییەی لەکوردستان دروست بووە، کار دەکەن.

لەفکر و کردەوەی گەلی کورددا بزووتنەوەی ئاپۆیی بزووتنەوەی قارەمانی، گیانبازی، ئاشتی، ئارامی و ئاسایشە. چون گەریلا و شەڕوان لەچ گۆشەیەکی کوردستاندا تێکۆشان بکەن، لەو جێگەیەدا بوێری، هێز، باوەڕی، چارەسەری و ئارامی سەروەرە. بەڵام میدیاکانی دەسەڵات و دەوڵەتخوازەکان بە پڕوپاگەندەکانیان دەیانەوێت ئەو ڕاستییە چەواشە بکەن. هەبوونی پەکەکە و گەریلا بە سەرچاوەی ناسەقامگیری، نائارامی و نائەمنی لەعێراق و باشووری کوردستان و ڕۆژئاوای کوردستان و تەنانەت باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەقەڵەم

دەدا. واتە ڕاگەیاندنی ساختە دیوێکی دیکەی ڕاستییەکان نیشانی گەل دەدات. بەو ئامانجەی کە ڕاگەیاندنی ساختە ڕۆڵی گەورەی لە چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی بەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کورددا هەیە.

ئەو هێزانەی دژایەتی گەلی کورد و گەریلا دەکەن دەیانەوێت بە ڕاگەیاندن بەرخۆدانی گەلی کورد و گەریلا تێکبشکێنن. لەکاتێکدا هەر کەس شاهیدی ئەوەیە کە سەربازانی تورک، جەندرمە و چەتەکانیان لەڕۆژئاوا و باشوور نائارامی و نائەمنی دروست کردووە. بە پێچەوانەوە هۆکاری سەرەکی ناسەقامگیری ئاشتی و ئارامی لەکوردستان داگیرکەرانی کوردستانن. بەڵام لەگۆڕەپانی ڕاگەیەندندا ئەو هێزانە دۆخەکە بە دوور لەڕاستی وێنا دەکەن و ئەوەی کە مایەی سەقامگیری، ئارامی و ئاسایشە تۆمەتی بێ بنەما و هەڵەی دەخرێتە پاڵ و بەو بانگەشانەیان پاسەوانی بۆ هێزێکی داگیرکەر و تیرۆریست دەکەن.

تەنانەت کاتێک پەیامی مێژوویی سەدەی ڕێبەر ئاپۆ لەمیدیاکانەوە بڵاو کرایەوە. ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانە جارێکی دیکە هەڵمەتی ڕەش کردن، چەواشەکاری و بڵاوکردنەوەی درۆ و دەلەسەیان دەستپێکرد. تا بە ئەمڕۆش ئەو میدیایانە چاویان بە پێشکەوتن و سەرکەوتنی گەلی کورد لەهیچ بەشێکی کوردستان هەڵنایەت، بۆیە هەر جۆرە دژایەتی لەبەرامبەری دەکەن.

٦ـ لەشەڕی هیبریدیدا ڕاگەیاندن جیاواز لەکەرەستەی شەڕ و چەکوچۆل، ڕۆڵی لە کاولکاری زیهن، شیرازەی کۆمەڵگە، ڕۆحیە، باوەڕی و ئومێدی تاک و کۆمەڵگە هەیە. چون ڕاگەیاندن زیهنی تاک و کۆمەڵگە گومڕا و دەشێوێنێت. ڕێ و ڕێبازەکانی بێ ئەخلاقی و بێ بەرپرسیارێتی ناو کۆمەڵگە پەرە پێ دەدات. دیواری باوەڕی و هیوا لەق و دەڕوخێنێت. تاکێکی گەمژە پێدەگەیەنێت کە زیاترین زیان و هەڕەشەی بۆ کۆمەڵگە دەبێت. ئیرادەی ئازاد

تێکدەشکێنێت و تاکێکی بێ ئیرادە و گوێڕایەڵ و تەسلیم کراو پێدەگەیەنێت. تا بە هەموو شێوەیەک پاسەوانی دەسەڵات بێت و پاساو بۆ کردەوە چەپەڵەکانی دەسەڵات بێنێتەوە و رووپۆشیان لەسەر دابنێت. بە بێ گوێدان بە پرەنسیبە مرۆییەکان بەردەوام لەپۆزسیۆنی ستراتیژی هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردی ئازاد و تێکۆشەرەکانیەتی.

لەو لاشەوە راگەیاندن لۆژیک و فەلسەفەی تیرۆر و زەبر و زەنگ لەناو کۆمەڵگە بەربڵاو دەکات. واتا دەستەواژەی داتاشراوی دوژمنانی کورد دەرحەق بە شۆڕشگێڕانی کوردستان بڵاو دەکاتەوە. تەنانەت زیاتر لەدوژمنان ئەو دەستەواژانە بە کار دەبەن. تا لەزەینی تاک و کۆمەڵگەدا جێ بگرێت. ئەوە لەپێناو رەوایەت بەخشین بە داگیرکەری زیهن و ویست و داخوازی نەیاران لەکوردستانە کە ئەنجامی دەدات. واتە هێزێکی شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕ کە هیوا، ئیرادە و باوەڕی گەل و کۆمەڵگەیە، بە هێزێکی تیرۆر و زەبروزەنگ دەیناسێنێت.

٧ـ لەشەڕی میدیا و راگەیاندنی دەسەڵات و هێزە سیبەرەکانی هەوڵ دەدرێت کە لایەنی بەرامبەری شەڕ هەمیشە لاواز و بچووک وێنا بکرێت تا ئەو هێزە تێکبشکێت و بە چۆکدا بێت؛ چون دوژمن بە راگەیاندن هێزی خۆی زەبەلاح وێنا دەکات. تەنانەت بەو شێوەیە کە دەوڵەت براوەی هەموو شەڕ و یارییەکانە. لێرەدا شەڕی پسیکۆلۆژی لەبەرامبەر کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت. بۆ نموونە بەشی زۆر لەڕاگەیاندنەکان هەمیشە هێزی سەرکوتکار و داپڵۆسێنەری دەوڵەتی تورکیا و ئێران گەورە وێنا دەکەن و سیاسەتی پەخش و بڵاوکردنەوەیان لەخزمەتی ئەواندایە. واتە هیچ هێزێک توانای بەرگری لەبەرامبەر ئەو دەوڵەتانەی نییە.

کاتێک بزووتنەوەی ئاپۆیی بە بوێری و گیانبازی مەزنەوە بەرەنگاری ئەو داگیرکەرانە دەبنەوە، نەتەنیا گەلی کورد، بەڵکوو

جیهانی تووشی سەرسووڕمان کرد. واتە گەلی کورد هەمیشە بە تێکۆشانی بێ وچانی خۆی دەرفەتی خەبات و ژیانی خوڵقاندووە. پیلان و هێرشە پاکتاوکارییەکانی پووچەڵ کردوەتەوە. تەنانەت کاتێک گەریلا بەرپەرچی داعشی دایەوە و شەڕی داعشی کرد، گەلی کورد و مرۆڤایەتی هەموو هیواکانی خۆی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە هەڵچنی. ئەوەش وەک بوومەلەرزەیەک سەرجەم پیلان و پرۆژە پاکتاوکارییە میدیاییەکانی ئەوانی هەڵوەشاند. واتە ئەو تەڤگەرە سەلماندی کە گەلی کورد و تێکۆشەرانی خاوەن چ هێز و ئیرادەیەکی نەبەز و پۆڵایینە. بەڵام جارێکی دیکە زۆر لەمیدیاکان چاویان بەو گەورەیی و سەرکەوتنانەی گەلی کورد هەڵنەهات. ئەمجارەیان بە ڕێبازی چەواشەکارانەیان دەستیان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان کرد. سەرەڕای ئەوەش زۆر جار لەمیدیا و راگەیاندن ئەو بەرخۆدان و چالاکییە مێژووییانە بچووک و بێ نرخ لەقەڵەم دەدەن و لەبانگەشە و ورژاندنی راستییەکان خۆیان دەبوێرن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە خۆیان بە میدیای سەربەخۆ و بێ لایەن لەقەڵەم دەدەن!. واتە سەربەخۆیی و بێ لایەنی لەقازانجی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی دیارکەردایە.

هەڵبەت سەربەخۆیی و بێ لایەنی ئەو میدیایانە تەنیا بۆ پەردەپۆش کردنی چەواشەکارییەکانیانە. بۆ ئەوەی رووبەڕووی کاردانەوەی کۆمەڵگە نەبنەوە کە بۆچی چاوپۆشی لەورژاندنی راستییەکان دەکەن. زۆربەی ئەو میدیایانەی کە بڵندگۆی دەوڵەت و دەسەڵاتن لەژێر ئەو ناوەدا بەرهەم و دەستکەوتە مێژووییەکانی کۆمەڵگە بە بچووک لەقەڵەم دەدەن. ئەگەر دەستکەوتێک کە قوربانی گەورەی لەپێناودا درابێت، ئەوا خۆیان لەقەرەی نادەن. گۆشەگیری زانیاری لەو دۆخەدا پەیڕەو دەکەن. لەبنەڕەتدا لەشەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد ئەو رۆڵەی

کە بە میدیاکان سپێردراوە، گۆشەگیرکردن و شاردنەوەی ڕاستییەکان، چەواشەکاری و ناڕوون کردنیانە. بەو ڕێبازە دەیانەوێت هێزی خۆڕاگری، گیانبازی و تێکۆشەری گەلی کورد و بزووتنەوە ئازادیخوازەکەی بە چۆکدا بهێنن. ئەگەر میدیا و ڕاگەیاندنێک لەسەر ئەو چەمک و تێگەیشتنە پەخش و وەشان بکات، دەبێتە کەرەستەی شەڕی هیبریدی لەدەستی داگیرکەرانی کوردستان. هەڵبەت ئەو کەرەستانەش دەکرێ بەشێکی زۆریان فەرمی بن و بەشی دیکەش میدیای سێبەر و بێ ناسنامە بن.

٨ ـ گۆڕەپانی ڕاگەیاندنی ساختە، ئەو گۆڕەپانەیە کە بە بۆردومانی فکری و ئایدۆلۆژی تاک و کۆمەڵگە ناچار بە تەسلیمیەتی ڕەها دەکات؛ لەو شەڕەدا تاک و کۆمەڵگە لە چەکی هزری و ئایدۆلۆژی دادەماڵرێت. تاک و کۆمەڵگە لەمێژوو دادەبڕێت. کۆمەڵگە بێ پێشەنگ و بێ تێکۆشەری دەهێڵێت. ڕۆچنەکانی ژیانەوەی دادەمرکێنێت. لەم ئان و ساتەدا ئەگەر ڕاگەیاندن ئامانجی تەسیلم وەرگرتنی تاک و کۆمەڵگە بێت، ئەوا چەکێکی مەترسیدار و ترسناکە. کەوابێت مەترسیدارترین چەکی دەستی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوەکان لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. چون ئەم چەکە بە جێگەی کوشتنی جەستە، باوەڕی، ڕۆحیە و وزەی مرۆڤ دەکوژێ. مەرگی هەنگاو بە هەنگاوی گەل و کۆمەڵگەی تێدا بەڕێوە دەبردرێت.

شەڕی میدیا و ڕاگەیاندن، شەڕ و ململانێی لەبەرامبەر تاک و کۆمەڵگەیە. دەوڵەتە داگیرکەر و سەرکوتکارەکانی کوردستان بەو ڕێبازانەی شەڕ کە لەگۆڕەپانەکانی دیکەی شەڕدا ئەنجامی دەستەبەر نەکردووە و تەنانەت ڕووبەڕووی شکست و داڕمان بووەتەوە، بە گواستنەوەی شەڕ بۆ گۆڕەپانی میدیا و ڕاگەیاندن دەیەوێت بە شەڕی دەروونی، ڕۆحی، سیاسی، دیپلۆماسی،

ئابووری و کۆمەڵایەتی شکستەکانی پەردەپۆش بکات و بە پێچەوانەوە تاک و کۆمەڵگە ناچاری تەسیلمیەت بکات. واتە بە بوختان دروست کردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆ و بێ بنەما تاک و کۆمەڵگە تەنگەتاو دەکات. هەموو دەرفەتەکانی ژیان و پرۆژە و بەرنامەکانی لێ ئاڵۆز و دەشێوێنێت. گەمارۆی زانیاری بەسەردا دەسەپێنێت. شەڕی میدیایی و راگەیاندن لەدژی رادەگەیەنێت. هەموو گۆڕەپانەکانی میدیا لەدژی کارا دەکات. کار و خەباتە میدیایەکەی رووبەڕووی سانسۆر و چاودێری دەکات. لەزمانی ئەو هێزەوە گەلێک هەواڵ و زانیاری چەواشەکار بڵاو دەکاتەوە تا رووبەڕووی زەخت و گوشاری جەماوەری ببێتەوە.

## رۆڵی شەڕی تێکەڵاو لەبونیادنانی جیهانی مەجازیدا

لەم سەردەمەی پەیوەندی و راگەیاندندا، داهێنانی ئینتەرنێت وەرچەرخانێکی مێژوویی لەژیانی رۆژانەی مرۆڤدا هێنایە کایەوە. چەندێک دەرفەتی بۆ دەسەڵات رەخساند، بە هەمان ئەندازەش دەرفەتی بۆ گەلانی ئازادیخوازیش فەراهەم کرد. بە دامەزراندنی ئینتەرنێت ئیدی جیهان وەک گوندێکی بچووک بە ناو کرا. هەموو سنووری نێوان دەوڵەت – نەتەوەکانی وەلاوە نا. لەبەر بوونی دەرفەتی ئینتەرنێت لە چ جێگەیەکی جیهاندا، رووداوێک رووبدات لەهەمان ساتدا ئاگاداری و زانیاری دەرحەقی بڵاو دەبێتەوە و جیهانی لێ بە ئاگا دەبێت. ئەوەش هەنگاوێکی گرنگە تا مرۆڤ هەڵوێست و کاردانەوەی لەبەرامبەر ئەو رووداوە دیار بکات. بەڵام دەسەڵات بەو تاکتیک و رێبازانەی شەڕ لەم گۆڕەپانەدا پێشیخستووە، هەموو هەوڵێکی لەو پێناوەدایە کە ئاستی هەڵوێست و کارادانەوەکان دابەزێنێت. ئەگەر نارەزایەتی و هەڵوێستێکیش لەئارادابێت، لەبەرژەوەندی دەوڵەت و دەسەڵاتدا بشکێتەوە.

لەبەر ئەو پێشکەوتنانەی کە ئەمڕۆ درووست بوون، بەم

سەردەمەی کە تێیدا ژیان دەکەین بە سەردەمی ڕاگەیاندن بە ناو دەکرێت. بۆیە ڕاگەیاندن لەگۆڕەپانی چوارەمی شەڕەوە جێگەی خۆی بۆ گۆڕەپانی سەرەکی و دەستپێکی شەڕ گۆڕیوە و ئیدی بە بڕیارگەی شەڕ لەقەڵەم دەدرێت. لەو پێناوەدا شێوەیەکی نوێی ڕاگەیاندن بە ناوی دیجیتاڵ میدیا یان میدیای مەجازی دەرکەوتووە کە کاریگەری لەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە داناوە. چون هەموو ئامراز و شێوەکانی ڕاگەیاندن لەم سەردەمەدا بوونەتە یەک و لەمنداڵێکەوە تا تاکێکی بە ساڵاچوو بەم ئامرازە نوێیەی ڕاگەیاندنەوە پەلکێشی ناو شەڕ کراون. بۆیە ڕاگەیاندن بووەتە ئەو گۆڕەپانەی کە شەڕی دوو سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەگەڵ مۆدێرنیتەی دیموکراتیکی تێدا بەڕێوە دەچێت.

ڕاگەیاندن گۆڕەپانێکە کە خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤی تێدا بە نمایش دەدرێت. واتە هەر هێز و لایەنێکی سەر بە دەسەڵات هەوڵ دەدات کە مرۆڤ و کۆمەڵگە بە پێی ئایدۆلۆژی، پارادیگما، ستراتێژی، سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی خۆی شکڵ پێ بدات. ئەگەر ڕاگەیاندنی ئازاد و واقیعی ڕۆڵی شکڵ گرتنی زیهنیەت و پەروەردە کردنی تاک و کۆمەڵگەی بە ئەستۆ گرتبێت، دەتوانین بڵێین ڕاگەیاندنی ئازاد و دیموکراتیک، گۆڕەپانی پێگەیاندنی مرۆڤە. چاوی دانایی و ڕووناککەرەوەی زیهنی مرۆڤە. بەڵام داخۆ ئەو ڕاگەیاندنە ساختەی ئێستا لەئارادایە چ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕاگەیاندنی قۆناخی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ هەیە؟ ئەگەر ڕاگەیاندن ڕۆڵی لەسەرجەم شۆڕشە سەرەتاییەکانی مرۆڤ گێڕابێ، ئایا ئەمڕۆ لەسەر هەمان ڕێچکە و مێتۆد بەردەوامی بە ڕۆڵ و پێگەی مێژوویی خۆی دەدات؟ ڕۆڵ و پێگەی میدیا و ڕاگەیاندنی ئازاد لەبەرامبەر ئەو میدیا و ڕاگەیاندنەی دەسەڵات کە فۆڕمی ئیمپراتۆری دیجیتاڵی بە خۆوە گرتووە چی دەبێت؟

گەلان چۆن دەتوانن لەم گۆڕەپانەی شەڕ بەرگری رەوا پێش بخەن و بەرپەرچی هێرشەکان بدەنەوەو راگەیاندنی ئازاد جێگرەوەی راگەیاندنی ساختە و وەهمی بکەن؟

راگەیاندن دوو رۆڵ و ئامانجی سەرەکی هەیە یەکەم رۆڵی هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیرکردنی تاک کە ئامانج لێی بنیاتنانی تاک و دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و تەندروستە. دووهەمین رۆڵ هەڵخەڵەتاندنی تاک و چەواشەکاری رای گشتی و ئامانج لێی لەنێوچوونی تاک و دارمانی کۆمەڵگەیە کە سەرئەنجام دەبێتە کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست.

چەند رۆڵ و پێگەی میدیا و راگەیاندن لەشەڕی هیبریدیدا

لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا میدیا و راگەیاندنی ساختە خاوەن چەند رۆڵ و پێگەی تایبەت و بە کاریگەرن کە بریتین لە:

١ ـ لەشەڕی میدیا و راگەیاندندا ئاست، کاریگەری، پانتایی، رێژە و توندی زیان و لێکەوتەکانی ناو گەل و کۆمەڵگە لەڕادەبەدەرن.

٢ ـ لە شەڕی میدیا و راگەیاندندا رۆڵی تەکنیک و زانیاری باڵادەستە. شارەزایی، لێهاتوویی و پیشەیی بوون لەکاردا سەروەرە.

٣ ـ لەم گۆڕەپانەی شەڕدا رەنگدانەوە و کاریگەرییەکانی بە خێراییەکی زۆرەوە بڵاو دەبێتەوە. کاریگەرییەکانیشی لەسەر مرۆڤ فرەڕەهەند و فرەچەشنن.

٤ ـ لەم گۆڕەپانەی شەڕدا ئاڵوگۆڕەکان بە خێرایی روودەدەن. تەنانەت ئاڵوگۆڕ، ئان و سات و رۆژانە درووست دەبێت.

٥ ـ لەشەڕی راگەیاندندا بڕیارەکان زۆر بە خێرایی وەردەگیردرێن و بە هەمان خێراییشەوە دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

٦ـ بەو سیناریۆ، دیکۆمەنت و شووشەبەندانەی دایانناوە، تاک دەستکورتی خۆ دەکەن و کاریگەری لەسەر زیهن، کەسایەت و ژیان دادەنێن.

لەشەڕی تێکەڵاودا قورسایی شەڕ بە چڕی لە گۆڕەپانی میدیا و ڕاگەیاندن و دونیای مەجازی بەڕێوە دەچێت. چون دونیای مەجازی جیهانێکە کە لەڕێگەی کەرەستە تەکنۆلۆژییەکانی تەلەفۆن، ئایپاد و تابلێت و بەرنامە کۆمپیوتەرییەکانی لەپتۆپ و مەکینتاش و مەک تاک بە ڕێگەی بە کارهێنانی ئینتەرنێتەوە لەگەڵ جیهانی دوور و نزیک لەخۆی دەکەوێتە ناو پەیوەندییەوە. بەمشێوەیە تاک لە چ کات و زەمەنێکدا بیەوێت لەگەڵ کەسی پێویستدا پەیوەندی دادەنێت. واتە ئەم پەیوەندییە نە ڕاستەوخۆیە، بەڵکوو پەیوەندییەکی مەجازییە کە لەگەڵ شوێن و زەمەنێکی جیاواز لەنێوان دوو لایەن دەبەسترێت. بۆیە ئەم گۆڕەپانەی شەڕ ئەو هەستەی لەلای مرۆڤ ساز کردووە کە هەست بە جیاوازی نێوان جیهانی مەجازی و واقیعیدا نەکات. تایبەت تاک فۆڕمێکی ژیانی لەناو جیهانی مەجازی بۆ خۆی بونیاد ناوە. سیستەمی سەرمایەداریش تاکەکان هاندەدات کە بە کۆمەڵ ڕوو لەو جیهانە بکەن.

واتە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەداهێنان و پێشخستنی ئینتەرنێت و تۆڕەکانی دیجیتاڵ میدیا لەپیلانیدایە لەچوارچێوەی پرۆژەی شەڕی تایبەت و پسیکۆلۆژیدا، گرێدراوی نرخ و بەهاکانی مرۆڤ هەموو شتێک لەناو ببات. بۆیە ئەم سیستەمە لەڕۆژی ئەمڕۆدا هەموو ئامێرەکانی تەکنیک و تەکنۆلۆژیای سەردەم کە لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیدایە لەهەموو گۆشەو کەنارێکی جیهان بڵاو دەکاتەوە. بەو شێوەیە دەیانەوێت، مرۆڤێک بونیاد بنێن کە هێز و هۆشی بیرکردنەوەی

لەلا نەمێنێت. زەین، مێشک و کەسایەتی بێ هۆش و ئیفلیج دەکەن. واتە لەژێر پەردەی زانست و تەکنۆلۆژیای مۆدێرندا کۆیلەی مۆدێرن دروست دەکەن.

بە ئۆرگانەکانی میدیا و راگەیاندنی ساختە دونیایەکی ناواقیعی ـ مەجازی لەزیهنی مرۆڤەکان بەرجەستە دەکەن. هێزە دەسەڵاتخوازەکان بە گەشەدانی ئەو دونیایە هەژمونی خۆیان بە سەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنن. بەم رێگەیەوە ژیانی واقیعی بەرەو ژیانێکی مەجازی کە دونیای دەسەڵاتە دەگۆڕن. شەڕە مەترسیدار و کارەساتبارەکانی رژێم بە شێوەی مەجازی بە نمایش دەدەن، یان بە شێوەی مەجازی مرۆڤەکان پەلکێشی ناو شەڕ دەکەن. واتە رێگە نادەن کە کۆمەڵگە لەنزیکەوە لەمسی بکەن.

ئەو نمایشەش چون دابڕاو لەواقعیەتە، ئەخلاق و ویژدانی ناو کۆمەڵگە وێران و تەفروتونا دەکات. چون ژیانێک کە گەل بۆ خۆی لەبواری جەستەیی و زیهنییەوە تاقی نەکردبێتەوە، ژیانێکی ساختە، کۆپیکراو و فریودەرانەیە. واتە ناولێنانی جیهانی مەجازی ناتوانێت مرۆڤ لەو ژیانە وەهمی و خەیاڵییە رزگار بکات. بۆیە ئامێری میدیا و راگەیاندن تاوانباری سەرەکی لەئافراندنی دونیای مەجازی نیین. بەڵکوو سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوەکان بەرپرسیاری سەرەکی ئەو کەش و دۆخەن. بەتایبەت ئەو زیهنیەتەی کە ژیان و هەبوون لەکۆمەڵگە زەوت و زیهنی تاکەکان ئیفلیج دەکات، تا ژیان و کۆمەڵگەیەکی ساختە و دەستکردیان بەسەردا بسەپێنێت، بەرپرسیارە. لێرەدا رەخنەکان لەسەر ئەوەن کە تەکنۆلۆژیا یان ئامرازەکانی راگەیاندن لەکۆنترۆڵی مرۆڤ و کۆمەڵگە دەرکەوتوون. بۆیە لەشەڕی تێکەڵاودا بوونەتە مەترسیدارترین چەک و شێتانەترین تەکنۆلۆژیای سەردەم. هاوکات بووەتە گۆڕەپانی یەکەمی شەڕ

کە هەر جۆرە چەک و تەکنۆلۆژیای کۆنترۆڵ دار و بێ کۆنترۆڵی تێدا تاقی دەکرێتەوە.
سەردەمی شەڕی هیبریدی وای کردووە کە مرۆڤ ئیدی لەناو خودی ژیان و کۆمەڵگەی خۆیدا نەژی، بەڵکوو گیرۆدەی ژیان و کۆمەڵگەیەکی مەجازی بووە. واتە مرۆڤ لەکۆمەڵگەی خۆی دابڕاوە. ئەوەش سەردەمی مەرگی مرۆڤە. تەنیا مرۆڤی بە جەستەیە کە دابڕاو لەڕۆحە. بۆیە لەجیهان و کۆمەڵگەی خۆیدا ناژی. بەرجەستەترین دۆخی ژیانی ئەم کۆمەڵگەش ئەوەیە کە خۆی بچوێنێتە ژیانی کۆمەڵگەی مەجازی یان شاشەیی. واتە مرۆڤ بە لاساییکردنەوە خۆی بە هوشیار و تێگەیشتوو لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا ئەوە بە لووتکە گەیشتنی گەمژەیی و گومڕایی مرۆڤە. کۆمەڵگەیەک کە میدیا و ڕاگەیاندنی ساختە بونیادی دەنێت بە لاساییکردنەوە سواق دەدرێت. بۆیە ئەم کۆمەڵگە بە تەواوی لەدژی کرانەوە، پێشکەوتن و داهێنانە. واتە هەر تاکێکی ناو کۆمەڵگەی شووشەیی و وەهمی هەموو لەیەکدەچن. چون مرۆڤ کراوەتە ڕۆبۆت. ڕژێم بەم ژیانە وەهمی و ساختەیەی کە بە سەر گەل و کۆمەڵگەدا دەیسەپێنێت، دەیەوێت کۆمەڵگە لەناو گێلی و گەمژەیی غەرق بکات تا هەژمون و سەروەری خۆی بە سەر گەلدا سەروەر بکات.
ئامانج لەپەلکێش کردن و ڕاگرتنی تاکەکان لەم گۆڕەپانەی شەڕدا بۆ ئەوەیە کە کۆمەڵگە بە بەردەوامی لەژێر بۆردومانی چەک و تەکنۆلۆژیای جیهانی مەجازیدا بێت. کاتێک تاک و کۆمەڵگە لەو دۆخەدا گیر بکات، توانای بیرکردنەوەیان نامێنێت. چون لەم جیهانەدا دەرفەتی بیرکردنەوە لەمرۆڤ زەوت دەکرێت. واتە بۆردومانی زانیاری ئەوەندە فراوان و خێرایە کە مەجالی بیرکردنەوە بۆ مرۆڤ ناهێڵێت. ئەوەش ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی ون بوون لەجیهانی حەقیقی دەبێتەوە. دواتر مرۆڤ

ناچاری ون بوون لەڕاستی، لەناوچوونی شووناس و هەبوونەکەی دەکرێت. لەجیهانی مەجازیدا ئەو زیهنیەتەی لەلای مرۆڤ ساز دەبێ ئەوەیە کە جیهانی حەقیقی بۆ دونیایەکی کۆپیکراو، بچووک تەنگ و بەرتەسک دەکرێتەوە. واتە جیهانی مەجازی بە جیهانێک لەقەڵەم دەدرێت کە هەموو ویست و داخوازیەکانی مرۆڤی تێیدا دەستەبەر کراوە!. ئەمەش لەبنەڕەتدا ئەو واتایە دەگەیەنێت کە تاک توانای ئەوەی نامێنێت کە جیاوازی لەنێوان جیهانی واقیعی و مەجازی یان جیهانی رەسەن و کۆپیکراو لەیەک جیا بکاتەوە.

## کاریگەرییەکانی شەڕی تێکەڵاو لە گۆڕەپانی دیجیتاڵ میدیادا

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوە هەرێمی و جیهانیەکان لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا لە گۆڕەپانی میدیای مەجازی یان دیجیتاڵ میدیا شەڕێک لەدژی تاک و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن کە کاریگەرییەکانی ئەو شەڕە بریتین لە:

١ ـ لادان لەئامانجی راستەقینەی مرۆڤ دروست دەکات.

٢ ـ هەڵسوکەوتی راستەوخۆ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاک لەگەڵ تاک و کۆمەڵگەدا کەم دەکاتەوە.

٣ ـ داهێنەری و خوڵقێنەری لەکەسایەتییدا دەکوژێت.

٤ ـ مەترسی تووشبوونی خەمۆکی لەمرۆڤدا زیاد دەکات.

٥ ـ گەڕانی بێ ئامانج و بێ فکرانە لەمرۆڤدا دروست دەکات کە تاک دەرفەتی بیرکردنەوە و دیاریکردنی ئامانجی لە لا نەمێنێت.

٦ ـ لەو فەزایەدا وا لەمرۆڤەکان دەکات کە بە زۆری کاتیان بە فیڕۆ بڕوات.

٧ ـ بەردەوام هەڕەشە لە سەر سنووری تایبەتی تاکەکان دروست دەکات.

٨ ـ کەسایەتییە دیجیتاڵیەکان لەگەڵ کەسایەتی و ناسنامە

راستەقینەکان جیاوازە. بۆیە پەیوەندی و زانیارییەکان هەمیشە گوماناوین.

٩ ـ کەسەکان بە چڕی تووشی بێ خەوی دەکات.

١٠ ـ هەستی پێویستی بە ئاوڕدانەوە لەتاکدا زیاد دەکات.

١١ ـ تاک گۆشەگیر و کەم قسە دەهێڵێت.

١٢ ـ تاکێکی خەیاڵی و پووچگەرا بەرهەم دێنێت.

١٣ ـ پڕوپاگەندەی ناو تۆڕە مەجازییەکان زیهنی مرۆڤ لەکاتی خەریک بوون بەشتی گرنگەوە پەرت دەکەن.

**تەقینەوەی میدیا و ڕاگەیاندن لەشەڕی تێکەڵاودا**

لەو پێناوەدا سەردەمێک کە بە شەڕی جیهانی سێهەم پێناسە دەکرێت، سەردەمی تەقینەوەی شۆڕشی میدیا و زانیارییە. شۆڕشێکە کە بێداری سەرتاسەری لەکۆمەڵگەی مرۆڤدا دروست کردووە. وەرچەرخانێکی لەناو تاک و کۆمەڵگە هێناوەتە ئاراوە. بەڵام سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەتدارەکان هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ تا ئەو شۆڕشە قۆرخ و زەوت بکەن. لەم دوو دەیەی دواییدا بە چڕی شاهیدی کاریگەرییەکانی ئەو تەقینەوەی میدیا و تۆڕە مەجازییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و تایبەت وڵاتانی عەرەبی بووین کە بەهاری گەلانی لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی بەدوای خۆی هێناو لێکەوتەو کاریگەرییەکانیشی تا بە ئەمڕۆ بەردەوامن.

ئەو تەقینەوەی میدیا و ڕاگەیاندن بووە هۆکار کە پایەکانی دەوڵەت – نەتەوە هەرێمیەکان هەڵتەکێنێت و گیرۆدەی بوومەلەرزەیەکی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییان بکات. هەڵبەت گەلانی ناوچەکە و بەتایبەت جوانان و ژنان زیاتر لەهەر پێکهاتەیەک کەڵکیان لەم ئامووڕەی شەڕ لەدژی دەسەڵات وەرگرت و بۆ گەیشتن بە مافەکانیان شۆڕشی گەلانیان

لەگۆڕەپانی میدیای مەجازی ڕاگەیاند. پریشکی ئەو شۆڕشەش درزی ناوخۆی ئێرانی کرد و چەخماخەکەی لەشاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خاوەندارێتی لەمەرگی ژینا ئەمینی[1] بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» لێدرا. ئەو دروشمە بە خێراییەکی زۆر سەرتاپای ئێرانی تەنییەوە و لەکورت خایەندا ئەم دروشمە بووە مەشخەڵی ڕووناککەرەوەی شۆڕشی گەلانی ئێران و جیهان. بۆیە تۆڕە مەجازییەکان بە ڕەنگ و ئاڵای ژنانە و فەلسەفەی شۆڕشی ژن تا چوو فراوان بوو. واتە جوانان و ژنان بە خێراییەکی زۆر توانییان لەم گۆڕەپانەی شەڕ خۆ بەڕێکخستن بکەن و دەستپێشخەری شەڕ بە دەست بگرن و پسیکۆلۆژی بەرپرسانی ئێرانیان شڵەژاند. بۆیە چ کاتێک میدیا و ڕاگەیاندن لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن کۆمەڵگەی دیموکراتیکەوە بە کار ببردرێت، لەدیموکراتیزەکردنی ئێران و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت.

## دەوڵەت ـ نەتەوەی ئێران و تورکیا هەژمونگەرایی ئایدئۆلۆژی

١. کچە کوردێکی تەمەن ٢١ساڵانی خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە کە لە ٢٢ی خەرمانانی ساڵی ١٤٠١ دوای دەستبەسەر کردنی لەلایەن پۆلیسی ئاسایشی ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی ئێران ناسراو بە دەوریەی ئێرشاد لە تاران، لەبەر بێ حیجابی دەستگیر دەکرێت و لەبەر ئەشکەنجە و لێدان تووشی شکانی کەللەسەر و مردنی مێشک بووەتەوە. ناوبراو دوای سێ ڕۆژ، لە ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١ لەنەخۆشخانەی کەسرا لەتاران بە هۆی سەختی برینەکانیەوە شەهید بووە. لە کاتی ناشتنی تەرمەکەی لە گۆڕستانی شاری سەقز بە دروشمی «ژن ژیان ئازادی» خاوەندارێتی لێکراوە و ئەو دروشمە بە خێرایی لەشاری سنە، تاران و ... هتد بڵاو بووەتەوە و نارەزایەتییەکان بە بەرفراوانی لەناوچە جیاوازەکانی ئێران و جیهاندا بڵاو بووەتەوە. شەهیدکردنی ژینا ڕێگەی خۆشکرد بۆ گەورەترین ڕاپەڕینی سەرتاسەری گەلانی ئێران لەدژی ڕژێمی ئێران کە بە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ناسراوە و تا بە ئەمڕۆش ئەو شۆڕش بەردەوامە. ساڵی ٢٠٢٣، جایزەی ساخارۆف لەپەڕلەمانی ئەوروپا بە ژینا ئەمینی و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بەخشراوە و خەڵاتەکە لەلایەن پارێزەرەکەیەوە ساڵح نیکبەخت وەرگیراوە.

خۆیان لەرێگەی دواترین شۆڕشی میدیا و راگەیاندنەوە واتە لەرێگەی ئەم شەڕە میدیایە و دام و دەزگاکانی گەیاندنەوە لەسەر هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن و چەواشەکارییەکی مەزن لەسەر ئەو ئامرازە پێشکەوتنەی کۆمەڵگە دروست دەکەن. لەم شەڕە میدیایەدا کولتووری کۆمەڵگە داگیر دەکەن. کۆمەڵگە بێکاردانەوە دەهێڵن و بەو سیاسەت و پیلانەی لەسەری پەیڕەو دەکرێت رایدێنن. ئەم شەڕەش بێگومان لەداگیرکەرییە سەربازی و ئابووریەکان چڕتر و بەرینترە و بە شێوەیەکی نەرم و هەنگاو بە هەنگاو بە ئامانجی قڕکردنی کۆمەڵگە و کۆمەڵگەکوژی بەڕێوە دەبرێت. چون پێناسەی ئەوەمان کردبوو کە شەڕی هیبریدی شەڕێکی هەمەلایەنەی دەوڵەت و دەسەڵات لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە کە سێ گۆشەی بوون، ناسنامە و ئازادی گەلان و کۆمەڵگەیان کردوەتە ئامانج و بە سوپای میدیایی و راگەیاندن زیاترین زەبر و گورز لەراستینەی کۆمەڵگە دەوەشێنن.

## چەند پێناسەیەکی میدیا و راگەیاندن لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا

به پێی واتا، ریزبەندی و گرنگی بابەتەکە چەند پێناسەیەک لەسەر میدیا و راگەیاندن دەکەین کە ئەمڕۆ هێز و لایەنە شەڕانگێزەکان لەشەڕی هیبریدیدا لەدژی تاک و کۆمەڵگە بە کاری دەبەن بریتین لە:

١ ـ لەبنەڕەتدا شەڕی میدیا و راگەیاندن شەڕی هیبریدییە کە هەموو قوڕاڵ، پرەنسیب و یاسا و رێساکانی شەڕ تێیدا پێشێل دەکرێت.

٢ ـ شەڕی تەکنولۆژییا و شەڕی زانیارییە کە تێیدا شەڕی هزر، مێشک، شارستانی و پارادیگما بۆ تواندنەوە و لەباربردنی کولتوور و رۆحیەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت.

٣. کاریگەرترین ئامرازی شەڕ لەدژی تاک و کۆمەڵگەیە، هاوکات بەرفراوانترین گۆڕەپان بۆ تێکۆشان و خەباتی گەلان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافەکانیانە.
٤ ـ ئامرازی بڵاوکردنەوەی چەمکی تیرۆر و تیرۆریزمە. بۆیە بووەتە ئافەتی لەباربردنی یەکسانی، دادپەروەری، ئازادی و دیموکراسی.
٥ ـ ئامرازی پەردەپۆش کردن و شاردنەوەی تیرۆری دەوڵەتییە. بۆیە کراوەتە چیمەنتووی گرساندن و لەسەر پێ هێشتنەوەی دەوڵەت و دەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا.
٦ ـ ئامرازی فریودان و شێواندنی شیرازەی کۆمەڵگەیە. لەم شەڕەدا راستی دەکرێتە درۆ و درۆش دەکرێتە راستی. درۆ چەندێک گەورە بێت، باوەڕکردنی بۆ گەل زۆر راحەتترە. واتە لەسەر ئەم روانگەیە درێژە بەو شەڕە دەدەن. درۆیەک کە بەردەوام دەگوترێتەوە، ئەو کاتە بنەمای راستی هەیە. سیاسەتی پەخش و بڵاوکردنەوەی میدیا و راگەیاندنی مەجازیش بەو پێیە دادەگرن.
٧ ـ دەزگای حوکمڕانی سەر کۆمەڵگەیە. تایبەت ئەو دەزگایەیە کە دەوڵەت و دەسەڵات شەڕی هەمە لایەنەیان لەدژی گەل و کۆمەڵگە تێیدا راگەیاندووە.
٨ ـ ئامرازێکە کە قڕکردنی کۆمەڵگەی لەسەر پەیڕەو دەکرێت. بۆیە کراوەتە مەکینەی هاڕینی باوەڕی و ئیرادەی ئازادی گەلان.
٩ ـ ئەو ئامرازەیە کە زیاترین رۆڵی لەوێرانکردن و کاولکاری زیهن و ویژداندا هەیەو ئاراستەی کۆمەڵگە دەگۆڕێت و نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان دەشێوێنێت و دزە دەکاتە ناو وردترین شانە و مەمیلەکانی کۆمەڵگە.
١٠ ـ گۆڕەپانێکە کە هەناسە لەکۆمەڵگە دەبڕێت و کۆمەڵگە لەشووناسی خۆی نامۆ دەکات. تا توانای پاراستن و جێبەجێکردنی

هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی و مرۆیی نەمێنێت.
١١ ـ کاریگەرترین ئامرازی مۆدێرنیزمە لەپێناو شووشتنەوەی دڵ و مێشکی مرۆڤ تا کۆمەڵگا بێ رفلێکس (بێ کاردانەوە) و خومار بکات.
١٢ ـ فاکتەرێکی سەرەکی هێزی ستراتێژی ئایدۆلۆژییە.
١٣ ـ ئامرازی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنە.
١٤ـ میدیا و راگەیاندن گۆڕەپانی ئەو شەڕەیە کە ئیرادە، مۆڕاڵ، رۆح و هەستی کۆمەڵگە بە ئامانج دەگرێت و وزەو توانای مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا لەبار دەبات.
١٥ ـ گۆڕەپانێکی شەڕە کە تەنیا جەستە بەند ناکات، بەڵکوو بۆ بەندکردن و فەتح کردنی عەقڵ و مێشکی مرۆڤ کار دەکات.
١٦ ـ گۆڕەپانێکە کە مرۆڤ و مێشکی لە چوارچێوە و قاڵبی شاشەدا قەتیس دەکات و دونیای حەقیقی بە شێوەی شاشە دەشێوێنێ.
بە پێی ناوەڕۆک و گەوهەرەی ئەو پێناسانەی سەرەوە میدیا و راگەیاندن بە کاریگەرترین و بەرفراوانترین ئامرازی دەوڵەتەکان بۆ شۆردنەوە و داگیرکردنی زەین، هەست و نەستی تاک و کۆمەڵگە بە کار دەبرێت. تایبەت چەکێکە کە بۆردومانەکانی لەپێناو مرۆڤ کوژی، ژن کوژی و کۆمەڵگەکوژیدا لەکۆمەڵکوژییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووهەم زۆر زیاترە. واتە ئەو ناوەندەیە کە رۆڵی سەرەکی لەبونیادنانی تاکی کۆیلە، ناوبەتاڵ، گەمژە، سیخوڕ و گوێڕایەڵ و فێڵباز و چەواشەکار بە کار دەبرێت. چون رێوەبەرانی ئەم ناوەندە هەر بەرهەم و داتایەک بڵاو دەکەنەوە، فووی تێدەکەن، هەمەڕەنگ پیشانی دەدەن و بە رواڵەتێکی جوان و ناوەڕۆکێکی ناوبەتاڵ دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدەن. لەکاتێکدا تەنیا دیمەنێکی میدیایە و بە مەبەستی پڕوپاگەندەی رەها بە کار دەبرێت.

چۆنێتی بەکارهێنانی میدیا و چاپەمەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەو سیناریۆ و بەرنامانەی کە لەدژی تاک و کۆمەڵگە دایانڕشتووە ئامادەی دەکەن و بەڕێوەی دەبەن تا کۆمەڵگە گیرۆدەی چەوسانەوەیەکی بێسنوور و کۆیلایەتی ڕەها بکەن. چون بەڕێوەبردن، کۆنترۆڵ کردن و فەتحکردنی کۆمەڵگە لەڕۆژی ئەمڕۆدا بۆ ناوەندەکانی دەسەڵات زۆر زەحمەت بووە. بۆیە دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا بەشێوەیەکی سەیروسەمەر دامەزراون و بەربڵاو دەبن. تا کۆمەڵگەی ناواقیعی و مەجازی بە کۆمەڵگەیەکی ڕاستی و واقیعییانە بە نمایش بدەن. لەو پێناوەدا بەردەوام کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی بێ بەرهەم، تیرۆریست و ئاژاوەگێڕ پێناسە دەکەن، تا بەردەوام کۆمەڵگە لەپێشکەوتن و نرخ و بەها مرۆییەکان پەراوێز بخەن و کورد لەدەرەوەی ڕۆژەڤ و پێشکەوتنەکانی سەردەم بهێڵنەوە.

بەتایبەت ئەو شەڕەی کە ئەمڕۆ بە ڕێگەی شاشەی میدیاکانەوە لەدژی ژنان و گەنجان بەڕێوە دەبردرێت، سەد هێندەی شەڕی کلاسیک و پەلاماری سەربازی سوپاکان زیاتر هاوکار و ڕێگەخۆشکەرە بۆ بە چۆکداهێنان و بەستنەوە بە سیستەمی زاڵ و ناوبەتاڵ کردنی گەوهەرەی ژنان و جوانان. ئەوەش بە پێچەوانەی ڕۆڵی سەرەکی ژن لەم گۆڕەپانەدایە. چون ژن بۆ خۆی داهێنەری گەیاندن و ڕاگەیاندن بووە. بەڵام لەم شەڕەدا ڕۆڵ و پێگەی لێ زەوت کراوە.

هەر یەک لەهێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بە ڕێگەی پاکێجە ریکلامیەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکانەوە دەیانەوێت تاک بە تاکی هاوڵاتیانی کورد گومڕا و ئاڵوودەی دەسەڵات بکەن و تاکێکی زایەندپەرست پێبگەیەنن. لەهەمان کاتدا نمایش دانی ژن لەجامخانەکانی میدیا و ڕاگەیاندنەوە بە ئامانجی ملکەچکردن و ئاڵوودەکردنی ژن بە سیستەمی مۆدێرنیتەی

سەرمایەدارییە. چون لەشووشەبەندەکانی شەڕی تێکەڵاودا ژن وەک کەرەستەیەکی ریکلام بە کار دەبرێت و جیا لەکاڵایەک کە بازرگانی پێدەکرێت، رۆڵ و پێگەیەکی ئەوتۆی نییە.

لەبەر ئەوەی میدیا و راگەیاندنی چەواشەکار بە زیهنیەتی پیاوسالاری و زایەندپەرستی رازێندراوەتەوە، گۆڕەپانی بە کاریگەر و چالاکی پیاوە. لەو لاشەوە گۆڕەپانی بێهۆشکەر و مەیدانی ئارێنای ژنانە. بۆیە ئەو زیهنیەتە بە رێگەی کامپینە جۆراوجۆرەکان و هەڵمەتە ریکلامییەکانی راگەیاندن و میدیاکانەوە تاک بە تاکی کۆمەڵگەی گیرۆدەی زایەندپەرستی کردووە. هەڵبەت رژێم لەم گۆڕەپانەی شەڕدا هەر کەس بە کار دەبات. تایبەت ژن کراوەتە بەهێزترین و گرنگترین بابەتی گەرماوگەرمی زایەندی. ئەوەش وەک چارەنووسێک پێی مەحکووم کراوە. واتە مەحکوومی زیهنییەتێکە کە بۆ ئەوەی نرخ و بایەخی هەبێت، هەر پارچەیەک لەجەستەی لەشووشەبەندی میدیای ساختەوە بورژێنێت. تایبەت گۆڕەپانێکە کە ژنی تێدا رووت و قووت دەکرێت. هەڵبەت ئەوەش لەدەرەوەی ئیرادەی ژن بە سەریدا فەرز دەکرێت. چون ژن وەک بارمتەیەک لەشەڕی هیبریدیدا بە کار دەبرێت. دیلێکی ئەو شەڕەیە کە باڵادەستی پیاو پیشەسازی سێکسی پێ ئەنجام دەدات. ئەوەش رەوشێکی ناخ هەژێن و بە ئێش و کارەساتبارە. چون ئەو دۆخەی ژنی تێدا بەند کراوە لەژێر ناوی ئازادی و تەقینەوەی میدیا و راگەیاندن رەوایەتی پێ دەدرێت.

لەگۆڕەپانی میدیا و راگەیاندا سێکوچکەی هونەر، سێکس و سپۆر«وەرزش» لەلایەن رژێمەوە فوویان تێدەکرێت. بەو فۆڕمە فووتێکراوەیە پێشکەشی کۆمەڵگە دەکرێن. واتە هەر یەک لەو گۆڕەپانانە بۆ خۆی لەسەر زیهنیەتی کۆمەڵگە کار دەکەن. سۆز و هەستی کۆمەڵگەیان پێ رادەکێشرێت. وەک چەکێک کۆمەڵگەی

پێ سڕ، ئیفلیج، سەرخۆش و زامدار دەکەن. هەموو جۆرەکانی شەڕی تایبەتی پێ بەڕێوە دەبەن.

میدیا و راگەیاندنی کوردی بە کرێگیراو لەکوردستان بە زۆری رۆڵی ئامرازەکانی شەڕی دەروونییان لەدژی گەل و کۆمەڵگە پێ سپێردراوە. ئۆرگانەکانی سەر بەم دەزگایانە ئەو سێکوچکەیە لەقازانجی سیاسەتەکانی داگیرکەرانی کوردستان بە کار دەبەن. بانگەشە وەرزشی و هونەرییەکانیان لەپێناو جێبەجێ کردنی ئامانجی ستراتیژی داگیرکەران بە کار هێناوە. هاوتەریبی ئەم دەزگایانە چەندین لق و ناوەندی دیکەی وەرزشی و هونەری یان دامەزارندووە کە خزمەتی هەمان ئامانج دەکات. مەترسیدارترین هەنگاو لەو پێناوەدا مەزن کردنی جووڵە و دەرفەت پێدان بە سەلەفییە توندڕەوەکان لەکوردستان و رێکخراوەی بەسیجی سەر بە رژێمە.

ئامانجی سەرەکی میدیا و راگەیاندن و کۆی دەزگا و ناوەندەکانی سەر بە رژێم، پتەوکردنی پێگەی دەسەڵاتداری رژێم و بونیادنانی کۆمەڵگەی مەجازی و وەهمییە. بە رێگەی ئەم رێکخراوانەوە بەرگێک بە جەستەی کۆمەڵگەی دیموکراتیکدا دەپۆشێت کە بە رواڵەت کۆمەڵگەی ناواقیعی و مەجازییە. چون رێکخراوەی بەسیج و ئەو گرووپە سەلەفییە توندڕەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بە تێکۆشانی ئازادیخوازی گەلی کوردەوە نییە. بەڵام بە ئامانجی لاوازکردن و تواندنەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتی رژێمەوە پاڵپشتی دەکرێن.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا رژێمی شەڕی تایبەتی ئێران بە ئامانجی لەناوبردنی هەبوونی کورد و ئازادییەکانیان بە شێوەیەکی بەهێز شەڕی میدیایی و راگەیاندن لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن. لەبنەڕەتدا ئەوەش بەردەوامی سیاسەتی

پاکتاوکاری گەلی کورد و ئازادییەکانیەتی. واتە لەشەڕی میدیاییدا ڕژێم لەناوبردنی هۆشیاری گەل و دام و دەزگا مەدەنییەکانی کردوەتە ئامانج. تایبەت جینۆسایدی کولتووری لەدژی گەلی کورد پەیڕەو دەکات.

ڕژێم لەشەڕی تێکەڵاودا دەیەوێت بە ڕێگەی قڕکردنی کولتووری و سیاسی هەنگاو بە هەنگاو کورد لەدۆخی نەتەوە بوون دەربخات. چون زیاتر لەسەدەیەکە کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەناو مەنگەنەی یەک وڵاتی، دەوڵەت - نەتەوەی ڕژێم توێنراوەتەوە. بۆیە گەلی کورد بەناو مێژووی تواندنەوە و کۆمەڵکوژیدا گوزەری کردووە. دیسان لەم سەردەمەی شەڕی تێکەڵاودا حەقدەستی گەلی کورد بێکاری، هەژاری و ئاوارەییە. زەوتکردنی دەرفەتی ژیان و ئازادییەکانیەتی. بێ ناوەڕۆک کردن و ناوبەتاڵ کردنی مێژووی تێکۆشانیەتی. پەرتەوازەکردن و بەربڵاوکردنی راستینە کۆمەڵایەتییەکەیەتی.

چەکی میدیا و راگەیاندن رۆژانە بە تۆپباران و بۆردومانی بیست و چوار کاتژمێری بە بۆمبەکانی میللیگەرایی، زانستگەرایی، رەگەزگەرایی، ئایینگەرایی و هەژموونگەرایی بە ڕێگەی گۆڕەپانەکانی وەرزش، سێکس و هونەر کۆمەڵگە بۆردومان دەکەن. ئەم گۆڕەپانە لەکورتخایەندا دەتوانێت زیاترین کاریگەری لەسەر بۆچوون، روانگە و ژیانی کۆمەڵگا دابنێت، بەتایبەت زیاترین کاریگەری لەسەر لاوازکردن و تێکشکاندنی بەرخۆدانی کۆمەڵگە هەیە، بۆیە زیاترین سەرمایەگوزاری تێدا دەکرێت و هەوڵ دەدرێت کۆمەڵگەیەکی وەهمی و ناواقیعی دروست بکەن و کۆمەڵگە لەناوەڕۆکی خۆی بێ واتا و ناوبەتاڵ بکەن و کۆمەڵگەی میدیاتیک یان خۆنواندن و چەواشەکار بونیاد بنێن.

بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەجازی بە ڕێگەی میدیا و راگەیاندنەوە بە جێگەی کۆمەڵگەی راستەقینە زیاتر لە سەدەیەکە

لەئێران دەستیپێکردووە. ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ شۆڕشی میدیا و زانیاری کە رژێم لەقازانجی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت. بۆیە رژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە بۆردومانی میدیایی و زانیاری بەڕێوە دەبات. واتە نزیکەی نیو سەدەیە رژێم بە رێگەی ئەم شۆڕشە میدیاییەوە هەوڵی داوە کە حوکمڕانی سەر کۆمەڵگە بکات. بۆیە بە رێگەی میدیاوە دەیەوێت کۆمەڵگەی خەیاڵی و کۆپیکراوی ساختە بکاتە جێگرەوەی کۆمەڵگەی راستەقینەی گەلان. ئەوەش گەورەترین تاوانی رژێم دەرحەقی گەلانە کە قڕکردنی کۆمەڵگەی لەسەر پێشدەخات.

## ئامانجە بنەڕەتییەکانی پڕوپاگەندەی میدیا و راگەیاندن

دوو ئامانجی بنەڕەتی پڕوپاگەندەی میدیایی و زانیاری تۆڕەکانی دەسەڵات لەدژی کۆمەڵگە بریتییە لە؛

١ ـ بونیادنانی دونیایەکی ناواقیعی ـ مەجازی یا ساختە بە جێگەی کۆمەڵگەیەکی راستەقینە. ئەوەش وا دەکات کە تاک کولتوور و شووناسی کۆمەڵگەی خۆی بچووک لەقەڵەم بدات و شەیدای کۆمەڵگەی مەجازی یا دەسەڵات بێت. بۆیە ئەو پڕوپاگەندەیە تاکێک بەرهەم دەهێنێت کە لەناو خەیاڵ و دونیای ساختەدا بژی و لەڕیشەی کۆمەڵایەتی خۆی داببڕێت. ئەو دیمەنەی کە ئەمڕۆ لەتۆڕە مەجازییەکاندا شاهیدین، ئەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە کە مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ویستوویە بە رێگەی زیادبوونی ئامرازەکانی راگەیاندنەوە کۆمەڵگە پەلکێشی دونیایەکی ناواقیعی بکات. تا ئامانجی قڕکردنی کۆمەڵگە بە بێ شەڕ و خوێنڕشتن بە دی بێنێت.

٢ ـ دروست کردنی ژیانێکی وەهمی بۆ تاکەکان تا لەدونیای واقیع دایانببڕێنێت و غەرقی ژیانی ساختەیان بکات. ئەوەش دارمانی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بە دوای خۆی دێنێت. ئەم

ڕێبازەش تیپێکی ناو کۆمەڵگە پێدەگەیەنێت کە چێژ لەژیانی حەقیقی وەرنەگرێت. بەڵکوو بە ژیانی بریقەدار و ساختە چێژ وەردەگرێت. بۆیە هەمیشە بە خەیاڵ ناو ئەو ژیانە وەهمیەدا پەلەقاژە دەکات و لەکردەوەشدا ڕەفتارەکانی زیان بە ژیانی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە دەگەیەنێت.

بۆیە ڕاگەیاندن و میدیا ئەمڕۆ وەک مەترسیدارترین چەک لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبرێت. چون میدیا و ڕاگەیاندن لەکۆنترۆڵی کۆمەڵگە دەرکەوتووە و دەسەڵات بە ئامانجی کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵگە بە کاری دەبات. تایبەت ژیانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگەی کۆنترۆڵ کردووە. میدیای ساختە بووەتە ئەو قەفەسە ئاسنینەی کە کۆمەڵگەی لەناو جیهانی مەجازیدا بەند کردووە. ڕێبەر ئاپۆ سەردەمی میدیا و گەیاندن بە سەردەمی جیهانگیری پێناسە دەکات. چون بە پێی ئەو پێناسەیە میدیا تەواوی ژیانی سیاسی و ئابووری کۆمەڵگەی خستوەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی و لەبواری زیهن و سۆزەوە کۆمەڵگاکان ئاراستە دەکات.

ڕێبەر ئاپۆ پێناسەیەکی گرنگ سەبارەت بە میدیا و ڕاگەیاندن دەکات و دەڵێت: **«میدیا کاریگەرترین ئامرازی مۆدێرنیزمە بۆ شووشتنەوەی دڵ و مێشکی مرۆڤ. ئەم ئامێرە یان ئامرازە لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژییاکانی گەیاندنەوە ئاسانکارییەکی مەزن پێشکەشی دەوڵەت ـ نەتەوە دەکات بۆ پێگەیاندنی ئەو هاووڵاتییەی مەبەستیەتی. بە تایبەتییش سێکس، وەرزش و هونەر فوویان تێدەکرێت و پۆپۆلیزە دەکرێن؛ بەم جۆرەش، لە ناوەڕۆکی خۆیان خاڵی دەکرێنەوە و پێشکەش بە کۆمەڵگە دەکرێن، لەم چوارچێوەیەشدا میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە ئاواکردنی هاووڵاتییەکی گەمژە، پووچ و سڕکراودا».**

لەسەردەمی دەوڵەتی دیجیتاڵی و زیرەک کە دەرفەتەکانی بۆ شەڕی هەواڵگری زیاتر خۆش کردووە، ئەو ئیمکان دەدات کە دەوڵەت ئاسانتر تاکەکان کۆنترۆڵ بکات و بە لاڕێدا ببات. لێرەدا دۆخەکە ئەوە بە سەر هەر تاکێکی ئازادیخواز فەرز دەکات کە بایەخ و گرنگی زیاتر بدات بە ئاسایش و پارێزراوی لە ئامێرە دیجیتاڵییەکان. چون بەرفراوانی تەکنۆلۆجیا و زاڵ بوونی ئینتەرنێت بەسەر ژیان و کار و چالاکییەکانی مرۆڤ فۆرمێکی نوێی ژیانی هێناوەتە ئاراوە کە ژیان بە بێ تەلەفۆن و تۆڕەمەجازییەکان مومکین نابێت. واتە لێرەدا ئەو ناوەندە هەواڵگرییانە دەرفەتی ئەوەیان بۆ زیاتر خۆش دەبێت کە بە خێراییەکی کەمەوە زانیارییە حەساس و شەخسییەکانی تاکەکان بە دەستبهێنن و لەداگیرکردنی زیهن و دەستگیرکردنی جەستەی کەسەکان کاتی زیاتر قازانج بکەن. ئەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەیەی تۆڕە مەجازییەکان، کامێرا و تەلەفۆن کە رژێم بۆ کۆمەڵگەی داناوە، ئامانجی ئەوەیە کە لەشەڕی تێکەڵاودا سەروەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە هەبێت و لەجێدا چ شتێک هەڕەشەی لەسەر دروست بکات، پووچەڵی بکاتەوە.

میدیا و راگەیاندن لەشەڕی سەردەمدا رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. لەبنەڕەتدا شەڕی میدیا و راگەیاندن شەڕی هیبریدییە. چون ئامێرێکە کە بە بەردەوامی دەتوانێت لەسەر بۆچوون و روانگەی کۆمەڵگا کاریگەری دابنێت. بۆیە دەوڵەتانی هەژمونگەرای جیهانی و تایبەت تورکیا و ئێران ئەم ئاموورە بە چڕی لەدژی گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە بە کار دەبەن و پڕوپاگەندەی دەروونی لەدژی گەلی کورد تێدا ئەنجام دەدەن. بۆ نمونە بێ ناوبەر پڕوپاگەندەی دەروونی لەدژی گەلی کوردی تێدا دەکەن. زیاتر بۆ رەش کردنی تێکۆشانی مافداری گەلی کورد میدیایان

سەفەر بەر کردووە. هەموو کەناڵە میدیایەکانیان خستوەتە ژێر خزمەتی ئەم پیلانە چەپەڵە. یان لەئاژانسی هەواڵدەری تا کەناڵی تی ڤی، رۆژنامە، گۆڤار، تۆڕە مەجازییەکان، دراما، سینەما و کارناسی سیاسی و لەشکەری هەموو بە یەکدەنگ دژایەتی تەڤگەری ئازادی کوردستان و گەلی کورد دەکەن. هەموو دڕندەیی و هۆڤییەتی ئەو شەڕە بە میدیای چەواشەکار پەردەپۆش دەکەن و کردەوە دژە مرۆییەکانیان دەخەنە خانەی بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە.

تورکیا بە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی زنجیرە فیلم و دراماکانیەوە لەمیدیا و راگەیاندنەوە هەوڵی داوە شیرازەی کۆمەڵگە بشێوێنێت و کۆمەڵگە گیرۆدەی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی نامۆ کە بە دوور لەپێوەرە مرۆییەکانە بکات. واتە بە ریگەی ئامرازی میدیاوە زیهنیەتی تاک و کۆمەڵگە، کولتوور، فۆڕمی ژیان و رەوشتی کۆمەڵگە بە ئامانج دەگرێت. ئەم رێبازەش تەواوکەری هێرشە پاکتاوکارییەکانیەتی کە لەدژی تاکی کورد بڵاوی دەکاتەوە.

**تورکیا لەم گۆڕەپانەی شەڕ بە ریگەی زنجیرە دراما و فیلمەکانیەوە ئەو دەستەواژە و چەمکانەی کە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە تایبەت گەلی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستان بەڕێوەی دەبات بریتین لە:**

١ ـ پەرەپێدان و ئاسایی کردنەوەی خیانەت لەناو تاک و کۆمەڵگەدایە.

٢ ـ پارچەکردن و بڵاوکردنەوەی بنەماڵەو تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی بە ئەستۆیە.

٣ ـ پیلانگێڕی لەدژی یەکدی برەو پێدەدات.

٤ ـ تاک و کۆمەڵگە لەسەر فەلسەفەی درۆ و فریودان بونیاد دەنێت.

٥ ـ پەرە بە دیارەدەی کوشتن و خۆکوژی مرۆڤەکان دەدات و کولتووری دەستدرێژی کردن بە کۆمەڵایەتی دەکات.

٦ ـ رۆحی تۆڵەسەندنەوە و بچووک کردنەوەی ئامانج لەمرۆڤدا پێشدەخات و لەچوارچێوەی بابەتی ناموسدا ئەو رۆحیە قەتیس و بەر تەسک دەکات.

٧ ـ دیاردەی کین و نەفرەتی تاکەکان بەرامبەری یەکدی بڵاو دەکاتەوە و کێبڕکێی ناتەندروست پێش دەخات.

٨ ـ تاکەکان لە خۆنواندنی شکڵی دەگەوزێنێت و لە ناو خەیاڵ پڵاویدا سەرخۆشی دەکات.

٩ ـ فەلسەفەی لاسایی کردنەوە لەناو کۆمەڵگە بە ئامانجی بونیادنانی تاکێکی ناوبەتاڵ و پووچ بڵاو دەکاتەوە.

١٠ ـ کەسایەت بە رێگەی مۆدگەراییەوە لەڕیشە و هەبوونی خۆی دادەبڕێنێت تا لەسەر هەبوون و ریشەیەکی دیکە درێژە بە هەبوون و ژیانی خۆی بدات.

١١ ـ کولتووری داهێنان و بەرهەمێنان لەتاکدا دەکوژێت و تاکێکی مەسرەف گەرا بار دێنێت.

١٢ ـ هەستی وڵاتپارێزی و نیشتمانپەروەری لەزەینی مرۆڤەکاندا ریشەکێش دەکات.

١٣ ـ شوناس، مێژوو و کولتووری کوردی دەسڕێتەوە.

١٤ ـ زیهنیەتی تەک تیپ کردنی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای یەک ئاڵا، یەک زمان، یەک نەتەوە و یەک دەوڵەت برەو پێ دەدات.

١٥ ـ هەستی خۆبچووک دیتن لەتاکدا پێشدەخات و کولتوور و نەتەوەی سەردەست گەورە لەقەڵەم دەدات.

١٦ ـ زیهنیەتی نکۆڵی کارانە، پاکتاوکاری و نەتەوەپەرستی لەتاکدا بەرجەستە دەکات.

١٧ ـ خێزان لە یەکەیەکی جێگەی متمانە و پێکەوەییەوە، وەردەچەرخێتە سەر کانگا و سەرچاوەی خیانەت.

ناوەڕۆکی پڕوپاگەندەی ئەو میدیا و ڕاگەیاندنانەی کە هەڵگری چەمکی میدیای ساختە و چەواشەکارن، دەتوانین بە میدیای بێ ڕکابەر لەدرۆ، فریودان، فتنەیی، خیانەت، چەواشەکاری و سەرگەردانی بەناو بکەین کە بە بەردەوامی بە بۆردومانی بێ بڕانەوەی هەواڵ، قسەوقسەلۆک و دیمەن و وێنەی بریقەداری لەڕادەبەدەر، هیلاک کەر و بێهۆشکەر، کۆمەڵگە سەرقاڵ، سەرگەردان و سڕدەکەن. هەرچەند بەشێکی زۆر لەو میدیایانەش هەمیشە خۆیان بە بێ ڕکابەر وێنا دەکەن. بۆیە گەوهەرەی ئەو بانگەشەشیان دابڕاو لەو چەمکە مەترسیدارانەی ریزمان کرد، نییە.

## ڕۆڵی میدیا و ڕاگەیاندن لەدیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەدا

بە پێی مەترسی و زیانەکانی شەڕی میدیا کە لەلایەن ناوەندەکانی دەسەڵات لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوەی دەبەن، لەپێناو پووچ کردنەوەی ئامانجەکانی پێویستی بە بەجێ هێنانی چەند ئەرکی سەرەکی میدیا و ڕاگەیاندنی ئازاد هەیە کە لەکاتێکدا میدیا ڕۆڵی ئامرازێکی کاریگەری دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی بە ئەستۆ بێت، بریتین لە:

١ ـ دژایەتی و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و شەڕانگێزییەکان چڕتر بکاتەوە.

٢ ـ ئەرکی پەروەردە کردن و ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگەی بە ئەستۆیە.

٣ ـ ئەرکی بونیادنان و پاراستنی دیموکراسی لەسەرشانە.

٤ ـ ئەرکی ئاگادارکردن و هۆشیارکردنەوەی رای گشتی بە ئەستۆیە.

٥ ـ لەشکڵ گرتنی زیهنیەت و بونیادنانی کەسایەتی ئازاد و گەشەدانی هزر و ڕامانی دیموکراتیک بەرپرسیارە.

٦ ـ چەمک و فەلسەفەی میدیا و ڕاگەیاندنی ئازادی گەل برەو پێدەدات و بایەخ بە ڕۆڵ و پێگەی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و تواناکانی دەدرێت.
٧ ـ لەم گۆڕەپانەی شەڕدا شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» لەسەر ڕەهەندی دیموکراسی و ئازادی برەو پێ دەدات.
٨ ـ پارێزوانی لەهەموو نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئازادی بیروڕا دەکات.
٩ ـ لۆژیک و فەلسەفەی خۆپاراستن لەهەست و زەینی تاکدا بەرجەستە دەکات و لەو پێناوەدا گەل هوشیار و پەروەردە دەکات.
١٠ ـ ئەرکی پێناسە کردنەوەی خێزان و ڕۆڵە کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنییەکەی لەسەر شانە.

لەشەڕی تێکەڵاودا هەر تاکێک بۆ خۆپارێزی لەتەکنیک و ئامێرەکانی ڕاگەیاندن و تایبەت میدیای مەجازی لەناوخۆی ئێران پێویستی بە ڕەچاو کردنی چەند خاڵی بنەڕەتی هەیە کە بریتین لە:
١ ـ تۆڕە مەجازییەکان بە هەستیاری و زانستییانە بە کار ببات و دەرفەتی بە کارهێنانی کەمتر بکاتەوە تا لەهەڕەشەو گوڕەشەکانی ڕژێم پارێزراوتر بێت.
٢ ـ سەبارەت بە زانیارییە هەستیار و سیاسییەکان کە مەترسی لەسەر خۆ و دەوروبەر دروست دەکات، بە هیچ جۆرێک نابێت لەگەڵ کەس و لایەنێکی دیکە بیدرکێنێت.
٣ ـ لەکاتی ڕاپەڕاندنی کار و باری ڕێکخستنی، سیاسی و هەستیارییەکاندا لەهەڵگرتنی مۆبایل و بە کارهێنانی ئامێرە دیجیتاڵییەکان دوورەپەرێزی بکات.
٤ ـ لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەک لەدژی ڕژێم چ پێش

لەئەنجامدانی چالاکی و دوای چالاکی بە هیچ شێوەیەک پەیوەندی تەلەفۆنی و ناردنی پەیام بۆ لایەنێکی دیار چ بە تەلەفۆن و تۆڕە مەجازییەکان بە ڕێ نەکات.

٥ ـ نابێت بە ئاسانی باوەڕی بە پەیوەندییە مەجازییەکان دروست بێت و هەر قسە و باسێکی بە خێرایی لەگەڵ بەرامبەرەکەی بدرکێنێت، بەڵکوو سەرەتا پێویستە ناسین و شارەزایی لەسەر کەسی بەرامبەردا دروست ببێت.

٦ ـ لە کار و خەباتێک کە لەم ناوەندانەدا شەڕی هەواڵگری ڕژێمی پێ پڕخۆراک دەکەن، دوورەپەرێزی لێ بکات.

## ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە شەڕی تێکەڵاودا

ژیریی دەستکرد[٢] جۆرەیەکە لەتەکنۆلۆژیا کە وا لەکۆمپیوتر و ئامێرە پێشکەوتووەکان دەکات هاوشێوەی مرۆڤ بیربکەنەوە، قسە بکەن، کارەکانی مرۆڤ ڕاپەڕێنن و تەنانەت توانای بینین، تێگەیشتن و وەرگێڕانی زمانی قسەکردن و نووسین، شیکردنەوەی داتاکان، پێشنیارکردن و توانایی بیرکردنەوە و فێر بوونیان هەبێت. واتە زیرەکی دەستکرد لەهەنگاوی یەکەمدا داتاکان کۆدەکاتەوە، بەو پێیە بڕیار لەسەر داتاکان دەدات. بە بڕیاری سەر داتاکان دەرئەنجامێکی لێدەردەخات و ئەو ئەنجامەش هەڵدەسەنگێنێت. بۆیە زیرەکی دەستکرد بووەتە ئەو تەکنۆلۆژیایەی کە گۆڕانکارییەکی مەزنی لەڕەوتی ژیان و خەباتی تاک و کۆمەڵگە و تەنانەت لەشەڕەکاندا درووست کردووە.

بەکارهێنانی زیرەکی دەستکرد وردەوردە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەستی پێکردووە. ئەم ئامێرە بە خێراییەکی زۆر بڵاو دەبێتەوە. لەم سەردەمەدا لە شەڕەکانیشدا بەکار دەبرێت. چیتر

---

٢. Artificial intelligence (AI)

مووشەکەکان بۆ لێدانی ئامانجەکانیان تەنها پشت بە تیشکی لەیزەر نابەستن، بەڵکوو دەتوانن بە بەکارهێنانی زیرەکی دەستکردیش بەرەو ئامانجەکانیان بڕۆن. مۆدێلی یەکەمی ئەم جۆرە مووشەکە پێشتر بە مووشەکی زیرەک وەسف کراوە. بەم جۆرە مووشەکانە، لێدانی ئامانجە جووڵاوەکان ئاسانتر بووە.

ئامانج لەداهێنانی ژیری دەستکرد ئەوەیە کە ئامێرەکان توانای بیرکردنەوەیان وەک مرۆڤ هەبێ و ئەو کارانە ئەنجام بدەن کە بە زیرەک بە ناو دەکرێن. تایبەتمەندییەکانی ئەم تەکنۆلۆژیایە وای کردووە کە ئەم سەردەمەی تێدا ژیان دەکەین، بە سەردەمی ژیری دەستکرد بە ناو بکرێت.

ژیری دەستکرد، سەرەڕای ئەوانەش چەک و چۆڵ و کەرەستەکانی شەڕیشی زیرەک کردووە. واتە لەم سەردەمەدا زۆربەی کەرەستە نوێکانی شەڕ زیرەکن. بۆ نمونە لەم سەردەمەدا تەکنۆلۆژیای جۆری درۆن و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، GPS[3] و مووشەکی زیرەک، ڕۆبۆتەکان[4] و ... هتد پێشخراون. لەزۆربەی

---

٣. سیستمێکی ئاسمانیی ڕێدۆزیی سەتەلایتییە. جی پی ئێس لە هەموو رەوشێکی کەش و هەوا و لە هەموو شوێنێک لە سەر یان نزیکی زەوی کە لەبەر چاوی لانی کەم چوار سەتەلایەتی سیستەمەکەدا بێت، زانیاریی شوێن و کات دەدات. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیستەمی جی پی ئێسی دروستکردووە و کۆنترۆڵی دەکات و پارێزگاری لێدەکات. پرۆژەی GPS لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکاوە لە ساڵی ١٩٧٣ دەستیپێکردووە و ئەم وەزارەتە بەڕێوەبەری کۆمپانیای جی پی ئێسە. لە ساڵی ١٩٨٣، بۆ بەکارهێنانی مەدەنی بەردەست دەکرێت. تاکو ساڵی ٢٠٠٠ کە کۆمپانیاکان و خەڵک بە گشتی مافی دەست گەیشتنی تەواویان بە ئامێری GPS بە دەست هێناوە. GPS بە هۆی تەکنیکێکەوە کار دەکات کە پێی دەوترێت تەکنیکی سیانەیی، کە بەکاردێت بۆ لێکدانەوەی داتاکانی خێرایی و شوێن. ئەم تەکنیکە سیگناڵی مانگە دەستکردەکان کۆدەکاتەوە بۆ دەستکەوتنی داتاکانی شوێنێکی دیاریکراو. مانگە دەستکردەکان بە دەوری زەویدا دەخولێنەوە و سیگناڵ دەنێرن تاکو لەلایەن ئامێرەکانی GPSەوە کە کەوتونەتە سەر یاخود نزیک رووی زەوی، تاکوو بخوێنرێتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکرێت. سێ بەشی سەرەکی GPS هەیە کە بریتیین لە: مانگە دەستکردەکانی بۆشایی، کۆنترۆڵی زەمینی، شمەکی بەکارهێنەر.

٤. ئامێرێکە کە لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە بەرنامەی بۆ دادەنرێت. ئەم ئامێرە توانای

شەڕەکاندا جۆرەکانی درۆن، مووشەکی زیرەک، GPS و .. هتد بە بەفراوانی بە کار دەبرێت. ئەوەش نوێبوونەوەی زۆر گەورەی لەشەڕدا هێناوەتە ئاراوە. تەنانەت هاوسەنگی و تایبەتمەندیەکانی شەڕی بەتەواوی سەراوبن کردووە.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا سیستەمی پێگەی جیهانی (GPS)، ئینتەرنێت، سیستەمی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، پەرەپێدانی IHA[5] و SIHA[6]، ئامێری وێنەگرتنی گەرمی و بینینی شەوانە، سیستەمی کامێرای دانراو لەشار و ناوچە گوندنشینەکان و تەکنۆلۆژیای پەنجەمۆر هەمووئەمانە بوونەتە هۆی دروو ستکردنی چارەسەری نوێ بۆ شەڕ و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان. بە تایبەت پەرەپێدانی سیستەمی مانگی دەستکردی گەشتیاری جیهانی و دۆزینەوەی زیرەکی دەستکرد وەرچەرخانێکی بنەڕەتییان لە ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵگەکاندا درووست کردووە.

هەڵبەت جیاوازیی نێوان مرۆڤ و ژیری دەستکرد لەوەدایە کە مرۆڤ توانای زیرەکی زۆر زیاتری لەزیرەکی دەستکرد هەیە. بە وتەی رێبەر ئاپۆ: **«بەهێزترین تەکنیک مرۆڤ بۆ خۆیەتی»**. بە تایبەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان ئەو حەقیقەتە بەرچاوە. واتە

---

ئەنجامدانی زنجیرەیەکی ئاڵۆزی کرداری بە شێوەی ئۆتۆماتیکی هەیە. زۆربەی رۆبۆتەکان ئامێری ئەنجامدانی ئەرکن و جێگەی مرۆڤیان گرتووەتەوە. ئەم ئامێرە دەتوانێت ئاماژە بە هەر دوو رۆبۆتی فیزیکی و بریکاری نەرمە کاڵای مەجازی بکات.

٥. فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی دروستکراوی دەوڵەتی تورکیایە کە بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی ئامانجە دیارکراوەکان بەڕێ دەکرێت و بێ چەکە. ئەم فڕۆکەیە بە زۆری لەدژی گەریلاکانی ئازادی کوردستان بە کارهاتووە.

٦. فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی دروستکراوی دەوڵەتی تورکیایە کە بە چەکە و لەکاتی چاودێری و کۆنترۆڵدا لەئامانج دەدات. تورکیا ئێستا بە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری درۆن لە دوای ئەمریکا هەژمار دەکرێت. ئەم فڕۆکەش بە زۆری لەدژی گەریلاکانی کوردستان و هاوڵاتیانی مەدەنی لەباشوور و رۆژئاوای کوردستان بەکار براوە. لەساڵی ٢٠٠٧ەوە دەوڵەتی تورکیا دەستی بە بەرهەمێنانی فڕۆکەی بایراکتار کردووە و لە ساڵی ٢٠١٥ بە فەرمی بووە بە یەکەیەک لە سوپای تورکیا.

ئەستەمە ئامێرێکی ژیریی دەستکرد لەلایەن مرۆڤەوە دروست بکرێت کە ئاگای لەسەرجەم نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کەسێک هەبێت و بزانێت. هاوکات ئەم ئامێرە لەگەڵ کۆمەڵگە رێکبکەوێت. سەرەڕای توانا، لێهاتوویی و سەرسوورهێنەری ئەم ئامێرە زۆر لایەنی بیرکردنەوە و بڕیاردان لەئارادایە کە ژیری دەستکرد توانای شارەزا بوونی نابێت. هەست و نەستی مرۆڤەکان ئەو بابەتەیە کە هیچ ئامێرێک توانای فێربوون و راهێنانی لەو پێناوەدا نییە. بەڵام دەتوانێت هاوشێوەی مرۆڤ شتی تازە فێر بێت و بەرهەمەکانی بەهێزتر و باشتر بکات. رۆبۆتەکان بە گوێرەی هەست و سۆز درووست نەکراون تا کولتووری کۆمەڵایەتی بپارێزن. بەڵکوو بە گوێرەی باڵادەستی هێزی سەرمایە و قازانج درووستکراون، بۆیە لە رۆڵ و پێگەی مرۆڤیش دەدەن.

**لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە کە چەند پێناسەیەکی گرنگ و پڕ بە پێستی زیرەکی دەستکرد ریز بکرێ کە بریتین لە:**

١ ـ تەکنۆلۆژیایەکە کە توانای لاسایی کردنەوەی ژیری مرۆڤ و چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ کۆمپیوتەر و ئامێرەکان دابین دەکات.

٢ ـ تەکنۆلۆژیایەکە کە کۆمپیوتەر و ئامێرەکان تێیدا دەتوانن هاوشێوەی مرۆڤ فێربوون، تێگەیشتن، چارەسەرکردنی کێشەکان، بڕیاردان و داهێنانی تێدا ئەنجام بدەن.

٣ ـ ئامێرێکی سەردەمیانەیە کە کار و ئەرکەکانی مرۆڤ بە رێگەی پرۆگرامی کۆمپیوتەر و ئامێرە پێشکەوتووەکان بە خێراییەکی سەیروسەمەر جێبەجێ دەکات.

٤ ـ ئامێرێکە کە کارئاسانییەکی زۆری لەژیانی بەشێک لەکۆمەڵگە دروست کردووە.

٥ ـ لووتکەی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا و گەشەی ژیری زیهنی مرۆڤی سەدەیە.

٦ ـ پێشکەوتووترین و بەکاریگەرترین ئامێر و گرنگترین داهێنانی شەڕی سەردەمە.

٧ ـ بڕبڕەی پشتی داهێنانە لەکۆمپیوتەری مۆدێرندا.

٨ ـ لقێکی زانستی کۆمپیوتەرە کە داتا و هێزی لێکدانەوە بۆ دروستکردنی ئامێرێک بە کار دەهێنێت، بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی کە ژیری مرۆڤ ئەنجامی دەدات.

جێگەی ئاماژەپێکردنە کە ژیریی دەستکرد ئەو تەکنۆلۆژیایە کە هاوشێوەی تەکنۆلۆژییاکانی دیکە لەسەرەتای داهێنانیدا لەگۆڕەپانی شەڕی سەربازی و هەواڵگریدا لەلایەن دەوڵەت و هێزە هەواڵگرییەکانەوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بە چڕی بەکار براوە. سەرەڕای ئەوەش تازە بە تازە لەگۆڕەپانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بە خێراییەکی زۆرەوە لەجومگەکانی کۆمەڵگە بەربڵاو و بەکار دەبرێت. ئەو پێشکەوتن و گەشەدانەش لەئاستێکدایە کە لەداهاتوویەکی نزیکدا ئامێرەکانی زیرەکی دەستکرد دەتوانن بە شێوەی رۆبۆت جێگەی مرۆڤ بگرێتەوە. بەو پێشکەوتنە رۆڵ و پێگەی مرۆڤ لەهەموو گۆڕەپانەکانی ژیان کەمڕەنگ دەکاتەوە. بۆ پووچەڵ کردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەم تەکنۆلۆژیایە لەشەڕی هیبریدیدا هێز و لایەنە ئازادیخوازەکان پێویستە هۆشی دەستکردی شۆڕشگێڕی گەشە پێبدەن.

چون ئەم ئامێرە توانای تێگەیشتنی فەرمان لەکەسی بەرامبەر هەیەو توانای ئەنجامدانی گفتوگۆ و دیالۆگ دروست کردنیشی هەیە. واتە ئامێرێکە کە وەک مرۆڤ توانای هەستکردن، بیرکردنەوە و مامەڵەکردنی دەبێت. هاوکات توانای چارەسەرکردنی کێشە و ئیرادەی بڕیاردانی بە شێوەیەکی خۆگەڕ هەیە. هەڵبەت بنەما سەرەکییەکەی لەسەر بناغەی داتا دانراوە. لەرێگەی ئەو داتا

زۆرەی کە پێی دەگات فێر دەبێت و بڕیار و فەرمانەکان بە جێ دێنێت. ئەوەش لووتکەی گەشەدانی زانست و تەکنۆلۆژیایە کە مرۆڤ پێیگەیشتووە و ئەو پێشکەوتن و قووڵبوونەوەی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا درێژەی هەیە.

هەرچەند ئێستاکەش لەبەشێکی زۆر لەکارگەو کارخانەکان رۆبۆت جێگەی مرۆڤی گرتوەتەوە. کارگەو کارخانەکان و شوێنی وەبەرهێنانەکان دیجیتاڵی و تەکنیکی کراون. ئیدی زیرەکی دەستکرد لەبەشێکی زۆر لەگۆڕەپانەکانی مرۆڤ باڵادەست کراوە. لەو گۆڕەپانانەدا رۆڵ و پێگەی مرۆڤی زۆر کەمڕەنگ بووەتەوە. کاراکتەری شەڕی تێکەڵاو وای کردووە کە هەموو دەرەتانەکانی ژیانی مرۆڤ دیجیتاڵیزە بکرێت و هەر شت بە رێگەی تەکنیک بەڕێوە بچێت.

بەتایبەت شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا وای کردووە کە لەو جێگانەی بەرهەمهێنانی تێدایە، ژمارەی رۆبۆتەکان تا دەڕوات روو لەزیادبوون بکات. واتە مرۆڤ بەرەو جیهانێک ئاراستە دەکرێت کە رۆبۆت جێگرەوەی بکرێت. ئەوەش بۆ خۆی زیانێکی گەورە و مەترسیداری لەپێناو بەرزبوونەوەی دیاردەی بێکاری مرۆڤەکانی لێدەکەوێتەوە. تەنانەت لەم سەردەمەی زانست و تەکنۆلۆژیادا لەناو هەندێک لەدەوڵەتە هەژمونگەراکان سوپای رۆبۆت دامەزراوە. بۆیە شەڕی داهاتوو هاوشێوەی یاری و کایە کۆمپیوتەرییەکان بە رۆبۆت و کەرەستەکانی زیرەک بەڕێوە دەچێت. رۆڵی مرۆڤیش ئاراستەکردن و کۆنترۆڵ کردنیەتی. ئەوەش هەڕەشەیەکی جیدی بۆ سەر مرۆڤایەتییە کە لەم سەردەمەدا مرۆڤ و کۆمەڵگە رووبەڕووی قڕکردنی دیجیتاڵی ببێتەوە.

رەوتی پێشکەوتنەکانی ژیری دەستکرد وا پیشان دەدات بۆ هەر گۆڕەپانێک کە مرۆڤی تێیدا کارا و چالاکە، رۆبۆتی

هاوشێوەی بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی ساز بکەن. گەشەدان و پێشکەوتنەکانی ژیریی دەستکرد وای کردووە کە دیار نییە هێزە هەژمونگەراکان ئەو سوپایە لەداهاتوودا چۆن بەر بدەنە گیان مرۆڤ و کۆمەڵگە.

پێشکەوتنی ژیری دەستکرد وا پیشان دەدات کە کاریگەری لەسەر هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانی مرۆڤ دادەنێت. تەنانەت پێشکەوتنی ئەم تەکنۆلۆژیاییە وا دەکات کە زۆربەی شار و ناوچە گرنگەکان بەرەو شار و گوندی دیجیتاڵی بچن. ژیان و کۆمەڵگەی مرۆڤ دیجیتاڵیزە بکرێت. واتا لەو شارە دیجیتاڵییانەدا رۆڵ و پێگەی مرۆڤ لاواز و رۆڵی تەکنۆلۆژیا و رۆبۆت لەلووتکەدا دەبێت. دۆخێک دەڕەخسێت کە تەکنۆلۆژیا؛ مرۆڤ، ژینگە و کۆمەڵگە لەکۆنترۆڵی خۆیدا رابگرێت و مرۆڤ ئاراستە و بەڕێوە ببات. بۆیە هەر یەک لەو شارانەش کە دیجیتاڵیزە کراون و دەکرێن بە شاری زیرەک ناو لێدەکرێن. بۆیە پێشکەوتنی زیرەکی دەستکرد ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێ کە رۆبۆتی پێشکەوتووتر دابهێنرێن. سیستەمی شاری زیرەک گەشە بکەن. بۆ نەخۆشییەکان چارەسەری پزیشکی باشتر بدۆزرێنەوە. سەرەڕای ئەوانەش داخۆ بە پێی پێشکەوتنی زیرەکی دەستکرد، عەقڵ، مێشک، هەست، ژیان، کولتوور و ئەخلاقی کۆمەڵگەش گەشە دەکات؟ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کەم دەبنەوە و چارەسەری بنەڕەتییان بۆ دەدۆزرێتەوە؟ یان هێزە هەژمونگەراکان دەرفەتی گەشەکردن و پێشکەوتنی بەرهەم و رەنجی دەستی مرۆڤ دەدەن؟!

بێگومان چەند دەهەیەکە تابلۆی داهاتووی مرۆڤ و کۆمەڵگەکەی لەبەشێک لەفیلمەکاندا بە نمایش دەدرێت. واتە هەر پیلان و سیناریۆیەک بۆ سەر کۆمەڵگە و مرۆڤ لەئارادا هەبووبێ، نێوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ پێش ئەوە بەشێوەی فیلم بە

نمایش دەدرێت. واتە زیهنیەتی کۆمەڵگەی بۆ ئامادە دەکرێت. ئەوەی لەو فیلمانەدا بەکراوەیی دەیبینین بە زۆری رۆڵی بەرچاوی رۆبۆتەکان بەرجەستەکراوە. واتە رۆبۆتەکان رۆڵی مرۆڤەکان بە رێکوپێکی و تەنانەت سەرنج راکێشتر جێ بەجێ دەکەن.

گەشەدانی زیرەکی دەستکرد لەم سەردەمە نیشان دەدات کە شەڕی رۆبۆتەکان تەنیا بە سیناریۆی ناو فیلمەکان سنووردار نامێنێ و لەداهاتووی نزیکدا ناوەڕۆکی هەمان فیلم لەئەرزی واقیعدا بە نمایش دەدرێت. واتە ئەو هێزانە شەڕی تەکنۆلۆژیا و هێزنوێنیان بە ژیری دەستکرد لەو فیلمانەدا بە نمایش دەدەن. ئەوە بۆ خۆی بەشێک لەو شەڕەیە کە لەگۆڕەپانی هونەر و سینەمادا بە چڕی بەڕێوە دەچێت. لەهەمان کاتدا گەشەدانەکان ئەوەمان پێدەڵێت کە هێزە دژبەرەکان و قازانج ویستەکان لەژیری دەستکرد، بۆ شەڕی بەرامبەری یەکدی سوپای رۆبۆت بەکار دەهێنن.

**چەند تایبەتمەندییەکی سەرەکی زیرەکی دەستکرد بریتین لە:**

١ ـ ئەو بەرنامە و ئامێرانەی کە بە ژیری دەستکرد تەیارکراون دەتوانن شتەکان ببینن و بیانناسنەوە.
٢ ـ دەتوانن لەزمانی مرۆڤ تێبگەن و وەڵامی بدەنەوە.
٣ ـ دەتوانن زانیاری و ئەزموونی نوێ فێربن.
٤ ـ دەتوانن پێشنیاری ورد بۆ بەکارهێنەران و پسپۆران بکەن.
٥ ـ دەتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵە بکەن.

**چەند کاری بنەڕەتی ژیریی دەستکرد بریتین لە:**

١ ـ ناسینەوەی زمان

٢ ـ ناسینەوەی وێنە
٣ ـ شیکاری داتاکان
٤ ـ وەرگێڕان
٥ ـ ئاسایشی ئەلیکترۆنی
٦ ـ بەڵگەهێنانەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان
٧ ـ پلاندانان و بڕیاردان
٨ ـ فێربوون
٩ ـ بەشێوەیەکی زیرەک وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ژیری دەستکرد لەلایەن کارناسان، شارەزایان و دۆکتۆرینی شەڕەوە بە چوار قۆناخ پۆلێنبەندی کراوە کە بریتین لە:**

**١ ـ ئامێری کارلێکەر**

ئەم ئامێرە کاردانەوەیان دەبێت بەرامبەر بە جیاوازییەکانی هاندەر لەسەر بنەمای یاسای پێشوەختە بەرنامە بۆ داڕێژراوەکان. دەتوانن هەندێک ئەرکی پێشکەوتوو لەچوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا ئەنجام بدەن، وەک یاری شەترەنج و توانای ئەنجامدانی ئەرکەکانیان لەدەرەوەی چوارچێوەی سنووردایان نییە.

**٢ ـ ئامێری بیرگەی سنووردار**

ئەو ئامێرانەی کە بیرگەیان سنووردارە، لەڕووداوەکانی رابردوو خاوەن تێگەیشتنێکی سنووردارن. دەتوانن زیاتر لەگەڵ جیهانی دەوروبەریان بگونجێن تا لەوەی کە ئامێرە کارلێککەرەکان دەتوانن. ئەو ئامێرانەی کە تەنها بیرەوەرییان سنووردارە، ناتوانن تێگەیشتنێکی تەواو لەجیهان پێکبهێنن، چونکە بیرهێنانەوەیان لەڕووداوەکانی رابردوو سنووردارە و تەنیا لەچوارچێوەی تەسکدا بەکار دەهێنرێت، بۆیە بە زیرەکی دەستکردی بیرەوەری سنووردار دەناسرێت.

**٣ ـ ئامێری تیۆری دەروون**

ئەم ئامێرە لەئێستادا بوونی نییەو هێشتا بەدی نەکراوە، بەس لێکۆڵینەوە لەئەگەرەکانی بەردەوامە. ئەم ئامێرە دەتوانێت بیربکاتەوەو توانای بڕیاردانی یەکسانە بە توانای مرۆڤ. گەشەدانی تەکنۆلۆژیا لەم سەردەمەی شەڕدا هەر جۆرە ئەگەرێکی غەیرە مومکین مومکین دەکات. چون ئەوەی دەگاتە عەقڵی مرۆڤ بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا هاوشێوەیەکی دروست کراوە.

**٤ ـ ئامێری خۆئاگادار**

ئەو ئامێرانەن کە هەستی خۆئاگادارییان لەسەرووی عەقڵی ژیری دەستکردە. لەرووی تیۆرییەوە پێشکەوتووترین جۆری زیرەکی دەستکردن و توانای فیکری و سۆزداری مرۆڤی هەیە. ئەم ئامێرەش هاوشێوەی تیۆری دەروون ژیری دەستکردی خۆئاگادار لەئێستادا ئامانجێکی دوور لەواقیعە.

**هۆشی دەستکرد لەگەرماوگەرمی شەڕی تێکەڵاو لەم چەند گۆڕەپانەدا رۆڵ و پێگەی گرنگ و تایبەت بە خۆی هەیە کە:**

١ – ئەم تەکنۆلۆژیایە لەژیانی رۆژانەدا لەگۆڕەپانی میدیا و راگەیاندن و تایبەت دیجیتاڵ میدیا رۆڵی هەیە. وەک یاریدەری دەنگی کار دەکات. لەبیرکردنەوەو قسە کردندا یارمەتیدەرە. بەشێک لەکارەکانی مرۆڤ رادەپەڕێنێت. کاروباری وەرگێڕان ئەنجام دەدات و داتاکان شیدەکاتەوە.

٢ ـ زیرەکی دەستکرد لەگۆڕەپانی تەندروستیدا؛ یارمەتیدەری دۆزینەوەی نەخۆشی و دیارکردنیەتی. نەخۆشیەکان پێشبینی دەکات و دەرمانی نوێ دروست دەکات.

٣ ـ زیرەکی دەستکرد لەگۆڕەپانی پەروەردەدا؛ بۆ سیستەمی فێرکردنی تایبەت بۆ خوێندکار یارمەتیدەرە. هەڵسەنگاندنی

خۆکار بۆ تاقیکردنەوەکان دەکات و پرۆگرامی فێربوونی زمان ڕێکدەخات.

٤. ژیریی دەستکرد لەگۆڕەپانی بازرگانیدا شیکاری داتا ئەنجام دەدات. پێشبینیکردنی هەڵسوکەوتی کڕیار دەکات. بە شێوەی خۆگەڕ خزمەتگوزاری کڕیار دەکات. ئاسایشی سایبەری دابین دەکات. کەل و پەل و بەرهەمەکان پۆلێن بەندی دەکات و وەرگرتنەوەی داتا زیرەکەکان ئەنجام دەدات.

**سوودە گرنگەکانی هۆشی دەستکرد لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بریتین لە:**

١ ـ کارەکان خێرا دەکات.

٢ ـ هەڵەکان کەم دەکاتەوە.

٣ ـ بە شەو و رۆژ کار دەکات.

٤ ـ کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر دەکات.

٥ ـ کارئاسانی بۆ ژیانی خەڵک دەکات.

٦ ـ ئەرکە دووبارەبووەکان ئۆتۆماتیک دەکات.

٧ ـ تێگەیشتنێکی زیاتر و خێراتر لەداتاکان دروست دەکات.

٨ ـ مەترسییە جەستەییەکان کەم دەکاتەوە.

**زیانەکانی ژیریی دەستکرد لەشەڕی تێکەڵاودا**

١ ـ هەلی کار بۆ مرۆڤ لەبار دەبات.

٢ ـ لەلایەن هێزە دەسەڵاتدار و بەرژەوەندیخوازەکانەوە بە شێوەی زۆر خراپ بەکار دەبرێت.

٣ ـ زانیاری هەڵە بڵاو دەکاتەوە.

٤ ـ پاراستنی نهێنییەکان لاواز دەکرێن و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی زانیارییەکان درووست دەبێت.

**ئەو بابەتانەی کە لەبەکارهێنانی ژیری دەستکرد پێویستی بە ڕەچاو کردن هەیە بریتین لە:**

١ ـ ئەم تەکنۆلۆژیایە پێویستە لەچوارچێوەی ژیری دەستکردی شۆڕشگێڕی بە کار بهێنرێت.

٢ ـ بەکارهێنانی پێویستی بە چاودێری مرۆیی و پەیڕەو کردنی شەرت و مەرجە ئەخلاقی و ویژدانییەکان هەیە.

٣ ـ لەم سەردەمەدا نابێت تەنیا پشت بە هۆشی دەستکرد ببەسترێت و دریغ لەبەکارهێنانی هێزی مرۆیی نەکرێت.

٤ ـ بەکارهێنانی لەچوارچێوەی خزمەت کردن بە گەل و کۆمەڵگە بێت.

**هێرشی سایبری لەشەڕی تێکەڵاودا**

لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا بەشێکی گرنگ لەئامێری شەڕ، هێرشی سایبرییە. تا دەڕوات رۆڵ و کارایی ئەم جۆرە شەڕە لەناوچەکە زیاتر دەبێت. بەم شەڕە هەموو پەرگاڵی سیستەم و هێزی بەرامبەر ئیفلیج دەکرێت. لەبەرامبەر ئەو هێرشەدا، تایبەت هێرشی سایبری شۆڕشگێڕی دەتوانێت جموجۆڵ و ژیانی ئاسایی رۆژانەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ئیفلیج بکات. هاوکات گورزی جەرگبڕ لەداگیرکەران و تاڵانکەرانی ئابووری دەدرێت.

لە هێرشی سایبریدا زیاترین دەستکەوت لەخاڵە لاوازەکانی بەرامبەر بە دەستدەهێنرێت و زیاترین سەروەری بە سەر بەرەی لاوازی بەرامبەردا دەسەپێنرێت. کەڵک لەخاڵە لاوازەکانی دوژمن وەردەگیردرێت و زیانی پێدەگەیەنرێت. هێرشەکان لەچوارچێوەی بەسەرداگرتن ئەنجام دەدرێت و زیاترین قازانجی تێدا دەستەبەر دەبێت. ئیرادەی دوژمنی زاڵ و هەژمونگەرا لاواز دەکرێت. گورزی چاوەڕوان نەکراو لەهێزی مەبەست دەوەشێنرێت.

لەهێرشی سایبریدا؛ شەڕی سەربازی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی، کار و خەبات و ژیان بە تەواوی لەزەمینەی کۆمپیوتر بەڕێوە دەچێت. لەم جۆرەی شەڕدا دەکرێت زانیاری زۆر گرنگ لەسەر هێزی بەرامبەر بەدەست بخرێت و بەو پێیە زەرەر و زیانی مەزنی لێبدرێت.

**شەڕی ئەلیکترۆنی یا سایبری وەک پێناسە بریتییە لە:**

١ ـ هێرشی دیجیتاڵی بۆ سەر تۆڕ و سیستەم و زانیارییەکانی وڵات و لایەنێکی دیکە بە ئامانجی زیان گەیاندن بەو وڵات و لایەنەیە.

٢ ـ هێرشێکە کە بە ئەنقەست لەپێناو کارێکی نائەخلاقیانە بۆ لەناوبردن یان دزینی زانیاری لەسیستەمی کەس یان لایەنێک بەڕێوە دەچێت.

٣ ـ بە هێرشی هاکەر بۆ سەر سیستەمێک بە مەبەستی سیاسی و نائەخلاقی دەگوترێت.

لەشەڕی تێکەڵاودا هاککەرەکان بە هێرشەکانیان توانای هاک کردنی کۆمپانیایەکی گەورەیان هەیە. بەو کردەوەیان متمانەی کڕیارەکانی ئەو کۆمپانیایە لەبار دەبەن و رووبەڕووی شکستی دەکەنەوە. لەهەمان کاتدا ژێرخانی نیشتمانی وڵاتێک وەک؛ ئاو، گاز، کارەبا، بەنزین، بانک و زیندان و ... هتد دەکرێنە ئامانجی شەڕی ئەلیکترۆنی و سایبری. لەم شەڕەدا هێرشەکان بە ئامانجی لەناوبردن، گۆڕین، دزینی زانیاری و لەکارخستنی خزمەتگوزارییە ئۆنلاینەکان بەکار دەبرێت. لەهەمان کاتدا هاکەرەکان سەنایع غەزایی رووبەڕووی زیان و شکێنەری دەکەن. فورمولی مادده خۆراکیەکان دەگۆڕن. ژەهراوی یان دەکەن و بەشێکی زۆری کۆمەڵگاش تووشی کێشە دەکەن. لەم میتۆدەی شەڕدا هاکەرەکان

توانای گۆڕینی ڕەمزی کۆمپیوتری مەبەستیان هەیە. دەتوانن فڕۆکەکان بفڕێنن و کۆنترۆڵی سیستەمەکانی ناوبەری بە دەست بگرن و سقوتیان پێ بکەن. دەتوانین کوشتنی گوماناوی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران لەچوارچێوەی شەڕی سایبری لایەنێکی دیارکەر و دژبەری ڕژێم بەناو بکەین کە بە هاک کردن و دەستکاری و دزەکردنی داتا و زانیاری هەلیکۆپتەرەکەی خراوەتە خوارەوە. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی ئێران، خۆیان لەم شەڕە تێکەڵاوەی کە لەبەرامبەری دەکرێت، تێنەگەیاند و کەوتنەخوارەوەی کۆپتەرەکەیان بە کێشەی کەش و هەوا و تەکنیکییەوە بەستەوە.

بەشێکی زۆری هێرشە سایبرییەکان بە ئامانجی درووستکردنی قەیران و داڕمانی ئابووری، سیاسی و ئاشکراکردنی زانیارییەکان بەڕێوە دەچێت. بەتایبەت سیخوڕی ئەلیکترۆنی هەوڵی دزەکردن یان دزینی زانیاری کۆمپیوتەر و داتا نهێنییەکانی لایەنی مەبەست دەدات. زیان گەیاندن بە هەر یەکێک لەوانە کێشەی گەورە بۆ ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی و تێکچوونی سیستەم و فشاری دەروونی بۆ سەر لایەنی بەرامبەر دروست دەکات.

**هێرشی سایبری لەبەر ئەوەی ئەنجامەکەی لەبۆمبی ئەتۆم بە کاریگەرترە زیاتر لەم چەند مێتۆدەی خوارەوە بەچڕی بەکار دەبرێت:**

١ ـ کارەبا دەپچڕێت و سەرجەم ژێرخانی کارەبایی ئیفلیج دەبێ، سیستەمی هاتوچۆ، ئاسانسۆرەکان، سیستەمی گەرم و سارد کەرەوە لەکار دەکەون.

٢ ـ سیستەمی تەلەفوون و تیلێگراف و پەیوەندییەکان تووشی کێشە یا دەپچڕێت، لەو کاتەدا تیڤی، رادیۆ، تەلەفوون، سیستەمەکانی کۆنترۆڵ ترافیک و وێزگەی کەش و هەوا لەکار دەکەون.

٣ ـ سیستەمی گەیاندنی ئاو و بڵاوکردنەوەی خۆراک تووشی کێشە دەبێ.
٤ـ دام و دەزگا سەرەکییەکانی وەک بانکەکان، ناوەندە تەندروستییەکان، سوپەرمارکێتەکان تووشی کێشە دەبن.
٥ ـ سیستەمی فریاکەوتن و دەرمان لەکار دەکەون و لەبەر دۆخی شڵەژاو و تێکەڵ لەبەر کارا نەبوونی دەزگا پەیوەندیدارەکان کۆمەڵگا تووشی تێکەڵ و پێکەڵی دەبێت.
٦ـ بەشێکی گەورەی رێکخراوەکان و دام و دەزگا سەربازییەکان ئیفلیج دەبن. وەک رادارەکانی پاراستنی هەوایی و سیستەمی شۆپهەڵگر لەکار دەکەون.

بێگومان هەموو هاکەرەکان نە لەخزمەتی دەسەڵاتدان، بەڵکوو بەشێکیان بە تەواوی لەدژی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەناو تێکۆشاندان. بۆیە هەندێک لەهاکەرە پیشەگەرەکان لەرێگەی دروستکردنی ڤایرۆسەوە تەقینەوە لەسیستەمی کۆمپیوتەری کەس یان لایەنی بەکارهێنەردا دروست دەکەن.
ڤایرۆسەکان نەک تەنها زیانێکی مەجازییان لێدەکەوێتەوە، بەڵکو زیانی فیزیکشیان هەیە. تایبەت ڤایرۆسەکان گەورەترین رۆڵیان لەهێرشە ئەلیکترۆنییەکاندا هەیە. چون لەم شەڕەدا ڤایرۆسی کۆمپیوتەر وەک جۆرەیەک لەسیخوڕی دیجیتاڵی بەکار دەبرێت. بەم سیخوڕە ئەلیکترۆنیانە داتاکان لەناو دەبرێت، هێرش دەکرێتە سەر سیستەم و هارد دیسکی کۆمپیوتەر کە هەموو داتاکانی لایەنی بەرامبەری پێ دەدزرێت یان لەناو دەبرێت. بەرجەستەترین هێرشەکان بەڕێگەی ڤایرۆس، کۆپیکردن یان دزینی زانیاری و نەبوونی دەستڕاگەیشتن بە سیستەمە ئامانج کراو بەڕێوە دەچێت.

**لەشەڕی تێکەڵاودا هێرشی سایبری چەند ئامانجێکی بنەڕەتی لەپێشدایە کە بریتین لە:**

١ ـ لەدەستدانی متمانەی لایەنی بەرامبەر
٢ ـ دروست کردنی کێشەی دارایی و ئیفلاس کردنی بەرامبەر
٣ ـ قووڵ کردنەوەی کێشەی دەروونی
٤ ـ کاریگەری لەسەر بەکارهێنەران دروست دەکات.

فەزای ئەلیکترۆنی لەگەڵ هۆکارە سەربازی و ئابوورییەکانی لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بووەتە چەقۆیەکی دەستی وڵاتان بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکتر. گرنگی فەزای ئەلیکترۆنی لەشەڕەکاندا وایکردووە هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمییەکان بوارێکی نوێ لەهێزە سەربازییەکانیان بە ناوی بەشی ئەلیکترۆنی یا سوپای سایبری دروستبکەن تا بتوانن لەبەرامبەر هەڕەشەکان بەرگری لەخۆیان بکەن و هەمیشە لەدۆخی هێرش و پەلاماردان‌دا بن.

بەتایبەت گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بەرگری لەناسنامە و هەبوونی خۆی بکات و بەرپەرچی لێکەوتەکانی ئەو شەڕە بداتەوە، لەچوارچێوەی دامەزراندنی سوپای سایبری شۆڕشگێڕی داکۆکیکاری راستەقینەی گەلی کورد بێت، پێویستی بە مەزن بوونی سوپای ئەلیکترۆنی شۆڕشگێڕی هەیە. تەنانەت بۆ ئەوەی گەلی کورد لەسەردەمی شەڕی زیرەکی دەستکرد و سایبری دوا نەکەوێت و لەم گۆڕەپانەی نوێی شەڕ هێز و توانای خۆی بە نمایش بدات، کەسانی شارەزا، لێهاتوو و بەتوانا ئاراستەی ئەم گۆڕەپانە بکات. بەو شێوەیە گورز لەبەرژەوەندی هێزە داگیرکەرەکان لەهەموو گۆڕەپانەکانی شەڕ بوەشێنێت و هەمیشە وەک گەل و کۆمەڵگەیەکی دەستڕەنگین لەدرەوشانەوەدا بێت.

# بەشی پێنجەم

# رۆڵی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا

## پڕوپاگەندە چەکی سەرەکی سیاسەتە

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا پڕوپاگەندەو ئاژیتاسیۆن دەستەواژەیەکە کە لەسەر زاری هەر کەسێک بە مەبەست و ئامانجێکی دیارکەر دەدرکێندرێت. واتە هەر کەس و لایەنێک بە پێی ئامانجەکانی ئەم دەستەواژەیە وەک چەکێکی شەڕ و ئاشتی بە کار دەبات. سەرەڕای ئەوەش زانیاری و شارەزاییەکی ئەوتۆش لەرای گشتیدا لەسەر واتا و گرنگییەکەی لەئارادا نییە. هاوکات لە زەمان و جێگەی بەکاربردنەکەشی کێشە و گرفتی جیدی هەیە، بەڵام دیسان رۆژانە لەڕادەبەدەر لەلایەن دەسەڵات، ناوەندەکانی شەڕی تایبەت و تەنانەت گەل و کۆمەڵگەوە بەکار دەبرێت. واتە هەم دەوڵەت و دەسەڵات و هەمیش هێزە شۆڕشگێڕ و کۆمەڵگەش بە پێی ئامانج، پلان و بەرنامەیان بەکاری دەبەن. واتە هەم پڕوپاگەندە لەسەر شووناس، مێژوو و کولتووری خۆی پێدەکەن و هەمیش وەک چەکێکی بەرگری بەکار دەبرێت.

لەبنەڕەتدا پڕوپاگەندە بریتیە لە؛ بەکارهێنانی سیستەماتیک و پلان بۆ داڕێژراوی شتێکی دیاریکراو. پڕوپاگەندە هونەری کاریگەری لەسەر رەفتاری مرۆڤە بە رێگەی دەستکاری نموونەکانەوە. نمونەکانیش هەر جۆرە ئامرازێک بۆ دروست کردنی کاریگەری لەسەر عەقڵ، هەست و کردارەکانی گرووپێکی

دیاریکراو بۆ ئامانج و مەبەستە، ئەگەری هەیە کە بە شێوەی گوتن، نووسین و دیمەن بێت. ئەم چەکە لەلایەن دەسەڵاتەوە بە واتای شۆردنەوەی مێشک و کۆنترۆڵی زیهنە. فێڵ و تەڵەکە و چەواشەکارییە. پڕوپاگەندە بۆ ئەوەیە کە ئامار و ڕێژەی زەبروزەنگ دابەزێت و بە بێ شەڕ و پێکدادان و خوێنڕشتن گەورەترین دەستکەوت دەستەبەر بکرێت.

پڕوپاگەندە سەرەکیترین ئامرازە لەخزمەتی شەڕی دەروونیدا کە شەڕێکی ناتوندوتیژە. بۆیە شەڕی دەروونی پێکدێت لەبەکارهێنانی پڕوپاگەندە لەدژی دوژمن، هاوشان لەگەڵ ڕێوشوێنە سەربازییەکاندا.

**سێ ئامانجی شەڕی دەروونی پڕوپاگەندە بریتییە لە:**

١ـ دابەزاندنی ورە و کەمکردنەوەی کارایی دوژمن

٢ ـ دروستکردنی گومان، دوودڵی و بێ باوەڕی

٣ ـ بە دەستهێنانی هەست، سۆز و پشتیوانی جەماوەرێک کە هێشتا بڕیاریان نەداوە لەکام بەرەی شەڕدا جێ بگرن.

بە پێی ئەو پێناسە کورتە پڕوپاگەندە چەکی سەرەکی سیاسەتە. سیاسەتیش هونەری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە. بۆیە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن چەکی ئاراستەکردن و چالاک کردنی کۆمەڵگەیە. پڕوپاگەندە و سیاسەت دوانەیەکن کە پێکەوە بەستراونەتەوە و تەواوکەری یەکدین. لەکاتێکدا کە سیاسەت بۆ گەلی کورد گۆڕەپانێکی قەدەغەکراوە و مۆڵەت بە بەشداری کارای لەم گۆڕەپانەدا نادرێت. بۆ گەلی کورد سیاسەت یەکسان

کراوە لەگەڵ تیرۆر و ئاژاوەگێڕی. لادانە لەپێوان و یاسا و ڕێساکانی دەوڵەت و دەسەڵات. ئەوەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن پیشە و هونەری دەوڵەت و دەسەڵاتە. واتا گەلی کورد، مافی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی پێ نادرێت. پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بۆ گەلی کورد هاوتەریبە لەگەڵ کوفر، دژایەتی و قەبووڵ نەکردنی دەسەڵات، جیاخوازی و تیرۆر. بۆیە گەلی کورد بەم بەرچەسەپ و تۆمەتانە لە چەکی هزر، رامان، زمان و سیاسەت بێ بەش و بێ بەری کراوە.

سیاسەت درێژەپێدەری شەڕە و شەڕیش قووڵ بوونەوەی سیاسەتە. ژیانی کردنی هزر و رامان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە. چەکی هوشیارکردنەوە و پەروەردەکردنی کۆمەڵگەیە. بەڵام بۆ گەلی کورد ئەو پێناسەیە ناوبەتاڵ کراوە. واتە گەلی کورد بە گەلێکی شەڕکەر، ئازاو دلێر پێناسەی بۆ کراوە. تەنیا ئەرکی پارێزەری ناوچە سنوورییەکانی لەئەستۆیە. گەلی کورد گەلێکی کۆڵبەر، زەحمەتکێش و هەژارە. بەڵام لەسیاسەت ساویلکە، ناشەرەزا و بێ هونەرە. چون لە قاموسی دەسەڵاتدا تەنیا ئەرکی بەرگری و خزمەت کردنی بێ بەرامبەری بۆ رژێمی پێسپێردراوە. بۆیە دەرفەت بە گەلی کورد نەدراوە کە هاوشێوەی شەڕ، لەسیاسەتیشدا شارەزا، لێهاتوو و هونەرمەند بێت. ئەو لۆژیکەش نازناو و ناسنامەی لەسێدارەدان، کوشتنی کۆڵبەر، پارێزەری سنوور و پاڵەوانی رژێمی بۆ گەلی کورد ساز کردووە.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا سیاسەت بە بێ پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن ناکرێت. چون سیاسەت بە پڕوپاگەندە و

ئاژیتاسیۆن خۆی ئیفادە دەکات. ئامانجی خۆی بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت و کاریگەری لەسەر جەماوەر دادەنێت و بەرنامەکانی جێ بە جێ دەکات. بۆیە گەلی کورد لەم گۆڕەپانانەی ژیان و تێکۆشان دوورەپەرێز خراون. چون ئەم گۆڕەپانانە گڵۆپی ڕووناککەرەوەی ڕێگەی گەیشتن بە ئازادییە. چەکی بەرگری لەهەبوون و درەوشانەوەی شووناس و حەقیقەتی ئازادییە. سیاسەت و پڕوپاگەندە بەتایبەت ئەو چەکەیە کە لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بە چڕوپڕی لەهەموو گۆڕەپانەکانی شەڕ بە میتۆد و ڕێبازی جیا جیا بە ئامانجی کۆمەڵکوژی و قڕکردنی کۆمەڵگە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە بەکار دەبرێت.

جیاوازی بنەڕەتی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەگەڵ شەڕی تایبەت ئەوەیە کە ئەم ڕێبازەی شەڕ (شەڕی تایبەت) تەنیا لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵات و نەیارانی ئازادی و دیموکراسییەوە بەکار دەبرێت. لەکاتێکدا هەر کەس پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بەگوێرەی مەرامی تایبەتی خۆی بەکار دەبات. تەنیا جیاوازی لەسەر زیهنیەت و تێگەیشتنی بەکارهێنانی دەستەواژەکە لەئارادایە.

هۆکارەکانی پەرەسەندنی پڕوپاگەندە دەگەڕێتەوە بۆ گەشەی میدیای جەماوەری و باش بوونی ڕەوت و ڕێژەی گواستنەوەو بڵاوبوونەوەی زانیاری. پڕوپاگەندە وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و بیری کۆمەڵگەیەکی ئامانجکراو کە چەواشەکردنی ڕاستییەکان تێیدا ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە کارهێنەرەکەی دەرئەنجامێکی خوازراو بە دەست بهێنێت. پڕوپاگەندە هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەکان لەرێگای قایل کردنەوە.

پۆڵ لاینبارگەر[1] دوو جۆری سەرەکی لەبڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە وەک ئامێری شەڕی دەروونی دیاری دەکات:

١ - پڕوپاگەندەی هێرشبەر

٢ - پڕوپاگەندەی گۆڕێنەر

لاینبارگەر سەبارەت بە پێناسەی هەر یەکەیان دەڵێت:» پڕوپاگەندەی هێرشبەر مەبەستی تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و یان بۆ جێخستنی کولتوور و داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی دیاریکراو، ئەنجام دەدرێت.

بەڵام پڕوپاگەندەی گۆڕێنەر بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێت کە پشتیوانی و سۆزداری رابکێشرێت بۆ لای هێزی بە کارهێنەری ئەم شەڕە دەروونییە یان پشتیوانی تاکەکان لەگرووپێکەوە بۆ گرووپێکی تر بگۆڕێت«.

پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەڕیزبەندی شەڕی تێکەڵاودا راستەوخۆ گرێدراوی گۆڕەپانی ئایدۆلۆژییە. لەم گۆڕەپانەدا بە چڕی خیتابی هەست، هیوا و باوەڕی دەکرێت و کاریگەرییان لەسەر دادەنێت. چون لێرەدا سووژە و بابەتی دیارکراو مرۆڤە. ئەو کات لەپڕوپاگەندەدا پێویستە هیوا، باوەڕی، هەست و نەستی مرۆڤ بورژێنرێت. چون داگیرکەرانی کوردستان، لەهەنگاوی یەکەمی هێرشەکانیاندا هەستی تاک و کۆمەڵگەیان وشک و

---

١. لە (١١ی تەمووزی ١٩١٣ - ٦ی ئابی ١٩٦٦) ژیاوە. نووسەرێکی ئەمریکییە کە بە یەکێک لە نووسەرە کاریگەریەکانی زانستی خەیاڵی دەناسرێت. ئەفسەرێکی پسپۆڕی شەڕی دەروونی سوپای ئەمریکا بووە. زانایەکی دیار لە رۆژهەڵاتی ئاسیا و پێشەنگ لە تیۆریزە کردنی شەڕی دەروونی بووە. یەکەمین چیرۆکی زانستی خەیاڵی کە بە شێوەیەکی پیشەیی بڵاو کراوەتەوە بە ناوی «سکانەرەکان بێهودە دەژین»ە.

برینگ و کەلەبچە کردووە. بۆیە پێویستی بە خیتابی عەقڵ و هەست هەیە. خیتابی هەستێک کە تێکهەڵکێشی هۆشی عاتیفی و شیکاری کرابێت و زەین، مێشک و هەستەکان بجوولێنێت.

واتە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن راستی ئیفادە دەکات و بە کۆمەڵگەی دەگەیەنێت. پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن تەنیا لەچوارچێوەی قسە کردنێکی رەهادا سنووردار نامێنێ. بە جێگەی قسەکردن زیاتر، کار و باری پەروەردە کردنی کۆمەڵگە ئامانجێتی. بۆیە چوارچێوەی پارادیگما، ئایدۆلۆژی، ستراتیژی و ئامانجێکی دیاریکراو بەڕێوە دەبرێت. واتە راستەوخۆ خیتابی زەین و مێشک و ناڕاستەوخۆش خیتابی هەست دەکات و هەوڵ دەدات کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگە ئەنجام بدات و لەگەڵ ئەوەش پێوانە ئەخلاقی و مرۆییەکانی کۆمەڵگەش بپارێزێت.

بەکارهێنانی پڕوپاگەندە لەبەرامبەر دوژمن، لەگەڵ هەنگاوی کردارییە کە ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی، سیاسی، ئابووری و لەشکەری هەیە. لەپڕوپاگەندەدا هەر جۆرە کەرەستەیەک بە مەبەستی کاریگەری لەسەر رۆحیە و رەفتاری کەس یا گرووپێک بە ئامانجی لەشکەری تایبەت بەکار دەبرێت. ئەم چەکەش بە مەبەستی مەرگی نەرم یا مەرگی بێ ئێش، شیرین، ماقوڵ و بێ دەنگ بە کار دەبرێت. لەزمانی یۆنانیەکاندا بەم جۆرە مەرگە ئۆتانازی[٢] دەگوترێت. لەم شەڕەدا هەست، باوەڕی و ئیرادە بە

٢. ئۆتانازی: لە ئەدەبیاتی یۆنانیەکاندا بە مردنی ئارام و بێ ئێش و مردنی باش دەگوترێت. حاڵەتێکە کە نەخۆش بە شێوەیەکی سروشتی و ئاشتییانە لەسەر داوای خۆی دەمرێت. واتا مردنێکی بە بێ ئێش و ئازاری مرۆڤە کە هەستی پێ ناکرێت. لەزمانی فارسیشدا بە مەرگی شیرین دەناسرێت.

بێ ئێش دەکوژرێت. مرۆڤەکان بە بێ ئەوەی هەست بە مردن بکەن، بەرەو پیری مەرگی بێدەنگ و نەرم پەلکێش دەکرێن. تەنانەت بە شێوەیەک کە تاک بۆ خۆی بە هۆگرییەوە بەرەو پیری ئەو مەرگە نەرم و بێدەنگە دەڕوات. واتە بە حەزکردنەوە جامی مەرگ هەڵدەنووشێت.

**ڕێبازەکانی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا**

**لەشەڕی تێکەڵاودا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بە چڕی بەم ڕێبازانەی خوارەوە بەڕێوە دەچێت کە بریتییە لە:**

١ - ڕێکخستن کردنی تۆڕی کۆکردنەوەو تۆمارکردنی زانیارییەکان

٢ - پڕوپاگەندەی نووسراو (ڕۆژنامە، گۆڤار، نامیلکە، کتێب، ئافیش، لێدوان و .... هتد)

٣ - پڕوپاگەندەی دەنگ و بیستراو وەک؛ (رادیۆ، بێ تێل، هوپارلۆ و میوزیک)

٤ - پڕوپاگەندەی بە دیمەن وەک؛ (وێنە، سینەما، تەلەڤیزیۆن)

٥ - پڕوپاگەندەی دیجیتاڵ - ئینتەرنێت وەک (ماڵپەڕ و تۆڕە مەجازییەکان)

٦-پڕوپاگەندەی جەستەیی وەک (چالاکی، میتینگ، خۆپیشاندان و سەردان)

٧ - پڕوپاگەندەی چەکداری (چەکی کلاسیک و چەکە مودێرن و سەردەمییەکان)

هەر رەهەندێکیان لەپێگە و ڕێگەی تایبەت بە خۆی بایەخ و

گرنگی هەیە. لەم گۆڕەپانانەی پڕوپاگەندەوە لەڕوانگەی زۆر هێز، لایەن و کەسەوە زۆر جار پڕوپاگەندەی ئەوە دەکرێت و بە سەر گەلدا فەرز دەکرێت کە سەردەمی چەک، زەبر و زەنگ، ئایدۆلۆژی، کتێب، گۆڤار، رۆژنامە، وتار، بەرنامە، تیڤی، رادیۆ و ... هتد نەماوە. داخۆ ئەم پڕوگاندەیە لەپێناو چی دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە. تەنانەت ئەم هێز و لایەنانە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بە خراپ و گاڵتەجاڕی لەقەڵەم دەدەن. تەنانەت بانگەشەی ئەوە دەکەن کە سەردەمی حیزبایەتی، کوردایەتی، ئایدۆلۆژی و شەڕ بەسەر چووە. واتە سەردەمی پڕوپاگەندەو ئاژیتاسیۆن کۆتایی پێهاتووە. سەردەمی سیاسەت، ئایدۆلۆژی، فکر و مێژوو بەسەر چووە. ئەوە گەورەترین لادان و چەواشەکاری لە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنە. بەتایبەت بە واتەی چەکداماڵینی هزرە. لەکاتێکدا گەورەترین چەکی مرۆڤ هزر و زمانیەتی، ئەو کات چۆن دەبێت پڕوپاگەندەی پێ نەکات و بێ چەک بکرێت.

لەکاتێکدا کۆی ئەم بەرهەمانە دەرئەنجامی رەنج و کۆششی مرۆڤە. بەم بانگەشانە نکۆڵی لە رەنج و تەقالای مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکرێت. رێز و حورمەت بۆ داهێنان و دەستکەوتەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگە دانانرێ. هەڵبەت ئەم بانگەشانە لەپێناو لەناوبردنی شیرازەی کۆمەڵگە، سڕینەوەی یادگە، کولتوور، بێ بەری کردن و داماڵین لەچەکی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن و دابڕانی لەریشە و بنج و بناوانە مێژوویی و رەسەنەکەی بڵاو دەکرێتەوە. بەو پڕوپاگەندەیە گۆڕەپانی زەین لەچەکی هزر و رامان دادەماڵن. مرۆڤ بە بێ هەست، کاردانەوە، بیرکردنەوە و داهێنان دەهێڵنەوە.

لەتاکدا ساردبوونەوە لەبەرامبەر گۆڕەپانی ئایدۆلۆژی و ژیان دروست دەکرێت، تا بایەخ و گرنگی بەم گۆڕەپانانەی ژیان و تێکۆشان نەدرێت. ئەمەش دۆخی فەتح کردنی تاک و کۆمەڵگەیە کە لەسەری بەڕێوە دەبرێت. لەم شەرت و مەرجەدا هێرش و پەلاماری سەر گەل فراوانتر دەبنەوە. دەوڵەت و دەسەڵات بە هەمان گۆڕەپان و ئامرازی پڕوپاگەندە تاک و کۆمەڵگە رووبەڕووی کۆمکوژی دەکەنەوە.

لەبنەڕەتدا پڕوپاگەندە راستی و تەندروستی وەستایی و شارەزایی دەوێت. واتە پڕوپاگەندەکارێکی ئازاد و دیموکرات، هونەرمەندانەیە. چون بەکارهێنانی زمان بۆ خۆی لەلایەن مرۆڤەوە هونەرە. بەتایبەت لەم سەردەمەی شەڕدا بەکارهێنانی زمانی پڕوپاگەندەی گەل لەتوانای هەرکەسێکدا نییە. پڕوپاگەندەکاری گەل خاوەن شارەزایی، زانایی و تێگەیشتنە. بۆیە لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بۆ خۆپاراستن و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ئەم سەردەمەی شەڕ کەسی پڕوپاگەندەکار پێویستە هونەری دەربڕینی زمان و بەکارهێنانی دەستەواژەکانی بە رێک و پێکی هەبێت کە لەچ شەرت و مەرج و زەمەن و مەکانێکدا بەکاری ببات. ئەوا ئەو کەس و لایەنە دەبنە پڕوپاگەندەکارێکی باش و سەرکەوتوو کە دەتوانن گورز لە کۆنسێپتی قڕکردن و پاکتاوکاری گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بوەشێنن.

لەهەر شوێنێک کە کەرەستە و کەناڵی پەیوەندی و گەیاندن بوونی هەبێت، بواری روودان و بەکاربردنی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن زۆرە. بەتایبەت کەڵک وەرگرتن لەشەڕی نەرم

و هێزی نەرم گرنگترین ئامرازی پڕوپاگەندەو ئاژیتاسیۆنە. ئینتەرنێت و شێوە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندی دیجیتاڵ بە شێوەیەکی بەرچاو رۆڵیان هەیە لەبڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندەدا. میدیاکان لەسەردەمی مۆدێرندا ئامێرگەلێکی بەهێزن کە لەخزمەت شەڕی دەروونی و پڕوپاگەندەی هێرشبەرانەی رژێم دایە.

پڕوپاگەندەی میدیا و راگەیاندن چوارچێوەیەکی زۆر بەرفراوان لە میدیای کلاسیک (لەئاستیناملیکە، کاتالۆگ و دیوارنووسی) تا میدیای دیجیتاڵی مودێرن (تۆڕە مەجازییەکان و ئاپلیکەیشنەکانی گەیاندنی پەیام) لەخۆ دەگرێت. پڕوپاگەندەی میدیا رۆڵی دەبێت لەپەخشکردنی فۆرمێک لەزمان کە لەپشت پێوەرەکانی ناساندن و گەیاندندا بە خوێنەر، بیسەر و بینەر دەگات. بە جۆرێک کە ئەمڕۆ راگەیاندن سیستەمە، دونیا ناوەکیەکەی رەنگڕێژ دەکات. بە جۆرێک هەست و چێژی هەموان ئامادە دەکات بۆ وەرگرتنی ئەو بابەتەی کە ئەو ئامانجێتی. هەڵبەت بۆی گرنگ نییە کە لەکایەی بازاڕ و ئابووری بێ یان سیاسی و کۆمەڵایەتی.

لەرژێمی ئێراندا دەسەڵات، میدیا وەک ئامرازێکی شەڕی دەروونی و ناوەندێکی پڕوپاگەندە بەرانبەر بە گەل و کۆمەڵگە بەکار دەبات. میدیا رۆڵی چەواشەکاری، دانپێدانانی زۆرەملێ و ناوزڕاندن دەگێڕێت. بۆیە یەکێک لەئامانجە سەرەکییەکانی دەزگاکانی راگەیاندن سەرکوتکاری رژێم، ناوزڕاندنی چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و نیشاندانی وێنەی تۆقێنەری هێزە ئەمنییەکان و ناردنی پەیامێکی بە هێزە کە هەر کەس، چەندێک لەدژی رژێم بە هێز و پێداگر بێت، لەکۆتاییدا شکست

دێنێت و ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵات و بانگەشەکانی رژێم دەبێت.

دەزگاکانی راگەیاندن و پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی رژێم لەرێگەی چالاکییە جۆراوجۆرەکان و لەرێگەی چەندین بواری بڵاوکردنەوەی وەک؛ دیجیتاڵ میدیا، گۆڕەپانی رۆژنامەگەری، هونەر، کولتوور و پیشەسازی و رۆشنبیریدا، بە شێوەی جۆراوجۆر کارتێکەری دەکەنە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵک لەئێراندا.

**لەئێران پڕوپاگەندەی میدیایی و راگەیاندن بەم چەند مەبەستەی خوارەوە برەو بە کردەوەی نەرێنی و پڕوپاگەندەی هێرشکارانە و گۆڕێنەرانەی گەل و کۆمەڵگە دەدەن کە بریتین لە:**

١- چەواشەکردن و دەستکاری کردنی هەواڵ بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی رژێم

٢ - دروست کردنی دوژمنی گریمانەیی (فەرزی) بۆ داپڵۆساندنی هێزە دژبەر و ناڕەزاییەکانی کۆمەڵگە

٣ - سیاسەتی لاوازکردن، هەڵخڕان و رماندن وەک پیشەی هەمیشەیی لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات.

٤ - وابەستەیی و نەبوونی سەربەخۆیی لەتاک و کۆمەڵگەدا دروست دەکات.

ئەگەر هێز و لایەنێک بیەوێت ئۆرگانیزاسیۆن یان رێکخستنێک،

کەس و کۆمەڵگەیەک لەسەر بنەمای ئامانجێک چالاک و ڕێکخستنی بکات، پێویستە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بە پلان و بەرنامە بەڕێوە ببات. لەبنەڕەتدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی شۆڕشگێڕی هونەری بە کاربردنی زمانە. ئەو کەسانەی لەناو گەلدا ئەم هونەرە بە باشی بە کار دەبەن، دەتوانن ببنە پڕوپاگەندەکارێکی باش. لەپڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆندا فاکتەرێکی دیکە کاریزمای ئەو کەس و لایەنەیە کە پڕوپاگەندە دەکات. کەسێکی کاریزماتیک لەپڕوپاگەندەدا سەرکەوتووترە. وێنەی بەرچاوی ئەوە ڕێبەر ئاپۆیە کە گەورەترین و داهێنەرترین پڕوپاگەندەکار و ئاژیتاتۆری سەردەمە. چون خاوەن هونەری پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنە.

**پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بۆ خۆی لەسێ قۆناخی سەرەکیدا بەڕێوە دەبرێت کە بریتیە لە:**

١ ـ ئاگادارکردنەوە

٢ ـ بڵاوبوونەوە

٣ـ ژیانی کردنی ئەو فکر و فەلسەفەیەی کە مەبەستیەتی لەخۆ دەگرێت.

**پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا**

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا هەندێک لەهێز و لایەنە کوردییەکان لەژێر ناوی پڕوپاگەندە کردنی ستراتێژی، بەرنامە و پیلانەکانیان؛ سووکایەتی بە فکر، ئایدۆلۆژی، تیۆری، کولتوور،

ڕەنج و نرخ و بەهاکانی گەل و کۆمەڵگە دەکەن. نکۆڵی لەهەبوونی حەقیقەت و ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. سەرجەم ئامرازەکانی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنیان خستوەتە خزمەتی ئەم میتۆدەی شەڕیانەوە. بە شەو و ڕۆژ پڕوپاگەندەی ساختە و دوور لەڕاستی دەکەن. گەل و کۆمەڵگە لەناو ڕووباری درۆ دەخنکێنن. هەندێک لەسەرباز و جیرەخۆرەکانی شەڕی هیبریدی لەژێر قەڵافەتی ڕۆشنبیری و هونەرمەندیدا ژەهر دەرخواردی کۆمەڵگە دەدەن. بە پڕوپاگەندەکانیان کۆمەڵگە لەواقعیەتی خۆیان دادەبڕێنن. بە چەکوچۆڵ و ڕێبازی هێزە دەرەکییەکان پڕوپاگەندە بۆ گەل دەکەن. ئەوەش ڕێبازی پڕوپاگەندەی نەیار و دوژمنانی گەل و کۆمەڵگەیە. بۆیە کۆمەڵگە ئەو تیپ و جۆرە جیرەخۆرانەی کە بوونەتە داردەستی شەڕی تێکەڵاو لەئامێزی خۆدا قبووڵ ناکەن و بەرپەرچی توندیان دەدەنەوە.

پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن دەبێت بەپێی پێویستی، ویست و داخوازی و تایبەتمەندییەکانی گەل و کۆمەڵگە بێت. هاوکات کۆمەڵگە ئاراستەی ئازادی، دیموکراسی و پێکەوە ژیان بکات. واتە کۆمەڵگە ئاراستەی ئامانجێکی دیارکەر بکات.

ئەم دوو دەستەواژەیە گرێدراوی یەکن. پڕوپاگەندە؛ بانگەشەیە. بانگەشەی پارادیگما، ئایدۆلۆژی، تیۆری، فەلسەفە، ژیان، ستراتیژی، تاکتیک، پلان و بەرنامەیە. پڕوپاگەندە بابەتێکی درێژخایەن و فرەڕەهەندە. لەکاتێکدا ئاژیتاسیۆن لەساتدا ئەنجام دەدرێت و کاتییە. بۆ گەیشتن بە ئامانج، هوتاف لێدەدرێت تا کاریگەری کورتخایەن لەسەر تاک و کۆمەڵگە

دابنێت و ئامانجەکان لەکورتخایەندا مسۆگەر ببێت. ئەگەر ئاژیتاسیۆن پڕوپاگەندەی لەگەڵ نەبێت، سەرکەوتوو نابێت. هاوشێوەی ئەوەی کە لە بەهاری گەلانی وڵاتانی عەرەبی کوشتنی گەنجێک بووە هۆکاری بەرپابوونی شۆڕش و رووخانی بەشێک لەدیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمە. دەرئەنجامی رێبازی ئاژیتەکێشان بە رێگەی تۆڕە مەجازییەکانەوە گەل بە پێشەنگایەتی گەنجان لە دژی دیکتاتۆرەکان رژانە سەر شەقام. بەڵام دوای دامرکاندنەوەی شۆڕش و بونیادنانەوەی کۆمەڵگە جارێکی دیکە کۆی ناڕەزایەتییەکانی گەل و کۆمەڵگە ئاراستەی ناو تۆڕەکانی دەسەڵات کرانەوە و بەرهەمی شۆڕش زەوت و چەپاو کرایەوە. ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە ئاژیتاسیۆن بە بێ پڕوپاگەندە بەڕێوە براوە. واتە دابڕاو لەپڕوپاگەندەی ئایدۆلۆژی، تیۆری، فەلسەفی، سیاسی، رێکخستنی، چەکداری و... هتد بووە. بۆیە جارێکی دیکە دەسەڵات لەسەر رەنجی کۆمەڵگە بە شکڵ و رێبازی نوێیەوە درێژە بە هەبوونی دەسەڵاتداری خۆی داوەتەوە.

ئەو پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنەی وەڵامی ویست و داخوازییە دیموکراتیکەکانی کۆمەڵگە نەداتەوە، دێماگۆژی (خەڵک خەڵەتێنی) یە. بۆیە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان پڕوپاگەندە و دێماگۆژی (خەڵک فریودان) لەئارادایە کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتی پێدەکەم.

دێماگۆژی لەلایەن دەسەڵاتدارانی رژێمەوە بە ئامانجی چەواشەکردنی هوشیاری کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی زیهنی تاکەکان بۆ پەیوەست بوونیان بۆ ناو تۆڕەکانی دەسەڵات بە کار دەبرێت. واتە سەرتاپا پشت بە درۆ و دەلەسە و فریودان

دەبەستێت. بە بەردەوامی لەژێر دەمامکی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆندا بۆ داگیرکردنی هەست و زەینی تاکەکانی کۆمەڵگە قسەی بێ سەروبەر، لەبەرکراو و پووچ و بێ بنەما بڵاو دەکاتەوە. وەک گەلەیەکی پەز سەیر و مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکان دەکات. لەکاتێکدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن مرۆڤ بە هەبوونێکی کۆمەڵایەتی لەقەڵەم دەدات و لەپێناو هاندانی بۆ گەیشتن بە ئازادی کار دەکات. هاوکات تاک و کۆمەڵگە لەدەوروبەری هزر و فەلسەفەیەک کۆدەکاتەوە و بەرەو ئامانجێک ئاراستەیان دەکات. پڕوپاگەندەیەکی سەرکەوتوو کات و خەباتێکی بێ وچان و درێژخایەنی دەوێت، بەڵام دیماگۆژی لەسات و مەودایەکی کورتخایەن ئامانجەکەی دەپێکێت. لەکاتێکدا دیماگوژی تەنیا خیتابی هەستەکان دەکات. بۆ رەوایەت دان بەوەش سوپای درۆکەر و فریودەریان رێکخستووە. هەمیشە وێنەی زریقە و بریقەی رواڵەتی بۆ گەل بە نمایش دەدات تا باوەڕی و متمانەی گەل و کۆمەڵگە بە دەست بهێنێت. بە پێچەوانەی ئەو پیلانەوە بە زۆری گەل لەبەرامبەر پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی دەسەڵات بێ باوەڕ و متمانەن و زۆر بە گومان، راڕا و دوودڵن.

لەبنەڕەتدا ئاژیتاسیۆنی راست و تەندروست شێوەیەکی پڕوپاگەندەیە. تەنانەت شێوەی هەرە بە کاریگەری پڕوپاگەندەیە. بواری تاکتیکی پڕوپاگەندە تەواو دەکات. تاکتیکێکی پڕوپاگەندەیە. هاوشێوەی پڕوپاگەندە شوێن و گۆڕەپانێکی بەرین ناکاتە ئامانج. لەسەر ئەو بنەمایە پەیوەندی ئاژیتاسیۆن و پڕوپاگەندە پەیوەندییەکی دیالکتیکیە. پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بە باوەڕی

و ئیرادە بەڕێوە دەبردرێت. ئەو بانگەشەی کە بۆ کۆمەڵگەی دەکات، لەکرداردا بە جێی دێنێت. لەگەڵ نرخ و بەهاکانی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و ویژدانی ناکەوێتە ناو ناکۆکییەوە. بەڵکوو دەبێتە دەنگی ویژدانی بە ئاگای کۆمەڵگە. لەکورتخایەندا ئەنجامێکی باش دەستەبەر دەکات. بۆ ئاژیتاسیۆن داتا پێویستە. رستەسازی کورت کاریگەری دادەنێت. لەم گۆڕەپانەدا زمان راستەوخۆ بە کار دەبرێت، هەڵبەت زمانی جەستە بەکاریگەرترە. شێوەی پڕوپاگەندەکردنی کاریگەری لەسەر خەڵک دادەنێ. بۆ ئاژیتاسیۆن بەردەوام بەرنامە و پرۆگرام پێویستە، تا لەپڕوپاگەندەدا سەرکەوتوو بێت.

هاوکات لەئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لەلووتکەی شەڕی تێکەڵاودا بەشەهیدخستنی ژینا ئەمینی چەخماخەی داگرساندنی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» لێدرا. زۆر کەس هەر لەسەرەتای بەرپابوونی شۆڕشەکە ویستیان سواری شەپۆلی نارەزایەتی گەل و کۆمەڵگە ببن. بۆیە ناو و ناتۆرەی جیاوازیان بە پێی بەرژەوەندی تەسکی دەسەڵاتخوازانەیان بۆ شۆڕش داتاشی. هەوڵیان دا ئاراستەی شۆڕش بۆ ناو زیهنیەت و چەمکی حیزبی کلاسیک و کۆنەپارێزی و پاشماوەی دیکتاتۆرەکان پەلکێش بکەن. بە ئاژیتاسیۆن دەستکەوتەکانی شۆڕش قۆرخ و زەوت بکەن. بۆیە پێویستیان بە پڕوپاگەندەی فکری، سیاسی، پارادیگمایی و تیۆری نەدەبینی و گەل و کۆمەڵگەیان لەم رەهەندانە بێ بەری دەکرد. سەرەڕای ئەوەش پێناسەی دوور لەڕاستی و جیاوازیان لەسەر بار دەکرد. بەڵام لەبەر ئەوەی دروشمی «ژن ژیان

ئازادی» پاشخانێکی قووڵی مێژوویی هەیە. زیاتر لە نیوسەدە پڕوپاگەندەی فکر و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردەوەی لەپشتەوەیە. لەم مەودا زەمەنیەدا تێکۆشانی بێ پسانەوە لەژێر فەلسەفەی «ژن ژیان ئازادی» لەهەموو بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە براوە. بۆیە خونچەکانی شۆڕش ڕۆژلەدوای ڕۆژ دەمکراوەتر و گەشاوەتر دەبن. لەبەر ئەم، واقعیەتەیە کە بە پێکەوە بوون و هاوتەریبی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا پێویستییەکی سەردەمیانەیە.

لەشەڕی تێکەڵاودا پێویستە بزانرێت کە لە چ کاتێکدا پڕوپاگەندە و ئاژیتاسۆن بکرێت. واتە کات و ساتی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بزانرێت. ئەگەر پاشخانی پڕوپاگەندە و ئایدۆلۆژی دانەگیردرێت پڕوپاگەندە ناگاتە ئەنجام. دوای تێپەڕبوونی چەند مانگ بە سەر شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی»دا شاهیدی ئەوە بووین کە سوارکارانی سەر شەپۆلی شۆڕش بانگەشەی دامرکاندن و کۆتایی هاتنی شۆڕشیان دەکرد. لەبەر ئەوەی بیرکردنەوەو چەمکی تێگەیشتنیان لەشۆڕش ساتییە و شۆڕش بە ڕووداوێکی چاوتروکان لەقەڵەم دەدەن. واتە شۆڕش رابوونێکی ساتییە و لەچاوتروکانێکدا دروست دەبێت و بە زووترین کات دەسەڵات دەڕوخێنرێت و تێکدەدرێت و بۆ خۆشیان دێنە سەر دەسەڵات. لەکاتێکدا ئەوە پێناسەیەکی هەڵەی شۆڕشە کە سەرچاوەکەی بۆ ناوەڕۆک و ئاوێنەی شەڕی هیبریدی دەگەڕێتەوە. چون شۆڕش کردەیەکی درێژخایەنە. تایبەت زیهن، هەست و ژیانی گەل و

کۆمەڵگە دەگۆڕێت. بەو پێیە ڕێکخستن و کۆمەڵگەی نوێ بۆ گەل بونیاد دەنێت و چالاکتری دەکات. ئەگەر هێز و لایەنێک لەسەر شۆڕش هیچ پڕوپاگەندەیەکی درێژخایەن و مەودا درێژی نەکردبێت، لەو لاشەوە چاوەڕوانی قۆرخ کردنی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بێت، مسۆگەری ئەو خەونە نامومکینە.

بۆچی لەشەڕی تێکەڵاودا گرنگی بە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن دەدرێت؟ بۆچی کەسێکی لەم سەردەمەدا خاوەن ئەم هونەرە نەبێت، نابێتە پڕوپاگەندەکارێکی باش؟ پڕوپاگەندە تەنیا قسە کردن نییە. تەنیا شێوەی دەربڕینی وشەو هوتاف کێشان نییە. پڕوپاگەندە خاوەن تایبەتمەندی و ڕێ و ڕێبازی تایبەتە. ئەگەر گوتن و کرداری پڕوپاگەندەکار یەکانگیر نەبێت، لەلایەن کۆمەڵگەوە ڕێزی بۆ دانانرێت. لەشەڕی سەردەمدا پڕوپاگەندەکاری لێهاتوو و بەتوانای گەل وەک جەنگاوەرێکی ئازا، بوێر و شارەزایە.

لەم سەردەمەی شەڕدا پەژاک لەبەر ئەوەی خۆشەویستی ناخی گەلە، پڕوپاگەندەی لەگەڵ گوتن، هەست و کرداری کۆمەڵگەدایە. پەژاک بانگەشەی چی بکات لەکرداردا جێبەجێی دەکات، چون باوەڕی و ئیمانی تەواوی پێی هەیە. لەڕوانگەی پەژاکەوە پڕوپاگەندە چەواشەکاری، فریو و تەڵەکەبازی نییە و بەو شێوەیەش پڕوپاگەندە بۆ گەل ناکات. لەپڕوپاگەندەکردنیدا ئامانجەکەی روونە. ڕەمزی سەرکەوتنەکەشی لەوەدایە. گەریلا لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بۆچی دەبێتە ئیلهامبەخشی گەل؟ بۆچی هیوا و مۆڕاڵ بە گەل و کۆمەڵگە دەبەخشێت؟ هۆکارەکەی بۆ درک کردن بەو راستیەیە کە گوتار و کردەوەی گەریلا لەیەک

دانەبڕاوە. واتە وەک گۆشت و ئێسقان پەیوەستی یەکدینە.

پڕوپاگەندە تەنیا دەربڕینی شێوەی زمان نییە. بەڵکوو شێوەی ژیان و چالاکی نواندنیشە. یەکانگیر بوونی زمان، ژیان و چالاکی؛ پێشەنگ، ڕێبەر و رزگارکەری گەل دەخوڵقێنێت. ڕێبەر بوونی ڕێبەر ئاپۆ لەسەر ئەم بنەمایە بونیاد نراوە. لەکاتێکدا سەیری بنەماڵەی بارزانی بکەین چەندێک دەرفەت، ئیمکان و دەسەڵات و پارەی لەبەردەستدایە، گەل لەگەڵیدا نیین. چون ئەو پڕوپاگەندەیەی دەیکات، لەگەڵ کردەوەو ڕەفتارەکانی یەک ناگرێتەوە. ئەوەش دەبێتە پڕوپاگەندەی ڕەش و چەواشەکراو کە چەکێکە کۆمەڵگەی گیرۆدەی چینگەرایی، نادادپەروەری، ڕەگەزگەرایی، زانست گەرایی و ئاینگەرایی کردووە. چون پڕوپاگەندەی چەواشەکار دابڕاو لەئامانجە. واتە بنەماڵەی بارزانی لەئامانج (کورد بوون، وڵاتپارێزی، نیشتمان پەروەری و شۆڕشگێڕی) دابڕاون. بەڵکوو بە پڕوپاگەندەی ڕەش کۆمەڵگە فریو دەدەن و خۆیان بە خاوەنی کورد و کوردستان لەقەڵەم دەدەن. لەکاتێکدا سەرچاوەی نەهامەتی، چەرمەسەری و بێ هیواییەکانی گەل لەباشووری کوردستان بۆ مێتۆد و ڕێبازەکانی گوتار و ژیان و کردەوەکانی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە.

پەژاک بە پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی خاوەن پێوەر و پرەنسیبی دیموکراتیانەیە. لەسەر چ بنەمایەک پڕوپاگەندە دەکات، پڕوپاگەندەو ئاژیتاسیۆنی ڕوون و ڕۆشنە. پرەنسیبی خەبات و تێکۆشانی ڕوونە. بۆ گەرەنتی سەرکەوتن پشت بە هێزی گەوهەری خۆی دەبەستێت. پڕوپاگەندە لەپێناو یەکگرتنی کورد

و بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک و ئازادی کوردستانە. لەپێناو پاراستنی نرخ و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کوردە.

بناخەی تەڤگەری ئاپۆیی لەسەر پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی شۆڕشگێڕی بونیاد نراوە. ڕێبەر ئاپۆ بۆ ئەوەی پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی بکات، لێکۆڵینەوەی قووڵی ئەنجام داوە، تا بتوانێت کاریگەری لەسەر گەل و کۆمەڵگە دابنێت. تاک و کۆمەڵگە قانیع بکات. کۆنسێپتی داگیرکەران پووچەڵ بکاتەوە. پەکەکە لە ٦ کەسەوە پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی بە دروشمی کوردستان داگیرکراوە دەستپێدەکات و لەئەمڕۆدا گەیشتوەتە دەیان ملیۆن مرۆڤ. لەبەر ئەوەی پەکەکە هەڵگری سووژەی دیارکراوی گەلە. بووەتە ئەو هەبوونەی کە بە دروشمی «پەکەکە گەلە و گەلیش لێرەدایە» خەملێندراوە. بەو پێیە پەکەکە بژاردەی بێ ڕکابەرە و گەل و کۆمەڵگە بە جۆش و خرۆشەوە لەئامێزی گرتووە. پەکەکە بە هزر، ڕامان، فەلسەفە و ژیان کۆمەڵگە قانیع دەکات. پەکەکە کولتووری بەرخۆدان و تێکۆشانە، بۆیە ناوی لە مێژودا دەمێنێتەوە و هەمیشە ئامانجە ئازادیخوازەکانی شکۆدارە.

ڕۆح و هەستی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیونی شۆڕشگێڕی پەروەردەیە. سەرتاپای پڕوپاگەندەی بزاڤی ئاپۆیی، پەروەردەیە. تەنانەت مێژووی بزاڤی ئاپۆیی مێژووی پەروەردەیە. خۆپەروەردەکردنی هەمیشەییە. ئەوەش لەپێناو پێشخستن و بونیادنانی ئایدۆلۆژی و فەلسەفە ئەنجام دەدرێت. چون زیهنیەت بۆ خۆی بە واتای ئایدۆلۆژی و فەلسەفەیە. بەم مێتۆدە تاک لەدەوڵەتخوازی و جنسیەت پارێزی ڕزگار دەکرێت. چون

لەزیهنیەتی بزووتنەوەی ئاپۆیی دەوڵەت، دەسەڵات، چین و ڕەگەزگەرایی جێگەی نابێتەوە. ئەم بزاڤە لەسەر بنەمای فکر و ئایدۆلوژی پڕوپاگەندە دەکات و خزمەتی گەل و کۆمەڵگە دەکات. ئەوەش بە ڕێگەی بونیادنانی سیستەمی دیموکراتیک و یەکسانی و ئازادی مسۆگەر دەبێت. بەو چەکە کۆمەڵگە هوشیار و زیندوو دەکاتەوە. واتە مرۆڤ لە نان و ئاو زیاتر پێویستی بە پەروەردە هەیە. لەو پێناوەدا بە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن هوشیاری ناو گەل و کۆمەڵگە دروست دەکات. هونەری خۆپاراستن و چۆن بژین لەکەسایەتیدا دەبووژێنێتەوە. لەبەکارهێنان و دروست کردنی چەک و تەکنۆلۆژیای سەردەم شارەزا و لێهاتووی دەکات. هانی ڕێکخستن بوون و کۆمەڵایەتی بوونی دەدات، تا لەشاڵاوی شەڕی تێکەڵاو پارێزراو بێت.

لەو پێناوەدا نێوان پڕوپاگەندە و شەڕیش پەیوەندی چڕ و پڕ لەئارادایە. بۆیە لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا ڕێبەر ئاپۆ بۆ شێوە و فۆرمی شەڕ لەبەرامبەر داگیرکەران پێناسەیەکی سەردەمیانەی هەیە کە دەڵێت: «**پێویستە بە ئەندازەی ئامانج، ئامرازیش پیرۆز بێت**».

هیتلەریش[٣] سەبارەت بە پڕوپاگەندە دەڵێت:«پڕوپاگەندەی

---

٣. ئەدۆلف هیتلەر (٢٠ی نیسانی ١٨٨٩ – ٣٠ی نیسانی ١٩٤٥) ژیاوە. پێشەوای پارتی نەتەوەیی سۆسیالیستی ئەڵمانیا ناسراو بە (ئەڵمانیای نازی) و ڕابەری ئەڵمانیا لە سەردەمی دەسەڵاتداری پارتی نازی لە ساڵانی ١٩٣٣ هەتا ١٩٤٥ بووە. لە جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرباز بووە. لە ساڵی ١٩٢٠ بووە بە ئەندامی پارتی نازی، لە ١٩٢١دا بووە بە سەرۆکی پارتەکە. نازی بزووتنەوەیەکی فاشی بووە کە دەستی بە سەر هەموو ئازادییەکانی تاکدا گرتبوو. دژایەتی دیموکراسی و کۆمۆنیزم و سۆشیالیستی دەکرد لە گەڵ سەرجەم سیستەمە ڕامیارییە جیاوازەکانی دیکە کە بانگەشەی یەکسانییان دەکرد. لەساڵی ١٩٤٥ فەرمانڕەوایی نازی لەناو براوە.

لەسەر یەک و شارەزا دەتوانێت بۆ کۆمەڵگە دۆزەخ وەک بەهەشت نیشان بدات و بەهەشتیش وەک دۆزەخ بە شێوەیەکی پڕۆفیشناڵ نیشان بدات، کێ توانی ئەم شتە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات، ئەوە پڕوپاگەندەکارە». ئەم پێناسەیە لەگەڵ راستی پێناسەی شەڕی تێکەڵاو یەکدەگرێتەوە. واتە پڕوپاگەندەی دەوڵەت و دەسەڵات درۆ دەکاتە راستی و راستیش دەکاتە درۆ. جوانییەکانی ژیان لەبەرچاو گەل رەش دەکات و رەشییەکان و ناحەزیەکانی ژیانیش جوان و باش لەقەڵەم دەدات.

لەکاتی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی شۆڕشگێڕی پێویستە شارەزایی لەسەر پسیکۆلۆژی گەل و کۆمەڵگە هەبێت. چاند و کولتووری و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بزانرێت. ئاگاداری و شارەزایی لەسەر رەوش و دۆخی هێزە دژبەرەکانی خۆی هەبێت. چاودێری ئەنجامی پڕوپاگەندە بە باشی بکرێت. بە گوێرەی ئەو ئەنجامە تاکتیکی پڕوپاگەندە پێشبخرێت. دواتر بەو پێیە لێدوان و پەیام بڵاو بکرێتەوە.

لەپڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕیدا پێویستییەکانی کۆمەڵگە بە بنەما دەگیردرێت. بزاڤی ئاپۆیی بە پێی پێویستییەکانی گەل و کۆمەڵگە دامەزراوە. تەڤگەرێکی سەردەمیانە و پێویستی گەل و کۆمەڵگەیە. رێبەرتی هەر قۆناخێکی تێکۆشانی ئازادیخوازی بە پێی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە پەرە پێ داوە. تەڤگەر و هێزی بە گوێرەی پێویستی گەل و کۆمەڵگە دامەزراندوە و گەشەی پێداوە. پارادیگما، ئایدۆلۆژی، هزر، فەلسەفەو مێتۆدی نوێی ژیان و تێکۆشانی بۆ کۆمەڵگە داهێناوە.

**تایبەتمەندییەکانی پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی لەشەڕی تێکەڵاودا**

بەو پێیە بۆ پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنێکی شۆڕشگێڕی و سەرکەوتوو لەشەڕی تێکەڵاودا پێویستە؛

١ ـ پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن گرێدراوی ئەخلاق و ویژدان بێت.

٢ ـ ویژدانی کۆمەڵگە زیندوو و بە ئاگابکاتەوە.

٣ ـ بە بەرنامە، کۆردینە (هەماهەنگ) و تەواوکەری یەکدی بەڕێوە بچێت.

٤ ـ جیاوازی ئامانج بەرچاو بگیردرێت و بە پێی شەرت و مەرجەکان بگۆڕدرێت. واتە لەکاتی کۆسپ و تەگەرەکاندا خاوەن پلانی دووهەم و ئیرادە و ئینسیاتیڤ بێ.

٥ ـ بە باشی کەڵک لەکات وەربگیردرێت و لەپێشدا هەموو ئامادەکارییەک بکرێت.

٦ـ قسەکەر سەبارەت بەو بابەتەی قسەی لەسەر دەکات، بە خۆ باوەڕ بێت و بۆ قانیع کردنی کۆمەڵگە بەڵگە و دیکۆمێنتی بەهێزی لەلا بێت.

٧ ـ پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن بە بەردەوامی بێت و بۆ لێکەوتە و کاریگەرییەکانی بە سەبر بێت.

٨ ـ ئەو تاک و کەسانەی کە کاریگەرییان لەسەر دابنرێت، تایبەتمەندییەکانیان بزانرێت.

٩ ـ پڕوپاگەندە لەسەر بنەمای ستراتیژی و تاکتیک و ڕێکخستن ئەنجام بدرێت.

١٠ـ شەرت و مەرجی ڕۆژانە لەبەرچاو بگیردرێت و شارەزای تایبەتمەندیەکانی شەڕی سەردەم بێت.

١١ـ شارەزایی لەسەر هێزە دژبەرەکان هەبێت و بە باشی چاودێری تەرز، ستراتیژی و ڕێبازەکانی پڕوپاگەندەیان بکرێت. بە گوێرەی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی بەرامبەر هەنگاو هەڵبگیردرێت.

بۆ ئەوەی ئەو پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنە لەشەڕی هیبریدیدا سەرکەوتوو بێت، کەسی پڕوپاگەندەکار و ئاژیتاتۆر پێویستە خاوەن ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە بێت:

١ـ کەسی پڕوپاگەندەکار خاوەن ئیسلوب و خیتابەت بێت. ئیسلوب بە واتای خۆگەیاندنی شێوەی زمان و ڕامانە. خیتابەت بە واتای ئیفادەکردنی ژیان و هونەری ڕامانە.

٢ـ ئاگایی و زانیاریی پێویستی هەبێت.

٣ـ بە کارهێنانی ڕێژەی دەنگ، وشەکان و بە کارهێنانی زمانی جەستە و ژێست و شێوەی دانیشتن لەناو هاوئاهەنگییەکدا بە کار بهێنێت.

٤ ـ ئامادەکاری بە هێزی هەبێ.

٥ ـ فکر و ڕامانی خۆی بە شێوەیەکی ڕوون و بە بێ دوودڵی دەرببڕێت.

٦ـ هاوشێوەی گەل و کۆمەڵگە بێت.

٧ ـ زمانێکی دەوڵەمەند بە کار ببرێت.

٨ ـ بێ ناوبەر بخوێنێت و خۆی پێشبخات.

٩ـ گرنگی بە شکڵ و روخسار و زمانی جەستە بدات.

لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا هاوتەریبی شەڕی دەروونی و تایبەت، پڕوپاگەندەی سیاسی لەهەموو گۆڕەپانەکانی ژیان ئەنجام دەدرێت. کاری هوشیار کردنی گەل و ئاراستە کردنی رۆژەڤی کۆمەڵگەی بە ئەستۆیە. چون ئامانجی سەرەکی و دیاریکراوی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن؛ مرۆڤە. بۆیە پێش هەر شتێک بۆ پڕوپاگەندەیەکی سەرکەوتوو و ئەنجامگیر پێویستی بە خەباتێکی بەپلان، بە بەرنامە و بە دیسپلین هەیە. پڕۆپاگەندەیەک کە سیاسەتی دیموکراتیک بە بنەما بگرێت، زامنی سەرکەوتنە. سیاسەتێکیش کە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنێکی شۆڕشگێڕی و بە کاریگەر بەڕێوە ببات سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. واتە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنێک کە ئەخلاق و پێوەرە مرۆییەکان بە بنەما بگرێت، دەرگا لەبەردەم سیاسەتی دیموکراتی ئاوەڵا دەکات.

**ئامانجەکانی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەشەڕی تێکەڵاودا**

ئامانجی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بریتییە لە:

١ـ بڵاوکردنەوەی هزر و رامان و فەلسەفەی سیاسی
٢ـ قانیع کردنی تاک و کۆمەڵگە
٣ ـ راکێشانی هەست و دڵی مرۆڤەکان
٤ـ ئاراستەکردنی رای گشتی کۆمەڵگە

٥- ڕێکخستن و چالاک کردنی تاک و کۆمەڵگە بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی

٦- بونیادنانی ژیان لەسەر فکر و رامان و فەلسەفەیەک کە مەبەستییەتی.

لەو پێناوەدا بە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی سیاسی، دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سیستەمە نادیموکراتیکەکان هەڵدەتەکێت و دەرفەتی شۆڕشی زەینی و کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگە دەڕەخسێنێت و کۆمەڵگە سەر لەنویێ بونیاد دەنێت. بە تایبەت بە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژییا و راگەیاندن پڕوپاگەندەی سیاسی لەسەردەمێکی نوێدایە. ئەم پڕوپاگەندەیە بە ئاسانی روانگە، هزر و رامان، هەست و رەفتاری کۆمەڵگە دەگۆڕێت و بەرەو لایەنی دیارکەر ئاراستەی دەکات.

ئەگەر ئایدۆلۆژییەکی بە هێز بوونی نەبێت، مومکین نییە کە پڕوپاگەندە کردنیش بە هێز ببێت. کەسێک کە شارەزایی لەسەر ئایدۆلۆژی خۆ و نەیاری خۆی نەبێ، ناتوانێت بە باشی پڕوپاگەندە بکات و هزر و رامان و پەیامەکەی بە کەس یان کۆمەڵگەیەکی دیکە بگەیەنێت. لەم شەڕەدا پڕوپاگەندەکار نابێ ئایدۆلۆژی دژبەری خۆی بچووک لەقەڵەم بدات. بە تایبەت ئایدۆلۆژی هێزە سەردەستەکان کە خاوەن مێژووییەکی هەزاران ساڵەن. ئەو هێزە داگیرکەرانە بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژی چەقبەستوو و دۆگمیان بە سەر ئیرادەی کۆمەڵگە بسەپێنن و کۆمەڵگەش بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە، ڕێکخراوەیەکی

داپلۆسیێنەری وەک دەوڵەتیان دامەزراندووە. ئەو ڕێکخراوەش لە ئەمڕۆدا زانست و تەکنۆلۆژییای سەردەمی قۆرخ کردووە و لەدژی کۆمەڵگە بەڕێوەی دەبات. واتا هەر شتێک لەسەر بنەمای زانستی پۆزەتیویستی پێناسە دەکات تا حاکمیەتی ئایدۆلۆژی و دەسەڵاتداری خۆیان بە سەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

**لەکاتی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن ئەو بابەتانەی کە پێویستە دیقەت بکرێت بریتین لە:**

١. ڕەچاوگرتنی پسیکۆلۆژی کۆمەڵگە
٢. ڕەچاوگرتنی چاندی کۆمەڵگە
٣. ڕەچاوگرتنی پێویستییەکانی کۆمەڵگە
٤. ڕەچاوگرتنی بارودۆخی هێزی دژبەر
٥. ڕەچاوگرتنی کات و جێگەی هەڵوێست دەربڕین

لەشەڕی تێکەڵاودا بۆ سەرکەوتنی پڕوپاگەندەو ئاژیتاسیۆنی شۆڕشگێڕی لەبەرامبەر نەیاران ڕەچاوکردنی ئەم چەند خاڵەی خوارەوە پێویستە کە بریتین لە:

١. کەم و کورتی و لاوازییەکانی دوژمن دەستنیشان بکرێت.
٢ . پڕوپاگەندەی دوژمن بە هێز نەبینرێت و کاریگەری لەسەر کەسایەت دروست نەکات.
٣ . لەبانگەشەدا دوژمن بچووک نیشان بدرێت و بەو پێیە هەوڵی تێکشکاندنی ئیرادە و هەژمونی بدرێت.
٤ . ناکۆکی لەپڕوپاگەندەی دژبەران دەستنیشان و ریسوا

بکرێت.

٥ ـ لەپڕوپاگەندەدا دوژمن لاواز و ناڕەوا نیشان بدرێت.

تا دەڕوات لەشەڕی تێکەڵاودا کاریگەری پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەسەر کۆمەڵگە مەزنتر دەبێت. لەبەر ئەوەی هەموو ئەو هێزانەی کە ئامانجی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریان هەیە، پێش هەر شتێک پەنا بۆ پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن دەبەن. لەو پێناوەدا ئابووریەکی مەزن و دەرفەتی بەرفراوانیان بۆ برەودانی سەرف کردووە. لەو لاشەوە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن ئیدی وەک زانستێک لەناو ئەکادیمیەکاندا دەرس دەدرێت و بۆ کاریگەری بە هێزیان لەشەڕی فرەڕەهەندا کەسانی شارەزای پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن پێدەگەیەنن. تەلەڤیزیۆن، رۆژنامە، گۆڤار، میدیا دیجیتاڵ رۆژانە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێن و بە گوێرەی ئایدۆلۆژی، ستراتیژی و پلان و بەرنامەی خۆیان ئاراستەی دەکەن. کۆمەڵگە لەبواری زایەندی، جیل، چین، کولتوور، ئایین، مەزهەب، زمان و نەتەوەوە دابەش دەکرێن و خەباتی تایبەتیان لەسەر دەکرێت. بە گوێرەی بەش و پێکهاتەکانی کۆمەڵگە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن تایبەت لەسەریان بەڕێوە دەبرێت. ئەوەش نیشان دەدات کە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن لەگەشەدانی کۆمەڵگە و سیستەمدا خاوەن رۆڵن.

کولتوور، هونەر و وێژە گۆڕەپانێکن کە زیاترین پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنی تێدا دەکرێت. واتە کولتوور، هونەر و وێژە چەکێکن (چەکی خۆپاراستن) کە کۆمەڵگە هەبوونی خۆی پێ

دەپارێزێت. لەهەمان کاتدا گۆڕەپانێکن کە دەسەڵات دزەی تێدا دەکات و وەک چەکێک بۆ تێکشکاندنی کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرێت. ئامانجی هەر هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتیش ئەوەیە کە بە ڕێگەی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن هزر و رامانی خۆی بە کۆمەڵگە بگەیەنێت و ئاراستەی بکات. بۆیە بە چڕی و بەفراوانی گۆڕەپانەکانی چاند و هونەر بە کار دەبات.

چاند و هونەر ژیانی کردنی هزر و رامانە. کەلەپووری هاوبەشی مرۆڤایەتییە. یەکێتی نرخەکانی مرۆڤە. بۆیە هەموو گۆڕەپانەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت. لەبەر ئەوەی راستەوخۆ پەیوەندی بە خەباتی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنەوە هەیە. پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆنێک کە نرخی مەعنەوی کۆمەڵگە و تاکەکان بە بنەما نەگرێت، هەرگیز کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دانانێت و رەفتاریان ناگۆڕێت و رێکخستنیان ناکات. رژێم بۆ ئەوەی کۆمەڵگە سەر لەنوێ بونیاد بنێت بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی ئاراستەی بکات، دەیەوێت کولتور و ئایدۆلۆژی دەسەلاتداری خۆی بە سەر کۆمەڵگە بسەپێنێت.

ئامرازی پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن ناکۆکییەکانی ژیانی کۆمەڵگە قووڵتر دەکاتەوە. بۆیە هیوا و باوەڕی مرۆڤەکان تێکدەشکێنێت. لەو حاڵەتەدا گەشانەوەی هیوا و باوەڕی لەژیانی مرۆڤەکاندا گرنگی و پێگەی تایبەتی دەبێت. چون کۆمەڵگەیەک بە بێ هیوا، ئومێد و باوەڕی بوونی نییە. تایبەت ئەو کەسانەی کە لەکۆمەڵگە بێ هیوا دەبن، هەر شتی خۆشیان لەگەلدا دەدۆڕێنن. واتە لێرەدا نێوان هیوا و ژیان پەیوەندی بەهێز لەئارادیە. ئەوەش

کاریگەری مەزن لەسەر گەشەدان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دروست کردووە. چ کاتێک تاک لەبەرامبەر کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە بێچارە مابێ، بە هێزی هیوا، ئومێد و باوەڕی کۆسپ و تەگەرەکانی وەلاوە ناوە.

### جۆرەکانی پڕوپاگەندە لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا

ڕژێمی ئێران لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بۆ ئەوەی دژبەرانی خۆی لاواز و تێکبشکێنێت و کۆمەڵگە لەژێر کۆنترۆڵ و ڕکێفی خۆی رابگرێت، کەڵک لەچەند جۆرە پڕوپاگەندە وەردەگرێت کە بریتییە لە:

١- پڕوپاگەندەی رەش

٢- پڕوپاگەندەی بۆر یا خۆڵەمێشی

٣ - پڕوپاگەندەی سپی

### کورتە پێناسەیەک بۆ پڕوپاگەندەی رەش

پڕوپاگەندەی رەش بە درۆی شاخدار و گەورەش دەگوترێت. سەرچاوەی شاراوە و نادیاریان هەیە. ئەم پڕوپاگەندەیە، پڕوپاگەندەی درۆ و دەلەسە و فریودانە. بە تۆپی درۆ و دەلەسە ئامانجی دیارکراویان بۆردومان دەکەن. بانگەشەکەی هیچ بنەمایەکی راستی نییە. بەڵکوو کۆی بانگەشەکانیان بوختان و بەرچەسپ لێدانن. بۆ پڕوپاگەندەکردن پێویستی بە هیچ ڕووداوێکی راستی یان پاڵپشتییەکی دیاریکراو نییە. چون ناوەندەکانی پڕوپاگەندەی ڕەش بە زانابوون و بە بەرنامە

بانگەشەیەکی ناڕاست لەسەر لایەنی بەرامبەری خۆ بڵاو دەکەنەوە. تا ڕاستی و حەقیقەتی لایەنی بەرامبەر مژاوی و لێڵ بکرێت. ئامانج لەوەش دروست کردنی پرۆواکاسیۆن و تێکەڵ و پێکەڵییە. شێواندنی هزر و ڕاستیە کۆمەڵایەتییەکانە. ناوەندەکانی ئەم پڕوپاگەندەیە بۆ ڕەش کردن و بچووک کردن و سووکایەتی پێکردنی لایەنی دیارکراو ئەنجامی دەدەن.

ئەم شێوەی پروپاگاندەیە تەنیا لەدەسەڵات و جیرەخۆرەکانی دەوەشێتەوە. لەسەر تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان شەو و ڕۆژ پڕوپاگەندەی ڕەش بڵاو دەکەنەوە. بەو پڕوپاگەندەیە ڕەشەکوژی هزری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، دیپلۆماسی و ئابووری ئەنجام دەدەن. دەیانەوێت تەڤگەرێکی شۆڕشێگڕ و گیانباز لەبەرچاوی گەل ڕەش بکەن. تا مەودای کۆمەڵگە لەگەڵ ئەم تەڤگەرە دروست بێت. کەسایەتە ناودار، پێشەنگ و بەرچاوەکانی تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکان بە بەردەوامی ڕەش دەکەن. درۆ و سیناریۆی ساختەیان لەسەر هەڵدەبەسترێت. لەسەر ناویان قسەی ساختە، دروستکراو و ناڕاستیان لەسەر بڵاو دەکرێتەوە.

ئەم پڕوپاگەندەیە بە تاکی هەڵەکار پێوەند دەدرێت و جۆرەکانی هەڵخەڵەتاندن، درۆ و چیرۆک بێژی بۆ فریودانی کەسی گوێگر بە کار دەبات. لەپڕوپاگەندەی ڕەش، پڕوپاگەندەکار و نێرەری پەیام پێویستە قسەبۆکراوەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی بە باشی شناسایی بکات، چون ئەگەر کەسی گوێگر لەبەرامبەر بانگەشە بە گومان بێت، ئەگەری

تێکشکانی پڕوپاگەندەکە لەئارادایە.

**لەشەڕی تێکەڵاودا ئامانج لە پڕۆپاگەندەی رەش لەدژی گەل و کۆمەڵگە و بزووتنەوەی ئاپۆیی بریتیە لە:**

١. زۆر شارەزایانە و لێهاتووانە هەر جۆرە شتی خراو لەسەر ئامانجی گەل و کۆمەڵگە بڵاو دەکاتەوە.

٢. پڕوپاگەندەیەکی بێ بنەمایە و پشتی خۆی دەبەستێتە درۆ و دەلەسە.

٣ . لەپێناو دروست کردنی تێکەڵ و پێکەڵی و پڕۆواکاسیۆن بە کار دەبرێت.

٤ . ئەو درۆیانەی کە لەسەر بنەمای رەش کردن دەکرێت، ئامانجیان ناکۆکی نانەوە و تێکەڵ و پێکەڵییە.

٥ . لەم پڕوپاگەندەیەدا فێڵ، درۆ، بوختان، رەش کردن، پاپوش و بەڵگەی ساختە بە کار دەبرێت.

٦. فتنەیی بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە.

٧ . بۆ چەواشەکردنی راستی و بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی بە کار دەبرێت.

٨ . پسیکۆلۆژی لایەنی بەرامبەری خۆی تێکدەدات.

٩.گورزێکی کوشندە لەپلان و بەرنامەی بەرامبەر دەوەشێنێت.

١٠. هێزی خۆڕاگری مرۆڤ تێکدەشکێنێت.

١١. هیچ بەرپرسیارییەکی ئەخلاقی و ویژدانی بە ئەستۆ ناگرن.

١٢. بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانیان بە کاربردنی هەرجۆرە

ئامرازێک بە رەوا دەبینن.
١٣ـ سەرچاوەکە شاراوە بوون و دزی بوون بە بنەما دەگرێت.
١٤ـ ترس و دڵەڕاوکێ دروست دەکات.
١٥ـ وەک ئەکیب و هێزێک کار لەسەر پڕوپاگەندەی رەش دەکەن.

بە پێی ئەم پێناسانەی ژوورەوە دەوڵەت و دەسەڵات و ناوەندەکانی شەڕی تایبەت مەکۆی پڕوپاگەندەی رەشن. ئەم پڕوپاگەندەیە جۆرەیەکە لەکۆمەڵکوژی سپی کۆمەڵگە. ژینۆسایدی هزری و کۆمەڵایەتی لەدژی گەل ئەنجام دەدات. هەموو نرخ و بەها مرۆییەکان سووک و چرووک دەکات. هەموو بەرهەمێک بە بۆیاخ کراوی و ساختە دەرخواری کۆمەڵگە دەدرێت. ئاراستەی زیهن و ژیانی مرۆڤ دەگۆڕێت. چونکە ئامانجی شەڕی هیبریدی دروستکردن و داتاشینی دەستەواژە و ئاراستەکردنی کۆمەڵگەیە. رق و کین و نەفرەت لەزەین و هەستی مرۆڤەکان دەچێنێت. حەزکردن و خۆشەویستی، وڵاتپارێزی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤ پەروەری لەناخی مرۆڤەکاندا دەکوژێت. بە واتایەکی گشتی چ هێز، لایەن، تاک و کەسێک لەدژی پلان و بەرنامەکانی رژێم بجووڵێتەوە، ئەوا لەناو ئاشی پڕوپاگەندەی رەشدا دەهاڕدرێت. بۆیە دەوڵەت و دەسەڵات بۆ خۆ لەبنەڕەتدا ئاوێنەی راستی پڕوپاگەندەی رەشن.

**پڕوپاگەندەی بۆر یا خۆڵەمێشی**

پڕوپاگەندەی بۆر سنووری نێوان پڕوپاگەندەی ڕەش و سپییە. لەم جۆرە پڕوپاگەندەدا، سەرچاوە دەتوانێت، دیار یان نادیار و بڕواپێکراو و جێگەی متمانەش نەبێت.

لەم پڕوپاگەندەدا بابەتەکان لێڵ و تێکەڵ و پێکەڵ دەکرێت. بە ئامانجی لێڵ کردن و چەواشەکردنی ڕاستییەکان بە کار دەبرێت. هەر چەند بابەت و ڕووداوەکەش ڕاست بێت، گومانێک دەخرێتە سەر، تا ڕاستییەکان لێڵ و گوماناوی ببن و لەلایەن بەرامبەرەوە سەرنج ڕاکێش و پەسەند نەکرێت. بۆ ئەوە بەڵگە و زانیاری ساختەو درۆ ئامادە و بڵاو دەکرێت، تا ڕووداوە ڕاستەقینەکە لێڵ و گوماناوی بکرێت و بە شێوەی چەواشە دەرخواردی کۆمەڵگەی بدەن. بەم پڕوپاگەندەیە زیاتر دەیانەوێت کاریگەری لەسەر کەسانی بێ لایەن و ناسیاسی دابنێن و لەناو هێزە دژبەرەکاندا بێ باوەڕی و بێ هیوایی دروست بکەن. تایبەت کاتێک کەس یان هێزێک ڕووبەڕووی ڕووداوێک دەبێتەوە، ئەنجامی ڕووداوەکە پێچەوانەو چەواشە دەکرێت، تا کاردانەوەی گەل بە پێی ویست و داخوازی هێز و لایەنی پڕوپاگەندەکار بێت. ڕژێمی ئێران لەدژی گەلی کورد زۆر شارەزا و لێهاتووانە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکات. تواندنەوە و کۆمەڵکوژییەکانی کورد بەم پڕوپاگەندەیە پەردەپۆش دەکەن.

ئەم جۆرە پروپاگەندەیە زۆر جار لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەڕێوە براوە. تەنانەت لەکاتی بانگەوازییە مێژووییەکەی ڕێبەر ئاپۆ زۆر هێز، لایەن و کەسایەت و تەنانەت

میدیا و ڕاگەیاندن، سێبەری ئەم پڕوپاگەندەیەیان خستەسەر ئەو بانگەوازییەی ڕێبەر ئاپۆ. واتە هەوڵیان دا لەزەین و هزری کۆمەڵگەدا ئەوە دروست بکەن کە ئەو پەیامەی ڕێبەر ئاپۆ دەستکاری کراوە. یان لەژێر زەخت و گوشاری میتی تورکدا بڵاو کراوەتەوە. یان خود ئەوە ڕاوبۆچوونی خۆی نییە. سەرەڕای ئەوەی کە دەستنووسی بانگەشەکە بە قەڵەمی خودی ڕێبەر ئاپۆ بڵاو کرایەوە، ئەو قسەوقسەڵۆکانەیان درکاندووە. دیسان بەم پڕوپاگەندە چەواشەکارییانە ڕاستییەکانیان مژاوی و لێڵ دەکەن.

زۆر جار بە پێی ئەم پڕوپاگەندەیە هێز و لایەنە داگیرکەرەکان بە زمانی خۆیان دانیان بە تاوانەکانی دژی گەلی کورددا ناوە و بەڵگەی تۆمارکراویشیان هەبووە. واتە ئەمڕۆ سیناریۆیەکیان تاشیوە تا زەینی گەل و کۆمەڵگە بە خۆیانەوە سەرقاڵ بکەن. بۆ ڕۆژێک دواتریش سیناریۆیەکی جیاوازتریان بڵاو کردوەتەوە. بەو شێوەیە سەرلێشاوییان لەناو گەل و کۆمەڵگە دروست کردووە. ئەم هێزانە هەمیشە بە زەبری هێز و هەڕەشەو گوڕەشە ئەو لێدوان و قسانەیان بە درۆ خستوەتەوە تا خزمەتی هێز و لایەنە دژبەرەکانی ڕژێم نەکات.

### پڕوپاگەندەی سپی

پڕوپاگەندەی سپی یا ئاشکرا، سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بە ناوبانگ و ناوەڕۆکی پشتڕاستکراوی هەیە. ئەم پڕوپاگەندەیە لەگۆڕەپانی ناودەوڵەتیدا زیاتر لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە ئەنجام دەدرێت. لەم پڕوپاگەندەیەدا هەمیشە هاوپەیمانەکانی خۆ

بە هێز و سەرکەوتوو نیشان دەدرێن. هەر هێزێک بۆ ئەوەی مۆراڵ و هەیەجانی هێزەکانی خۆ و هاوپەیمانەکانی بەرز بکاتەوە و لەبەرامبەری هێزە دژبەرەکەی بە هێز ببێت، پەنای بردوەتە بەر پڕوپاگەندەی سپی. بەم پڕوپاگەندەیە هەوڵ دەدرێت هێزە دژبەرەکانی بەرامبەر خۆی بخاتە ناو گۆشەگیرییەوە و هێزی بەستراوە بە خۆیشی، بە هێز و بە توانا نیشان بدات.

بۆ نمونە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ کوردان دەڵێت کوردانم خۆش دەوێت. کوردان شەڕکەری ئازا و دلێرن. بەڵام لەو لاشەوە هاوکاری تورکیا دەکات کە گەلی کورد لەرۆژئاوای کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆمەڵکوژ بکات. ئەمریکا بەو سیاسەتەی لەدژی گەلی کورد پڕوپاگەندەی سپی بەڕێوە دەبات. ئامانج لەو پڕوپاگەندەیە قانیع کردن و بەدەستهێنانی دڵی کوردانە. ئەوەی روونە ئەمریکا ئایدۆلۆژی، رێکخستن و سیستەمی خۆبەڕێوەبەری کوردان لەباکوور و رۆژهەڵاتی سوریا قەبووڵ ناکات، بەڵام بە پڕوپاگەندەی سپی دەیەوێت ئەو بابەتە پێچەوانە بکات و خۆی بە لایەنگری تۆکمە و هەمیشەیی کورد وێنا بکات. لەو لاشەوە بۆ ئەوەی کورد دەستکورتی خۆ بکات، پاڵپشتی سوپای تورکیا دەکات و لەئاست هێرش و داگیرکەرییەکانی دەوڵەتی تورکیا بێدەنگە.

کۆی گشتی بابەتەکە ساخکردنەوەی ئەوەیە کە پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن چەکێکی دوو لایەنەیە کە هەم بونیاد دەنێت و هەمیش کاول و وێران دەکات. هەڵبەت لێکەوتەکەی لەپێناو ئەو

ڕێکار و زیهنیەتەیە کە بەکار دەبردرێت. ئەوەی کە بە عەقڵیەت و لۆژیکی دەسەڵات پڕچەک و واتاداری دەکات، بۆردومانەکەی ژەهراوییە. بەڵام ئەو پڕوپاگەندەی کە لەخزمەتی گەل و کۆمەڵگەدایە لەگەشەدانی زیهن، ویژدان، باوەڕی و عەقڵ ڕۆڵی کارا و بەرجەستەی هەیە. واتە لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا گەلی کورد بە پڕوپاگەندەی ڕاست و تەندروست بەرگری لەهەبوون و برەو بە تێکۆشانی ئازادیخوازانەی خۆی دەدات.

# بەشی شەشەم

## چەواشەکاری ڕێبازێکە لەشەڕی هیبریدی

## چەواشەکاری چەکی دەستی دەوڵەت و هێزە دەسەڵاتخوازەکانە

چەواشەکاری مێتۆدێکی سەرەکی شەڕی تێکەڵاوە. چەکی سەردەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت – نەتەوەکانە. ڕێبازی شوێنگومکەی راستی و حەقیقەتە. پەلەپیتکەی ساختەکاری و درۆهەڵبەستنە. چەکی دژبەری و بەلاڕێدا بردنی زەین و هەستی کۆمەڵگەیە. ڕێبازێکی شێواو و لادەرانەی مێشکە. زمانی درۆهەڵبەستن و درۆ رازێنەوەیە. لادانە لەنرخ و بەها مرۆییەکان. دژبەری ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. چون پێچەوانەکردنەوەی راستییەکان دەکاتە ئامانج.

لەشەڕی سەردەمدا چەواشەکاری یەکێک لەتایبەتمەندی و ڕێبازە بنەڕەتییەکانی شەڕی هیبریدی رژێمە کە بۆ پێچەوانەکردنی راستییەکان لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بە کار دەبرێت. بە پێی راستی ئەو شەڕە رژێمی ئێران هەر زانیارییەکی راست و دروست، بە پیلان و ئاگاییەوە پێچەوانە و چەواشە دەکا. یان لەسەر زانیاری و راستییەکانی کۆمەڵگە دێز ئەنفۆرماسیۆن (زانیاری هەڵە) بڵاو دەکاتەوە. واتا دەسەڵاتدارانی رژێمی ئێران هەمیشە هەوڵیان داوە کە گەلی کورد بە گەلێکی؛ یاخی، نامەدەنی، کۆیلە، شەڕانگێز، وێرانگەر و تاڵانکەر لەقەڵەم بدات. لەسەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتداری رژێم تا بە ئەمڕۆ گەلی کورد لەلایەن دەوڵەتەوە بە ماتەوزەی

هەڕەشە و گوڕەشە، نائارامی، جیاخوازی و ڕەشەکوژی پێناسەی بۆ داتاشراوە. تێکۆشانی ڕەوای گەلی کوردی لەژێر مۆرکی بە کرێگیراوی یا مۆرەی دەرەوە و دژە خودا و لادەر، ناڕەوا و تیرۆریزە کردووە.

بە بیانووی ئەوەی کە گەلی کورد هەڕەشەیە بۆ سەر پاراستنی یەکپارچەیی ئێران یان هەمان یەکپارچەیی خاک، تێکۆشانی ڕەوای تیرۆریزە و سەرکوت کردووە. بە درۆ کردن ئەو سیاسەتە نکۆڵیکارانەی جارێکی دیکە لە ڕێکەوتی ٨ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی لەکاتی دەنگدان بە پرۆژە یاسای زمان و خوێندنی نەتەوەکانی ناوخۆی ئێران لە پەرلەمان دووپات کردەوە. بە درۆ هەڵبەستن بۆ گەلی کورد و قڕکەرییەکانی یاری بە چارەنووسی گەلان دەکات.

پەرلەمانتارانی ڕژێمی ئێران لەژێر پاساوی ئەوەی کە پەسەند کردنی ئەو پرۆژە یاسایە مەترسی لەسەر یەکپارچەیی وڵات دروست دەکات و زمانی فارسی بەرەو لاوازی دەبات، پرۆژە یاساکەیان بەو حشکەدرۆیانە ڕەد کردەوە. چون ١٣٠ پەرلەمانتاری ساختە دەنگیان بە پرۆژەکە نەداوە و ١٠٤ پەرلەمانتاریش دەنگی بەڵێ یان بە پرۆژەکە داوە. ئەو کردەوانەی ڕژێم سەلمێنەری ئەوەیە کە ڕژێم ترس و خۆفێکی مەزنی لەگەشەدانی دیموکراسی، پێکەوە ژیانی گەلان، فرەزمانی و فرە کولتووری هەیە. لەکاتێکدا ئەم کردەوە درۆییانەی ڕژێم بە پێچەوانەی دروشم و بانگەشە بریقەدارەکانیەتی. چون ڕژێم لەژێر پەردەی یاسا و ڕێسادا گەورەترین چەواشەکاری

و قڕکەری لەدژی گەلانی ناوخۆی ئێران ئەنجام دەدات. واتە زیهنیەتی ساختەکاری، درۆیی، فاشیستی و نەتەوەپەرستانەی خۆی بەو تۆمەتانەی دەیخاتە پاڵ گەلانی ئێران، پەردەپۆش دەکات.

ڕژێم لەو پێناوەدا بۆ ئەوەی تەڤگەری ئازادیخوازی گەلی کورد بە ناڕەوا لەقەڵەم بدات و هێرش و تاوانەکانی لەدژی گەلی کورد رەوایەت ببەخشێت، رێبازی چەواشەکاری، تاڵانچی، فرتوفێڵ و مەکربازی لەدژی بەڕێوە دەبات. بەو تۆمەت و بەرچەسپە ناڕەوانەی کە داویەتە پاڵ پەژاک، هاوڵاتیانی کوردی پێ تاوانبار و دادگایی دەکات. واتە بە پاساو و بیانووی شەڕ لەدژی پەژاک هاوڵاتیانی کورد سەرکوت و دەچەوسێنێتەوە.

ئەوەی جێگای سەرسووڕمانە، بەشێک لەپارت و رێکخراوە کوردییەکان کە ئیدەعای ئازادی و دیموکراسی یان هەیە، گوایا لەدژی رژێم شەڕ دەکەن، بە هەمان مێتۆد و فۆڕم لەدژی پەژاک دەستەواژە و چەمکی ناحەز و ناڕەوای شەڕی تێکەڵاو بە کار دەبەن. لەکاتێکدا ئەو تۆمەت و بەرچەسپانە بە پێچەوانەی حەقیقەتی پەژاکە کە هەڵگری فەلسەفەو پارادیگمای کۆمەڵگەی ژینگەپارێز، کۆمەڵگەی ئازاد و دیموکراتیک و ئازادی ژنە. داخۆ مەبەست لەو کارە چییە و چۆن دەبێت، لەدژی هێز و لایەنێک کە هاوشێوەی خۆیان پێداگری لەسەر مافی رەوای گەلی کورد دەکات، هەمان پێناسە و بەرچەسپ (تۆمەت) – ەکانی رژێمی شەڕی تایبەت لەسەر پەژاک دابنێن و دەرخواردی کۆمەڵگەی بدەن؟! لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە چەواشەکاری

چەکی دەستی دەوڵەت، هێزە دەسەڵاتخواز، هێز و لایەنە چاوچنۆک و بەرچاوتەنگەکانە کە لەپێناو پاراستنی دەسەڵات و بەرژەوەندییە فراوانخوازییەکانیان دەست بۆ هەر کارێکی دژە مرۆیی و نائەخلاقی دەبەن.

چەواشەکاری ئەو چەکەیە کە رژێم راستییەکانی ناو کۆمەڵگەی پێ شاراوە و پەردەپۆش دەکات. بە چەواشەکاری راستی دەکاتە درۆ و درۆش دەکاتە راستی. رژێم بۆ رەوایەت بەخشین بە چەواشەکاریەکانیەوە کەڵک لەناوەندەکانی خوێندنگە، مزگەوت، بنەماڵەی کلاسیک و سەرجەم دام و دەزگە دەوڵەتییەکانی وەردەگرێت. واتە لەو ناوەندانەدا زیهنی تاکەکان بە گوێرەی ئایدۆلۆژی و مەرامەکانی ئاراستە دەکات. بۆیە رژێم چ زانیاری، بەرهەم و دەرفەتێک بە تاک و کۆمەڵگە ببەخشێت، دابڕاو لەفەلسەفەی چەواشەکاری نییە. چون رژێمی ئێران رژێمی چەواشەکارە. یاسا و رێسای ساختەی بۆ ناڕەوا لەقەڵەمدانی تێکۆشان و خەباتی پەژاک تاشیوە. بە پێی ئەو لۆژیکە هاوڵاتیان رووبەڕووی سزا دەکاتەوە. واتا چ کاتێک رژێم بیەوێت سیاسەتی قڕکردن و تیابردنی گەلی کورد بەڕێوە ببات، ئەم دەستەواژانە لەدژی هاوڵاتیان دەجووڵێنێت. لەو لاشەوە شەپۆلێکی رەشبگیری لەناو کۆمەڵگە دەستپێدەکات و بە دۆسیەی ساختە و چەواشەکار هاوڵاتیان رەوانەی کونجی بەندیخانە و تەنانەت رووبەڕووی سزای لەسێدارەدانیان دەکاتەوە. هاوشێوەی ئەو سزایانەی کە بەسەر کەسانی تێکۆشەر و پێشەنگانی کورد وەک؛ پەخشان

## عەزیزی[1]، وریشە مورادی[2] و زەینەب جەلالیان[3] و شەریفە محەمەدی[4] بڕیویانەتەوە و لە سێدارەدانی لەناکاوی حەمید

١. پەخشان عەزیزی لە ٥ی خەرمانانی ١٣٦٣ی هەتاوی لە شاری مهاباد لەدایکبووە. چالاکی مافی مرۆڤ، مافی ژنان، توێژەری کۆمەڵایەتی و رۆژنامەنووسە کە وەک زیندانییەکی سیاسی سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. بۆ ماوەی ١٠ ساڵ کاری مرۆیی لە باکوور و رۆژهەڵاتی سوریا وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی و چالاکی مافی ژنان ئەنجام داوە. دادگای شۆڕشی تاران لە ٣ی گەلاوێژی ١٤٠٣ بە تۆمەتی یاخیبوونی چەکداری لە حکومەت (بەغی) و ئەندامبوون لەگرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان، تایبەت ئەندامێتی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان – پەژاک سزای لە سێدارەدانی بۆ بڕاوەتەوە. لە ١٣ی گەلاوێژی ١٤٠٢، پەخشان لەگەڵ باوک، برا، خوشک و خوشکەزاکەی لەتاران دەستبەسەر کراون. لە ١٩ی بەفرانباری ١٤٠٣، لقی ٣٩ی دادگای باڵای رژێم بڕیاری لەسێدارەدانی پەسەند کراوە. سەپاندنی ئەو سزایەش شەپۆلێکی توندی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆی هێناوە و کاردانەوەکان لەدژی ئەو سزا نامرۆڤانەیە بەردەوامە.

٢. وریشە مورادی ناسراو بە جوانا سنە لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوییە. چالاکوانی سیاسی، مافی ژنان، ژینگەپارێز و زیندانی سیاسییە. لە ١٠ی گەلاوێژی ١٤٠٢ لەلایەن هێزەکانی وەزارەتی ئیتلاعات دەستبەسەر کراوە. دوای ماوەیەکی بێ سەروشوێنی و ئەشکەنجەی زۆر بۆ بەندی ٢٠٩ی زیندانی ئەڤین لەتاران گوازراوەتەوە. ناوبراو لەلایەن دەزگای قەزایی رژێمی ئێرانەوە بە «بەغی» تۆمەتبار کراوە و لەلایەن دادوەر ئەبولقاسم سەڵواتی بە بێ ئامادەبوونی وریشە مورادی حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. سەپاندنی سزای لە سێدارەدان بە سەر وریشە مورادی کاردانەوەی ناوخۆیی و جیهانی لێکەوتووەتەوە و بۆ راگرتنی ئەو سزا دژە مرۆییە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بەردەوامن.

٣. زەینەب جەلالیان لەدایکبووی ٢٠ی رەشەممەی ١٣٦٠ی هەتاوییە. چالاکی سیاسی ژنی کوردە کە لەساڵی ١٣٨٨ لەبەر ئەندام بوونی پەژاک بە تۆمەتی موحاربە (دژایەتی خودا) سزای لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوە. سزاکەی لەساڵی ١٣٩٠ بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەمکراوەتەوە. لەساڵی ١٣٨٦ لەزینداندایە و قورسترین سزای زیندانی هەتاهەتایی لەنێو زیندانییە سیاسییە ژنەکاندا هەیە. ئێستا لەزیندانی یەزد زیندانی کراوە.

٤. شەریفە محەمەدی چالاکی کۆمەڵایەتی، کرێکاری و زیندانی سیاسی ژنە کە لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٤٠٢ لەماڵەکەی خۆی لەشاری رەشت بە تۆمەتی «پڕوپاگەندە دژی نیزام» دەستبەسەر کراوە. لە ١٤ی پووشپەری ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوی لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی رەشتەوە بە تۆمەتی بەغی (یاخیبوون) یان یاخیبوونی چەکداری لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران تاوانبار کراوە و سزای لەسێدارەدانی بە سەردا سەپێنراوە. سزای لەسێدارەدانی شەریفە محەمەدی لە رەزبەری ١٤٠٣ لەلایەن لقی ٣٩ی دادگای باڵای رژێم هەڵوەشێنرایەوە و دۆسیەکە بۆ دووبارە دادگایی کردنەوە رەوانەی لقی ٢ی دادگای

حسێن نژاد حەیدەرانلوو سەرەڕای کاردانەوە جیهانییەکان لەچوارچێوەی هەمان شەڕی تێکەڵاو بەڕێوە دەبردرێت.

زیاتر لەسەدەیەکە گەلی کورد رووبەڕووی سیاسەتی داپڵۆساندن، سەرکوتکاری، ئینکار و تیابردن و تواندنەوە و خۆتواندنەوەی کولتووری بوونەتەوەو چاوی ئاگاییەکانی هێزە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکانیش لەو دڕندەییانە کوێر و لاڵە. هاوتەریبی ئەوەش ناسیۆنالیزمی فارسی-ئێرانی و بەناو دژبەرانی کۆماری ئیسلامی چەندێک هەوڵی دوورەپەرێزی و مارژیناڵ کردنی کوردانی خۆڕاگر و تێکۆشەریان داوە، ئەو راستییەش ئاشکرا ناکرێ. تایبەت لەشۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ئەو چەمکە زیاتر بەرجەستە بوویەوە کە بە چ زیهنیەت و لۆژیکێک مامەڵەیان لەگەڵ شۆڕش کرد و چۆن ویستیان ناسنامەی ئەو شۆڕشە گومڕاو و بەلاڕێدا بکێشن. بەشێک لەهێز و لایەنە کوردییەکانیش بە چەپڵەڕێزان بەرەو پیری ئەو جەنگەوە رۆیشتن. هاوکات ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و هێز و لایەنە سەربەخۆکانیش لەو حەقیقەتانە چاوپۆشی دەکەن و دان بە راستییەکاندا نانێن و لەپێناو ئەو چەواشەکاری و سەرکوتکاریانەدا بێدەنگن. ئەو هەڵوێستەش لە قازانجی پڕۆپاگەندەی زانیاری رژێم شکاوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە لەبەر ئەوەی روانگەی دەسەڵات بەرامبەر پرسی کورد، بە جێگەی چارەسەری سیاسی و ئاشتیانە،

---

ئینقلابی رەشت کرایەوە. بەڵام لە ٢٤ی رێبەندانی ١٤٠٣دا لقی دووی دادگای شۆڕشی رەشت بە سەرۆکایەتی دادوەر ئەحمەد دەروێش گوفتار جارێکی دیکە بە تۆمەتی بەغی و ئەندامێتی لە گرووپێکی ئۆپۆزسیۆندا سزای لە سێدارەدانی بە سەر شەریفە محەمەدیدا سەپاندووە.

ڕوانگەی ئاسایشی بووە. بووەتە هۆکار کە هەمیشە بە زمانی چەک، سەرکوت و چەوساندنەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی کورد قسە بکات. ئەو ڕوانگەیەش ڕەوایەتی بە کوردکوژی و کۆمەڵگەکوژی کورد بەخشیوە. لەو پێناوەدا دیارە هێرشە سەربازییەکانی ڕژێم بە ئەندازەی هێرشی سەر ڕوانگەی ئاسایشی بۆ کوردان زیان، هەڕەشەو گوڕەشەی پاکتاوکاری بە دواوە بووە. لەبەر ئەو ڕوانگەیە ڕژێم لەکوردستان هەر جۆرە دەرفەتێکی ژیانی و خۆشبژێوی لەبار بردووە. ئەگەر ئەوە ڕاگەیاندنی شەڕ لەدژی کورد نەبێت، داخۆ دەکرێ چ واتا و پێناسەیەکی پێ ببەخشین؟ ئەگەر زمانی ڕژێم لەهەر سەردەمێکدا لەدژی گەلی کورد سەیر بکەین، زمانی زەبروزەنگ، تۆقاندن و بە کۆیلەکردن بووە. بۆیە ئەو ڕوانگەیە وای کردووە کە ڕژێم کوردستان وەرچەرخێنێتە گۆڕستان و دەزگا و ئامێرەکانی قڕکردن بەربداتە گیان کولتووری کۆمەڵگەکان تا بتوانێت لەسەر ئەم خاکەدا بە ئاسانی تەراتێن بکات.

گەلی کورد ڕووبەڕووی دەزگایەکی هەواڵگری دڕندە و چاوبرسی دژە مرۆڤ، دژە سروشت و دژە کۆمەڵگە و چەواشەکار بە ناو وەزارەتی ئیتلاعات و حیفازەتی ئیتلاعاتی سوپا بووەتەوە کە نیوەی کۆمەڵگە و تایبەت ژنانی تووشی بێکاری و نەهامەتی کردووە و ڕەنجی نیو سەدەیانی بە فیڕۆ داوە. واتە قڕکردن و لەناوبردنی گەلی کورد لەژێر ناوی پەردەی؛ ئایین، شارستانی بوون، پەیوەندی کولتووری، خزمەتگوزاری و گەشەدانی ئابووری ئەنجام دەدات. بۆیە لەهەر حاڵەتێکی

دەربڕینی نارەزایەتی و سەرهەڵدان شمشێری قڕکردن لەسەر ملی دانراوە و پەتی سێدارەی شاباش دەکرێت. هەڵبەت باجی پێداگری لەسەر کوردبوون، لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە ئەو شاڵاوە بووە کە بە تووشبوون بە دیاردەی بێکاری و هەژاری دەستی پێکردووە کە تا بنج و بناوانەکانی قڕکردن و تیابردن خلۆری کردوەتەوە. چ کاتێکیش گەلی کورد ملی بۆ ئەو کۆیلایەتی و داگیرکەرییانە شۆڕ نەکردبێتەوە، سەرجەم دەروازەکانی ژیان و پێشکەوتنەکانی بە سەردا داخراوە.

رژێم بە شەڕی هەواڵگری لەدژی کورد بووەتە رژێمێکی قڕکردن و لەناوبردن تا زاڵ بوونی خۆی بە سەر گەلی کورددا بسەپێنێت. هەر چەند رژێم بەو زانیارییانەی کە بڵاوەی پێدەکات و ددان بە هەبوونی رواڵەتی کورددا بنێت، تەنیا بە ئامانجی تواندنەوە و پەلکێش کردنی بۆ ناو تۆڕەکانی دەسەڵاتە. لەبەر ئەوەی چ دەزگا و ئامرازێکی خزمەتگوزاری لەناو کۆمەڵگەدا بونیاد نابێ، زۆر هەستیار و بە تەدبیر و کۆنترۆڵەوە رێکیخستووە. چون رژێم رێ نادات کە شێوازی ژیان و پەرەسەندنی واقیعی کورد لەژێر حوکمڕانی رژێمی نکۆڵیکار و قڕکەر دەربچێت. بۆیە بوون و ئازادی ئەو پرسەیە کە گەل لەپێناویدا تێکۆشان دەکات و دەیەوێت بە شێواز و فەلسەفەی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» سنوورێک بۆ ئامرازەکانی نکۆڵی و قڕکردنی گەل و کۆمەڵگە دابنێت.

لەم سەردەمەی دواییدا دەبینین رژێم بە تایبەت لەسەر تێکۆشانی رەوای پەژاک و خۆڕاگری گەلی کورد زانیاری هەڵە

یەک بە دوای یەک بڵاو دەکاتەوە. بەو پێیە کین و نەفرەت لەناو پێکهاتەکانی ناوخۆی ئێران لەدژی پەژاک دروست دەکات. چەند کەس و لایەنێکی نائاگا لە دونیا هاندەدات کە چالاکی نارەزایەتی لەدژی پەژاک رێکبخەن. بە هەڵخڕانی چەند کەسێک و بەرزکردنەوەی چەند دروشمێکی بێ بنەما پێیان لەبەردەم هەندێک لەکۆنسولخانەکانی وڵاتانی ئەوروپا تێکۆشانی پەژاک بە نارەوا لەقەڵەم دەدەن و پەژاک تیرۆریزە دەکەن. واتە تاکە چەکێک کە بە دەستی رژێمەوە بۆ شەڕ و بەرەنگاربوونەوەی پەژاک مابێت، کەڵک وەرگرتن لە کاردانەوە جەماوەرییەکانە. ئەوەش قێزەونترین رێکارە کە رژێم لەشەڕی تێکەڵاودا پەنای بۆ دەبات.

رژێم بەو سیناریۆ تازانەی خۆی مەغدوور و زیان لێدراو نیشان دەدات. تا پێش شەپۆلی تووڕەیی کۆمەڵگە و رای گشتی نێودەوڵەتی لەدژی خۆی بگرێت. بەو رێبازە فریودەریانەی ئەو وڵاتانە هاندەدات کە لەدژی پەژاک بەشداری سیناریۆ و پیلانە چەپەڵەکانی رژێم ببن. بە دەستی ئەو کەسانە لافیتەکانی بە درووشمی؛ «رێگە بە مانەوەی بکوژانی کوڕەکانمان نەدەن، تاوانبارەکان لەوڵاتەکانتان دەربکەن» بەرز دەکاتەوە و بەو تابلۆ و وێنەیە رژێم پەردە بە سەر تاوان و کردەوەکانی خۆی دەکێشێت. گومڕایی و ناڕوونی لەسەر دەستەواژەکانی بکوژ و تاوانبار دروست دەکات. کێ بکوژە و تاوانبارە مژاوی و ئاڵۆزی دەکات. واتا بکوژی رۆڵە قارەمانەکانی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازی ئێران ئەگەر چەک بەدەستەکانی رژێم نەبن، داخۆ

دەکرێ تاوانبار و بژاردەیەکی دیکە لەئێران ببینرێت؟ بۆچی رژێم خۆی لەگەورەترین تاوانەکانی لەبەرامبەر کۆمەڵگە دەدزێتەوە؟ داخۆ رژێم دەتوانێت بە چەواشەکاری ئەدەبیاتی دەسەڵاتداری بەسەر ئەدەبیاتی کۆمەڵگەی ئازادیخواز بسەپێنێت؟ ئەو دروشمانە لەزیهنیەتێکەوە دەچۆڕێت کە بە ئەدەبیاتی پیاوسالاری رازاوەتەوە. زمانی دەسەڵاتخوازی و فەرمان پێکردن تێیدا هاوار دەکات.

ناوەندەکانی دەزگای بە ناو دادی رژێم لەژێر مۆرکی تیرۆردا سزای لەسێدارەدان بە سەر چالاکانی ژن، مەدەنی و یاریدەری کۆمەڵایەتی کورد «پەخشان عەزیزی»، «وریشە مورادی»، «شەریفە محەمەدی»دەسەپێنێت و لەگەرماوگەرمی دانوستانەکانی لەگەڵ ئەمریکا هاووڵاتی نیشتمان پەروەری کورد بە ناوی « حەمید حسێن نژاد حەیدەرانلوو»[5] لەسێدارە دەدات. میدیا فەرمی و نافەرمییەکانی بۆ ئەوەی رەوایەتی بە روانگەی ئاسایشی و ساختەکاری خۆیان لەدژی گەلی کورد بدەن، کەڵک لەزانیاری ساختە و درۆیین، کوردی ساختە و راست نەبێژ و بە کرێگیراو وەردەگرێت. تا شووناسی پەخشان، وریشە، حەمید و

٥. تەمەن ٣٩ ساڵ و خەڵکی گوندی سێگریک لە ناوچەی چاڵدێران و باوکی سێ منداڵی بچووکە کە لە ٢٦ی خاکەلێوەی ساڵی ١٤٠٢ لەناوچەی سنووری چاڵدێران دەستبەسەر کرابوو. ناوبراو بۆ ماوەی ١١ مانگ و ١٠ رۆژ ئەشکەنجەی توندی جەستەیی و دەروونی کراوە. لە ژێر ئەشکەنجەی توندا ناچار کرابوو کە ئەو دانپێدانانە هەڵبەستراوانە واژۆ بکات کە لە لایەن مۆرەکانی ئیتلاعاتەوە ئامادە کرابوو. لەمانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٢، لقی دادگای ئینقلابی ورمێ بە سەرۆکایەتی دادوەر نەجەفزادە، لەدانیشتنی چەند خولەکیدا بە بێ پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکانی بەرگری بە تۆمەتی (بەغی) و ئەندامێتی لە پارتی کرێکارانی کوردستان – پەکەکە، حوکمی ئێعدامی بە سەردا سەپێنراوە. ناوبراو لە ٣ی بانەمەڕی ١٤٠٤، لەزیندانی ناوەندی ورمێ لە سێدارە دراوە.

شەریفە بگۆڕن و ڕەوایەت بە سزای لەسێدارەدانیان ببەخشن. لەو لاشەوە بە گۆشەگیرکردنیان بێ هێز و لاوازیان بهێڵن. لەکاتێکدا ناسنامەی ئەو ژنە شۆڕشگێڕ و چالاکانە دیارە. ئەوان لەبەر ئازادی بیروڕا و باوەڕی بە هزر و رامانێکی ئازادیخواز و تێکۆشان لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی گەلەکەیان و بەتایبەت ژنان تێکۆشانیان کردووە. بەڵام رژێم بە چەواشەکاری و بەرچەسپ (تانە) لێدان پێشەنگانی ژن لەناو کۆمەڵگەدا یەک لەدوای یەک پاکتاو دەکات.

لەو پێناوەدا هەموو میدیا و دەزگاکانی شەڕی تایبەتی خستوەتەگەڕ تا لەکەسایەتی وریشە و پەخشان عەزیزیدا بە بەڵگەی ساختە و سیناریۆی داتاشراو و پێکەنیناوی ڕەوایەتی بە سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بە سەر ژنانی ئازادیخواز و تێکۆشەردا بدەن. چون ئەو میدیا دەوڵەتییانە سیناریۆ و دیمەنی وا ساز دەکەن کە گەلی کورد نە پاڵپشتی حەمید حسێن نژاد حەیدەرانلوو، پەخشان عەزیزی و هەڤاڵ وریشە مورادییە. تەنانەت هەڵوێست و چالاکی مێژوویی مانگرتنی سەرتاسەری گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان لە ٣ی رێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی بە سیناریۆیەکی دروست کراو وێنا کرد. تەنانەت بەرگەی ئەو شەپۆلە یەکدەنگ و یەکدەستەی کۆمەڵگەی نەگرت و بە رقێکی گەورەوە کۆمەڵگەی دایەبەر دەستڕێژی ڕەشاشەی چەواشەکاری و درۆ. لەو پێناوەدا شەڕی زانیاری تا ئاستێکی زۆر نزم و دوور لەپێوەرە مرۆیی و ئەخلاقیەکانی بەکار برد. نکۆڵی لەحەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگر دەکات کە گەل و کۆمەڵگە

بۆ خۆی ئافراندوویەتی. چون ناوەندەکانی شەڕی تایبەتی ڕژێم لەبەرخۆدان و تێکۆشانی گەلی کورد لەناو دڵەڕاوکێ و تۆقاندایە. بۆیە بە سەفەربەرکردنی هەموو دەرفەتیەوە دەیەوێت بەرخۆدانی مێژوویی و دانسقەی وریشە و پەخشان و تەنانەت گەلی کورد بچووک و بێ واتا لەقەڵەم بدات و ئاراستەی ئەو بەرخۆدانە مێژووییە لەقازانجی بەرژەوەندییەکانی خۆی بگۆڕێت.

## زانیاری ناوبەتاڵ لەشەڕی تێکەڵاودا

لەکۆمەڵگەیەکدا چەندێک هێزی خۆڕاگری و تێکۆشان قایم و بەرین دەبێت، ئەوەندە پایەکانی دەسەڵات دەهەژێت. تایبەت بەرخۆدانی هەڤاڵ زەینەب جەلالیان، وریشەو پەخشان گورزێکی جەرگبڕیان لەهەژمونی دەسەڵاتداری ڕژێم لەئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەشاند. ئەو بەرخۆدانە دەمامکی ڕژێمی داخست و زانیاری و بانگەشە چەواشەکار و ساختەکانی دەرحەقی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» و گەلی کورد سەرەڕاست و پووچەڵ کردەوە. بۆیە ڕژێم بۆ شاردنەوەو بە لاڕێدابردن و چەواشەکردنی ئەو بەرخۆدانە سەفەربەری ڕاگەیاندنی دەستپێکردوە و بە ڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندنی ساختەوە، کۆمەڵگە بە شەستیری زانیاری هەڵە و چەواشەکار تیرباران دەکات.

بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە ئیرادەیەکی پۆڵایین بەرەنگاری ئەو سیاسەتە دەبێتەوە کە بە ڕستە زێڕینەکانیان ئەو هێرش و بانگەشە بێ بنەما و پووچانە بێ نرخ و بێ بایەخ دەکەن و بە پێچەوانەوە شەپۆلی خۆشەویستی و لایەنگری لەبەرامبەریان

خرۆشاوتر دەبێت. داخۆ چ بانگەشەیەک دەتوانێت رستەیەکی بەم شێوەیە کە هەڤاڵ پەخشان عەزیزی لەنامەیەکی خۆیدا لە پووشپەڕی ١٤٠٣ بڵاوی کردوەتەوە بگرێت. رستەیەک کە دەڵێت: **«ئەو کەسانەی کە لەرێگەی حەقیقەت و ئازادی هەنگاویان ناوە، واتایەکی دیکەیان بە مەرگ و ژیان بەخشیوە. ئێمە ترسمان نە لە مەرگە، بەڵکوو ترسمان لەژیانێکی کۆیلایەتی و بێ کەرامەتە. ژیانی ئازاد لەو جێگەیەدا دەست پێدەکات کە ژنان ( وەک کۆنترین نەتەوەی داگیرکراو) تۆکمە و پایەدار بۆ کەرامەت و شەرەفی خۆیان، بە مردنیان ژیانی ئازاد لەئامێز دەگرن. شەریفە محەمەدی، من و ئەو ژنانەی تر کە لەنۆبەی لەسێدارەدان داین، یەکەمین و ئاخرینی ئەو ژنانەش نیین کە لەپێناو ژیانی ئازاد و شەرافەتمەندیدا مەحکووم کراوین و دەکرێن. بەڵام تا گیانێک قوربانی نەدرێت، ئازادیش مسۆگەر نابێت. نرخ و بەهای ئازادی زۆر قورسە. تاوانمان پێوەنداریێتی ژن ژیان ئازادییە»**.

ئەم وتانە بۆ خۆی هەڵگری پەیامێکن کە پێداگری لەسەر هەبوون، شووناس و ئازادی گەل و کۆمەڵگەیەک دەکات. بۆیە شەپۆلی شەڕی ساختە و چەواشەکارانەی رژێم ناتوانێت هێز و باوەڕی ئەو رستانەی کە بە عەشقێکی مەزن پێکەوە لکێنراون، جیا بکاتەوە. چون عەشقی کۆمەڵگە بە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» لەلووتکەدایە و هیچ بەند و پەتێکی سێدارە ناتوانێت ئەو عەشقەی کە تێکهەڵکێشی ئەو درووشم و فەلسەفەیە بووە لەیەک جیا بکاتەوە و بیخاتە خانەی تاوانەوە.

سەرەڕای ئەو سەرشۆڕیانە و عەیب و عاریانەی ڕژێم نەخشاندوویە، بۆ بە لاڕێدا بردن و پەردەپۆش کردنی قارەمانی و گەوهەری ئازایانەی گەریلا، لەزۆربەی شەڕ و پێکدادان و بەریەک کەوتنەکاندا ژمارەی کوژراوانی خۆی کەم پیشان دەدات و ژمارەی شەهیدانی گەریلا گەورە و خەیاڵی وێنا دەکات. هاوشێوەی ئەو درۆ زەبەلاحانەی دەوڵەتی تورکیا کە لەمیدیاکانیەوە بەردەوام لەدژی گەریلاکانی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە. بە دەیان جار میدیاکانی تورکیا کۆتایی هاتنی هێزەکانی گەریلایان ڕاگەیاندووە کە ئیدی گەریلا لەچیا بوونی نەماوە! واتە بەو هەواڵ و زانیارییە درۆ و چەواشەکارانەیە گەل فریو دەدەن. تا بێ باوەڕ و بێ موڕاڵیان بکەن. بەو شێوەی لایەنگرانی خۆشیان لەسەر درۆ و چەواشەکاری نان و ئاو دەدەن.

ڕژێم لەسەر کۆمەڵگە بە بەردەوامی دیژ ئەنفۆرماسیۆن بڵاو دەکاتەوە. بەو شێوەیە دەروون و پسیکۆلۆژی (دەروون ناسی) سوپای داگیرکەر و کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری خۆی پەردەپۆش و لەسەر بنەمای درۆ و فریو مۆڕاڵیزە دەکات. لەلایەکەوە ڕژێم دەیەوێت تووڕەیی و نیفرەتی گەل بەرامبەر بە دەسەڵات وەرچەرخێنێتە حەز و خۆشەویستی گەل بە دەسەڵات. بە پێچەوانەشەوە خۆشەویستی گەلیش بە گەریلا و تێکۆشەر و پێشەنگەکانی وەرچەرخێنێتە رق و نەفرەت!. واتا ڕژێم بە فێڵ و تەڵەکە و درۆ هەرگیز ناهێڵێت رق و کینی گەل بەرامبەر دەسەڵات ئاشکرا ببێت، بەڵکوو هەمیشە پەردە بە سەر ئەو ڕاستییەدا دادەنێت و وا نیشان دەدات کە گەل پابەندی ڕژێمن!.

لەکاتێکدا کەمترین ڕێژەی بەشداری گەل لە خولی چواردەهەمی سەرۆک کۆماری ئێران سەلمێنەری ڕاستی بابەتەکە نیشان دەدات کە لەکوردستان مەودای گەل لەگەڵ دەسەڵات چەندێک زۆرەو ڕژێم تا چ ئاستێک ڕەوایەتی لەکوردستان هەیە و ئیدی ئاوێنەیەک لەبەر چاوە کە مەرگی ڕژێمی تێدا بە نمایش دەدات. واتە ئیدی هاشوهووش و هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕژێم لەدژی پێشەنگ و تێکۆشەرانی گەلی کورد فلسێک پارە ناکات.

ڕژێم لەمیدیا و ئامێرەکانی دیکەی شەڕ بە هیچ جۆرێک دەرفەت نادات، گەل لەسەرکەوتن و خۆڕاگری بە کاریگەری گەریلاکان و تێکۆشانی بێ وچانی گەل ئاگادار ببێتەوە. لێرەدا ڕژێم سیاسەتی گۆشەگیر کردنی زانیاری لەسەر کۆمەڵگە بەڕێوە دەبات. زانیاری کوژی یان کەڵەکەکردنی زانیاری لەسەر گەلان پەیڕەو دەکات. چون زانیاری لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ کراوە و بووەتە موڵکی دەسەڵات. بۆیە چۆنی بوێت شکڵ بە زانیارییەکان دەبەخشێت و دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدات. بەو سیاسەتە چراخانی تێکۆشانی گەلان تاریک و دادەمرکێنێت. چاوی بینایی یا ئاگایی گەل کەمڕەنگ و کاڵ دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە هەر جۆرە چالاکی و خۆڕاگری بێ وێنەی گەریلا لەهەر گۆڕەپانێکی تێکۆشان بە بانگەشەی درۆ چەواشە دەکات. هەڵوێستی بوێرانە و خۆڕاگری مێژوویی گەریلا و هەڤاڵانی شۆڕشگێڕ لەناو گرتووخانەکاندا بچووک وێنا دەکات. بۆ ئەوەی مۆڕاڵ و پسیکۆلۆژی سەرباز و دەستەو تاقم و ئەڵقە لەگوێکانی خۆی بەردەوام بەهێز پیشان بدات، ئەنجامی فووتێکراوی هێرشەکانی خۆی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا

دەکات و زیانە زەبەلاح و تۆقێنەرەکانی پەردەپۆش دەکات. لەو نێوانەدا دەیەوێت بە زانیاری درۆ و هەڵبەستراو کاریگەری لەسەر پسیکۆلۆژی کۆمەڵگا دروست بکات. ئامانج لەوەش دروست کردنی بێ باوەڕی ناو تاک بە تاکی کۆمەڵگەیە. بە بڵاوکردنەوەی بێ باوەڕی دەیەوێت ئیرادەی پۆڵایین و نەبەزی گەل تێکبشکێنێت و دیواری خۆڕاگری گەل لاواز و هەڵوەشێنێت.

بەو پێیە رژێم بە پڕوپاگەندەی زانیاری لەدژی گەل و کۆمەڵگە شەڕی دەروونی، شەڕی تایبەت و شەڕی هیبریدی بەڕێوە دەبات. رۆژانە گەل و کۆمەڵگە بە مێتۆد و رێ و رێبازی جیا جیا غەڵتانی بۆردومانی زانیاری ناوبەتاڵ و چەواشەکار دەکات. لەکۆتاییشدا رژێمی شەڕی تێکەڵاو بۆ خۆی بە هاشووهووش و درۆ و دەلەسە وەک پاڵەوانی گۆڕەپانی شەڕەکە دێتە مەیدانەوە.

داخۆ ئەو رێبازەی شەڕی تێکەڵاوی رژێم توانای بەرگەگرتنی ئەو هێز و ئیرادەی دەبێت کە هەڤاڵ وریشە مورادی و هەڤاڵانی نواندوویانە. یان چ پڕوپاگەندەیەک دەتوانێت تارمایی بەسەر تیشکی وشە بە وشەی ئەو رستانەدا بنێت کە هەڤاڵ وریشە لەنامەیەکی خۆی لەمانگی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٣ی هەتاوی لەزیندانی ئەوینەوە بۆ رای گشتی بڵاوی کردوەتەوە کە دەڵێت: «من ژنێکی کورد و دانیشتووی رۆژهەڵاتی ناوینم کە تەنیا بۆ خۆم ژیانم نەکردووە، بەڵکوو بۆ ئازادی کۆمەڵایەتی دانیشتوانی ناوچەکە، چیم لەتوانادا بووە ئەنجامم داوە و ئەنجامیشی دەدەم، چونکە ژیانی ئازاد و بە نرخ، شایانی گیان بەخشینە. یان دەبێت مەزن و بە واتا بژی و ژیان بە ئازادی بڕازێنرێتەوە، و یان هەرگیز نابێ ژیان بکرێت».

# بەشی حەوتەم

## شەڕی هیبریدی رژێم لەدژی گەلی کورد و پەژاک

## تۆمەتەکانی دژ بە گەلی کورد و پەژاک لەشەڕی تێکەڵاودا

ئەو تۆمەت و دەستەواژانەی کە رژێم و بەشێک لەهێز و لایەنە سیاسییەکان و بە ناو کەسایەتە سەربەخۆکان لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا بۆ چەواشەکردن و ناڕەوا لەقەڵەمدانی گەوهەرە و فەلسەفەی تێکۆشانی رەوای گەلی کورد و پەژاک هاوتەریبی شەڕی لەشکەری، سیاسی، دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و میدیایی بە بێ رەچاوگرتنی پێوانە مرۆیی و ئەخلاقییەکان بە کاری دەبەن بریتین لە:

١ ـ بەسترانەوەی پەژاک و پەکەکە بە یەکەوە کە گوایا پەژاک لقێکی پەکەکەیە.

٢ ـ قەبووڵکردنی رێبەر ئاپۆ وەک رێبەری تێکۆشان لەلایەن پەژاکەوە کراوەتە بیانووی سەرکوت و چەساندنەوە و ناڕەوا لەقەڵەمدانی تێکۆشانی.

٣ ـ رەسەنایەتی نەبوونی پەژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان. واتە پەژاک پارتێکی رۆژهەڵاتی نییە!

٤ ـ پەژاک ناسنامەی حیزبی سەربەخۆی نییە!

٥ ـ مافیا یا خراپە کار (اشرار) لەقەڵەم دانی پەژاک!

٦ ـ گێرەشێوێن، توندوتیژ، شەڕانگێز و تیرۆریست لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک.

٧ ـ پێناسەکردنی فەلسەفەی پاراستنی رەوای پەژاک بە شەڕی چەکداری.

٨ ـ پەژاک بە مۆرەی بێگانە (عامل بیگانە) واتە درووستکراوی

دەستی ئیسرائیل یا خودی رژێم لەقەڵەم دەدرێت!
٩ ـ پەژاک بە موحارب (دژە خودا) و لادەر لەقەڵەم دەدرێت!
١٠ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە دژە شۆڕش (ضد انقلاب).
١١ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە جیاخوازی (تجزیەطلب).

**١ ـ بەسترانەوەی پەژاک و پەکەکە بە یەکەوە کە گوایا پەژاک لقێکی پەکەکەیە**

رژێم دەیەوێت بەو یەک چواندنە رێگری لەپێشکەوتن و رەوایەتی تێکۆشانی پەژاک لەناوخۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکە بگرێت. بەو چەمکە لەپێش دروست بوونی یەکێتی و یەکڕیزی ناو ماڵی کوردی کۆسپ و تەگەرە دادەنێت. سیاسەتی «پەرتکە و زاڵ بە»[١] لەسەر جوگرافیای کوردستان قووڵتر دەکاتەوە. تا رێگری لەپێشکەوتنەکانی گەلی کورد لەسەدەی ٢١دا بگرێت کە بە پێشەنگایەتی رێبەر ئاپۆ و پەکەکە دەستەبەر کراوە. بەو بەرچەسپانە پەیوەندی توند و تۆڵی هێز و لایەنە کوردییەکان دەپچڕێنن و ناهێڵن کە کوردان لەئەزموونی تێکۆشانی یەکدی لەهەر لایەکی کوردستان کەڵک وربگرن و هێز بە یەکدی ببەخشن. دەیانەوێت بەو پێناسەیە دوا بزماری نکۆڵی و قڕکردن لە تابووتی پاکتاوکاری کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بدەن. تەنانەت بە پاساوی بانگەوازی ئاشتی و چارەسەری دیموکراتی کۆتایی بە بزووتنەوەی تێکۆشانی دیموکراتیکی کوردان لەرۆژهەڵاتی کوردستان بهێنن و ئەو

١. پەندێکی بە ناوبانگە کە دەگەڕێتەوە بۆ فیلیپی دووەمی مەقدۆنی باوکی ئەسکەندەری مەقدۆنی و دواتر لە لایەن جولیۆس قەیسەر و ناپلیۆن بۆناپارتەوە وەک ستراتێژی بەکارهێنراوە.

هەنگاوە ستراتیژییەی رێبەر ئاپۆ لەپێناو مەرامە چەپەڵەکانیان چەواشە بکەن. بۆیە بە هەر کەینە و بەینەیەک دەیانەوێت ئەو درۆیانە بکەنە راستی و دەرخواردی کۆمەڵگەی بدەن.

لەشەقامی کوردیدا پەکەکە هێزێکی ئازادیخواز، شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرە کە لەماوەی نیو سەدەی دواییدا لەپێناو چارەسەری پرسی کورد گەورەترین فیداکاری و گیانبازی ئەنجام داوە و ئەرکی مێژوویی خۆی بەجێ هێناوە. بۆ ئەوەی گەلی کورد مافە رەواکانی دەستەبەر بکات، چ لەدەستی هاتووە دریغی لێ نەکردووە. تایبەت ئەو وەرچەرخانانەی کە پەکەکە لەکوردستان و ناوچەکە و جیهان ئەنجامی داوە، لەمێژووی تێکۆشانی رەوای گەلی کورد و گەلانی هەرێمەکەدا دانسقە و بێ وێنەیە. واتە لەناو شۆڕشێکدا بە دەیان شۆڕشی دیکەی وەک شۆڕشی زەینی، ویژدانی، هزری، کۆمەڵایەتی، لەشکەری، سیاسی، ژن، گەنج و ... ئەنجام داوە. بۆیە پەکەکە لەشەقامی کوردی بووەتە ئەو ون بووەی کۆمەڵگە کە کوردان بەدەستیان هێناوەتەوە و رێگری لەکۆمەڵکوژی و پاکتاوکاری گەلی کورد کردووە. پەکەکە خەون و خەیاڵی هەر تاکێکی ئازادیخوازی هێناوەتەدی. بەتایبەت ئیرادە و باوەڕی زەوتکراوی تاکەکانی کۆمەڵگەی بە تاک و کۆمەڵگە بەخشیوەتەوە. واتە پەکەکە لەسەر هزر و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ رۆحیە و وزەی ئازادیخوازی بە مرۆڤەکان بەخشیوەتەوە. گەلی کوردی لەقڕکردن و تیابردنی هەمیشەیی رزگار کرد. گەلی کوردی گەیاندە ئەو ئاستەی کە ئەمڕۆ پێشەنگایەتی بەرقەراری ئاشتی و ئارامی و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی و بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و سوسیالیزمی دیموکراتیک لەناوچەکە دەکات. تەنانەت دوای نیوسەدە لەتێکۆشانی بە بانگەوازییە مێژووییەکەی رێبەر ئاپۆ دەستپێشخەری لەرەوتی تێکۆشانی سیاسی و حقوقی گەلی کورد و گەلانی ناوچەکە بە ئەستۆ

دەگرێت.

تایبەت دەستپێشخەری لەگەشەدانی سیاسەتی دیموکراتیک و دیموکراتیزەکردنی ناوچەکە دەگرێتە ئەستۆ. واتا بە پێی پێشکەوتن و ڕێبازە نوێکانی شەڕ و پێشکەوتنی شەڕی هیبریدی، پەکەکەش گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەگەوهەرەی جەنگ و تێکۆشانی خۆی ئەنجام دەدات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆ ئەوەی چارەسەری بە شێوەیەکی چالاک پێکبهێندرێت، پێویستە بە زووترین کات شەرت و مەرجەکانی ئەو خەباتە لەتورکیا و بەشەکانی دیکەی کوردستان بڕەخسێندرێت، تا ئاشتی و ئارامی لەناوچەکە مایندە بکرێت.

سەرەڕای ئەو گەوهەرە پاک و بێگەردەی پەکەکە هەیەتی، داخۆ لەسەر چ پێوەرێک ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا و هەندێک لەهێزە هەرێمییەکان لەگەڵ ئەو تۆمەتە ناڕەوایەی دەوڵەتی تورکیا کە خستوویانەتە پاڵ پەکەکە هاوڕان و پەکەکەیان خستوەتە ناو لیستی قەدەغە کراوەکانەوە؟! ئەو کردەوانەی کە پەکەکە لەباکووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستان ئەنجامی داوە، بەرگری کردن لەچارەنووسی ڕەوای گەلی کورد بووە. پەکەکە بووەتە ئەو قەڵغانەی کە گەلی کوردی لەکۆمەڵکوژی ڕزگار کردووە. چەکی لەپێناو پاراستنی گەلەکەی هەڵگرتووە و ناچاری خۆپاراستن کراوە. ئەو بۆچوونەش زۆر جار لەزمانی بەرپرسانی پەکەکەوە ڕاگەیەندراوە کە گەلی کورد عاشقی هەڵگرتنی چەک نییەو نەبووە. بەڵکوو لەپێناو بەرگری لەسیاسەتی قڕکردنی و نکۆڵی کاری پەنای بردوەتە بەر هەڵگرتنی چەک. واتە پەکەکە لەزەمینەیەکدا لەدایکبووە کە ڕاستینەی کورد ڕووبەڕووی سیاسەتی نکۆڵیکردن و قەدەغەی ئازادییە هزری و ژیانییەکان بووەتەوە. بۆیە تاکە ڕێگەیەک کە بۆی ماوەتەوە هەڵگرتنی چەک لەپێناو خۆپاراستن و بەردەوامی ژیانیدا بووە.

بۆیە ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە لەئێستادا لە چارەسەرییەک دەگەڕێن کە تەنیا بە تورکیاوە سنووردار نابێت. بەڵکوو چارەسەرییەکی ئاشتیانە دەخوڵقێنن کە چارەسەری و پێگەیەکی دیموکراتیک بۆ گەلی کورد لەئێران، عێراق و سوریا و ناوچەکە بەدەست دێنن. هەر بۆیە، پەکەکە بووە کولتوور و ڕێبازی تێکۆشانی دیموکراتیک. بەو ڕێباز و کولتوورەش بەرژەوەندی هەموو گەلانی ناوچەکەی پێ دەستەبەر دەکرێت.

گەلی کورد دوای نیو سەدە بە پێشەنگایەتی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکە بووە خاوەن گەلێک دەستکەوتی مێژوویی و تەنانەت گەلی کورد لەقڕکردن و تیابردن ڕزگاری بوو. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەممەی ٢٧٢٤ی کوردی ـ ٢٧ی فەوریەی ٢٠٢٥ بە ڕێگەی شاندی ئیمراڵییەوە[٢] بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی بۆ ڕای گشتی بڵاو کردەوە. لەو بانگەوازییەدا ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت:**«پێویستی کۆمەڵگەی دیموکراتیک دەستلێبەرنەرداوە و هەماهەنگی دیموکراسی**

---

٢. شاندەکە پێکهاتبوون لە؛ (ئەحمەد تورک، پەروین بوڵدان، سری سورەیا ئۆندەر، توڵای حاتەم ئۆغوڵاری، تونجەر باقرخان، جەنگیز چیچەک و فایەق ئۆزگور ئەرۆڵ).

- سری سوررەیا ئۆندەر

لەدایکبوونی ٧ی حەزیرانی ١٩٦٥ لەشاری ئادیامانی تورکیایە. سیاسەتمەدار، وتارنووس، دەرهێنەر، فیلمنامەنووس و ئەکتەری تورکمەن و چەپگەرای تورکیایە. دەرهێنەری فیلمی بین الملل بە هاوبەشی موحەرەم گولمەزە کە لە فستیواڵی فیلمی قوزەک پەنبەی زێڕین لەساڵی ٢٠٠٧ خەڵاتی باشترین فیلمی بەدەستهێناوە. لەهەڵبژاردنەکانی ٢٠١١ی تورکیا بە پشتگیری پارتی ئاشتی و دیموکراسی وەک نوێنەری سەربەخۆی شاری ئەستەنبوڵ دەچێتە پەڕلەمانی تورکیا. دواتر دەبێتە ئەندامی ئەم پارتە. لەشاندی دانوستانی ئیمراڵیدا جێگەی گرتووە. لەساڵی ٢٠١٣ بە دواوە تا ساتی شەهیدبوونی لەپێناو بەرقەراری ئاشتی و چارەسەری پرسی کورد بێ وچان ناو خەباتدا بووە. لەگەرماوگەرمی بانگەوازییە مێژووییەکەی ڕێبەر ئاپۆ لە ١٥ی نیسان لەبەر جەڵتەی دڵ ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێت و دوای ١٨ ڕۆژ مانەوەی لەنەخۆشخانە لە ٣ی گولانی ٢٠٢٥ دەبێتە یەکەمین شەهیدی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک.

**ڕێبازی بنچینەییەو پێویستە زمانی سەردەمی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکیش بە گوێرەی ئەو ڕاستییە پێشبخرێت»**. بۆیە لەم قۆناخە مێژووییەدا داوای چەکدانانی لەپەکەکە کرد و بەرپرسیاری مێژوویی ئەو بانگەوازیەشی لەئەستۆ گرت. بێگومان ئەو دەستپێشخەرییە مێژووییەی ڕێبەر ئاپۆ وەرچەرخانێکی نوێی لەناوچەکەدا دروست کرد و دەرگای بەرەوە گەشەدانی دیموکراسی و ئاشتی ئاوەڵا کرد. هاوکات ڕێبەر ئاپۆ مەکینەی ترس و خۆف و قڕکردنی سەدان ساڵەی لەسەر گەلی کورد دوورخستەوە. ئەوەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر چارەسەری پرسی کورد بە ڕێگەی ئاشتییانە لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان دادەنێت و تەڤگەری ئازادیخوازی تێپەڕی سەردەمێکی نوێی تێکۆشان و بەرخۆدان دەکاتەوە.

ڕژێمی ئێران لەسەر ئەو تاوانە پڕوپووچانەی دەوڵەتی تورکیا و مەقاش بەدەستەکانی دەیەوێت ئەمڕۆ ئەو مۆرکەش بداتە پاڵ پەژاک و ڕای گشتی جیهانیش بەو بانگەشە درۆ و ساختانەی تاشیویەتی ڕازی بکات. لەو لاشەوە بەو پاساو و تۆمەتانە هێرشەکانی خۆی بۆ سەر پەژاک و لایەنگرانی ڕەوایەت پێ بدات. واتا لەچ بەشێکی کوردستان تێکۆشان و ڕاپەڕینێک لەدژی داگیرکەرێکی کوردستان دروست دەبێت، بە پاساوی لقی پەکەکەیی بوون، هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر ئەو تەڤگەرە پەرە پێداوە. بەڵام بانگەوازە مێژووییەکەی ڕێبەر ئاپۆ کە داوای لەپەکەکە کرد کە بە دڵخوازییەوە کۆنگرەی خۆی ببەستێت و بڕیاری چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بدەن، هەموو پیلان و کەرەستەکانی شەڕی هیبریدی تورکیا و ئێران لەدژی گەلی کورد هەرەس پێ دەهێنێت و پیلانەکانیان بە بادا دەڕوات.

ڕژێمی ئێران بۆ ئەوەی لەشەڕی هیبریدی دا پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا توند و تۆڵ بکات و

دەوڵەتی تورکیاش پەلکێشی شەڕ لەدژی پەژاک بکات، بەو دەستەواژەیە تورکیا هانی شەڕ لەدژی پەژاک و کوردان لەرۆژهەڵاتی کوردستان داوە. واتە ئەو دەستەواژەیە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە دوو دەوڵەت سەرەڕای ناکۆکی قووڵی نێوانیان لەسەر پاکتاو کردنی کورد یەکبگرن و لەسەر پرسی کورد سەوداو مامەڵە لەگەڵ یەک ئەنجام بدەن. هەرچەند لەسەرەتای دامەزراندنی پەژاکەوە تا بە ئەمڕۆ هەر دوو دەوڵەت گەلێک ڕێکەوتن و تیرۆری هاوبەشیان لەدژی گەریلاکانی پەژاک و هاوڵاتیانی مەدەنی لەشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجام داوەو دەدەن. بۆ ئەوەی گەریلایەکی کوردستان لەقوژبنێکی کوردستان لەناو بەرن هەر دەرفەت و ئیمکانێکی بۆ دەخەنە گەڕ. ئایا دەکرێت تێکۆشان و خەباتی پەژاک کە لەپێناو چارەسەری پرسی کورد و پرسی گەلانی ئێران بە پشت بەستن بە چەمک، تێڕوانین و پرەنسیپەکانی چارەسەری دیموکراتیک کە بۆ پێشخستنی ڕێکاری دیموکراتیک بەڕێوە دەچێت، بخرێتە خانەی تاوان و تیرۆر و ڕژێم لەسەر ئەم کردەوە و ئامانجانە، هێرشەکانی بۆ سەر گەلی کورد و پەژاک ڕەوایەت پێ بدات؟!

لەسەر ئەو بنەمایە دەوڵەتی تورکیا ئەو دەرفەتەی وەک کەلێنێکی مەزن لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی قۆستوەتەوە و تایبەت لەپارێزگای ورمێ و تەنانەت پارێزگاکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران زیهنیەتی شۆڤینیزم و شەڕانگێزی لەدژی کوردان گوڕ و گەش دەکات. واتە بە هاندانی تورکە ئازەرییەکان لەدژی کوردان، سیاسەتی قڕکردن و تواندنەوە لەدژی گەلی کورد پەرە پێ دەدات. لەهەندێک لەشارەکانی سەر بەو پارێزگایە زۆربەی ئەندام شارەدارییەکانیان خستوەتە دەست تورکە ئازەرییەکان. بە پێی کاردانەوە، هەڵسەنگاندن و ناڕەزایەتییەکانی هاوڵاتیانی کورد، ئەو شارەداریانە تەنیا

خزمەتگوزاری ئەو ناوچانە دەکەن کە ئازەری نشینن و ئاورێک لەناوچە کوردنشینەکان نادەنەوە. وێنەی بەرچاوی ئەوە شاری خۆی و نەغەدەیە کە خزمەتگوزارییەکان لەئاست شارەکەدا زۆر کەمە و هەموو بوودجە و دەرفەتی کۆمەڵگە حەپەلووش دەکەن.

تورکیا بە پاساوی بوونی پەکەکە و کاریگەریەکانی لەسەر کوردانی رۆژهەڵات دەیەوێت هەژمونی خۆی لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیش دروست بکات. لەکاتێکدا زۆر جاریش بانگەشەی ئەوە دەکات کە پەکەکە کۆتایی پێهاتووە و هێزی جارانی نەماوە، لەو لاشەوە حاشا لەهێز و کاریگەرییەکانی پەکەکە لەسەر گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان ناکات و هەر چەند بە نیازێکی چەپەڵ و درندانەش بێت، راستییەکان دەدرکێنێت کە هزر و فەلسەفەی رێبەر ئاپۆ لەهەر بەشێکی کوردستان کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگەکان داناوەو پەکەکە باڵی بە سەر هەموو بەشەکانی کوردستاندا کێشاوە. بە داخەوە رژێمی ئێران گەورەترین دەرفەت و ئیمکانی لەو پێناوەدا بۆ تورکیا رەخساندووە کە فاشیزم و نەتەوەپەرستی لەو ناوچانە بەربڵاو بکات. ئەوەش لەداهاتوودا هەڕەشەیەکی گەورە لە سەر یەکڕیزی گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی تورکی ئازەربایجانی و کوردان دروست دەکات، هەڵبەت کاتی ئەوەش دێت کە رژێم باجی ئەو تاوانە قورسە بدات و هەموو خەون و خەیاڵەکانی لەگۆڕ بنرێت. بێگومان دەوڵەتی تورکیاش بەوە سنووردار نابێ و بۆ لەناو بردنی ئاسایش و ئارامی گەلانی ئێران چ لەدەستی بێت ئەنجامی دەدات.

لەبواری سەربازیشەوە هەر دوو دەوڵەت لەئەزموونی زەبروزەنگ و شەڕیان لەدژی پەکەکە و گەلی کورد کەڵک وەردەگرن و چەک و چۆڵ و تەقەمەنی بە یەک دەفرۆشن و ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری ئەنجام دەدەن. تەنانەت هێرشی هاوبەش لەدژی گەریلاکانی کوردستان ئەنجام دەدەن. هەرچەند

جیا لەپەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لەئیتلاعاتی پارێزگای ورمێ و شاری وانی باکووری کوردستان بە دەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاسایشییان لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی هاوبەش لەدژی کوردان بەڕێوە بردووە. رژێم لەشەڕی تێکەڵاودا دەیەوێت بە دەوڵەتێکی دیکەی داگیرکەر بەرپەرچی نارەزایەتییەکانی کوردان بداتەوەو سەرکوتیان بکات. ئەمە بۆ خۆی ئەو رێبازەی شەڕی هیبریدییە کە رژێم جیا لەوەی بۆ خۆی لەدژی کورد لەناو شەڕدایە، لەهێز و دەرفەتی دەوڵەتێکی دیکە بۆ پاکتاوکردنی گەلی کورد کەڵک وەردەگرێت. هەڵبەت رژێم بەو شەڕە کردەوەکانی خۆی پەردەپۆش دەکات و کردەوەکانی تورکیا لەدژی گەلی کورد بەرجەستە دەکات.

رژێم بەو شێوەیە خۆی بە دۆست و لایەنگری کوردان وێنا دەکات و وا نیشان دەدات کە هیچ کێشە و گرفتێکی لەگەڵ کوردان نییە، بەڵکوو ئەوەی کە هێرش و پەلاماری سەر کوردان دەکات، دەوڵەتی تورکیایە. لەو لاشەوە ئەو نارەزایەتییەی لەرۆژهەڵاتی کوردستان لەدژی رژێم سەریهەڵداوە، دەبەستێتەوە بە تورکیاوە کە گوایا هیچ پەیوەندی بە رژێمەوە نییە.

چون پێناسەی رژێم و تەنانەت بەشێک لەو هێز و لایەنانەی کە گوایا خۆیان بەدژبەری رژێم و لایەنگری دیموکراسی و ئازادی لەقەڵەم دەدەن، ئەوەیە کە پەژاک لقێکی پەکەکەیە. بۆیە لەو پێناوەدا راشکاوانە و بێ شەرمانە پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە با پەژاک چالاکییەکانی خۆی بباتەوە تورکیا. واتە دان بە هێز، ئیرادە و هەبوونی لایەنێکی سیاسی کە نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لەکۆمەڵگە دەکات، نانێن. بۆیە لەکاتی بانگەوازییە مێژووییەکەی رێبەر ئاپۆدا گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز دڵنگرانیەکانیان بۆ دەستپێکردنی ئەو دەستپێشخەرییە دەربڕی، کە داخۆ رۆڵ و پێگەی پەژاک لەرۆژهەڵات چی بە سەر دێت؟

ئەو نیگەرانییە بۆ خۆی پابەندی گەلی کورد لەرۆژهەڵات بە پەژاکەوە نیشان دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە نەیارانی پەژاک ویستیان ئەو هەلە بۆ رەش کردنی پەژاک بقۆزنەوە تا بێ هیوایی و بێ باوەڕی لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە هەر هەنگاوێکی چارەسەری پرسی کورد لەباکووری کوردستان راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرسی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێت و پەژاکیش تێپەڕی سەردەمێکی نوێی تێکۆشان لەپێناو دیموکراتیزە کردنی ئێران و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەبێت. بەڵام بە داخەوە ژمارەیەک کەسی چاوتەنگ و دڵرەق خوێندنەوە و بانگەشەکانیان هیچ جیاوازی لەبەرپرسانی دەوڵەتی تورکیا و ئێران نەبووە. بەڵکوو قسە و بانگەشەکانیان کۆپی بانگەشە ژەهراوییەکانی میدیا و راگەیاندنەکانی تورکیا و ئێران و بەرپرسانی ئەو وڵاتانە بووە. جارێکی دیکە ئەو بانگەشەیان بۆ مەرامە چەپەڵەکانیان گواستەوە کە رێبەر ئاپۆ داوای چەکدانانی لەهەموو گرووپەکانی ناو پەکەکە کردووە و لێرەش پەژاک وەک گرووپێکی ناو پەکەکە پێناسە دەکەن. لەکاتێکدا مەرج نییە مێتۆد و شێوەی چارەسەری پرسی کورد لەرۆژهەڵات هاوشێوەی چارەسەری لەباکوور، رۆژئاوا و باشوور بێت. یان گریمان پەژاک لەپێناو چارەسەری پرسی کورد هەنگاوێکی بوێرانە و رادیکاڵ هەڵبگرێت و رێباز و شێوەی تێکۆشانی خۆی و تەنانەت گۆڕانکاری لەبەدەنەی رێکخستنی و تەنانەت ناویشدا ئەنجام بدات، ئەو کات چ بیانوویەک بۆ لێدانی پەژاک بە دەستیانەوە دەمێنێت. بۆیە ئەو بانگەشانە ئیدی هیچ نرخ و بایەخی لەکوردستان نەماوە و پێویستە زۆرناژەنەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری و دەوڵەت ـ نەتەوە هەرێمییەکان بە دوای دۆزینەوەی بانگەشەو درۆی داپۆشراوی تردا بگەڕێن.

بێگومان زیهنیەتی دەوڵەتی ئێران هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ

زیهنیەتی دەوڵەتی تورکیا لەهەمبەر کوردان نییە. چون هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ کوردان و هەبوونی کورددا نییە، بەڵکوو کێشەیان لەگەڵ تیرۆرە. واتە ئەوە پێچەوانەی ئەو دروشمی کۆمەڵگەیە کە بەرز دەکرێتەوە و گەل هاوار دەکات کە «پەکەکە گەلە و گەلیش لێرەیە». لەو پێناوەدا ئەم دروشمە سەرجەم بانگەشە و چەواشەکارییەکانی رژێم بە درۆ دەخاتەوە و ناتوانێت بە بیانووی بەرچەسپی تیرۆر نکۆڵی لەپرسی کورد بکات و خۆی لەو کێشە سەد ساڵەیە بدزێتەوە. چون تێکڕای گەلی کورد بە یەکدەنگ هاوار دەکەن کە پەکەکە گەلە و دابڕاو لەگەلیش نییە. بۆیە پەکەکە ئەو بزووتنەوەیە کە هەرگیز کۆتایی پێ نایەت و وەک جوانی بەهار هەمیشە خۆی تازە رادەگرێ و دەڕازێنێتەوە. واتە پەکەکە تۆوی پشکوتوی نەتەوەی دیموکراتیکە و لەسەر بەدەنە و شێوە و رێبازێکی دیکەی تێکۆشان هەبوونی فەلسەفی، پارادیگمایی، ئایدۆلۆژی، ژیانی و گیانبازی خۆی بەردەوام دەکات.

رژێمی ئێران راشکاوانە بەو چەمکە رایدەگەیەنێت کە کێشەی لەگەڵ پرسی کورد نییە، بەڵکوو کێشەی بنەڕەتی لەگەڵ تیرۆرە. ئەمە بۆ خۆی گەوهەرەی ئەو چەواشەکاریەیە کە دەرحەقی کوردان کراوە و دەکرێت. دیارە خوێندنەوەی رژێم ئەوەیە کە بە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە ئیدی کێشەیەکی لەگەڵ کوردان نابێت. لەکاتێکدا ئەوە سەرەتایەکی نوێی خەبات و تێکۆشانی کوردانە کە لەئێرانیش دەستپێدەکات و رژێم ناتوانێت حاشای لێبکات. واتە ئیدی رژێم ناتوانێت گەورەترین رێبازی شەڕی نەرم یا تێکەڵاو لەدژی گەلی کورد ئەنجام بدات و بە فێڵ و تەڵەکە و درۆرازێنەوە پەردە بە سەر هەبوون و حەقیقەتێکدا بنێت کە راستینەی ژیانی تێدایە و بەگوێرەی رۆحی سەردەمە.

**٢ ـ قەبووڵکردنی ڕێبەر ئاپۆ وەک ڕێبەری تێکۆشان لەلایەن پەژاکەوە کراوەتە بیانووی سەرکوت و چەساندنەوەو نارەوا لەقەڵەمدانی تێکۆشانی.**

لەپەیڕەوی نێوخۆیی پەژاکدا پێناسەیەک بۆ ڕێبەرتی پارتی بەمشێوەیە کراوە:«**پەژاک ڕێبەری گەلی کورد عەبدوڵلا ئۆجەلانی وەک ڕێبەری خۆی قەبووڵ کردووە و مانیفێستی شارستانێتی دیموکراتیک کە نووسراوی ڕێبەری گەلی کوردە بە مانیفێستی تێکۆشانی خۆی دەزانێت**».

لەکاتێکدا لەسەردەمی ژیاری دیموکراتیکدا هەر هێز و لایەنێک سەربەستە کە ئاڵاهەڵگری چ هزر و فەلسەفەیەک بێت. تەنانەت بۆ هێزێکی کوردی کە لەم سەدەیەدا سەرچاوەی تێکۆشانی ببێتە بەشێکی دیکەی کوردستان. رژێم بەو روانگەیە دەیەوێت بەرخۆدان و تێکۆشانی بێ هاوتای ڕێبەر ئاپۆ نارەوا لەقەڵەم بدات. واتە بەو شێوازە شرۆڤەی دەکەن کە ڕێبەر ئاپۆ لەبەر ئەوەی لەزیندانی دەوڵەتی تورکیادایە، تۆمەتبارە و گرتنەکەشی رەوایە. بۆیە چ هێز و لایەنێک خاوەندارێتی لەو فەلسەفە و هزرە بکات، مۆرکی تیرۆری لێ دەدرێت. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی رژێم لەبەرامبەر فەلسەفە و ئایدۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ دایناوە. بەڵام دوابەدوای راگەیاندنی پەیامی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی ڕێبەر ئاپۆ لە ٢٧ی شوباتدا دەرگا بۆ وەلاوە نانی ئەو مۆرک و بەرچەسپە ئاوەڵا دەبێت و دەرفەتێکی زێڕین بۆ چارەسەری پرسی کورد و دەرهێنانی پەکەکە لەلیستی تیرۆر خۆش دەکات.

لەشەڕی هیبریدیدا گەورەترین و مەترسیدارترین ڕێبازی شەڕ ئەوەیە کە ستراتیژی و ئامانج بکرێتە هەدەف. واتە رژێم

لەدژی گەلی کورد ستراتیژی کوردانی ئامانج گرتووە و دەیەوێت گەلی کورد بە بێ ڕێبەر بهێڵێت. بەو شێوەیەی کە کوردان شایانی ڕێبەرایەتییان نییە. هەرچەند ئەمڕۆ لەشۆڕشی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا شاهیدی ئەوە بووین کە هێزە هەژمونگەرا جیهانی و هەرێمیەکان هەموو هەوڵێکیان وەگەڕخست کە وێنە و پۆستەر و هزر و رامانی ڕێبەر ئاپۆ لەڕۆژئاوا بەرز و بڵاو نەکرێتەوە. چون خاوەنداریێتی گەل لەڕێبەر ئاپۆ سیاسەتی چەواشەکار و دووڕوویانەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە و هەموو بانگەشەکانی دیموکراسی و ئازادییان بە بادا دەدات.

هەمان سیاسەت و شەڕ لەدژی کوردان لەباشووری کوردستانیش شاهید بوون. واتە گەلی باشووری کوردستان بۆ خۆی خاوەن حیزب، دەسەڵات، ڕێکخستن و سەرۆکە و پێویستی بە حیزب و ڕێبەرێکی دیکە نییە. بۆیە زۆر جار بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بانگەشەی ئەوە دەکەن کە با پەکەکە بچێتەوە وڵاتی خۆی!. ئەوەش لەچوارچێوەی هەمان شەڕی تێکەڵاو لەدژی ڕێبەر ئاپۆ و گەلانی ئازادیخوازە کە بەڕێوە دەبردرێت. هاوتەریبی ئەوە رژێمی ئێرانیش بە نۆبەی خۆی ئەو سیاسەت و شەڕە بەڕێوە دەبات. تەنانەت هانی هێز و لایەنە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات دەدات کە پشتگیری ئەو سیاسەتەی رژێم بکەن و دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێنێت کە ناو و نازناویان لەناو کۆمەڵگەدا هەبێت و لەمیدیا و بڵندگۆکانی سەرمایەداری زۆرتر دەربکەون. لەکاتێکدا گەلی کورد بە تێکڕای دەنگ لە سێی ڕەشەممەی ١٣٧٧ی هەتاوی[٣] ئەو دروشمەیان لەسەرجەم شار

٣. لەم ڕۆژەدا، پاش رفاندن و گیرانی ڕێبەر ئاپۆ، گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان هەستاوەتە سەر پێ. ئاگرێک دەستی پێکردووە کە شار بە شاری داگیرساندووە و سەرهەڵدانێکی جەماوەری و سەرکوتێکی خوێناوی لێکەوتووەتەوە. لە سنە، سەقز، ورمێ و نەغەدە، لەشنۆ، ماکۆ، تاران و ... لە دەیان شوێن خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی هاتوەتە ئاراوە و دەیان هاوڵاتی کورد شەهید کران و سەدانی تریش بریندار بوون و بە هەزاران کەس

و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەرزکردەوە کە بە «بێ سەرۆک ژیان نابێت» و تا ئێستاش بە ئەو درووشمە خاوەنداریێتی یان لەرێبەر ئاپۆ کردووە. تەنانەت کاتی ڕاگەیاندنی پەیامی مێژوویی بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک ئەو هۆگریە زیاتر بەرجەستە بوو. لەهەمانکاتدا ئەو پشتیوانییە جیهانییەی کە لەچوارچێوەی کەمپینی جیهانی «ئازادی جەستەیی بۆ ڕێبەر ئاپۆ و چارەسەری سیاسی پرسی کورد» بەڕێوە دەچوو، بەو دەستپێشخەرییەی ڕێبەر ئاپۆ تێپەڕی قۆناخێکی گەورەتر بوو و هەموو زلهێزە جیهانی و هەرێمیەکان و تەنانەت هێز و لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە و کوردستانی ناچار کرد کە پاڵپشتییەکانیان بۆ ئەو دەستپێشخەرییە ڕابگەیەنن و بەوەش هەنگاوێک لەتێکۆشانی ئاشتی دەستپێکردوە و کەمپینەکە بە سەردێڕی منیش دەمەوێت دیدار لەگەڵ ڕێبەر ئاپۆ ئەنجام بدەم، بەردەوام دەکات.

ڕژێم لەهەنگاوی یەکەمدا کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئەوە دادەنێت تا هێز و لایەنەکان و ڕای گشتی کۆمەڵگە خاوەنداریێتی لەڕێبەر ئاپۆ نەکەن و ئەو خۆشەویستییەی گەل و کۆمەڵگە بۆ ڕێبەر ئاپۆ لەئارادایە، کاڵی بکاتەوە. بۆیە بە ڕەش کردنی ڕێبەر ئاپۆ ڕەوتی خرۆشانی کۆمەڵگە بەرەو ڕێبەر ئاپۆ دەگۆڕێت و ترس و دوودڵی و گومان لەسەر ڕێبەر ئاپۆ دروست دەکات. لەو لاشەوە هەموو بەرهەمە هزرییەکانی ڕێبەر ئاپۆ لەشەقامدا قەدەغە دەکات و تەنانەت لەبڵاو بوونەوەی بەرگێک لەبەرهەمەکانی دەتۆقێت. واتە ڕژێم لەشەڕی تێکەڵاودا گەمارۆی چڕی لەسەر ڕێبەر ئاپۆ داناوە و بەو گەمارۆیانە ئاشکرا دەبێت کە ڕژێم دژی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراسییە. هاوکات بەشێکە لەو گەلەکۆمە نێونەتەوەییەی لەدژی ڕێبەر ئاپۆیە کە

---

قۆڵبەست و زیندانی کران.

لەساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی بەڕێوە چووە.
لەو پێناوەدا پەژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کار لەسەر بڵاوکردنەوەی فکر و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ و بونیادنانی سیستەمی بانگەشەکراوی ئەو دەکات. ئەوەش رژێم بە هەڕەشە و مەترسییەکی گەورە بۆ خۆی لەقەڵەمی دەدات. بۆیە بەم پێناسەیە دەیەوێت رێگری لەبڵاوبوونەوەی ئەو فکر و فەلسەفە و سیستەمە بگرێت. چون رژێم لەهێز و توانای بێ هاوتای رێبەر ئاپۆ دەترسێت و درک بەوە دەکات کە هەژمونی لەسەر کوردان لەدەست بدات. بۆیە بە ئامانج گرتنی رێبەر ئاپۆ و ئەو پڕوپاگەندە رەشانەی کە لەمیدیا و ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە دەرحەقی بڵاوی دەکاتەوە، پیلانی چەپەڵ و نەگریسانەی رژێم دژ بە کۆمەڵگە ئاشکرا دەبێت.

**٣ ـ رەسەنایەتی نەبوونی پەژاک لەرۆژهەڵاتی کوردستان. واتا پەژاک پارتێکی رۆژهەڵاتی نییە!**

نەیارانی کورد ئەو فەلسەفەیان لەزەین و مێشکی تاکەکانی کورددا چاندووە کە هەر پارتێکی کوردی لە چ هەرێم و بەشێکی کوردستان سەریهەڵدابێت، تایبەت بەو ناوچە و هەرێمەوە سنووردار کراوە. بە پێی ئەو چەواشەکارییە بەشێکی زۆر لەپارت و لایەنە کوردییەکانیش خزمەتی هەمان سیاسەتی داگیرکەران دەکەن. بۆ وێنە پارتی کارکەرانی کوردستان ـ پەکەکە کە ئەمڕۆ لەهەر بەشێکی کوردستان جێگەو پێگەی تایبەت بە خۆی هەیە و بووەتە پارتێکی نەتەوەیی کورد کە بیر لەیەکبوونی کورد و چارەسەری پرسی کورد لەهەر چوارلای کوردستان دەکاتەوەو گەلێک هەنگاوی مێژوویی و دڵخۆشکەری لەو پێناودا ناوە و لەدڵی هەر تاکێکی کوردپەروەر و نیشتمان پەروەردا هێلانەی خۆشەویستی هەڵکۆڵیوە. بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بە

چەواشەکاری دەیانەوێت ڕێگری لەو دەستکەوتە مەزنەی کورد بگرن و بە پێی بەرژەوەندییەکانیان هەر پێشکەوتن و خەباتێک لەکوردستاندا دێتە ئاراوە لەکۆنترۆڵ و حاکمیەتی خۆیاندا ڕاییگرن.

بۆیە هەمیشە لەمیدیاکانەوە گوێبیستی ئەوە بووین کە پەکەکە چ کارێکی لەڕۆژئاوا، باشوور، شەنگاڵ و یاخود هەر جێگەیەکی دیکە هەیە. تایبەت بەرپرسانی هەرێمی باشووری کوردستان و لەناودا پەدەکە لەسەر ئەم تەوەرە سوورن. واتە بە ڕاشکاوانە دەڵێن کە پەکەکە با بچێتەوە باکووری کوردستان و لەباشوور چ کاری هەیە. بەڵام لەکاتی داعش بە حکومەتی عێراقەوە بگرە چەپڵەیان بۆ پەکەکە لێدەدا و تەنانەت خودی مەسعود بارزانی لەکاتی سەردانی بۆ لای گەریلاکانی ئازادی کوردستان لەمەخموور دەستخۆشی لە بەرخۆدان و قارەمانی گەریلاکانی کوردستانی کرد و حەیدەر عەبادیش کە لەو کاتەدا پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراقی بە ئەستۆ بووە سوپاس و پێزانینی دەوڵەتی عێراقی بۆ پەکەکە لەسەردەمی شەڕی دژ بە داعش ڕاگەیاند. بەڵام کاتێک دۆخەکە ئاڵوگۆڕی تێدا دروست بوو و هەستیان کرد کە هەڕەشە و گوڕەشەکان لەسەریان نەماوە، زمانی دژبەرانەو چەواشەکارانەیان لەدژی پەکەکە خراوەتەوە کار. تەنانەت سەرجەم ئەو ڕێکخراو، پارت و دەزگایانەی کە لەعێراق و باشووری کوردستان کاریان لەسەر بڵاوکردنەوەی هزر و ڕامانی ڕێبەر ئاپۆ دەکرد، داخست و کار و چالاکییەکانیان قەدەغە ڕاگەیاند.

واتە دەوڵەتی عێراق بە زەبری دەوڵەتی تورکیا و پەدەکە بڕیاری داخستنی تەڤگەری ئازادی کۆمەڵگەی کوردستان[٤]،

٤. تەڤگەری ئازادی بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە و لە باشووری کوردستان و عێراق چالاکی دەکات. تەڤگەری ئازادی دامەزراندنی سیستەمی

پارتی ئازادی و دیموکراسی ئێزیدییەکان (پادێ)[5]، بەرەی تێکۆشانی دیموکراتی گەل[6]دا، دواتریش ڕێکخراوەی نوێگەر، گزنگی بەربەیان[7] و ڕێکخراوی مەرزیەی[8] لەلایەن هێزەکانی

---

کۆنفیدراڵــی دیموکراتــی کۆمەڵگــە بــە بنەمــا وەرگرتــووە. لەســاڵی ۲۰۱۹دا بارەگاکانــی تەڤگــەری ئــازادی لەشــارەکانی ســلێمانی، گەرمیــان و ڕاپەڕیــن داخــراون. لــە ســاڵی ۲۰۲٤دا لــە ســەر داواکاری تورکیــا و پەدەکــە بنکــە و بارەگاکانــی بــە گشــتی لــە عێــراق داخــراون و وەک ڕێخکراوێکــی قەدەغەکــراو ڕاگەیەنــدراوە.

٥. پارتیــا ئــازادی و دەموکراســیا ئێزدیــان نــاسراو بــە پــادێ، حیزبێکــی سیاســییە کــە لــە ســاڵی ۲۰۱٦ لــە لایــەن چالاکوانانــی سیاســی ئێزیــدی دامــەزراوە و لــە کۆمەڵگــەی ئێزیدییــان لــە باشــووری کوردســتان بــە تایبــەت لــە ناوچــەی شــەنگالدا چالاکــی دەکات. ئــەم حیزبــە هەتــا ســاڵی ۲۰۱٦ بــە نــاوی تەڤگــەری ئــازادی و دیموکراســی ئێزیــدی (تەڤدا) چالاکــی کــردووە. لــە کۆنفرانســی شەشــەمی خۆیــدا لــە حوزەیرانــی ۲۰۱٦ بڕیــاری ئــەوەی داوە کــە ببێتــە حیزبێکــی سیاســی و بەشــداری لــە سیاســەتی فەرمــی لــە عێراقــدا بــکات. بــە دوای فەرمــی ناســینی لــە ۱۹ی تەممــووزی ۲۰۱۷ لــە شــەنگاڵ یەکەمیــن کۆنگــرەی خــۆی بەســتووە. بــەڵام لــە ســەر داواکاری تورکیــا و زەخــت لەســەر حکومەتــی ناوەنــدی عێــراق کار و چالاکییەکانــی ئــەم حیزبــە لــە ســاڵی ۲۰۲٤دا قەدەغــە کــراوە و بنکــە و بارەگاکانــی لەشــارەکانی عێــراق و هەرێمــی کوردســتان داخــراون.

٦. بــەرەی تێکۆشــان دیموکراســی پێشــتر لــە ژێــر نــاوی بــەرەی دیموکراســی گــەل چــالاک بــووە و لــە ۲٥ی ئەیلوولــی ســاڵی ۲۰۱٦ لــە ژێــر نــاوی بــەرەی دیموکراســی گــەل دامــەزراوە کــە لــە ۱۰ی کانوونــی دووەمــی ۲۰۲۱ لــە کۆمیســیۆنی هەڵبژاردنــی ئێــراق مۆڵەتیــان وەرگرتــووە. ڕێکخراوەیەکــی سیاســییە کــە لــە چالاکوانــان و سیاســەتوانانی هەمــوو پێکهاتەکانــی عێــراق پێکهاتــووە و لــە ئاســتی عێراقــدا چالاکــی دەکات. درووشــمی بــەرەی تێکۆشــانی دیموکراســی دادپــەروەری، ئاشــتی، ئــازادی و پێکــەوە ژیانــی گەلانــی عێراقــە. ئــەم ڕێکخــراوەش لــە ســەر داواکاری تورکیا و پەدەکە لە لایەن عێراقەوە لە ساڵی ۲۰۲٤، کار و چالاکییەکانی قەدەغە کــراوە و بنکــە و بارەگاکانــی لــە عێــراق و هەرێمــی باشــووری کوردســتان داخــراون. وەک ڕێکخراوێکــی نایاســایی ڕاگەیەنــدرا.

٧. گزنگــی بەربەیــان: کۆمپانیایەکــی وەبەرهێنانــی فیلمــە کــە تایبەتــە بــە کار و چالاکییەکانــی ژنــان و لەســەر پرســە کۆمەڵایەتییــەکان، ژنــان و ژینگــە بەرهــەم ئامــادە دەکات. ئــەم کۆمپانیــاش کار و چالاکییەکانــی لەلایــەن دەوڵەتــی عێراقــەوە بــە فەرمــی قەدەغــە ڕاگەیەنــدراوە.

٨. ڕێکخــراوی مەرزیــە: ڕێکخراوێکــی چانــدی و هونەرییــە، بــە تایبەتــی لەســەر چانــد و زیندووکردنــەوەی کەلتــوور و مۆســیقای کــوردی و تایبــەت بەرهەمــی ژنــان کاری دەکــرد کــە لەلایــەن حکومەتــی ناوەنــدی عێــراق کار و چالاکییەکانــی قەدەغــە کــراوە.

ئاسایشی سەر بە دەسەڵاتەوە داخران. ئەو بڕیارە دەکەوێتە خانەی شەڕی هیبریدی دەوڵەتی عێراق لەدژی گەلی کورد کە بە بێ شەڕ، ڕێکخراوە دیموکراتیکەکانی گەل دابخەن و چ هێز، لایەن و تاک پەیوەندی بەو ڕێکخراوانەوە بگرن و چالاکی بەردەوام بکەن، بە تۆمەتی هاوکاری تیرۆر قۆڵبەست و زیندانی دەکرێن. لەکاتێکدا هەمان ڕێکخراو و پارت لەکاتی شەڕی داعش ڕزگارکەری خاکی عێراق و هەرێمی باشووری کوردستان بوون. بەس پانتایی شەڕی تێکەڵاو وا دەکات کە ڕاستییەکان بشێوێنن و بە زۆرەملێ درۆ و چەواشەکاری دەرخواردی کۆمەڵگە بدەن.

دەوڵەتی تورکیا بۆ خۆی ڕۆژانە هەمان سیاسەت لەدژی کوردان پەیڕەو دەکات. بە هەزاران ئەندامی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (دەم پارتی)یان بە تۆمەتی بێ بنەما قۆڵبەست کردووەو ڕەوانەی گرتووخانە کراون. قەیوم بە سەر شارەوانیەکانی کوردان دادەنێن. ڕۆژنامەنووسان و چالاکانی مەدەنی دەستگیر دەکەن. دەرفەتی هەناسەکێشانیان لەگەل و کۆمەڵگە زەوت کردووە. واتا گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتیک لەگەلی کورد دادەخەن. سەرەڕای ئەوە چاوەڕانن کە گەلی کورد تەماشاگەری ئەو شەڕە ناڕەوایە بێت.

ئەم کردەوەو بۆچوونانە بۆ خۆی سەرچاوەی لەسیاسەتی قڕکردن و تواندنەوەی کوردەوە وەردەگرێت. ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە کە بەشێک لەو پارت، لایەن و کەسانەی کە لافی کوردایەتی لێدەدەن و بە جل و بەرگی کوردی و وشەی زرق و برقی کوردی، خۆ بە بەرگریکاری پرسی کورد وێنا دەکەن، ڕۆژانە توتی وار قسە و بانگەشەکانی داگیرکەران بە ئاگایانە یان نائاگایانە لەدژی پەکەکە و ڕێبەر ئاپۆ دووپات دەکەنەوە.

هەمان چەمک و سیاسەتیش لەڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن بەشێک لەپارت و هێزە ڕۆژهەڵاتیەکانیش لەدژی پەژاک بە کار

دەبرێت. بە روانگەی ئەو هێزانەوە کە پەژاک پارتی رۆژهەڵاتی نییە با بچێتەوە شوێنی خۆی. داخۆ بیر لەو گوتنەی خۆیان دەکەنەوە یان نا، دیار نییە؟! ئەو بۆچوونە خزمەتی کێ دەکات؟ تەوەرەی نەتەوەیی، نیشتمانی و پرسی ئازادی و دیموکراسی لەکوێی تێکۆشانی ئەو هێز و لایەنانەدا جێ دەگرێت؟ داخۆ شوێنی پەژاک لەئەدەبیاتی ئەوان کوێیە؟ واتە دەبێ کوردێک لەبەشێکی کوردستان بە میوان لەقەڵەم بدرێت؟ تەنانەت ئەو کوردەی کە بۆ خۆی خاوەنی راستەقینە بێت و نوێنەرایەتی مێژووی حەقیقی، کۆمەڵگەی دیموکراتیک، فەرهەنگی رەسەنی کوردی و زمانی پاراوی کوردی بکات.

رژێم زیهنیەتی تەک تیپ کردنی کۆمەڵگە بە بنەما دەگرێت. هەموو رەنگەکانی ناو کۆمەڵگە تەفروتونا دەکات. زمانی فارسی بەسەر هەموو نەتەوەکاندا سەپێنراوەو زمانی گەلانی دیکە لەناو مەکینەی تواندنەوەدا دەهاڕێت. بیر و باوەڕییە جیاوازییەکانی لاواز و لەناو بردووە. واتە تاکە بژاردەیەک بۆ کۆمەڵگە ماوەتەوە. ئەویش خۆ هەڵواسین بە سیستەمی ولایەتی موتلەقەی فەقیە. بۆیە رژێم رێگە بە خەباتی هیچ حیزب و لایەنێک لە ناوخۆی ئێران نادات و تەواوی ئێرانی قۆرخ کردووە. ئێستاش هەمان چەمک لەلایەن رژێمەوە لەدژی گەلی کورد بەڕێوە دەچێت و لەو لاشەوە لەلایەن بەشێک لەخودی کوردەکان ئەو چەمکە فاشیستیانەی رژێم بەربڵاو دەکەن و پابەندی ئەو زیهنیەتەن. بۆیە بە بێ عاری بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پەژاک پارتێکی رۆژهەڵاتی نییە!

هەرچەند شۆڕشی "ژن ژیان ئازادی "ئەو فەلسەفەیەی لە ناو کۆمەڵگەدا بێ واتا و بێ نرخ کرد و پێویستی و جیدیەتی هەبوونی زیاتری پەژاک لەگۆڕەپانی تێکۆشاندا نیشاندا. ئەو شۆڕش سەلماندی کە کێ رۆژهەڵاتییە و خاوەن ریشەیە. پێناسەی

ڕێبەر ئاپۆ دەرحەقی پەژاک ئەو ڕاستییە پشتڕاست دەکاتەوە کە دەڵێت: «**جەنگ و تێکۆشانی پەژاک هاوشێوەی ئەو ئاگرەیە کە هەمیشە لەداوێن چیا سەرکەشەکانی زاگرۆس بڵێسەدارتر دەبێ و بۆ گەلی هەرێمەکە، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پڕشنگدار و گەرمابەخش تر دەبێ**». پەژاک لەبەر ئەوەی بنج و بناوانی دەگەڕێتەوە بۆ سەر ڕیشەی حەقیقی کورد، پشتیوان و هێزی هەیە. خاوەن پێگەی بەهێزی کۆمەڵایەتییە. بۆیە هەر هێز و لایەنێک لەگەرماوگەرمی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ناچار کران تا ئاستێک زمانی چەواشەکارانەیان لەدژی پەژاک نەرم و نیان بکەن و نیشانەی تیرەکانیان بۆ جێگەیەکی تایبەتتر بە ئامانج بگرن. ئابڕووتکاوتر ئەوە بووە کە هەموو هەوڵێکیان خستەگەڕ کە ئەو شۆڕشە لەسەر ڕیشەی خۆی کە سەریهەڵدا بوو، لابدەن و بە ڕیشەو بناوانێکی دیکەوە ببەستنەوە. بۆیە زۆر بێچاوڕوو ڕایاندەگەیاند کە ئەو شۆڕشە هیچ پەیوەندی بە ڕێبەر ئاپۆوە نییە و ئەو دروشم نە عایدی فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆیە و نە پەیوەندی بە پەژاکیشەوە هەیە. ئەگەر ئەم بانگەشەو ڕستانە نەخەینە خانەی شەڕی تێکەڵاو داخۆ لەچ خانەیەکدا دەکرێت جێ بگرێت؟ چون گەورەترین چەواشەکاری بە ڕۆژی ڕۆشن لەبەرامبەر شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ئەنجام درا. واتە هەوڵ دەدرا کە ڕاستی بکرێتە درۆ و درۆش بکرێتە ڕاستی و چاوەڕوانی ئەوەش بوون کە گەل بە چەپڵەڕێزان بە هانایانەوە بڕوات.

بۆ ڕەش کردنی پەژاک و بە لاڕێدابردنی ڕاستییەکان بێ دەستەوەستان بانگەشەی ئەوەیان دەستپێکرد کە پەژاک وزەی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» هەناردەی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکات کە گوایا زیان بە شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» دەگەیەنێت. ئەوەش تەنیا لەپێناو ئەو بابەتەدا بووە کە

ماستاوچێتی و بەشداربوونیان لەناو گرووپ، کۆڕ و کۆڕبەندی دژە کورد پەردەپۆش بکەن و هیچ و پووچی و بێ پڕۆژەیی و بێ بەرنامەییەکانیانی پێ بشارنەوە و گەل لەناو دوورگەی درۆدا غەرق بکەن.

لەئەنجامی ئەو سەودا و مامەڵە گەورەیەی دەرحەق پەژاک کرا، لەقۆناخی نوێی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بیندرا کە تێکۆشانی بێ هاوتا و بێ وێنەی پەژاک لەزیندانەکانی ئێران لەخزمەت کێدایە و چ هیوا و ئومێدێکی لەنێو کۆمەڵگەدا بووژاندەوە. تەنانەت بۆ هەموو گەلان لە شار و شارۆچکەکانی ئێران و ناوچە کوردنشینەکان سەلمێندرا کە پەژاک چەندێک پارتێکی ئێرانی و رۆژهەڵاتییە. واتە چەندێک بە پرەنسیپەکانی تێکۆشانی ئازادیخوازانەی پابەندە. هاوکات بە سەبر و پشوودرێژییەوە ئامانجە ستراتیژییەکانی گەلی کورد بەدی دێنێت. لەئەنجامدا پەژاک توانی هەموو ئەو کۆسپ و بەندانەی کە تا ئێستا ببوونە لەمپەر لەبەردەم تێکۆشانی ئازادیخوازی کورد لەرۆژهەڵات، پەژاک وەلایەوە نا و سەردەمێکی زێڕینی تێکۆشانی بۆ گەلانی ئێران دەستپێکرد و لەلووتکەی سەرکەوتن نزیکی کردوەتەوە.

### ٤ ـ پەژاک ناسنامەی حیزبی سەربەخۆی نییە!

تۆمەتێک دەخرێتە پاڵ پەژاک ئەوەیە کە پەژاک پارتێکە کە هەڵگری ئەجێندایەکی دەرەکییە. واتە تارمایی دەخاتە سەر ئامانجەکانی پەژاک. پەژاک راشکاوانە بۆ رای گشتی رایگەیاندووە کە هەموو چالاکییەکانی لەناوخۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر بنەمای بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک بە رێکخستن دەکات. رێکاری خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک بۆ چارەسەری پرسی کورد بە بنەما دەگرێت. بەرپرسیاری گەشەپێدان و بەربڵاوبوونی خەباتی ئایدۆلۆژیک و سیاسەتی دیموکراتیکە.

پارێزوانی لەنرخ و بەهاکانی گەل و پارتی و پێکهێنانی ژیانێکی ئازاد و دیموکراتیک کردوەتە تەوەرەی سەرەکی تێکۆشانی.

پەژاک هەوڵدەدات بۆ دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بە رێکخستن بکات. ئەگەر ئەم چەند رۆچنە کورتەیە، ئامانجی بنەڕەتی تێکۆشانی پەژاک بێت و لەسەر ئەو بنەمایانە تێکۆشان بەڕێوە ببات، لەو کاتەدا ناسنامەی حیزبی سەربەخۆ چ پێناسە و واتایەک دەبەخشێت؟ ئەگەر مەبەست یا مەرامێکی چەپەڵ و پووچ لەپشت ئەو تۆمەتەوە نەبێت، داخۆ دەکرێت پێناسەی دیکەی لەسەر بار بکرێت؟ پەژاک بە کردار و گوتاری خۆی لەهەر قۆناخێکی خەبات و تێکۆشانی ئەوەی سەلماندووە کە ناسنامەی سەربەخۆ و ئازادی هەیە و ئیرادەو ناسنامەکەشی هێزی فکری و کۆمەڵایەتی بوونیەتی. واتە گرێدراوی گەل و کۆمەڵگەیە. بۆیە هیچ تۆمەتێک ناتوانێت ئەو رەوایەتییەی کە لەگەڵ و کۆمەڵگەکەی وەریگرتووە، لێی زەوت بکەن.

لەم بەشەی شەڕی تێکەڵاودا پەنجەی تۆمەتەکان بە زۆری دەخرێتە سەر ئەوەی کە پەژاک سەر بە پەکەکەیە. واتە هێزی بڕیاری نییە و خاوەن ئیرادە نییە. لەکاتێکدا شووناس، هەبوون، بەرنامە و ستراتیژی تێکۆشانی پەژاک سەربەخۆبوونی پەژاک دەسەلمێنێت. بۆیە پەژاک هەرگیز پەیوەندییەکانی خۆیشی لەگەڵ پەکەکە نەشاردوەتەوە و بۆ رای گشتی ئاشکرای کردووە کە هەڵگری هزر و ئایدۆلۆژی رێبەر ئاپۆیە. بەس لەبواری بڕیار و میکانیزمی خەبات و تێکۆشانەوە سەربەخۆیە. بەڵام بەو چەواشەکارییانە هەوڵ دەدرێت کە ناسنامەی پەژاک تەموومژاوی و ئاڵۆز بکرێت و هیوا گەشاوەکانی کۆمەڵگە دابمرکێنن. چون پەژاک ئەو پارتەیە کە هەڵقوڵاوی ناو گەل و کۆمەڵگەیە. پارتێکی گەنجانە و ژنانەیە. واتە ئەو دوو پێکهاتەیە پێشەنگایەتی ناو

ریزەکانی پەڕاک دەکەن. ئەو فەلسەفە نوێیەش سەرچاوەی لەبیَ ناسنامە هێشتنەوەی گەنجان و ژنان لەناو سیستەم دەگرێت کە گەورەترین خزمەت بە سیاسەتەکانی رژێم دەکات. چون لەروانگەی دەسەڵاتەوە گەنجان و ژنان ناتوانن سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە بن. هەمیشە ئەوەیان بەسەردا سەپێنراوە کە پێوەبەستراوی کەس، تاقم، لایەن، حیزب و دەسەڵاتێک بن. لەکاتێکدا ناسنامەی حەقیقی پەڕاک ئەو فەلسەفەیە ئاوەژۆ کرد و گەنجان و ژنان لەناو ریزەکانی پەڕاکدا ناسنامەی ئازادی خۆیان دەستەبەر کردووە.

رژێم بە بڵاوکردنەوەی ئەو چەواشەکارییانەی دەرحەق بە پەڕاک دەیەوێت کۆمەڵگە و هێز و لایەنەکان لەپێناو سیاسەت و بەرنامەکانی ئاراستە بکات. ئەو پێناسەیە ناڕوون کردن و لێڵ کردنی شووناسی راستەقینەی پەڕاکە، کە لەناو کۆمەڵگەدا ماوەی بەسەرچووە. بۆیە بەو تۆمەتە نارەوایە گوشار دەخاتە سەر تێکۆشانی گەلی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان. واتە ناچاریان دەکات کە پشتگیری و هاوکارییەکانیان بۆ هێزە ئازادیخوازەکان بکشێننەوە. لەو لاشەوە دەیەوێت ئەو پەیامە بە گەل بگەیەنێت کە بژاردەیەکی ئازادی لەپێشیاندا بوونی نییە. تاکە بژاردەیەک بەسەر گەلی کورددا دەسەپێنرێت، بژاردەی رژێمی ولایەتی موتلەقەی فەقیە یان هەمان کۆیلایەتییە.

ئەوە روونە رژێم بەو تۆمەت و بەرچەسپانە دەیەوێت داگیرکارییەکانی لەرۆژهەڵاتی کوردستان رەوا بکات. هاوکات رەوایەت بە قۆرخ کردنی هەموو سەرچاوە ژێرزەوینی و سەرزەوینییەکانی کۆمەڵگە بدات. بەو پێیە بە ئاسانی بتوانێت ناسنامەی سەربەخۆی پارتێک کە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەیە لیَ زەوت بکات و کۆمەڵگە بە دژ پەڕاکدا هان بدات. بەڵام بە پێچەوانەوە هەموو ئەو بانگەشانە سەراوژێر بوونەوە و

لەشۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» گەل دروشم، فەلسەفەو ناسنامەی ئازادی و تێکۆشانی پەژاکی شەکاندەوە. ئەو شۆڕشەش هێزە چەواشەکارەکانی رووبەڕووی شکستی سیاسی و داڕمانی کۆمەڵایەتی کرد و راستییەکانیان بۆ هەر کەس و لایەنێک ئاشکرا بوو کە کێ گرێدراو، سەر بە لایەن، ئەجێندا و هێزێکی دەرەکییە.

## ٥ ـ مافیا یا خراپە کار (اشرار) لەقەڵەم دانی پەژاک!

رژێم بەم پێناسەیە تێکۆشانی ئایدۆلۆژی، فەلسەفی، سیاسی، رێکخستنی، کۆمەڵایەتی و پاراستنی پەژاک لێڵ و ناڕوون دەکات. واتە پەژاک لەهێزێکی شۆڕشگێڕی و کۆمەڵایەتییەوە دادەبڕێنێت و بە هێزێکی مافیا و خراپەکار دەیچوێنێت. لەکاتێکدا ئەو پێناسەیە لەگەڵ بنەما فەلسەفی، فکری و پرەنسیبی ژیانی و تێکۆشانی پەژاک هیچ یەک ناگرێتەوە. بەڵام رژێم لەشەڕی تێکەڵاودا بە مافیا و خراپەکار لەقەڵەم دانی پەژاک، دەیەوێت کردەوە چەپەڵەکانی سوپای پاسداران و هێزە چەکبەدەستەکانی بەسەر پەژاکدا بساوێت. تا نەفرەت و رقی کۆمەڵگە لەبەرامبەر پەژاک زیاد بکات و رێگری لەپەلهاوێشتنی پەژاک لەناو کۆمەڵگەدا بگرێت. بەڵام لەبەر ئەوەی راستی رژێم بۆ کۆمەڵگە ئاشکرا بووە، ئیدی کۆمەڵگە بە پێچەوانەی پێناسەکانی رژێم بابەتەکان لێکدەداتەوە. چون مافیاگەری و خراپەکاری کاراکتەری خودی سوپای پاسدارانە کە گەورەترین رێکخراوەی چەواشەکاری، دزی، گەندەڵی، تالانکەری و ماڵوێرانکەرییە.

ئەگەر رۆژانە سەرنجی کردەوەکانی رژێم لەناو کۆمەڵگەدا بدەین، ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە رژێم دەوڵەتی وەک رێکخراوەیەکی مافیایی و خراپەکاری لە ناو کۆمەڵگە بە رێکخستنی کردووە. چون هەر کردەوەیەکی ئەو رژێمە لەدژی کۆمەڵگە دەکەوێتە خانەی مافیاگەری و خراپەکارییەوە. واتە

رژێم زۆرجار لافی ئەوە لێدەدات کە ئاسایش و ئارامی کۆمەڵگە دابین دەکات. ئەوەش وەک ئەوەیە کە کۆمەڵگە گۆشت رادەستی پشیلە بکات تا بۆی بپارێزێت. داخۆ رژێمێکی دز و گەندەڵ و خراپەکار دەتوانێت زامنی بەرقەراری ئاسایش و ئارامی بێت؟!

هەڵبەت رژێم بۆ ئەو سیاسەتانەی کە مەبەستیەتی لەناو کۆمەڵگەدا بە جێ ببن، هەر جۆرە رێ و شوێنی ئاسایشی توند دەگرێتە بەر. بۆ وێنە تەوەرەی بالاپۆشی (حیجاب) لەئێران بووەتە هێڵی سووری بەرپرسانی رژێم. کێ لەیاسا و رێساکانی بالاپۆشی دەربکەوێت و لەو چوارچێوەی رژێم دیاری کردووە، لای دا رووبەڕووی سزا دەبێتەوە و بۆ ئەو بابەتە سەفەربەری شەڕی لەدژی ژنان و کۆمەڵگە راگەیەندووە. دەیان ناوەند و بنکە و بارەگای بۆ کۆنترۆڵ کردنی بالاپۆشی لەئێران دامەزراندووە و بوودجەیەکی زەبەلاحی بۆ ئەو کارە تەرخان کردووە. ئەگەر لێرە مەبەست تەنیا بالاپۆشی ژنان بێت، داخۆ رژێم بۆچی بەلەرزە کەوتووە؟ بەس دیارە تێکۆشانی رادیکاڵی ژنان بالاپۆشی یان دەمامکی بەرپرسانی رژێمی دادەماڵێت و بەرپرسانی رژێم رووت و قووت دەکات، ئەوەش هەیمەنە و شکۆی رژێم لەناو دەبات.

سەرەڕای ئەو جەنگە رەوانییەی رژێم لەدژی کۆمەڵگە شاهیدی ئەوە بووین کە لەرێکەوتی ٢٥ی رێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی خوێندکاری زانکۆی تاران بە ناوی ئەمیر محەمەد خاڵقی[٩] لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوە دەدرێتە بەر چەقۆ و گیان لەدەست دەدات. ئەوە دەیسەلمێنێت کە رژێم بۆ

٩. لە ٢٤ی رێبەندانی ١٤٠٣، لەکاتی سەردانیکردنی بەشەناوخۆییەکانی زانکۆدا لەلایەن چەند کەسی نەناسراوەوە هێرش دەکرێتە سەری و بەرەبەیانی رۆژی دواتر گیانی لەدەست داوە. ناوبراو خوێندکاری زانکۆی تاران لەبەشی بەڕێوەبەریدا بووە و تەمەنی ١٩ ساڵە بووە. کوشتنی ئەم خوێندکارە تووڕەیی گشتی و رەخنەی بەربڵاوی لەسیستەمی ئەمنییەتی رژێمی ئێران لێکەوتووەتەوە.

بەرقەراری ئاسایش و ئارامی خوێندکاران و هاوڵاتیانی ئێران هیچ ڕێ و شوێنێکی نەگرتوەتەبەر. هەر ساتێک ئەو مەترسییە ڕووبەڕووی خوێندکاران دەبێتەوە. بەڵام ڕژێم بۆ دامرکاندنی تووڕەیی خوێندکارانی زانکۆ، لەمیدیاکانەوە چەند دیمەنێکیان بڵاو کردەوە کە گوایا هێزەکانی پۆلیس چەند تاوانبارێکی ئەو ڕووداوەیان دەستگیر کردووە کە دانیان بە تاوانەکەیاندا ناوە و دانپێدانەکانیان بڵاو کرایەوە. بێگومان ئەو سیناریۆی ڕژێم هیچ زامێکی خوێندکاران سارێژ ناکات، چون خوێندکارێک گیانی لەدەستداوە و هەڕەشە و مەترسییەکان بۆ سەر گیانی خوێندکارانی دیکە نەڕەواوەتەوە و دیار نییە کە گوللەی وێڵ چ ئان و ساتێک خۆی بە تەوێڵی خوێندکارێکدا دەکێشێت.

لەبەر ئەوەی هێزە چەکدار و ئەمنییەکانی ڕژێم هێزی مافیایی، دز و گەندەڵن. ناتوانن کەسی دیکە لەسەر ئەو تۆمەتە سزا بدەن. چون ئاسایش و ئارامی لە جێگەیەکدا چەواشە کراوە کە خۆی بە زامنی بەرقەراری ئاسایش و ئارامی گەل لەقەڵەم دەدات. واتە لەژێر سایەی ئەو هێزە خراپەکار و مافیایەدا خوێندکاران هێرشیان کراوەتە سەر و دواتر هەمان هێز نارەزایەتی دەربڕینی خوێندکاران لەو پێناوەدا هەرس ناکات و بێ بەزەییانە هەڵدەکوتێتە سەر خۆپیشاندەران و زانکۆکان میلیتاریزە دەکەن.

ڕژێم بەو چەواشەکارییانە ئیدی ناتوانێت ئەو گڵۆپە دابمرکێنێت کە ڕووناککەرەوەی زەین و ویژدانی کۆمەڵگەیە. گڵۆپێک کە بووە ڕووناککەرەوەی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی». هەرچەند ڕژێم هەوڵی ئەوەی دا هەمان پێناسەی پەژاک لەسەر بەشداربووانی ئەو شۆڕش بسەپێنێت. گوایا خۆپیشدندەرانی ناو ئەو شۆڕشەی بە گێرەشوێن و تێکدەر لەقەڵەم دا. داخۆ شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» کە لەو سێ وشە زێڕینە پێکهاتووە و بانگەوازی چەسپاندنی ئازادی و دیموکراسی دەکات، دەکرێ

بە تۆمەتی گێرەشێوێنی، تێکدەری یان خراپەکاری دابمرکێت؟!
یان بە خستنە خانەی مافیاییەوە کۆتایی بە شۆڕشێک بهێنرێت؟!

ڕژێم لەم سەردەمەی شەڕدا بۆ ئەوەی بنەماڵەی وڵاتپارێز، نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕانی کوردستان بە گژ پەژاکدا بدات. بەشداری ڕۆڵەکانیان بۆ ناو ریزەکانی پەژاک وەک لاوازییەک وێنا دەکات. واتە بەو پێناسەیە ترس و دوودڵی ناو باوک و دایکان دروست دەکات کە ئەو شوێنەی ڕۆڵەکانیان تێدا بەشدارن، ئاسایش و ئارامی تێدا نییە و بە جێگەیەکی ناشارستانی و نامەدەنی وەسف دەکەن. بەو تۆمەتە ناڕەوایانە سیاسەتی «کەروێشک هەڵبێ و تانجی بیگرە» لەسەر بنەماڵەکان پەیڕەو دەکات. بەڵام گەلی کورد ئیدی هەرگیز بەو تۆمەت و چەواشەکارییانە هەڵناخڵەتێت و پێناسەیەکی شوومی وەک مافیا و خراپەکار بۆ سەر هێزە شۆڕشگێڕ و پێشەنگەکانی خۆی پەسەند ناکات.

**٦ ـ گێرەشێوێن، توندوتیژ، شەڕانگێز و تیرۆریست لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک.**

ڕژێمی چەواشەکاری ئێران بە بانگەشە سەردەمییەکانی، تەنانەت حاشا لەپێناسەکانی ڕابردووی خۆی دەرحەق بە گەلی کورد دەکات. چون ڕژێم هەمیشە گەلی کوردی لەپێناو بە کارهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی وەک؛ گەلێکی میوان پەروەر، شەڕکەر و ئازاو بوێر پێناسە کردووە کە هەمیشە زامنی بەرقەراری ئاسایش و ئارامی و پاراستنی ناوچە سنوورییەکان بوون. ئەو پێناسەیە تا کاتێک گەلی کورد گوێڕایەڵی ڕژێم بووبێت و لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕژێم لاری نەبووبێ، لەقاموسی دەسەڵاتدا بە کار براوە. بەڵام چ کاتێک گەلی کورد داوای بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی کردبێت و ویستی پاراستنی زمانی زگماکی،

کولتووری ڕەسەنی خۆی کردبێ و داوای خۆبەڕێوەبەری خۆی کردبێت، مەکینەی چەواشەکاری و داپڵۆساندنی تێگیراوە و ڕووبەڕووی بۆردومانی جەستەیی و مەعنەویی بووەتەوە.

واتە ئەگەر گەلێک داوای مافی خۆبەڕێوەبەری گەوهەری بکات، هێزی بەرگری ڕەوای هەبێت، پەروەردە بە زمانی زگماکی هەبێت، خاوەن ئابووری کۆمیناڵ و دیموکراتیک بێت، گەل بەشداری لەکار و باری سیاسەتی دیموکراتیکدا بکەن، بەرگری لەژینگەو دارستانەکانی زاگرۆس بکات، ئایا دەکرێ ئەو گەل یان هێز ببێتە گێرەشێوێن، توندوتیژ، شەڕانگێز یان تیرۆریست؟! دیارە هەر داوایەکی ڕەوای گەل لەقامووسی دەسەڵاتدا دەکەوێتە خانەی ئەو پێناسانەوە. بۆ ئەوەی ڕژێم گەل لەکۆنترۆڵی خۆی رابگرێت، ئەو دەستەواژانەی تاشیوە. واتە چ تاک و لایەنێک بیانەوێت لەچوارچێوەی یاسا و ڕێسای ڕژێم دەرکەون، ئەو بەرچەسپانەیان لێدەدرێت و بەپێی ئەوە سزا دەدرێن.

تاوانبارکردنی پەژاک بەو دەستەواژانە بێگومان لەلایەن گەل و کۆمەڵگە نرخ و بایەخی نەماوە. چون پەردە لەسەر ڕاستییەکان هەڵماڵراوە و بۆ گەل ڕوونە کە داخۆ پەژاک گێرە شێوێنە، توندوتیژە، شەڕانگێزە، تیرۆریستە یان بە پێچەوانەوە ئەوە لەسوپای پاسداران و ڕژێمی ولایەتی موتلەقەی فەقیە دەوەشێتەوە؟! ڕژێمێک کە ڕۆژانە لەدژی هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە توندوتیژی بەڕێوە دەبات، زمانی شەڕانگێزی ناو کۆمەڵگە باو دەکات. بە لەسێدارەدان، گرتن، کوشتن و ڕفاندن کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دەدات، ناتوانێت بە تاوانبارکردنی پەژاک خۆی لەو تاوانە گەورانە بدزێتەوە.

هەرچەند ڕای گشتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر ئەوە کۆکن کە سوپای پاسداران ڕێکخراوەیەکی مەترسیدارە کە تاوانبارە بە ئەنجامدانی کۆمەڵێک کردەوەی تیرۆریستی لەناوچەکە و جیهان.

بەتایبەت لەباشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین سوپای قودس و سوپای پاسداران بە ڕێکخراوەی تیرۆر ناودارە. واتە لەباشووری کوردستان زیاتر لە ٤٠٠ پێشمەرگە، هاوڵاتی مەدەنی و وڵاتپارێزی کوردیان لەناو شاردا تیرۆر کردووە. سەرەڕای ئەو حەقیقەتە ڕژێم لەژێر پەردەی خزمەتگوزاری و پرۆژەی ئاوەدانی گەرای تیرۆر، توندوتیژی و گێرەشێوێنی بڵاو دەکاتەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی کە ڕژێم بۆ خۆی بە ڕژێمی تیرۆر دەناسرێت، ئەنجامدانی ئەو کردەوانەی ئاساییە. لەکاتێکدا کەسێک ناتوانێت داوای لێپرسینەوە و دادخوازی لەو دەسەڵاتە بکات و کێ حەقیقەتێک بدرکێنێت، بە چەکی تیرۆر بێدەنگ و کپ دەکرێت.

شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» ئەو دەمامکەی ڕژێمی داماڵی. ڕژێم ڕاستەوخۆ شۆڕشەکەی بەو دەستەواژانە تۆمەتبار کرد. واتە ڕێکخەران و بەشداربوونی ئەو شۆڕشەی بە گێرەشێوێن، توندوتیژ، شەڕانگێز و تیرۆریست وەسف کرد. لەکاتێکدا شۆڕشەکە خۆڕسک و خۆبەخش بووەو ئەو تۆمەتانە تەنیا شایانی دەسەڵاتدارنی ڕژێمە و ئەوانەش تەنیا لەدەستەو تاقمەکانی ڕژێم دەوەشێتەوە. بۆیە ئەوە نیشان دەدات کە ڕژێم ئەو دەستەواژانە تەنیا بۆ پەژاک بە کار نابات. بەڵکوو بۆ ئەو کەس و کۆمەڵگەیەی کە لێگەڕینی بە دوای ئازادییەوە بێت و کۆت و بەندەکانی کۆیلەتی و داگیرکەری پساندبێت، بەکار دەبات. بەو تۆمەتانە هەوڵی کۆنترۆڵ کردن و کۆیلەکردنەوەی دەدرێت. بەڵام گەلێک کە تامی ئازادی و دیموکراسی چێشتبێت، مەحاڵە کە بگەڕێتەوە ئامێزی دەسەڵات و کۆیلایەتی پەسەند بکات.

**٧ ـ پێناسەکردنی فەلسەفەی پاراستنی ڕەوای پەژاک بە شەڕی چەکداری.**

ڕژێمی هیبریدی ئێران بە تاشینی یاسا و ڕێسای دەوڵەتییەوە، وای کردووە کە چەک تەنیا لەدەستی دەوڵەتدایە. بەو یاسایە کۆمەڵگەی لەچەک داماڵیوە. واتە هێزی بەرگری لەکۆمەڵگە زەوت کردووە. سەرچاوەی ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕژێم نکۆڵی لەهەبوون و شووناسی کورد دەکات. لەڕوانگەی ڕژێم هەبوونێک لەژێر ناوی کورد بوونی نییە، بۆیە لەفەلسەفەی پاراستنی ڕەوا بێ بەری کراوە. واتە کاتێک گەل لەپێناو مانەوەی خۆی دەست بۆ چەک ببات، بە پاساوی هەڵگرتنی چەک هێرشی پاکتاوکاری لەسەر دەکرێت.

گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی ڕێ لەشاڵاوی قڕکردن بگرێت و درێژە بە هەبوون و ئیرادەی خۆی بدات. لەهەموو گۆڕەپانەکانی ژیان پەنای بۆ بەرگری ڕەوا بردووە. واتا بە ڕێگەی پاراستنی کولتوور، زمان، ئەدەبیات، هونەر، مێژوو، جۆگرافیا و کۆمەڵگە بەرگری لەهەبوونی خۆی کردووە. بەڵام ئەو مێتۆدەی تێکۆشانی گەل لەلایەن دەسەڵاتەوە بە ناڕەوا لەقەڵەم دراوە و بۆ تێکشکاندنی دیواری خۆڕاگری و تێکۆشانی، فەلسەفەی پاراستنی تیرۆریزە کراوە.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ڕژێم پەژاک بە شەڕی چەکداری تۆمەتبار دەکات. واتا پەژاک تەنیا بە تەڤگەرێکی چەکداری لەقەڵەم دەدات. بەو پێناسەیە دەیەوێت پەژاک لەهزر و ئایدۆلۆژی و فەلسەفە دابماڵێت. چون گەلێک بە بێ فکر و ئایدۆلۆژی کرا، هێزی خۆپاراستنیشی لێ زەوت دەکرێت و دەگەیەنرێتە دۆخی فەتح کردنەوە. بەڵام پەژاک ئەمڕۆ بە فکر و فەلسەفەی ڕێبەر ئاپۆ بەرگریکاری لەناسنامە و نەتەوەیەک دەکات کە لەژێر چنگی قڕکردنی کولتووریدایە. ئەوە دابین کردنی بچووکترین مافی

سەرەتای کۆمەڵگەیەکە کە رژێم هەرسی ناکات.
سەرەڕای ئەوەی رژێم هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی بۆ لاوازکردنی کۆمەڵگە سەفەربەر کردووە و هەر ناوەندێکی رۆڵی پایەگایەکی لەشکەری پێسپێردراوە و لەڕەهەندێکەوە بەشدارن لەکۆمەڵگەکوژی و مرۆڤ کوژیدا. هەرچەند رژێم لەشەڕی تێکەڵاودا مەرگی کۆمەڵگە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەبات. لەو لاشەوە بە زەبری چەک و تفەنگ پرۆسەکە خێراتر دەکات. واتە رژێم گەل بێ چەک دەکات و لەهێزی بەرگری بێ بەری دەکات و دواتر بە پڕچەککردنی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی کەسان و کۆمەڵگەی ناڕازی سەرکوت و دەچەوسێنێتەوە.
لەکاتێکدا گەلی کورد لەسەر خاک و نیشتمانی خۆی جێگیر بووە و لە هەوڵی بەرقەراری ئاشتی و ئارامی لەناوچەکەدایە. ئەو کات گەلی کورد مافی خۆپاراستنی هەیە. بەڵام ئەو هێزە چەک بەدەستانەی رژێم کە لەشکەرکێشیان بۆ کوردستان کردووە و بە زەبری چەک و چۆڵ لەکوردستان سەقامگیر بوون، هێزی داگیرکەرن. چون بە زۆرەملێ و شەڕ و ئاژاوەگێڕی بە جێ بوون. بۆیە ئەو شەڕەی لەدژی کورد بەڕێوەی دەبەن، شەڕێکی ناڕەوایە. واتە هەڵگرتنی چەک لەلایەن چەکدار و بە کرێگیراوەکانی لەکوردستان لەدژی گەلی کورد بە واتای راگەیاندنی شەڕە. ئەوەش لەپێناو چەوساندنەوە و سەرکوتکاری بەڕێوە دەچێت. چون ئەوەی ئێستا بەو چەکە تیرۆر، تۆقاندن، کوشت و کوشتار و کاولکاری ئەنجام دەدات، هێزەکانی سەربە رژێمن. لەکاتێکدا چەکێک لەدەستی گەلی کورددایە، لەپێناو خۆپاراستن بووە. بەو چەکە کۆی ئەو هێرشانەی کراوەتە سەری هەوڵیداوە کە پووچەڵی بکاتەوە و مافە رەواکانی دەستەبەر بکات. بۆیە هەڵگرتنی چەک لەچوارچێوەی پاراستنی رەوایە و چ تێکۆشان و بەرخۆدانێک لەو پێناوەدا ئەنجام بدات، رەوا و پیرۆزە.

لەکاتێکدا تێپەڕی سەردەمی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک دەبین و ئەم سەردەمەش بە هێز و توانای ڕێبەر ئاپۆ و پێداگری لەسەر بنچینەی یاسایی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد چەکەکان بێدەنگ دەکرێن و کۆمەڵگە بە دیموکراسی ڕەنگڕێژ دەکرێت. ئەو کات ئەگەر تەمەنی ڕژێم باقی بێت تەنیا تاکە ڕێگەیەک بۆ ڕژێم دەمێنێتەوە لەئامێزگرتنی دیموکراسییە کە ئەوەش یەکگرتوویی گەلان و مانەوە و بەردەوامی پێکهاتەکانی ئێران گەرەنتی دەکات. بۆیە بۆ بێدەنگ کردنی چەک و کۆتایی هێنان بە شەڕی چەکداری کرانەوەی گۆڕەپانی سیاسەتی دیموکراتیک لەئێران وەک پێویستییەکی هەنووکەییە کە ڕژێم پێویستە هەنگاوی بۆ هەڵگرێت.

**٨ـ پەژاک بە مۆرەی بێگانە (عامل بیگانە) واتە درووستکراوی دەستی ئیسرائیل یا خودی ڕژێم لەقەڵەم دەدرێت!**

ئەوەش یەکێکی دیکە لەو تۆمەتە هەڵبەستراوانەی ڕژێمە کە تەنانەت خودی ڕژێمیش پێی باوەڕ ناکات. بەڵام بۆ ئەوەی لەشەڕی تێکەڵاودا دەستی بە هێز ببێت و سەروەری لەسەر شەڕ بە دەست بێنێت، کۆمەڵگە درۆباران دەکات. ڕژێم هەمیشە هەوڵی داوە ڕاستییەکان ناڕوون و تەمومژاوی بکات. واتە بەربەست و لەمپەڕەکانی بەردەم هزر و ئایدۆلۆژی و سیاسەتەکانی وەلاوە بنێت و تەنیا خۆی لەگۆڕەپانەکە بمێنێتەوە. ئەوەش وەک چەکێکە کە بۆ لاواز کردنی ڕۆحیە، مەعنەویات و باوەڕی کۆمەڵگە بە کاری دەبات. هاوکات قۆناخێکی ئەو شەڕەیە کە ئیرادە، مۆڕاڵ، ڕۆح و هەستی کۆمەڵگە بە ئامانج دەگرێت. چون پەژاک نوێنەرایەتی ئیرادە، مۆڕاڵ و هەستی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیک دەکات. بەڵام ڕژێم بە تۆمەتێکی قورس و ناڕەوا دەیەوێت ئیرادەکوژی و هەست کوژیەکانی کۆمەڵگە بە

بێ بەرگری و کاردانەوە بە ئەنجام بگەیەنێت.

هەرچەند پەژاک لەبەرنامە و پەیڕەوی خۆیدا پێناسەی پڕ بەپێستی لەسەر پرەنسیپە گشتییەکانی خۆی کردووە. پێناسەی لەسەر ئەندام بوون و مافەکان و ئەرکەکانی ئەندام و پێکهاتەکانی پارتی کردووە. پرسەکانی سەبارەت بە دیموکراتیزاسیۆن لەئێران ورژاندووە و ڕێکاری نەتەوەی دیموکراتیکی هەڵبژاردووە. پەژاک بە ڕوونی ستراتیژی، تیۆری، تاکتیک، سیاسەت و بەرنامەی خۆی دیار کردووە. لەکۆی بەرنامە و پەیڕەوی پەژاک پێناسەیەک کە ڕژێم بۆ پەژاکی تاشیوە نابینرێت. بۆیە ئەو پێناسەیە تۆمەتێکی هەڵبەستراوی ڕژێم بۆ پەژاک و کۆمەڵگەی کوردییە. داخۆ بۆچی ڕژێم پەژاک بە مۆرەی بێگانە تاوانبار دەکات؟ لەڕاستی دەسەڵاتدا، مەیلێکی بەو شێوەیە لەئارادایە کە هەمیشە دەیەوێت کۆمەڵگە لاواز و داماو وێنا بکات. گوایا کۆمەڵگە خاوەن هێز و ماتەوزەی خۆبەڕێوەبردنی نییە. بەڵکوو لەژێر سایەی دەوڵەت و دەسەڵاتدا کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت. لەو دۆخەدا ئەگەر گرووپ، تاقم و کۆمەڵگەیەک لەیاسا و ڕێسای دەسەڵات لایدا و گوێڕایەڵی دەسەڵات نەبێت، ئەوا بە بەرچەسپ لێدان و تۆمەت خستنە پاڵی هەوڵی خۆبەدەستەوەدان و گوێڕایەڵ کردنی دەدرێت.

ڕژێم بەو تۆمەتانە دەیەوێت خۆی لەڕاستییەکان بدزێتەوە. چون ڕژێم خۆی بە دیموکرات و دادپەروەرنما وەسف دەکات. چونکە لە ویترینی کارنامەی خۆیدا هەموو ماف و ئازادییەکی بە گەلان بەخشیوە. بۆیە لەپێناو دەربڕینی هەر نارەزایەتی و سەرهەڵدانێکی جەماوەری بە بوختان و تۆمەت هەڵبەستن و بەرچەسپ لێدانی دەستی دەرەکی و ئاراستەکراوی لێدەدرێت. تەنانەت تۆمەتێک کە هەرگیز ڕێی تێناچێت کە پەژاک دروست کراوی ئیسرائیل یان خودی ڕژێم بێت!. لەهەر دوو بەشی بوختان و تۆمەتەکەدا ئامانجێکی ڕژێم هەیە ئەویش باوەڕی

و ئیرادەی نەبەزیوی کۆمەڵگە بە ئامانج دەگریێت. لەو دۆخەدا ڕژێم چاوەڕوانە کە هیوا و باوەڕی کۆمەڵگە هەرەس بهێنێت. چون بەو تۆمەتە ڕژێم ئیرادەی گشتی گەلی بە نیشانە گرتووە. مەبەستە سەرەکیەکەش لێرەدا بەئامانج گرتنی ئایدۆلۆژی و بیر و باوەڕییەکانی گەلانە.

ڕژێم لەبەر ئەوەی ئاوابوونی خۆی لەسەر سامهێنی ئیسرائیل و ئەمریکا بونیاد ناوە. لەناو دەستەو تاقم و لایەنگرانی خۆی رق و کینی لەدژی ئیسرائیل و ئەمریکا چاندووە. چون دروشمی ڕژێم سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی بووە. بەڵگەی سەلمێنەری ئەوەش لێدوانەکانی مەحموود ئەحمەدی نژاد لەکاتی سەرۆک کۆماری خۆیدا بابەتەکە پشتڕاست دەکاتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هاشووهوشانەوە لەواقعدا شەڕی حەماس و حیزبوولا لەگەڵ ئیسرائیل سەلماندی کە ڕژێم لەو دروشمەیدا چەندێک سەرکەوتووە. بەو بانگەشەیە ڕژێم ئاستی هەرە ژووری قین و نەفرەت و تووڕەیی دەسەڵات لەبەرامبەر ئیسرائیل دەخاتەڕوو. واتە ڕژێم لەسەر ئەو چەمک و ڕوانگەیەی لەدژی ئیسرائیل زیهنیەتی کۆمەڵگەی دەسەڵاتداری شکڵ پێداوە. بۆیە ئەگەر ڕژێم هێز، لایەن و کۆمەڵگەیەک بە هاوکار، پشتیوان و لایەنگری ئیسرائیل تۆمەتبار بکات، ئەوا پشتوانەی بەشێک لەکۆمەڵگە بۆ شەڕ و بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر ئەو کۆمەڵگە، هێز و لایەنە بە دەست دێنێت.

زۆر جاران لەناوخۆی ڕۆژهەڵات ڕاستی ئەو تۆمەتە دەبینین کە لەناو خەڵکدا دەستاودەست دەکات. هەرچەند کە گەلیش لای ئاشکرایە کە تۆمەتێکی بێ بنەما و دوور لەڕاستییە. بەڵام ناڕاستەوخۆش بێت، گومانێکی بچووکی لەزەینی بەشێک لەتاکەکان دروست کردوە کە داخۆ پەژاک دروستکراوی ڕژێم نییە؟! چون ڕژێم بە دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو درۆیە،

تروسکەیەکی راستی لەناو کۆمەڵگەی لێ دروست دەکات. ناکۆکی و ئاژاوەی پێ دەنێتەوە و کۆمەڵگە نائارام و نائەمن دەکات تا کۆمەڵگە تووشی چۆکدانانی هەتاهەتایی ببێت.

لەکاتێکدا پەژاک هێزێکی سەردەمیانەیە و بە رێ و رێبازی تایبەتی خۆی تێکۆشان بەڕێوە دەبات و هێزێکی نوێخوازە و بۆ پێشکەوتن و ئاڵوگۆڕی زۆر کراوەیە. ئەو رێبازە نوێیەی تێکۆشان و مێتۆدی نوێی ژیانی بووەتە هۆکار کە لەهەموو هێز و لایەنەکانی دیکەی رۆژهەڵات جیاواز دەربکەوێت و توانای بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی رژێمی هەبێت. بەڵام رژێم دەیەوێت بەو بانگەشەیە ئەم دەرفەتە مەزنەی کە توانای کۆنترۆڵ و لاواز کردنی نییە، بە رێبازی شەڕی هیبریدی زەبر و زەنگ لەخەباتی ماندوونەناسانەی پەژاک بوەشێنێت. چون لەم شەڕەدا پانتایی، رێژە و توندی زیانەکان لەهێزی بەرامبەر زیاترە کە ئێستا رژێم بەم مێتۆدە بەدوای ئەنجام گرتنەوەیە. واتە رژێم بە رێبازی شەڕی کلاسیک نەیویستووە لەگەڵ پەژاک بکەوێتە ناو شەڕەوە. بەڵکو رژێم بە رێبازی شەڕی هیبریدی لەدژی پەژاک شەڕێکی ترسناک، بێ یاسا و رێسا و بێ ئەخلاق بەڕێوە دەبات.

رژێم ئەو سیناریۆیەش بۆ ئەوە دروست دەکات کە تا ناسنامەی پەژاک شاراوە و ئاڵۆز بکات و حەز و خۆشەویستییەکانی کۆمەڵگە لەسەر پەژاک کەم بکاتەوە. دیواری ترس و سام بە دەوری پەژاک دەکێشێت. بە ترس و خۆف هێن دەیناسێنێت. وەک تەڤگەرێکی زەندەق بەر و ترسێنەر وێنای دەکات. تا کۆمەڵگە بە دڕدۆنگی نزیکی پەژاک ببنەوە. بەو شێوەیە دەیەوێت ئەو هیوا، باوەڕی و ورەیەی کە لەسەر پەژاک هەڵچنراوە، بەو پێناسانە دایبمرکێنێت.

لەکاتێکدا رژێم هەوڵی داوە لەدژی پەژاک ئەو هەموو

کۆسپ و لەمپەرە دروست بکات، تا ڕێ لەگەشەکردن و بەربڵاوبوونی بگرێت. بەڵام ڕاستییەکان شتی دیکەمان پێدەڵێن. چون کۆمەڵگەیەک کە بۆ خۆی ماتەوزەی بونیادنان، پێشەوایی، چوونەپێش و ڕچەشکێنی دامەزراندنی پەژاک بێت، هەرگیز بە قسەوقسەلۆک و بڵاوکردنەوەی بەندوباوی تووشی هیوابڕان نابێت، بەڵکوو زیاتر هیواداری و ئومێدبەخشی بە پەژاک زیاتر دەبێت.

**٩ ـ پەژاک بە موحارب (دژە خودا) و لادەر لەقەڵەم دەدرێت!**

ڕژێمی ئێران هەمیشە بۆ سەرکوت و داپڵۆساندنی ئیرادەی ڕاپەڕیوی گەل سوودی لەئاینی ئیسلام وەرگرتووە. هەڵبەت ئەوەش بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە کاری هێناوە. بەتایبەت ڕژێم لەشەڕی هیبریدی دا چ هێز، لایەن و تاکێک گوێڕایەڵی نەبووبێت و لەدژی ڕژێم کەوتبێتە ناو بەرخۆدانەوە، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی موحارب (دژە خودا) لەبەرامبەری هەوڵی داوە لایەنی بەرامبەر خۆبەدەستەوە بدات و بە چۆکیدا بیهێنێت. چون لە شەریعەی ئیسلامیدا پێناسەیەک بۆ موحارب کراوە ئەوەیە کە گوایا «تاوانبارێک کە لەدژی حکومەتی ئیسلامی یان ڕێوشێوێنە ئیسلامییەکان ڕاپەڕیبێت، کوژرانی واجبە». بە پێی ئەو پێناسەیە ئەمڕۆ ڕژێم ئەندامان و لایەنگرانی پەژاک بە پێی ئەو تۆمەتە تاوانبار دەکات و سزایان بە سەردا دەسەپێنێت. واتە پەژاک بەوە تۆمەتبار دەکرێت کە کاری تێکدانی ئاسایش و ئارامی و نەزمی گشتی کۆمەڵگەی ئێران لەڕێگەی بە کارهێنانی چەکوچۆڵ یان بە ئاموور و کەرەستەی جیاوازی شەڕ ئەنجام دەدات. لەکاتێکدا ئەم تۆمەتە ناڕەوا و دوور لەپێوەرەکانی شەڕە کە پەژاکی پێ تۆمەتبار دەکرێت.

بە پێی پێناسەیەکی شەڕی هیبریدی کە پێشتر کردبوومان،

شەڕی هیبریدی شەڕێکی بێ قوراڵ ( بێ یاسا و ڕێسا)، بێ پرەنسیپ و بێ دیسپلینە. بۆیە داتاشینی ئەو تۆمەتە دەکەوێتە خانەی شەڕی هیبریدی ڕژێم لەدژی پەژاک و گەلی کوردەوە کە ئەمڕۆ پەنای بۆ هێناوە. واتا ڕژێم لەشەڕی بەرامبەر پەژاک و گەلی کورد هەموو پێوەرەکانی مافی مرۆڤ و یاساکانی شەڕی بەزاندووە و لە بە کارهێنانی هەر مێتۆدێکی دڕندەی شەڕ سڵی نەکردوەتەوە.

ڕاپەڕینی پەژاک لەدژی زوڵم و زۆری، سەرکوت و چەوسانەوە، نکۆڵی و قڕکردن بووە. واتا دەستەبەرکردنی شووناس، پێشکەوتنی ئازادی فکری و بە ئیرادەکردنی مرۆڤەکانی دەستەبەر کردووە. ئامانجەکانی پەژاک سەلمێنەری ئەوەیە کە پەژاک لەدژی هیچ ئایین و باوەڕییەک بە تایبەت ئاینی ئیسلام و ڕێوشوێنە ئیسلامییەکان ڕانەپەڕیوە. بەڵکو لەدژی ڕژێمێک ڕاپەڕیوە کە بە زارەکی و ڕووکەشی نوێنەرایەتی موسڵمانێتی ساختە دەکات. لەژێر ئەو سەردێڕەدا نرخ و بەها کۆمەلایەتییەکان لەناو دەبات و ڕۆڵە ئازاو بوێرەکانی ئەم ولاتە ڕەشەکوژ دەکات. بەو بەرچەسپە گەلی کورد و پەژاک تیرۆریزە دەکات. ئەوەش موسلمانێتیەکی ساختە، بێ ناوەڕۆک و پووچە کە ڕژێم خۆی بە ئالاهەڵگری دەزانێت. ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی پەژاک لەدژی ئەو زیهنیەتە چەواشەکار و ساختەکارەیە کە نکۆڵی لەهەبوون و حەقیقەتی بوونێک دەکات.

ڕژێم لەژێر ناوی دووانەی موسڵمانێتی و کافربووندا کۆمەڵگەی کوردی ڕووبەڕووی قڕکردن و ڕەشەکوژی و نانەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی کردوەتەوە. بە هاوکاری هاوبیرەکانیەوە کۆمەڵگە لەژێر هەیمەنەی ئایەت و سورەی قورئانی ئەنفال، فەتح و سابرینەوە کۆمەڵکوژ کراون. لەکاتێکدا موسڵمانێتی لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤە، موسڵمانێتی بۆ ئازادییە،

بۆ دادپەروەری، شەرەف و کەرامەتە. بەڵام رژێم کە هەمیشە بانگەشەی کۆماری ئیسلامی دەکات، ئەو پێناسە راستەقینانە لەچ گۆشەیەکی دەسەڵاتدا جێ بە جێ کردووە؟ لەچ دەزگا، ناوەند و گۆشەیەکی رژێم ئازادی، دادپەروەری، شەرەف، کەرامەت و حەق بوونی هەیە؟ گەل لەهەر خۆپیشاندانێکدا بەرەو رووی دەسەڵات درووشمێک بەرز دەکەنەوە و هاوار دەکەن «بێ شەرەف، بێ شەرەف». ئەو دروشمەش نیشانەی ئەوەیە کە رژێمی ئێران گەورەترین موحاربی سەردەمە. چون رژێم بە پێچەوانەی بانگەشەکانی سەرجەم بنەما فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەکانیان پێشێل و پشتگوێ خستووە. لەکاتێکدا تێکۆشانی پەژاک لەپێناو ئازادکردنی مرۆڤەکانە. بۆ ئازادی گەل و کۆمەڵگەیە. گەڕانەوە و بەخشینی شەرەف و کەرامەتی مرۆیی و گەڕانەوەی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگەیە. ئەو کات چ ویژدان، ئایین، باوەڕی و عەقلێک ئەوە پەسەند دەکات کە پەژاک موحارب و لادەر بێت؟!

ڕێبەر ئاپۆ لەکتێبی ئیسلام و نیشتمانپەرەوری تیشک دەخاتە سەر سیاسەتی نکوڵی کردنی گەل و کۆمەڵگە و بەرچەسپ لێدان و تیرۆریزەکردنی گەل و کۆمەڵگە و دەڵێت:«**هەر وەک چۆن حەزرەتی محەمەد فەرموویەتی: «ئەوەی نکوڵی لەقەومی خۆی بکات لەئێمە نییە». بەڵام ئێستا لەناو کۆمەڵگەکاندا کەسێک چەندە زیاتر نکوڵی لەخۆی بکات ئەوەندە مووچەی پێدەدرێت. چەندە بە جەنگاوەرانی ئازادی و ماف و دادپەروەری بڵێ تیرۆریست و لەسەر ئەو بنەمایە ئایەتەکان بکات بە ئامرازێک و چەندەش بکەوێتە ناو مەزنترین گوناحەکانەوە، دەوڵەت ئەوەندە پارەی زیاتری دەداتێ، ئەم شتەش بێجگە لەدوژمنایەتی کردنی ئیسلام مونافقکاری بەولاوە بە هیچ شتێکی تر لێک نادرێتەوە و هەڵناسەنگێندرێت**».

رژێم لەژێر ناوی ئیسلامدا کە خاڵی هەستیاری کۆمەڵگەیە

هەر جۆرە بیروبۆچوون و چەمکێکی کۆنەپەرستانە لەدژی پەژاک بە کار دەبات. ئەمەش یەک لەو چەمکە بنەڕەتییانەیە کە پەژاکی پێ تۆمەتبار دەکات. ئەگەر رژێم لەراستیدا بڕوای بە ئاینی ئیسلام هەیە و خۆی بە نوێنەری راستەقینەی دەزانێت، بۆچی خاوەنداریێتی لەپرەنسیب و رەهەندە سەرەکییەکانی ئیسلام ناکات؟ یان لەکرداردا ئەو پرەنسیپانە وەک خۆی بە جێ ناهێنێت؟ لەکاتێکدا ئیسلامی دیموکراتیک ئایینی یەکسانی، ئازادی و دادپەروەرییە. ئەگەر رژێم خۆی بە دەوڵەتێکی ئیسلامی لەقەڵەم دەدات و بەو پێیە شەریعەی ئیسلامی لەو وڵاتە پەیڕەو دەکات، رژێم بۆ خۆی چەندێک یەکسانیخواز، ئازادیخواز و دادپەروەرە؟! چەندێ ئایەتی «وجعلنکم شعوبا و قبایل لتعارفوا» واتە « کردومانن بە چەند گەلێک و چەند هۆزێک هەتا یەکتر بناسن»ی کردووەتە بنەمای بەڕێوەبەری حکومەت و دەوڵەتەکەی؟!.

پێویست دەکات کردەوەکانی پەژاک و رژێم بخرێنە ناو تەرازوییەک و رێژەی تاوانەکانی دوو لایەن بەراورد بکرێت کە داخۆ گەلی کورد و پەژاک خاوەنداریێتی راستەقینەی لەگەوهەری ئاینی ئیسلامی دیموکراتیک کردووە یان رژێمی بە ناو کۆماری ئیسلامی؟! ئامانجی ئایینی کۆمەڵگە ئەگەر ئازادی بێت، داخۆ لەگەڵ ئامانجەکانی دەسەڵات یەکدەگرنەوە؟ بەڵام ئەو ئامانجە لەگەڵ ئامانجەکانی تێکۆشانی پەژاک لاری نییە و پەژاکیش هاوکات ئامانجی ئازادکردنی گەل و کۆمەڵگەیە. ئەم ئامانجەی پەژاک بێگومان دژە ژەهری ئامانجەکانی رژێمە. چون رژێم نوێنەرایەتی ئیسلامی ساختە و دەسەڵاتگەرا دەکات و ئەو ئیسلامەش بە سەر کۆمەڵگە دەسەپێنێت. لەکاتێکدا گەلی کوردی موسڵمان بە جێگەی ئەو ئیسلامە سیاسی و ساختەیە، ئیسلامی دیموکراتیک یاخود ئیسلامی کولتووری لاپەسەندە. واتە ئیسلامی

راستەقینە و گەوهەرەکەی بە بنەما دەگرێت نەک شێوە و رووخساری ئاینێک کە توندوتیژی لێدەچۆڕێت. ئەم بژاردەیەش بووەتە دژەژەهری رژێمی ئێران کە دەمامکی شاراوەی لەسەر رژێم هەڵدایەوە. کە رژێم لەژێر ناوی ئیسلامدا نکۆڵی لەئایین، باوەڕی، مەزهەب و رەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکات، لەکاتێکدا لەئیسلامی دیموکراتیک بە رۆحی برایەتی و لێبوردنەوە هەموو رەنگە جیاوازەکان، زمان، گەلان ئایین و باوەڕییەکان پەسەند دەکات و رێزیان لێ دەگرێت. کاتێک پەژاک بڕوای حەقیقی و رێزی بەو بابەتانەیە، رژێم چۆن دەتوانێت لایەنگرانی پەژاک، هاوڵاتیانی کورد و کۆمەڵگەی کوردی کوێرکوێرانە دادگایی بکات و لەژێر ناوی ئەو تاوانە رووبەڕووی سزایان بکاتەوە؟.

رژێمی ئێران ئەمرۆ لەژێر پەردەی ئیسلام و بە پاساوی شەڕ لەدژی موحارب لەدژی گەلی کورد ستەم، نکۆڵی، تیرۆر، کۆیلایەتی و نادادپەروەری بەڕێوە دەبات. ئەوەش گەورەترین خراپەکاری رژێمە کە دەرحەقی ئاینی ئیسلام و کۆمەڵگەی ئیسلام ئەنجامی دەدات. چون ناوەڕۆک و گەوهەری رژێم نایەکسانی، کۆیلایەتی و نادادپەروەرییە. بەڵام بە زۆرەملێ و بە نانەوەی ترس و سام لە ناو کۆمەڵگە خۆی بە رژێمێک وێنا دەکات کە ئاڵاهەڵگری یەکسانی، ئازادی و دادپەروەرییە. بەس ئەم دروشمانە لەناوخۆی ئێراندا تەنیا لەسەر پەلی کاغەزدا دەبینرێن و لەگۆڕەپانی کرداردا ناو دام و دەزگاکانی رژێم بوونیان نییە. بۆیە نە گەل و کۆمەڵگە باوەڕ بەو بوختانەی رژێم دەکەن کە دەیخاتە سەر پەژاک و نەش ئەو رستە ژەهراوییانەش گەل لەهێز، توانا، باوەڕی و ئیرادە دەخات و دادەماڵێت.

**١٠ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە دژە شۆڕش (ضد انقلاب)**

رژێمی ئێران بە تۆمەتبارکردنی پەژاک بە تەڤگەرێکی دژەشۆڕش، لە ستراتیژی هێرشدایە. ئەوەش تایبەتمەندی شەڕی هیبریدی سەردەمە کە رژێم خۆی لێ بێ بەری نەکردووە و بەو تایبەتمەندییەی شەڕ کەوتووەتە گیانی گەل و کۆمەڵگە. بەو پێیە لەهەموو جومگەکانیەوە پەلاماری نرخ، بەها و دەستکەوتەکانی گەلان دەدات. ئەوەش تایبەتمەندی رژێمی هیبریدی ئێرانە کە بەردەوام لەدۆخی هێرش و پەلامارە بۆ سەر کۆمەڵگە. تۆمەتبارکردنی پەژاک بە دژەشۆڕش، ئەوە پڕوپاگەندەی رەشی رژێمە کە بە ئامانجی فەتح کردنی زیهنیەتی گەل و کۆمەڵگە پەیڕەوی دەکات. بەو بوختانە رژێم دەیەوێت تاک و کۆمەڵگە لەگەوهەری خۆی نامۆ بکات. هێزی ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ بە دژەشۆرش و دژە ئازادی تۆمەتبار دەکات. بە شۆردنەوەی مێشکی تاکەکان ناسنامەی شۆڕشگێڕییان لێ زەوت دەکات. واتە ئەو تۆمەتە ئەوەندە دووپات دەکاتەوە کە تا تاک و کۆمەڵگەی فەتح کراو باوەڕ بەو درۆیەی کە رژێم دەرخواردی کۆمەڵگەی دەدات، بهێنێت.

لەکاتێکدا مێژووی دەسەڵاتداری رژێمی ئێران بۆ خۆی بە گشتی دژەشۆرشە. دژەشۆڕش لەبەرامبەر سەرجەم ئەو توێژ و فاکتەرە کۆمەڵایەتییانەی کە شۆڕشی گەلانی ئێران یان بەرپا کرد و لەسیستەمی دیموکراتیکی گەلان بەدەر نراون. واتە دژەشۆڕش بەرامبەر بە ژن، جوانان، کۆمەڵگەی گوند – کشتوکال، نەتەوەکان و بیر و باوەڕی و مەزهەبە جیاوازەکان. بەو پێیە رژێمی ئێران بۆ خۆی گەورەترین بزاوتی دژەشۆڕشی نیو سەدەی دواییە. چون ئەم رژێم تاوانبارە بە تێکدان و زەوتکردنی گەورە شۆڕشی دیموکراتیکی گەلان و ژنان لەئێران. بۆیە دەوڵەت - نەتەوەی ئێران بۆ خۆی رژێمێکی دژەشۆڕشە. چون دەوڵەتێکە کە شێوەی فاشیست و دیکتاتۆری بە خۆیەوە گرتووە و بووەتە

ڕژێمی قەیران و لەکۆتادا مەدالیای دژەشۆڕش، دژە ژن و دژە گەلانی وەرگرتووە.

لەکۆمەڵگەی ئێران قەیران بەدوای قەیران دێتەئاراوە. بۆیە ڕژێم بووەتە ڕژێمی قەیران و شێرپەنجە. واتا قەیرانەکانی ڕژێم گەیشتوەتە ئەو ئاستە کە زیاتر بەرپرسەکانی قەیران دەخوڵقێنن، بۆیە دۆخی ڕژێم بۆ ئەوە کراوەیە کە دژەشۆڕشی دژوار و زۆر توندتریشیان لێ بکەوێتەوە. واتە قەیرانەکان تەنها شۆڕش لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن، بەڵکو دژەشۆڕشیان لێ دەکەوێتەوە. لەئێستادا دۆخێک لەناوخۆی ئێران هاتووەتە ئاراوە کە شۆڕش و دژەشۆڕش لەناو ململانێ و کێبڕکێدان. گەلان لەژێر ناوی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» شۆڕشی سەدەیان خوڵقاند و نووژەن کردەوە. بە پێچەوانەوە ڕژێمیش لەژێر ناوی شۆڕشی کولتووری و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی مەکینەی دژەشۆڕشی بەرداوەتە گیانی کیان و دەرەتانەکانی ژیانی کۆمەڵگە.

شۆڕشی گەلانی ئێران ئەو شۆڕشەیە کە تا ئێستاش گەلانی ئێران لەسەر میراتەکەی دەژین. هەر چی ئەو گەورە دژەشۆڕشەی ڕژێمی ولایەتی موتلەقەی فەقیە و پیاوسالاری ئێران کە لەسەر بنەمای شۆڕشی چەواشەی دەوڵەت و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هاتە سەر دەسەڵات و شۆڕشی گەلانی زەوت کرد و دوابەدوای ئەو قۆرخکارییە قووڵترین چەوساندنەوە و کۆیلایەتی بەسەر ژنان، جوانان و رای گشتی کۆمەڵگە سەپاندووە. ڕژێم لەکاتی زەوت کردنی شۆڕشی گەلانی ئێران کە خۆی وەک هێزێکی ڕاستڕەو و باوەڕدار بە ئایین نیشان دا، لەمیانەی شۆڕش و دژەشۆڕشەوە سەرەتا دەستکەوتی گەلانی ئازادیخوازی ئێران کە شۆڕشی گەلانی ئێران بوو، زەوت کرد. دواتر بە دیهێنانی ئامانجی پلان و بەرنامە ئاینییەکانیان بوونە داڕێژەر و ئەندازیاری کۆمەڵگە و لەو پێناوەدا شەپۆلی

پاکتاوکردنی کۆمەڵگەیان دەستپێکرد و لە ڕێگەی نەخشەو پرۆژەکانیانەوە ئەو کۆمەڵگەیەیان (کۆمەڵگەی پیاوسالاری) خوڵقاند کە بە حەسرەتیەوە بوون و ئەمڕۆ گەلانی ئێران، ژنان و جوانان پێوەی دەناڵێنن. ئەوە ئەو بابەتە پشت ڕاست دەکاتەوە کە لەساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لەناو جەرگەی شۆڕشی گەلانی ئێراندا بە پێشەنگایەتی ژنان شۆڕش بەرپا کراوە. واتا ڕژێم بە زەوت کردنی ئەو شۆڕشەی گەلان، دژەشۆڕشی ناو شۆڕشی ئەنجام داوە. بۆیە گەلانی ئێران بە پێشەنگی ژنان و گەلی کورد و نەتەوەکانی دیکە شۆڕشێکیان لەژێر ناوی شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» بەرپا کرد و دەیانەوێت ئەو لادانەی کە لەمێژوودا بە دەستی تاقمێکی مەلا و توندڕەوی ڕژێم درووست بووە، سەرەڕاست بکەنەوە.

کردەوەکانی ڕژێم لەو ئاستەدایە کە کۆمەڵگە بێزیان لێدەبێتەوە. واتە هەر کردەوەیەکی ڕژێم لێوانلێوە لە هزرپیسی، چەرمەسەری و چارەڕەشی. سیاسەتی گەورەبوونی شارەکان، هەژاری، بێکاری، گرانی و کێشەی هەڵاوسان لەئێران بۆ خۆی دژەشۆڕشە لەبەرامبەر کۆمەڵگە. چون ڕژێم بە هەر یەک لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانە بەشێک لەکۆمەڵگە ئامانج دەگرێت. بەو دیاردانە کۆمەڵگە لە ناو شێرپەنجەدا دەگەوزێنێت. سیاسەتی لاوازکردنی کۆمەڵگە پەیڕەو دەکات. بە سیاسەتی هەڵاواردن بەشێکی کۆمەڵگەی رووبەڕووی مردنی هەنگاو بە هەنگاو کردوەتەوە. کولتووری گوندنشینی وێران و کاول کردووە. بە گەورەبوونی شار کێشەکان کەڵەکە دەکات و توانای چارەسەر کردنی نییە. لەشاردا سوپایەک لەکۆیلەی بونیاد ناوە. مرۆڤەکان لەناو دەریای بێکاریدا غەرق دەکات. کۆمەڵگە برسی دەکات و سیاسەتی بیودەسەڵاتی لەسەر بەڕێوە دەبات. زمانی دایکی لەمرۆڤەکان زەوت دەکات. کولتوور و ئایین و باوەڕییەکان لەناو

دەبات.
کارنامەی رژێم سەلمێنەری ئەوەیە کە کردەوەکانی بە جێگەی ئەوەی لەقازانجی کۆمەڵگەدا بێت، زیان و زەرەری گەورەی بۆ کۆمەڵگە هەبووە. هەر کردەوەیەک وەک قوڵاپی ماسی لەقورگی مرۆڤەکان پەنگی خواردووە و دەرفەتی هەناسەکێشانی لەتاک و کۆمەڵگە زەوت کردووە. ئەگەر کردارێکی رژێم لەقازانجی گەل و کۆمەڵگەدا نەبێت، ئەوا بە پێچەوانەوە شێرپەنجەی مرۆیی لەسەر سەوز دەبێت. ئەو کردەوانە دەکەونە خانەی رەشەکوژی کۆمەڵگە و دژەشۆڕشەوە.
بۆیە رژێم پێش هەر شتێک دەیەوێت چاڵێک بۆ کەسێکی دیکە هەڵبکۆڵێت، هەمیشە پێویستە ئاگاداری خۆی بێت کە رۆژێک بۆ خۆی گیرۆدەی ئەو چاڵە نەبێت. کردەوەکانی ٤٦ ساڵەی رژێم سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو کردەوانە تەنیا بەرهەمی دژەشۆڕشی لێ سەوز بووە. بەڵام کردەوەی ٢١ ساڵەی تێکۆشانی پەژاک نیشانی دا کە لەناو شۆڕشێکدا بە دەیان شۆڕشی دیکەی هەڵگرساندووە کە هەمووی خزمەتی تاک، کۆمەڵگە، دیموکراسی، ئازادی، ژینگە، ژن، جوان و باوەڕییەکانی کۆمەڵگەی کردووە و ئەو شۆڕشانە ئیدی بە کۆمەڵایەتی دەبێت و هەر یەک بە شێوەیەک بەرهەمدار دەبێت. بۆیە بوختانێک کە بە ناوچاوانی پەژاکەوە شەختەی کردووە، بە تێکۆشانی پڕ لەهەڵبەز و دابەز و گەرم و گوڕی لەتواندنەوە و شکاندایە.

## ١١ ـ لەقەڵەم دانی گەلی کورد و پەژاک بە جیاخوازی (تجزیەطلب)

رژێم بۆ ئەوەی لەشەڕی هیبریدی لەدژی گەلی کورد و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی سەرکەوتوو بێت، دەستی داوەتە سەر خاڵە هەستیارەکانی کۆمەڵگە و بە تاشینی هەندێک دەستەواژە گەلان بە

گژیەکدا دەدات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێت کە سیاسەتی نکۆڵیکارانەی خۆی لەدژی گەلی کورد و شۆڕشگێڕەکانی بەڕێوە ببات و بەو تۆمەتانە کۆی سیاسەتەکانیشی رەوایەت پێدەدات. بۆیە ئەم دەستەواژانەی کە رژێم لەشەڕی تێکەڵاودا لەدژی گەلی کورد بە کاری دەبات، تەنیا ئامانجیان رەوایەت دان بە کوردکوژیی و نکۆڵی کردن و بێ بەش کردن و دوورخستنەوەی لەمافە سەرەتاییەکانی ژیانێتی.

جیاخوازی یەک لەو دەستەواژانەیە کە رژێم وەک کارتێکی گوشار بە بەردەوامی بۆ سەرکوت و پاکتاوکاری گەلی کورد بەکاری هێناوە. واتا کاتێک گەل داوای مافی هەبوون، ئازادی و ژیانی دادپەروەرانەی کردبێت بە تۆمەتی جیاخوازی رووبەڕووی کۆمەڵکوژی و سەرکوت کراوەتەوە. بۆیە ئەم تۆمەتە، تۆمەتێکی دێرین و مێژووییە کە لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز بەڕێوە براوە. رژێم ئەم تۆمەتەی کردوەتە ملوانکەی کۆیلایەتی کە هەمیشە بە گەردنی هاوڵاتیانی کوردەوە نووساندوویەتی.

رژێم ئەم شەڕەی لەدژی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز لەناوخۆی ئێران لەپێناو راگرتن و بەهێزگرتنی چەمکی (یەک وڵات، یەک زمان، یەک کولتوور، یەک ئاڵا، یەک سروود و ... ) کە چەمکێکی نەتەوەپەرستانە و نادیموکراتیکە راگەیاندووە. چون رژێم لەبچووکترین گفتوگۆ و تێزی پێکەوە ژیانی گەلان، ئازادی، دیموکراسی و دادپەروەری و دەستەبەرکردنی مافی هەبوون لەناوخۆی وڵات بە مەترسیدارترین تاوان بەرامبەر بە یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات لەقەڵەم دەدات. بۆیە جیاخوازی بووەتە ژەهری کوشندەی چەمکەکانی؛ وڵاتی هاوبەش، جوگرافیای هاوبەش، زمانی زگماکی، فرە کولتووری و فرەناسنامەیی و کولتووری دایکایەتی لەناوخۆی ئێران. لەبنەڕەتدا زنجیری بەستنەوەی گەلانی ئازادیخواز بە ناوەندی دەسەڵاتەوەیە. گەلی کورد و ئەندام

و لایەنگرانی پەژاکیش لەبەر ئەوەی بە تێکۆشانی بێ وچانیان ئەو زنجیری کۆیلایەتییەیان پساندووە، بە تاوانی جیاخوازی بە قورسترین سزا حوکم دەدرێن. بۆیە رژێم هەرگیز ئامادە نەبووە گوێ لەویست و داخوازییەکانی گەلان بگرێت و هەمیشە حاشای لەئیرادە و هەبوونی کۆمەڵگە کردووە. چون رژێم جیاخوازی وەک چەکێک بەسەر گەلی کوردەوە راگرتووە و کەی هاواری ئازادی لێ بەرزبووبێتەوە، دەنگی ئازادی بە تۆمەتی جیاخوازی کپ و سەرکوت کراوە. سەپاندنی حوکمی نادادپەروەرانە بەسەر هەڤاڵان؛ زەینەب جەلالیان، وریشە مورادی و تەنانەت پەخشان عەزیزی و شەریفە محەممەدی و ... هتد دابڕاو لەم سیاسەتەی رژێم نییە.

ناوەندەکانی شەڕی هیبریدی رژێم بۆ ئەوەی پرسی کورد لەناوخۆی وڵات بە چارەسەرنەکراوی بهێڵێتەوە، لەو چەشنە تۆمەتانە بۆ گەلی کورد هەڵدەبەستێت. بۆیە پەژاک و یان هەر پارت و لایەنێکی دیکەی سیاسی هەر جارێک دەکاتە بیانووی بەرجەستەکردنی ئەو وتارە نەتەوەپەرستی و فاشیستانەیە، تا لەدژی کۆمەڵگە لەسیاسەتی سەرکوت و داپڵۆساندنی بەردەوام بێت. واتا رژێم دەرفەتی ئەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد نارەخسێنێت، بەڵکوو بە داتاشینی ئەو دەستەواژانە هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆیی لەگەڵ پێکهاتەکانی کۆمەڵگە زیاتر خۆش دەکات و لۆژیکی ناوەندگەرایی بە سەر گەل و کۆمەڵگە دەسەپێنێت. ئەو لۆژیکەش هەڕەشەیەکە بۆ سەر هەبوون، شووناس، ئازادی و پێکەوە ژیانی گەلان. بۆیە رژێم بە دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکانی شەڕی تێکەڵاو لەناوەندەکانی ئەو شەڕەوە هەوڵ دەدات گوتەکانی «هەڕەشەی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ سەر وڵات و پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات» لەڕۆژەڤدا بهێڵێت کە ئەوەش پریشکی ئاگری شەڕی تێکەڵاو رۆژ لەدوای رۆژ لەدژی گەلانی ئازادیخواز گەشاوەتر دەکات. ئەوەش دەرفەتێکی باش بۆ

ڕژێمی ئێران دەڕەخسێنێت کە بە ویست و ئارەزووی خۆی بۆ چەوساندنەوەی وڵات و کۆمەڵگە یاسا و ڕێسا بتاشێت و هەوڵ بدات هەمیشە کۆمەڵگەی کوردی لەپێناو بەرژەوەندییەکانی بەکار بێنێت.

ڕژێم بەو سیاسەتە شەڕانگێزانەیەی تەنیا گەلی کورد لەدۆخی کۆمەڵگە و مرۆڤبوون بەدەر نانێت، بەڵکوو وەک لەبارترین ئامرازی یاسای بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجی دەوڵەت و سەرمایە کەڵکی لێ وەردەگرێت. تەنانەت بەم دەستەواژەیە دەمارگیری و نەتەوەپەرستی فوو تێدەکات و دەرگا بۆ جاشبگیری و بەکرێگیراوی لەکوردستان ئاوەڵا دەکات. گەل هانی ئەوە دەدات کە پەژاک یەکپارچەیی وڵات تێکدەدات و حاشا لەحکومەتی ناوەندی دەکات، تا بەو شێوەیە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەدژی گەلی کورد گوڕ بکات و دەرگاکانی ئاشتی و پێکەوە ژیان و چارەسەری دیموکراتیانە بە یەکجارەکی لەناو کۆماری دیموکراتیکدا دابخات.

واتە ئەگەر یەکێتی و یەکپارچەیی وڵات لەئێران پارێزراو بێت، ئەوە بە حاشاکردن، نکۆڵی کردن و داپڵۆساندن مسۆگەر نابێت. بەڵکوو پەژاک لەچوارچێوەی پاراستنی یەکێتی و یەکپارچەیی خاکی ئێران بە دوای چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراتیکی پرسی کورد و گەلانی ئێرانە و دەیەوێت ڕژێم دان بە مافەکانی گەلی کورددا بنێت. بۆیە پێویستی بەوە دەکات کە ڕژێم واز لەو چەکە کوشندانەی دژ بە کۆمەڵگە بهێنێت و ئەو دەستەواژانەی بۆ کۆمەڵگە بەکار بهێنێت کە هەوێنی گرساندنی یەکگرتن، یەکێتی، پێکەوە ژیان و یەکپارچەیی خاکی ئێران بێت. ئەوەش ئەو ساتەوەختەیە کە سەرەڕای بڵێسەی ئاگری شەڕ ئاشتی و ئارامی لە ناوخۆی ئێران بەرقەرار دەکات و ئێران بەرەو دیموکراتیزاسیۆن و کۆماری دیموکراتیک پەلکێش دەکات و لەو دۆخەدا چارەسەری دیموکراتیکی پرسی کورد و گەلانی ئێران و ژنانیش دێتنێتە ئاراوە.

# بەشی هەشتەم

## ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا

## شەڕی تێکەڵاو، سیستماتیزە کردنی توندوتیژییە

هەموو سەردەمێک جۆرەیەک لەشەڕی تایبەت و تێڕوانینی پێشوەختەی بە خۆی هەیە. تایبەت سەردەمێک کە تەکنیک و تەکنۆلۆژیا پێشدەکەوێت و ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکان بە خێرایی ڕوودەدەن، شەڕەکە زیاتر و فراوانتر گیرۆدەی گەل و کۆمەڵگە دەبێت کە ئەنجامەکەی بێ ڕۆڵ کردن و بێ کاریگەرکردنی مرۆڤی لێدەکەوێتەوە. لەم سەردەمەشدا لەبەر تایبەت بوونی شەڕەکە زانست و تەکنۆلۆژیا پیرۆز و پڕبایەخ دەکرێت و بە پارچەیەکی دانەبڕاو لەژیانی مرۆڤ لەقەڵەم دەدرێت. لەلایەکی دیکەشەوە گەشەدانەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا مرۆڤەکان بێ نرخ و بێ بەها دەکات و تاک و کۆمەڵگە بەرەو کۆیلەی مۆدێرن دەبات.

ئەم سەردەمە زێڕینەی تێیداین سەردەمی زانست و تەکنیکە. دوا بەدوای شەڕی جیهانی دووهەم پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا خێراییەکی بەر چاوی بەخۆیەوە دیوە. ئەوەش دەرفەتێکی مەزنی بۆ پەلهاوێشتنی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری لەجیهان و ناوچەکە ڕەخساندووە. واتە زانست و تەکنۆلۆژیا جیهانی کردوەتە گوندێکی بچووک. ئەوەش گۆڕانکاری بنەڕەتی لە تاکتیکی شەڕدا بۆ هەر هێز و لایەنێک هێناوەتە ئاراوە. بەو پێیە شۆڕشی گەلانی ناوچەکە لەم سەردەمەی شەڕدا ناتوانێت خۆی لە زانست و تەکنیکی سەردەم بەدوور بخات کە باڵی بە سەر هەموو جومگەکانی

کۆمەڵگەدا کێشاوە.

شەڕی هیبریدی ڕێبازی هێزە هەژمونگەراکان لەبەرامبەر شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. لەبنەڕەتدا شەڕی پسیکۆلۆژی و شەڕی تایبەتە. ئەم ڕێبازەی شەڕ هەموو شتێک دەکاتە ئامووری شەڕ. دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی لەدژی گەل و کۆمەڵگە شەڕی تێکەڵاو بەڕێوە دەبەن، مەترسی ئەو شەڕەش بە جیدی بۆ سەر خۆیان دەبینن. بەتایبەت تێکۆشان و شەڕی مافداری گەلی کورد کە لەسەر بنەمای ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بەڕێوە دەچێت، دەخەنە خانەی ئەو شەڕەوە و بە گەورەترین مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەقەڵەم دەدەن.

بۆیە لەبەرامبەر شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا شەڕی تێکەڵاو بەڕێوە دەبەن. شەڕی درۆ و تەڵەکەبازی لەسەر گەل ئەنجام دەدەن. لەکاتێکدا جێگەیەک لەدەستیدا نییە و شتێک لەئارادا نییە، بە بانگەشەی درۆ و دەلەسە دەڵێت هەیە و ئەو شتەش کە هەیە، نکۆڵی لێدەکات. بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو ڕێبازەی شەڕ لەسەر بنەمای ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل پێویستە لەهەنگاوی یەکەمدا ڕێبازی قانیع کردنی کۆمەڵگە برەوی پێبدرێت. دواتر پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی پێشبخرێت، تا گەل و کۆمەڵگە بەشداری لەشەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا بکات.

پێناسەی شەڕی ئەم سەردەمە پیشاندەری گەوهەرەی خۆیەتی. شەڕی تێکەڵاو سیستەماتیزەکردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دەوڵەت و دەسەڵات لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. شەڕ لەبنەڕەتدا لەنێوان گەل و کۆمەڵگە لەگەڵ دەوڵەت و دەسەڵاتە. لەبەر ئەوەی ئەم سەردەمە بە سەردەمی میدیا، زانست و تەکنۆلۆژیا، هۆشی دەستکرد و هێرشی سایبری ناوزەد کراوە، شێوە و دەرئەنجامەکانی جیاوازتر لەهەر سەردەمێکی شەڕە.

واتە ئەم شەڕە تووشی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بووە و لە بەر پانتاییەکەی کەسێک لێی بێ بەری نابێت. لەم شەڕەدا لەبەر بەرجەستەبوون و باڵادەستبوونی تەکنۆلۆژیا، مرۆڤ کەمترین رۆڵ لە بەشدار بوونی ناو گۆڕەپانەکانی ژیان، خەبات و بەرهەمهێناندا هەیە.

لەسیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا نکۆڵی لە گەل و کۆمەڵگە دەکرێت. ئەوەش بۆ خۆی بەرپاکردنی شەڕ و پەیڕەوکردنی توندوتیژی لەدژی گەلی کوردە. چون لەو شەڕەدا نکۆڵی لەهەبوون، ئیرادە و ئازادییەک دەکرێت. لەلۆژیکی ئەم سیستەمەدا هەبوونی گەلێک رەد دەکرێتەوە. ئەوەش لووتکەی قڕکردن و تیابردنی گەل و کۆمەڵگەیەکە. لەم شەڕەدا تەکنیک جێگرەوەی مرۆڤ دەکرێت. واتە نزیکایەتی ماددی بە سەر مەعنەویات سەروەرە. بەڵام لەسیستەمی مۆدێرنیتەی دیموکراتیکدا لەسەر بنەمای ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، گەل هەموو شتێکە. هێزی سەرەکی شەڕ، گەلە. ئەو گەلەش شەڕی لەپێناو بونیادنانی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و سیاسییە. بە ئیمان و باوەڕییەوە خۆی پابەندی ئەو ستراتێژییە کردووە. چون بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک دابڕان لەگەل و کۆمەڵگە نابێت. بۆیە سەردەمی ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، سەردەمی گەلانی ئازادیخواز و دیموکراتیخوازە.

لەکاتێکدا رێبەر ئاپۆ سەدەی ٢١ کە سەدەی نەتەوەی دیموکراتیک و سوسیالیزمی دیموکراتیکە بە سەدەی ژن پێناسە کردووە. واتە بە پێی ئەم پێناسەیە ئەم سەردەمە؛ سەردەمی مرۆڤ و ژنە. سەردەمی گەریلای مۆدێرنیتەی دیموکراتیک و شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. سەدەیەکە کە رۆڵی مرۆڤ تێیدا کارا و بەرجەستەیە و مرۆڤ دەستپێشخەری هەموو گۆڕەپانێکی پەیوەندیداری ژیانێتی. تەنانەت لۆژیک،

کردەوە و هەڵسووکەوتەکانی بە پێچەوانەی لۆژیک و پێناسەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە کە ڕۆڵ و پێگەی بۆ مرۆڤ دەستنیشان کردووە.

لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیا و شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا گەریلاکانی کوردستان ڕۆڵی گرنگیان لەبەکارهێنانی زانست، تەکنیک، ئیستخبارات، پڕوپاگەندە و ئاژیتاسیۆن، شەڕی تونێل و ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگە هەبووە. چون لەم شەڕەدا مرۆڤی بەتوانا و خاوەن ئیرادە ڕۆڵی بەکاریگەر و بەرجەستەیان تێیدا گێڕاوە. واتە گەریلا بۆ خۆی داهێنەری تەکنۆلۆژیا، تاکتیک و ژیانی شۆڕشگێڕانە و شەڕی سەردەمە. بۆیە هەبوونی هێزی گەریلا و پارادیگمای ڕێبەر ئاپۆ هاوسەنگی شەڕی سەردەمی گۆڕیوە و تەنانەت گەلی کورد بە پێشەنگایەتی گەریلا و شەڕوانانی، ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لەدژی شەڕی تێکەڵاو و تایبەت دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

هێزە پاوانخواز و شەڕانگێزەکان پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنۆلۆژیا سەرەتا لە گۆڕەپانی شەڕ تاقی دەکەنەوە. دۆزینەوەی تەکنیک و تەکنۆلۆژیاکان سەرەتا لە گۆڕەپانی لەشکەری بەکار دێت. ماوەیەکی درێژ بە شێوەی نهێنی و شاراوە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەکاری دەبەن. دواتر تەکنۆلۆژیاکە بۆ بەکارهێنانی کۆمەڵگا و ژیانی خەڵکی مەدەنی لەچوارچێوەیەکی دیارکەردا بڵاو دەکرێتەوە. هەڵبەت ئەو تەکنۆلۆژیاش لەسەر زیهنیەتی قازانج ـ سەرمایە دەخرێتە بازاڕەوە. واتە دەیانەوێت بە ڕێگەی ئەو تەکنیک و تەکنۆلۆژیایانەوە ئاسانتر کۆمەڵگە کۆنترۆڵ بکەن و هزر و ڕامانیان خێراتر لەناو کۆمەڵگەدا بڵاو بکەنەوە. کاتێک پەرەسەندن و بەربڵاوبوونی ئەو تەکنۆلۆژیانە هاتنە ناو گۆڕەپانی شەڕەوە، گۆڕانکاری بنچینەیی لە ستراتیژی و تاکتیکەکانی شەڕدا دروست کردووە.

لەشەڕی کلاسیکدا هەژماری مرۆڤەکان بە فاکتۆرێکی گرینگی شەڕ لەقەڵەم دراوە. هەژماری زیادە وەک خاڵێکی بنەڕەتی سەرکەوتنی شەڕ وێنا کراوە. تەنانەت لەو شەڕانەی کە چەکی کلاسیک و فەردی تێدا بە کار دەبرا، هەژمار گۆڕانکاری لەهاوسەنگی شەڕدا درووست کردووە. بەڵام لەشەڕی تێکەڵاودا، هەژمار رۆڵێکی ئەوتۆی نییە. بەڵکو چۆنیەتی ئاستی لێهاتوویی مرۆڤەکان و جۆرەکانی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لە بەر چاو دەگیردرێت. چۆنیەتی ئاستی مرۆڤەکان، زانیاری و تەکنیک، فاکتۆری گرینگن بۆ دیارکردنی ئەنجامی شەڕ.

شەڕی ئەم سەردەمە، شەڕی تەکنۆلۆژیا و هەواڵگرییە. لەهەر دوو رەهەندیشدا تەکنیک و تەکنۆلۆژیا رۆڵی سەرەکی دەگێڕێت و مرۆڤ تێیدا گۆشەگیر و پەراوێز خراوە. بۆیە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری گەوهەرەی شەڕەکەی پیشانی دەدات کە دژە مرۆڤ و کۆمەڵگەیە. واتە لە لیتراتۆری ئەم سیستەمەدا گەل و کۆمەڵگە بوونی نییە و تەکنیک و تەکنۆلۆژیا جێگرەوەی دەکرێت.

پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا لەم سەردەمەدا وای کردووە کە شەڕی جیهانی سێهەم ببێتە شەڕی زانست، تەکنۆلۆژیا، شەڕی نەرم و بە تایبەت هۆشی دەستکرد و سایبری. واتە ئەم شەڕە لەهەر دوو شەڕی دیکەی جیهانی زۆر جیاوازترە و بە نیسبەت شەڕەکانی دیکە خاوەن تایبەتمەندی تایبەت بە خۆیەتی. لەشەڕی هیبریدیدا لەهەموو رەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵگە توندوتیژی سیستماتیزە کراوە. بۆیە شەڕی تێکەڵاو، سیستماتیزە کردنی توندوتیژییە. ئەو کات لەچ جێگە و شوێنێک توندوتیژی رووی لەهەڵکشان بێت، لەو جێگەدا شەڕی تێکەڵاو بە سیستەم کراوە. لەو پێناوەدا رۆژانە شاهیدی ئەوەین کە رژێمی ئێران لەخوێندنگەوە بگرە تا بازاڕ، لەزیندانەوە بگرە تا

ناوچە سنوورییەکان، لەماڵەوە بگرە تا کۆڵانەکان بە توندوتیژی تەنیویەتی. تەنانەت خوێندنگەی کردووەتە جێگەی پەیڕەکردنی توندوتیژی لەدژی منداڵان و مێرمنداڵان. کردەوەکانی رژێم سەلمێنەری ئەوەیە کە کوردستان گۆڕەپانی تاقی کردنەوەی شەڕی هیبریدی رژێمە لەدژی گەلی کورد.

ئەگەر لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا لەچوارچێوەی فکر و فەلسەفەی رێبەر ئاپۆ کە باسی راستی کۆمەڵگەی کردووە، گەلی کورد و گەلانی ئێران لەسەر بنەمای ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بە تەرز، رێباز و شێوەی شۆڕشگێڕی رێکخستن بکرێت و ئەو ستراتێژییە بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، پیلانی شەڕی تێکەڵاو و شەڕی تایبەت چی بێت با ببێت دەتوانێت هەموویان سەراوژێر و پێچەوانە بکاتەوە.

لەم سەردەمەدا دەوڵەتی تورکیا و ئێران لەدژی گەریلاکانی کوردستان و وڵاتپارێزانی کورد بە تەکنیک و هەواڵگری شەڕ هێرشەکانیان بەڕێوە دەبەن. واتە تەنیا لەدوورەوە لەگەڵ گەریلا و گەل شەڕ دەکەن. ئەو دەوڵەتانە بەکارهێنانی مرۆڤیان لەناو شەڕەکاندا کەم کردوەتەوە و هەموو هێز و توانای خۆیان لەدژی گەریلا و گەل لەبەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا و هەواڵگری تەرخان کردووە. تەنانەت بۆ کۆنترۆل و گورز وەشاندن لەگەریلا سیخوڕ رەوانەی هەرێمەکانی پاراستنی میدیا و چیا سەرکەشەکانی کوردستان و ناو شانە و جومگەکانی کۆمەڵگە دەکەن.

لەبەر ئەوەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک کە سیستەمی گەلە، لەهێزی دەوڵەت و دەسەڵاتدارەکان گەورەتر و بەکاریگەرترە. بۆیە لەسەردەمی نەتەوەی دیموکراتیکدا خەباتی گەل؛ واتە پەروەردە کردن، رێکخستن کردن و چالاک کردنی لەپێناو بەرەنگاربوونەوەی لەبەرامبەر شەڕی هیبریدیدا زۆر گرنگ

و بەنرخە. چون سێ گۆشەی پەروەردە، ڕێکخستن و چالاکی قەڵغانی پاراستنە لەبەرامبەر شەڕی هیبریدی. بۆیە پەروەردەکردن، ڕێکخستن بوون و چالاک کردنی گەل ئامانجی بنەڕەتی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە کە دەتوانێت گەل و کۆمەڵگە لەهەموو هێرشەکانی شەڕی تێکەڵاو بپارێزێت. چون گەلی پەروەردەکراو دەتوانێت لەسەر تاکتیک و ستراتیژی شەڕی سەردەم شارەزا، لێهاتوو و سەروەر بێت. لەداهێنان، نوێبوونەوە و دەوڵەمەندی لەڕێباز و شێوەی تێکۆشان خاوەن ڕۆڵ بێت. لەهەمان کاتدا گەلی ڕێکخستنکراویش بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیک و زامنی بەدیهێنانی یەکێتی، یەکڕیزی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانە.

ئەوەی جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ڕێبەر ئاپۆ مرۆڤی بە سەر زانست و تەکنۆلۆژیادا باڵادەست کردووە. لەو پێناوەدا هەڵوەستەیەکی ئایدۆلۆژی و لۆژیکیانەی نواندووە. کاری لەسەر مرۆڤ سازی کردووە. بە شۆڕشی زیهنی و ویژدانی تاکی کوردی سەرلەنوێ بونیاد ناوەتەوە. واتە بە پێچەوانەی سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری ڕۆڵ و پێگەی مرۆڤی لەشۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیا بەرجەستەتر کردووە. تەنانەت ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلی داهێناوە کە لەشەڕی سەردەمدا ڕۆڵی گرنگی بە گەل و کۆمەڵگە بەخشیوەو وەرچەرخانێکی سەردەمیانەی لەژیانەوە و بە ئیرادەبوونی گەل و کۆمەڵگە دروست کردووە. بەو ستراتیژییە گرنگی و بایەخی مرۆڤی لەسەدەی ٢١دا دەست نیشان کردووە. لەکاتێکدا لەشەڕی تێکەڵاو هەموو هەوڵێک لەو پێناوەدایە کە ڕۆڵ و پێگەی مرۆڤ لاواز و کەمڕەنگ بکرێتەوە تا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قڕکردن و کۆمەڵکوژی بکەنەوە.

ئەوەی بۆ هەر کەس و لایەنێک ئاشکرایە بنەڕەت و

ریشەی هەموو شەڕێک؛ شەڕی ئایدۆلۆژیایە. شەڕی تایبەت و پسیکۆلۆژییە. واتە کاکڵی هەموو شەڕەکانە. گەورەترین و بەرفراوانترین شەڕی دەسەڵات لەدژی گەل و کۆمەڵگەیە. شەڕی ژیار، کولتوور، پارادیگما، رۆحیە و باوەڕییە. شەڕی هەبوون و ناسنامەیە. لەم شەڕەدا زیهنیەت، ویژدان، ئیرادە و باوەڕی مرۆڤ فەتح دەکرێت. بەها و نرخ و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە ئامانج دەگرێت. چون شەڕ راستەوخۆ کاریگەری لەسەر پسیکۆلۆژی مرۆڤ دادەنێت. بۆیە شەڕ بەر لەوەی کە هەڵگرسێت قازانج دەکرێت. واتە پسیکۆلۆژی و دەرونی بەرامبەر تێکدەشکێنرێت و بێ باوەڕی و بێ هیوا دەکرێت. بەو شێوەیە توانای خۆڕاگری و شەڕکردنی نامێنێت.

بە پێی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لەچ شوێنێک پەروەردەی ئایدۆلۆژی - تیۆریک بوونی هەبێت، تێکۆشان لەو شوێنەدا ئەنجام دەگرێت. بۆیە سەرکەوتن لەشەڕی ئایدۆلۆژیدا گەورەترین سەرکەوتنە لەشەڕدا. چون شەڕی تێکەڵاو لەهەنگاوی یەکەمدا ئایدۆلۆژی، بیر و باوەڕی، فەلسەفە و فۆڕمی ژیانی کۆمەڵگە ئامانج دەگرێت. لەو پێناوەدا هەوڵیان داوە کە گەلی کورد بە بێ ئایدۆلۆژیا بهێڵن. واتە تاکێکی بێ هزر کە توانای بیرکردنەوەو تێفکراندنی نەبێت، بخوڵقێنن. تاکێکی بێ ئیمان و بێ باوەڕ دروست بکەن. چون مرۆڤی بێ ئایدۆلۆژیا؛ مرۆڤێکی بێ ئیمان و بێ باوەڕە. لەڕەسەنایەتی کۆمەڵایەتی بەدوورە. بە بێ ستراتیژی و تاکتیکی شەڕ و ژیانە.

لەبەر ئەو شەرت و مەرجانەی لەکوردستان و ناوچەکەدا سەروەرە، تایبەتمەندی ئایدۆلۆژی بۆ گەلانی بن دەست ئەوەیە کە باوەڕی، ئیمان، توانا، ئیرادە و زانست لەمرۆڤدا بەهێز و پتەو دەکات. سەرکەوتنی تاکتیک و ستراتیژی لەشەڕدا مسۆگەر دەکات. هێزی پێشەنگ و گیانباز بۆ خزمەت کردن

بە کۆمەڵگە بونیاد دەنێت. هێزی کۆمەڵایەتی بوون، ڕێکخستن بوون و چالاک بوونی مرۆڤ و کۆمەڵگە گەشە پێدەدات. چون لەچوارچێوەی شەڕێک لەدژی گەلانی ژێردەست بەڕێوە براوە سەرەتا بە بێ ئایدۆلۆژی کراون. واتا لەتاکتیک و ستراتێژی ژیان و تێکۆشان بێ بەری کراون. بۆیە هەمیشە وەک کۆیلە مامەڵە لەگەڵ گەلانی ژێردەست و ئازادیخواز دەکرێت.

ئەو شەڕانەی لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بە بێ بنەما و پێوەری ئایدۆلۆژی بەڕێوە دەبرێن لەشەڕ زیاتر کردەوەی هۆڤێتی، کۆمکوژی، کاولکاری، وێرانی و تاڵانکردنن. چەتەگەری، دزی و راووڕووتن. بێ پلان، بێ بەرنامە و بێ ئامانجن. مافیاگەری و دەستەو تاقمی قازانج - سەرمایەن. ئامانج لەپەیڕەو کردنی ئەوەش تەنیا بەدەستهێنانی تاڵانی شەڕە. بەو پێیە هێز و لایەنە شەڕانگێزەکان تەنیا لە زمانی وێرانی و کاولکاریدا شارەزان کە دابڕاو لەداهێنان و نوێکارییە. بۆیە لەم سەردەمەی شەڕدا ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، پڕوپاگەندەی شۆڕشگێڕی، هەڵوێست و تێکۆشانی ئایدۆلۆژیک وەڵامی پڕبە پێستی شەڕی پسیکۆلۆژیک و تێکەڵاوە کە پەیڕەوکردنیان پێویستییەکی هەنووکەیی قۆناخەکەیە.

لەکاتێکدا ئەو کەس و هێزانەی کە لەبواری ئایدۆلۆژییەوە بە هێز و توانان، خاوەن بەهرەمەندی فراوانن، چون دەتوانن داهێنان و دەستکەوتەکانی مرۆڤ زیاتر گەشە پێبدەن. هاوکات گرنگی و بایەخ بە هێز و ئیرادەی نەبەزیوی گەل و کۆمەڵگەش بدەن. بۆیە هێز و لایەنێکی ئایدۆلۆژیک، لەبەرامبەر مەترسیەکانی شەڕی تێکەڵاو؛ پەروەردەکردن و ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگە هەمیشە بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت. لەهەمان کاتدا بە پێشخستنی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل خاوەنداریێتی لەنرخ و بەها کۆمەڵایەتی، مێژوویی، جۆگرافیایی، شووناس، رەنج و

کولتووری مرۆڤ و کۆمەڵگە دەکات.
گەریلای نەتەوەی دیموکراتیک لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا یەکەمین خەبات و چالاکی شۆڕشگێڕانەی خۆی بە پەروەردەکردن دەست پێکردووە. ئەوەش لەسەر بەردەوامی ڕێچکەی تێکۆشان و ڕێنماییەکانی ڕێبەر ئاپۆیە کە لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیا درێژەی پێدەدرێت. چون یەکەمین چالاکی ڕێبەر ئاپۆ لەدژی داگیرکەرانی کوردستان درووست کردنی گۆڕەپانی پەروەردەیە. واتە یەکەمین خەباتێک کە لە ئەنقەرە دەست پێدەکات، پەروەردە کردنی گرووپە سەرەتاییەکانی شۆڕشە. واتا یەکەمین گۆڕەپانێک کە گەلی کوردی لێ بێبەری کراوە، دەست بۆ ئەو گۆڕەپانە دەبات. ئەوەش بوێرترین هەنگاوی شەڕە کە لەلایەن ڕێبەر ئاپۆوە لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا هەڵگرتووە. بۆیە چەکی پەروەردە بووەتە چەکی پووچەڵ کردنەوە و بێ کاریگەرکردنی شەڕی تێکەڵاو.
لەشەڕی تێکەڵاودا ئەگەر گەلێک خۆی نەسپێرێتە ئایدۆلۆژیا و خاوەن ئامانجێک نەبێت؛ ناتوانێت ببێتە شەڕکەرێکی بە کاریگەر و شارەزا. بۆیە هێز و لایەنێکی بێ ئایدۆلۆژیا لەشەڕدا دەکرێ بەرەو تاڵانکەری، ڕاووڕووت و چەتەییش بڕوات. هونەر و زانستی شەڕ ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە فۆڕمی ژیانی گەل، ئایدۆلۆژیای ئەو گەلە، بەها و باوەڕییەکان، مۆڕاڵ، تەشەنەکردنی ڕۆحیە و هەموو ئەو ئامانجانەی کە دەیەوێت پێکیان بێنێت.
تاکی کورد لەم گۆڕەپانەدا گیرۆدەی نامۆبوون و سڕینەوەی ناسنامە و مێژوو بووەتەوە. ڕێبەر ئاپۆ ئەوەشی لەپێناو تێکشکاندنی زیهنیەتی کوردستان داگیر کراوە ڕێکخستووە. واتە وڵاتێک داگیرکراو بێت، زەین، مێشک و هەستی مرۆڤەکانیشی تێیدا داگیر کراوە. گەل و کۆمەڵگەکەشی کۆیلە و گوێڕایەڵ

کراون.

لەکاتێکدا مرۆڤ بە پەروەردە دەبێتە مرۆڤ. چون هەر شتێک لەرێگەی فێربوونەوە دەستەبەر دەکات. بەڵام لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا مرۆڤ لەپەروەردە بێ بەری کراوە و رێبەر ئاپۆ و بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد بە پەروەردەکردنی تاک و کۆمەڵگە شۆڕشیان لەدژی هێزە شەڕانگێز و پاوانخوازەکان بەرپا کردووە. سەرەڕای ئەوەی زانست و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن لەشەڕی تێکەڵاودا لەکۆنتڕۆڵ و ژێر رکێفی داگیرکەرانی کوردستانە، ستراتیژی داگیر کردنی کوردستان بە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل هەڵوەشاندوەتەوە.

هاوکات گەریلای شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بۆ بونیادنانی ژیانی ئازاد و دیموکراتیک و سڕینەوەی شوێنپەنجەی مەترسییەکانی شەڕی تێکەڵاو بۆ سەر ژیانی گەل، گرنگی و بایەخ بە پەروەردەی ژیانی دەدات. بەم رێبازەی شەڕی گەریلا دەستکەوت و نرخ و بەها مێژووییەکانی گەل و کۆمەڵگە دەستەبەر دەکات. واتە بە پێی ستراتیژی ئەم شەڕە لە بناخەی پەروەردەی ژیانی گەریلادا، پەیوەندیی توندوتۆڵی هەڤاڵێتی لەئارادایە. ئەوەش شوێنێکە بۆ گەشەکردنی شێوازی پەیوەندی یەکسان و ئازاد لەنێوان مرۆڤەکان. گۆڕەپانێکە کە تێیدا یارمەتی لەپێناو بەهێز کردنی یەکتر دەدرێت. چاند و کولتووری رێزداری تێیدا سەر لەنوێ گەشە دەکات. گیانی کۆلکتویزم و ژیانی کۆمینالی تێیدا پێشدەخرێت. بۆیە گەل و کۆمەڵگە شەیدای ژیان، دیسپلینی لەشکەری و رۆحیەی هەڤاڵێتی و قارەمانی گەریلان. بەو تایبەتمەندییانەوە گەریلا لەم سەردەمەی شەڕدا بووەتە ئیلهام بەخش و وزەبەخشی گەل و کۆمەڵگە. زۆر جار شاهیدی ئەوە بووین کە گەل و کۆمەڵگەکانی دەرەوەی کورد بۆ رزگارکردن و پاراستنیان داوایان لەگەریلاکانی کوردستان

کردووه کە بە هانایانەوە بچن و بەرگری یان لێ بکەن.
لەستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا بۆ ئەوەی ژیانێکی یەکسان، ئازاد و کۆمیناڵ لەهەناوی کۆمەڵگەدا پێشبکەوێت، ڕەچاوکردنی پێوان و پرەنسیپەکانی ئەو ژیانە پێویستە. بۆیە لەپێناو بونیادنانیدا چ بکەوێتە سەرشانی گەریلا درێغی نەکردووە و زیاتر لەهێز و تواناشی پەرەی بە خەبات و تێکۆشان داوە.
گەریلا بە فاکتەری پەروەردە لەستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا؛ دڵنزمی، فەداکاری، هەڤاڵێتی، گیانی کۆلەکتیڤ (هەرەوەزی) و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و پسپۆڕبوون لەتەکنیک و تاکتیکدا پێشخستووە. لەو پێناوەدا لەم سەردەمەی شەڕدا گەریلایەتی بە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بووەتە دامەزراوەیەکی ئایدۆلۆژیک و هێزی پێشەنگی کۆمەڵگە کە کاری پەرەپێدانی ئازادی، یەکسانی و هێڵی شۆڕشگێڕی دەکات و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیکی لەئەستۆ گرتووە.

## ستراتیژی تێکۆشانی کورد؛
## ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە

دیاردەی شەڕ بابەتێکە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیداری چاند و کولتوور، دەروون ناسی کۆمەڵایەتی، ژیۆپۆلۆتیک، ژیۆستراتیژی، کەش و هەوا، زیهنیەتی پیاوسالاری و دەسەڵاتخوازی و فۆڕمی شکڵی گرتنی سەر گەلانە. واتە ئەو شێوەی شەڕە کە لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێت. لەسەردەمی شەڕی

تێکەڵاودا فۆڕمی ڕێکخستن کراوی توندوتیژی دژ بە گەلانە. بۆیە شەڕ پەیوەندیدارە بە ڕەنگدانەوەی هزری، شێوازی فۆڕم گرتنی ژیانی کۆمەڵگە، سەرچاوەی ژێر زەوی و سەرزەوی، ئایدۆلۆژیا و سەرجەم ئەو نرخ و بەها کۆمەڵایەتییانەی باوەڕی پێ دەکات. بۆیە شەڕی ناڕەوا و ناحەق لەدژی گەلی کورد ناچاری هەڵگرتنی فەلسەفەی خۆپاراستن کردووە. گەلی کورد چ کاتێک هەستی بە هێرش، پاکتاوکاری و داگیرکەری کردبێتەوە، بە ناچاری لەسەر بنەمای فەلسەفەی خۆپاراستن، بەرگری گەوهەری لەهەبوونی خۆی کردووە.

ڕێبازی شەڕی ئەم سەردەمەی پێشدەکەوێت، شەڕی هیبریدییە. ئەو شەڕەش لەهەناوی فاشیزم، دیکتاتۆریەت، داگیرکەری و هەژمونخوازی دەردەکەوێت. بۆیە شەڕێکی ناڕەوا و ناحەقە. فەلسەفە و لۆژیکی پشت ئەو ڕێبازەی شەڕ لەباربردنی دیموکراسی، ئازادی و پێکەوە ژیانی گەلان ئامانجیەتی. بینینی ئەو ڕێبازەی شەڕ ئەوەی بە سەر کۆمەڵگەی کوردیدا فەرز کردووە کە گەلی کورد پێویستە گەلێکی ئایدۆلۆژی، سیاسی و لەشکەری بێت. تایبەت کۆمەڵگەیەکی ئایدۆلۆژی و ڕێکخستن کراو بێت. واتە ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل برەو پێ بدات. لەو پێناوەدا پێویست دەکات کە کۆمەڵگە لەسەر فەلسەفە و ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل خۆی بە ڕێکخستن بکات و ئەم ستراتێژییە بخاتە بواری کردارەوە. بەو شێوەیە وەڵامێکی تێروتەسەل و پڕ بە پێستی شەڕی هیبریدی دەدرێتەوە و وەک ئاڵتەرناتیڤ دەتوانێت بنەماکانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک بونیاد بنێت.

لەو پێناوەدا لەبەرامبەر ستراتێژی شەڕی تێکەڵاو لەدژی گەلی کورد کە پاکتاوکاری و قڕکردنە، ئەلترناتیڤی ستراتێژی تێکۆشانی کورد، ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. ئەو

ستراتیژیەش بە ڕێگەی شارەزایی لە تەکنیک، گەریلای پسپۆڕ، گەلی ڕێکخستنکراو، پاراستنی جەوهەری و شەڕی تونێل (ژێرزەوی) پراکتیزە دەکرێت. تایبەت گەل و پێشەنگ ئەو ستراتیژییە جێبەجێ دەکات. لووتکەی شەڕێکی ڕەوا و مافدار کە لەم دەیەی دواییدا لەزاپ، ئاڤاشین، گارە و خواکورک بەڕێوە چووە لەپێناو جێ بەجێ کردنی ئەو ستراتیژییە بووە. تەنانەت لەگەڕەکەکانی شێخ مەقسوود و ئەشرەفیە لەحەلەب و بەرخۆدانی گەلی ڕۆژئاوا لەسەر بەنداوی تشرین (بەنداوی شەهیدان) ستراتیژی شەڕی گەلی شەڕکەر بەڕێوە چووە. واتە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەشدارییان لەشەڕێکدا کردووە کە بەسەریان سەپێنراوە. هاوکات خۆڕاگری بێ وێنەی گیراوانی سیاسی لە گرتووخانەکانی ڕژێمی ئێران شەڕێکی مافدار و ڕەوایە کە لەدژی عەقڵیەتی پیاوسالار، تاریکپەرست و فاشیزمی ڕژێمی ئێران بەڕێوە براوە. بێگومان ئەمەش بە پێچەوانەی ستراتیژی شەڕی تێکەڵاوە کە زانست و تەکنیک تێیدا باڵادەستە. چون ڕۆڵی مرۆڤ تێیدا زۆر کەمرەنگە. بەڵام لەو بەرخۆدان و تێکۆشانانەی کە لەژێر ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بەڕێوە چووە، مرۆڤ گەورەترین تەکنیکی شەڕە و وەرچەرخانی لەهەر قۆناخێکی شەڕدا درووست کردووە.

لەستراتیژی شەڕی تێکەڵاودا لەپێناو لاوازکردنی ستراتیژی شەڕی شوڕشگێڕی گەل هەموو هەوڵێک خراوەتە گەڕ تا ڕەهەندی گەل و کۆمەڵگە لاواز بکرێت. زانست و تەکنۆلۆژیا بە سەر گەل و کۆمەڵگە سەروەر دەکرێن و تەکنیک و تەکنۆلۆژیا مرۆڤ کۆنترۆڵ و بەڕێوە دەبات. شیرازەی کۆمەڵگە تێکدەدرێت. مرۆڤ بێکار، بێ بەرهەم و مەسرەف گەرا دروست دەکرێت.

لەکاتێکدا لەستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا ڕەهەندی

گەل و کۆمەڵگە بەهێز دەکرێت. کۆمەڵگە سەر لەنوێ لەسەر پارادیگمای کۆمەڵگەی دیموکراتیک، ژینگەپارێزی و ئازادی ژن بونیاد دەنرێت. مرۆڤ؛ کارا، خاوەن بەرهەم، داهێنەر و خوڵقکار دەست پەروەردە دەکرێت. گەل و کۆمەڵگە دەکاتە پێشەنگ و ڕێزانی ئەم ستراتیژییە. لەبەرامبەر سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداری بەرگری لەگەڵ و کۆمەڵگە دەکات.

لەو پێناوەدا گەریلا لەشەڕی تێکەڵاودا هەوڵی داوە کە لەسەر فەلسەفە و هزری ڕێبەر ئاپۆ کە دەڵێت: «تەکنیکی هەری مەزن، مرۆڤ بەخۆیەتی» ئیرادە و تواناکانی پۆلایین و بەهێزتر بکەن. هاوتەریبی کەڵک وەرگرتن لەزانست و تەکنۆلۆژیا کار لەسەر بەرزکردنەوەی چۆنیەتی ئاستی مرۆڤ، بونیادنانی مرۆڤی پوختە، عاقڵ، بەتوانا و گیانباز دەکەن. هاوکات تواناکانی مرۆڤ لە هەر بوارێکدا پەرەی پێ دەدرێت. بە شێوەیەکی خوڵقێنەر و بە توانایی و ئیرادەیەکی بەرزەوە زانست و تەکنیک بەکار دەهێنن. هاوکات بەماتەوزەی گەریلای مۆدێرن و پسپۆڕییەوە تەکنۆلۆژیا بەکار دەهێنرێت. بە تاکتیک و ستراتیژی سەردەمیانە بەو پەڕی توانا و لێهاتوویی، تەکنۆلۆژیای سەردەم پووچەڵ دەکاتەوە.

لەشەڕی تێکەڵاودا لەبەر ئەوەی تەکنیکی مادی تێیدا زاڵە، دابڕاو لەمەعنەویات و هێزی کۆمەڵایەتی بوونە. بەڵام لەچوارچێوەی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل گەریلای سەردەم خاوەن ڕۆحیە و مەعنەویاتی باڵان. لەبەکارهێنانی تەکنیک و تاکتیکدا خوڵقکار و دەستڕەنگینن. هاوکات بە تێکۆشان و خۆڕاگریی بێ وێنەیان مەعنەویاتی گەل و کۆمەڵگە بەرز دەکەنەوە و توانای مرۆڤەکان گەشە پێی دەدەن.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا فۆڕمی گەریلای نوێ لەلایەن ڕێبەر ئاپۆوە بە گەریلای مۆدێرنیتەی دیموکراتیک ناوزەد کراوە.

ئەم فۆڕمەی گەریلاش لەسەر ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل سیستەمی ئیستخباراتی هێزە پاوانخوازە داگیرکەرەکان، قڕکەر و فاشیزمی ئیفلیج کردووە. هاوکات بە شارەزایی لەبەکارهێنانی تەکنیک و تەکنۆلۆژیای سەردەم تەکنیکی شەڕی لەدەست هێزە داگیرکەرەکانی پووچەڵ کردووەتەوە. چون لەم شەڕەدا گەریلا بە زانست و شێوازی جموجۆڵ، شەڕ، شێوەی دروست کردنی بنکە و بارەگە و سەنگەربەندی تایبەت بە خۆی، هێز و تەکنۆلۆژیای دوژمنی بێ کاریگەر کردووە.

واتە لەسەردەمی شەڕی زیرەکی دەستکرد و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن؛ گەریلا بە فەرماندەی شارەزا و بە توانا و پێکهاتەی خاوەن ئەزموونی شەڕ، ئاستی پسپۆڕ بوونی خۆی پیشان داوە. چونکە شەڕی گەریلای نەتەوەی دیموکراتیک، شەڕی گەریلای نوێ و مۆدێرن، پسپۆڕ، لێزان و لێهاتووانەیە. واتە گەریلا لەگەرماوگەرمی ئەو شەڕەدا لەپێناو ئازادی گەلانی بندەست فۆڕمێکی نوێ گەریلایەتی پەرە پێداوە کە توانای بەرەنگاربوونەوەی شەڕ و تێکۆشانی لەبەرامبەر تەکنیک و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی سەردەم و تایبەت شەڕی تێکەڵاو هەیە.

لەسەردەمی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، گەلی کورد تێپەڕی قۆناخێکی نوێ بووە کە ئەم ستراتیژییەی شەڕی تەنیا بە هێزەکانی پاراستنی گەل ـ HPG[1] یان یەکنیەکانی

---

١. کورتکراوەکەی بە هەپەگە دەناسرێت. هەپەگە گەریلاکانی کوردستان و باڵی سەربازی پەکەکەیە کە لەساڵی ٢٠٠٠دا لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب دامەزراوە. ئەم هێزە جێگرەوەی باڵی پێشووی سەربازییە کە بە ئارگەکە دەناسرا کە لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزرابوو. مەبەست لە گۆڕینی ناوەکەی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئاشتی بووە لەگەڵ تورکیا لەدوای دەستگیرکردنی ڕێبەر ئاپۆ، لەساڵی ١٩٩٩. هەپەگە وەک هێزێکی پاراستنی گەلی کورد لە هەر چوارلای کوردستان خاوەن ڕۆڵ بووە و بەرپرسیارێتی مێژوویی خۆی بە جێ هێناوە. لە ساڵی ٢٠١٤ بەشداری هەبووە لە شەڕی دژی داعش لە شەنگاڵ و دواتر کۆبانێ و باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا. لەم دەیەی دواییدا گەورەترین شەڕ و بەرخۆدانی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ـ YRK[۲] و یەکینەکانی پاراستنی گەل ـ YPG[۳] سنووردار نەکردووە. واتە ڕێبەر ئاپۆ شەڕی شۆڕشگێڕی گەلی تەنیا لەچوارچێوەی ستراتیژی شەڕی سەربازی ڕانەگەیاندووە، بەڵکوو لەچوارچێوەی ستراتیژیەکی گشتی بۆ تێکۆشان دەستنیشان کردووە کە هەموو ڕەهەند و جومگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتە ناوخۆی. واتە بە بێ جیاوازی ستراتیژی تێکۆشان بۆ سیاسەتمەدارەکان، دیپلۆماتکارەکان، ڕۆژنامەوانەکان، ئابووریناسەکان، دەروون ناسەکان، ژنان و جوانان، هێزە سەربازییەکان و ... هتد پێشخستووە.

لەناو جەرگەی شەڕی تێکەڵاودا، ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل ڕێ نیشاندەر و رووباری پەرسپەکتیڤی بەرخۆدان و تێکۆشانە بۆ گەل و کۆمەڵگە. واتە گەریلا خاوەن ستراتیژییەکە هەموو تێکۆشان و خەباتەکانی پەیوەستکراوی یەکدین. بە پێی پانتایی و ئامانجەکانی شەڕی تێکەڵاو، لەم

---

لەبەرامبەر گەورەترین هێزی ناتۆ واتە سوپای داگیرکەری تورک و تەکنۆلۆژیای سەردەم کردووە کە سوپای تورکیای تێکشکاندووە و ئەو هێزەی بە چۆکدا هێناوە و گەورەترین دەستکەوتی بۆ گەلی کورد مسۆگەر کردووە.

۲. کورتکراوەکەی یەرەکەیە کە باڵی سەربازی پەژاکە. ئەم هێزە پێشتر بە هەرەکە ناسراوە. هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان – هەرەکە لە سێهەمین کۆنفڕانسی خۆی لە ٢٠١٤\٥\٢٥ بە یەکینەکانی پاراستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (یەرەکە) گۆڕیوە. یەرەکە لەچوارچێوەی پاراستنی رەوا بەرگری لەماف و ئازادییەکانی گەلی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و لە شەڕی قەندیلدا گەورەترین گورزی لە سوپای پاسداران و یەکینەی تایبەتی سابرین وەشاندووە.

۳. کورتکراوەکەی ناسراو بە یەپەگەیە و لە ساڵی ٢٠١١ دامەزراوە. هێزێکی پاراستنی کوردە لەسووریا و پێکهاتەی سەرەکی هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە)یە. ریزەکانی یەپەگە زۆرتر لەکورد پێکهاتووە، بەڵام عەرەب و خۆبەخشە بیانییەکانیش لەخۆدەگرێت. لە ئیدارەی خۆسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بە تایبەتی لە ناوچە کوردنشینەکانیدا چالاکە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٥دا، ئەم یەکینەیە لە کاتی گەمارۆدانی شاری کۆبانیدا سەرکەوتنی گەورەی بە سەر داعش بەدەستهێنا. لەپێناو ئازادکردن و پاراستنی ناوچە کوردییەکانی تێکۆشان دەکات.

سەردەمەدا شەڕ و تێکۆشانی گەریلا بە گوێرەی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل؛ لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتی، هونەری، کولتووری، ئایدۆلۆژیکی، سیاسی، دیپلۆماسی، فەلسەفی، سەربازی و ... هتدە. واتە گەل لەپێناو پاراستنی هەبوون و شووناسی خۆی لەهەموو ئەو گۆڕەپانانەی کە ئامانجی شەڕی تێکەڵاون، خۆی بە ڕێکخستن کردووە و بە جۆرێک لەجۆرەکان تێیدا بەشدارە.

**ڕەهەندەکانی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل**

ڕێبەر ئاپۆ ڕاستی شەڕ و تێکۆشانی لەچوارچێوەی پارادیگمایەکی سەردەمیانە پێناسە کردووە. واتە لەپێناسەیەکی سنووردار و قەبە خۆی بواردووە. لەو پێناوەدا شەڕی لەسێ بەشدا پۆلێنبەندی کردووە کە بریتین لە:

بەشی یەکەم؛ شەڕ لە بواری لەشکەری یا گەریلایەتی مۆدێرن کە لە لیتراتۆری سەردەمیانەی گەریلادا بە دکتۆرینی شەڕ دەناسرێت.

بەشی دووهەمی شەڕ، پاراستنی جەوهەرییە

بەشی سێهەمی شەڕی لەچوارچێوەی ٩ ڕەهەندی نەتەوەی دیموکراتیکدا پێناسە کردووە.

هەڵبەت ڕێبەر ئاپۆ بە پێی ئەزمونی شەڕی ٤ دەیەی لە تێکۆشان و خەباتی بێ پسانەوە ئەو فۆرموڵەی بۆ سەرکەوتن لەشۆڕش و چارەسەری پرسی کورد داناوە کە ئەمڕۆ هەر کەس و لایەنێکی لەکوردستان پەلکێشی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل کردووە.

**ڕێبەر ئاپۆ لەبنەڕەتدا ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلی لەمانیفستۆی شارستانی دیموکراتیک (پێنج بەرگیەکەی) لە ٩ ڕەهەندا پێناسە کردووە کە بریتین لە:**

**١ - ڕەهەندی هاوڵاتی - ئازاد و ژیانی کۆمۆنی دیموکراتییانە**

**٢ - ژیانی پۆلیتیک و خۆبەڕێوەبەری دیموکراتییانە**

**٣ - ژیانی کۆمەڵایەتی - سۆسیال**

**٤ - هاوژیانی ئازاد**

**٥ - خۆبەڕێوەبەری ئابووری**

**٦ - پێکهاتەی حقوقی**

**٧ - ڕەهەندی کولتووری**

**٨ - ڕەهەندی سیستەمی بەرگری گەوهەری**

**٩ - ڕەهەندی دیپلۆماسی**

بە پێی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، گەل و کۆمەڵگە لەچوارچێوەی ئەم ڕەهەندانەدا خۆی بە ڕێکخستن کردووە و بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕی تێکەڵاو تاکتیک و ڕێبازی دەوڵەمەند پێشدەخات. واتە ئیدی گەلی کورد بووەتە خاوەن سیستەمێکی دیموکراتیک کە بە نەتەوەی دیموکراتیک ناسراوە. بونیادنانی ئەم سیستەمەش پانتایی شەڕی مافداری گەلی کوردی بەرفراوانتر کردووە. ئیدی گەلی کورد لەنێوان بەرداشی شەڕ و ئاشتیدایە. دیوێکی ژیانی شەڕە و دیوەکەی دیکەشی ئاشتییە. بابەتی شەڕ و ئاشتی دووانەی دانەبڕاو لەیەکدین.

لەشەڕی تێکەڵاودا شەڕ و ئاشتی ئاوێتەی یەکدی کراون. دەوڵەتەکان لەلایەک لەگەڵ کۆمەڵگە لەناو ئاشتیدان و لەلایەکی دیکەشەوە لەناو شەڕدان. بۆیە هەمیشە ئەم دووانە پێکەوە بەڕێوە دەبرێن.

لەستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا ئاشتی و شەڕ هەوێنی بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیکە. گەریلا هێزی ئاشتی شۆڕشگێڕانەو شەڕی مافدار و ڕەوایە. بانگەوازی کۆمەڵگەی دیموکراتیکە. بانگەوازی بونیادنانی سیستەمی خۆبەڕێوەبەری

دیموکراتیکی گەلە کە فاشیزم و دەوڵەتی تێدا نییە، ئەگەر بوونیشی هەبێت، بەلانی کەمەوە لەگەڵ کۆمەڵگە ڕێککەوتووە. سەرەڕای ئەوەی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کورد بە بەرزکردنەوەی ئاڵای ئاشتی هەوڵی چارەسەری پرسی کوردی داوە، بەڵام هەمیشە بە چەک و چۆڵ و پاکتاوکاری پێشوازی لە پەیامە ئاشتیخوازانەکەی کراوە. نکۆڵی کردن لەئاشتی گەلی کوردی ناچاری چەک هەڵگرتن و بژاردەی شەڕی لەشکەری کردووە. لەکاتێکدا ڕێبەر ئاپۆ و بزاڤی ئاپۆیی ڕۆڵی کۆتری ئاشتییان لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا گێڕاوە. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لەو پێناوەدا دەڵێت: «گەورەترین شەڕ، شەڕی ئاشتی»یە. ئەم بۆچوونەی ڕێبەر ئاپۆ بۆ خۆی پێناسەی پڕ بە پێست و ئامانجەکانی شەڕی تێکەڵاو دەگەیەنێت. واتە بەرقەراری ئاشتی لەگەڵ هەر هێز و لایەنێک بە گەورەترین شەڕ مسۆگەر دەبێت. هاوشێوەی شەڕی زیاتر لەسێ دەیەی گەریلا لە بەرامبەر سوپای داگیرکەری تورکیا لە پێناو بەرقەراری ئاشتی و دیموکراسی بەڕێوە چووە.

ڕێبەر ئاپۆ لە پەیامە مێژووییەکەی ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٥ی زایینی – ٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٣ی هەتاوی بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی بڵاو کردەوە. واتە پێناسەی سەردەمیانەی بۆ ئاشتی کرد، ئاشتی بە بێ کۆمەڵگەی دیموکراتیک نابێت. بۆیە لەم سەردەمەی شەڕدا جەخت لەسەر زمانی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک دەکاتەوە. ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیکی ڕێبەر ئاپۆیە.

لەجێگەیەکدا ئاشتی سەروەر بێت، لەو جێگەدا پێویستە سیاسەتی دیموکراتیک کارا بکرێت. بەڵام ئەو هێزە داگیرکەرانەی کوردستان هەمیشە پرۆسەی ئاشتییان وەک

دەرفەتی پاکتاوکاری و لەناوبردن قۆستووەتەوە. لەلایەک بانگەوازی ئاشتی دەکەن. لەو لاشەوە درێژە بە سیاسەتی هێرش، لەسێدارەدان، گرتن، کوشتن و سزادان دەدەن. بۆیە گەلی کورد ئیدی خوێندنەوەی سەردەمیانەی بۆ ئاشتی هەیە. چ کاتێک ئاشتی لەرۆژەڤدا هەبووبێ، گەورەترین گورز و زیانی وەبەرکەوتووە. چون ئاشتی لەناو توفاندا، ماڵوێرانی و کاولکارییە. بۆیە ئاشتییەک کە دەرگا بۆ سیاسەتی دیموکراتیک ئاوەڵا بکات و گۆڕانکاری لەیاسای بنەڕەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان درووست بکات، زامنی سەرکەوتن دەبێت.

## پایەکانی بنەڕەتی دوکترینی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل

**ڕێبەر ئاپۆ پایەکانی بنەڕەتی دوکترینی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلی بە ٥ بەش پۆلێنبەندی کردووە کە بریتین لە:**

گەریلای پسپۆڕ، پاراستنی جەوهەری، ڕێکخستن کردنی گەل، پسپۆڕی لە تەکنیک و ئافرێنەری لەتاکتیک و شەڕی تونێلە.

### ١ ـ بواری لەشکەری یا گەریلای پسپۆڕ، پێشەنگ و ڕێزان

ئەم بوارە بە دکتۆرینی شەڕ پێناسە دەکرێت. گەریلایەکە خۆی دەسپێرێتە ڕەهەندە بنەڕەتییەکانی گەریلای سەردەم، بە تاکتیک و ستراتیژی سەردەمیانە و هێز و توانای خۆی هەموو ئەو دەرفەتانەی کە بە ئیستخبارات و تەکنۆلۆژیای سەردەمیانە پێش دەکەون، پووچەڵ دەکاتەوە. لە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا ئیدی گەریلا تەنیا بە گەریلای

شاخەوە سنووردار نامێنێ. بەڵکوو گەریلا لە کۆمەڵگەدا بەربڵاو دەبێت. واتا گەریلای شاخ و شار وەک دووانەیەک تەواوکەری یەکدی دەبن. هەڵبەت لە هەر دوو بواردا پسپۆڕی و ڕێزانی لە شێوەی تێکۆشانی ڕەنگدەداتەوە. بۆ بەجێهێنانی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل گەریلای شار بە شێوەیەکی پسپۆڕانە لەچوارچێوەی شانەی شاراوە و بە شێوەی یەکینەی زۆر بچووک بچووک و سەربەخۆ لەناو گەل و کۆمەڵگەدا خۆی بە ڕێکخستن دەکات.

گەریلای پسپۆڕ بە مێتۆدی شەڕی سەردەمیانەی لەژێر ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا هەوڵ دەدات کۆمەڵگا ئاراستەی ژیانی دیموکراتیک بکات و لەژێر کاریگەرییەکانی شەڕی تێکەڵاو ڕزگاری بکات و بۆ گەرەنتی هەبوونی، نەتەوەی دیموکراتیک بونیاد دەنێت. بەتایبەت بە تێکۆشان و بەرخۆدانی لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا لەشەقام و کۆڵانەکاندا زیندووبوونێکی چالاک و کۆمەڵگەیەکی ڕێکخستنکراو بونیاد دەنێت.

### ٢ ـ پاراستنی جەوهەری

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا بڵاوکردنەوەی شەڕ لەشار و دەشت و هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە خەباتێکی گرنگ و ستراتیژیکە. واتە شەڕ تێپەڕی شەڕێکی فرەڕەهەند دەبێت. چون گەریلا بە ڕێکخستن کردنی پاراستنی جەوهەری، شەڕ لە قەد پاڵەکان و لا پاڵەکان و چیاکان بەرەو شارەکان و دەشتاییەکان پەلکێش دەکات. لەم مێتۆدەی شەڕدا گەل تا دوایی شاراوەیی بوون بە بنەما دەگرێت. بەتایبەت لە کار و خەباتی پاراستنی جەوهەریدا لەبەر باڵادەستی تەکنیک و ئیستخبارات و دامەزراندنی شاری زیرەک و دیجیتاڵی و بونیادنانی دەوڵەتی

ئەلەکترۆنیک و پێشکەوتنی سیستەمی چاودێری شار، ڕێبازی شاراوە بوون و خۆشاردنەوە ڕێبازێکی تێکۆشانی سەردەمە. ئەگەر خەباتی پاراستنی جەوهەری بە شێوەی نهێنی و شاراوە بەڕێوە بچێت، سەرکەوتن مسۆگەر دەکات. چۆنکە پاراستنی جەوهەری گۆڕەپانی بنەڕەتی لەتێکۆشان و خەباتی گەریلاتی شاخ و شاردایە.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا موراد کاراییلان[٤] پاراستنی جەوهەری بە ستراتیژی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل پێناسە کردووە. بۆیە پاراستنی جەوهەری خەباتێکی ستراتیژیکە. تەنانەت پایەیەکی بنەڕەتی و بەشێکی گرنگی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. واتە لەناو گەلدا مرۆڤی مەدەنی پێویستە لەشکەر بێت. لەبەر سیاسەتێک بە سەر گەلی کورددا دەسەپێنرێت، ببێتە کۆمەڵگەیەکی لەشکەر. واتە تاکی لەشکەر لەناو گەلدا و لەناو ماڵی خۆیدا حوجرەی شاراوەی شەڕ بێت. کاتێک پێویست بێت وەک لەشکەرێکی زیرەک دەربکەوێت و گورز لەداگیرکەران بوەشێنێت. چون هێزی شاراوە لەناو کۆمەڵگەدا، دوژمن دەتۆقێنێت. بۆ ئەوەی ئەم خەباتە بە ڕێکوپێکی و دسپلین بەڕێوە بچێت و سەرکەوتن مسۆگەر بکات، لەچوارچێوەی ڕێکخستنی تیم یا شانەی نهێنی لەناو گەل و کۆمەڵە بەڕێوە دەچێت. ئەم شانانە چ کات و زەمەنێک پێویست بێت، ڕۆڵی شۆڕشیگێڕانەی خۆیان بەجێ دێنن. هەر تاکێکی کۆمەڵگە لەقازانجی گەل و کۆمەڵگەکەی ڕۆڵی هەواڵگرێک دەگێڕێت. کاری بنەڕەتی پاراستنی جەوهەری

٤. لە٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٤ لەقەزای بیرەجەک، سەر بە پارێزگای شانلی ئورفا لە دایک بووە. دەرچووی بەشی ئەندازیاری میکانیکی زانکۆیە. لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە کردووە. ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری پەکەکە و ئەندامی فەرماندەیی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەلە. لەناو هەڤاڵانیدا بە هەڤاڵ جەمال ناسراوە.

ڕێکخستن کردنی کۆمەڵگەیە. بۆیە هەر کار و خەباتێک بەڕێوە دەچێت لەپێناو ڕێکخستن کردنی گەل و کۆمەڵگە دەبێ. ئامانج لەو سێ خاڵەش ئافراندنی گەل و کۆمەڵگەیەکی شەڕکەرە. گەلی شەڕکەریش بە واتای گەلێکی هۆشیار و تێگەیشتوو و شۆڕشگێڕە. بەرگریکار لەهەموو نرخ و بەهاکانی ناو کۆمەڵگەکەیەتی.

لەبەر ئەوەی پەکەکە و بزووتنەوەی ئاپۆیی، بزووتنەوەیەکی شاراوەی گەلی کوردە. لەناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەدا خۆی بە ڕێکخستن کردووە. بەرز کردنەوەی درووشمی «پەکەکە گەلە و گەلیش لێرەیە» ئەم ڕاستییە پستڕاست دەکاتەوە. واتە تەڤگەری پەکەکە بۆ خۆی تەڤگەری پاراستنی جەوهەری گەلی کورد و گەلانی ئازادیخوازە. پاراستن لەهەبوون، شووناس و ئازادییەکانی گەلی کورد و گەلانی ئازادیخواز دەکات.

ڕێبەر ئاپۆ لەو پێناوەدا تیۆری گوڵی پێشخست. لەچوارچێوەی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا بە بنەماگرتنی تیۆری گوڵ پێویستییەکی سەردەمیانەیە. کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن ئەخلاق، چاند، زمان، داب و نەریت، شووناس و باوەڕییە. گەلی کورد دەیەوێت ئەو نرخانەی خۆی بە هەر شێوەیەک بێت بپارێزێت. بەڵام هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر بۆ سەر کوردستان لەهەنگاوی یەکەمدا ئەو نرخ و بەهایانە لەناو دەبات. بۆیە گەلی کورد پێویستی بە فەلسەفەی خۆپاراستن هەیە. واتە گەل و کۆمەڵگە بە بێ پاراستن نابێت. بە فەلسەفەی پاراستنی ڕەوا جوانییەکان و جەوهەری کۆمەڵگەی خۆی دەپارێزێت. لەفەلسەفەی ژیان و تێکۆشانیدا هەبوونی خۆی دەپارێزێت و دەیەوێت ئازادییەکانی دەستەبەر بکات. بە بونیادنانی کۆمەڵگەی ئەخلاقی و پۆلیتیک هەبوونی خۆی دەپارێزێت. گەل و کۆمەڵگەیەک تەنیا بە ڕاستی

شەڕی شۆڕشگێڕی یا راستی گەلێکی شەڕکەر دەتوانێت خۆی لەبەرامبەر شەڕی هیبریدی بپارێزێت.

### ٣ ـ رێکخستن کردنی گەل و کۆمەڵگە

گرنگترین پایەی ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. شێوەیەکی بەرگری گەل و کۆمەڵگە لەبەرامبەر هێرشی قڕکردن و پاکتاوکارییە. چەکی خۆپاراستن و تێکۆشانی کۆمەڵگە لەپێناو درێژەپێدانی هەبوونیەتی. بەهێزترین و سەرکەوتووترین رێبازی تێکۆشان و بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر شەڕی هیبریدییە. کۆمەڵگەیەک چەندێک خۆی بەڕێکخستن بکات، ئەوەندە بەهێز و ئیرادە دەبێت. بە رێکخستن بوونی گەل؛ شووناسی نەتەوەیی کورد، زمان، هەبوون و ئیرادە دەستەبەر دەبێت. مەیدانی بەهێزبوونی شەڕی تێکەڵاو تێکدەشکێنرێت. یەکێتی و یەکڕیزی و یەکگوتاری گەشە پێدەدات.

لەسەردەمی بونیادنانی نەتەوەی دیموکراتیکدا رێکخستن کردنی کۆڵان و شارەکان گۆڕەپانێکی گرنگی تێکۆشانە. چون لەم سەردەمەی شەڕدا گۆڕەپانێکە کە بە شێوەیەکی شارەزا و هونەرمەندانە ستراتێژی شەڕی هیبریدی تێیدا دیزاین کراوە. ئەم گۆڕەپانە بووەتە گۆڕەپانی تاقی کردنەوەی زانست و تەکنۆلۆژیای هێزە هەژمونگەراکان. بووەتە ناوەندێک کە دەوڵەت و دەسەڵات تێیدا خۆی بە رێکخستن کردووە و بە زانست و تەکنۆلۆژیا سەروەری خۆی بە سەر کۆمەڵگە درووست دەکات. بۆیە ستراتێژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل ئەوە بە سەر گەریلا فەرز دەکات کە بەرخۆدان و تێکۆشانی تەنیا بە چیاوە سنووردار نەمێنێت. واتە لە چوارچێوەی دوکترینی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل پانتایی رێکخستن کردنی هەم لەدەشت و چیا و هەمیش لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی وەک

مەترۆپۆلەکان پەرە پێدەدات.

لەبەر ئەوەی هێزی گەل لەهێزی دەوڵەتەکان گەورەترە، خەباتی گەل و ڕێکخستن کردنی لەسەردەمی شەڕی هیبریدیدا پڕ گرنگە. لەم شەڕەدا لەسەر بنەمای ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل؛ گەل و کۆمەڵگە پەروەردە، ڕێکخستن و چالاک دەکرێت. چون گەلی پەروەردەکراو، شارەزا، لێهاتوو، بە توانا و سەروەری سەر تاکتیک و ستراتیژی شەڕ دەبێت. هاوکات گەلی ڕێکخستنکراو هێزی یەکێتی، شۆڕش و تێکۆشانە.

## ٤ ـ پسپۆڕی لە تەکنیک و ئافرێنەری لەتاکتیک

بەشێکی دیکەی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل ئافرێنەری لەتاکتیک و سەروەری لەتەکنیکدایە. واتە لەشەڕدا تاکتیک دەوڵەمەند و فراوان دەکرێت. گەریلا ئەو ئامرازانەی شەڕی لەدەستدا نەبووە، بە دەستی دەهێنێت و پێشکەوتن و داهێنانی تێدا درووست دەکات. هاوشێوەی هێزی پاراستنی هەوایی گەریلا کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەشەکردندایە. ئیدی گەریلا تەنیا بە ڕەهەند و بوارێکی شەڕەوە سنووردار نامێنێ. بەڵکوو شەڕی سەرزەوی، ژێرزەوی و ئاسمانی بەڕێوە دەبات. ئامێری درۆن، مووشەکی جۆراوجۆر، سابۆتاژی جۆربەجۆر، ژیری دەستکرد و هێرشی سایبری لەسەر بنەما و فەلسەفەی ئەخلاق و چاندی شۆڕشگێڕی بەکار دەبات.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا، گەریلاکانی ئازادی کوردستان گەریلایەتی خۆی لە سەر بنەمای هێڵی گەریلایەتی یان هێڵی لەشکەری سەردەمی نوێ دیزاین کردووە. ئەو هێڵەش بە ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل و پەرسپەکتیوی ڕێبەر ئاپۆ کە بە «گەریلایەتی ٢٤ کاتژمێرە»بە ناوی کردووە خۆی بەڕێکخستن و ئامادە کردووە. گەریلای سەردەمی

نویٚ لەتەکنیکدا شارەزا و لێهاتووە. تەکنیک دەخاتە خزمەت تاکتیکەوە. گەشەدانەکانی دوایی لەزانست و تەکنۆلۆژیادا گەریلا لەسەر بنەمای ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لە بوارەکانی زانست، تەکنۆلۆژیا، پسپۆڕی، کاردانەوە، ژیانی کۆمیناڵ و گەریلایەتی، چالاکی و شێوازی جەوهەری کردنی «گەریلایەتی ٢٤ کاتژمێرە» کە تەرزی گەریلایەتی سەردەمی نوێیە، خۆی ڕێکخستووە.

بەگەشەدانی شەڕی تێکەڵاو و پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیا ڕێبەر ئاپۆ لەسەردەمی خۆیدا ئاماژەی بەوە داوە کە «نە وەک بەریٚ ژیان دەکرێت و نە شەڕ دەکرێت». ئەوەش بۆ گەریلا واتەی ئەوەیە کە لەسەردەمی شۆڕشی زانست و تەکنۆلۆژیادا هەر شت گۆڕدراوە و گەل و کۆمەڵگەش بەو پێیە هەر شتی گرێدراوی خۆیان دەگۆڕن. بۆیە ئیدی ژیان و شەڕ وەک بەریٚ نابێت. بە پێی پێناسەی ڕێبەر ئاپۆ ئەرکی گەل و گەریلای شەڕی شۆڕشگێڕی گەل، لەسەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیادا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەبەرامبەر شەڕی هیبریدی؛ «گەریلایەتی ٢٤ کاتژمێر، شۆڕشگێڕی ٢٤ کاتژمێر و گەلی شۆڕشگێڕی ٢٤ کاتژمێری»یە.

### ٥ ـ شەڕی تونێل

لەچوارچێوەی ستراتیژی شەڕی تێکەڵاودا چ ئامانجێک لەسەر زەوی بێت و توانای خۆپاراستنی نەبێت، بە ئاسانی دەرفەتی پاکتاوکردنی هەیە و هەمیشە لەئامانجی هێرش کردندایە. بۆیە لەبەرامبەر تەکنۆلۆژیای سەردەم و شەڕی هیبریدیدا خەباتی تونێل و شەڕی تونێل ستراتیژییەکی بنەڕەتی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. لەم سەردەمەی شەڕدا بۆ خۆی کارێکی ستراتیژییە. واتە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئەلەکترۆنیک،

شاری زیرەک و دیجیتاڵی پێویستە گەل لەهەوڵی بونیادنانی شاری ژێرزەوی و پەرەپێدانی پاراستنی جەوهەری بن. بۆ ئەوەی خۆیان لەپانتایی شەڕی هیبریدی بپارێزن و نەکەونە ژێر کۆنترۆڵی هێزە شەڕانگێزەکان، شوێنی ژیان و خەباتیان بە پێی شەڕی سەردەم ئامادە و دیزاین دەکەن. لەشەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا بە زۆری گرنگی بە شەڕی تونێل و ژێر زەوی دەدرێت. ئەوەش بەشێکی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە کە گەریلاکانی کوردستان ئەزموونی گەورە و بەنرخیان لەو پێناوەدا ئافراندووە. هاوکات لەم سەردەمەی شەڕدا لە بەر تایبەتمەندی شەڕی سەردەم گەریلا شەڕی تونێل (ژێر زەوی)، سەر زەوی و ئاسمانی دەکات. ئەوەش هیوایەکی نوێ لەنێو کۆمەڵگەی کوردی و گەلانی دیکەی ناوچەکە و جیهان درووست کردووە. تەنانەت دامەزراندنی هێزی پاراستنی هەوایی گەریلا و خستنەخوارەوەی دەیان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی دەوڵەتی تورکیا بە تەکنۆلۆژیای سەردەم و کۆی چالاکییە مێژوویی و دانسقەکانی گەریلا، ئامادەبوونی هێزی گەریلا بۆ بەرەنگاربوونەوە لەشەڕی هیبریدی پیشان دەدات.

## تایبەتمەندییەکانی گەریلای سەردەم لە شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا

**لە سەردەمی ستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا گەریلای سەردەم و پسپۆڕ خاوەن سێ تایبەتمەندییە کە بریتین لە:**

١. گەریلای سەردەمی نوێ خاوەن گیانی ئاپۆگەرییە. پابەند و باوەڕمەند بەو فەلسەفەیە. لە ئایدۆلۆژیا روون و سەروەرە. خۆی بە تەڤگەرێکی ئایدۆلۆژی لەقەڵەم دەدات. ئەوەش بە واتای پارتی بوونە کە لەناخیدا بە جێی دێنێت. بە

وتەی ڕێبەر ئاپۆ «لە کوردستان بە بێ پارتی بوون گەڵای دارێکیش نالەرێتەوە». ئەم وتەیە زۆر لە جێدایە و حەقیقەتێکە کە کۆمەڵگەکەمان ڕووبەڕووی بووەتەوە. بەڵام ئەو حەقیقەتە تایبەت بە گۆڕەپانی شەڕ نییە و هەموو گۆڕەپانەکانی ژیانیش دەگرێتەوە. لە هەموو بەشەکانی تێکۆشانی شۆڕشگێڕی و تێکۆشانی هەبووندا، پارتی بوون نەبێت پێشکەوتن پێک نایەت. واتە چەندێک فەلسەفەو ئایدۆلۆژی ڕێبەر ئاپۆ گەشەی کردبێت، بە هەمان شێوەش پارتی بوون؛ واتا فەرمانداریەتی، لەشکەر بوون، ئەرتەش بوون و ڕێکخستن بوونی گەلیش پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە.

ئیدی گەریلا لەسەر بنەمای پارتی بوونێک تێکۆشان دەکات کە ڕوون بوونی ئایدۆلۆژی بە خۆیەوە دیوە و بە پەروەردەی ئایدۆلۆژی پێگەیشتوە. هاوکات لە ڕێگەی تێزی ئازادی ژن، فێری چۆنیەتی خوڵقاندنی کەسایەتی ئازاد بووە و لە کەسایەتی خۆیدا ئاوای کردووە. بە ژیانی کردنی ئەو تێزە لەکەسایەتی خۆیدا بە شێوازێکی ئازاد و یەکسان، تا ڕادەیەکی بەرچاو لە پارتی بووندا سوودمەند بووە. بۆیە گەریلا لەچوارچێوەی پارتێکی پێشەنگ خۆی بەڕێکخستن کردووە، بووەتە هیوای بەدیهێنانی ئازادی و چارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد و گەلان.

دووهەم؛ لەستراتیژی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلدا، گەریلا خاوەن چاند و شێوەی لەشکەر بوونە. گەریلایەک خاوەنی ڕوانگەی لەشکەری و چاندی لەشکەری بێت، لە دسیپلینی جەوهەریدا قووڵ بووەتەوە و شاراوە بوونی ئاوێتەی ژیانی خۆی کردووە. لە بواری خۆشاردنەوە خاوەن سیاسەتی قووڵە، واتا لە هونەری شەڕدا قووڵبوونەوەی دروست کردووە. گەریلای مۆدێرنیتەی دیموکراتیک لەزانست، تەکنیک، ژیان و چاندی لەشکەری، دسیپلینی جەوهەری، خوڵقێنەری و

ڕێکخستن خاوەنی پەرسپەکتیڤی هونەری لەشکەرییە.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا گەریلای سەردەمی نوێ یا گەریلای سەدەی ٢١ بە باوەڕمەندی بە ئایدۆلۆژیا، چاند و شێوەی لەشکەربوون و پسپۆڕێتی بووەتە گەریلای پسپۆڕ و لێهاتووی مۆدێرنیتەی دیموکراتیک.

سێهەم؛ گەریلایەکی سەردەمی نوێ بەلانی کەمەوە لەبوارێکی لەشکەریدا پسپۆڕە. شارەزای تەکنیکی شەڕە. وەک لەشکەرێکی پسپۆڕ بووەتە ئەو کەس و هێزەی کە تەکنیکی دەستی خۆی و دوژمنی دەناسێت و لە تەکنیکی لەشکەریدا شارەزایی قووڵی هەیە. خاوەن ئەو ماتەوزەیە کە شەڕ بە پسپۆڕی بەڕێوە دەبات و خاوەن هەڵوێستێکی شایستەی لەشکەرییە. گەریلای شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لە گۆڕەپانی شەڕدا ئەزموونەکانی خۆی دەوڵەمەند و هەمیشەیی دەکات.

لەسەردەمی شەڕی تێکەڵاودا ئەگەر لەسەر بنەمای سیاسەتی دیموکراتییانە بۆ چارەسەری پرسی کورد پەرە بە ڕێگە چارەسەرییەک نەدرێت، ئەوا گەلی کورد ناچاری ئەوە دەکرێت کە شەڕی شۆڕشگێڕی گەل وەک ستراتیژی سەرەکی بەدەستهێنانی ناسنامە و ئازادی تاقی بکاتەوە. لەو پێناوەدا ڕێبەر ئاپۆ ئاماژە بەوە دەدات کە «تاکە مەرجی پێویست ئەوەیە کە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران ئیرادەی ڕێگەچارەری سیاسییانە پیشان بدەن. لەدۆخێکی پێچەوانەدا، ئەوەی دەکەوێتە ڕۆژەڤەوە، چالاکی شۆڕشگێڕانەی گەل و پێشکەوتووترین شێوەکەی شەڕی شۆڕشگێڕی گەلە. چونکە بۆ هەر هێز و لایەنێک ئاشکرا بووە کە شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لەرابردوودا لەمیانەی تاکتیکە ئاساییەکانەوە سەرکەوتنی خۆی سەلماندووە».

هەرچەندە لەم سەردەمەدا بەشداری گەل لەستراتیژی

شەڕی شۆڕشگێڕی گەل لاوازی هەیە و بە گوێرەی پێویست لەسەر ئەو ڕێچکەیە بە ڕێکخستن نەبووە. گەلی کوردستان بە هەموو هێزیەوە لەگەڵ شۆڕش و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەیاندان. هەموو هەوڵێکیان لەو پێناوەدایە کە تەڤگەرە شۆڕشگێڕەکەیان سەربکەوێت. بۆ ئەو سەرکەوتنەش بە هەزاران شەهید و بریندارى بەخشیوە. پشتگیری بەهێزی ماددی دەکات. گیانبازی و قارەمانی مەزن لەپێناویدا دەکات.

بەشداری گەل لەچالاکی و بۆنە و پیرۆزباییەکاندا دەرخەری ئەوەیە کە گەل تەڤگەری شۆڕشگێڕی خۆی خۆشدەوێت و بە چەپڵەڕێزان پشتگیری تەڤگەرەکەیان دەکەن. وتنەوەی دروشمی؛ «بێ سەرۆک ژیان نابێت»، «پەکەکە گەلە، گەلیش لێرەیە»، «شەهید نامرن» و «ژن ژیان ئازادی» و بە دەیان درووشمی دیکە، سەلمێنەری راستی بابەتەکەیە. چون ڕێبەر ئاپۆ و ئەم تەڤگەرە هیوا و ئاواتەکانی گەل دێنێتە دی. واتە کوردستانێکی ئازاد و کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیک بونیاد دەنێت. کۆی ئەو هەست و سۆزانەی گەل کە لەبەرامبەر بزووتنەوەکەیان هەیە، نرخ و بەهای کۆمەڵگەیە. بۆیە پێویستە لەسەر بنەمای ستراتیژی شۆڕشگێڕی گەل و کۆمەڵگەی دیموکراتیک و سوسیالیزمی دیموکراتیک ئەو نرخانە بە ڕێکخستن بکرێت.

## دەرئەنجام

شەڕی هیبریدی ئەو شەڕەیە کە لە ساتێکدا دەتوانێت گورزێکی جەرگبڕ لەلایەنی بەرامبەر بوەشێنێت. چون لەپێناو ئامانج و پلانێکی دیاریکراودا هەموو گۆڕەپان و ئامێرەکانی شەڕ سەفەربەر دەکرێت. ئامادەکارییەکی درێژخایەن بۆ سەرکەوتنێکی گەورە دەکرێت. لەو شەڕەدا پشوودرێژی و لەسەرخۆیی پێویستییەکی سەرەکەیە.

وێنەی بەرچاوی ئەم پێناسەیە شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێرانە کە لە بەرەبەیانی ١٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بە هێرشی بەرفراوانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و ناوەندە ناوەکی و سەربازییەکانی ئێران دەست پێدەکات. دواتر پەرچەکرداری لەلایەن ئێرانەوە لێکەوتووەتە و ئاگری شەڕێکیماڵوێرانکەر هەڵدەکرێت. واتە ئیسرائیل بەو هێرشە بەرفراوانەی بە دەیان فەرماندەی باڵای سوپای پاسداران و شارەزای ئەتۆمی و دەیان بەرپرس و چەکداری دیکەی ئەو وڵاتەیان لەکاتژمێرێکدا کوشتووە و بە سەدان ئامانجی ستراتیژی رژێمی خاپوور کردووە. واتە لەیەکەمین گورزدا مێشک و ناوەندە سەرەکییەکانی رژێمی تەفرووتوونا کردووە. ناوەندەکانی بەرگری و هێرش کردنی رژێمی ئیفلیج و لەکار خستووە. دەرئەنجامی بۆردومانەکەدا ئەو ناوەندانەی تووشی خەسار و زیانێکی زەبەلاح کردووەتەوە کە هەرگیز رژێم چاوەڕوانی نەکردووە. هەڵگرسانی ئەو شەڕە بۆ خۆی لووتکەی شەڕی تێکەڵاوە کە هەر رێ و رێباز، چەک و چۆڵ و تەکنۆلۆژیای تێدا بەکار دەبرێت. لەو شەڕەدا ئیدی هاوڵاتی مەدەنی تووشی گەورەترین زیان دەبێت. کەش و هەوایەکی ترسناک و تۆقێنەر دروست دەکرێت.

واتە ئەگەر رژێم زووتر لەپێناو چارەسەری پرسە کەڵەکە

کراوەکانی ناخۆی ئێران هەنگاوی دیموکراتییانەی هەڵبگرتایە. ئەگەری ئەوە لە ئارادابوو کە پریسکی ئەو شەڕە وا بە خێرایی بڵاو نەبێتەوە. هاوکات سیاسەتی شەڕانگێزانەی رژێم کە لەسەر بنەمای شەڕی تێکەڵاو لەدژی گەل و کۆمەڵگە بەڕێوە چووە، گیرۆدەی ئەو شەڕەی ئێستای نەدەکرد. چون بڵێسەی گوڕی ئەو شەڕە، دەرئەنجامی کارنامەی رەشی رژێم لەبەرامبەر کۆمەڵگەیە کە بەرپرسان و ناوەندەکانی شەڕی تێکەڵاوی پێهەڵدەقرچێنێت.

بەو پێیە شەڕی هیبریدی شەڕێکە کە بە هێرش و پەلامارێک لایەنی بەرامبەر غافڵگیر دەکات و بەرپرسانی ئەو لایەنەش دەخاتە ناو شڵەژان، ترس و دڵەڕاوکێوە. بە کەمترین زەمان، گەورەترین دەستکەوت دەستەبەر دەکات. واتە شەڕی هیبریدی زۆر ئامانجدار و سەرکەوتووە. بە دوور لەچاوەڕوانییە. لایەنی دژبەری خۆیشی تووشی واق وڕمان دەکات. بە رێ و رێبازی تایبەت لایەنی بەرامبەری خۆی دەخاتە دۆخی ئاسایی بوون و خەمساردی کە پێویستی بە گرتنەبەری رێ و شوێنی ئاسایشی نابینێت. لەساتێکدا مۆرە کلیدییەکانی دەسەڵات دەکوژێت. هاوکات ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری ناوچەیەک دەشێوێنێت. رای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە قازانجی خۆی دەشکێنێتەوە. شەپۆلی تووڕەیی کۆمەڵگە لەدژی دەسەڵات دروست دەکات.

هەڵبەت هێرشێکی لەو جۆرە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە هاوتەریبی هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکە و بارەگا ئەتۆمی و سەربازی و ئامانج گرتنی بەرپرسە باڵاکانی سوپای پاسداران، هێرشی پسیکۆلۆژی و دەروونی، میدیایی، ئابووری، سیاسی، دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و تەکنۆلۆژیش بەڕێوە دەچێت. واتە لەهەر لایەکەوە ئیسرائیل هەوڵی ئەوەی داوە کە رژێم گۆشەگیر بکات و ناچاری ملکەچ بوون و خۆبەدەستەوەدان بکرێت. قەبارەی شەڕەکە تەنیا ئەو ویست و داخوازییە لەخۆ دەگرێت.

بەو شەڕە دۆخێکی وا دروست دەکرێت کە کۆتایی ڕژێم هاتووە و دەسەڵات بەرگەی لێکەوتەکانی ئەو شەڕە ناگرێت. لەهەمان کاتدا هێرشەکان یەک لەدوای یەک ئەنجام دەدرێن و بە بەڵگە و دیکۆمێنت بڵاو دەکرێنەوە. بۆیە فیناڵی ئەم شەڕە کۆتایی بە دەسەڵاتێک دێنێت کە بە هاشووهووش و هەڕەشە و گوڕەشە تەمەنی دەسەڵاتداری خۆی پاراستووە و درێژکردووەتەوە.

بۆ ئەوەی شەڕی تێکەڵاو بە ئەنجام بگات، پۆلێن بەندی کردنی هەنگاوەکانی شەڕ گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە. واتە ئیسرائیل لەم شەڕەدا دیارە قۆناغێکی درێژ لەدژی ڕژێم لەناو شەڕی هەواڵگریدا بووە. بۆ پەنجەدان بە پەلەپیتکەی شەڕی تێکەڵاو ئیسرائیل چەندین قۆناغی قورس و هەستیاری بڕیوە. لەلایەکەوە لەدژی ڕژێم زانیاری هەواڵگری کۆکردوەتەوە و ئامانجە بنەڕەتییەکانی دەستنیشان کردووە، دواتر مۆرە و کەرەستەی پێویستی لە جێگەی مەبەست حەشار داوە و هەر جووڵە و تەڤگەری لایەنی دژبەری خۆی لەکۆنترۆڵ و چاودێری ڕاگرتووە. لەلایەکی دیکەشەوە لەژێر دەمامکی دانوستان و چاوپێکەوتن بە ڕێگەی هاوپەیمانێکی ئیستراتیژی خۆی (ئەمریکا) ڕژێمی لەناو چاوەڕوانیدا بەنج کردووە. لەکۆتا هەنگاودا پڕۆژەی خۆبەدەستەوەدان و گۆڕین دەخاتە بەردەم ڕژێم. بۆیە ڕژێم پەنجە بۆ هەر بژاردەیەک دەبات، وەک بۆمبێکی چێندراو پێیدا دەتەقێتەوە. ئەوەش هەمان بۆمبن کە ڕژێم لەدژی گەل و کۆمەڵگە چاندوویەتی و ئەمڕۆ یەک لەدوای یەک بە مۆرەکانی ڕژێمدا دەتەقنەوە و دیواری دەسەڵات و وەحشەتی ڕژێم بەرەو هەڵوەشاندنەوە خلۆر دەکاتەوە.

واتە شەڕی تێکەڵاو خاوەن ئەو کاراکتەرە فراوانەیە کە بە گورزێک ئامانجێکی زۆر گەورە دەپێکێت. نموونەی ئەوەش کوشتنی بەرپرسی گشتی سوپا و بەرپرسی یەکەمی دەیان

ناوەندی دیکەی سەربازی و ناوەکی رژێمە. لەهەمان کاتدا هەموو دەرگا و بۆڕی هەناسەکێشان لەلایەنی بەرامبەر دادەخات. ئەوەی بۆ لایەنی بەرامبەر دەمێنێتەوە تەنیا هەڕەشە و گوڕەشەو هاشووهووش، چەواشەکاری و درۆ و فریودانە. لەبەر ئەوەی ئیسرائیل لەم شەڕەدا زیاتر خۆی ئامادە کردووە، ئامێرەکانی سەردەمی شەڕی بە فراوانی بەکارهێناوە. چەک و چۆلی جەنگی پێشکەوتووی بەکار بردووە. لە رێ و رێبازی سەردەمیانە کەڵکی وەرگرتووە. پشتوانی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە، براوە و سەرکەوتووی شەڕەکەیە. ئەوەش زاڵ بوونی ئیسرائیل بە سەر ئێران لەگۆڕەپانەکانی دیکەی شەڕدا سەپاندووە.

بەس بۆ ئەوەی رژێم شکستەکانی پەردەپۆش بکات، لوولەی چەکەکانی بەرەو گەل درێژ دەکاتەوە و بە پاساو و تۆمەتی بێ بنەما و ساختە شەپۆلی گرتن و لەسێدارەدان دەستپێدەکات. واتە رژێم دووکەڵی ئەو شەڕەی گیرۆدەی بووە، دەکاتە چاوی گەل و کۆمەڵگە. بۆیە لەیەکەمین هەنگاودا باوەڕی و متمانەی لەبەرامبەر گەل و کۆمەڵگە لەدەست دەدات. واتە ئەو ئامێرانەی هاوشێوەی ئەنتێرنێت و تەلەفۆن کە دەرفەتی پەیوەندی کردنی گەل بۆ دەرەوە دەڕەخسێنێت، لەناوخۆی وڵات سنوورداری دەکات. دواتر بە هەڕەشە و گوڕەشە گەل بە هاوکاری و یارمەتیدەری ئیسرائیل و هێزە دەرەکییەکان تاوانبار دەکات. رێگە نادات کە گەل ئازادانە راوبۆچوونیان سەبارەت بەو شەڕەی لەئارادایە دەرببڕن. بە زۆرەملێ گەل پەلکێشی سەرشەقام دەکات، تا لەدژی ئیسرائیل نارەزایەتی دەرببڕێت. بە پڕوپاگەندەی ساختە هیوا و باوەڕی بە لایەنگرانی خۆی دەبەخشێت. چەواشەکاری لەراستییەکان ئەنجام دەدات. بە ئاژیتاسیۆن کەش و هەوای سەرکەوتن دروست دەکات.

بە هەڵگرساندنی شەڕی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەگەیینە ئەو

ئەنجامە کە ئەمریکا هەوڵی دا بە بێ خوێنڕشتن و شەڕانگێزی ڕژێم تەسلیم وەربگرێت. بەڵام کاتێک بینییان بەرپرسانی ڕژێم ناچنە ژێر باری داخوازییەکانی ئەمریکا، بژاردەی شەڕی سەربازییان لەدژی ڕژێم گرتەبەر. ئەوەش بڵێسەی شەڕی جیهانی سێهەمی گەشاوەتر کرد.

ڕژێم بۆ ئەوەی پزیسکی ئاگری شەڕەکە لەناوخۆی وڵات دابمرکێنێت، نووکی شەڕی تێکەڵاوی ئاراستەی گەلانی ناوخۆی ئێران کرد. چون لەشەڕی تێکەڵاودا دەوڵەت و دەسەڵات هەرگیز دان بە شکستدا نانێت و هەمیشە خۆیان بە براوەی شەڕ لەقەڵەم دەدەن. بۆیە شەڕی تێکەڵاو، ئەوە شەڕەیە کە تەنیا لەهێزە دەسەڵاتخواز و قازانج ویستەکان دەوەشێتەوە. ئەگەر گەل و کۆمەڵگەیەک خاوەن هێز، ڕێکخستن و دەرفەتی تێکۆشانیان نەبێت، قوربانی سەرەکی ئەو شەڕەن و دەکرێنە سووتەمەنی شەڕەکە. بۆیە گەلی کورد ئەمڕۆ لەژێر سایەی تێکۆشانی ڕێبەر ئاپۆ و تەڤگەرە ئازادیخوازەکەی خاوەن هێز، ڕێکخستن و سیستەمێکی سەردەمیانەیە کە بە بانگەوازی ئاشتی و کۆمەڵگەی دیموکراتیک شەڕی تێکەڵاو بێ کاریگەر دەکات. هاوکات بۆ دامرکاندنی بڵێسەی ئەو ئاگرە لەهەوڵی بونیادنانی کۆمەڵگەی دیموکراتیک و نەتەوەی دیموکراتیکە. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لەم سەردەمەی شەڕدا هەنگاوێکی مێژوویی هەڵهێنا، کەس چاوەڕێی نەدەکرد. چون ڕێبەر ئاپۆ بۆ پووچەڵ کردنەوەی شەڕی هیبریدی کۆتایی هێنان بە خەباتی چەکداری و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکەی ڕاگەیاند. ئەوەش سەردەمێکی نوێی شەڕ و تێکۆشان لەبەرامبەر شەڕی تێکەڵاوە کە ڕێبەر ئاپۆ بە ڕێ و ڕێبازی تایبەت بە خۆی دەستپێکردووە. واتە ڕێبەر ئاپۆ بە دڵنیاییەوە سەرکەوتنی خۆی و گەلەکەی لەم شەڕەدا بەم ڕێبازە نوێیەوە مسۆگەر دەکات.

# وشەدان

ئەلەکترۆتەکنیک: تەکنیکی کارەبایی
سایبری: شەڕی ئەلیکترۆنی
ئیستخبارات: هەواڵگری
هەڵاوسان: ئاوسان، هەڵماسین
ڕەشەکوژی: تیرۆر
مەلەز: دووڕەگە
قوژبن: گۆشە، کونج
حەپەلووش: قووت دان، داقورتاندن
بیوئیقتدار: سیاسەتی دەسەڵاتی بایۆلۆجی
قسەوقسەڵۆک: گۆتەگۆت، دەنگۆ، وتەوت، شایعە
هەڵخڕان: هاندان، بزوێنەر، تحریک
ڕۆنکایی: روناکایی، ڕۆشنایی
خۆزا: سرووشت
قاسید: پەیامبەر، نامەبەر
نێڕەنگ: حیلە، فێڵ
پرۆکسی: بە وەکالەت، هێزی سێبەر، بەکرێگیراو
ڕۆچن: دەلاقە، ڕۆژەن
دەستکورت: چاولەدەست، هەوجەدار
مەنگ: سەنگین و گران، مەند، ئاوی پەنگاو
مەنگەنە: قرتە، قرتێنە، گیرە
قامۆس: لۆغەتنامە، وشەدان
بەرچەسپ: لەقەم، ناو و نیتکە، بوختان
لەمس: دەست لێدان، بەرکەوتن
سووژە: کاکڵ، کرۆک، بابەت

سووک و چرووک: ناوزڕاو، حەیاچوو، ئابڕووتکاو
شوێنگومکێ: شۆن گۆمکێ، شوێنە گومکێ
پەلەپیتکە: ماشە، تەلەنگور، بەردوکەی بەپتکە هاوێژراو
یالانچی: درۆزن، درۆکەر
بەرچەسپ لێدان: لەقەم لێدان، ناو و نیتکەلێدان، بوختان بۆ هەڵبەستن
وارونە: پێچەوانە، بەراوەژوو
ناونجی: ناڤەنج، مام ناونجی، نێوەنجی
مەغدور: ناهەقی لێ کراو، بەشخوراو
رەشاش: شەستیر، ئاگربار
دەمامک: ماسکە، رووپۆش
کاریزما: بەشکۆ، بەشان و شکۆ، زانا
هاشوهووش: فڕوفیشاڵ کردن، زیادەڕۆیی، پێوەنان
چاوتەنگ: دەس قووچاو، رژد، چاونەزێر
خۆڕسک: سروشتی، دەست لێنەدراو، خۆکرد
رەنگڕێژ: نیگارکێش، وێنەکێش، جوان کردن
تروسکە: بریقەدانەوە، وریشە، تیشک دان
خۆف هێن: ترس هێن، خوف انگیز
ناوگین: چەق، ناوەڕاست، نێوان
مونافق: دووڕوو، دووسەر، فرەڕوو
شێرپەنجە: سەرەتان
چەرمەسەری: رەنج دان، زەحمەت کێشان، خەم و خەفەت خواردن
پەنگ: راوەستاو، وەستاو، مانەوە
شەختە: سەهۆڵبەندان، بەستەڵەک، سەهۆڵبەنان
لۆمەکردن: سەرکۆنە کردن و سەرزەنش کردن
واق وڕماو: حەپەساو و سەرسووڕماو

**شڵەژان: راتڵەکاندن، تێکەڵ پێکەڵی**
**پوان: سەرپشک، مافی تایبەت، ئیمتیاز**
**قسەوقسەڵۆک: گۆتەگۆت، وتەوت، دەنگۆ**
**پارادۆکس: دژوازی، ناکۆکی**
**دایم: هەمیشە، بێ پسانەوە**
**رەهێڵ: لێزمە، دەستڕێژ**
**نوستالژی: خەمی دووری و خەمی غەریبایەتی**
**مەرگەسات: تراژیدی، بەدبەختی، کارەسات**
**ناتۆرە: نازناو، لەقەم، سەرناوی پیس و ناپەسەند**
**تەراتێن: رمبازی**
**دیماگۆژی: خەڵک خڵەتێنی، خەڵک فریودان بە زۆر گوتن و دوبارەکردنەوەی**
**بەدفەڕ: بێ فەڕ، نەگریس، شووم**
**شاکێشە: کێشەی سەرەکی**
**پەیژە: نەردەوان، پەیجە**
**چاولەدەست: هەوجەدار، چاولەدەست، محتاج**
**پاوانخواز: تاپۆ کردن، قۆرغ کردن، مۆنۆپۆل کردن**
**دڕدۆنگی: زوێربوون**
**دێز ئەنفۆرماسیۆن: زانیاری هەڵە**
**لەخشتەچوون: هەڵخەڵەتاندن، فریودان، خاپاندن**
**کەینە و بەین: هاتوچۆوتێکەڵی، پێوەندی، لەمەڕ**
**ئابڕووتکاو: ناوزڕان، سووکی، عەیب و عار**
**بێچاوڕو: بێ شەرم و حەیا**
**ویترین: جامخانە، شوێنی رانانی شتی فرۆشتن**
**تارمایی: رەشایی بەر دیمەن، رەشایی لەدوورەوە، رەشکەوپێشکە**
**پێوەبەستراو: گرێدایی، پێوەندیدار**

ئاوەژۆ: ژێرەوژووربوون، سەرنخوون بوون، هەڵگەڕانەوە
خۆگەڕ: خۆکار، ئوتۆماتیک
تەیار: ئامادە
هەراوهوریا: هاتوهاوار و دەعیە و خۆنوێنی
بێچاوەڕوو: بێ شەرم و حەیا، ڕووداماڵیاو
چاوتروکان: چرکەسات، کێلێک، سات
نێرەر: ڕاسپێر، هەواڵگەیەن
ئەجێندا: کارنامە
شۆپهەڵگر: شوێنهەڵگر، ئاشکراکەر
پسپۆڕ: شارەزا
مێترۆپۆل: کەلان شار، پایتەخت، شاری گەورە

# سەرچاوەکان:


مانیفیستۆی شارستانێتی دیموکراتیک ٥ بەرگی – عەبدوڵلا ئۆجەلان

سیستەمی خوسرەوانی – ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتێژی پەژاک

بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆیی پەژاک

ئیسلام و نیشتمان پەروەری – عەبدوڵلا ئۆجەلان

ئاوێنەی مەرگ – ئامەد شاهۆ

شەڕی تایبەت و پسیکۆلۆژیک (کرمانجی) – شەهید قاسم ئەنگین

پەرسپەکتیڤوی سەر لەنوێ ئاوابوون – موراد کارایلان

مقاومت زندگی است (راهکارهایی برای فعالیت امن) – کمیته روابط عمومی کودار

ئارشیوی ستێرک تیڤی

ئارشیوی ئاژانسی رۆژنیوز

ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد – زمانی فارسی

# ئاوێنەی شەڕی تێکەڵاو

شەڕی هیبریدی وای کردووە کە ئیدی مرۆڤ لەناو خودی ژیان و کۆمەڵگەی خۆیدا نەژی، بەڵکوو گیرۆدەی ژیان و کۆمەڵگەیەکی مەجازی بووە. واتە مرۆڤ لەکۆمەڵگەی سرووشتی خۆی دابڕاوە. لەجیهان و کۆمەڵگەی خۆیدا ناژی. ئەوەش سەردەمی مەرگی مرۆڤە. بەرجەستەترین دۆخی ژیانی ئەم کۆمەڵگەش ئەوەیە کە خۆی بچوێنێتە ژیانی کۆمەڵگەی مەجازی یان شاشەیی. واتە مرۆڤ بە لاساییکردنەوە خۆی بە هوشیار و تێگەیشتوو لەقەڵەم دەدات، لەکاتێکدا ئەوە بە لووتکە گەیشتنی گەمژەیی و گومڕایی مرۆڤە.

